٤٠٨

# جەلالی عومەری سام ئاغا

## بەرگی یەکەم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



**لیژنەی ئامادەکار**

پرۆفیسۆر هەڵکەوت حەکیم
خالید حەمە غەریب - ئاوات عەلی
فەیسەڵ محەمەد - ئارام حاجی
نامۆ سەربەست - ئاوات عەبدوڵا
ئاسۆ ئەکرەم

# جەلالی عومەری سام ئاغا

## کتێبی یەکەم

دکتۆر هەڵکەوت حەکیم....
ئاوات عەلی - فەیسەڵ موحەمەد - ئارام حاجی
ئاوات عەبدوڵڵا - ئاسۆ ئەکرەم
خالید حەمە غەریب - نامۆ سەربەست

ئەم کتێبە تەنها وەك دیاری دەدرێت

٢٠٢٢

**ناوی کتێب**: جەلالی  عومەری سام ئاغا- کتێبی یەکەم

**ناوی نووسەر**: کۆمەڵێک نووسەر

**بابەت**: کۆ وتار

**هەڵەچنین و دیزایین**: خالید حەمە غەریب عبدالرحمن- کتێبخانەی لانەی کوردان

**دیزایینی بەرگ**: نامۆ سەربەست

**نۆبەتی چاپ**: چاپی یەکەم

**ساڵی چاپ**: ٢٠٢٢

**چاپخانە**: چاپخانەی تاران

**سەرپەرشتیاری چاپ**: ئاشتی شێرکۆ

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٣٢١) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

# دەستەی ئامادەکردنی کتێبەکە

١- بیرۆکەی کتێب: دکتۆر هەڵکەوت حەکیم.
پرۆفیسۆری موتەمەڕڕس لە زانکۆی سۆربۆن- پاریس
٢- گرنگیدان بە کۆکردنەوەی بابەتەکان: ئاوات عەلی.
٣- بەشداری دووەم بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکان: فەیسەڵ موحەمەد.
٤- سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی بابەتەکان: ئارام حاجی.. ئاوات عەبدوڵڵا.
٥- کاری هونەری وێنەکان: نامۆ سەربەست.
٦- تایپکردنەوەی چەند بابەتێکی ڤیدیۆیی: ئاسۆ ئەکرەم.
٧- سەرپەشتیاری هەڵەچنین و دیزایین:خالید حەمە غەریب.
(کتێبخانەی لانەی کوردان).
٨- کارێکتەری سەرەکی کتێبەکە: جەلالی عومەری سام ئاغا.

## دروشمی پرنسیپتی کارکردنی

## جەلالی عومەری سام ئاغا لەکاری وەزیفیدا

السَخاء: أنْ تَكوُّن بِمالِکَ مُتَبَرِّعَاً .....

وَعَنْ مَالِ غَیرِکَ مُتَوَرِعَاً

سەخاوەت ئەوەیە، کە دەست لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت

یـــــكُوُنُ المَسؤُولُ قـــــــَویــــــَّاً.....

إلَی أنْ یَطْلُبَ شـــــَیْئَاً لِنَفْسِهِ

بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی داوای شت بۆ خۆی دەکات

# پێرستی بابەتەکان


دروشمی پرنسیپی کارکردنی جەلی عومەری سام ئاغا. ٦
پێرستی بابەتەکان. ٧
ئامارێکی بەرایی. ١٣
وتەیەکی پێویست. ١٥
بەشی یەکەم ١٧
شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی
بەشی دووەم
ڕوونکردنەوەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی... بەشی یەکەم. ٢٣
١. لە یەکەم دیداری ڕۆژنامەییدا... سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ کوردستانی نوێ دەدوێ ٢٥
٢. سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی... بەرپرسی پاک هەیە/ هەفتەنامەی ئاسۆ ٣٧
٣. ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی چەواشەکارییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لە بەرنامەی چاوی سێیەم لەسەر ڕاستییەکان و نووسراوەکەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی. ٤٣
٤. بەرنامەی چاوی سێیەم لە تەلەفزیۆنی کوردسات. ٥١
٥. بەڕێز ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ئازیز/ بابەت... گلەیی. ٥٣
٦. ڕوونکردنەوەیەک لە دیوانی چاودێریی داراییەوە. ٥٤
٧. وەزارەتی داد نوسینگەی تایبەت/ ڕوونکردنەوە و داواکاری. ٦٧
٨. بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان... ب/ لیژنەی لێکۆڵینەوە. ٨٥
٩. ڕوونکردنەوەی چوارەمی دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر قسەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی. ٨٦
١٠. ڕوونکردنەوەی پێنجەمی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر قسەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی ١١٨
بەشی سێیەم ١٣٧
ڕوونکردنەوەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی/ بەشی دووەم
١. وتەیەک ١٣٩
٢. بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هەواڵ. ١٤٠

٣. بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هەواڵ (جەلالی عومەری ئام ئاغا) زەوی کشتوکاڵی وەرنەگرتووە. ١٤٩
٤. بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی ئاوێنە... راپۆرتەکانی چاودێریی دارایی... تەنیا گەندەڵی ناگرێتەوە. ١٥٩
٥. بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هاولاتی ... بەدواداچوونێک لەلایەن ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییەوە ١٦٦
٦. بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هاولاتی ... بەدواداچوونێک لەلایەن ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییەوە .. تا کەی ڕۆژنامەی هاولاتی درێژە بە زمانی تەشهیرکردن ئەدات؟ ١٧٢
٧. بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی تایبەت... ب/ لێکۆڵینەوە. ١٧٧
٨. بۆ بەڕێز ڕۆژنامەی ئاوێنە.. بۆ ڕای گشتی کوردستان. ١٨٠
٩. ڕۆژنامەی ژیانەوە... تەنها یەک کچ رازی نییە. ١٨٣
١٠. بۆ بەڕێز ڕۆژنامەی ئاوێنە/ بەدواداچوونێک بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە لەسەر نووسینێکی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی بەناو پێشوو. ١٨٧
١١. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ١٨٩
١٢. ڕۆژنامەی ڕێوان: کچانی چاودێریی دارایی، خۆیان داوای (یەکپۆشی)یان کردووە... ١٩١
١٣. بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی سەرۆکی شارەوانی.. ب/ لێکۆڵینەوە. ١٩٣
١٤. بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی سەرۆکی شارەوانی.. ب/ بڕیار. ١٩٦
١٥. نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان... ب/ ڕوونکردنەوە. ٢٠١
١٦. بۆ/ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان... نوسینگەی سەرۆکی سەندیکا ... ب/ لێکۆڵینەوە ٢٠٣
١٧. بۆ بەڕێز/ کاک مەلا بەختیار.... خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسی ڕۆژنامەی چاودێر ٢٠٦
١٨. بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران... نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆک ... ب/ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەدا ٢٠٨
١٩. بۆ بەڕێز/ ڕۆژنامەی هەواڵ ... ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی ئاسایشی گشتییەوە ٢١٨
٢٠. بۆ بەڕێز/ ڕۆژنامەی هەواڵ: نەخێر!!... دیوانی چاودێریی دارایی و ئاسایشی گشتی/ لەدژی گەندەڵی و دزی تەنسیق دەکەن ٢٢٠
٢١. نووسراوی وەزارەتی داد ژمارە (٢١) لە (٢٠٠٨/٣/١٣): نهێنی بۆ/ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی .. ب/ کێشە ٢٢١

٢٢. بۆ/ سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی ب/ ئەنجامی لێكۆڵینەوە ٢٣٠
٢٣. بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ب/ سكاڵا ٢٣٣
٢٤. بەڕێز دادوەری دادگای لێكۆڵینەوەی سلێمانی ٢٣٨
٢٥. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ: دەستپێشخەرییەكی تری دیوانی چاودێریی دارایی/ چیا مەحمود محمد ٢٤١
٢٦. ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ: ڕۆڵی دیوانی چاودێریی دارایی لە نەهێشتنی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی. ئیبراهیم تاهیر بەرزنجی ٢٤٤
٢٧. بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان- نوسینگەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان. ب/ هەمواركردنی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی ٢٥١
٢٨. بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆك. بابەت/ داواكاری ٢٥٣
٢٩. بۆ بەڕێز/ جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری. ٢٥٦
٣٠. كۆنۆوس– لەپێناو ڕێكخستنەوەی موچە. ٢٥٩

**بەشی چوارەم**

**١. الإستقاله من أجل دفاع عن الشفافية** ٢٦٧
جلال عمر سام آغا: يطرح أسباب إستقالته من منصب وكيل وزاره الماليه والإقتصاد.

**٢. دەست لەكار كێشانەوەم بەهۆی نائومێدبوون لە بنەبڕنەكردنی گەندەڵی و بێدادییەكان.** ب/ دەست لەكار كێشانەوە. ٢٧٩
- بەڕێز جەنابی مام جەلال. ٢٩٢
- سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی - سلێمانی ٢٩٦
- بەڕێز برای گەورەمان جەنابی مام جەلال. ٢٩٩
- زۆر بەڕێز جەنابی مام جەلال ٣٠١
- دەعواكانی سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لەسەر گەندەڵییەكانی شارەوانی سلێمانی. ٣٠٤
- پاشكۆی دەست لەكار كێشانەوە ٣٠٥
پوچەڵكردنەوەی درۆ و دەلەسەكانی قادر حەمە جان عەزیز و پیشاندانی كارە نایاساییەكانی.
- نامەیماڵئاوایی جەلالی سام ئاغا لە كارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ٢٠١٠/٩/٢٢. ٣٢٥
- وەڵامی تۆمەتەكانی قادر حەمەجان عەزیز لەلایەن جەلالی عومەری سام ئاغاوە لە دادگایی ڕۆژی (٢٠١٤/٠٩/٣٠) ٣٢٨

**بەشی پێنجەم**

**لێدوان و وتار سەبارەت بە دەست لەکار کێشانەوەکە** ٣٤٧
١. ئەو پیاوەی زوو جێی هێشتین. شوان محمەد- ئاوێنە ٣٤٩
٢. تا زووە جەلالێک بدۆزنەوە. بەهرۆز جەعفەر ٣٥١
٣. غەریبتر لە جسمە غەریبەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا). بەهرۆز جەعفەر ٣٥٤
٤. تکایە وەک جەلالی سام ئاغا، دەست لەکار بکێشنەوە. بەهرۆز جەعفەر ٣٥٧
٥. سەنگی دیوانی چاودێریی دارایی– وەڵامێک بۆ هەندێک دەنگە دەنگ. بەهرۆز جەعفەر ٣٦٠
٦. جەلالێک بێ ناونیشان. بەهرۆز جەعفەر ٣٦٣
٧. یەکێتی و (جەلالی عومەری سام ئاغا). بەهرۆز جەعفەر ٣٦٦
٨. پیاوێک لە پەڕەی گوڵ. محەمەد بەرزی ٣٦٧
٨. گریکەی سام ئاغا. ئالان رەئووف ٣٧١
٩. وتەیەک بۆ ماڵئاواییەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا). کەمال رەئووف ٣٧٣
١٠. دوای هەتیوکەوتنی (٢٧٢٠) راپۆرتەکە. کاوە محەمەد ٣٧٥
١١. چەند فرمێسکێک بۆ وازهێنانی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا). عەبدوڵڵا ئیسماعیل بەرزنجی ٣٧٧
١٢. ماڵئاواییەکەی جەلالی عومەری سام ئاغا- بەرزکردنەوەی شمشێرێکە ڕووبەڕووی گەندەڵی. هاوڕێ سەعید ٣٧٨
١٣. میدیای ئازاد و جوانییەکان. ئاسۆس هەردی ٣٨١
١٤. پاش ماڵئاواییەکەی بەڕێز (جەلالی عومەری سام ئاغا). بەکر حەمە صدیق ٣٨٣
١٥. ماڵئاواییەکەی سام ئاغا- شەش واتا و یەک ئەنجام. کامل ژیر ٣٨٨
١٦. تۆ ماڵئاواییت کرد و ئازاد بوویت. ئازاد چالاک ٣٩٠
١٧. یەکێک کەپر دەکات، یەکێکی تر تێکی دەدات. نزار محەمەد ٣٩٥

**بەشی شەشەم**

**(جەلالی عومەری سام ئاغا ) چاوپێکەتنەکانی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا.** ٣٩٩
١. دیوانی چاودێریی ئەو دەزگایەیە وەک سەعات کار دەکات. ٤٠١
٢. لەسەر کارەساتەکەی پارێزگا – پێویستە لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی داراییش بکرێت. ٤٠٩
٣. تکایە با دیوانی چاودێریی دارایی نەخرێتە ململانێی سیاسییەوە. ٤١٨

**بەشی حەوتەم**
**دیوانی چاودێریی دارایی – ئەرک و ئامانجەکان** ٤٢٧

**بەشی هەشتەم**
١. ئایا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە یاسایی دانرا؟ ڕۆژنامە – پشتیوان عەبدوڵڵا ٤٦١
٢. سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی خۆی خانەنشین کرد. ٤٦٤
٣. (دەستەکان)ی چاودێریی دارایی، سەرەڕای هەڕەشەکان سوورن لەسەر کارەکانیان. ٤٦٦
٤. جەلالی عومەری سام ئاغا – ئیمتیازەکانی خانەنشینی ڕەتدەکاتەوە. ٤٦٨
٥. داوا لە جەلالی سام ئاغا دەکرێت ببێتە سەرۆکی هەرێم. ٤٦٩
٦. چاودێریی داراییش بۆتە خێر و بەرەکەت. ٤٧٠
٧. چاودێریی دارایی ڕیسواییە بۆ گەندەڵکاران- نەک خێر و بەرەکەت. ٤٧٢
٨. بەڵێ وایە... ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، بووە بە خێر و بەرەکەت بۆ گەندەڵکاران. ٤٧٤

**ئەلبومی پاشکۆ:**
**کارە وەزیفییەکانی جەلالی عومەری سام ئاغا** ٤٧٧

# پیرەمێرد



ئەوەی لەم رۆژە قسەی حەق بکا
ئەبـــێ چاوەڕێ ی زلە و شەق بکا
ماستاوچیـەکان ئەمـــڕۆ پیاوچـاکن
زۆر بڵی ودمم ڕوت لای خـــەڵکا پاکن
خـــاکمان سەرتاپای غـــەرقی گێژاوە
چونـــکە لە خەمی کەم کەسێ ماوە
چەن ســــەیرە دنیا ئاخ چۆن گۆڕاوە
پیاو چاک زەلیلە و جاش خۆی حەساوە

# ئامارێكی بەرایی

دوای واژۆكردنی پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتوەكان دژی گەندەڵی، هەموو ساڵێک لە (۹/ ی كانونی یەكەم)، وەكو ڕۆژی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە جیهاندا یاد دەكرێتەوە، بەپێی ڕیزبەندی ڕێكخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی.. عێراق شەشەم وڵاتی گەندەڵە لە جیهاندا. (هەرچەندە لە زەمەنی ئێستادا دابەزیوە بۆ پلەی سێیەم)، بەڵام لەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا عێراق لە دوای سودان گەندەڵترین وڵاتە.. ئیمارات و شانشینی قەتەر یەكەم و دووەم وڵاتن، كە كەمترین گەندەڵیان تێدا هەیە. لە پەیماننامەكەی نەتەوە یەكگرتووەكاندا هاتووە، گەندەڵی مەترسیترین كێشەی جدی دروست دەكات بۆ سەقامگیری و ئاساییشی كۆمەڵگا و دامودەزگاكان و بەهاكانی دیموكراسی و سەروەری یاساش دەخاتە مەترسییەوە. هەر لەم ڕۆژەدا لە هەرێمی كوردستان، چەند ڕێوڕەسمێک بەڕێوەچوو. لە شاری سلێمانی ڕێكخراوی گەشەپێدانی ئابووری كوردستان ناسراو بە (KEDO) خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشیی بە (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرۆكی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی.. وەک یەكێک لە كەسایەتییەكانی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان. (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئامادەی ئەو ڕێوڕەسمانە نابێت كە بۆ ڕێزلێنانی ئامادە دەكرێن.. بە هەمان شێوە نوێنەرێكی ئەو خەڵاتەكەی وەرگرت.

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە ماوەی بەرپرسیارێتی خۆیدا (٨٦) هەشتاو شەش كەیسی گەندەڵی ڕادەستی دادگاكانی هەرێم كردووە. (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ڕایگەیاندووە، لە وردبینیكردن و بەدواداچوونی موچەدا، دیوانی چاودێریی دارایی توانیویەتی ساڵانە (٧٢) حەفتا و دوو ملیار و (٦٠٠) شەش سەد ملیۆن دینار بۆ حكومەت بگێڕێتەوە.

عێراق لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە بۆتە ئەندامی پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتوەكان دژی گەندەڵی، دەستەی نەزاهە یاخود دەستپاكی عێراق كاردەكات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی شەفافیەت لە سەرجەم دامودەزگاكانی عێراقدا. بەپێی دواهەمین ڕاپۆرتی دەستەی دەستپاكی عێراق لە ساڵی(٢٠١٤)دا، دەستەكە (٧٤٠٢- حەوت هەزار و چوارسەد و دوو) دۆسیەی تاوان لەلایەن دەستەكەوە

بۆ تۆمەتەکانی گەندەڵی کردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی ئامارەکانی دەستەی دەستپاکی هەرێم لە ساڵی (٢٠١٥)دا کاری لەسەر (١٩٦- سەد و نەوەد و شەش) دۆسییە کردووە، کە (٧٦- حەفتاو شەش)یان لەژێر لێکۆڵینەوەدان و تۆمەتبارانی (٥٥- پەنجاو پێنج) دۆسییەشیان لەلایەن دادوەری دەستەکەوە بۆ لێکۆڵینەوە بانگکراون. دوایین بەدواداچوونەکانی دەستەی دەستپاکی عێراق، لە ساڵی (٢٠١٤) دا، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ (١٤٥٩ – هەزار و چوارسەد و پەنجا و نۆ) کەس دەرچووە، کە (٢٤- بیست و چوار) یان پلەی وەزیر و ئاستی وەزیریان هەیەو (٩٤- نەوەد و چوار) یان پلەی بەڕێوەبەری گشتیی یان بەرزتریان هەیە، دوایین هەوڵەکانی دەستەی نەزاهەی عێراق (٤٥٢٣- چوار هەزار و پێنج سەد و بیستو سێ) بەرپرس و تۆمەتباری گەندەڵی... لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە فەرمانی بانگهێشتکردنیان پێگەیێشتووە، کە (٣٦- سی و شەش)یان پلەی وەزیر و ئاستی وەزیریان هەیە (٣٣٥- سێ سەد و سی و پێنج)، یان بەڕێوەبەری گشتی، یان پلەیان بەرزترە، لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە (٥٤٩- پێنج سەد و چل و نۆ) فەرمانی ڕاگرتن دەرکراون، یەک کەسیان پلەی وەزیر و ئاستی وەزیری هەبووە و (١٠–دە) کەسیان پلەی بەڕێوەبەری گشتی یان بەرزتری هەبووە، دەستەی نەزاهەی عێراق کاریکردووە لەسەر گێڕانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی کە ویستویانە عێراق بەجێبهێڵن، تەنها لە ساڵی (٢٠١٤) دا (٢٥٦- دوو سەدو پەنجا و شەش) کەسیان گێڕاوەتەوە، کە عێراقیان جێهێشتووە، هەروەها (١٩- نۆزدە) دۆسییەی تایبەتیان هەبووە لەسەر بەقاچاغبردنی سامانی عێراق.

ژمارەی سزادراوانی دۆسییەکانی گەندەڵی لە عێراق، ساڵ دوای ساڵ بەم شێوەیە زیادیکردووە لە ساڵی (٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦) تەنها (١٠٣- سەد و سێ) کەس سزادراون، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا (١٩٦- سەد و نەوە د و شەش) کەس و لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (٩٨- نەوەد و هەشت) کەس و لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (٢٩٦- دوو سەدو نەوەد و شەش) کەس بەتۆمەتی گەندەڵی سزادراون، لە ساڵی (٢٠١٠)دا (١٠١٦- هەزار و شانزدە) کەس و لە ساڵی (٢٠١١)دا (١٦٦١- هەزار و شەش سەد و شەست و یەک) کەس بە تۆمەتی گەندەڵی سزادراون، لە ساڵی (٢٠١٢)دا (١٧٠٩- هەزار و حەوت سەدو نۆ) کەس و لە (٢٠١٣)دا (١٤٦٤- هەزار و چوار سەد و شەست و چوار) کەس و لە (٢٠١٤) دا (١٧٣٦- هەزار و حەوت سەد و سی وشەش) کەس بە تۆمەتی گەندەڵی سزادراون.

# وتەیەكی پێویست

بە پێویستی دەزانم بڵێم: ئەم بەرهەمەی بەردەستت (كتێبێكی) ئاسایی نەبوو، یاخود تێكستی نووسەرێک نەبوو لەدەستنووسەوە (تایپ وچاپ) بكرێت، بەڵكو لە ڕاستیدا ئەمە كارێكی قورس و گران بوو.. بەكورتی، مونتاجكردنی چەندین دیداری (TV) و ڕاپۆرت و وتار و سەرنج و هەواڵ و خەڵات و چالاكی و نووسراوی فەرمی فەرمانگەكان و وێنە و ئەرشیف و بیرورا و تەوەر و بابەتی جیاواز بوو، كە موتوربەكردن و گەڵاڵەكردنو فۆرمەلەكردن و پۆلێنكردن و شەونخونی و دڵسۆزی نەبڕاوەی دەویست، بۆ ئەوەی وەک بەرهەمێكی ناوازە ئەرشیفی كتێبخانەی كوردی بڕازێنێتەوە. (دڵسۆزان و دۆستانمان) لە دەزگای سوهرەوەردی، بەتایبەتی هاوڕێیان (ئارام حاجی و ئاوات عەبدوڵلا)، خالید حەمە غەریب (خالیدی شەعب) بەرهەم جاف، چاپوكانە، كەوتنە خۆ و خزمەتە ڕاستەقینەكەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) یان كردە مەشخەڵێک، لە فەرهەنگی نەتەوەكەماندا، هەروەها ئاسۆ ئەكرەم، كە بە تایپكردنەوەی چەندین گرتەی ڤیدیۆیی خزمەتەكەی گەیاندە مەبەست، هەروەها كاكە نامۆ بەهاوكاری بەڕێزیان لە چاككردن و ڕێكخستنی وێنەكانی دووتوێی هەرسێ بەرگی كتێبەكە، بەشدارییەكی كارامەی سازاند و ڕۆڵی خۆی دیاریكرد.) كە بێ بەرامبەر و هیچ پاداشتێک لە پرۆژەكەدا هاوكاری بێ دابڕانیان كردین. ئەم كتێبەی بەردەستت. ساڵانێكی دوورودرێژ و كاتێكی فراوان لە چاوەڕوانی خۆئامادەكردندا مایەوە، كەموكورییەكانی ئەم بەرهەمە مایەی ئەوە نییە لایەنی ئامادەكار كەمتەرخە یاخود بابەتەكانی نەخستبێتە ژێر پرسیار و وردبینییەوە، بەڵكو ماندوونەناسانە بەرگەی هەموو ئەو ڕەخنە و تێبینی و سەرنجو ڕووبەڕووبوونەوانە دەگرێت. هەموو سنگفراوان، لەبەردەم دادگای دڵسۆزیدا قارەمان. بۆیە بەنێوی خۆم و (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە.. سوپاسی بێپایانیان دەكەم. پێزانینمان، دەستگوشینیان بۆ هەوڵ و تەقەلایان بەرز دەنرخێنین. بەخشندەیی ئەوان و لەخۆبوردوویی بۆ كارەكانیان مایەی ئاسودەبەخشینە بە كاكە جەلال.

**فەیسەڵ موحەمەد**
**پێشكەشكاری بەرنامەی ڕووداو و مێژوو- كەناڵی (NRT)**
**ئەندامی دەستەی كارای ئامادەكاری پرۆژەی**
**كتێبی (جەلالی عومەری سام ئاغا)**
**١ /١٠/٢٠١٩**

# ئێرە مەنزڵگای کۆتایی منە!

مردن ئەو دیاردە گشتییەیە، کە پێویست بە لێکدانەوە و ڕاڤەکاری و بەرزڕاگرتن ناکات. پەرەسەندنی ژیان تا باڵاترین ئاست بەردەوام دەبێت، پاشان بە دوا گزنگی وزە، کە بەرپرسیارێتی ژیانی لەئەستۆدایە... جەستەی خامڵبوو، جێدێڵێت و فەنابوون دەبەخشێتە پێگە و پلەو پایەی ئانی... دواتر مەنزڵگای جەستە خامڵبووەکە، بە ناونیشانی کەسایەتییەکی نوێوە، ناسنامەی بۆ بەیان دەکات، ئەویش پێی دەوترێت کۆچی دوایی.... یاخود مردن. لێرەوە ناو و نازناوی نوێی پێ دەبەخشێت و بە ئارامی لە ئارامگاکەی خۆیدا لە گەشتی ڕۆح و سەفەرێکی نەبڕاوەدا بەردەوام دەبێ و وەک جەستە دەمێنێتەوە و ڕۆحیشی بەرەو درود ڕێدەکات! سەروەرییەکانی مرۆڤ، هەتا ساتەوەختی هەناسەدان، تۆماری خۆی دەپارێزێت، کەچی دوای ئەو ساتە ئەبەدییەتە، ئیتر نازناوی نوێ دەبەخشێت و بە دوا مەنزڵ یادی دەکرێت. جەلالی عومەری سام ئاغا، منم، خاوەنی ئەم ئارامگا ئەبەدییەم. لێرەدا لە سوچێکی سەرداپۆشراوی داهاتوودا.. لە سنوری جوغرافیی ماڵەکەمدا، مافی ئەوەم بەخۆم ڕەوا بینی، ئەم بەسەرکردنەوەیە ون نەکەم، ناشبمە شێخ و سۆفی، ئارامگاکەشم ناکەمە تەکیە و خانەقا. تەمەنی رابردووم لەناو خانوویەکی چوارسەد و پەنجا مەتریدا، بەسەر دەبرد، کەچی ئێستا بەڕەوای دەزانم لەژێر دارهەناری سوچێکی چەند مەتریی لە حەوشەی هەمان خانوودا، کە دڵنیام لەبەهای بەخشینەکەم کەم ناکاتەوە.

ئارامگاکەم لە چەند مەترێک زیاتر نەبێت. ئەمەش ئەو مافە سەرەتاییەیە، کە منێک دوای بەسەربردنی ساڵانی تەمەنم بڕیاری ئەوە بدەم هەموو بەخشینەکانی ڕابردووم بۆ خزمەتی میللەتی کورد، تەرخان بکەم، ئێستا دوای ئەو ماوەیە، پێم خۆش دەبێت، بڕیارێکی لەم جۆرەم داوە... خاوەنی عەقڵێکی تەندروستم، ئەم بڕیارەم لەبری ئەو وەفایە دەبێت کە بەخشندەیەکی مرۆیی بێ منەت بم بەرامبەر بە هەمووان، خوازیاری ئەوەشم هەمووان بەچاوی پاکێتییەوە، لەم بڕیارەم بڕوانن، ئیتر ئەمە ئەو قۆناغەیە کە خەسڵەتی ڕابردووم، لە ناسنامەی داهاتوومدا تۆمار دەکات. سەبارەت بەم پرسە منیش باوەڕم وایە، دوای فەنابوونم بە زیندوێتی لەناوتانا دێم و دەچم، باسم دەکەن، هەروەکو زیندووبم لەناوتانا، ناوم دێنن، هەروەکو دانیشتبم لە بەردەمتانا، سەرکۆنەشم دەکەن، وەکو ئەو ساتانەی کە داوای کارێکتان لێدەکردم و بۆم جێبەجێ نەدەکردن، چونکە دەموت، من پاسەوانی ڕایی نەکردنی ئەو کارانەم، ئێستا چۆن خۆم بکەمە جێبەجێکاری ئەو داوایانەی ئێوە؟! بەڵام قەیناکا هەموو ئەو شتانەم پەسەندە، چونکە خۆم قایل بووم پێی، بۆیە وا هەست دەکەم، کاتێک لە ئارامگای ئەبەدیدا میوان دەبم، ئیتر نە خەمبارم نە چاودێر، نە کۆسپم بۆ گەندەڵییەکان.

**جەلالی عومەری سام ئاغا**

**سلێمانی- گردی سەرچنار، چەند ڕۆژێکە لە داهاتوودا دەژیم**

## بەشی یەکەم

# شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی

## ١٩١٤-١٧٨٤

**ئەو بنەماڵانە دەگرێتەوە لە دروستبوونی شاری سلێمانییەوە (١٧٨٤زایینی)**

**تاوەکو هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی (ساڵی١٩١٤ی زایینی) لە شاری سلێمانیدا بوون**


**کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی**

**عەبدولخالید صابر**



**چاپی دووەم**

**٢٠١٠ – بەیروت**



سام ئاغا
مەولود
عەلی
قادر
فاتمە محەمەد عائیشە خەدیجە خورشیدە
عومەر حەلاوە عەلی فەهیمە بەهیە
ئامانج میدیا ماردین مەهاباد میهرەبان دێرین
دوین ئەوین
جەمال جەمیلە کەمال جەلال زەکیە شەماڵ ئەختەر دلێر دارا شلێر نازدار
ئەحمەد ئالان
مر رۆژ
ڕێژین ئەژین هێژە شنە
دیار دییە
تارا
سامان شیلان محەمەد ڕێزان
سام سایان
ئاڵ

## بنەماڵەی سام ئاغا

سام= لەعەرەبیدا بەمانای (وقار) یاخود (هیبة) دێت.
بنەماڵەی سام ئاغا وەچەی (ساماغان)، سام ئاغا لەگەڵ براکەی لە دەرەوەی شاری کوت هاتوتە دونیا، پێش ئەوەی ئەو شارە کوردییە بکرێت بە شارێکی عەرەب، وەکو شارەکانی تری کوردستان (بەدرە و جەسان و موسڵ و خانەقین). ئەم بەرەی دوو برایە لەناو خۆیاندا ئەکەونە شەڕ. بە ڕێکەوت (مەولود)ی کوڕی سام ئاغا ئامۆزاکەی، کە کوڕی صارم ئاغایە، ئەکوژێ و خوێن ئەکەوێتە نێوان ئەم دوو برایە، بۆ ئەوەی ئاو بە ئاگردا بکرێ، گەورە پیاوانی کورد، واتە دەم ڕاستانی ئەو سەردەمە بڕیار ئەدەن، کە ساماغا ئەو جێیە بەجێبێڵێ. بەو شێوەیە ساماغا دێتە شاری سلێمانی. دانیشتوانی شارەکە زۆر ڕێز لە سام ئاغا و گروپی ساماغا ئەگرن، کە لەگەڵیدا هاتبوون بۆ شاری سلێمان. سام ئاغا یەک کوڕی ئەبێت ناوی (مەولود) ئەبێت، پاشان سام ئاغا هەر لە شاری سلێمانی ئەمرێت و لاشەی لە گردی سەیوان بەخاک ئەسپێردرێت.
مەولود، دوو کوڕی ئەبێت بە ناوەکانی (عەلی، قادر). عەلی، بە عەلی ئاغا ناو دەرئەکات، بەڵام قادر دەچێت بۆ قوتابخانە و لە پاشان باوکی بۆ خوێندن دەینێرێت بۆ ئەستانە، کە ئەستەمبوڵی ئێستایە. لەوێ قادر بە ئەفسەر دەردەچێت. وردەوردە لە سەربازیدا پلەی بەرز دەبێتەوە، تا دەگاتە پلەی-میرالا- جەنەڕاڵ، لەو سەردەمەدا هەرکەسێک گەیبشتبێتە پلەی جەنەڕاڵ لەقەبی پاشایەتی پێ دراوە، لەبەرئەوە قادری مەولودی سام ئاغا.. بە (قادر پاشا) ناوی دەرکردووە، لە پاشدا بە فەرمانی صدری ئەعظەم لە ئەستەمبوڵ ئەکرێتە قائدی سوپای تورک لە بەسرە.
لەپاش پەنجا ساڵ دوورکەوتنەوە، قادر پاشا بەسەردان دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی بۆ دیدەنی برا و کەسوکار و بۆ بینینی شاری سلێمانی، کە لێی دوورکەوتوتەوە. (عەلی ئاغا)ی برای لەگەڵ خەڵکی شارەکە دەچن بۆ پێشوازیکردنیو ڕێزی تەواوی لێ ئەگرن. لەپاشان دەچن بۆ ماڵی عەلی ئاغای برای بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی تورک و کورد و عەرەبدا، بەڕێکەوت کە نزیک ماڵی براکەی دەبێتەوە، دوو ئافرەتی خزمەتچی ماڵی عەلی ئاغای برای لەبەر دەرگا کاڵەک دەخۆن. قادر پاشا، ئەم دیمەنەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت، کە ئەچێتە ژوورەوە بە مۆنی و

گرژییەوە دائەنیشێ و بە کاکی ئەڵێ: **«ئەگەر بمزانییایە تۆ دوو کارەکەری ئاوا لە ماڵتا لە ڕۆژێکی وا گرنگدا بێ شەرمانە لەبەردەرگا کاڵەک بە لەوسیانا دەهێنن، بە ڕاستی نەدەهاتمەوە بۆ دیدەنی نە تۆ نە شارەکەم، مەرجی پیاو بێت جارێکی تر بە مردنیش نابێت سەربکەمەوە بەم شارەدا»**. قادر پاشا بە زویری دەگەڕێتەوە بۆ بەسرە، لەپاش دوو مانگ شەوێک لەژێر چادرەکەیدا لە شاری بەسرە دەنوێت، لەو سەردەمەدا وا باوبووە قائدی عەسکەری نەچێتە ناو شار، بەڵکو لە دەری شار لەژێر چادر و ڕەشماڵدا بژی، هەر ئەو شەوە هەراوهوریا لە هەموو لایەک پەیدا دەبێ، (قادر پاشا)ش وەک ئەفسەرەکانی تر لە چادرکەی دێتەدەر و بە (بارام)ی خزمەتچی دەڵێ: **«ئەرێ بارام ئەو هەرا و هوریایە چییە؟»**.. ئەویش ئەڵێ **«گەورەم شێرێکی برسی لەناو بێشەڵانەکەدا پەلاماری چەند سەربازێکی داوە، وەکو ئەڵێن یەک دوو سەربازیشی بریندار کردووە»**، وادیارە ترس تینی هێناوە بۆیان، ئەبینی چۆن سەربازەکان هەڵدێن و چادرەکان بەجێدێڵن، هیچ سەربازێک دەستی گۆناکات تفەنگ هەڵگرێ... هێندە سامیان لێ نیشتووە (قادر پاشا)ش دەست ئەداتە تەوزینەکەی، کە لە میگواری عەرەب چووە، بەخۆی و تەوزینەکەیەوە ڕووئەکاتە بێشەڵانەکە، بارامیش بەدوایدا ئەچێت... کە دەگاتە بەردەمی لانەی شێرەکە، شێر دەرئەپەڕێت، بە هەردوو مستۆڵەی، ئێسکەکانی سەرسنگی (قادرپاشا) تێک ئەشکێنێ، ئەویش بە تەورزینەکەی لە تەپڵی سەری شێرەکە ئەدات، هەردووکیان ئەکەون لەجێدا، (بارام) تفەنگی حسک ی پێ دەبێت، یەک دوو فیشەک بە شێرەکەوە دەنێت، شێرەکە دەکوژێت، هاوار لە ئەفسەرەکان دەکات، کەوا (قادرپاشا) بریندارە، بە هەموان قادرپاشا دەگەیەننە نەخۆشخانە، لەبەرئەوەی برینەکەی کاریگەر دەبێت، گیان لەدەست دەدات. پێش ئەوەی بمرێت هەرچی پارە و پولێکی دەبێت، دەیدات بە بارامی مراسلی، کە خزمەتچییەکی کوردی دڵسۆز دەبێت. پێش وەفاتی ئەڵێت: **«لاشەکەم مەبەنەوە سلێمانی لە بەسرە بمنێژن، با جارێکی تر کاکم تەنانەت لاشەکەشم نەبینێتەوە»**.

ناوبراو تەنها کوڕێکی لەپاش بەجێ دەمێنێت، بە ناوی (مەولود) ئەم کوڕە توجارەت دەکا، دوای پێکەوەنانی خێزان دەبێتە خاوەنی دوو کوڕ، (عەلی- قادر). یەکەمیان خەریکی توجارەتکردن دەبێ، دوای ئەوە ژن دەهێنێ، دەبێتە خاوەنی کوڕێک و چوار کچ، بەم ناوانە: (موحەمەد- فاتمە- عائیشە- خەدیجە- خورشیدە).

کوڕەکەیان بە حاجی موحەمەد قەڵەمچی ناسراوە، لەبەرئەوەی توجارەتی توتن دەکات، ناوبراو سێ ژنی هێناوە(١). لە ژنی یەکەمی... (فاتمە شێخ قادر)...

---

(١) لەو سەردەمانەدا هەرکەسێک کڕین و فرۆشتنی توتنی کردووە، پێیان وتووە: «قەڵەمچی»، واتە توجاری توتن.

کوڕێکو کچێکی هەبووە، (عومەر- حەلاوە). دوای وەفاتکردنی خێزانی یەکەمی... ژن خوشکەکەی بە ناوی ئامینەوە لێ مارە دەکرێت، لەم ژنەش کوڕێک و کچێکی لێ دێتە بەرهەم بەناوەکانی (عەلی - فەهیمە)، لە ژنی سێیەمی عائیشەخان، تەنها کچێکی دەبێتە بەرهەم بەناوی (بەهیە).

عومەر، وەکو باوکی... بازرگانی توتن دەکات، دوو ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمی.. (عەتیە کاکە ڕەش موحەمەد ئاغا) چوار کوڕ و سێ کچی لێ لەدایک بووە بە ناوەکانی (جەمال –کەمال- جەلال- شەماڵ- جەمیلە- زەکیە- ئەختەر)، لە ژنی دووەمی (حەپسە کەریم خان) دوو کوڕ و دوو کچی لێ دەبێت (دلێر- دارا- شلێر- نازدار).

جەمال، دوکانی کوتاڵفرۆشی هەبووە و خێزانەکەی (گەلاوێژ تۆفیق ئاغا)یە و دوو کوڕ و دوو کچ... منداڵەکانێتی، (سامان- موحەمەد- شیلان- ڕێزان). سامان، دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی کەرکوکە و خێزانەکەی ناوی (ئاریان ئیبراهیم)ە، کوڕێک و کچێکی لێ هەیە بە ناوەکانی (سام- سایان). موحەمەد، دەرچووی کۆلیجی یاسایە، خێزانەکەی (هودا موحەمەد ڕەشید)ە، کچێکی هەیە بەناو (ئاڵ). شیلان دەرچووی ناوەندییە. ڕێزان، لە ئامادەیی بازرگانی دەرچووە.

کەمال، کۆلیجی ئەندازیاریی نەوتی لە لەندەن تەواو کردووە، خێزانەکەی (شەفیقە فەقێ رەشید)ە، دوور کوڕی لێی هەیە بە ناوەکانی (ئەحمەد- ئالان). ئەحمەد دەرچووی ئەندازەی فڕۆکەوانی زانکۆی تەکنۆلۆجیای بەغدایە، (فاتن داود سلمان الزهیری) خواستووە و دوو منداڵی لێی هەیە (میر- ڕۆژ)، ئالان، لە پەیمانگای تەکنۆلۆجی کەرکوک دبلۆمی لە میکانیکدا هێناوە و خێزانی نییە.

جەلال، دەرچووی کۆلیجی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی بەغدایە، ماوەی زیاد لە شەش ساڵە بۆتە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی، بە پلەی وەزیر و خێزانی نییە. شەماڵ، ئەندازیاری شارستانییە، دوو ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمی (جوان عەزیز ئاغا) دوو کوڕی هەیە بە ناوەکانی (ڕێژین- ئەژین)، لە ژنی دووەمی (ڕووناک عیززەت) دوو کچی هەیە بە ناوەکانی (هێژە- شنە)، ئەم چوار منداڵە خوێندکارن. جەمیلە، ژنی ماڵەوەیە، زەکیە، مامۆستا بووە. (ئەختەر مامۆستایە)(٢). دلێر دەرچووی کۆلیجی ئەندازیاری بەشی ئەندازەی شارستانی زانکۆی سلێمانی (البناء والإنشاءات) ی تەواو کردووە، خێزانەکەی (میهرەبان عەلی سام ئاغا)یە کە ئامۆزایەتی و کوڕێکو کچێکی لێی هەیە بە ناوەکانی (دیار- دییە). دارا، بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی زانستی زانکۆی سەلاحەدین هێناوە، لەخێزانە بەڕەگەز سویدییەکەی (مۆنیکا) تەنها کچێکی هەیە بە ناوی (تارا). شلێر و نازدار، دەرچووی کۆلیجی کارگێڕی و ئابوورین.

---

(٢) پاش ئەوەی گیرۆدەی نەخۆشی دەبێت.

حەلاوە شووی کردووە بە (حەسەن ئاغا میراودەلی)، دوو کوڕ و دوو کچی لێی هەیە (مەحمود- عەلی- شەمسە- ناهیدە).

عەلی، کە بە عەلی سام ئاغا ناسراوە، فەرمانبەر بووە و لە وەزیفەدا پلەی گەییشتۆتە ژمێریاری، دواتر بۆتە بەڕێوەبەری ژمێریاری لە فەرمانگەی کارگێڕی ناوخۆیی لە سلێمانی، بۆ ماوەی (٢٠- بیست)ساڵیش لە فەرمانگەی خەزێنەی سلێمانی وردبین بووە. ناوبراو، (صەبیحە نەجم)ی هێناوە و کوڕێک و پێنج کچی لێی هەیە بە ناوەکانی (ئامانج- میدیا- ماردین- مەهاباد- میهرەبان- دێرین). کوڕەکەیان لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی لە (البناء والإنشاءات)دا دبلۆمی وەرگرتووە، خێزانەکەی (تارا جەمال)ە و دوو کچی لێی هەیە بە ناوەکانی (دوین- ئەوین).

میدیا، ماستەری لە پزیشکیدا هێناوە و لە کاتی ئێستادا پسپۆڕە لە نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی. میهرەبان و دێرین مامۆستان.

فەهیمە، بۆتە خێزانی (سەیید عەلی دڕەیی) و دوو کچی لێی هەیە بە ناوەکانی (گێلاس - ئەڵماس). بەهیە، لە هاوسەرەکەی (فەقێ ڕەشید قەشان)، ئەم منداڵانەی هەیە (فەرەیدون- فاروق- فەهمی- فەوزیە- ڕەفیقە- شەفیقە). فاتمە، کە خوشکی حاجی موحەمەدە، شوی کردووە بە (عەلی ئاغای میراودەلی) پشدەری و تەنها کوڕێکی لێی بووە بە ناوی (حەسەن).

عائیشە، بۆتە مارەبڕی (عەبدولڕەحمان بەگی بابان) و سێ کوڕی لێی دەبێت، بەم ناوانە (ئیبراهیم- نوری- ڕەشید). خەدیجە، تەنها کوڕێکی بە ناوی (عەبدولڕەحمان) لە دوا بەجێماوە، کە لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بووە.(٣)

خورشیدە، بۆتە خێزانی عەزیز ناوێک و دوو کوڕ و کچێکی لێی بووە بەناوەکانی (عارف- کەریم- شەمسە).

قادر کە کوڕی مەولودە، باوکی دەیخاتە بەرخوێندن، لەپاشاندا دەینێرێت بۆ ئەستانەی ئیستانبوڵ، دوایی دەبێتە ئەفسەر، پاشان بەرەبەرە لە سوپادا پلەی بەرزدەبێتەوە، تا دەگاتە (میرئالا- جەنەراڵ).(٤)

---

(٣) عەبدولڕەحمان، کە کوڕی خەدیجەیە، لە پەلی سەربازیدا دەگاتە پلەی (میرئالا) و دوایی نازناوی (پاشایەتی) وەردەگرێت. ناوبراو، هەر لە ئیستانبوڵ ژیاوە و تەنها جارێک سەردانی دایکی کردووە، لەساڵی (١٩٥٦)دا، بەڵام ئەو کاتە دایکی لەدونیا دەرچووبوو، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئیستانبوڵ، ئەگەرچی خێزانی هەبووە، بەڵام منداڵی نەبووە، پێی خۆش بووە ژنێکی تر بهێنێت، چونکە ژنەکەی خوشکەزای (عیسمەت ئینۆنۆ)ی سەرۆک وەزیری ئەوکاتی تورکیا بووە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٨ هەر لەو شارە لەدونیا دەردەچێت.

(٤) ناوبراو بە قادرپاشا ناوی دەرکردووە، کەسێکی کارامە و شارەزا بووە، لەبواری سەربازیدا، لەپاش ئەوەی دەگاتە پلەی (میرئالا)، بەفەرمانی (صدر ئەعظەم) لە ئەستانە دەکرێتە قائیدی سوپای تورک لە بەصرە لەپێش یەکەم جەنگی جیهاندا.

## بەشی دووەم

# ڕوونکردنەوەکانی
# سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی

## بەشی یەکەم

سلێمانی ٢٠٠٧



(جەلالی عومەری سام ئاغا)
سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی

## لە یەكەم دیداری ڕۆژنامەییدا...
## سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ كوردستانی نوێ دەدوێ
### ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ(٥)

ماوەیەكە باسی گەندەڵی ئیداری و دارایی لە ئارادایە. لە هەموو گۆشە و كەنارێكی ئەم كوردستان و حكومەتەدا، ئەو باسە لەسەر زاری خەڵكە. هەموو جارێكیش باسی ئەوە دەكەن، كە دیوانی چاودێریی دەستی لەسەر زۆرێكی ئەو گەندەڵییانە داناوە، مەكتەبی سیاسی و سەرۆكی حكومەتیش ڕاپۆرتەكانی سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی بە نموونە دێننەوە. ئێمەش وەك ڕۆژنامەیەك وێڵ بووین بەدوای ئەوەدا، كە بتوانین چەند ڕاستییەكی شاراوە پەیدا بكەین بۆ بڵاوكردنەوە بشێ. باشترین سەرچاوەش دیوانی چاودێرییە... دەشمان زانی كە لە سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی بە ئاسانی زانیاریمان دەست ناكەوێت، بەڵام ناچار هەر بڕیارمان دا كە ئەم داوایە لە كاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی بكەین.

هەرچەندە پێش ئێمە چەندین ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس پەیوەندییان پێوە كردبوو، بێ ئەوەی هیچیان لێی دەست بكەوێت. ئێمەش وتمان با بەختی خۆمان تاقی بكەینەوە بزانین سەركەوتوو دەبین یان نا؟ پاش چەند هەوڵ و پەیوەندییەكی زۆر بە كاك (جەلال)، داواكەی پەسەندكردین. بەڵێنی دیمانەیەكی-دا، ئەویش دوای چاوپێكەوتنەكەی كاك (عمر فەتاح) داوا دەكات لە چەند خاڵێكدا پەیوەندی بە سەرۆكی دیوانی چاودێریی داراییەوە بكرێ تا زانیاری و ڕاستییەكان وەك خۆی بوترێن.

بەم جۆرە توانیمان ئەو بەڵێنە لە سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی وەربگرین. هەرچەندە كاك (جەلال) پێی وابوو كارەكانی دیوان نهێنییە و پێویست بە لێدوان ناكات، ئێمەش بۆمان ڕوونكردەوە كە دوای ئاماژەكانی كاك (عمر فتاح) لە ڕۆژنامەدا، چاوپێكەوتنی ئەو لەم كاتە ناسكەدا پێویستییەكی زەرووری و مێژووییە. سەر ئەنجام كاك (جەلال) پەسەندی كرد.

---

(٥) ئەم چاوپێكەوتنە، لە ژمارە (٣٩٦٤) - (١٠/مایس/٢٠٠٦)ی (ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ)دا بڵاوكراوەتەوە.

هەرکە.. سەر دەکەی بە ژوورەکەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایدا، لە پێشەوە دوو دروشم و سوێندێکی یاسایی چاودێریی و چەند (نەخشەیەکی ڕوونکردنەوە) دەبینی، کە تیایدا سەرجەم وەزارەت و دامودەزگا و ڕێکخراوە پیشەیی و سەندیکا و یەکێتیی و کۆمەڵە و گروپەکانی هەموو هەرێمێ تیا بەیان کراوە.

**دروشمەکانی:**

یەکەم/ السَخاءُ: أنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً.

**واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت.**

دووەم/ يَكونُ المَسْؤولُ قَوِيّاً.. إلي أنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِه.

**واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات.**

**سوێندەکەش ئەمە دەقەکەیەتی:**

((**سوێندی یاسایی**...))

***((سوێندم بە یەزدانی مەزن... بە قورئانی پیرۆز... بە گەلی کوردستان و خاکی کوردستان... کە پابەندبم بە بنەماکانی ڕەوشتی پیشەکەمەوە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانمدا، پشت بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان ببەستم لە بڕیارەکاندا، فەرمانبەرێکی دڵسۆز بم بۆ حکومەتی هەرێم لە هەر ئاستێکی بەرپرسیدا بم. چاودێرێکی دارایی ڕاستگۆبم. هیچ زانیارییەک نەشارمەوە لە بەرپرسانم. نهێنییەکان بپارێزم. بە ئەمانەتەوە کەموکوڕی بڕیار و مامەڵە داراییەکان بخەمە ڕوو. دەستنیشانی هەموو دەستپیسی و دەستدرێژییەک بۆ سەر موڵک و ماڵی حکومەتی هەرێم بکەم. خوا شاهیدە لەسەر وتەکانم ....))***.

پێویستە هەموو ئەندامێکی ئەو دەستانەی، کە کاری چاودێریی دارایی بەسەر دامودەزگاکانەوە بەئەنجام دەگەیەنن، پێشتر ئەم سوێندەیان خواردبێ، وەک پەیمانێکی ڕەوشتی، تا نەڕەوشت، نە ویژدان و نە ئەرکی نیشتمانی ڕێگەی شاردنەوەی هیچ ڕاستییەکی نەدات لە دیوان.

دوای بەخێرهاتن و چا خواردنەوە، حەزمان کرد سەرەتا چەند پرسیارێکی شەخسی لە کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بکەین:

**پرسیار: ڕاستە تۆ تاکە وەزیریت، کە بە سەیارەی خۆت هاتووچۆ دەکەیت؟**
وەڵام: سەرەتا سوپاستان دەکەم، بەخێربێن بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی... منیش حەز دەکەم لە ڕێگای ئێوەوە چەند ڕاستیەک ڕوون بکەمەوە بۆ هەموو لایەک. کە دەڵێم هەموو لایەک، مەبەستم حکومەت و حیزب و خەڵک و هەموو وەزارەت و دامودەزگاکانە، تا بزانن کاری دیوانی چاودێریی دارایی چۆن دەڕوات.
دوای ئەوە ئومێد دەکەم هەر لە ڕێگای ئێوەوە بتوانم وەڵامی هەموو پرسیارەکانی سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیشم دابێتەوە. چونکە لە ڕاستیدا پێش ئێوە زۆر لەوانیش پەیوەندییان پێوە کردووم، داوای چاوپێکەوتنیان لێ کردووم، بەڵام بە داخەوە یان زەمینە لەبارنەبووە یان من حەزم نەکردووە چاوپێکەوتن بکەم. ئەویش لەبەر سروشتی کارەکەم، بەڵام ئێستا کە ئەو زەمانە هاتۆتە پێشەوە کە باست کرد، هەڵئەگریّ و پێویستە منیش قسەیەکم هەبێ، ئەو شانسەش بە کوردستانی نوێ بڕا، کە قسەی بۆ بکەم. هەرچەندە من جیاوازی لە نێوان گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ناکەمو ڕێزم هەیە بۆ هەموویان، پێم وایە هەموویان ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکانن لە کوردستان یان دەبێ وابن.
بەڵێ ڕاستە هەرچەندە زۆرجار هەرسێ سەرۆکوەزیران، کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم و کاک عمر فەتاح، لە هەردوو پۆستی جاران کە لە وەزارەتی دارایی بوومو ئێستاش کە لە دیوانی چاودێریم.. ئۆتۆمبیلی تایبەتییان بۆ دابین کردووم، بە سوپاسەوە ڕەتمکردۆتەوە و هەر بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆم هاتووچۆم دەکرد»، بەڵام ماوەیەکی زۆرە لەسەر داوایەکی تایبەت (کە بە پێداگرتنەوە داوام لێکرا) ئۆتۆمبیلێکی دیوان بەکار دێنم.

**پرسیار: ڕاستە سادە و ساکار هاتووچۆ و هەڵسوکەوت دەکەیت، نەک وەک برادەرەکانی تر، کە لە ئاستی تۆدان بە پاسەوان و چەند ئۆتۆمبیلەوە؟**
وەڵام: دەتوانی ئەم پرسیارە لە هاوڕێکانم بکەیت، تا بۆت دەرکەوێت من چۆن هەڵسوکەوت دەکەم.

**پرسیار: ڕاستە دەڵێن تا ئێستا هیچ زەویت وەرنەگرتووە وەکو پۆستی وەزیر؟**
وەڵام: بەڵێ ڕاستە (خۆشحاڵ)یشم کە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان لە زۆر شت ئاگادارن، بۆ ئاگاداریت ناشمەوێ وەریبگرم، چونکە خانوەکەی خۆم بەشم دەکات،

جگە لەوەی لە کاتی فەرمانبەریمدا زەویم وەرگرتووە بە زیادیشەوە، ئیتر پێویستم بە هەڵپەی زیاتر نییە.

**پرسیار: باسی خانوەکەتت کرد.. بیستومانە ئەویشت بەخشیوە بە وەزارەتی تەندروستی تا بیکەن بە نەخۆشخانەی گردی سەرچنار؟**

وەڵام: حەزدەکەم دوای نەمانم لە ژیاندا یان هەرکاتێک خۆت پێت باشە ئەو پرسیارە لە وەزارەتی تەندروستی بکەیت.

**پرسیار: چۆن کرای بە وەکیلی وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە کاتێکدا تۆ کەسێکی سەربەخۆیت و ئینتمای حزبیت نییە؟**

وەڵام: ئەوەی ڕاستی بێت برای خۆشەویست و بەڕێزم کاک کۆسرەت هەوڵێکی زۆری لەگەڵدام کە ئەو پۆستە وەربگرم، بەڵام چونکە حەزم لە وەزیفەی بەرز نەبوو.. هەموو جارێک پاساوم دەهێنایەوە، تا مەسەلەکە گەیشتە ئەوەی پاش ماوەیەک دیار بوو برادەران بە جەنابی مام جەلالیان وتبوو. ئەویش بە جوامێری خۆی ڕووی لێنام و ئیتر توانام نەبوو فەرمانەکەی جێبەجێ نەکەم ، بەم شێوەیە ئەو پۆستەم وەرگرت.

پاشان کە برای ئازیزم کاک (د.بەرهەم) پاڵاوتمی بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، ئەو کاتەش هەر پێم خۆش نەبوو، کۆمەڵێک پاساوم هێنایەوە و خۆم چەند کەسێکم بۆ ئەو پۆستە پێشنیارکرد، بۆ خۆشم داوای خانەنشینیم کرد، بە مەرجێ موچەی خانەنشینیەکەشم ببەخشم بە دەزگای شەهیدان و کەمئەندامان، بەڵام دیار بوو ئەو پاڵاوتنەی بەندە بۆ دیوانی چاودێریی لەسەر پێشنیاری جەنابی( مام جەلال) و ڕەزامەندی برادەران بوو. بۆیە بەرامبەر بە «فەرمانی جەنابی مام دەستەوەستان بووم».

لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی کراوەیە و داخراو نییە، وەنەبێت هەر منی وەک کەسێکی سەربەخۆ بۆ پۆستێک هەڵبژاردبێت، بەڵکو چەندین کەسی تری بە وەزیر داناوە، کە ئەندامی یەکێتی نەبوون.

(ئینجا با بێینە سەر کاری سەرەکیمان کە باسی دیوانە)...

**پرسیار: هەمووما دەزانین کە ئیعتبارێکی زۆر بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی دەکرێت، ئایا ئەو ڕاپۆرتانە چۆن دروست دەبن، ئایا چۆن ئامادە دەکرێن ؟**

وەڵام: سەرەتا کارێکی ئاسایی و یاسایی بە فەرمانێکی دیوانی چاودێریی، دەستەیەک کەسی شارەزا لە بوارەکانی «ژمێریاری-کارگێری- یاسایی- ئەندیازیاری (ئەگەر

پێویست بوو)» لەخۆدەگرێت و ڕادەسپێرێ بۆ ئەنجامدانی کاری چاودێریی داراییو وردبینی و پێداچوونەوەی کار و سەرجەم چالاکییەکانی وەزارەت، یا دامودەزگای پەیوەندیدار.

دوای ئەوەی دەستەی دیاریکراو دەچێتە سەر کاری ئاسایی خۆی، بەپێی ڕێنماییەکان پێویستە وەزارەت یا دەزگای پەیوەندیدار سەرجەم فەرمان و بڕیار و سەرفی دارایی و کاروباری کارگێڕی و یاسایی و هەموو فایل و سجلات بخاتە بەر دەستی دەستەکە، ئەوانیش بە وردی بە هەموویدا دەچنەوە و خاڵی لاواز و بەهێز و ئاسایی و نایاسایی و سەرپێچی دیاری دەکەن.

(ئەم کارەش چەندین ڕۆژ دەخایەنێت، بە پێی کەم و زۆری بەڵگەنامەکان). ئینجا ڕەشنوسی خۆیان بە بەڵگە و کۆپی هەموو جێگاکانی، کە پێویست بە سەرەنج دەکات، یان نایاساییانە دەخەنە بەردەستی جێگری بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیدار، کە هەموو ڕوونکردنەوە و سەرنج و تێبینییەکانی دەستەکەی لەخۆگرتووە (بۆ ئاگاداری ئەمە پێی دەوترێت (أوراق عمل- پەڕاوەی کار).

حەز دەکەم ئەوەش بزانیت ئەرکی دیوان سوپاس و ئافەرین نییە، بەڵکو دیاریکردنی سەرپێچی و کاری یاسایی و نایاسایی ئەو و کاری ڕۆژانەی هەموو دەزگایەکە، بۆیە پێویست بە سوپاس و ستایش ناکات. جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندیداریش بەجێی خۆی دوای پێداچوونەوە و تۆمارکردنی سەرنج و تێبینییەکانی، مناقەشەکردنی خاڵ بە خاڵی لەگەڵ دەستەکە.. ڕەشنووسەکە بەرزدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیدار (کە دەڵێم پەیوەندیدار، چونکە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بەرپرسە لە چەند وەزارەت، یا دامودەزگا، یان ڕێکخراوێک).

بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیدار بە جێی خۆی دوای پێداچوونەوە و تۆمارکردنی سەرنج و تێبینییەکان و مناقەشەکردنی لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری گشتی بەرزی دەکاتەوە بۆ جێگری سەرۆکی دیوان، ئەویش پاش هەمان پرۆسەی پێشوو لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندیدار بەرزی دەکاتەوە بۆ سەرۆکی دیوان.

بۆ ئاگاداریت ئەم پرۆسەی پاڵاوتن و پێداچوونەوە و سەرنجدان و بەرزکردنەوەیە ماوەی نزیکەی تا (١٧) ڕۆژی بۆ دانراوە، چونکە:

ا- ئەم کارە هەروا بە ئاسانی بە ئەنجام ناگات.

ب- ئەو سەرۆک و دەستە و چاودێرانە هەموومان دەزانین نە فریشتەن و نە لە هەڵە و سەهوکردن بە دوورن، بۆیە ئەم ماوە زۆرە و ئەو هەموو پێداچونەوە و سەرەنجدانەی لەسەر دەردێ، نەوەک بە هەڵە کارێکی نایاسایی بدرێتە پاڵ کەسێک، یان بە پێچەوانەوە.

دوای ئەم هەموو پرۆسەیە ڕاپۆرتی ڕاستکراوە و پوختەکراو دەنێررێت بۆ وەزارەت یان دەزگای پەیوەندیدار، بە دیاریکردنی سەرپێچی و کاری نایاسایی و ئیجرائاتی پێویست، وێنەیەکیش دەدرێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئاگاداری و بەدواداچوون، ئەگەر پێویست بوو.

**پرسیار: چەند تیمتان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت.. ئایا سەردانی ئەو تیمانە زانراوە یان کتوپڕە؟**

وەڵام : ژمارەی دەستەکانمان ئێستا (١٧ دەستەیە) لەبەرامبەر (٤٣٥) وەزارەت و دامەزراوە و (٢٨٥) کۆمەڵەو ڕێکخراو.

سەردانەکانیش لەگەڵ ئەوەی بە پێی یاساو ڕێنمایی ساڵانەیە، زۆرجاریش سەردانی کتوپڕی تێ دەکەوێت، ئەویش بەهۆی داواکردنی دەزگاکە خۆی یان زانیارییەکی ڕاست و بەڵگەدار، کە ناچارمان دەکات دەستەیەک لە ئەرکی ئاسایی بکشێنەوە و بنێرین دوای ئەو زانیارییە بکەوێت.

**پرسیار: ئایا سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی تەنیا ڕاپۆرت ئامادە دەکات، یان دەسەڵاتی ئیجرائاتیشی هەیە بەرامبەر ئەو بەرپرسانەی گەندەڵییان لەسەر دەسەلمێت، ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە تا ئێستا چی کردووە؟**

وەڵام : ئێمە تا ئێستا بۆ هەموو وەزارەت و دامودەزگاکان تەنها جۆری سەرپێچیو سەرپێچی کارمان دەستنیشان کردووە. داوامان کردووە وەزارەت یان دەزگای پەیوەندیدار ئیجرائاتی پێویست بکات و جۆری ئیجرائاتەکەشمان دیاری کردووە، هەر لە چاپکردنی سەرپێچیەکەوە تا بە دادگادان و گێڕانەوەی بڕی پارەی سەرفکراو بە زیاد. دوای ئەمەش ئەو دۆسییەیە لە دیواندا لای بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە کراوەیی دەمێنێتەوە، تا بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بە نووسراوی تایبەتی وەزارەت یان دەزگا ئاگادار دەکرێنەوە، کە ئیجرائاتی پێویستی داواکراو لەلایەن دیوانمانەوە جێبەجێ کراوە.

دوای ئەمەش بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندیدار سەرنجی نووسراوەکە دەدات، ئەگەر بەپێی یاسا و ڕێنمایی داواکەی دیوان نەبوو، دیسان داوای ئیجرائاتی پێویستو پڕ بەپێستی خۆی دەکەین.

**پرسیار: تا چەند وەزارەت و دامودەزگاکان هاوکاریتان دەکەن بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکان و ئیجرائاتکردن؟**

وەڵام: دیارە هەموو وەزارەت و دەزگاكان لە یەک ئاستدا نین بۆ بەدەنگەوەچوونو وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەكان و ئیجرائاتكردن. بۆ نموونە، شوێنی وا هەیە زوو بە دەنگمانەوە دێن ئیجرائات دەكات، بەڵام زۆر دەزگا و وەزارەت هەیە وەڵام ناداتەوە، یان كەمتەرخەمە ناچارمان دەكات چەندین جار نووسراوی ئاگاداركردنەوەیان بۆ بنێرین، یان لە سەرۆكایەتی ئەنجومەن شكاتیان لێ بكەین. بۆ مێژوو دەیڵێم، زۆرجار سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە شكاتەكانی پرسیوین بە دەنگمانەوە هاتووە، وەزارەت یان دەزگای پەیوەندیداری ئاگاداركردووە، كە سەرۆكایەتی ئەنجومەن پشتیوانی لە ڕاپۆرتەكانمان دەكات و پێویسە ئیجرائاتی داواكراو لە ڕاپۆرتەكاندا جێبەجێ بكریت. تەنانەت ماوەیەكی زۆریش جێگری سەرۆكی ئەنجومەنیش كاك (عیماد احمد) بە هەموو دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنەوە، وەزارەت بە وەزارەت لەگەڵ نوێنەرانی پەیوەندیداری دیوان دەگەڕان و دوای وەڵامی ڕاپۆرتەكانی دیوان دەكەوتن، چونكە شوێنی وا هەبوو (٢-٣)ساڵ بوو نە ئیجرائاتیان كردبوو، نە وەڵامی ڕاپۆرتیان دابۆوە. خوا هەڵناگرێ بەو ماوەیەی كە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بوو ئەو گرۆتینەی خستە وەزارەتەكانەوە و كۆمەڵێک وەڵام و ئیجرائاتی پێویست كرا، كە چەندین ساڵ كەڵەكە بووبوو، بۆیە ئێمە لێرەوە سوپاسی دەكەین.

**پرسیار: تێبینی دەكرێت لە وەزارەتەكاندا وەک پێویست ئیجرائات نەكراوە، بە ڕای ئێوە هۆی چییە؟**

وەڵام: هەر وەک باسم كرد، ئەو ماوەیەی كە جێگری سەرۆكی ئەنجومەن ئیدارەی سلیمانی ئەو گرۆتینەی دابوو بە كارەكانمان... باش دەڕۆیشت، بەڵام دوای ئەوەی ئەو گەڕایەوە سەر كاری یاسایی خۆی، وەڵامی ڕاپۆرت و ئیجرائاتكردن گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی، ئەویش هۆكاری زۆرە، لەوانە كەمتەرخەمی و هەست نەكردن بە لێپرسراوێتی و خەمساردی و گوێنەدان بە ئیجرائات و لەبەر محسوبیەتو مەنسوبیەتو دانانی لیژنەی لاواز و ناشارەزا بۆ بەدواداچوونی ڕاپۆرتەكان، یان هەندێک جار دەستوەردانی هەندێک لێپرسراو بۆ ناو خودی وەزارەت و دامودەزگاكان، كە بوونەتە هۆی ڕێگری یان لەمپەڕ لەبەردەمی ئیجرائاتكردن، بەڵام دیسان ئەیڵێمەوە دیوان كۆڵی نەداوە، ئەو مەسەلانە لە دۆسییەدا بە كراوەیی هەردەمێنیتەوە تا ئیجرائات دەكرێت و بەدواداچوونی هەر هەیە، حكومەت بگۆردرێت یان نەگۆڕدرێت، بەرپرس لابچێت یان خانەنشین بكرێت یان بەرزبكرێتەوە.

**پرسیار: زانیومانە ئەم جارە مەكتەبی سیاسیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان**

**بۆ دانانی وەزیرەکانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان پشتی بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بەستووە، ئەمە چۆن بووە؟**

وەڵام: سەرەتا حەزدەکەم بزانیت، کە ئێمە دیوانی چاودێریی دارایی حکومەتی هەرێمین، هەموو کارەکانمان بە نووسراوی ڕەسمی و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانە، لای ئێمە چاک چاکە و خراپیش خراپ، یەک و یەک دوو ئەکات... هەموو شتێک پێویستی بە فەرمان یا بڕیار هەیە. بە ژمارە وەڵامی زۆربەی پرسیارە داراییەکان دەداتەوە، ئێمە لە سەرجەم دەزگا و وەزارەت و ڕێکخراوەکاندا تەنها خاڵی لاوازو نایاسایی و سەرپێچی و لادان لە یاسا دیاری دەکەین و ناوی کەس وەک کەس ناهێنین، بەڵکو ناوی وەزارەت یا دەزگا دەهێنین.

ئینجا وەڵامی پرسیارەکەت: کاتێ ئەو ناوانەی کە پاڵێورابوون بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی یەکگرتوو گەییشتبووە مەکتەبی سیاسیی بەڕێز، بۆ جیاکردنەوە و (شەنوکەوکردنیان)، دیاربوو بەباشیان زانیبوو ڕای دیوانی چاودێریی دارایش وەربگرن، لەسەر ئەوانەی کە لە حکومەتدا کاریان کردووە، ((بۆ ئاگاداریت بۆیە ئەڵێم کە لەسەر ئەوانەی لە حکومەتدا کاریان کردووە، چونکە ئێمە چاودێریی دارایی حکومەت دەکەین و دەزگایەکی حکومین هیچ پەیوەندییەکمان بە لێپرسراوە حیزبییەکانەوە نییە، ڕەنگە چەندین سەرپێچی و لادان و کاری نایاسایی لەناو لێپرسراوانی حیزبەکاندا هەبێت، بەڵام ئەوە کاری ئێمە نییە بەدوایدا بچین، بەڵکو چاودێریی حیزبی خۆیان هەیە)). بۆیە بەڕێز مەکتەبی سیاسي بە نامەیەک بەندەیان ئاگادار کرد... داوای ڕای دیوان دەکەن لەسەر ئەو وەزارەتانەی کە لە حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی)دا هەیە، ئێمەش لە ڕێگای نێردراوی تایبەتی مەکتەبی سیاسییەوە، ڕاپۆرتەکانی دیوان چی ئەڵێ و چۆن دەدوێ، وەک خۆی دەقی ڕاپۆرتەکانمان بۆ ناردن، بێ ئەوەی بە کەس بڵێین چاکە یان خراپ، ئیتر ئەوان ڕای دیوانیان بەهەند وەرگرتووە، وەک خۆت دەڵێیت سوپاسیان دەکەین.

**پرسیار: بە ڕای ئێوە یەکێک لە هۆکانی گەندەڵی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە پێشتر وەک پێویست پۆستەکانی حکومەت لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی دانەنراوە؟**

وەڵام: ئێمە لە ڕاپۆرتدا تەنها باسی ئەوە دەکەین کە ڕووی داوە لە وەزارەت یان دەزگاکەدا، لە ئەنجامی چی بووە یان لێوەشاوەی لێ نەبووە. پێویستە ئەوە لەو کەس و لایەن و حیزبانە بپرسی کە سەرەتا ئەو کەسە کاندید دەکەن بۆ ئەو پۆستە. دەمەوێت بۆت دووبارە بکەمەوە لای ئێمە ژمارە و یاسا و ڕێنمایی دەدوێ و

ئیعتباری هەیە، ئیتر کاندیدکردن و دانان بۆ پۆستەکان کاری حیزبی دەسەڵات و هاوپەیمانەکانییەتی، دەکرێت لەوانیش بپرسیت.

**پرسیار: وەک زانراوە ئێوە تا ئێستا سەدان راپۆرتتان بە بەڵگەوە لەسەر زۆربەی هەرە زۆری وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت ئامادە کردووە، گەندەڵی و کەموکورپییەکانتان دەستنیشان کردووە، بۆچی هەندێ وەزارەت ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکراوە، ئەگەر ئیجرائاتیش کراوە، بۆچی لەگەڵ بەرپرسە گەورەکان نەکراوە و تەنیا لە ئاست بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا بووە؟**

وەڵام: ئێمە وەک کاری یاسایی خۆمان ئەبێت دەستە بۆ سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت، بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە، بنێرین و هەموو دەستەیەکیش ڕاپۆرتی خۆی هەیە، هەموو ڕاپۆرتێکیش پێویستی بە وەڵامدانەوەو بە دواداچوون هەیە، بۆیە:

یەکەم: ئەوەی کە دەڵێیت سەدان ڕاپۆرت ڕەنگە زیاتریش بێت، ئەویش بەپێی کاری یاسایی و ئاسایی و ساڵانەی خۆمانە.

دووەم: کە ئەڵێیت ئیجرائات نەکراوە، ئێمە وەک دیوان هەر لەسەری دەڕۆین و وازناهێنین، وەک وتم دۆسییەکە بە کراوەیی ئەمێنێتەوە و ڕەنگە لەمەودوا کۆمەڵێک لەو ڕاپۆرتانە بنێرینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون. دوای ئەوە کە ئیجرائات لەگەڵ سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتی نەکراوە، ئەوەش دوولایەنەیە:

ئەلف/ چونکە کارە نائاسایی و سەرپێچییەکە لەوانەوە بووە، بەڵام کە ئیجرائات نەکراوە ئەوە لاوازی یان بەتەنگەوە نەهاتن و کەمتەرخەمی سەرەوەیە.

باء/ مەرج نییە وەزیر یان بریکار سەرپێچیکار بن، بەڵام فەرمانگە یان وەزارەت یان دەزگای ڕاستەوخۆی ژێر دەستی خۆیان کەمتەرخەم و لاواز و سەرپێچیکار بن بە بەرچاوی ئەمانەوە، بەبێ ئەوەی ئەمان ئیجرائات بکەن، کەواتە ئەمان کەمتەرخەمن.

**پرسیار: دەتوانیت پێمان بڵێیت تا ئێستا چەند کەس بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئێوە سزادراون؟**

وەڵام: ........ خۆت دەزانیت ئێمە لە کورستاندا ئەژین، کەسیشمان لە ئاسمانەوە نەهاتووین، کوردستانیش میراتێکی قورس و دزێوی (ژێمایی- پاشماوە)ی ڕژێمی بەعس و داگیرکاری بۆ بەجێ مابوو، دوای ڕزگاربوونیش شەڕی ناوخۆ و پاشماوەی پیاوخراپ و دواییش تەکەتولاتی ناو حیزبەکان و کاریگەریی بێکاری و هەژاری و

ڕاهاتنی خەڵکانێک لەسەر ڕاووڕووت، هەروەها تا هوشیاری و کەمتەرخەمی و خەمساردی بەرپرسان، ئەمانە هەمووی هۆکاری ئەوەن کە گەندەڵی و سەرپێچیو نا یاسایی بە جۆرێک بڵاوبێتەوە، ئەتوانم بڵێم ڕاستە بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئێمە خەڵکانێکی زۆر سزادراون، بەڵام ئەم خەڵکە زۆرەش کە سزادراون دڵۆپێکە لەو دەریا زۆرەی کە بەو هەموو هۆیەوەی بۆم باسکردیت لە کوردستاندا هەیە، بۆیە ڕەنگە ئێستا نەتوانم وردتر پێت بڵێم چەند کەس سزادراون، بەڵام ئەتوانم پێت بڵێم ئەوە کافی نییە، بەڵکو چەندین ئەوەندە ماوە کە پێویستە سزابدرێن.

**پرسیار: ئایا هیچ لایەنێک هەیە کە دەست لە کاروبارتان وەربدات، یان گوشارتان بخرێتە سەر بۆ چاوپۆشیکردن لەم و لەو؟**

وەڵام: خۆت ئەزانیت من کەسێکم تەمەنێکم هەیە، جگە لە تەمەنی وەزیفی خۆم، کاتێکیش لەسەر فەرمانی جەنابی مام جەلال کراوم بە سەرۆکی دیوان، هەموو برادەران ئەزانن من کەسێک نیم لە هیچ زەمانێک و لە هیچ کەسێک هیچ جۆرە دەستوەردانێک قبوڵ بکەم، ئەگەریش کەسێک یان لێپرسراوێک بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر مەسەلەیەک لەبەرچاوی ئاڵۆز بوو‌بێت هاتبێتە دیوان، دوای تێگەیشتن لە وردەکاری مەسەلەکە بە مەمنونیەوە دیوانی بەجێهێشتووە و سوپاسیشی کردووین.

**پرسیار: بەرامبەر سیستەمی نوێی موچە ڕات چییە؟**

وەڵام: ئەوەی ڕاستی بێت هەندێ کەموکوڕی لەم سیستەمەدا بەدی دەکەم، لەم بارەیەشەوە زۆر نووسراو لە نێوان ئێمەو وەزارەتی داراییدا هەیە.

بۆ نموونە، هیچ ڕەوای هەق نییە، نەخوێندەوارێک (١٠٠٠٠٠) دینار (تەنها سەد هەزار) دینار دادەمەزرێت (هەرچەندە ئەوەش بە بریارێکی تایبەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بوو)، کەچی خاوەن بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆس دوای (١٦) ساڵ شەونخوونی و خوێندن و زەحمەت و مەسرەف بە (١٥٧٠٠٠) دینار (تەنیا سەد و پەنجا و حەوت هەزار) دینار دامەزرێت، واتە جیاوازی نێوان ئەو دووانە (٥٧٠٠٠)دینارە (تەنها پەنجا و حەوت هەزار) دینارە. هەر بۆیە لە دانیشتنی ئەو لیژنە تایبەتەی بە سەرۆکایەتی کاک (نەوشیروان مصطفى) و ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناوبەناو کۆبوونەوەمان دەکرد، بیرۆکەیەک هاتەکایەوە لە کاک (نەوشیروان)ەوە بۆ کەمکردنەوەی موچەی وەزیر و بریکار و هەندێ پلەی تایبەت، لە بەرامبەردا موچەی دەرچووانی پەیمانگا و زانکۆ و مامۆستایان و فەرمانبەران زیاد بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو ئیدارە بەرەو یەکگرتنەوە دەچوو، ئەو کارە

دواخرا بەو هیوایەی حکومەتی نوێ چارەسەری بکات. بە تایبەتی کاک (عمر فتاح) خۆی ئاگاداری مەسەلەکەیە، ئێستاش جێگری سەرۆکی حکومەتە، هیوامان وایە ئەم کارە لە ئەولەویاتی کارەکانی حکومەتی نوێدا بێت. هەر لەم بارەیەوە دەمەوێت پێت بڵێم: دوای دەرچوونی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەوسای هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠١). کە جەنابی مام جەلال سەرۆکی هەرێم بوو، سیستمی وەزیفی رێکخرا بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک موچەی ڕاوێژکار و بەرێوەبەری گشتی و شارەزا کەمکرانەوە. من کە ئەو کات بریکاری وەزارەتی دارایی بووم، یاداشتێکم لە ڕێگەی وەزیری داراییەوە بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، داوام کرد با کەمکردنەوەی موچە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر و بریکارەکانەوە دەست پێ بکات. ئەوە بوو بەڕێز دکتۆر بەرهەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران موچەکەی خۆی کەمکردەوە، بەڵام موچەی وەزیر و بریکار وەک خۆی مایەوە، کە چوومە دیوانی چاودێریی بە نووسراوی ڕەسمی داوامکرد موچەکەی خۆم کەم بکەمەوە و ئاماژەم بە یاداشتە کۆنەکە دا.

**پرسیار: ئەو شتانەی لای تۆ پیرۆزن چین؟**

وەڵام: مێژووی خۆم، دەستپاکی، بەزەیی بە هەژاران و بێدەرەتاندا، دادپەروەری لە کاردا، خۆشەویستی کار و نیشتمان، وەفا، جدییەت، دڵسۆزی.

**پرسیار: ئەو شتانەی تۆ ڕقت لێیان دەبێتەوە؟**

وەڵام : چاوبڕینە موڵک و ماڵی خەڵک و حکومەت، دزی، خۆبەزلزان، نۆکەریو ماستاوکردن بۆ سەروو، لە ژێر پەردەی دەسەڵاتدا داگیرکردنی موڵک و ماڵی خەڵک و حکومەت.

**دوا پرسیار: ئەی ئاواتەکانت چین؟**

وەڵام : ئاوات زۆرن لەسەروو هەموویانەوە:

یەکەم: یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، کە بە خۆشحاڵییەوە شکور هاتە دی. ئەمەوێ لێرەشدا بۆ مێژوو شتێک بڵێم. برای بەڕێز کاک (د.بەرهەم) ساڵی(٢٠٠١) لە دانووستانەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بەردەوام بوو، بەندەش کە لەگەڵیدا لە سەفەری شام بووین، داوای لێ کردم لیژنەیەک پێک بهێنم لە پسپۆری ئیداری و سیاسی شارەزا، بۆ دانانی ئالیەتێکی گونجاو بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، بەڵام بەداخەوە ئەوکاتە ئەو کارە هەرچەند پێوەی ماندووبوم بە هۆی

بارودۆخەکەوە سەرکەوتوونەبوو. ئێستا کە ئەبینم یەکی گرتۆتەوە ماندوویتی ئەو کاتەم لە لەش دەرچوو، هەست دەکەم پێشنیارەکەی ئەو کاتەی کاک (د.بەرهەم) جێی خۆی گرت و منیش ڕەنجەکەم بەفیڕۆنەچوو. هەرچەندە ئەم یەکگرتنەوەیەش لە کۆسپ و تەگەرە خاڵی نابێت و گیروگرفتی سروشتی خۆی هەیە، بۆیە ئومێد دەکەم کەس لە کارکردن سارد نەکاتەوە، چونکە دوو ئیدارەی جیاواز، دوو سیستەمی جیاواز، دوو ئایدۆلۆژیای جیاواز، لێکدانیان کارێکی ئەستەمە. پێویستی بە نەفەسی درێژ و نیازی پاک و لەخۆبوردەیی و ئیدارەی بەهێز و بچووک گەورە نەکردن هەیە. ئەم کارەش تا دەچێتە سەر ڕێچکەی خۆی بێگومان لە شەش مانگ کەمتری ناوێت، ئەگەر نەگاتە ساڵێک.

دووەم: ئاواتم ئەوەیە کە ئیتر ئیدارەی تازە و حکومەتی تازە ڕێم بدات ماڵئاوایی لە وەزیفەکەم بکەم و بگەڕێمەوە ماڵی خۆم، هەر هیچ نەبێت بۆ بەجێهێنانی ئەو ئاواتانەم کە بە هۆی وەزیفەوە چەندین ساڵە، بە تایبەتی ساڵانی وەزیفەی (وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی) لێیان دوور بووم، با ئیتر کەسێکی تر لە جێگای من دابنرێ، لەگەڵ ئامادەیی هەمیشەییمدا بۆ هەموو خزمەتێک بە خاکەکەم و گەلەکەم دوور لە وەزیفە و بێ هیچ بەرامبەرێک، چونکە وەزیفە لای بەندە خزمەتە مێژووە نەک ناونیشانی بەرز و موچەی زۆر و ئیمتیازات، کە تارادەیەک خۆمم لێ دوور خستۆتەوە. لەگەڵ سوپاسێکی زۆرم بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەو متمانەیەی پێیان دابووم بۆ هەردوو پۆستی وەزیفی ناوبراو، سوپاس بۆ ئێوەش.

## «سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی: بەرپرسی پاك هەیە»
## هەفتانەی ئاسۆ

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی، پێیوایە، ڕێگرییەكانی بەردەم دەركردنی یاسای لێپرسینەوە، لە دەوڵەمەندبوونی لە ناكاو لە عێراقدا، دەسەڵاتدارە گەندەڵەكان و ئاژاوەی سیاسی و بەرژەوەندی حیزبی و چەند شتێكی ترە. سام ئاغا لە دیدارێكی هەفتانەدا باسی لەو كۆسپ و تەگەرانە كرد، كە دێنە سەر ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئەوەی نەشاردەوە بۆ ئاییندەیەكی نزیك گەشبین نییە، كە چارەسەری گەندەڵی بكرێت.

**• وەك ئاگادارن بەم دواییە نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق و هەندێك لە لێپرسراوانی تری بەغدا، موڵك و ماڵ و سامانی خۆیان بۆ ( لیژنەی نەزاهە) ئاشكراكرد، ئایا ئەو هەنگاوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– ڕاستر، دەستەی پاكژییە (هیئة النزاهة) نەك لیژنە. لیژنە كاتییە و كەسێتی واتایی (معنوی) نابێ، بە پێچەوانەی دەستەوە، كە ئەكرێ بكرێتە دەزگایەكی سەربەخۆ. هەنگاوەكانی مالیكی و لێپرسراوان كارێكی باشە و ئەگونجێ بكرێتە هەنگاوێك یان سەرەتایەك بۆ لەناوبردنی گەندەڵی.

**• هەنگاوەكەی مالیكی و ئەو لێپرسراوانەی تر، لەوانەیە كارێكی باش بێت، بەڵام دەتوانێت بە ڕاستی ڕێگە لە گەندەڵی دارایی لە عێراق بگرێت؟**

– وەك وتم، ئەوە هەنگاوێكە. نەك هەموو شتێك. ڕێگرتن لە گەندەڵی، نەخشەو پرۆژە و یاسای كاریگەر و بەدواداچوونی بەردەوامی دەوێ.

**• لە كاتێكدا سەرۆكوەزیران، بێ ئەوەی كە یاسایەك هەبێت ڕێگە لە (دەوڵەمەندی كتوپڕ یان دەوڵەمەندبوونی لەناكاو) بگرێت، موڵك و ماڵی خۆی ئاشكرا دەكات، ئەوە چ سودێكی هەیە؟ بە ڕای جەنابت تەنها بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی نییە؟**

– دوورنییە لایەنی پڕوپاگەندەشی تێدا بێ، بەڵام هەر باشە و سەرەتایەكە،

بێگومان یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە پێویستە، ئینجا ئێمە نابێ بیانوو بۆ کاری چاکە بێنینەوە. ئەوە داخوازییەکی جەماوەرە، هەرچەندی لێ جێبەجێ بکرێ باشترە لە هیچ.

**• بەڕای جەنابت، بۆ تائێستا یاسایەک نییە لە (دەوڵەمەندبوونی لەناکاو) بپرسێتەوەو بەو کەسانە بڵێت (من أين لک هذا- واتا ئەمەت لەکوێ بوو)؟**

- ئاخر کێ یاسا دەرئەکا؟ یاسا یا لە دەسەڵاتەوە یان لە پەرلەمانەوە یان لە دەستورەوە سەرچاوە ئەگرێ. یاسایەکی لەو جۆرە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتێکی گەندەڵدا نییە، پەرلەمانیش ئەگەر نوێنەری دەسەڵات بێ نەک میللەت، ئەوا لە خۆیەوە یاسایەکی لەو جۆرە دەرناکات و دەستەبەرناکات. دەستوری عێراقیش پڕە لە کەموکوڕی، کوردستانیش تا ئێستا دەستوری نییە!

**• کێ دەتوانێت گرەنتی مالیکی یا هەر لێپرسراوێکی تری عێراقی بکات، کە دەیان و سەدان پرۆژەیان بە ناوی خەڵکانی ترەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان تۆمارنەکردووە؟**

- ئەو گەرەنتییە. ئەشێ تا ڕادەیەک، بە یاساکە دابین بکرێت، واتا ئەبێ بەندێکی وای تێدا بێ، کە دەسەڵات بەدەستەی پاکژییەکە بدات لێپێچینەوە لەگەڵ هەر گومانلێکراوێکی لەو جۆرەش بکات.

**• بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق، لێپرسراوە پایە بڵندەکانی عێراق، یاسایەک هەیە بتوانێت ڕێگریان لێ بکات، تا دزی و گەندەڵی نەکەن؟**

- ئەی خۆ عێراق بەبێ یاسا نییە، عێراق و هەر دەوڵەتێک، چەندین یاسایان تێدایە کە ڕێگری لە دزی و گەندەڵی ئەکەن. لە پێش هەموویانەوە، یاسای سزادان (عقوبات). گرفتەکە لە نەبوونی یاساوە نییە، بەڵکو لە پێشێلکردنی یاساوەیە.

**• بۆچی پەرلەمانی عێراق تا ئێستا (یاسای لێپرسینەوە لە دەوڵەمەندبوونی لەناکاو)ی دەرنەکردووە؟**

- سێ یاسای پێشنیارکراو تا ئێستا لەبەردەم پەرلەمانی عێراقە:

١- یاسای (هیئەی نەزاهە).

٢- یاسای (دیوانی ڕەقابەی مالی).

٣- یاسای (مەکتەبی پشکنەری گشتیی لە وەزارەتەکان)

ئەم سێ یاسایە تا ئێستا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە و تەواونەبوون،

بەڵام چوونەتە ناو کاری پەرلەمانەوە، ئیمڕۆ بێت یان سبەی یاساکە دەردەچێت، بەو هیوایەی یاســای (هیئەی نەزاهەش) بەرەو پەرلەمانی کوردستان هەنگاو بنێت.

**• ڕێگرییەکانی بەردەم دەرکردنی ئەو یاسایە لە عێراقدا چییە؟**

– ڕێگری سەرەکی: دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانن، هۆکاری تریش هەیە، وەک ئاژاوەی سیاسی، بەرژەوەندیی حیزبی و.... هتد.

**• پێت باشە بەرپرسەکانی هەرێم، هاوشێوەی مالیکی، ماڵ و سامانەکانیان ئاشکرا بکەن؟**

– زۆرم پێ باشە، من بەش بەحاڵی خۆم وەک بەرپرسێک کە لە پلەی وەزیریدایە، لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی ئاوێنەی ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٣١)دا ئامادەیی خۆم پیشاندا، کە هەرچیم هەیە و نییە ئاشکرای بکەم و پێکهێنانی دەستەی پاکژیشم بە پێویست زانی و یەکەم کەسم ئەو هەنگاوەم ناوە.

**• لە کوردستان (لیژنەی نەزاهە)ش نییە، ئەگەر بیانەوێت ئاشکرای بکەن بۆ کێی بکەن؟ ئێوە وەکو (دیوانی چاودێریی دارایی) ئامادەن ئەو ئاشکراکردنانەیان لێ وەربگرن؟**

– ئەبێ ئاشکراکردنەکە بە پلەی یەکەم بۆ میللەت بێ، بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەگەری درۆکردندا بوار بۆ هاوڵاتییەک هەبێ ڕاستییەکە دەرخات، هەروا میدیا لەم بوارەدا دەتوانێت دەورێکی گرنگ و کاریگەر و بەرپرسانە ببینێت، بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەوانەی سامانی نابەجێیان لە میللەت ئەشارنەوە.

ئێمە بە هیواین یاسایەک و دەستەیەکی پاکژی بۆ ئەو مەبەستە دەستەبەر بکرێ. ئەگەر هەر نەبوو، ئێمە وەک دیوانی چاودێریی دارایی ئامادەین فۆرمی ئاشکراکردنەکان وەرگرین، هەرچەندە ئەمە لە بنەڕەتدا کاری هەیئەی نەزاهەیە.

**• ئەگەر ماڵ و سامانیش ئاشکرا بکەن، ئێوە وەک (دیوانی چاودێریی دارایی) بڕوایان پێ دەکەن؟ ئایا خەڵک بڕوایان پێ دەکات؟**

– بڕواکردن و نەکردن مەسەلەیەک نییە، ئاشکراکردن هەر ئەوانە نییە کە ئێستا لە دەسەڵاتدان، بۆ ئەوانەشە کە لە داهاتوودا پۆستی گەورە وەرئەگرن. گریمان درۆیان کرد، ئەی کە دوایی ڕاستییەکە دەرکەوت چی دەکەن؟! ئەم مەسەلەیە

دووجەمسەری هەیە، ئەگەر ماڵ و سامانەکەی لەگەڵ واقیعی ئەو کەسەدا نەگونجا، ئەکرێ پرسیارەکەی ئاڕاستە بکەی: ئەمەت لەکوێ بوو؟! ئەگەر لە ئاییندەشدا سامانێکی زیاتری ئاشکرا بوو، یا لە هیچەوە بوو بە خاوەنی سامانێکی ناسروشتی، ئەوا دیسان هەمان پرسیاری ئاڕاستە ئەکرێ، لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەدواداچوون و جێبەجێکردنی جدییانەی بڕیار و یاساکان مەرجێکی بنەڕەتی سەرکەوتنی کارەکانی دەستەی پاکژییە.

**• لە کوردستانیش هاوشێوەی بەغدا (یاسای لێپرسینەوە لە دەوڵەمەندبوونی لەناکاو) نییە، باشە لە حاڵی ئاشکراکردنی سەروەتەکەشیان کێ گرەنتی دەکات، کە ملیۆنان دۆلاریان لە بانکەکان بە ناوی کەسانی ترەوە دانەنابێت؟ دەیان پرۆژەیان بە ناوی کەسوکاریان تۆمار نەکردبێت؟**

– ئەوە ڕاستە، بەڵام وەک لە وەڵامی پرسیاری پێنجەمدا ئاماژەم بۆ ئەگەرێکی وا کرد، ئەوا ئەوسا ئەکرێ لێپرسینەوە لەگەڵ کەسوکاریشیان بکرێ، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەشدا کە لە بانکەکان سامانێکی ناسروشتیان هەبێ و لێیان بپرسێت: ئەی تۆ ئەمەت لەکوێ بوو؟! لە هەموو بارێکدا یاساکە و وردەکاری یاساکە میکانیزمی جێبەجێکردنیان پێویستە.

**• بە ڕای جەنابت بە هۆی نەبوونی (یاسای لێپرسینەوە لە دەوڵەمەندبوونی لەناکاو) تەڕ و وشک پێکەوە نەسووتاوە؟ باش و خراپ تێکەڵاوی یەکتر نەبوون؟**

– بێگومان با، بەڵام ئەو کەسانەی، کە خۆیان بە پاک دەزانن و بێباکن، ئەتوانن دەستپێشخەری بکەن و موڵک و سامانی خۆیان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن.

**• ئایا هۆکاری سەرەکی ئەو گەندەڵییە مالییەی ئێستا نەبوونی ئەو یاسایە نییە؟**

– نەبوونی ئەو یاسایەش کاریگەرێتی هەیە، بەڵام ئەوە هەموو شتێک نییە، گەندەڵی هۆی زۆرە و قسەی زۆر هەڵدەگرێ، لەوانە نەبوونی پەروەردەی نەتەوەیی، نەبوونی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، ئاژاوەی وڵات، حیزبایەتی و لێنەپرسینەوە لەناو حیزبدا، خزمپەرستی، نەبوونی سەروەری یاسا بە گشتی، ترس لە ئاییندە، چاوچنۆکی و... هتد، لەپاڵ ئەمانەدا بێباکی دەسەڵات و سزادانی گەندەڵکاران، هۆکارێکی سەرەکی پەرەسەندنی گەندەڵییە.

**• ئێستا دەرکردنی ئەو یاسایە تا چەند دەتوانێت ببێتە دەوای دەردی گەندەڵی مالی؟**

- تا ڕادەیەک باش ئەبێ، بەڵام ئەوەی کە باشتربێ جۆری یاساکەیە، لەوەش باشتر جێبەجێکردنی یاساکەیە، واتا دەستەبەرکردنی ئەو میکانیزمانەیَ یاساکە جێبەجێ ئەکەن. ئەوەندە یاسا خۆی گرنگە.. جێبەجێکردنەکەشی سەد ئەوەند گرنگە.

**• ئێوە وەک دیوانی چاودێریی بێ بوونی ئەو یاسایە تا ئێستا چۆن کارتان کردووە؟**
- ئێمە بە پێی یاسای تایبەتی خۆمان و یاساکانی تری وڵات، کە پەیوەندییان بە پاراستنی موڵک و سامانی میللەت و حکومەتەوە هەیە، کارمان کردووە.

**• ڕاستە دەرکردنی (یاسای لێپرسینەوە لە دەوڵەمەندبوونی لە ناکاو) لە ئەستۆی پەرلەمانە، بەڵام تا ئێستا دەرنەکراوە؟ ئێوە وەک دیوانی چاودێریی داوای دەرکردنیتان نەکردووە؟**
- یاسای لەم جۆرە لەسەر داخوازی و داواکاریی دیوانی چاودێریی دارایی دەرناکرێت، لە وەڵامی پرسیاری چوارەمدا ئاماژەم بۆ ئەم لایەنە کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێش زیاتر لە دووساڵ وەک دیوانی چاودێریی دارایی لە بەرزترین پلەی دەسەڵات ئەم داوایەمان کردووە.

**• بە ڕای جەنابت ڕێگرییەکانی بەردەم ئەو یاسایە لە کوردستاندا چین؟ پێتوایە لێپرسراوان ڕێگە دەدەن ئەو یاسایە دەربچێت؟**
- ئەگەر ئیرادە و نییەتچاکی هەبێ، هیچ ڕێگرییەک نابێتە ئاستەنگ بۆ دەرکردنو جێبەجێکردنی ئەو یاسایە. ئینجا لێپرسراوان ڕێگە ئەدەن یان نا، ئەوە وەڵامەکەی لای ئەوانە.

**• گەشبینت لە ماوەی داهاتوودا پەرلەمان بتوانێ ئەو یاسایە دەربکات؟**
- ڕەشبین نیم، بەڵام هیچ شتێک کاری نەکردە نییە، هیوادارم ئەو کارە بکرێ. وەک ئاگادارن ماوەیەکە لەناو ئەندامانی پەرلەماندا باسی ئەم مەسەلەیە دەکرێ، هەروا بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش چەند جارێک ئاماژەی بۆ دروستکردنی ئەم دەستەی نەزاهەیە داوە، لەگەڵ ئەمەشدا، وەک وتم، گرنگ جۆری یاساکە و میکانزمی جێبەجێکردنییەتی.

**• ئایا لە کوردستاندا بەرپرسی پاک هەیە؟ ئەگەر هەن ژمارەیان زۆرە یان کەم؟ ئایا ئەو پاکانە لە بێدەسەڵاتیدا پاکن یا لە دڵسۆزییەوە ئامادە نین گەندەڵی ماڵی بکەن؟**

– پرسیارەکەت ئەوە دەردەخات کە گەندەڵی لە کوردستاندا چەند تەشەنەی کردووە و تا چەند پێویستە بەرەنگاری دیاردەی گەندەڵی ببینەوە. بێگومان بەرپرسی پاک هەیە. ئێستا نازانرێ ژمارەیان چەندە. بێدەسەڵاتیش هەیە و دڵسۆزیش هەیە، پەروەردەی نەتەوەیی و پەروەردەی خێزانی و بنەماڵەیی و گیانی شۆڕشگێڕی و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان ڕۆڵی گرنگی خۆیان لەم بوارەدا دەبینن.

**• خۆت وەکو (جەلالی عومەری سام ئاغا) نەک وەک (سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی) گەشبینی، کە گەندەڵی ماڵی لە کوردستاندا بەری پێ بگیرێت؟**

– هەر نەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەر بە گەندەڵی بگیرێ. بەڵام بۆ ئاییندەیەکی نزیک گەشبین نیم. تا ئێستاش ئەو دیاردەیە هەیە: کاتێک گەندەڵێک لە پۆستەکەی لائەبرێ، یان هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ ناکرێ، یاخود بە پۆستێکی گەورەتر پاداشت ئەکرێت، من بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام کە ئەوانەی بە پارەی حەرام لەسەر حیسابی ئەم میللەتە کۆشک و تەلاریان بەرزکردۆتەوە و بە پارەی حەرام باخ و باخاتی ڕەنگینیان دروست کردووە، لە ناخی دەروونیاندا ئاسوودە نین، هەروا من باوەڕم بە هێزێکی گەورە هەیە، کە ئەویش خودایە، یان ویژدان، یاخود هەردووکیان کە ناهێڵێت ئەو جۆرە کەسانە خێرو خۆشی لەو پارەو موڵک و ماڵی حەرامە ببینن.

## (ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی چەواشەکاریەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لە بەرنامەی چاوی سێیەم لەسەر ڕاستییەکان و نووسراوەکەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی)(٦)

دەربارەی ئەو دیمانەیەی کە لە بەرنامەی چاوی سێهەم لە تەلەفزیۆن و سەتەلایتی کوردسات پەخشکرا، لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بدەین لە سەر هەندێ لەو برگە و خاڵانەی لەو دیمانەیەدا ئاماژەی بە نووسراوێکی دیوانی چاودێریی دارایی دا:

١- ئەگەرچی دیوانمان بە شێوەیەکی گشتی خۆی بەدوورگرتووە لە ڕاگەیاندن، لەبەرئەوەی سروشتی کارەکانمان وەهایە و هێمنی و نهێنی و بێدەنگی لەخۆگرتووە.. هەر بۆیەش تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێک لای ئێمەوە نەدراوە بە هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنو هیچ لایەک یان کەسێک جگە لە شێوەی ڕەسمی، ڕەنگە هەولێش درابێ لە زۆر لایەنەوە، بەڵام لای ئێمەوە هیچ ڕاپۆرتێک یان زانیاریەک نەدراوە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە ژمارەی ڕاپۆرتمان گەییشتۆتە (١٧٦٥) ڕاپۆرت لەسەر(٤٣٥) وەزارەتو دامودەزگای حکومی و(٢٨٥) ڕێکخراو، بەڵام ئەو برگە و خاڵانەی لەو دیمانەیەدا ئاماژەی بۆ کرا، وا نیشاندرا کە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی

---

(٦) ئەم ڕوونکردنەوەیە:

• لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ژمارە ٢٣٧ لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/١٥ وەک هەواڵ لە لاپەڕە»یەک«دا بڵاوکراوەتەوە و لە هەمان ژمارەدا دەقی ڕاگەیاندنەکە بڵاوکراوەتەوە دواتر لە ژمارە ٢٣٨ لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/١٨ وەک ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە .

• لە ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی ژمارە ٤٢٧ لە ٢٠٠٦/٦/٢٠ دا دەقی ڕوونکردنەوەکە هەمووی بڵاوکراوەتەوە.

• لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ٢٤ لە ٢٠٠٦/٦/٢٠ بەکورتی بڵاوکراوەتەوە و دەقی تەواوی ڕوونکردنەوەکە لەسایتی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە .

• لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٣٩٩٦) ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/١٦ وەک ڕاپۆرتێکی کورت بڵاوکراوەتەوە .

• لە ڕۆژنامەی هەولێر پۆست ژمارە ٥٦ لە٢٠٠٦/٦/١٨وەک ڕاپۆرتێکی کورت بڵاوکراوەتەوە .

هەمووی هەڵە و کەموکوڕی تیایە، نەک تەنها باس لە ڕاپۆرتی شارەوانی بکرێ، کە بووە هۆی ئەوەی بەدگومانی لەسەر ڕاپۆرتەکانی تری دامودەزگاکانی حکومەت دروست بکات. بۆیە.. بە کۆی دەنگ ئەنجومەنی چاودێریی دارایی لە دیوان بڕیاری دا کە لە سروشتی ئاسایی کاری خۆی دەربچێت و ڕوونکردنەوەیەک لە سەر چەند ناڕاستیەک بخاتە ڕوو، کە لە دیمانەکەدا باسی لێوە کراو لە ڕاپۆرتەکانی دیوان و لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە و نهێنی لەسەر ئەو دوو ڕاپۆرتە هەڵ بگرێت. ئەمانەوێت ڕاشی بگەیەنین، کە ئەم وەڵامە و سەرنج و تێبینیانەمان هیچ پەیوەست نییە بە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەوە کە کارەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا جێبەجێکردووە و بەردەوام خزمەتگوزاریان پێشکەش کردووە .

٢- ئەمانەوێت لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە بدەین، کە لە بەرنامەکەدا نووسراوێکی دیوانی چاودێریی دارایی ئاماژەی پێ کرا، کە ئاڕاستەی ئەو دەستەی چاودێرییە کرابوو کە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئامادە کردبوو و وانیشان درا کە نهێنییە هەرچەندە نهێنی نییە و نووسراوی ئاساییە، نەک ڕاپۆرت و دەربارەی ئەو نووسراوە ڕای ئەگەیەنین ئەوە شێوازی کاری ناوخۆی دیوانە و لە ڕاپۆرتەکەدا کە ئامادە کرابوو، هاتبوو کە ژمارەیەکی زۆری موڵکەکانی شارەوانی قەرزیان لەسەرە، بەپێی دۆسیەی ئەو موڵکانەی کە وردبینی کرابوون، چونکە دەستەکە ڕاسپێردرا بوو بۆ ئەنجامدانی چاودێریی دارایی لە سەر بەشەکانی (موڵکایەتی و زەویوزار و بەشی یاسا و کارگێڕی) (لەبەر زۆری کارەکانیان دوو دەستە نێردرا بوو هەریەکە بۆ چەند بەشێک) و دوای سەیرکردنی دۆسیەکان دەرکەوتبوو، کە ژمارەیەکی زۆریان قەرزیان لەسەرە و کرێیان نەداوە، دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە لە دیوان دەستەکە ئاگادارکرا کە دەبوو لە شارەوانی تأکیدی لەوە بکردایەتەوە لە بەشی ژمێریاری، کە ئایا ئەو کرێیانە وەرگیراون یان نا؟ نەوەکو پسوڵەکانی پارە وەرگرتن نەخرابێتە ناو دۆسیەکانەوە، لەبەر ئەوەی شارەوانی کارەکانیان وەک پێویست ئەنجام نەداوە. لەبەرئەوەی دەستەکە ئەرکەکەی پێداچونەوەی بەشی ژمێریاری تیادا نەبوو، هەروەها گەڕابوەوە، پێی باش نەبوو بچێتەوە بۆ تأکید لەو تێبینیانە. هەر بۆیە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیدار سەردانی شارەوانی کرد و لە ژمێریاری شارەوانی دەرکەوت ژمارەیەک لەو موڵکانە کرێیان وەرگیراوە، بەڵام لە لایەن شارەوانییەوە پسوڵەی پارە وەرگرتنەکانیان نەخرابوونە ناو دۆسیەکانیانەوە، ئەمەش بە ڕوونی لە نووسراوەکەدا دیارە. بۆیە ئەو وریاکردنەوهیەیان ئاڕاستەکرا. خۆ ئەگەر شارەوانی خۆیان کارەکانیان بە ڕێکوپێکی بووایە و دۆسیەی موڵکەکانیان

سەرەتاکان و بەڵگەکانیان بە ڕێکوپێکی هەڵ بگرتایە، ئەڵبەت ئەو حاڵەتە ڕووی نەئەدا، واتە کاتێ دیوان فەرمانبەرانی خۆی وریاکردۆتەوە لە بنەماوە لە سەر ناڕێکوپێکی کارەکانی شارەوانی بووە، شارەوانی خۆی کرێی لە کرێگرتەکانی وەرگرتووەو بەڵگەی وەرگرتنەکانی نەخستۆتە ناو دۆسیەی موڵکەکانەوە، کەچی کە دیوان لەسەر ئەم حاڵەتە فەرمانبەرانی خۆی وریا دەکاتەوە کە دەبوو بە تەنها إکتفاء بە دۆسیەکان نەکەن مادام وا بە ناڕێکوپێکی هەڵگیراوە، شارەوانی سلێمانی ئەم حاڵەتە دەکاتە قمیصی عوسمان و دەیکاتە بەری لادانەکانی و سەرپێچیەکانی و اختلاسی ناو شارەوانی؟! کە زۆر زۆر جێی سەرنجە!! هەر بۆیە دوای گەیشتنی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر ڕۆشنایی دوو ڕاپۆرتەکە، دەرکەوت کە ئەو دۆسیانە زۆر کەموکوڕییان تیادایە، لەسەر ئەو بنەمایەش بوو کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی تایبەتی سەرۆک بە نووسراویان ژمارە نهێنی (٣٧) لە (٢٠٠٥/٥/١١)دا ئاگاداری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری نووسینگەی وەزیری کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە :

١. گۆڕینی سەرجەم ستافی بە کرێدان بە بەڕێوەبەر و سەرجەم کارمەندەکانی و دانانی کەسانی شارەزا و فەرمانبەری یاسایی لەو بەشەدا.

٢. دانانی دوو فەرمانبەری یاسایی لە بەشی زەویوزار.

٣. دانانی لیژنەیەکی پسپۆڕ بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی فایلی موڵکەکان لە بەشی موڵکەکان و بەشی بەکرێدان و بەشی زەویوزار.

بڕوانن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕاسپاردە دەدات بە شارەوانی سلێمانی لە ڕێی وەزارەتەوە تا فایلی ئەو بەشانە ڕێکبخەنەوە!! جارێکی تر دەڵێین لەسەر داواکاری ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی.

دوای ئەم سەرەتایە دێینە سەر پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەکان لەسەر هەندێ لەو چەواشەکاریانەی لە دیمانەکەدا کرا .

١/ لە کاتی ڕەخنەگرتن لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کە لە فرۆشتنی زەویدا یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی(١٩٨٦) پەیڕەو نەکراوە وەک پێویست، ئاماژە درا کە دوو زەوی بەهەشتی شار لە فرۆشتنیدا ڕەچاوی یاساکە نەکراوە، لەلایەن بەڕێز سەرۆکایەتی شارەوانییەوە ئەم ڕەخنەیە ڕەتکرایەوە و ڕاگەیەنرا کە ئەوە بە (قراری رئیس وزراء بووە) و بڕیاری پێ دەرچووەو دراوە بە دوو کەس، گوایە هەریەکەیان دوو برای شەهیدە !! ئەمانەوێت ڕای بگەیەنین کە ئەم وەڵامە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە بەم بەڵگانەی لای خوارەوە:

١/١ زەویەکانی بەهەشتی شار بۆ فرۆشتنە نەک بۆ تەرخانکردن، هەروەک لە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٧٩/١/١) لە(٢٠٠٣/١/٢٤) ئاماژەی بۆ کراوە؟ ئیتر چۆن ئەنجومەنی وەزیران تەرخانی کرد، داواکارین لە بەڕێز سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئەو قرارەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە باسی لێوە دەکات، پیشانمان بدات، ئەگەر بوونی هەیە؟ (کە دڵنیاین بوونی نییە)!!

٢/١ تأکید دەکەینەوە ئەو دوو زەویە بە پێچەوانەی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) فرۆشراوە (ئەگەر واش لێک بدرێتەوە کە لە بەرژەوەندی شارەوانیدایە). بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ڕاستییە، بڕگەیەک لە کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە لە کۆنووسەکەیاندا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەت تۆماریان کردووە، تۆمار دەکەینەوە.

٣- (فرۆشتنی هەردوو پارچە زەوی ژمارە (___) و ژمارە (___) کەرتی (___) بەهەشتی شار: ئەم دوو پارچە زەویە نەخەمڵێنراوە و فرۆشراوە بە پێچەوانەی مادەی(٧) لە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی /١٩٨٦).

٣/١ بە هەمان شێوە لە یاداشتێکی بەشی زەویوزاردا بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت ڕایگەیاندووە کە ئەو دوو زەویە خەملاندنی بۆ نەکراوە (ئەم وەلامەش پارێزراوە لامان).

٤/١ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (٣٧) لە (٢٠٠٥/١/١١) لە بڕگەی (٥)دا داوای هەڵوەشاندنەوەی مامەڵەی فرۆشتنی هەردوو پارچە زەوی ئاماژەبۆکراوی کردووە، لەبەرئەوەی بەبێ خەملاندن فرۆشراوە، ئیتر چۆن ئەڵێن بە قراری رئیس وزراء دراوە؟!

بڕوانن ڕاستییەکان چۆنن و چۆنیش چەواشەکران لە دیمانەکەدا !!

٤- لە کاتی ووتوێژ لەسەر بەکرێدانی گەراجی بارهەڵگری سلێمانی ڕەخنە گیرا لەسەر ئەو بەکرێدانە کە عەقدی بۆ نەکراوە، لەلایەن بەڕێزانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ڕەتکرایەوە کە گوایە عەقد هەبووە دوایی بۆیان نێردراوە (واتە نێردراوە بۆ چاودێریی دارایی).. وا نیشاندرا کە دەستەکە عەقدەکەی نەدیووە. دەربارەی ئەم بابەتەش ئەمانەوێت ئاماژە بدەین بەم خاڵانە:

١/٤ ئەو بەکرێدانە لەلایەن وەزارەتی شارەوانیشەوە هەر سەرنج لە سەری هەبووە کە بە پێی یاسای(٣٢)ی ساڵی(١٩٨٦)بەکرێ نەدراوە و هەر بۆیە گرێبەستەکەی پەسەند نەکراوە و بە نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/ بەڕێوەبەرایەتی

گشتی شارەوانییەكان ژمارە (٧٣٥) لە (٢٠٠٤/٤/٢٤)گەڕێنراوەتەوە بۆ سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی.

٢/٤ عەقدی بەكرێدانی گەراجی ناوبراو لە بەرواری (٢٠٠٤/٤/١٨) ئیمزاكراوە (كە وێنەكەی هاوپێچە) بە پێی مۆری سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی (بەكرێدان)، كە بەرواری (٢٠٠٤/٤/١٨)ی لەسەرە. ئەم بەروارە ئەكاتە بەرواری دوای گەڕانەوەی دەستەی چاودێریی دارایی ناوبراو، كە ڕۆژی (٢٠٠٤/٣/٢٨) كۆتایی بە كارەكانیان هاتووە. ئەمانەوێت بە بەڕێزانی سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی ڕابگەیەنین، ئایا دەستەكە چۆن ئەو عەقدە ببینێ لە كاتێكدا تا كاتی كۆتاییهاتنی كارەكانیان هەر عەقدەكە نەكراوە و وجودی نەبووە؟! سەرباری ئەوەی ماوەی عەقدەكە لە (٢٠٠٣/١١/٢٢) دەست پێ ئەكات. سەرنج بدەن بەرواری دەستپێكردنی عەقد (٢٠٠٣/١١/٢٢)، بەڵام عەقد ئیمزكردن لە (٢٠٠٤/٤/١٨)دا ئەنجام دراوە!! واتە نزیكەی (٥)مانگ (جیاوازی).

٥- لە دیمانەكەدا باس لە كاری پرۆژەیەک كرا كە پرۆژەی گەراجی بەغداد بوو و تیایدا باس لە بنەپایەكانی كرا، كە گوایە (١٣٥) دانەیان فاشلە، بەڕێز سەرۆكی شارەوانی و جێگری سەرۆكی شارەوانی بۆ كاروباری هونەری ڕایانگەیاند، كە گوایە ئەو بنەپایانە هیچ كاریگەرییان نییە و ئەو پارانەمان لێ بڕیووە و بۆمان سەرف نەكردوە! . (گوایە بۆ كۆمپانیاكەیان سەرف نەكردوە). ئەمانەوێت دەربارەی ئەم خاڵەش ڕایبگەیەنین، كە ئەمەش چەواشەكردنێكی تری ڕاستییەكان بوو! نەخێر وانییە، بەڵكو بنەپایەكان كە ژمارەیان (١٣٨) بنەپایە فاشلە (نەک١٣٥) پارەكەشیان سەرفكرا بوو بە مستند صرفی سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی ژمارە (٢٨٥٩) لە (٢٠٠٣/١٠/١٤) (كە وێنەكەی هاوپێچە) و بە چەكی ژمارە (٥٢٢٠٣٧) لە (٢٠٠٤/١٠/١٤)پارەكەی خەرجكراوە بۆ كۆمپانیاكە بە بڕی (٦٩٠٣٤) دۆلار، كە تیایدا لە فۆرمی پێشینەكەدا پارەی بنەپایەكان لە بڕگەی ٢ب دا هاتووەو بڕەكەی(٢٧٣٧,٥٠) دۆلار بووە!! (بڕوانە خشتەكەی لای خوارەوە)

ئەمە ڕاستییەكەیە و دوای دەركەوتن و تۆماركردنی لەلایەن لیژنەی لێكۆڵینەوەی تایبەتەوە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دیاریكراوە!! دوای ئەوە لێكۆڵینەوەی تێدا كرا نەک خۆیان بڕیبێتیان!! تۆ بڵێی ئێستا بەڕێزانی سەرۆكایەتی شارەوانی بڵێن چی؟ ئەزانن چی ئەڵێن؟ ئەڵێن ئەوە لە دواییدا لە زەرعەی كۆتاییدا لێی ئەبڕین!! باشە كە فاشلە بۆچی بۆی سەرف دەكەن و دەیبڕن؟ ئێستا دەركەوت بەپێی بەڵگەكان كە پارەی بنەپایەكانیان سەرف كردوە لە كاتی خۆیدا، نەک وەک بەڕێزانی سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی ڕایانگەیاند!! خۆ ئەگەر لیژنەی لێكۆڵینەوەی تایبەت بە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی

وەزیران ئەم لادانەی دیاری نەکردایە ڕەنگە وەریبگرتایە و کەسیش لێی نەپرسیایەتەوە!!

**بڕگەی ٢ب وەک خۆی**

| بڕگەکە | | | نرخ | | کۆی نرخ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بڕ | یەکە | سنت | دۆلار | سنت | دۆلار |
| هەلسان بە دابینکردنی ئامێر و کەرەسەی پێویست (جگە لە چیمەنتۆ و شیش ) بۆ تێکردن و دروستکردنی بناغەی عمودەکان بۆ کۆنکریتی شیش و دار بە ڕێژەی 4:2:1 وە بە ڕێژەی پانی 1.15 * 1.15 و ئەستوری 30سم، نرخی بڕگەکە دانانی نایلۆنی ئەستور بۆ تەنیشتەکانی و هەروەها بەستنی شیش تیرەی 12ملم هەر 15سم بە دووبارەی دەکرێتەوە. | 54.75 | 3م | | 50 | | 2737.50 |

٦- لە دیمانەکەدا لەلایەن بەڕێزانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانییەوە ئاماژە بە لاوازی و نەشارەزایی دەستەکانی چاودێریی دارایی درا گوایە لاواز و نەشارەزان!! ئەمانەوێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین:

١/٦ ئەگەر دەستەکانی چاودێریی دارایی لاواز و نەشارەزان، بۆچی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لە چەندین نووسراویاندا ئاماژەیان داوە، کە هەر شەش مانگ جارێک دەستەکان بنێرین بۆ شارەوانی بۆ کاری چاودێریی دارایی، تاوەکو چاکتر سوود لە تێبینی و پێشنیارەکانیان وەربگرن، هەر وەک لە نووسراوی ژمارە(١٣٩٠١) لە (٢٠٠٣/٧/٢١)دا هاتووە، تاوەکو «هەرچی تێبینی و بۆچوون و پێشنیار و ڕەخنەیەکیان هەیە ئاگادارمان بکەن تا چاکتر سودیان لێ وەربگرین»، هەروەها هەروەک لە نووسراویاندا ژمارە (٥٩٧٥) لە (٢٠٠٣/٤/١٤)دا ئاماژەیان پێ داوە و تیایدا هاتووە، کە «وەک ئاشکرایە دەستەکانی دیوانی چاودێریی دارایی هەمیشە ڕۆڵی باشیان لەم بوارانەدا بینیوە لە ڕێنماییکردن و پێشنیارکردنیان سەبارەت بە هەڵەکان، کە بەلامانەوە جێی سوپاس و پێزانینە»، تکایە سەرنجی ئەم دەستەواژانە بدەن بە وردی:

- ئاشکرایە هەمیشە ڕۆڵی باشیان لەم بوارانەدا بینیوە.
- لە ڕێنماییکردنیان و پێشنیارکردنیان سەبارەت بە هەڵەکان.
- کە بەلامانەوە جێگەی سوپاس و پێزانینە.

دیارە لای شارەوانی (بانێکە و دوو هەوا ) دەنا ئەو دەستانە هەر ئەو دەستانەن، کە پێشتریش ئاوا بە چاک وەسفکراون و لە دوایشدا بە لاواز وەسف دەکرێن! جگە لەوەش بەدگومانی لەسەرجەم ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دروست دەکەن؟!

٢/٦ ئەگەر دەستەکەی چاودێریی دارایی بێهێز و لاواز و نەشارەزان، وەک لە وتەی بەڕێزانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیدا هات، بۆچی بەڕێزیان ئاماژە دەدەن بە سەرنج و تێبینییەکانیان و سەرنجەکانیان تەعمیم دەکەن بەسەر بەشەکانی شارەوانیدا!! بەڵێ هەموو بەشەکانی شارەوانیدا کە پەیڕەوی ئەو سەرنج و تێبینیانە بکەن! هەروەک لە نووسراوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ژمارە(١٨٥١١) لە (٢٠٠٢/٨/١٦)دا هاتووە و بە ئیمزای بەڕێز سەرۆکی شارەوانی! ئایا ئەکرێت دەستەیەک بێهێز و لاواز بێت، بەلام ئاماژە بە سەرنج و تێبینییەکانی بدرێت و تەعمیم بکرێت کە پەیڕەو بکرێت! باشە ئەگەر دەستەکە بەهێز بوایە، بە پێوانەکەی بەڕێز سەرۆکایەتی شارەوانی، ئایا ئەو کات چیتر ئەکرا لەسەر سەرنجو تێبینییەکانیان!

٣/٦ ئەمانەوێت ئاماژە بەوە بدەین هەر سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی.. بە ئیمزای بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی دوای ئاماژەدان بە هەردوو ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی (٢٠٥) لە (٢٠٠٤/٧/٣) و (٢٠٨) لە (٢٠٠٤/٧/٥) سزای (٢٢) فەرمانبەری خۆی داوە، بەڵێ ٢٢ فەرمانبەر لە پلەی جیاواز (بەڕێوەبەر، ئەندازیار، لێپرسراوی بەش.... پلەی وەزیفی جیاواز بە سزای (توبیخ )، (إنذار)، (لفت النظر).

ئەگەر دەستەی چاودێرییەکەی، کە بەڕێزیان بە (نەشارەزایان دانە قەڵەم) سەرپێچی و لادانەکانیان دیاری نەکردبن، چۆن بەڕێز سەرۆکی شارەوانی پاڵپشت بەو دوو ڕاپۆرتە (٢٢) لە فەرمانبەرانی شارەوانی سزادان!!

٤/٦ ئەگەر دەستەکانی چاودێریی دارایی بێهێز و نەشارەزان بۆچی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو ڕاپۆرتە فەرمانی کارگێڕی بە ژمارە (١٩٥٤٩) لە ٢٠٠٤/٨/٣٠ دەردەکات دوای گەیشتنی ئەو دوو ڕاپۆرتە وە بە ئیمزای بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لەسەر شێوازی کار و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکان، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکە دەستەی چاودێرییەکە کەموکوڕیو ناتەواوی و لادان و سەرپێچی زۆری لە کارەکانی شارەوانیدا دەرخستووە و شارەوانی ناچار بووە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو ڕاپۆرتە (فەرمان) (أمر) دەربکات و وێنە بدات بە (کارگێڕی و سەرجەم لق و بەشەکان).. داوایان لێ بکات کە «ئاگادارتان

دەکەینەوە کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە بن و بە وردی جێبەجێیان بکەن بە پێچەوانەوە لێپرسراوی بەش و فەرمانبەری بەرپرس توشی سزای یاسایی دەبێت»!!

ئەمە هەر ئەو دەستە نەشارەزا و لاوازانەن (کە وەک بەڕێزیان لە قەڵەمیان دان) کە ئاوا پەیڕەوی ڕێنمایی و سەرنجەکانیان دەکرێت!

(٥/٦) جارێکیتر بە دوو نوسراوی شارەوانی (٢٥٤٣٥)لە (٢٠٠٥/١١/١٦) و (٢٥٦١٧) لە (٢٠٠٥/١١/١١) ئاماژە دراوەتەوە بە سەرنج و تێبینییەکانی دەستەی چاودێریی و ئاگاداری بەشە پەیوەندیدارەکان کراوەتەوە کە سەرنج و تێبینی یەکانی دەستەی چاودێریی پەیڕەو بکرێ . ئەمانەوێت ئەوە ڕابگەیەنین کە ئەگەر سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی قەناعەتی خۆی بەوە نەبوایە کە دەستەکە ڕێژەیەکی زۆری کەم و کوڕی و لادان و سەرپێچی و اختلاسی سەرۆکایەتی شارەوانی دیاری کردووە (ئەگەر هەندێ سەرنجیش وەک پێویست نەبوبێ) چۆن سەرنجەکانی (تعمیم) دەکرد بەسەر بەشەکانی شارەوانیدا و (أمر)ی لەبەر ڕۆشنایی سەرنجەکانی ڕاپۆرتەکە دەردەکرد و نوسخەشی دەدا بە نوسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوسینگەی بەڕێز وەزیری شارەوانی)؟

ئەی ئەو کات بۆ ڕایان نەگەیاند دەستەکە لاواز و نەشارەزایە !!کە ئەمە جێی پرسیارە.ئەو بابەتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا نیشانەن بۆ ئاستی ناڕاستی و چەواشەکاری و ئەو قسانەی کە لە دیمانەکەدا ئاماژەیان پێ درا کە نامانەوێت لەوە زیاتر بچینە ووردەکاریەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیەش ئەخەینە بەردەم ڕای گشتی تاوەکو لە حاڵەتەکان وەک خۆی تێ بگەن بەدەر لە زیادکردن و گۆڕینی ڕاستییەکان بەڵکو بە پێی بەڵگەکان کە خرانە ڕوو، چونکە گەر قسە کردن لەسەر کاروباری ڕەسمی و تۆمارکراو بەپێی بەڵگەنامە ڕەسمیەکان وەها بکرێت و ئاوا چەواشەکاری تیادا بکرێت ئەی ئەبێ ئەو کارانەی ڕەسمی نین و بە بەڵگە تۆمار نەکراون قسەیان چۆن لە سەر بکرێت کە گومان لە سەر ڕاستی زۆرینەی ئەو بابەتانە دروست ئەکات کە لە دیمانەکەدا باسی لێوە کراوە.

**ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**

**٢٠٠٦ /٦/١٥**

## بـۆ بەڕێز/ بەرنامەی چاوی سێیەم لە تەلەفزیۆنی کوردسات
## بابەت / جەختکردنەوە

ئاشکرایە کاتێ میدیا دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، کە لایەنگری هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت نەبێ، ڕاستییەکان وەک خۆی بخاتە ڕوو.. هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە گشتیەکان و سارێژکردنی برینەکان بدات.. بە بوێرییەوە پەردە لە ڕووی گەندەڵکاران هەڵماڵێ و پێداگریێ لەسەر سەروەری یاسا و پێویستی پاکسازی و چاکسازی بکات. دیارە ئەوانەش بە میدیاکارانی بە توانا و لێهاتوو ئەکرێ، بە جۆرێک کە ئەوەندە هوشیار بن، چەواشەکاری و چاوبەست و فرت و فێڵی گەندەڵکاران و سەرپێچیکەرانی یاسا بەسەریاندا تێپەڕنەکات. ئەگینا چاوی سێیەم دوو چاوە ساغەکە و متمانەی جەماوەریش لەدەست دەدات!

بەداخەوە، ئێمە وەک دیوانی چاودێریی، ئەو هوشیارییەمان لە بەرنامەکەتاندا، وەک پێویست بەدی نەکرد، لەکاتێکدا نوWسینەکان و ڕاپۆرتەکانمان باشترین کەرەستە بوون بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆتان چاکتر بگێڕن، ئەوەش سروشتیە، چونکە لە ڕاستیدا ئەبێت هەوڵەکانی دیوانێکی چاودێریی بێلایەن و دەسەڵاتێکی چوارەمی ڕاستەقینە، لە ئەنجامدا لە یەک هێڵدا یەکبگرنەوە، لەبەرئەوەی یەک ئەرک و یەک ئامانج لە یەک بواردا کۆیان دەکاتەوە. ئێمە وەک دیوانی چاودێریی دارایی، ئەگەرچی کارەکانمان هێمنانە و نهێنی و دوور لە کینەی شەخصی و دوور لە بەرژەوەندی تایبەتییە و بە زۆری لەگەڵ ژمارە و وردبینی و موستەنەد و دەقە یاساییەکاندا مامەڵە دەکەین، بەڵام ئەو بەرنامەیەی ئێوە لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بە هۆی ئەوەوە ژمارەیەک دید و بۆچوونی چەواشەکارانەی تێدا هات، ناچاری کردین هەندێ لە ڕاپۆرتەکانمان بخەینە ڕوو. ئەوە بوو بە نوسراوێک سەرنجی بەرنامەکەتانمان ڕاکێشا بۆ ئەو چەواشەکاریانە و داوامانکرد نووێنەرمان لە ئەڵقەیەکی بەرنامەکەتاندا بیخوێنێتەوە، بەڵام ڕێگەی ئەوەتان نەدا!! هۆی ئەوەش لای ئێمە شاردراوە نییە! بەو ڕێگە نەدانەی ئێوەش، بینەرانی بەرنامەکە، بە چەواشەکراوی دەهێڵێتەوە لە ئاستی ڕاستییەکاندا. بۆیە ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین لایەنە پەیوەندیدارەکان لەوە ئاگادار بکەین، ئێستاش

هەر سوورین لەسەر ئەوەی ڕێگە بە نوێنەرمان بدرێت ڕوونکردنەوەکەمان لە بەرنامەکەتانەوە بخوێنێتەوە، بە تایبەتی ئێوە گفتی ئەوەتان داینێ کە خۆتان نووسراوەکەمان لە ئەڵقەی ڕابوردتاندا بخوێننەوە، بەڵام گفتەکەشتان نەبردە سەر. ئێمەش گفتی ئەوەتان نادەینێ کە ناوەڕۆکی ئەم نووسراوەمان لە کات و شوێنی خۆیدا ئەخەینە بەر دیدەی میدیاکان، چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانین .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٦/٦/٢٧**

**وێنەیەک بۆ:**

• بەڕێز تەلەفزیۆنی کوردسات – بۆ هەمان مەبەست. ئەوەش ڕادەگەیەنین کە لە کاتێکدا، چەند جارێک ، بەرنامەی چاوی سێیەمەکەتان پێشاندایەوە، بەو هەموو چەواشەکارییانەیەوە، بەڵام ڕوونکردنەوەکەی دیوانمان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/١٥)دا، کە نوێنەرتان تیا ئامادە بوو، وەک پێویست بڵاوتان نەکردەوە – لەگەڵ ڕێزماندا .

## بـۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ئازیز
## بابەت / گلەیی

ئاشکرایە کاتێ میدیا دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، کە لایەنگری هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت نەبێ، ڕاستییەکان وەک خۆی بخاتە ڕوو.. هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە گشتیەکان و سارێژکردنی برینەکان بدات.. بە بوێرییەوە پەردە لە ڕووی گەندەڵکاران هەڵماڵێ و پێداگرێ لەسەر سەروەری یاسا و پێویستی پاکسازی و چاکسازی بکات. دیارە ئەوانەش بە میدیاکارانی بە توانا و لێهاتوو ئەکرێ، بە جۆرێک کە ئەوەندە هوشیار بن، چەواشەکاری و چاوبەست و فرت و فێڵی گەندەڵکاران و سەرپێچیکەرانی یاسا ، بەسەریاندا تێپەڕنەکات. لەو ڕوانگەیەوە، بە مافی خۆمانی دەزانین، وەک دیوانی چاودێریی دارایی، گلەیی ئەوەتان لێ بکەین کە ژمارە (٣٩٩٦)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/١٦)تان، وەک پێویست ڕوونکردنەوەکانی ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/١٥)مانی بڵاونەکردەوە، لە کاتێکدا ئێوە هەمیشە لەسەر گەندەڵی دەنووسن، کەچی کە ئێمە گەندەڵیمان بە بەڵگەوە خستە ڕوو ، ئێوە بە نیوەناچڵی بڵاوتانکردەوە! نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەشی زۆری ئەو نووسینەتان تەرخان کرد بۆ ژمارەیەک وەڵامی شارەوانی هەرچەندە ئێمە وەڵامدانەوەی هەر کەس و لایەنێک بە مافێکی سروشتی خۆیان دەزانین، بەڵام ئەبوو ئەو وەڵامانە دوای ڕوونکردنەوەکەی ئێمە بوایە بە تەواوی وەک ڕۆژنامەکانی تر کردیان، نەک بە نیوە ناچڵی، کە لە ڕاستیدا ئەبێ هەوڵەکانی دیوانێکی چاودێریی بێ لایەن و دەسەڵاتێکی چوارەمی ڕاستەقینە، لە ئەنجامدا لەیەک هێڵدا یەکبگرنەوە لەبەرئەوەی یەک ئەرک و یەک ئامانج لە یەک بواردا کۆیان دەکاتەوە .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٦/٦/٢٧**

**وێنەیەک بۆ:**
بەڕێز کاک ئازاد جندیانی/ بەرپرسی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و هەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزماندا

## (ڕوونکردنەوەیەك لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێرییەوە)(٧)

بە مەبەستی تیشک خستنە سەر بڵاوکراوەی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لە (٢٠٠٦/٧/٤) و (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) لە هەمان ڕۆژدا، هەروەها ڕۆژنامەی (ئاسۆ) لە (٢٠٠٦/٧/٦).

ماوەیەک لەمەوپێش بەهۆی هەڵەیەکی گەورەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانییەوە لە بەرنامەیەکی پێشەکی دروستکراوی تەلەفزیۆنیدا کێشمەکێش و جۆرە وەڵامدانەوەیەک کەوتە نێوان سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانییەوە، بەڵام لەبەرئەوەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی بە پێی سروشتی کارەکانی دوورە لە بواری میدیاگەرییەوە، بۆیە لە بواری ڕاگەیاندندا ناکەوێتە هەڵماڵینی پەردە لەسەر هەموو گەندەڵی و لادان و سەرپێچی و دەست پیسی و بێیاسایی کردنەکانی ئەو دەزگا گرنگە و دامودەزگاکانی تری حکومەت.

ئێمە دیوانی چاودێریی دارایی حکومەتین. ئەرکمان دیاریکردنی سەرپێچی و کاری نایاسابیە لە هەموو دەزگاکاندا، ئەم دیاریکردنەش دەخرێتە بەردەست سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و فەرمانگەی پەیوەندیدار، یان لە داهاتوودا بۆ پەرلەمان، بۆ لێپێچینەوە و بەدواداچوون و وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویست یان دانی سەرپێچی کاران بە دادگا ، بۆیە پێویستە بەرپرسانی ئەو جۆرە دەزگا و فەرمانگانە ئەو ڕاستیە بزانن کە باسکردنی ئەو کارانە لە ناو خەڵکدا و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانو تەلەفزیۆن، تەنها شکاندن و کەمکردنەوەی خۆیانی تێدایە، نەک هیچ لایەکی تر، هەروەها دەربارەی نووسراوەکەی دیوان بۆ لێپرسینەوەی دەستەکە، ئەوە کاری ئاسایی دیوانە و هەر دەستەیەکی چاودێریی یان سەرۆک دەستەیەک یان هەر یەکێک لە ئەندامەکانی لە شێوازی کاری پەیڕەوکراو لە دیوان

---

(٧) ئەم ڕوونکردنەوەیە:
- لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە٣٠ لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١ دەقی ڕوونکردنەوەکە بەتەواوەتی بڵاوکراوەتەوە .
- لە ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ٢٥٨ لە ٢٠٠٦/٨/٣ دەقی ڕوونکردنەوەکە بەتەواوەتی بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٤٠٣٧ ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٣ وەک ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە.

دەرچوو، یان وەک پێویست ئیلتیزامی نەکرد پێوەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ئەبێت، لە سەروو هەموشیانەوە دواکەوتن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت، شێوازی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، ئاستی ڕاپۆرتەکە... هتد. بۆیە جگە لەو دەستەیەی سەرۆکایەتی شارەوانی باسی لێپرسینەوەکەیان ئەکات، چەند دەستەیەکی تریشمان ڕووبەڕووی لێپرسینەوە بوونەتەوە و لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/١٥)دا لە ڕووی هەموو ڕاگەیاندنەکاندا ئاماژەمان پێ دا، ئەم لێپرسینەوەیەش بەردەوامە، کە ئەم کارەش لە چوارچێوەی باشتر بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیاندایە. بۆیە ناکرێت ئەم نووسراوە بکرێتە قەمیصی عوسمانو بەم لاو لاودا بیگێڕن، تەنانەت بۆ بەرپرسانیش بۆ پەردەپۆشی سەرپێچیو لادانەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی، بۆ ئەو مەبەستەش بە هەناسەیەکی درێژەوە بەکاروباری دەزگاکاندا دەچینەوە، کە جاری وا هەیە زیاتر لە پەنجا ڕۆژ بە کارەکانی دەزگایەکدا دەچینەوە نەبادا بە ناڕەوا کەسێکی بێ هەڵە و خاوێن بەر سزا بکەوێت، لە پێناوی ساڕێژکردنی برینەکان و ئاراستەکردن بەرەو ئەنجامی باشتر، چونکە دیوانی چاودێریی ئەرکی دەرخستنی کەموکوڕییەکانی ئەوانی لەسەر شانە، لە چوارچێوەی کاری ڕەسمیدا، نەک پێچەوانەکەی، هەروەها بەکەم زانین و ڕەخنەگرتنی بێ سەروبەرو بێ بنەما لە دیوان جگە لە دەربڕینی ڕقوکینە لەبەر دیاریکردنی سەرپێچیو کەموکوڕییەکانیان هیچی تر ناگەیەنێت، ئەگینا پێشتر و بە نووسراوی ڕەسمی خۆیان شارەوانی سلێمانی سوپاس و بە هەندگرتنو پیاهەڵدانیان بۆ دیوانی چاودێریی نووسیوە (کە وێنەکەی هاوپێچە)!!. ئەگەر ئێمە جێی ڕەخنە بووین و دەستەکانی چاودێریی لاوازن، ئەو هەموو ستایشەی پێشوو چی بوو؟!. ئەگەریش دیوانی چاودێریی ئەو هەموو پیاهەڵدانەی دەوێت، ئەی بۆ لە دواییدا و کاتێک ڕاپۆرتەکانمان خستە بەردەمی خۆتان و حکومەت و وەزارەتی شارەوانی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە بوو کە سەرپێچی و لادانە یاسایەکان دەستنیشانکران و چەندین ئیجرائات و سزادان وەرگیرا، تەنانەت بەرەو ڕووکردنەوەی دادگاشی تێدا بوو، ئەمجا دوای ماوەیەکی زۆر و نەهاتنەدی مەرامێکی تایبەت و شەخسی، کە بۆ ئێمەو هەموو لایەک ئاشکرایە، لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە کەوتنە پەلەقاژە و پاکانەکردن بۆ خۆتان و ڕەخنەگرتن و تانە و تەشەر لە دەستەکانی دیوانمان ؟ هەر وەکو لە بەرنامەی چاوی سێهەمدا، کە چاوێکیش نەبوو نەک سیان! بەدگومانیان خستە سەر هەموو ڕاپۆرتەکانی تری دیوانمان لەسەر دامودەزگاکانی تری حکومەت، بە مەبەستی دروستکردنی گومان لای بەرپرسان و خەڵکان لەسەرجەم ڕاپۆرتەکانمان. بۆیە دیوانی چاودێریی دارایی لە پێگەی هەستکردن بە لێپرسراوەتیەوە، کە ئەزانێ هەموو پەردە هەڵماڵینێ خاڵێکی ڕەش و لاوازی فەرمانگەکانی وەک شارەوانی تیادا ئەچێتە سەر

لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، نایەوێت چیتر وردەکاری هەموو کارە نابەجێکانی شارەوانی باس بکات، چونکە ئەگەر بێینە سەر ئەو باسە، ئەبێت باسی سەرجەم کارمەندە سزادراوەکان، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دۆسیەکانی شارەوانیو وەرگرتنەوەی ئەو هەموو قەرزانە و جێگۆڕکێ ژمارەیەک لە کارمەندە سزا دراوەکان و دیاریکردنی زیاتر لە (١٠٠) خاڵی لادان و سەرپێچی و تەنانەت اختلاس و بەدادگادانیش بکەین، بەڵام ئێمە تا ئێستا ڕوونکردنەوەکانمان لەو (١٠٠) خاڵە تەنها لە سنووری (٤ یان ٥) خاڵدا ڕوونکردۆتەوە... خۆ ئەگەر وەڵامی ناڕاستییەکان و خۆڵکردنە چاوی بینەرانی بەرنامەکەی تەلەفزیۆن بدەینەوە، کە دوو زەوی بە خەڵکی تر فرۆشراوی تیا گۆڕا بە دوو زەوی بە شەهید بەخشراو! ئەبێت تا ماوەیەکی زۆر هەر خەریکی ئەو باسە بین...

ئاخر ئافەرین شارەوانی، یان ئاگای لە کارەکانی نییە، یان خەڵک بە گێل دەزانێ! ئەگینا کەیی و لە چ جێگایەک دەستەکانی ئێمە باسی زەوی بە شەهید بەخشراوی کردووە؟! کە وەک لە بەرنامەکەدا باسی لێ کرا، ئێمە باسی دوو زەوی تر دەکەین، کە بە بێ خەمڵاندن فرۆشرا بوو بە دوو کەس، لەبەرئەوەی بە پێچەوانەی یاسا فرۆشرا بوو! ئەنجومەنی وەزیران هەڵیوەشاندەوە بە پێی بڕیاری هاوپێچ.

ئەو دوو زەویەش کە درابوو بە کەسوکاری دوو شەهید ساڵێک و (٤) مانگو (١٣) ڕۆژ دوای کۆتاییهێنانی کاری دەستەکانی ئێمە بووە، واتە دەستەی ئێمە لە هیچ جێگە و لە هیچ ڕاپۆرتێکدا ئیشارەتێکی بەم دوو زەویە نەداوە، چونکە وردبینی لەسەر ئەنجام نەداوە، لەبەرئەوەی دەستەی چاودێریی کە چووە بۆ شارەوانی دوای تەواوبوونی کارەکانی لە (٢٠٠٤/٣/٢٨)دا گەڕاوەتەوە بۆ دیوان، بەڵام ئەو دوو زەوییەی تملیککراوە بۆ دوو کەسوکاری شەهید لە (٢٠٠٥/٨/١١) بڕیاری پێ دەرچووە.

| ژمارەی دوو زەوی کە فرۆشراوە بەبێ خەمڵاندن و لە ڕاپۆرتی چاودێرییدا باس کراوە | ژمارەی دوو زەوی کە بە بڕیار تەملیک کراوەو لە هیچ ڕاپۆرتێکی چاودێرییدا باسی لێ نەکراوە |
|---|---|
| ٢٦٤/١٥ | ١٤٥/١٢٩ |
| ٢٦٤/١٦ | ٧٦/١٢٩ |

ئەمەش ئەوپەڕی چەواشەکارییە، کە دیوانمان ئاماژەی بۆ ئەکات، ئەمانەو چەندین وردەکاری تریش، کە پێشتر بڵاومان کردەوە لەسەر گرێبەستی بەکرێدانی گەراجی بارهەڵگری سلێمانی و بنەپایەکانی گەراجی بەغداد، بۆ ئەمەش ئەمانەوێت ڕاپبگەیەنین، کە کارێک لە ڕووی ئەندازیارییەوە ڕەفز بکرێت، ئەشێت ئەو کارە وەربگیرێت بە بیانوی وەرگرتنی تعهد لە کۆمپانیاکە تا ماوەی دە ساڵ؟! لە کاتێکدا ئەو سەقفی گەراجە بە بەردەوامی ژمارەی زۆری سەیارە و هاوڵاتیانی لەژێردا دەوەستێت!! بۆ ئەمەش خوێنەران و ئەندازیاران ئەکەین بە حەکەم بۆ وەڵامی شارەوانی تا خۆیان و مێژووی داهاتوو حوکم بدات!! ئەم قسە بێ سەروبەرو هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی بایەخی دیوانی چاودێریی دارایی لەلایەن شارەوانییەوە، وایکرد کە لەملاو لەولاو لە سایتی ئینتەرنێتدا داوا بکرێت پەردە لەسەر گەندەڵی خەڵک و لایەنو دەزگای تریش هەڵماڵین، بەڵام ئێمە وەک دیوانی چاودێریی ئەوەی هەمانە لە ڕێگای ئسولیو یاسایی خۆیەوە ئەیدەین بە لایەنی بەرپرس، ئەوەندەش دەڵێین کە ئێمە وەک دیوانی چاودێریی بۆ خۆ جوانکردن لەبەردەم چاوی سێهەم و چوارەمو کامێرادا بە تەماعی لێپرسراوێتی زیاتر و بوون بە وەزیر بە شانوباڵی خۆماندا هەڵنادەین و ناوی دامودەزگایەکیش ناهێنین، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسا و کاری ڕەسمیدا نەبێت. پێشمان وایە ناوهێنانی دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان چوونە بەگژ قولەیی قافا، ئەم نووسینەش تەنها ڕوونکردنەوەیەکە لەسەر چەواشەکارییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کە هەر بە کامێرای چاوی سێهەمەوە نەوەستا، بەڵکو دواتریش لە ڕۆژنامەکاندا کۆمەڵێ قسەی بێ بنەما و خۆپەڕاندنەوە لە لێپرسراوێتی سەرجەم کارە نابەجێ و نایاساییەکانی فەرمانگەکەی تیا بڵاوکردەوە!! بۆیە حەزمان کرد لە کۆتاییدا بەم چەند دێرە هەندێ ڕوونکردنەوە بخەینە بەرچاوی خەڵک و ئاماژە بدەین بە ژمارەیەک لەو ئیجرائاتانەی، کە لەسەر ڕاپۆرتەکانمان کراون و شاهیدن بۆ ڕاستییەکان :

١. سزادانی (٢٢) فەرمانبەر لە شارەوانی لەلایەن خودی سەرۆکی شارەوانییەوە بە چەندین سزای جیاواز (لفت النظر ـ انذار ، توبیخ) لەسەر سەرنج و تێبینییەکانی ناو ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە بە لاواز درانە قەڵەم؟؟!!

٢. سزادانی (١٧) فەرمانبەر لە شارەوانی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە چەندین سزای جیاواز (لفت النظر- انذار- توبیخ) لەسەر هەمان تێبینییەکانی ناو ئەو دوو ڕاپۆرتەی، کە سەرۆکی شارەوانی بە لاوازی لەقەڵەمدان؟؟!!

٣. گۆڕینی سەرجەم فەرمانبەرانی بەشی بەکرێدان و دانانی فەرمانبەری تر بۆ بەشی زەویوزار، هەر بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمیش

لەسەر سەرنج و تێبینییەکانی ناو ئەو دوو ڕاپۆرتەی، کە شارەوانی بە لاواز لەقەڵەمی دان؟؟!!

٤. وەرگرتنەوەی بڕێکی زۆر زۆر پارەی قەرزی موڵکەکانی شارەوانی، کە وەرنەگیرابوون و دوای ئەنجامدانی کاری چاودێریی دارایی و گەڕانەوەی ئەو دەستەیەی بە لاواز سەرۆکی شارەوانی لەقەڵەمی دان!! وەرگیراونەتەوە کە ڕێژەیەکی زۆری ئەو کرێیانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٠ ، ٢٠٠١ ، ٢٠٠٢ ، ٢٠٠٣) ، تەنانەت ساڵی (١٩٩٨)یش، کە لە کاتی خۆیدا وەرنەگیرابوون و کاری دەستەکە هۆکار بووە بۆ هاندانیان بۆ بەدواداچوون و وەرگرتنەوەیان، هەندێکیان فائدەی تأخیریشیان لێ وەرگیراوە لەسەر دواکەوتنیان، کە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دینار ئەبێ، بەپێی ئەو لیستانەی بەشی داهاتی شارەوانی ئامادەی کردووە و ئاڕاستەی سەرۆکی دەستەکەی دیوانمانی کردووە، دوای گەڕانەوەیان تاوەکو بزانرێت شارەوانی کاریکردووە بۆ وەرگرتنەوەیان. (لیستەکان پارێزراون لامان) .

٥. بڕێک پارەی قەرزی موڵکەکان، کە ئەویش لەلایەن ئەو دەستەیەی دیوانمان، کە سەرۆکی شارەوانی بە لاوازی لەقەڵەم دان!! وەرگیرانەوە، کە لە ڕاپۆرتی دەستەکەماندا داوای وەرگرتنەوەیان کردبوو!! .

٦. وەرگرتنەوەی چەندین مووچەی بەزیاد یان بەهەڵە سەرفکراو، بەپێی داوای ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی!!.

٧. دانی دوو کێشە بە دادگا لەسەر داوای دەستەی چاودێریی دارایی و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران!.

ئەمانەویێت ئەوە ڕابگەیەنین، کە ئەو سزایانەی دراون و ئەو ئیجرائاتانەی کراون و ئەو پارانەی وەرگیراونەتەوە لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە بە ئاستێکن، کە لە کەم فەرمانگەی حکومیدا هێندە ئیجرائات لەسەر ڕاپۆرت کرابێت؟!، کە ژمارەیان (٤٣٥) وەزارەت و دامودەزگا و (٢٨٥)ڕێکخراوو کۆمەڵەن، کە (١٧٨٠) ڕاپۆرتمان لەسەریان بەرزکردونەتەوە. ئێستا پرسیار دەکەین کە ڕاپۆرتێک بەو ئاستە ئیجرائات لەسەری کرابێت، ئایا دەبێت بەو ئاست و تێڕوانینە سەیر بکرێت کە شارەوانی لە ڕاگەیاندندا باسی دەکات؟! گوایە بێ بەڵگە و بێ زانیارییە؟! ئەم هەڵسەنگاندنەش بۆ خوێنەری هۆشیاری گەلەکەمان بەجێدێڵین ...

لەگەڵ ڕێزماندا بۆ بەڕێزانی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی کە کارەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا جێبەجێی کردووە، ئەڵێین جێگای داخمانە کە شارەوانییەکی ئاوا دێرین و ڕەسەن بەم شێوەیە بخرێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، لە کاتێکدا ئێمەی دیوان دەستپێشخەر نەبووین لەم سیناریۆیەی بەرنامەی

چاوی سێهەم!. هەربۆیە پێویستە شارەوانی زۆر پەشیمان بێت لەو ڕۆژەی کە فیکری لە سازدانی ئەو بەرنامەی چاوی سێهەمە کردەوە!! بۆ زانیاری سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی دوا ڕاپۆرتمان لەسەر شارەوانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی شارەوانی لە مانگی ٢٠٠٦/٧دا چەندین سەرپێچی و لادانی یاسایی تێدا دیاریکرابوو کە کەم نین! ئەی بۆ ئەمەیان ئەبێ وەڵام چی بێت؟! کە هەر هەمان سەرۆک دەستەی پێشو بوو و بە لاواز بەڕێز سەرۆکی شارەوانی لەقەڵەمیدان ؟!

لە کۆتاییدا ئەمانەوێت ڕاببگەیەنین، کە دیوانمان هەمیشە جێی متمانەی بەڕێزان جەنابی مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و حکومەتی هەرێم بووە و بۆ چەندین مەسەلە و بابەت و بڕیاری هەستیار و گرنگ ڕا و سەرنج و بۆچوونی سەرۆکایەتی دیوانمانیان بەهەند وەرگرتووە و هەردەم ڕاپۆرتەکانی دیوانمان جێگای باوەڕ و متمانەیان بوون. جێی خۆیەتی بپرسین، ئایا ئەو هەموو متمانانە هەروا بە خۆرایی بوون؟! هەروەها جێی خۆیەتی بپرسین ئایا جێی سەرنج و سەیر و سەمەرە نییە کە سەرۆکایەتی شارەوانی بیەوێت بە خۆڕایی ئەو متمانەیە کەم بکاتەوە، لە ڕێگای گومان خستنە سەر ڕاپۆرتەکانمان، بە تایبەتی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا؟؟!!.

لە کاتێکدا دیوانمان مانگانە دەها و سەدەها ملیۆن دینار و دەها و سەدەها هەزار دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێنێتەوە، جگە لە دەرخستنی سەرپێچی کارو گەندەڵکاران و چاکسازی و پاکسازیی بەردەوام لە دامودەزگاکاندا، هەر لەبەر ئەم کارانەیە، کە دیوانمان ئەوەندەی کات نییە خۆی بەم کێشە لاوەکییە دروست کراوەوە خەریک بکات، بۆیە بڕیارمان دا کە هەموو ڕاپۆرت و کۆنووسی لێکۆڵینەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر شارەوانی لەگەڵ هەموو ئەوەلیاتی کێشەکانی شارەوانی سلێمانی و نووسراو و بڵاوکراوەکان بنێرین بۆ جەنابی مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی بەڕێز و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم بۆ فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە بواری (یاسایی و کارگێڕی و ژمێریاری)دا بۆ لێکۆڵینەوە و کۆتاییهێنان بەم چەواشەکارییەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، هەروەها ئەمانەوێت ئەوەش ڕابگەیەنین، کە هەرچەندە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی بە کۆی دەنگ بڕیاری دا کە لە نەریتی ئاسایی خۆی دەربچێت و وەڵامی شارەوانی بداتەوە، چونکە هێرش بوو بۆ سەر دیوانمان و بەدگومانی خستە سەر ڕاپۆرتەکانمان. بۆیە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی ئەیەوێت ئەوە ڕابگەیەنێت، کە ئامادەیی خۆی نیشان ئەدات لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقی و هەستکردن بە مسؤولیتەوە، کە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرامبەر هەموو ئەو نووسراوانەی کە بڵاوکراوەتەوە لەم بارەیەوە. چونکە وەزیفە لای

زۆربەی کادرانی پێشکەوتووی سەرۆکایەتی دیوانمان خزمەتە و مێژوو، نەک ناونیشانی گەورە و موچەی بەرز و ئیمتیازات! کە خۆمان لێ پاراستووە .

**ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٣٠ / ٧ / ٢٠٠٦**

# ئیجرائاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران
## لەسەر ڕاپۆرتی دەستە بەناو شارەزاکە وەکو بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی دەڵێت

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
نوسینگەی تایبەتی سەرۆک

ژمارە: ٢٧
بەروار: ١٨/ ١/٢٠٠٥ ز
بەرامبەر ١٨/ بەفرانبار/٢٧٠٤ ک

(( نهێنی ))

بۆ/ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار- نوسینگەی وەزیر

ب/ پێشنیار

ئاماژە بە نوسراوی لیژنەی تایبەتی لێکۆڵینەوە ژمارە ١٦ لە ٢٠٠٤/١٠/٥............دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشانەی کە لە ڕاپۆرتی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢٠٥) نهێنی لە ٢٠٠٤/٧/٢ دا ئاماژەی بۆ کرابوو سەبارەت بە (موڵکایەتی و زەوی و زار و بەشی یاسا و کارگێڕی)، کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە:

١. گۆڕینی سەرجەم ستافی بەشی بە کرێدان بە بەڕێوەبەر و سەرجەم کارمەندەکانی و دانانی کەسانی شارەزا و فەرمانبەری یاسایی لەو بەشەدا.
٢. دانانی دوو فەرمانبەری یاسایی لە بەشی زەوی و زار.
٣. دانانی لیژنەیەکی پسپۆر بە مەبەستی ڕێک خستنەوەی فایلی موڵکەکان لە بەشی بەکرێدان و بەشی زەوی و زار.
٤. کاری پێویست بکرێت بۆ سەرجەم ئەو موڵکانەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کە وەك ( عرف ) ێك چەندین ساڵە بە دەست یەك کرێ گرتەوەن بە جۆرێك کە یاسایەکی گونجا و دابنرێت کە لە بەرژەوەندی شارەوانی و حکومەت دا بێت.
٥. هەڵوەشاندنەوەی مامەڵەی فرۆشتنی هەردوو پارچە زەوی ژمارە (                    گەرەکی/١ دەباشان ) لەبەرئەوەی بە بێ خەملاندن فرۆشراوە.
٦. ئاراستەکردنی سزای ( انذار ) بۆ لێپرسراوی بەشی          (
٧. گواستنەوەی (                    ) بۆ وەزارەتێکی تر، لەبەرئەوەی وەك سکرتێری                    دانی چەندین کەم و کوڕی هەبووە. وە ئاراستەکردنی سزای ( توبیخ ).
٨. گواستنەوەی (                    ) بۆ وەزارەتێکی تر، لەبەرئەوەی کاتێك ناوبراو سکرتێری لیژنەی ئاماژە پێ دراو بووە چەندین کەم و کوڕی هەبووە لە کارەکانیدا. وە ئاراستەکردنی سزای ( توبیخ ).
٩. ئاراستەکردنی سزای ( انذار ) بۆ سکرتێری

لەگەڵ ڕێزدا.

عومەر فەتاح
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وێنەیەك بۆ:

## سوپاس و پێزانینی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
## بۆ دەستەکانی چاودێریی دارایی

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
(( کارگێری ))

ژمارە / ٥٩٧٥
رۆژ / ١٤ / ٤ / ٢٠٠٣
بەرامبەر / / ٢٧٠٢

بۆ / بەرێز دیوانی چاودێری دارایی

بابەت / ناردنی دەستە

جەخت لە سەر نوسراومان ژمارە ١٤٩٢٧ لە ٢٠٠٢/٨/٢ دەکەینەوە تکایە هەر شەش مانگ جارێك بفەرمون بە ناردنی دەستەی چاودێریتان بۆ چاودێری کردنی کاروبارەکانمان لە پرۆژەکان و خەرجیەکان و چۆنیەتی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانمان کە دەبێت بە پێ یاساو ڕێنماییەکان بن . ئاشکرایە ( دەستەکانی دیوانی چاودێری دارایی ) هەمیشە رۆڵی باشیان لەم بوارانەدا بینیوە لە ڕێنمایی کرد ن و پێشنیار کردنیان سەبارەت بە هەڵکان کە بەلامانەوە جێگەی سوپاس و پێزانینە ، هەر بۆنەیەوە داوا ئەکەین هەر ڕێنمای و پێشنیارو رەخنەیەکتان هەیە لە سەر بەشە جیا جیاکانمان لە ڕێگە دەستەکەتانەوە ئاگادارمان بکەنەوە و هەر ( ٦ ) مانگ جارێك سەردانمان بکەن . لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا ٠

حاکم قادر حمە جان عزیز
سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

# تۆ بڵێی سزادانی ٢٢ کارمەندی شارەوانی
# لە لایەن خودی بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانییەوە هەر بە خۆڕایی درابێت؟

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
(( کارگێڕی ))

[redacted]

ژ/ ١/ ح/ ٩/ ٢٠٠٤
بەرواری / / ٢٠٠٤/٠

**فەرمانی کارگێڕی**

**بابەت /سزادان**

ئاماژە بە هەردوو راپۆرتی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە ٢٠٥ لە ٢٠٠٤/٧/٢ وە ٢٠٨ لە ٢٠٠٤/٧/٥ .
دوای لێکۆڵینەوە لەو سەر پێچی و کەمتەرخەمی یانەی کراوە . بڕیارماندا بە سزادانی ئەم فەرمانبەرانەی لای خوارەوە بە پێی یاسای ( انضباط موظف الدولة ) ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩١ .

١. ئەندازیار ( ) لەبەر ئەوەی مۆڵەتی بێ مووچە بووە بەڵام موچەی وەرگرتووە کە نەبڕاوە وەری نەگرتایە و هەڵەدا ئالیەتی و سەرپێچی کردووە .
پاش ئەوەی موچەکەی لێ وەرگیراوەتەوە سزای ( توبیخ ) بدرێت.

٢. فەرمانبەری بەشی ( ) مووچەی بە هەڵە خەرج کردووە کە نەبوایە خەرجی بکات . سزای (کەف ) بدرێت .

٣. فەرمانبەر ( ) موچەی فەرمانبەر ( )ی وەرگرتووە دوای ئەوەی لێ وەرگیراوەتەوە ، سزای (توبیخ ) بدرێت .

٤. فەرمانبەر ( ) لێپرسراوی لەبەر ئەوەی دووجار فەرمانی دامەزراندنی دەرکردووە سزای (کەف ) بدرێت .

٥. فەرمانبەر ( ) لە بەشی فەرمانی کارگێڕی پێ گەیشتووە بۆ خەرج نەکردنی موچە بەڵام کاری پێ نەکردووە سزای ( کەف ) بدرێت .

٦. ( ) لەبەشی موچەی یەک مانگی بە زیادە وەرگرتووە ئەو موچەی زیادەیەی لێ وەربگیرێتەوە و سزای (توبیخ ) بدرێت
لێپرسراوی ( ) بەرپرسە لە وەرگرتنەوەی بە پێچەوانەوە دەبێت خۆی دەفعی بکات .

٧. فەرمانبەر ( ) لەبەر ئەوەی کەمتەرخەمی کردووە سزای ( سەرنج راکێشانی ) بدرێت

٨. فەرمانبەر ( ) لەبەشی وردبینی لەبەر ئەوەی کارەکانی وردبینی بەباشی ئەنجام نەداوە سزای پێنج رۆژ (قطع راتب) بدرێت .

٩. ئەندازیار ( ) بەڕێوەبەری پێشو . لەبەر ئەوەی رێنمایە داراییەکان تەواو جێ بەجێ نەکردووە . سزای سەرنج راکێشانی بدرێت .

١٠. فەرمانبەر ( ) کە کارەکانی خۆی لەبەشی بەباشی رێک نەخستووە موچەکەی خەرج کردووە بۆ سێ فەرمانبەر کە مۆڵەتی بێ موچە بوون ، دوای وەرگرتنەوەی موچەکان سزای ( توبیخ ) بدرێت . لێپرسراوی پێشو بەرپرسە لە وەرگرتنەوەیان

١١. فەرمانبەر ( ) مانگی ٢٠٠٢/١٢ لە دوو شوێن موچەی بۆ کراوە ، موچە زیادەکەی لێ وەرگیراوەتەوە سزای ( توبیخ ) بدرێت .

١٢. فەرمانبەر ( ) موچەی زیادەی وەر گرتوە لێ ی وەرگیراوەتەوە سزای ( توبیخ ) بدرێت .

١٣. لێپرسراوی بەشی ( ) لەبەر ئەوەی کارەکانی موڵکایەتی لە بەشی بەکرێدان باش رێک نەخستوە سزای ( گەف ) بدرێت و بگوێزرێتەوە لەو بەشەوەبۆ بەشێکی تر .

١٤. فەرمانبەر ( ) جێگری لێپرسراوی بەشی . لەبەر ئەوەی کە سکرتێری لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان بوە کارەکانی باش ئەنجام نەداوە . سزای ( توبیخ ) بدرێت و لەو بەشەوە بگوێزرێتەوە بۆ بەشێکی تر .

١٥. فەرمانبەر ( ) لێپرسراوی بەشی پێشو لەبەر ئەوەی بەشی بەباشی رێک نەخستوە سزای ( گەف ) بدرێت

١٦. فەرمانبەر ( ) لەبەشی ، لەبەر ئەوەی کاتێک سکرتێری لیژنەی خەمڵاندنی موڵکەکانی شارەوانی بوە کارەکانی بە باشی رێک نەخستبو سزای ( گەف ) بدرێت.

١٧. فەرمانبەر ( ) لەبەشی ، لەبەر ئەوەی فایلەکانی بەشی . بەرێکوپێکی رێک نەخستوە سزای ( گەف ) بدرێت .

١٨. لێپرسراوی بەشی ( ) ، لەبەر ئەوەی قەرزی چەند کۆشکێک لە کۆوپارکی ئازادی دوا خستوە سزای ( سەرنج راکێشان ) بدرێت .

١٩. سزای سەرنج راکێشان بدرێت بە ئەندامانی لیژنەی استلام کە تێبینی خۆیان هەبوە لەسەر باخچەکانی بەڵام وەریشیان گرتوە .

هەریەك لەئەندازیاران

١.

٢.

٣.

حاکم قادر حمە جان عزیز

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

## ئەی ئەم سزایانە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆچی دراون بەفەرمانبەرانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی؟!

٥٩٠

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستانی عێراق | ژمارە ١٠٩٧ |
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | بەروار ٨/٥ ١٢/ ٢٠٠٤ ز |
| نوسینگەی تایبەتی سەرۆک | بەرامبەر ٤ ٢ سەرماوەز/٢٧٠٤ |

(( نهێنی ))

بۆ/ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

ب/ ئیجرائات

دوابە دوای نوسراومان ژمارە ٨٧٦ لە ٢٠٠٤/٩/٢٨.........وە دوای بەرزکردنەوەی راپۆرتی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢٠٨) لە ٢٠٠٤/٧/٥ کە ئاراستەتان کراوە بۆ لیژنەی تایبەتی لێکۆڵینەوە ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت چەند فەرمانبەرێک سەرپێچییان کردووە و مستحقی سزادانن لەبەرئەوە کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە ؛

١. ناردنی ئەندازیار ( ) بۆ دادگا.

٢. ئاراستەکردنی سزای سەرنج راکێشان (لفت النظر) بۆ ئەندازیار ( ) وە بۆ فەرمانبەر ( ).

٣. ئاراستە کردنی سزای ئاگادارکردنەوە (الانذار) بۆ لێپرسراوی ( ) وە بۆ فەرمانبەر ( ).

٤. ناردنی کێشەی وەرگرتنی مووچەی فەرمانبەر ( ) بۆ دادگا.

٥. ئاراستەکردنی سزای سەرنج راکێشان (لفت النظر) بۆ ( ).

٦. سزادانی لێپرسراوی بەشی ( ) و فەرمانبەری بەشی خزمەتگوزاری ( ) بە سزای سەرنج راکێشان (لفت النظر).

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
نوسینگەی تایبەتی سەرۆک

ژمارە: ١٠٩٧
بەروار: ١٥/ ١٢/ ٢٠٠٤ ز
بەرامبەر: ٤/ ٢ سەرماوەز/ ٢٧٠٤ ی

٧. ئاراستەکردنی سزای (توبیخ) بۆ فەرمانبەر ( ) وە وەرگرتنەوەی تەواوی مووچەی مانگی (١١)/ی ٢٠٠٢ فەرمانبەر ( ) لە ناوبراو وە وەرگرتنەوەی تەواوی مووچەی مانگی (١٠)ی ٢٠٠٢ فەرمانبەر ( ) لە ناوبراو.

٨. ئاراستەکردنی سزای (الانذار) بۆ سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرپرس بوون لە دابەش کردنی مووچەی بەشی بۆ مانگەکانی (٩، ١١)/٢٠٠٢ ، وە ووردبینی لستی مووچەی ئەو دوو مانگە بۆ بەشی باخچەکان.

٩. وەرگرتنەوەی تەواوی مووچەی بە زیاد خەرج کراوی کارمەند ( ) بۆ مانگەکانی (٩، ١١)/٢٠٠٢ لەو فەرمانبەرانەی مووچەی ئەو دوو مانگەیان دابەش کردووە.

١٠. وەرگرتنەوەی ڕۆژانەی ئەو (٤) کرێکارەی کە لە پرۆژەی جیاکردنەوەی ، ڕێگەکانی (بۆگەنە و ئابلاغ) ڕۆژانەیان بۆ خەرج کراوە بەڵام ئیمزایان لەسەر لستی پارەکان نەبووە لە ووردبین (ب ) و ئاراستەکردنی سزای (لفت النظر) بۆ سەرۆکی لیژنەی پرۆژەکە و ( ) و زمێرەری پرۆژە ( ).

١١. بەشێك لەو کێشانە کە لە سەرۆکایەتی شارەوانی دا ڕووی داوە ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی (نمـە) لە نێوان بەشەکاندا ، لەبەرئەوە پێشنیاردەکەین کە وەرگرتنی و ناردنی هەموو نوسراوێك و ڕستەیەك لە نێوان بەشەکاندا و لە نێوان سەرۆکی بەش و فەرمانبەرە کانیدا بە (نمـە) بێت.

لەگەڵ ڕێزدا.

عومەر فەتاح
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

## وەزارەتی داد – نوسینگەی تایبەت

### ڕوونکردنەوە و داواکاری(٨)

سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، لە ڕاگەیاندنێکدا لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی ژمارە (٣١) لە ڕۆژی( ٢٠٠٦/٨/٨)دا، دواییش لە چەند ڕۆژنامەیەکی تردا بڵاویکردۆتەوە، سەرۆکی دیوانی چاودێریی بە (موختەلس و گەندەڵ) تۆمەتبار دەکات، ئاماژە بەوەش دەدات لەلایەن شارەوانییەوە بڕیاردراوە حیجز بخرێتە سەر دوو زەوی سەرۆکی دیوان، چونکە گوایە هەردووکی بە نایاسایی وەرگیراون! بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو ئاراستەی وەزارەتی داد دەکەن تا بە بڕیارێکی یاسایی و عادلانە لێی وەربگیرێتەوە. ئێمەش دەمانەوێت سەرەتا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەم تەشهیرو بوختان و تۆمەتە ناڕەوایانە، کە سەرۆکی شارەوانی بە دیوانمانی دەکات، لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە دیوانی چاودێریی دارایی لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەو شارەوانییەدا، زیاد لە (١٠٠) سەرپێچی یاسایی و گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لەسەر (ئەو شارەوانییە) تۆمار کردووە، ئەمەش وەک ئەرکی ڕۆژانە و یاسایی و ئاسایی دیوان بووە، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی لەبەر زۆری سەرپێچی و گەندەڵی و لادانی ئەو شارەوانییە، لیژنەی تایبەتی لێکۆڵینەوە لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دانراوە و چەندین سزا و لێپرسینەوە و دران بە دادگای بەدوادا هاتووە. بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو بوختان و چەواشەکاری و درۆیانە ڕەتدەکەینەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیەش لەسەر ئەو دوو موڵکە ئاراستەی ئێوە دەکەین.

١. موڵکی یەکەمیان کە بە ژمارە (١٨٧/٢٥٠) (ئابلاغ)ە و ڕووبەرەکەی (٤٥٠)م٢

---

(٨) ئەم ڕوونکردنەوەیە:

- لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ٣٥ لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٥ دەقی ڕوونکردنەوەکە بەتەواوەتی بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ٢٧١ لە ٢٠٠٦/٩/٣ دەقی ڕوونکردنەوەکە بەتەواوەتی بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٩٣ ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٤ دەقی ڕوونکردنەوەکە بەتەواوەتی بڵاوکراوەتەوە.
- لە سایتی PUKONLINE.com دەقی ڕوونکردنەوەکە بەتەواوەتی بڵاوکراوەتەوە .

(تەنها چوارسەد و پەنجا مەتر دوجایە ) لە گردی سەرچنار لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشودا لە (جمعية كردستان التعاونية لاسكان منتسبي الدوائر الحكومية في السليمانية المحدودة) وەرگیراوە، نەک لە ڕژێم، بەرامبەر بە (٢٢,٥٠٠) دینار (تەنها بیست و دوو دینار و پێنج سەد فلسی سویسری )، واتە مەتری دوجای تەنها بە پەنجا فلس.

سەرۆکی دیوانیش وەک هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە هەرەوەزییەی زەوییەکانی گردی سەرچناریان بەسەردا دابەش کراوە، کە ژمارەیان نزیکەی (٤٠٠ تا٥٠٠) فەرمانبەر بوون، ئەو زەویەی وەرگرتووە. هەر ئەم زەویە، کە دوایی کراوە بە بینا، بەپێی گرێبەستێک لە ساڵی ٢٠٠٢ وەک بەخششێک (هبة) لەلایەن سەرۆکی دیوانەوە لەسەر وەزارەتی تەندروستی- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی تۆمار کراوە، بە پێی صورەت قیدی هاوپێچ و نووسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٢٣٠) لە (٢٠٠٢/٨/٣١)، واتە پێش چوار ساڵ کراوە بە موڵکی وەزارەتی تەندروستی، تا لە دوای نەمانی لە ژیاندا بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی بۆ سلێمانی، بە تایبەتیش بۆ دانیشتوانی گردی سەرچنار، هەروەها (داوا دەکەین) بە نووسراو داوای ناوی سەرجەم ئەو ئەندامانەی کۆمەڵەی هەرەوەزی کوردستان (جمعية كردستان التعاونية لاسكان منتسبي الدوائر الحكومية في السليمانية المحدودة) بکەن، کە کاتی خۆی زەویان بەسەردا دابەش کراوە.

٢. زەوی دووەمیان، کە بە ژمارە (٢٦٥/٢٦) ئابلاخە و ڕووبەرەکەی (٢٠٠)م٢ (تەنها دووسەد مەترە دووجایە)، یەکێکە لەو زەوییانەی لە ساڵانی نەوەدەکاندا بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر بە سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنەکانی هەر سێ شارەوانییەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی بەخشراوە، وەک پاداشتێک لەبەرامبەر خزمەتی بێ موچەیان، ئەو بەخشینەش بێ مەرج بووە- واتە ئەو ئەندامانە پێشتر سوودمەند بووبن یان نا هەر پێیان بەخشراوە، لە ڕاستیشدا زۆربەیان زەویان وەرگرتبوو، هەشیانە هاوشێوەی سەرۆکی دیوان بوون، کە هەم زەوی کۆمەڵەی هەرەوەزی و هەم زەوی ئەندامێتی شارەوانییان وەرگرتووە.

ئەم ڕاستیانەش بەر لە هەموو کەس و لایەنێک سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئەیزانێت، بەڵام بۆ خۆی لێ بێئاگا ئەکات و بەو جۆرە دەیشێوێنێ؟ ئومێد دەکەین لە لێکۆڵینەوەدا دەربکەوێت. بۆ دڵنیایی زیاتریش تکامان وایە داوا لە خودی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بکرێت تفصیلاتی ناو و بڕیار و چۆنییەتی وەرگرتنی ئەو زەویانە بدرێت بە لیژنەی لێکۆڵینەوە. لێرەدا تەنها پرسیارێک ڕووبەڕوی وەزارەتە بەڕێزەکەتان

دەكەین، كە لە ڕووی یاساییەوە، ئایا مودیری دائرەیەكی وەكو شارەوانی سلێمانی، بۆی هەیە حیجز بخاتە سەر زەوی سەرۆكی دیوان؟! لە كاتێكدا سەرۆكی دیوان نەك هەر خۆی، بەڵكو جێگر و بەڕێوەبەرە گشتییەكانیش پارێزراون، بەپێی ماددەی (١٥) لە سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ساڵی (١٩٩٩)، هەموو تعقیباتێكی یاسایی بەرامبەریان دەبێت بە ڕەزامەندی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بێت، جگە لەوەی كە سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی پلەی وەزیرە و حەصانەی وەزیفی هەیە، ئەویش هەموو تعقیباتێكی قانونی كە بەرامبەری دەكرێت دەبێت لە ڕێگای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت!!.

ئێمە وەك سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی دەربارەی ئەو بوختان و درۆ و تۆمەت و ناوزڕاندنە هەموو ڕێگایەكی یاسایی دەگرینەبەر.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**هاوپێچ/**

(١) صورەت قید.

**(جەلالی عومەری سام ئاغا)**
**سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٣١ / ٨ / ٢٠٠٦**

**وێنەیەك بۆ/**

- بەڕێز جەنابی مام جەلال:

وێرای سوپاسم بۆ بەڕێزتان، كە كاتی خۆی ئەم پۆستەتان پێ سپاردووم، هەرچەندە تكام كرد كە لەو پۆستە بمبورن و خۆم خەڵكی ترم بۆ دەستنیشانكردن‌و بۆ خۆشم داوای خانەنشینیم كرد و پێشنیاریشم كرد كە موچەی خانەنشینەكەم ببەخشم بە دەزگای شەهیدان و كەمئەندامان.

ئەم پێشنیار و دەستنیشانكردنە لە ڕێگای بەڕێز كاك د. بەرهەم سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو كاتەوە بووە، هەر ئەویش پێی ڕاگەیاندم كە جەنابتان بەندەتان لە حصەی خۆتان دانابوو لە دابەشكردنی پۆستەكاندا، فەرموو‌بووتان: (جەلال حصەی منە)، بۆیە منیش بە ناچاری.. چونكە قەرزارتان كردبووم، پابەندی فەرمانەكەتان بووم، هەروەها بۆ وەرگرتنی پۆستی بریكاری وەزارەتی داراییش.

بەڕێز جەنابی مام جەلال: دوای ئەوەی لەسەر فەرمانی جەنابتان ڕاپۆرتەكانی

دیوان بەهەند وەرگیرا، لە دانانی ئەو کەسانەی بۆ پۆستی وەزارەتەکانی حکومەتی یەکگرتوی هەرێم پالێورا بوون، لەلایەن مەکتەبی سیاسی بەرێزەوە ئاگادارکراین کە جەنابتان پشتیوانی ئێمەن لەهەر کێشەیەک کە بەرەو ڕوومان بێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو بەرێزان کاک د. بەرهەم و مامۆستا جەلال جەوهەر پشتیوانی جەنابتانیان پێ ڕاگەیاندین .

هەر دوای ئەوە بە ماوەیەک سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لە بەرنامەیەکی ڕووبەڕوو لەگەڵ گلەییەکانی خەڵک کاتێ زۆریان بۆ هێنا و لەسەر گەندەڵی و کاری نایاسایی تەنگاویان کرد هیچی بەدەستەوە نەمابوو ناچار پەلاماری دیوانی چاودێریی دا، بۆ سەرجەم لادان و سەرپێچیەکان پاساوی بەوە هێنایەوە، کە گوایە دیوانی چاودێریی لە ڕاپۆرتا هەڵەی کردووە، ئەگینا ئەوان پاک و بێگەردن، بەم جۆرە کەوتە هێرشکردن بۆ سەر دەستەکانی دیوان و بە کەمتەرخەم و خراپ و لاواز لەسەر تەلەفزیۆن ناوی بردن، بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو بەدگومانی لەسەر کادرو دەستەکانی دیوان دروستکرد بۆ هەموو ڕاپۆرت و کارەکانی چەند ساڵەمان لەسەر هەموو دامودەزگاکانی تری دەوڵەت.

ئێمە لە کاتێکدا هیچ پەیوەندی و ئاگاداریمان لەو شاڵاوی گلەییانەی جەماوەر لەسەر شارەوانی نییە، خۆمان وا دادەنێین کە ساڵانە موڵک و ماڵێکی زۆر بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەگێڕینەوە و چەندین دز و درۆزن و دەستپیس و کاری نایاسایی دەستنیشان دەکەین، مانگانە دەها و سەدەها ملیۆن دینار و دەها هەزار دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێنینەوە. بەو جۆرە و بەبێ هۆ ئەکەوینە بەر شاڵاوی ئەو سەرۆکی شارەوانییە، کە کادرێکی سەرکردایەتییە و زۆر ناشارستانیانە و بە وتەی درۆ و چەواشە ویستی دیوانمان سوک بکات. بە ڕاستی وەک سەرکردایەتی هەڵسوکەوتی نەکرد، بۆیە ناچار ئێمەش وەک ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی بڕیارمان دا ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر درۆکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی.. بە بەڵگە و دوکومێنتەوە بلاوبکەینەوە، تا درۆ و چەواشەکارییەکانی شارەوانی لای دامودەزگاکانی تری حکومەت ڕاست بکەینەوە و دەستەکانی چاودێریی دارایی هەمیشە بەسەربەرزیەوە ڕوو بکەنە دامودەزگاکان. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوونکردنەوەکاندا تەنها ئەو (٣-٤) خاڵەمان دیاری کرد بوو، کە ئەوان ئاماژەیان پێ دابوو. ئێمە پێمان وابوو ئەو بەرنامەیە و ئەو ناوزڕاندنە تەنها بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بوو لەوەی کە بەرێزتان و مەکتەبی سیاسی لە دانانی پالێوراوان بۆ پۆستەکان، ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێرییتان بە ئیعتبار وەرگرتبوو، بەلام لە ڕاپۆرتەکانماندا کە زیاتر لە

١٠٠ خاڵی لادان و سەرپێچی و ڕەوانەی دادگا کردن و جۆرەها بێ یاسایی ئەو شارەوانییەمان دیاری کردووە، ئەویش لە صەمیمی کاری وەزیفی ڕۆژانەی خۆمانە، ئەگەر وا نەکەین کەمتەرخەمین، پێشتریش هەر لەسەر ڕاپۆرتی ئێمە لیژنەی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەسەر سەرۆکایەتی شارەوانی دانرا.. ئەو لیژنەیەش چەندین سزای قورسی دیاریکرد بۆیان و چەندین کارمەندی لادا و چەندینیشی دا بە دادگا، هەمووشی بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز کاک (عومەر فەتاح) بووە.

تا ئەگەر جەنابتان بیرتان مابێت کار گەیشتە ئەوەی خەریک بوو وەک دەزگای شەهیدان لەسەر شارەوانیش لیژنە دابنرێ و ئیجرائاتی بنەڕەتی پێویست بکەن لەسەر ناوەڕۆکی ئەو دوو ڕاپۆرتەی دیوانمان لەسەر شارەوانی، کە لەسەر داوای بەڕێزتان بۆمان ناردن. بەڵام دیارە ئەو چەواشەکارییەی کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن کردی لەناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیشدا کاریگەری هەبووە، بۆیە لیژنە تایبەتەکەی لای جەنابتان دانەنرا.

بەڕێز جەنابی مام جەلال: ئەم وەڵامدانەوەیەی ئێمە بۆ چەواشەکارییەکانی شارەوانی و دەرخستنی ئەو ڕاستیانە، سەرۆکایەتی شارەوانی، کە کادری سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەڕێوەی دەبات، کێشەکەی لەوە فراوانتر کرد و لە مشتومڕی دوو دەزگاوە بە ئاقاری موهاتەرات و هێرشی شەخصی ناڕەوای برد و کەوتە گیانی سەرۆکایەتی دیوان و ناوزڕاندنی کەسەکانمان و دیوانی چاودێریی (بە قولەی حەرەسیاتیش) نازانێ (خۆی گوتەنی).

بەڕێز جەنابی مام جەلال: دیوانی چاودێریی، کە بە پشتیوانی ئێوە و (م.س) بەڕێز ئەو هەموو کارەی لەم چەند ساڵەی حکومەتدا ئەنجام داوە و هەمیشە جێی متمانەی جەنابتان بووە، ئێوە بەندەتان بە بەشی خۆتان ناو هێناوە. ئەگەر لەسەر دیاریکردنی گەندەڵی و بێ یاسایی و سەرپێچی کادرێکی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دیوانی چاودێریی دارایی (لە قولەی حەرەسیاتیش بە کەمتر بزانێت) وەکو لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویکردۆتەوە، ئێمەش حەقی خۆمانە کە داوا لە جەنابتان بکەین وەک سەرکردە و سەرکۆمار و یاساناس و پیاوێکی خاوەن ویژدان، فەرمان بدەن لیژنەیەک پێک بهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو کەموکورییەکانی ئێمەو ئەوانیش. ئێمە لەسەر ئەو ناوزڕاندنەی کە سەرۆکایەتی شارەوانی بوختانی پێ کردووین بەم نووسراوەمان کە بە ڕەسمی ئاراستەی وەزارەتی دادمان کردووە و وێنەیەکیش

دەدەین بە جەنابتان، داوای لێکۆڵینەوەی یاساییمان لە وەزارەتی داد کردووە، حەزیش دەکەین ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ جەنابتان دەستنیشان بکەین، تا لە ڕاستی و دروستی قسەکانی ئێمەش بکۆڵنەوە:

١. سەرۆکی شارەوانی لە بەرنامەکەدا دەڵێت: بۆ دروستکردنی خانوو جەنابی مام جەلال یارمەتی داوم. ئێمەش دەڵێین تکایە بپرسن هەر زەوییەکە کە ئەو کردوویەتی بە کۆشک نەک خانوو چەند مەترە دووجایە.. ئایا تەنانەت وەرگرتنەکەشی یاساییە؟!

کاتێ مساحەکەی (١٤٢١،٨٦) م٢ (تەنها هەزار و چوار سەد و بیستویەک مەتر دووجا و هەشتا و شەش سانتیمەتر دووجایە ) بە چ یاسایەک ئەم بڕە مساحەیە لەسەر کەسێک و دوان تۆمار دەکرێت؟! بە تایبەتی ئەگەر کەسی دووهەم هاوسەرەکەی خۆی بێت؟ جگە لە ڕووبەری ئەو مەتروکەیەی کە لە دواییدا خراوەتە سەری (١٠٨ م٢) (تەنها سەد و هەشت مەتر دووجا )، کە پێی دەبێتە نزیکەی (١٥٣٠) م٢ (تەنها هەزار و پێنج سەد و سی مەتر دوجا). بۆیە تکامان وایە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر هەموو سەرەتاکانی ئەو زەوییانە و چۆنییەتی توحیدکردنیان!

ئایا ئەو بڕە یارمەتییەی کە جەنابتان بۆتان ناردووە، چەند مەتر لەو کۆشکەی پێ تەواو دەکرێت؟ ئایا بە هەموو یارمەتییەکانی جەنابتان و مەکتەبی سیاسی بەڕێزو ئیدارەی گشتیی بەڕێز، کە هەمووی لە یەک سەرچاوەوە دێت، بەشێکی کەمی ئەو کۆشکە تەواو دەکات؟ جگە لەو ناوماڵەی کە لە تورکیاوە هێناویەتی بۆی؟. بۆیە ئێمە داوا دەکەین بڕی هەموو ئەو یارمەتییانەی کە وەریگرتووە لەگەڵ بڕی تێچوونی کۆشکەکە بەراورد بکرێت تا ڕاستییەکان دەربکەوێت!!

لە کاتێکا خودی زەوییەکەش بەو مساحە زۆرە لەسەر خۆی و هاوسەرەکەی بە نایاسایی تۆمارکراوە، لە کاتێکدا بنەمای یاسایی هەیە بۆ ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ هەموو لایەک، بە مەرجێک ئەبێت کەسێک کە خۆی زەوی وەرگرت ژنەکەی وەری نەگرێت و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام کاکی سەرۆکی شارەوانی بڕی (١٥٣٠) م٢ لەسەر خۆی و ژنی تۆمارکردووە بە (مەتروکەکەوە) بە قودرەتی قادر. ئەم ڕاستییەش بۆ لێکۆڵینەوەکەی جەنابتان بەجێ دەهێڵین.

٢. هەر وەک بەڕێز سەرۆکی شارەوانی لە بەرنامەکەدا ڕایگەیاند: باخێکیان هەیە کە برادەرێک بێ بەرامبەر پێی داون. حەز دەکەین لێکۆڵینەوە بکرێت ئایا ئەم باخە چۆن بەخشراوە؟ ئایا ڕاستە بێ بەرامبەرە ؟ ئایا بە سەرۆکی شارەوانی دراوە وەکو خۆی، یان بە پۆستەکەی؟

٣. ئەو لە بەرنامەکەدا دەڵێ: من تەنها ئەو باخەم هەیە، ئەی ئەو زەوییەی کە لە سەرچنار و بە بڕی دوو دۆنم و دوانزە اولک لە شەتڵگەکەی کاک جەمیل هەورامی وەریگرتوە و هەر چوار دەوری پەرژینکردووە و هەر بە ئامێری شارەوانی کارەکانی ڕایی کردووە!؟

ئێمە لە ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠٠٤) لە خاڵی (١٣)، کە ژمارەکەی (٤٥٣) لە (٢٠٠٤/١٢/٢٩) یە ئاماژەمان پێ داوە و نێرراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی بۆ لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی کاری پێویست بە پێی یاسا، کە ئەمە دەقی خاڵی (١٣) برگەی (د) ئاماژەپێکراوە «لە کاتی سەردانمان بەناو پرۆژەکەی بەڕێز (جمیل هەورامی) دا تێبینیمان کرد لە دەرەوەی سنوری ئەم (١٦،١٠) دۆنمە پارچە زەوییەک بە ڕووبەری (٢،١٢،٥٠) دۆنم دیواری بۆ کراوە و جیاکراوەتەوە بەبێ ئەنجامدانی هیچ کارێکی یاسایی و بە بێ بوونی دۆسییەیەکی تایبەت، کە دەرکەوت ئەو پارچە زەوییە تایبەتە بە بەڕێز (حاکم قادر)، بەپێی زانیارییەکان بە ئالیات و شۆفڵ و گرێدەری شارەوانی تەسویە کراوە، ماوەی نزیکەی مانگێک ئیشی تیا کردووە، کە ئەمەش پێچەوانەی برگەی (٥) ی مادده (٥) ی یاسای (إنضباط موظفی الدولة) ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١) و بە (إستغلال الوظیفة) دادەنرێت، بە پێی برگەی (٩) ی مادده (٤)ی هەمان یاسا.»

کە تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوەیە یەک ساڵ و هەشت مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، جارێکي تر لە ڕاپۆرتماندا ژمارە (٤٥) لە(٢٠٠٦/٢/٢١) تەئکیدمان لێ کردۆتەوە، بەڵام هەر بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، بۆ ئەم زەوییە دەڵێت چی و بۆ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن باسی نەکرد و کردی بەژێر لێوەوە؟ بۆیە پێمان باشە فەرمان بدەن، کە بە زوویی ئەو لێکۆڵینەوەیە بکرێت. بۆ ئاگاداری جەنابتان لە هاتنێکی بەڕێز کاک جمیل هەورامی بۆ بەدواداچونی هەندێ کاری زەوییەکەی لە دیوانماندا، تەئکیدی ئەو باخەی ناوبراوی کردەوە لای سەرۆکی دیوان.

جەنابی مام جەلال... ئێمە حەزناکەین باسی زۆر شت لێرەدا ئاشکرا بکەین، تا ناچار نەبین ناوی خەڵکی تر بخەینە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، چونکە ئەزانین (ئەم ئاردە ئاو زۆر ئەکێشێ)، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە داوا دەکەین جەنابتان فەرمان بدەن لیژنەی زۆر تایبەتی لێکۆڵینەوە دابنرێ، تا لە هەموو شتەکانی تریش بکۆڵنەوە، ئێمەش نیگەرانین لەوەی کە جەنابتان وەک کەسایەتییەکی گەورەی نێودەوڵەتی، کە کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان ئەو شهادەتان بۆ دەدات و وەک سەرکۆمارێکی بەتوانا و خاوەن ڕابوردوویەکی بەو جۆرە بەرز و شکۆدار، کەسانێک هەبن بە ناوی

یارمەتی و پشتیوانی ئێوەوە خۆڵ بکەنە چاوی خەڵک و کۆشکی گەورە دروست بکەن و بڵێن جەنابی مام جەلال یارمەتی داوین.

بەڕێز جەنابی مام جەلال:
کاتی خۆی مەکتەبی سیاسیی بەڕێز، لەسەر زاری جەنابتان و بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا، ڕووبەڕوو لەگەڵ خۆماندا پشتیوانی تەواوی خۆتانتان بۆ دەربڕیوین، ئێمە پشتیوانی چەک و حەرەسیاتمان ناوێت، هیچ جۆرە پشتیوانییەکی شەخصی و تایبەتیشمان ناوێت، بەڵکو داوا دەکەین کاتێ کادرێکی سەرکردایەتی لەناو گەندەڵی دەزگاکەی و لەناو زۆری عەیب و کەلێنەکانی خۆی، هێرشی ناڕەوا بکاتە سەرمان و ناومان بهێنێت، حەقمانە داوا بکەین سنوری بۆ دابنێن.
ئێمە پێمان وایە ئەو کادرە سەرکردایەتییەی، کە دوێنێ بە پشتیوانی جەنابتان و حیزب و جەماوەرەکەی و لەسەر داوای حیزبی شەهیدان (ی.ن.ک) و کەسوکاری شەهیدان، ئەو متمانەیەمان پێ دا و بووە سەرۆکی شارەوانی، نەدەبوو ئەو هەموو گەندەڵییەی لێ دەربکەوێ و هەموو متمانەکەی کەسوکاری شەهیدان و ئێوەش و خەڵکیش بە باخ و کۆشک بگۆڕێتەوە! دواییش هێرش بکاتە سەر ئەو دەزگایەی کە جێگای ڕێز و سوپاسی جەنابتان و دەسەڵاتی سیاسی و حکومییە.
ڕەنگە بە هۆی سەرقاڵیتان... ئێمە گلەیی لە نەپەرژانی بەڕێزتان نەکەین، بەڵام دەبوو لەم سێ مانگی مشتومڕی نێوان شارەوانی و دیواندا مەکتەبی سیاسیی بەڕێز، بە تایبەت بەڕێزان کاک نەوشیروان مستەفا و کاک عومەر فەتاح وەک سەرۆکی حکومەتی ئەوسا، بهاتنایەتە کایەکەوە. چونکە کاک نەوشیروان ڕاستەوخۆ وەک مەکتەبی سیاسی ئاگاداری کارەکانە، کاک عومەر فەتاحیش وەک سەرۆکی حکومەتی ئەوسا بە ڕەسمی هەموو ڕاپۆرتەکانی بۆ چووە، ئاگاداری سەرجەم وردەکارییەکانە، بڕیاری گۆڕانکاری و سزاکانی شارەوانی هەمووی بە ئیمزای بەڕێزیان بووە.
هەر لەو ڕوانگەیەوە کە دەترسین بەدواداچوونی بۆ نەکرێ، بۆیە وەک خاڵێکی مێژوویی بۆ دیوانمان و گەلەکەمان و خۆمان و بنەماڵەکەمان لەگەڵ داوای لێبوردنمان، لە هەموو لایەک. ئەم نامەیە بڵاودەکەینەوە، تا دوای ئەو قسانەی سەرۆکی شارەوانی، دەستەکانی دیوانمان وایان لێ نەیەت بە دوودڵییەوە سەردانی دامودەزگاکانی حکومەت بکەن. لەگەڵیشیدا داوا و تکا دەکەین بە زووترین کات/ لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ سەرجەم کارەکانی ئێمە و سەرۆکایەتی شارەوانی پێک بهێنن.

جەنابی مام جەلال:

سەبارەت بە هەردوو زەوی، کە لەم نووسراوەی بۆ وەزارەتی داد نێردراوە، وردەکاری وەرگرتنەکەی باسکراوە، پێمان خۆشە جەنابتان ئەوە بزانن:

أ. زەوی یەکەمیان، هی هەمان ئەو خانووەیە کە جەنابتان بۆ سێ جار تەشریفتان هێناوە و بینیوتانە، ئەو خانووە لە (٢٠٠٢/١٠/١٣)وە بە ناوی (وزارة الصحة/ المديرية العامة لصحة السليمانية)، بەپێی صورت قيدی هاوپێچ تۆمارکراوە کە نرخی ئێستای بە (٤٥٠ تا٥٠٠ ) هەزار دۆلار تقدير کراوە.

ب. زەوی دووهەمیشیان، لە هەمان نووسراو بۆ وەزارەتی داد باسمان کردووە، هەر وەک هەندێک لە کەسی بنەماڵەکەمان و بەرپرسی باڵای سەرۆکایەتی دیوان ئاگادارن، بە هەمان شێوەی زەوی یەکەم بۆ ئەرکێکی خێرخوازی دانراوە، کە بفرۆشرێت و پارەکەی بە ناوی دیوانەوە لە بانک دابنرێت، بۆ ئەوەی سودی ساڵانەی ئەو پارەیە بۆ ڕێزلێنان بدرێت بە فەرمانبەرانی جیاکراوە (متميز) و چەند خانمێکی سەلاری دیوانی چاودێریی. بێگومان نەمان دەویست نییەتی خێرخوازی سەبارەت بەم زەوییەش بڵاوبکەینەوە، هەروەکو چۆن نزیکەی چوار ساڵ بەخشینی خانووەکەمان بە نهێنی و دوور لە ڕاگەیاندن هێشتەوە، بەڵام تەنها بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و وەکو التزامێکی اخلاقی و مێژوویی لەسەر خۆمان دەینووسین.

ج. جەنابی مام جەلال:

ئێمە پێمان وایە کە پێویستە بەرپرس و فەرمانبەرانی دەوڵەت پاک و (نزيه) بن، بەڵام سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی دەبێ پاک و نەزیهی مطلق، عادل و نەترسی مطلق بێت. هەر بۆیەش بەهەمان ئەو بیروباوەڕە و بێ سڵکردنەوەیەوە، وردبینی دامودەزگاکانی حکومەتمان کردووە، هەر لەسەری سەرەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا بچوکترین فەرمانگە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕوو دەکەینە هەموو بەرپرسێکی حیزبی و حکومی لەسەرو هەمووشیانەوە ڕوو دەکەمە جەنابتان، ئاخۆ ڕۆژێک بە تەلەفۆن یان نامە یان ڕاسپاردە هیچ شتێکم بۆ بنەماڵە و کەسوکاری خۆم خواستبێت یان داوای پلەبەرزکردنەوە، گواستنەوەی وەزیفی، زەوی و شوقە وەرگرتنم بۆ کردبن...هتد؟ لە کاتێکدا زۆربەیان مامۆستا و فەرمانبەر و پزیشک و ئەندازیار و بەڵێندەرن و کاریان دەکەوێتە ناو فەرمانگەکانی دەوڵەت، بەڵام وەکو هەموو خەڵکێکی ئاسایی و ڕەشوڕووتی ئەم وڵاتە کاریان بەڕێوە دەچێت، کەچی دوای زیاتر لە (٤٣) ساڵی فەرمانبەری، کە ڕێبازی کارکردنمان و دورشمی وەزیفیمان هەمیشە لای ئێمە تەنها خزمەت و مێژوو بووە نەک ناونیشان و موچەی بەرز و ئیمتیازات کە زۆر خۆمان لێ پاراستووە، جێگەی

سەرسوڕمان نییە مودیری بەلەدییەک لە سلێمانی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە پێمان بڵێت (گەندەڵ و موختلس ) و گوایە بتوانێت حیجز بخاتە سەر ماڵ و موڵکمان ؟!

کەسێک گوایە حاکمە و خۆی بە یاساناس بزانێت، دەشێت ئەمە ئاستی یاساناسینەکەی بێت، کە حەق بە خۆی بدات وەک مودیری دائرەیەک حیجز (تعقیباتی قانونی) بخاتە سەر موڵک و ماڵی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، کە دووجار پارێزبەندی یاسایی هەیە!

جارێک بەپێی مادەی (١٥) لە نیزامی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە(٢١٢)ی ساڵی(١٩٩٩)، کە هیچ تعقیباتێکی قانونی نەک لەگەڵ خۆی، بەڵکو لەگەڵ جێگرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش ناکرێت، تەنها لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەبێت!!. جارێکی دیکەش سەبارەت بەوەی پلە و حەصانەی «وەزیر»ی هەیە، کە ئەویش هەر دەبێت لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت. ئایا لە هیچ شوێنێکی دونیادا ڕووی داوە سەرۆکی شارەوانییەک، کە دەزگاکەی زیاتر لە (١٠٠) سەرپێچی یاسایی و لادانی کارگێڕی و ژمێریاری... هتد هەبێت، بە جۆرێک ئەو سزایانەی دراون و ئەو ئیجرائاتانەی کراون و ئەو پارانەی بە هۆی بەدواداچوونی دەستەکانمان و لەسەر داوای ڕاپۆرتەکانی دیوانمان وەرگیرابێتەوە بە ئاستێک بن کە لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر بێت، کە کەم فەرمانگەی حکومی هەیە لە کۆی (٤٣٥) وەزارەت و دامودەزگا و (٢٨٥) ڕێکخراو و کۆمەڵە و زیاتر لە (١٧٨٥) ڕاپۆرت کە لەسەریان بەرزکراوەتەوە، هێندە ئیجرائاتی یاسایی لەسەر کرابێت و بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانبەریان سزا درابێتو ڕەوانەی دادگا کرابن، تەنانەت شعبە هەیە بە تێکڕایی گواسترابنەوە یان لابرابن؟! کەچی بە دەستەکانی چاودێریی ئەو دیوانەی ئەم هەموو گەندەڵی و سەرپێچیانەی دەستنیشان کردووە، بڵێت دەستەی لاواز و بێتوانان و بە دیوانێکی پارێزراو بە پێی یاسا بڵێت (قولەی حەرەسیاتیش نییە)؟! دڵنیاین لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئێمە داوامان کردووە لە بەڕێزتان و مەکتەبی سیاسی بەڕێز و بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم و بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت، ئاشکرا دەبێت چ سەیر و سەمەرەیەک و سەرپێچی و دزی و لادان لەو شارەوانییەدا هەیە!، ئەو کاتەش دەردەکەوێ دیوانمان قولەی حەرەسیاتە کە ئەو بە کەمی دەزانێ، یان قولەی قافە!!.

جەنابی مام جەلال:

دەمانەوێت ئەوەش بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین، کە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی تەنها دائرەیە کە لە مێژووی دیوانماندا بۆتە هۆی ئەوەی کە دەنگمان دەربڕێ و

لە نەریتی چەند ساڵەی خۆی دەربچێت و هەندێ لە کارەکانمان بکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان. چونکە کاری ئێمە نهێنییە و دوورە لە میدیاگەری و سروشتی کارەکانمان سارپێژکردنی کەموکورییەکانی جەستەی حکومەتە بە شێوەی نهێنیو ئاراستەکردنی بەرەو ئەنجامی باشتر. بۆ ئاگاداری جەنابتان هەموو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و بەڵگەنامەکانمان نێردرا بۆ مەکتەبی سیاسی بەڕێز بۆ لێکۆڵینەوە.

لە کۆتاییدا جەنابی مام، داوا لە بەڕێزتان دەکەین لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتیتان لە سەرۆکایەتی کۆمار و بەرپرسیارێتی مێژووییتان، هەیئەتێکی نەزاهەش وەکو هیئەی نەزاهەی عێراقی لە کوردستانیشدا دابمەزرێنن، تا وەک هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا بۆ پاراستنی موڵک وماڵی میللەت و حکومەت لێپرسینەوە بکات.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

• بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم:

کاتێ جەنابتان سەرۆکی حکومەت بوون، بەندە لەسەر داوا و تکلیفی جەنابتانو داوای شخصی جەنابی مام جەلالیش بە زۆری هەموو لایەکتان پۆستی بریکاری وەزارەتی داراییم قبوڵ کرد، کەس نەزانێ بەڕێزتان باش دەزانن کە من هەرگیز داواکار نەبووم هیچ پۆستێک وەربگرم- هەروەها لە دیوانی چاودێرییشدا. بۆیە ئێستا داوامان ئەوەیە کە وەک لە بەرنامەی سوێندخواردنتاندا بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بەڵێنی سەروەری یاسا و حوکمی مؤسسات و شفافیەتتان بە گەلەکەمان دا، با جێبەجێکردنی ئەو پەیمانەتان لە ئێمە و شارەوانی سلێمانییەوە بێت و چاکی مەردانەی بنبڕکردنی گەندەڵی لێ بکەن بەلادا و لێرەوە دەست پێ بکەن بۆ قۆناغی داهاتووی حوکمرانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزماندا ...

• بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت:

تکایە داواکارین جەنابتان بەو حوکمەی سەرۆکی پێشوی حکومەت بوون، بۆ ئەم مەسئەلە چارەنووسساز و مێژووییە تەنها بینەر نەبن، بەڵکو بە زوویی فەرمانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پێویستی بۆ دەربکەن، تا ئەگەر ئێمە ئەو خەسڵەتانەمان تیابێ، کە سەرۆکی شارەوانی لە ڕۆژنامە باسیکردووە، سزای عادلانەی خۆمان وەربگرین، ئەگەریش نا ئەوا ئەوان بە پێی خۆیان سزای

گەندەڵی و سەرپێچییە یاسـاییەکان و گۆڕینی ڕاسـتییەکان و دوایش بوختان و تشـهیرکردن وەربگـرن.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

- بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری. نوسینگەی تایبەت
- وەزارەتی ناوخۆ.
- وەزارەتی داد.
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی.

**بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرانتان لەگەڵ ڕێزماندا ...**

- زانکۆی سلێمانی.
- دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتییەکان.
- دەزگای پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان.
- دەزگای فرۆکەوانی نێودەوڵەتی.

**بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرانتان لەگەڵ ڕێزماندا ...**

- پارێزگای سلێمانی و گشت فەرمانگەکانی.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی شارەوانی – بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی/ بۆ ئاگاداریتان بە پێی(صورە قید)ی هاوپێچ/لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی– تکایە بۆ جێبەجێکردنی داواکەتان بەپێی ئەو یاسا تایبەتیەی کە خۆتان دەزانن چییە و ئێمە لە یاسای وا ئاگادار نین؟! هەمـوو ئەوەلیاتی دووپارچە زەویەکە بنێرن بۆ وەزارەتی داد، لەبەرئەوەی کە یەکێک تاوانبار بکرێت بە تاوانی إختلاس دەبێت دەستبگیرێ بەسەر هەموو مالێکی (منقول و غیر منقول)یدا وە لەبەرئەوەی سەرۆکی دیوان جگە لەو دوو پارچە زەویە - حصەیەکی باشیشی هەیە لە میراسی (دێی باوەمەندان) نزیک سوسێو ژمارەکەی دەتوانن لە دائرەی زراعە وەربگرن و پارەیەکی باشیشی هەیە لە بانکدا، بۆ ئەوەی زوو فریابکەون کە حیجز بخەنە سەریان بەپێی یاساکەتان. لەگەڵ ڕێزدا...

- ڕۆژنامەی ( )/ بە پێویستمان زانی لە ڕێگای ئەم نووسراوەوە وەڵامی چەند بڕگەیەکی چەواشەکارییەکانی شارەوانی سلێمانی بدەینەوە:

١. دەربارەی حەوزی ماسی فلۆرەنسا ئەمانەوێت ڕای بگەیەنین، کە سەرۆکایەتی دیوانمان بە نووسراومان ژمارە (٢٣٧) لە (٢٠٠٣/٧/١٢) واتە پێش (٣) ساڵ و بە ئیمزای خودی سەرۆکی دیوان داوای کردووە لە پارێزگای سلێمانی و وەزارەتی ناوخۆ کە «هەڵسن بە ئەنجامدانی کاری یاسایی» بەرامبەر ئەو بابەتە و دواتر هەر لە سەر ئەنجامی ئەو نووسراوەی دیوانمان وەزارەتی ناوخۆ نووسراوێکی ڕەسەنی

ڕێکوپێک بە ژمارە (١٠٨٧٥) لە (٢٠٠٥/٧/٢٦) ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیە تا ئێستا ماوەتەوە و بەردەوامین لەسەر بەدواداچوونی بۆ ئاگاداری هەموولایەک لیژنەیەک کە بە سەرۆکایەتی مامۆستا (جمال عبدول) و ئەندامیەتی بەڕێزان کاک (نەوشیروان مستەفا) و مامۆستا (خالد شێخ محمد خاڵ) و خوالێخۆشبوو (شفیق قەزاز) و (جەلالی عومەری سام ئاغا) پێک هاتبوو، جگە لە (٢) ئەندازیار و (٢) بەڕێوەبەری ژمێریاریو وردبینی بۆ کاروباری پڕۆژەکە. کارەکان تا لای لیژنەی ناوبراو بوو زۆر بە ڕێکوپێکی دەڕۆییشت، دواتر کە لیژنەکە کۆتایی بە کارەکانی هێنا لەسەر داوای پارێزگاری نوێ کەوتە دەست لیژنەی تازە، ئیتر لیژنە نوێیەکە بەرپرسە ئەگەر سەرپێچی کرابێت و هەمووڵایەک چاوەڕوانی لیژنە لێکۆڵینەوە داواکراوەکە دەکەین لە ئەنجومەنی وەزیران.

٢. دەربارەی وروژاندنی هەستی کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری نەقیب و بازاڕی زێوەر و ناوچەی پیشەسازی، کە بە زیادکردنی صوری دراون بەکرێ هەڵبوەشێتەوە، تەئکید دەکەینەوە کە ئەم بۆچوونە ناڕاستە و یەکێکە لە چەواشەکارییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، کاتی خۆی لەگەڵ هەبوونی ئەو گرفتەدا دیوانی چاودێریی دارایی ڕێنمایی شارەوانی سلێمانی کردووە بۆ چارەسەرکردن و داوای کردووە پێشنیارێک لەو بابەتە بەرزبکەنەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی دیوانمان ژمارە (٧٥) لە (٢٠٠٣/٢/٢٢) و شارەوانیش ئەم پێشنیارەی پێ پەسەند بووە و بە نووسراوێک بە ژمارە (٥٠٠٠) لە (٢٠٠٢/٣/١٨) داوای کردووە لە وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەو مەبەستە، کە وێنەکەی هاوپێچە، بۆ ئەوەی بزانن چۆن شارەوانی یاری بە ڕاستییەکان دەکات؟!.

٣. دەربارەی دوو پارچە زەوییەکەی بەهەشتی شار، شارەوانی ڕایگەیاندووە گوایە تەنها سەرنجی دەستەکەی دیوان ئەوەیە کە فایلەکە خەمڵاندنی تێدا نەبووە، کەسێک کە ئەم وەڵامە دەخوێنێتەوە واتێ دەگات خەمڵاندن کراوە و هەبووە و تەنها هەڵە ئەوەیە کە لە فایلەکەدا هەڵنەگیراوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە نەک لە فایلەکەدا خەمڵاندن نەبووە، بەڵکو لە بنەماوە خەمڵاندن هەرنەکراوە و چەندین کەموکوڕی تری یاساییش لە موزایدەکەدا هەبووە. ئەگینا چۆن ئەنجومەنی وەزیران هەڵی دەوەشاندەوە بە بڕیاری ژمارە (٣٧) لە (٢٠٠٥/١/١١).

٤. سەبارەت بە سزادانی چەندین پلە و ناونیشانی جیاواز لە دیوان پێشتر ڕامان گەیاندووە، کە چەندین پلە و ناونیشان لە دیوان سزا دراون لە لایەن دیوان خۆیەوە، لە ڕوانگەی هەستکردن بە مسؤولیەتەوە، نەک لەسەر بڕیاری سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیران بسەپێنریت بەسەرماندا و لەبەردەم ڕاگەیاندندا ئاشکرامان کردووە کە چەندین کەسمان سزاداوە، هەروەکو کاتی خۆی پیشانمان داون و ئامادەین بیخەینەوە بەردەم هەموو ڕاگەیاندن جارێکی تر.

٥. لە بابەت ئەو ڕاپۆرتانەی ماون و کاری بەدواداچوون بەردەوامە لەسەریان شارەوانی سلێمانی ڕایگەیاندووە کە گوایە تەنها پێنج کێشە ماوە، کە یەکێک ئەمە دەبینێ وادەزانێ وەهایە بێ ئەوەی ئاماژە بدات بەوەی کە هەر ڕاپۆرتێک لەوانە دەیەها کێشەی تیادایە و چەندین سەرنج و تێبینی لەسەر شارەوانی تۆمار کراوە. ئەگینا چۆن دەڵێین زیاتر لە سەد سەرپێچی و لادان هەیە لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە. کە داوامان کردووە دەخرێتە ڕوو.

٦. دەربارەی قەرزەکان، شارەوانی ڕایگەیاندووە گوایە ئەم قەرز و موڵکانە هی ساڵانی پێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانین. دووپاتی ئەکەینەوە کە نەخێر ژمارەی زۆرینەی قەرزەکان هی ماوەی کاری ئەم سەرۆکایەتییەیە و دەربارەی وەرگرتنەوەیان ئەوە کاری بەشەکانی ناو دەزگای شارەوانییە، نەک ئەنجومەنی شارەوانی لە پێشوودا و لە ئێستاشدا چونکە ئەندامی ئەنجومەن ئەرک و فەرمانی باڵاتری هەیە نەک جبایەی قەرز کە بەشی تایبەتی خۆی هەیە بۆ وەرگرتنیان.

٧. دەربارەی گریان بۆ (مامۆستایەک، فەرمانبەرێک، دادوەرێک، ئەفسەرێک، ژینگە پارێزێک، مامۆستایەکی زانکۆ ....) هەر ئەوە ئەڵێین ئەو توێژانەی کۆمەڵ دەتوانن ئەم بەزەیی و سۆزەی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بەراورد بکەن لەگەڵ ڕووبەری خانووەکەی کە (١٥٣٠م٢) ئایا بەشی چەند کەس لەوانەیە؟ لە بەرامبەردا ڕوونکردنەوەی چۆنێتی وەرگرتن و حاڵی ئێستای ئەو دوو زەویەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، کە گوایە بە نایاسایی وەریگرتووە و ئێستا خاوەنی چەند مەتر زەوییە لێیان ؟!. ئەو بەراوردکردنە بۆ ئەو توێژانە بەجێ دەهێڵین. کە خۆیان وەڵامی بدەنەوە لەگەڵ ڕێزمان بۆیان

• ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ بۆ ئاگاداریتان، نەک بۆ بڵاوکردنەوەی، چونکە بە داخەوە دەبوایە ئێوە وەک ڕۆژنامەیەکی بەرپرس و بەربڵاو، کە گرنگی بە دەرخستنی ڕاستییەکان و گەندەڵییە ئیدارییەکان دەدەن، لە بڵاوکردنەوەی ڕاستی کێشەکەی نێوان سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی و بەڕێوەبەرایەتییەکی شارەوانیدا بە ویژدان و دادپەروەرییەوە مامەڵەتان بکردبایە، نەک وەکو کردتان بە شێواوی و بچڕبچڕی ڕوونکردنەوەکانی ئێمەتان بڵاوکردەوە، بە جۆرێک ئەگەر ڕۆژنامەکانی تر نەبونایە ڕاستییەکان وەکو خۆیان دەرنەدەکەوتن، هەرچەندە خۆتان لە نزیکەوە ئاگاداری بایەخی کارەکانی سەرۆکایەتی دیوان و دەستەکانی چاودێریین لە دەرخستنی لادان و گەندەڵییەکاندا و چاکسازی لە حکومەتدا لەگەڵ ڕێزدا .

• گۆڤاری سلێمانی / ئەمانەوێت پێتان ڕابگەیەنین کە ڕەخنەمان لێتان هەیە کە وەڵامەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کە چەندین چەواشـــەکاری تیادایە بڵاودەکەنەوە وەڵامەکانی دیوانتان بۆ دەنێرین بڵاوی ناکەنەوە بە بیانوی ئەوەی کە وەڵامەکان دوورودرێژە، کە ئەمەش لەگەڵ عورفی ڕۆژنامەوانی ناگونجێت، دەپرسین ئەم گۆڤارە کە ناوی سلێمانی هەڵگرتووە ئایا گۆڤاری شەخـصی یە یان گۆڤاری سلێمانی ؟!

لەگەڵ ڕێزدا ..

الجمهورية العراقية

إقليم كردستان

وزارة العدل

مديرية تسجيل العقاري العامة

دائرة التسجيل العقاري في السليمانية

نموذج رقم ( ٢٥ ) تسجيل العقاري

**استمارة صور السجل العقار**

| رقم الطابق | رقم الشقة | الشارع | الناحية | القضاء | المحافظة | وصف التسجيل العقاري الدائمي الحالي | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | رقم الجلد | التاريخ | العدد |
| | | | سرور | السليمانية | السليمانية | ١٠٧٧ | ٢ ~ ٢ أيلول | ١٦٦ |

| اسم المقاطعة | رقم المقاطعة | رقم القطعة | رقم الباب | اسم المحلة | تسلسل العقار | وصف التسجيل العقاري الدائمي المنقول منها | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | رقم الجلد | التاريخ | العدد |
| م . د باشمات | ١ | ١٩٧ / ٢٦٩ | | | | ١١٥٦ | ٢ ~ ٢ | ٢٩ |

المالك أو المتصرف وكيفيته: باعتبار سهام ... منها الى كل من قادر محمد جان عزيز ... توفيق مارس سهماً واحداً ...

جنس العقار: ملك صرف

المشتملات: /

الحدود:
الشمال الشرقي: ١٩٧ / ٩ و ١٩٧ / ٢٦٩
الشمال الغربي: ١٩٧ / ٢٦٠ و ١٩٧ / ٨٦
الجنوب الغربي: ... ١٩٧ / ٨٦٩
الجنوب الشرقي: ١٩٧ / ٢٦٢ و ١٩٧ / ٢٦٠ و ١٩٧ / ٢٥٥

نوع العقار ( الصنف ): ملك صرف

حقوق الارتفاق والمقر: /

| وصف السجل العقاري الدائمي المنقول إليه | | | الحكم السند | دونم | أولك | متر مربع | المساحة |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رقم الجلد | التاريخ | العدد | | | ١٤ | ٢١,٨٦ | |

إشارة التأمينات العينية والحجز وموانع التسجيل: /

ملاحظة السجل ومستنداته: الإفراز

| المبلغ التابع الرسم | | البدل | | القيمة | |
|---|---|---|---|---|---|
| دينار | فلس | دينار | فلس | دينار | فلس |
| | | | ٦ | | |

أن هذه الصورة مطابقة لسجلها وقد استخرجت بناءً

على الطلب: رئاسة بلدية السليمانية

واستوفي الرسم البالغ: ٤١٢٧٩

بالعدد وتاريخ ... من سجل الرسم

التوقيع:

اسم الموظف:

التاريخ: ٧ / ١ / ٢٠٠٢

مدير دائرة التسجيل العقاري

چاپکراوی ...

الجمهورية العراقية
إقليم كردستان

وزارة العدل
مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في السليمانية

نموذج رقم ( ٢٥ ) تسجيل العقاري

**استمارة صور السجل العقار**

| رقم الطابق | رقم الشقة | الشارع | الناحية | القضاء | المحافظة | وصف التسجيل العقاري الدائمي الحالي | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | رقم الجلد | التاريخ | العدد |
| | | | مركز | | السليمانية | ١١٤١ | ٢٠٠٦ / ايلول | ٥١ |
| اسم المقاطعة | رقم المقاطعة | رقم القطعة | رقم الباب | اسم المحلة | تسلسل العقار | وصف التسجيل العقاري الدائمي المنقول منها | | |
| | | | | | | رقم الجلد | التاريخ | العدد |
| ١ ملكندي | ٨ | ٢٥٠ / ١٨٧ | | | | ٢٦٥ | ١٩٩٦ / تموز | ٢١ |

**المالك أو المتصرف وتابعيته:** وزارة الصحة / المديرية العامة لصحة السليمانية

**جنس العقار:** ارض المدارس تابع

**المشتملات:** [illegible]

**الحدود:**
الشمال الشرقي: ٢٥٠ / ١٨٨
الشمال الغربي: ٢٥٠ / ٩٢٥ طريق عام
الجنوب الغربي: ٢٥٠ / ١٨٦
الجنوب الشرقي: ٢٥٠ / ٢٠٠

**نوع العقار (الصنف):** ملك صرف

**حقوق الارتفاق والعقر:**

| المساحة | | | | الحكم السند | وصف السجل العقاري الدائمي المنقول فيه | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | متر مربع | اولك | دونم | | العدد | التاريخ | رقم الجلد |
| | ٥٠ | ٩ | | | | | |

**ماهية السجل ومستنداته:** الهبة

**إشارة التأمينات العينية والحجز وموانع التسجيل:** شروط الهبة بموجب هامش

| القيمة | | البدل | | المبلغ التابع الرسم | |
|---|---|---|---|---|---|
| فلس | دينار | فلس | دينار | فلس | دينار |
| | | | مجاناً | | |

ان هذه الصورة مطابقة لسجلها وقد استخرجت بناءً
على الطلب ———— 
واستوفي الرسم البالغ ————
بالعدد وتاريخ ١٢ / ١٠ / ٢٠٠٦ من سجل الرسم
التوقيع :
اسم الموظف : مدير تسجيل العقاري
التاريخ ————

هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
بەشی: بەکرێدان

ژمارە /
بەروار / ٢٠٠٢/٢/٢٨
بەرامبەر / / ٢٧٠٢

3/2/2000

بۆ/ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ فەرمانگەی یاسا/

بابەت/ پێشنیار

---------------

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی / بەڕێوەبەرایەتی گشتـــی ئاوەدانکردنەوە و بەرەپێدان ژمارە (٢٠) لە بەرواری ٢٢/ ٢/ ٢٠٠٢ کە پێشنیاریان کردووە لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێک دەربکەن سەبارەت بە موڵکانەی شارەوانی کە لە کۆنەوە ساڵانە وەیان چەند ساڵێک جارێک لە ڕێگای زیاد کردنی ئاشکراوە بەکرێ ئەدرێـــن بەڵام زیاد کردنەکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی (سەری) وەرگیراوە کەس ناتوانێت وەکو داب و نەریـــت ڕێگە نادات خەڵکانی تر (خۆم) یان لە سەری بکەن بۆیە شارەوانی [illegible] حاڵی [illegible] تکایە لە ڕێگای خۆتانەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاگاداربکەن تا بڕیارێک دەربکات چارە سەری ئەم جۆرە کەم وکوڕیانەی بکات [illegible] لە [illegible] بازرگانی کردن بە موڵکی دەوڵەتەوە بگیرێـــت لەگەڵ ڕێزدا.

حاکم / قادر حەمەجان عزیز
سەرۆکی شارەوانی سلێمانـــی

وێنەیەک بۆ/

بەکرێدان
یاسا
دۆسیەی گشتی
دۆسیەی تایبەت

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
## ب / لیژنەی لێکۆڵینەوە

ئەمانەوێت بەڕێزتان ئاگادار بکەین، لە ئەنجامی هێرشێکی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ سەر دیوانمان لە ڕاگەیاندندا لەسەر دوو ڕاپۆرتی دیوانمان، کە پێشی دوو ساڵ لەسەر سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی نوWسرابوو، مشتومڕێکی زۆر کەوتە نێوان دیوانمان و سەرۆکایەتی شارەوانی ناوبراو، وا بۆ ماوەی (٣) مانگە ڕوونکردنەوە و وەڵامدانەوە بەردەوامە. جا لەبەرئەوەی ئەرکی دیوانمان پاراستنی موڵک و ماڵی حکومەتە و بەدواداچوونی جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی یاساو بڕیارو ڕێنماییەکانە و لەبەرئەوەی شێوازی کارەکانمان نهێنییە و دوورە لە میدیاگەریی، ئەمانەوێت ئەوەش بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین لە کۆی (٧٢٠) دامودەزگای حکومی و کۆمەڵە و ڕێکخراو (٤٣٥) وەزارەت و دامودەزگا لەگەڵ (٢٨٥) کۆمەڵە و ڕێکخراو، کە کاری چاودێرییان لەسەر ئەنجام دراوە بە (١٨١٦) ڕاپۆرت، شارەوانی تاکە دەزگایە لەناو ئەو هەموو وەزارەت و دامودەزگا و ڕێکخراوانەدا کە ناچاری کردین بێینە دەنگ و بێینە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان!! وە بەو پێیەی بەڕێزیشتان نوێنەری میللەتن و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان بۆ هەموو لایەک، داواکارین لە بەڕێزتان بفەرموون لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێک بهێنن بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە و دیوانمان هەموو بەڵگەنامە و ڕاپۆرت و سەرەتاکانی ئامادەکردووە بۆ بەڕێزتان.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**(جەلالی عومەری سام ئاغا)**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٦/٩/١٤**

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران– نوسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆک– بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا .
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆکی دیوان.

## ڕوونكردنەوەی چوارەمی دیوانی چاودێریی دارایی
## لە سەر قسەكانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی(٩)

دوابەدوای ڕوونكردنەوەی سێهەممان، ژمارە (٣١٠) لە (٢٠٠٦/٨/٣١)دا، ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی لە ژمارە(٩٤) ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/١١)ی ڕۆژنامەی چاودێردا، بەناو وەڵامێكی بۆ ئەو ڕوونكردنەوەیەمان بڵاوكردەوە، كە ئەمە ئەبێتە جاری پێنجەم لە دەستپێشخەریاندا بۆ هێرشی ناڕەوا و ناڕاست بۆ سەر دیوانی چاودێریی داراییو گۆڕینی بابەتەكە بۆ ئاقاری شەخصی، وەک ناوبردنی سەرۆكی دیوانمان بە گەندەڵو موختەلیس و گوایە حیجز ئەخەنە سەر موڵک و ماڵی، بەبێ ئەوەی بەڵگەی یاسایی یاخود ئەو دەسەڵاتەیان هەبێ، هەروەها بازدان بۆ هەندێ لایەنی شەخسی تر، كە گوایە (سەرۆكی دیوان پێشمەرگە نەبووە، ملیوانی كراسەكەی زەرد نەبووە، ڕۆژێكیش زیندانی نەكراوە، لە هیچ چالاكیيەكی سیاسی و خۆپیشاندانێكدا بەشداری نەكردووە، لەسەردەمی حكومەتی هەرێمدا دەستگیركراوەو...هتد) كە ئەم قسانە سێ ئەنجام ئەگەیەنن:

یەكەم: ئەوان دەستپێشخەرن لە گۆڕینی وەڵامەكان بۆ ئاقاری شەخصی نەک ئێمە.

دووەم: ئەمانە چەواشەكارین بۆ سەر لە خەڵک تێكدان و ڕاكردن لە وەڵامە بابەتیەكان.

سێهەم: كۆمەڵێ چەواشەكاری ترن، كە دوایی بڕگە بە بڕگە وەڵامیان ئەدەینەوە.

لە ڕاستیدا ئەبوو زووتر لە ئێستا ئەم ڕوونكردنەوەیە بڵاوبكەینەوە، بەڵام ڕەچاوكردنی بارودۆخەكەی ئەم ماوەیە، بە تایبەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەكان، هەروا هەوڵێكی زۆری دڵسۆزان بۆ كۆتاییهێنان بەم مشتومڕە، بوونە هۆی دواكەوتنی. لەوانە:

بەڕێز كاک عدنان موفتی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بە تەلەفۆن ئاگاداری سەرۆكی دیوانمانی كرد، كە بەڕێز مام جەلال ئەیەوێ بە تەلەفۆن لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ بكات بۆ دووپاتكردنەوەی متمانە و پشتیوانی بەڕێزیان بۆ دیوان و

---

ئەم ڕوونكردنەوەیە :

(٩) لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ( ٤٦ لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٢٨ ) دەقی ڕوونكردنەوەكە بە كورتكراوەیی بڵاوكراوەتەوە , تێكڕای ڕوونكردنەوەكە لە سایتی ئاوێنەدا بڵاوكراوەتەوە.

سەرۆکی دیوان. دواتر بەڕێز کاک یوسف زۆزانی ئاگاداری سەرۆکی دیوانمانی کرد، کە جەنابی مام جەلال پێی باشە پشتگیریکردنەکە بکاتە نامەیەک و سەرۆکی دیوانیشی سەرپشک کرد بۆ بڵاوکردنەوەی نامەکە لە ڕۆژنامەکاندا، بەڵام لەبەر سەرقاڵی بەڕێزیان لەو ماوە کورتەی هاتەوە کوردستان و خۆ ئامادەکردنی بۆ سەفەری دەرەوەی عێراق، فریای نووسینی نامەکە نەکەوت. بەڵکو داوای لە هەرسێ بەڕێزان سەلاحەدینی موهتەدی و یوسف زۆزانی و مەلایاسین کرد، کە بچنە لای سەرۆکی دیوان بۆ ئەو مەبەستە. لە هەمان کاتدا، ئەو بەڕێزانە پێیان باش بوو وەڵامی دوا قسەکانی شارەوانی نەدرێتەوە، بەڵام سەرۆکی دیوان وەک مافێکی سروشتیو مێژوویی خۆی و دیوان بۆ بەرگری لە ڕاستی، ئەم وەڵامەی بە پێویست زانی، بە تایبەتی ئەمە ئەبێتە مێژووی سەردەمێکی هەستیار (حەساس)، کە ئەشێ دوارۆژ چەندین توێژینەوەی لەسەر بکرێ، دیارە بەڕێز مام جەلالیش، وەک یاساناسێک و مافپەروەرێک، ڕێگەی ڕەوای بەرگری لە کەس ناگرێ و وەکو مەبدەئێکی یاسایی کە دەڵێ: (حق الدفاع مقدس). ئەمەش وەڵامەکانە بڕگە بە بڕگە:

## ١. بڕگەی دەستپێکردنی هێرش:

لای هەموان ئاشکرایە، کە سەرۆکایەتی شارەوانی، بەبێ ئاگاداری دیوانی چاودێرییمان، لە بەرنامەی چاوی سێهەمدا هێرشێکی ناڕەوای کردە سەر دەستەکانی دیوانی چاودێریی و بە لاواز لەقەڵەمی دان. دوایی لە ڕاگەیاندنەکانی تریاندا، چەند جارێک پەلاماری سەرۆکی دیوانمانیان داوە و بوختانیان بۆ کردووە، بێ ئەوەی ئێمە ناوی خودی سەرۆکی شارەوانیمان بردبێ، جگە لە یەک جار کە وەک (إقتباس) ێک لە ڕاپۆرتی ژمارە (٤٥٣)مانەوە، کە نە ئەکرا وەک خۆی وەرنەگیرێ. بۆیە لێرەدا ئەپرسین: کێ دەستپێشخەر بووە و کێ مەسەلەکەی بەرەو ئاقاری شەخصی بردووە؟ سەرباری ئەوەی سەرۆکی دیوان بە گەندەڵ و موختەلیس تۆمەتبار ئەکات، بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان هەبێت، هەروەها گوایا حیجز ئەخەنە سەر موڵک و ماڵی بێ ئەوەی نە خۆیان و نە وەزیرەکەشیان ئەو دەسەڵاتەیان هەبێت، چونکە حیجزێکی لەو جۆرە، تەنیا لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دادگادایە، بەو مەرجەی بەڵگەی یاسایی هەبێت.

## ٢. بڕگەی نووسراوەکەی دیوان:

چەند جارێکە ئەو نووسراوە بڵاودەکەنەوە و دووپاتی دەکەنەوە! ئێمەش بۆ جاری دووەم و سێهەم و....هتد دەڵێین، کە ئەو نوسراوە هەر بە ئەو دەستەیە نەدراوە، بەڵکو

بە دەستەی تریش دراوە و لە (٢٠٠٦/٦/١٥ )دا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خستومانەتە ڕووو. فەرمانبەرانی دیوانیش فەرمانبەرن و فریشتە نین و هەروەک فەرمانبەرانی تر ڕوبەڕوی لێپرسینەوە ئەبنەوە . ئەمانەویێت ڕای بگەیەنین کە ڕاپۆرتەکانی دیوان، هەیانە بە (٥٠-٦٠) ڕۆژ ئامادە ئەکرێت و تەواو ئەبێت و چەندەها پێداچوونەوەی تیادا ئەکرێت لەلایەن (یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری گشتی و جێگری سەرۆک و سەرۆکی دیوان)، ئەگەر سەرۆک دەستەیەک یان چاودێرێک کەم تەرخەمی کردبێت بەرەو ڕووی لێپرسینەوە ئەبێتەوە ، ئیتر بەدواداچونی لە ئەستۆی دیوانە. جگە لەوەی کە ڕاپۆرتەکە دەنێردرێت بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی سەرنجی خۆی لەسەر بدات و ئیجرائات بکات، سەرباری ئەوەی کە ئەو بابەتانەی پێویستیان بە لێکۆڵینەوە هەیە ڕوبەڕوی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەکرێنەوە. هەرکەسێ ئەمەی لاڕوون نییە دەکرێت شارەزایی لەو بارەیەوە وەربگرێت و ئێمە لاریمان نییە فەرمانبەرانی ڕاگەیاندنەکەیان بنێرن بۆ لامان بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ڕونبکەینەوە. لە نووسراوەکەدا وتومانە کە زانیارییەکان بە تەواوی نەهێنراون. بۆ دڵنیابوون ئاگاداری سەرۆکی دەستەکە کراوەتەوە بچێتەوە بۆ شارەوانی بۆ تأکیدکردنەوە لە چەند برگەیەک، بەڵام نەچوەتەوە، بۆیە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی، کە بەرپرسی شارەوانییەکانیشە، خودی خۆی سەردانی شارەوانی کرد بوو بۆ دڵنیابوون لە هەندێ زانیاری. ئەو سزایە بە پلەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتە و نەچوونی سەرۆک دەستەکە.

## ٣. برگەی دوو زەویەکە:

لە ڕوونکردنەوەی سێهەمماندا بە تێروتەسەلی باسی ئەو دوو پارچە زەویەمان کرد، بەڵام بە نیسبەت زەوی یەکەمەوە، کە لە ساڵی ( ١٩٨٧- ١٩٨٨)دا کراوە بە خانوو تەواو بووە، وتومانە کە بە بڕی (٤٥٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠٠) دۆلار تقدیر کراوە، هەروەها صورە قیدەکەشمان بڵاوکردەوە، کە لە ساڵی ( ٢٠٠٢)دا بە ناوی وەزارەتی تەندروستیەوە تۆمار کراوە، لە کاتێکدا ئەم خانووە بە پارەی حەلاڵی شەخصی سەرۆکی دیوان خۆی دروستکراوە و لە ماوەی چەند ساڵێکدا تەواو بووە، بە هۆی وەزعی ئابوورییەوە. ئایا ئەمە پیاوەتیکردنە بە ئاوی حەمامەوە؟ کە چوار ساڵ پێش ئێستا بە ویستی خۆی بەخشیویەتی؟. ئایا ئەمە موڵکی دەوڵەتە کە بە ناوی شەخصی خۆیەوە بووە و دواتر بە ئارەزوی خۆی داویەتی بە وەزارەتی تەندروستی؟ پێویست ناکات لەسەری قسەی تر بکەین، چونکە خەڵکی بە ویژدانە و خوێندەوارە و بەئاگایە، بەڵام بۆ زەوی دووەم، کە بە ئیمزای

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ علی دراوە، نەک هەر بە سەرۆکی دیوانمان، بەڵکو بە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، کە هەمویان زەوی یەکەمیان وەرگرتبوو، هەروەها ئەو بەدەرکردنە (أستثناء)ە نەک تەنیا بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بووە، بەڵکو بۆ هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی شارەکانی دهۆک و هەولێریش بووە، بەڵام لێرەدا سوێندتان ئەدەین بە شەرەفتان، ئەگەر ئەوەندە (حریص)ن لەسەر موڵک و ماڵی دەوڵەت و (حقد)ی شەخصیتان نییە، ئەی بۆ ناوی سەرۆکی دیوان ئەبەن و ناوی باقی ئەندامەکانی تر نابەن، کە ئەوانیش وەریان گرتووە و بۆچی ناوی ئەوانەش نابەن کە لە گردی سەرچنار زەوی جمعیە و زەوی ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانیشیان وەرگرتووە؟

ئەگەر دڵرەشی نییە، پێتان ئەڵێین زەوییەکە لە جمعیەی هەرەوەزی کوردستان وەرگیراوە بەرامبەر بە ئابونە و ئەندامێتی لەو جمعیەدا ، بۆ جاری دووەم دەیڵێینەوە، نەک لە ڕژێم!! تێناگەین ڕژێم ڕژێمی چیتانە؟. ئەگەر وەرگرتنی لە سەردەمی ڕژێم عەیبە بێت، کە لە جمعیەی کوردستان وەرگیراوە، ئەبێت ئەو(٥٠٠) کەسەی کە پیاوی ناوداری شاری تیادایە و لەو جمعیەی کوردستانە زەویان وەرگرتووە عەیب بێت بۆیان. پرسیارێکی تر دەکەین، ئەڵێین زۆربەی کەسانی سیاسی و قەزائی و مامۆستای زانکۆ و... هتد لە سەردەمی ڕژێمی داگیرکەردا کۆلێژیان تەواو کردووە و دامەزراون و پلەی جیاوازیان دراوەتێ و بەرز کراونەتەوە، ئایا دەبێت هەموو ئەوانە عەیبدار بن؟ خۆ ئەزمونی حوکمڕانی خۆمان (١٥) ساڵە، ئیتر ڕژێم ڕژێمی چیتانە..

ئەگەر ڕاست ئەکەن و هەرچەندە ئێمە سورین لە سەری ئەبێت سەرەتاکانی وەرگرتنی هەموو زەوییەکان، کە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی وەریان گرتووە، بنێرن بۆ وەزارەتی داد، بۆ ئەوەی بزانرێت گەندەڵ و موختەلیس کێیە، مزوری معلومات کێیە؟؟.

ئایا ئەمە پیاوەتیکردنە بەسەر ئاوی حەمامەوە؟ ئەو جۆرە قسانە هەر لە ئێوەی چاوەڕوان ئەکەین، ئەگینا خانو و زەوی بەخشینێک لەلایەن هەر هاوڵاتیەکەوە بێت چۆن بە ئاوی حەمام بەخشین بەراورد دەکرێت؟ ئەی ئافەرین سەرۆکی هەڵبژێراوی شارەوانی و ڕاگەیاندنەکەت بۆ ئەم هەڵوێستە دەگمەنەت، کە ڕەنگە لە دونیای دوێنێو ئیمڕۆدا وێنەی نەبێت، چونکە لە هەر وڵاتێکی زیندوو و پێشکەوتودا، کاتێک هاوڵاتییەک خۆبەخشانە خانوەکەی خۆی، (کە بە مفت لە کەسی وەرنەگرتووە و بە پارەی کەس دروست نەکراوە) بۆ خەستەخانە دەبەخشێت، سەرۆکی شارەوانی شارەکە و ئەنجومەنەکەی سەردان و سوپاسی دەکەن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم

پێزانینەوە هانی کەسانی تریش بدەن کە بەم جۆرە خزمەتی شارەکەیان بکەن، بەڵام کاتێک سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کاری لەم جۆرەی لێ ناوەشێتەوە، حەقی خۆیەتی ئەم جۆرە کەسانە بداتە بەر پەلامار و بوختان و تەشهیر، ئیتر ئەبێت خوێندەوار و خەڵکی شارەکە چاوەڕوانی چی لەم سەرۆک شارەوانییە بکەن؟! بۆ مەسەلەی حیجزکردنەکە، ئەمجارەش کەوتونەتە هەڵەیەکی گەورەوە دوای ئەوەی فێرمان کردن حصانە لابردن لە ڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوەیە، ئەوەتا شوکر فێر بوون کە داوا لە کاک عمر فتاح بکەن، بەڵام نازانن ئەمەشتان هەر هەڵەیە، چونکە مدیری شارەوانییەک دەبێت بە بەڵگەوە بنووسێت، بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان ئەویش پاش تأکیدبوون لە حاڵەتەکە و لە بەڵگەکان و سەرەتاکان‌و دوای دڵنیابوون دەینێرێت بۆ بریکاری وەزارەت، ئەگەر ئەویش لە ڕاستی و دروستی هەموو بەڵگەنامەکان دڵنیابوو، دەیدات بە وەزیری شارەوانی و وەزیری شارەوانیش بۆی نییە حیجز بخاتە سەر موڵکو ماڵی سەرۆکی دیوان، بەڵکو بە هەموو سەرەتاکانەوەو لەگەڵ ڕای یاسایی خۆی دەینێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوسا ئەو کارە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری پێویستی لێ دەدرێت، نەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. هیوادارین سودتان لەم بڕگەیە وەرگرتبێت و حیجزە نایاساییە پڕقینەکەتان بنێرن بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەو شێوەیەی کە باسی لێوە کرا، تا ئەوانیش تێتان بگەن کە یاسا لای ئێوە چۆن پێشێل و سوک و سەلیم کراوە؟!. دەربارەی زەوی دووەم ئەمانەوێت ڕای بگەیەنین کە زەویوەرگرتنەکە هیچ نایاساییەکی تیا نییە تاوەکو پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، خۆ ئەوەتا داواکراوە لە وەزارەتی داد کە لێکۆڵینەوەی تیا بکرێت تا دەربکەوێت ئایا ئەم زەوی وەرگرتنە یاساییە یان نا؟! (هی سەرۆکی دیوان و باقی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی پێشوو) هەروەها بەخشینی ئەم زەویەش وەنەبێ ئەمە یەکەم کاری خێرخوازی سەرۆکی دیوانمان بێت، بەڵکو پێشتر و پێش چوار ساڵ خانووەکەشی بەخشیوە، کە زۆر چاک ئەزانن نرخی ئەو خانووە بە مووچە و پارەی شەخصی خۆی کراوە و نرخە تەقدیر کراوەکەی نرخی (٢٥) پارچە زەوی وەک زەوی دووەم ئەکات. ئایا ئەبێت چ فشارێک لەسەر سەرۆکی دیوان بوو بێت لە کاتی بەخشینی ئەو خانووەدا هەتا ئێستا فشارێکی ناڕەوا و نایاسایی ئیجباری بکات کە زەوی دووەم ببەخشێت جگە لە دڵە ڕەشەکەتان، ئەی ئێوە کە خۆتان بە یاساناس ئەزانن کاتێک ئەو بابەتە خراوەتە بەردەم وەزارەتی داد بۆ لێکۆڵینەوە، ئەی نەدەبوو چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی یاسایی وەزارەتی داد بکەن؟ چۆن خۆتان کرد بە (مدعی) و (حاکم ) و (بڕیاردەر) یش پێش ئەوەی بڕیاری لێکۆڵینەوە

دەربچێت؟. بە ڕاستی پێویستە کارمەندانی ڕاگەیاندنەکەتان بنێرن بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، بۆ ئەوەی خولی یاسایی و کارگێڕییان بۆ بکرێتەوە!.

بۆ ئاگاداریتان، چەند جارێک داوا کرا لە سەرۆکی دیوان، کە ئەمیش وەکو هەموو وەزیرەکانی تر، زەوی پۆستی وەزیری وەربگرێت، کە بەدەر بوو لە هەموو مەرجێک، بەڵام هەر لەو کاتەیشدا ڕایگەیاندووە کە لە کاتی فەرمانبەریمدا زەویم وەرگرتووە. نەک وەک سەرۆکی شارەوانی کە بەرۆکی مام جەلالی گرتووە، بۆ ئەوەی چەند پارچە زەویەک لەیەک بدرێ بۆ کۆشکەکەی!. سەرنجدانێک لە نووسراوەکەی بەڕێز مام جەلال لە بەرواری (٢٠٠٠/٢/١٥ ) ئەو ڕاستییە دەردەخات، کاتێک ئەڵێت {ڕەزامەندین موڵکی ژمارە ( ٩٩/٩٧ ) و ( ٩٢٠/٩٧ ) یەک بخەن و تۆماری بکەن بە ناوی بەڕێزان قادر حمە جان و تەلار تۆفیق فارس}ی هاوسەری. ئاشکرایە وشەی (ڕەزامەندین) لە ئەنجامی داواکارییەکەوە دێت. نەک لە ئەنجامی بڕیارێکدا کە بەرژەوەندییەکی گشتی تێدا بێت!. ئێمە ئەزانین زۆر کەسی تریش سوودیان لە بەخشندەیی بەڕێز مام جەلال وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، بەڵام ئەوە بۆ هەرکەس شیاو بێت، بۆ سەرۆکێکی شارەوانی هەڵبژێردراو و ئەندامێکی سەرکردایەتی و پێشمەرگەیەکی (ملیوان چڵکن) شیاو نییە. ئەی ئێوە لە وەڵامەکەتاندا ناڵێن (دەیان کادر و پێشمەرگەو زیندانی سیاسی بە موچەی زۆر کەم دەژین و سوپاس گوزاریشن)، ئەی ئەم سەرۆکی شارەوانییە بۆچی بە خانویەکی ئاسایی دووسەد یان سێسەد مەتری ڕازی نەبووە و داوای دوو پارچە زەوی تریشی کردووە بە ڕووبەری ( ٧٦٢ م٢) تاکو بخرێتە سەر ئەو خانووەی کە تەختی کردووەو مەتروکەیەکیش کە هەمووی دەکاتە (١٥٣٠م٢)، دواتریش کراوەتە کۆشکێکی کەم وێنە؟. ئینجا وەک دەوترێت (عوزر لە قەباعەت خراپتر) گوایە ئەو کۆشکە بە کۆمەکی بەڕێز مام جەلال و ئیدارەی گشتی و... هتد دروست کراوە. هەموو کەسێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر ئەزانێ کۆمەک بۆ یەکێکی دەستکورت و بۆ خانوویەکی ئاساییە، نەک بۆ کۆشکێکی لەو جۆرە کە مەسبەحەکەشی کەم وێنەیە، هەروەها ئەو داوای کۆمەکە کارێکی ڕەواو گونجاو نییە بۆ سەرۆکێکی شارەوانی و بەناو حاکمێک، با بۆ خەڵکی تریش کرابێت. لەمەش زیاتر ئایا کۆشکێکی لەو جۆرە بە کۆمەک دروست دەکرێت؟ هەر لەبەر ئەوە داوامان لە بەڕێز جەنابی مام جەلال کردووە کە لێکۆڵینەوە بکرێت تا بزانرێت ئەو کۆمەکەی وەرگیراوە چەند لە بینای ئەو کۆشکەی پێ تەواو دەکرێت! ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو ئەگری بۆ (مامۆستایەک، فەرمانبەرێک، دادوەرێک، ئەفسەرێک، ژینگە پارێزێک، مامۆستایەکی زانکۆ) و پێشمەرگەیەکی ملیوان چڵکن کە لە (٢٠٠م٢) زیاتریان پێ ڕەوا نابینێ، ئەی لەو هەموو کۆمەک و ڕووبەرە زۆرە زەوییە، بۆچی

بەشێکتان نەدا بە پێشمەرگەیەکی دێرین و ملوان چڵکن، لە جیاتی گریان بۆیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان!؟

ڕاتان گەیاندووە، کە گوایە ئێمە موختاری کوێین؟ ئێمە بە ڕەسمی موختاری حکومەتین بۆ سەر هەموو لادان و سەرپێچییەک، کە لە یاساو بڕیار و ڕێنماییەکان بکرێت. پرسیار دەکەین ئەی ئێوە موختاری کوێن لەسەر موڵک و ماڵی شەخصی بەخشراوی سەرۆکی دیوان؟ ئەی بۆچی ئێوە تەنها باسی دوو زەوی وەرگیراوی یاسایی سەرۆکی دیوان ئەکەن ، ئەی ئەوانەی کە موخالیفن (٥٦ کەسەکە)؟ بۆ ئێستا کەوتویتە گیانیان و باس کردنیان؟ ئێستا باسی هاوەڵەکانت ئەکەیت، ئێمە باسیان ناکەین، چونکە کارەکانمان نهێنییە و لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکاندایە. ئێوە خۆتان ناچارتان کردین لە ڕاپۆرتەکانەوە چەند بڕگەیەک بگوازینەوە سەر ڕۆژنامە. ئەگینا ئێوەش هەر لە ڕاپۆرتە نهێنییەکاندا دەمانەوە.

لە کاتێکدا دەزگاکەمان توانیبێتی بەوپەڕی بوێری و نەترسی و عەدالەتەوە لەسەر هەموو کەموکوڕییەکانی وەزارەتەکان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە باڵاترین دەسەڵات بووە لە حکومەتدا، بنووسێت، هەروا لەسەر سەرۆکەکانیان و جێگرەکانیان، ئەگەر لادانێکی یاسایی لایان کرابێت و بەپێی یاسا هەندێ بەرپرسانی گەورەی حکومەتی، بەشێوەی ڕەسمی، دابێت بە لێکۆڵینەوە، کە ڕاپۆرتەکان لەسەریان لامان پارێزراون باشترین شاهیدن، ئەبێت ئەو (٥٦) کەسە کێ بن، کە ئێمە نەتوانین بەپێی یاسا ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکەین ؟!.

## ٤. بڕگەی ناوماڵ کە لە تورکیاوە هێنراوە:

ئێمە باسمان لە کەلوپەلی تورکی و .... هتد نەکردووە، کە لە بازاڕەکانی کوردستان کڕابێت (بەڵکو باسمان لە هێنانی ناو ماڵە بە شێوەیەکی تایبەت لە تورکیاوە کردوە)، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە کاسبیکردن بە هێنان و کڕین و فرۆشتنی ئەساسی تورکیەوە هەیە بۆ خەڵکی؟ ئەگەر مەبەست چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵک نەبێ! ئێمە وتومانە بە تایبەت لە تورکیاوە هێناوتانە، نەک لە سلێمانی کڕیوتانە. ئەگەر ئەتانەوێ بەمە هەستی کۆمپانیاکانی تورکی بوروژێنن، هەروەکو لە وروژاندنی هەستی کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری نەقیب و بازاڕی زێوەر و ناوچەی پیشەسازی کردتان، کە بە بەڵگەوە وەڵاممان دانەوە و نووسراوی شارەوانیمان خستە ڕوو، کە تەواو پێچەوانەی قسەکانتان بوو لە ڕاگەیاندندا بە (جۆرێک کە بێدەنگ بوون).

ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی بە عەیبی نازانن بۆ خۆتان و ئەو شارەوانییە مێژووییە ئەوەندە چەواشەکاری لە ڕۆژنامەکاندا بخەنە ڕوو، بە جۆرێک ڕێزتان بۆ

خوێندەوار و خەڵکی بەئاگای میللەتەکەمان نەهێشتۆتەوە، هەروەکو ئەو توێژو چینانە بەگێل بزانن و بڵێن ئێوە چی ئەڵێن ئەوان بڕوا دەکەن! ئەی خۆتان ناڵێن سەردەم سەردەمی تەکنولۆژیا و عەولەمەیە؟؟!.

## ٥. بڕگەی باخەکە:

بە نسبەت ئەو باخەی کە گوایە خۆی و چەند هاوڕێیەکی تری، بەبێ بەرامبەر لە برادەرەکەی وەرگرتووە، حەزمان ئەکرد وەک کۆمەکی وەرگیراو بۆ خانووەکەی ناوی ئەو هاوڕێیانەی تریشی ببردایە، کە ئەو بەڕێزە پارچەی لە باخەکەی بۆ جیا کردونەتەوە. هیوادارین باخی تریشی نەبێ، وەک باس ئەکرێت، بۆ ئەوەی کە هەمان پاساوی بۆ نەهێنێتەوە! چونکە لەو لێکۆڵینەوانەی کە داوامان کردووە، ئەشێ زۆر شتی تریش دەربکەوێت، بەڵام بۆ باخەکەی قلیاسانیش ئێمە لە ڕاپۆرتمان ژمارە( ٤٥٣) لە (٢٠٠٤/١٢/٢٩) (پێش ئەم هاش و هوشەتان) دەستەیەکمان کە چووە بۆ زەوییە بەکرێدراوەکان بە شێوەی مساطحە کە هەمویان موجودن، لەوێ پێیان ڕاگەیەنراوە کە ئەو بەشەی بە بلۆک جیا کراوەتەوە بۆ بەڕێز حاکم قادر دەگەڕێتەوە، ئێمە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتەش بکەن و ئەگەر خاوەن مافی مساطحە لەبەر هەندێ هۆ ئەو ڕونکردنەوەیەی دابێت، ئێمە بە تأکیدمان ژمارە ( ٤٥ )لە ( ٢٠٠٦/٢/٢١ ) لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران داوای لێکۆڵینەوەمان کردووە. با چاوەڕوانی ئەو لێکۆڵینەوانە بکەین. هەرچەندە ئێمە باسی ئەوەمان نەکردووە کە لەسەر ئەو پارچە زەوییە جیاکراوەیە خانوو دروست کرا بێت، لامان سەیرە لە وەڵامەکەی خاوەن مافی مساطحەدا باس لە خانوو دروستکردن کراوە لەسەر ئەو پارچە زەوییەی بۆ باخ لەو موڵکە جیاکراوەتەوە؟

هەر لەگەڵ ئەو بابەتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە شارەوانی سەد و یەک تێبینیان لەسەر سەرۆکی دیوان هەیە. لە وەڵامی ئەم ڕاگەیاندنە بێ بنەمایەدا دەڵێین، کە پێمان خۆش بوو ئەو تێبینیانەیان دیاری بکردایە و باسیان لێوە بکردایە، چونکە ئەوەتا لەم ڕوونکردنەوەیەدا دیارە چۆن بە بەڵگەوە وەڵامی تێبینییەکانی تریانمان دایەوە.. بە پێچەوانەوە دیوانمان تا ئێستا لە ڕۆژنامەدا تەنها چەند بڕگەیەکی تێبینییەکانی ئاماژە پێ داوە، کە لە سەد تێبینی زیاترمان لا هەیە لەسەر شارەوانی سلێمانی. هەر بۆ نموونە، ڕاپۆرتی دیوانمان ژمارە (٣٣٨) لە (٢٠٠١/١٠/٢٧) لەسەر بەشی ئامێرەکان، کەوا بۆ نزیکەی (٥) ساڵ ئەچێت وەڵام نەدراوەتەوە، هەر چەندە بەردەوام تأکیدمان لەسەر ئەم ڕاپۆرتە کردۆتەوە، هەروەها لە کاتی خۆیدا لە ساڵی(٢٠٠١) دا بەڕێز

سەرۆکی شارەوانی بانگ کراوە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی و پێی ڕاگەیەنراوە، کە کاری پێویستی بۆ بکات و چارەنووسی کڕینی ئەو (تایانە) دیاری بکرێت، بەڵام تا ئێستاش تەنها یەک وەڵامیش نەدراوەتەوە؟ هەرچەندە بابەتەکەشی زۆر گرنگە و بڕی پارەی خەرجکراو بۆ تایە لەو کاتەدا بە خەمڵاندنی ئەو ڕۆژە بایی نزیکەی (یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار) دیناری سویسری بووە، کارەکەش پەیوەستە بە ماوەی کاری پێش هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی و بەشێکیشی پەیوەستە بە ماوەی کاری دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی، هەرئەوەشە جیاوازی لە نێوان دیوانمان و شارەوانی دا چونکە نامانەوێ هەموو بابەتەکان بخرێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، جگە لەوەی کە هەموو ئەم سەرنجانەمان لایە و داومانە بە مەکتەبی سیاسی بەڕێزو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەر بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕەسمیو نهێنی چارەسەر بکرێت، نەک وەک شارەوانی پەلاماردان بۆ بابەتی شەخصی، کە هیچ پەیوەندییەکی بە کاری ڕەسمییەوە نییە، ئەشڵێین کە ئەوەی لای ئێمەیە، ئەگەر لای ئێوە بوایە دەمێک بوو هەموویتان ئاشکرا کردبوو. ئیتر چۆن زوو زوو لە میدیاکاندا ئەڵێن کە هیچ کێشە و گرفتێکمان لەگەڵ چاودێریی دارایی نییە. ئایا ئەو هەموو بەڵگانەی لە بارەی ئیش و کاری شارەوانییەوە دراون بە حکومەت و کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی ئەگەر گرفت نین ئەی چین؟! هەر ئەمانەشن کە ئەدرێن بەدادگا. ئەوسا لە دادگادا دەردەکەوێت کە ئەمانە کێشە و گرفت و گەندەڵین، یان نا؟!. جارێکی تر ئەڵێین ئەوەیە جیاوازی لە نێوان سەرۆکایەتی دیوانو سەرۆکایەتی شارەوانی دا.

### ٦. بڕگەی پارچە زەوی ژمارە (١٥/٩١) قولەڕەسی کە دراوە بە کەسێک:

ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی خۆیان ڕایان گەیاندووە، کە ئەو بەڕێزە هەقی خۆیەتی بۆ پرۆژە زەوی وەربگرێت، ئیتر ئەبێت بۆچی بە بەرامبەر بێت کە خۆیان دڵنیان لێی، ئایا بە (گومان) خەڵک عەیبدار ئەکرێت؟ لە کاتێکدا ئەو کەسەی باسی دەکەن بە هەقی خۆی وەریگرتبێت، بەڵام سەرۆکی دیوان جارێک و هەزار جار تەحەداتان ئەکات کە نەک بۆ ئەو کەسە، بەڵکو بۆ هیچ کەسێک، تەنانەت بۆ کەسوکاریشی، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە تەلەفۆن یان نامە یان ڕاسپاردە هیچ شتێکی بۆ خەڵک و بنەماڵەو کەسوکاری وەرگرتبێ، یا داوا کردبێ. ئەو بەڕێزەشی باسی ئەکەن، مامۆستای سەرۆکی شارەوانی بووە و ناسیاوی وەزیری شارەوانی پێشوو بووە، ئەگەر کارئاسانیشی بۆ کرابێت، لە ڕووی ڕۆتینی مامەڵەوە بووە، نەک لەسەر حسابی یاسا، ئەوەش لەلایەن بەڕێز وەزیری شارەوانییەوە کراوە، نەک سەرۆکی دیوان.

بۆ (موضوع)ی ئەوەش، کە سەرۆکی دیوان بۆی وەرگرتبێ و خانوەکەی بۆ تەعمیر بکات، ئەوە لە هەر کەسێک بوەشێتەوە لە سەرۆکی دیوان ناوەشێتەوە. چونکە ئەگەر سەرۆکی دیوان وای کردبێت، ئەبێت پێشتریش سابیقەی وای هەبووبێت. لەم شارەی ئێمەدا هیچ شتێک ناشاردرێتەوە، هەروەها داوای سەرۆکی دیوان لە حکومەت و حیزب زۆر ڕەوا بووە، چونکە بە بۆچوونی سەرۆکی دیوان هەر کەسێک یان بەرپرسێک یارمەتی کەسانی تر بدات بە مقابل و شەراکەت، ئەوە ئەچێتە خانەی ئەو کەسانەی کە هەموو ڕەوشتێکیان دۆڕاندووە، نەک هی خۆیان، بەڵکو هی باوو باپیرو مێژووشیان. ئەمەیش یەکێک دەبێت لەو خاڵانەی کە لە دادگا بەرەو ڕووی ڕاگەیاندنی شارەوانی دەبێتەوە، چونکە بە گومان خەڵک عەیبدارناکرێت. ئەمەش چەواشەکارییەکی تری ڕاگەیاندنی شارەوانییە.

## ٧. بڕگەی حەوزی ماسی فلۆرەنسا:

ڕاگەیاندنی شارەوانی لەسەر ئەم بابەتە ڕای گەیاندووە، کە سوودمەند لەو پڕۆژەیە سەرۆکی دیوانمان بووە «کە مانگانە بڕی مەقتوعی (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار دیناری سویسری بۆ سەرف کراوە، کە تەنها بۆ (جەلالی عومەری سام ئاغا) سەرف کراوە لە ئەندامانی لیژنە و بۆ کەسانی تر سەرف نەکراوە».

هەقی خۆیەتی لەسەر ئەم ڕاگەیاندنە بڵێین بە ڕاستی ڕاگەیاندنی شارەوانی چەواشەکارییەکی تری خستە سەر چەواشە کارییەکانی، کاتێ ئەڵێ گوایە تەنها سوودمەند لەو پڕۆژەیە کاک جەلالی عومەری سام ئاغا بووە. نەخێر و سەد جار نەخێر وا نەبووە، بەڵکو پڕۆژەکە چەند بڕگەی تیادا هاتووە و چەندین خەرجی جیاوازی لەخۆ گرتووە، سەرباری ئەوەی دەرماڵە تەنها بۆ کاک جەلالی عومەری سام ئاغا سەرف نەکراوە، وەک شارەوانی ڕایگەیاندووە! بۆ ڕاستی قسەکانمان تەنها یەک لیست بڵاو دەکەینەوە، کە ناوی کەسانی تریشی تیایە، تاوەکو بزانن ڕاگەیاندنی شارەوانی چۆن بەبێ بنەما قسە دەکات و بە ڕاستی چەواشەکارە (بەڵگەکە نیشانەیە وەک لە لیستەکەدا دیارە، کە ئەو دەرماڵەیە مانگانە (١٥٠٠) - تەنها هەزار و پێنج سەد) دینار بووە، نەک مانگانە (١٨٠٠٠- تەنها هەژدە هەزار) دیناری سویسریو بۆ کەسانی تریش سەرف کراوە، وەک بەڕێزان ئەندازیار جلال رشید شوانە و ئەندازیار شیروان مهدی). ئایا چ ئەقڵێک ئەوە قبوڵ ئەکات، کە لە ساڵی (١٩٩٤)دا فەرمانبەرێکی حکومەت مانگانە (١٨٠٠٠) دیناری سویسری بۆ سەرف کرابێت؟؟ مەگەر هەر ڕاگەیاندنی شارەوانی ئەقڵی ئەمە وەربگرێت و لەوان بوەشێتەوە کە ئەم درۆیانە بکەن. هەموو ئەو دەرماڵانەش بە فەرمانی ڕەسمی دراون. ئاماژە بە

چەند خەرجیەکی تر کراوە، گوایە سەرنج لەسەری هەبووە و سەرۆکی دیوانمان لێی بەرپرسە. لەسەر ئەمەش ڕای دەگەیەنین، کە ئەو کارە بەڕێوەبەری ژمێریاری هەبووە و بەڕێوەبەری وردبینی تایبەتی خۆی هەبووە، کە بە کارەکاندا چووەتەوە و ئەوسا پەسەندی خەرجیەکان کراوە لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە قبوڵی سەرفکردنی کراوە، کە بەڕێز مامۆستا جمال عبدول بووە، جگە لەوەی کە سەرۆکی دیوانمان ڕایگەیاند ئەو دەرماڵەیەش لە بری سووتەمەنی سەیارە شەخصییەکەی خۆی کە بۆ پڕۆژەکە کاری کردووە، بەبێ کرێ و لەسەر سووربوون و پێداگرتنی سەرۆکی لیژنەکە بەڕێز مامۆستا جمال عبدول بووە، کە سەیارەکە لە خزمەتی پڕۆژەکەدا بووە بە بەردەوام کە بە بەراوردکردن لەگەڵ بەکرێگرتنی سەیارە لەو کاتەدا، پارەیەکی زۆرتری لە خەرجی پڕۆژەکە دەبرد و بە هەڵسەنگاندنی بەڕێز مامۆستا جمال عبدولو ئەندامانی لیژنەکە، کە بریتیبوون لە بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا، خالد محمد خاڵ، خوالێخۆشبوو شەفیق قەزاز) کە ئەوە لە بەرژەوەندی پڕۆژەکەدایە لە جیاتی بەکرێگرتنی سەیارەیەکی تایبەت بە بڕێکی زۆر زیاتر کە لەو ڕۆژەدا، بە هۆی گرانی نرخی سوتەمەنییەوە، لە دەهەزار بۆ پانزە هەزار دیناری سویسری بووە. پێمان باشە بەڕێز کاک جمال عبدول، ئەگەر وتەیەکی هەبێت لەسەر ئەم بابەتە، ڕوونی بکاتەوە.

دوای ئەو ماوە کورتەی لیژنەکە کارەکانی کرد ئیتر کەوتە دەست لیژنەیەکی نوێ، دواتر دیوانمان بە ئیمزای خودی سەرۆکی دیوان داوای کردووە لە پارێزگای سلێمانی و وەزارەتی ناوخۆ، کە (هەڵسن بە ئەنجامدانی کاری یاسایی بەرامبەر ئەو بابەتە بە نووسراومان ژمارە (٢٣٧) لە (٢٠٠٣/٧/١٢)، واتە پێش(٣) ساڵ لە ئێستا و پێداگریمان کردووە لەسەر پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو مەبەستە لە ئەنجومەنی وەزیران و تأکیدیشمان کردۆتەوە هەروەک بە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦٧٤٠ لە١٩/٥/٢٠٠٥) بە ڕوونی دیارە. پرسیار ئەکەین ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە شارەوانی سلێمانییەوە هەیە، ئەگەر بۆ شێواندن نەبێ، چونکە کارەکە پەیوەستە بە پارێزگای سلێمانییەوە و لە لێکۆڵینەوەدایە. ئەم چەواشەکاریو بوختان و تەشهیرەش نایەڵین هەروا بەئاسانی تێپەڕێت و دەبێتە بڕگەیەکی تری داواکاریمان کە پێشکەشی دادگای ئەکەین.

## ٨. بڕگەی لیژنەی چاکسازی:

لە بڵاوکردنەوەکەیاندا ڕایان گەیاندووە، کە «دوابەدوای ئەو ڕاپۆرتەی دیوان بەرزی کردبۆوە بەڕێز مام جەلال لیژنەیەکی تایبەتی نارده شارەوانی و ماوەیەک

لێکۆڵینەوەیان کرد، کە بەڕێزان کاک دلێری سید مجید و کاک مەلایاسین وەکیلی وەزارەتی ئەوقاف بوو، ئەوانیش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان دایەوە بە بەڕێز مام جەلال، بۆ ئەمانیش ڕوون بوەوە کە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی ناڕاستن».

دەربارەی ئەم بابەتە ئەمانەوێت ڕای بگەیەنین، کە ئەو دوو بەڕێزە وەک ئەندامانی لیژنەی باڵای چاکسازی چوونە شارەوانی سلێمانی، بۆ بەدواداچوونی چەند ڕاپۆرتێکی تایبەت کە درابوو بە لیژنەی چاکسازی لەسەر شارەوانی سلێمانی، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاپۆرتی دیوانمانەوە نەبووە. پاش دوو پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێزان، ناوبراوانی سەرەوە تأکیدیان کردەوە بۆمان، کە هیچ شتێکی وەها نەبووە و هیچ کارێکی وا نەخراوەتە ئەستۆیان و هیچ ڕاپۆرتێکیشیان لەو جۆرەی کە ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی باس ئەکات بەرزنەکردۆتەوە بۆ جەنابی مام جەلال. هەر بۆیە ئەم چەواشەکارییەش ئەبێتە خاڵێکی تر بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە داوامان کردووە.

خۆشبەختانە، هەردوو بەڕێزان کاک دلێر سید مجید و کاک مەلا یاسین سوپاس بۆ خوا لە ژیان و کاریشدان. بۆ بیر خستنەوە ئەو دوو بەڕێزە، کە بە ناوی لیژنەی چاکسازییەوە چوو بوون بۆ شارەوانی، ئەرکێکیان ئەوە بووە کە جێگرێکی سەرۆکی شارەوانی بنێرنەوە ماڵەوە، بەڵام پاش ماوەیەک هێنرایەوە کە لەلاتان ئاشکرایە.

### ٩. بڕگەی مەسائیلی شەخصی:

جارێکی تر ڕایان گەیاند، کە دیوانمان لە ناچاریدا پەنای بردۆتە بەر مەسائیلی شەخصی. لەم بارەیەوە ڕایدەگەیەنین، کە ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی خۆی لە ڕاستیەک لادەدات، کە دڵنیایە لێی و هەموو لایەکیش ئەزانن کە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئاڕاستەی وەڵامەکانی گۆڕی لە زنجیرەی سێهەمدا بۆ مەسائیلی شەخصی. هەر بۆیە دیوانمان لە ناچاریدا بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بەپێی یاسا وەڵامی مەسائیلە شەخصیەکانمان دایەوە و ئێمە لە وروژاندنی بابەتی شەخصیدا دەستپێشخەر نەبووین.

### ١٠. بڕگەی وریاکردنەوە، نەک ئینزار:

لە بڵاوکردنەوەکەیاندا ئاماژەیان داوە بە نووسراوێکی دیوانمان، کە وەک وریاکردنەوە ئاڕاستەی چەند کادرێک و فەرمانبەرێکی دیوان کراوە، نووسراوەکە هەروەک شارەوانی بڵاویکردۆتەوە، دیارە کە لە (نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان) ەوە دەرچووە. لەو نووسراوەشدا هاتووە (کە بەم نووسراوە ئینزارتان ئەکەین و.....

بە پێچەوانەوە کەمتەرخەم ئینزاری ڕەسمی ئاڕاستە ئەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانەوە).
لەمەدا دەردەکەوێت:
١. نووسراوەکە (وریاکردنەوەیە)، نەک ئینزاری ڕەسمی.
٢. نووسراوەکە لە نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوانەوە دەرچووە.
٣. ئەگەر کەمتەرخەم دووبارەی کردەوە، ئینزاری ڕەسمی و یاسایی پێ دەدرێت لە ڕێی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی)یەوە، نەک (نوسینگەی تایبەت)، کە لەو کاتەشدا هەر بە ئیمزای سەرۆکی دیوان ئەبێت، چونکە سزا کارێکی ئیداریە و لە (بەڕێوەیەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی)یەوە دەردەچێت، نەک بە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی، کە وەک تێی گەیشتوون. ئیتر ئەمە شاهیدە لەسەر ئەوەی کە سەرۆکی دیوان چاک لە ئیدارە شارەزایە و بە پێچەوانەوە ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی لەم بابەتە و ئیدارە تێناگات، هەر بۆیە پێمان باشە گەر لەمەش ناگەن دەتوانن خولی ئیداری ببینن .

## ١١. بڕگەی گەڕان بە دوای زانیاریدا:

زانیاری تەواومان لایە، کە فەرمانبەرێکی شارەوانی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ فەرمانبەرێکی دیواندا کردووە، بۆ ئەوەی بە پارە بە بڕی (ملیۆنێک دینار) زانیاری لەسەر دیوان بداتێ، بە تایبەتی سزاکان پەسەندترە لەسەر ئەو سەرۆک دەستەیەی کە لە شارەوانی وردبینی کردووە. ئێمە لە کاتێکدا ئەم هەڵوێستە ناڕەسەن و نایاسایی و نامرۆڤایەتیە دژی دیوانمان مەحکوم ئەکەین، ئەڵێین ئەوە هیچ مانایەک نادات جگە لە ئیفلاسیەت و چۆک دادانیان، بۆیە ناچار پەنا ئەبەنە بەر ئەو شێوازە، ئینجا پرسیار ئەکەین: ئەم پارەیە لەسەر چ حسابێک سەرف ئەکرێت بۆ ئەم کارە ناپەسەند و ناڕەسمیە بەرامبەر دەزگایەکی حکومی نەتەوەیی خۆمان، نەک بەرامبەر دەزگای دەوڵەتێکی دوژمن؟ لە کاتێکدا ئێمە هەموو سزاکانمان خستە بەردەم ڕاگەیاندن، کە نوێنەری ئێوەشی لێ بوو. چونکە ئەو سزایانە نهێنی نەبووە و بەسەر هەموو فەرمانبەرانی دیواندا دابەشکراوە. تەنانەت لە (تابلۆی ئاگاداری)دا وێنەیەکی هەڵواسراوە (چ سزا بێت یان سوپاس) ئیتر ئەو پارەیە چۆن بەرامبەر ئەو کارە سەرف ئەکەن؟ بۆ ئەوەی ئەم چقڵی سزایانەش لەژێر پێتان دەربهێنین و بۆ ئەوەی ئەوەندە نەیکەنە وێردی سەرزمانتان، بڕیارمان داوە کە ئەگەر بەڕەسمی نووسراوێکمان ئاڕاستە بکەن بۆ داواکردنی ئەو سزایانە ئامادەین بۆتان بنێرین. چونکە سزا لای ئێمە وریاکردنەوەیە و هەر لەلایەن خۆمانەوە و بە ویستی خۆمانو لە چوارچێوەی کارەکانی دیواندا

سزامان داوە. ئێوە نازانن کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (ولكم في القصاص حياة يا أولوا الألباب). ئەو فەرمانبەرەتان کە ئەم کارە نارەوایەی ئەنجام داوە و ناوەکەی پارێزراوە لامان، هەر ئەو فەرمانبەرەیە کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧ لە٢٠٠٥/١/١١) ئەبوایە لە شارەوانی نەمێنێ و بگوازرایەتەوە بۆ دەرەوەی شارەوانی، بەڵام دیارە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئەم جۆرە فەرمانبەرانەی دەوێت و پێ باشە هەر بمێنێتەوە لایان!! ئەم کارەشتان نایەڵین بە ئاسانی تێپەڕێت و دەبێتە خاڵێکی تر کە دەیخەینە بەردەم دادگا.

## ١٢. بڕگەی مودیریەت و سەرۆکایەتی:

ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی لە دوا بڕگەی بڵاوکردنەوەکەیاندا ئاماژە بەوە دەدەن، کە شارەوانی سەرۆکایەتیە و مودیریەت نییە. دەمانەوێت ئەوە بیری شارەوانی سلێمانی بخەینەوە و تأکید بکەینەوە، کە شارەوانی لە ئاستی مودیریەتە، جا پلە و پایەی ئەو کەسەی کە بەڕێوەی دەبات هەرچیەک بێت، چونکە تا ئێستاش وەک مودیریەتێک پەیوەستە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانەوە. ئەویش پەیوەستە بە وەزارەتەوە. بەمەدا دەرئەکەوێت کە لە هەیکەلی تنظیمیدا، شارەوانی سلێمانی بەڕێوەبەرایەتییە و سەرۆکەکەشی بەڕێوەبەرە واتا مودیرە. بۆیە ئەڵێین: گاڵتە بەخۆ کردنە و گاڵتە بەیاسا کردنە و گاڵتە بە مؤسسات کردنە، مودیرێک ڕێگە بە خۆی بدات حیجز بخاتە سەر سەرۆکێکی دیوان، کە پلەی بە پێی یاسا ئاشکرایە. بەڵی ئەو حیجزەی ئێوە کردووتانە ئەشێت ڕاست بێت لە وەزعێکی پاشاگەردانی و لە سایەی شەریعەی غاب و نەبوونی یاسا و حکومەتدا؟!.

ئێمە باسمان لە وشەی سەرۆک نەکردووە ، ئێمە لە پلەکەوە تێی دەڕوانین، نەک وەک ئێوە تێی دەڕوانن، لای هەموانیش ئاشکرایە کە بە بەرپرسانی شارەوانییەکانی (خدران ، پێباز ، هێرۆ ، ڕزگاری ، هەڵشۆ ، سەنگاو....هتد)یش پێیان دەوترێت سەرۆکی شارەوانی (لەگەڵ ڕێزی زۆرمان بۆیان) ، ئینجا با بە پێچەوانەوە سەیرێکی مەسەلەکە بکەین و بپرسین: ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان هەبێ و هەموو شارەوانییەکان پەیوەست بن بەوەوە ، ئەمە مانای ئەوەنییە ئەو شارەوانییانە لە بەڕێوەبەریتی گشتی بچووکترن؟ واتا بەڕێوەبەریتی (مدیریە)ن. ئیتر ئێوەیەک کە بەم جۆرە لە هەیکەلی تنظیمی و لە یاسا تێگەیشتبن، ئەم نەبوون بە وەزیرە ئەمەی ئەویست؟ خۆ زۆر بەڕێزی تریش ناویان لە لیستی پاڵێوراوانی وەزیری هەبوو هیچ لەم هەرایەی ئێوەیان نەکرد و بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی کرد. لە کاتێکدا کە ئێمە بەرپرسیارنین لە دیاریکردنەکان و دانانیان،

چونکە ئێمە تەنها ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانمان داوە بە مەکتەبی سیاسیی بەڕێز و بەڕێزیان هەڵسەنگاندنی خۆیان کردووە لەسەری و بڕیاریان لەسەر داوە. هەقتانە کە لەسەر وەزیرنەبوونتان ئەم گاڵتەجاڕییە بهێننە ئاراوە و هەقتانە لەسەر وشەی سەرۆک جەنگی سێهەم بەرپابکەن. ئەشپرسین ئەم بۆچوونە چ پەیوەندییەکی بە ڕەئیس و ریئاسەت و سەردەمی حوکمڕانی صدام حسینەوە هەیە؟ کە لەوەشدا بە هەڵەچوون و ئەو کاتەش هەر زانکۆ سەرۆکایەتی بووە و سەرۆکی ژووری بازرگانی هەر سەرۆک بووە و سەرۆکی دیوانیش هەر سەرۆکی دیوان بووە و سەرۆکی کۆڕی زانیاری عێراق و هتد هەر سەرۆک بوون .

## ١٣. بڕگەی چالاکی سیاسی:

جارێکی تر لە چوارچێوەی هەوڵە چەواشەکارییەکانیاندا، ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی هێرشی شەخصی دەکاتە سەر سەرۆکی دیوانمان و تانەی لێ دەدات، کە گوایە بەشداری هیچ چالاکییەکی سیاسی و خۆپیشاندانی نەکردووە و خزمەتی شارەکەی نەکردووە و ملوانی کراسەکەی زەرد نەبووە و زیندانی نەکراوە... دەربارەی هەموو ئەمانە ڕای دەگەیەنین بەڕاستی گوتەیەک هەیە کە جێی خۆیەتی بوترێت و ئەڵێت (ئەگەر شەرمت نەکرد چی ئەڵێی بیڵێ و چی ئەکەی بیکە)، یا لەوە ئەچێت ئەم ڕاگەیاندنە بێئاگا بوختان کەرە بە بنەمایەک بیربکاتەوە کە پێی وایە درۆبکە، درۆبکە، ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت خەڵک بڕوا ئەکات، بۆ سبەینێش درۆیەکی تر بکە. بۆیە بە پێویستمان زانی کە بڕگە بە بڕگە وەڵامی ئەو چەواشەکارییانەشتان بدەینەوە:

### أ- سەهوتان فەرمووە:

سەرۆکی دیوان پێشمەرگە بووە و کاتی خۆی لە ناز و نیعمەتدا بووە، کە (بەڕێوەبەری کارگێڕی) زانکۆی سلێمانی بووە. کراسەکەشی خاوێن و بێگەرد بووە، بەڵام بە ئەرکی نیشتمانی ئەو ناز و نیعمەتەی بەجێهێشتووە و ڕوویکردۆتە شۆڕش. لە شۆڕشیشدا هەرچەندە بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی ئەمانەتی گشتی ڕاگەیاندن بووە، بەڵام لە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیی سیاسیشدا هەر بەردەوام بووە و هەر دەمڕاستبووە، جگە لەوەی کارەکانی بە جۆرێک بووە کە جێگە دەستی دیار بووە، وەک پسپۆڕی لە دانانی سیستمێکی حکومی بۆ هەموو کارە دارایی و کارگێڕی و ئابورییەکان (لە سجلاتی یومیة و صندوق و استاذ و پێشینە و ...هتد)، هەروا یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی لیژنەی دارایی و کارگێڕی بەرز لەناو شۆڕشدا، کە بە سەرۆکایەتی کاک علی

عبدالله و ئەندامێتی خوالێخۆشبوو کاک خسرو توفیق و کاک عدنان موفتی و کاک محمد رسول هاوار بوو.

ماڵەکەیان کە د.کمال مظهر، د. کمال خیاط ، کاک فەرهاد عەونی و کاک سیروان عبدالله سعیدی تیابوو لەگەڵ سەرۆکی دیوان، بە شێوەیەکی دائمی تا ماوەیەک جێگای کۆڕ و کۆبوونەوە و پێشنیار و ڕەخنە و...هتد بووە، هەروەها جار جار شەهیدان کاک علی عسکری و کاک دارا توفیق بۆچوون و پێشنیارەکانیان ئاڕاستەی خوالێخۆشبوو إدریس بارزانی ئەکرد، جگە لەوەش هەر بەهەمان شێوە دیداری خوالێخۆشبوو (إبراهیم أحمد)یان ئەکرد، ئەویش ئەهات بۆ لایان، بەتایبەتی لەگەڵ کاک د. کمال مظهر و خوالێخۆشبوو دارا رشید جووت و کاک کمال محی الدین. تەنانەت ئەگەر بۆچوونێکی شەهید علی عسکری هەبایە ئەمان دەیانگەیاندە خوالێخۆشبوو کاک إدریس بارزانی. لەوێش هەر دەوری دەمڕاستی هەبوو، بەڵام ئەو دەمڕاستییە نا کە ڕاگەیاندنی شارەوانی بە توانجەوە باسی ئەکات. ئیتر نامانەوێ زیاتر لەسەر ماوەی پێشمەرگایەتییەکەی بڕۆین، چونکە هەر کارێکی کردبێ بە ئەرکی نیشتمانی کردویەتی، نەک وەک هەندێ کەس کە خۆیان بادەدەن بە پێشمەرگایەتیانەوە. تەنها بەوە کۆتایی دێنین کە دەورو چالاکی سەرۆکی دیوان بە شێوەیەک بوو، کە لە کاتی هەرەسی شۆڕشدا تا ماوەیەک کە بۆچوونی (مقاوەمە) هەبوو. دەوری باڵای هەبوو بۆ گواستنەوەی ئیزگەو چاپخانەو پێداویستیەکانی بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو لەگەڵ هاوڕێکانی د.کمال مظهرو خوالێخۆشبوو خسرو توفیق و دارا رشید جووت، بەڵام دوای ئەوەی کە هەندێ پێداویستی نێردرا بۆ جێگای دیاریکراو، پیلانی دوژمنان هێندە گەورە بوو، هیچ بوارێک و هیوایەکی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە نەهێشت. دوای ئەوە خوالێخۆش بوو مەلا مستەفای بارزانی لە هەموو ناوچەی شۆڕش (١٠) کەسی داواکرد، کە باسی وەزعەکەیان بۆ بکات، سەرۆکی دیوان یەکێک بوو لەو (١٠) کەسە لەگەڵ د.کمال مظهر و کاک کامەران قرداغی و د. کمال خیاط (کە سوپاس بۆ خوا هەموویان ماون) و خوالێخۆشبوان د.کمال عبدالله ناجی و د. دارا رشید جودت و دارا توفیق و هەندێکی تر، بەڕێز د . کمال مظهریش کە هیوادارین بە تەندروستییەکی باشەوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بە نیازە کتێبێک وەک بیرەوەری لەسەر ئەو ماوەیە دەربکات، ئەوسا دەرئەکەوێت سەرۆکی دیوان وەک پێشمەرگەیەک چ دەورێکی هەبووە، نەک وەک لە چەواشەکارییەکان و قینی ڕەشتانەوە ئەتانەوێ ئەو شارەوانییەی کە زۆر کەڵەپیاوی ئەم شارەی بەخۆوە دیوە ناشیرین بکەن. ئیتر نازانین پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەوکاتە بە پێشمەرگایەتی قبوڵە لاتان یان نا؟ ئەوەش بزانن کە گەورە سەرکردەکانی (ی.ن.ک) لەو شۆڕشەدا بوون. گرنگ ئەوەیە،

کە بزانن ملیوانی کراسەکەی زەردبووە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێین، کە تەرازووی کێشانی کوردایەتی و تێکۆشان هەر تەنیا پێشمەرگایەتی و خەباتی شاخو خەباتی چەکداری نییە. ئەوانەی لە شارەکاندا خەباتی ژێرزەمینیان ئەنجام ئەدا، ئەوانەی بە پێنووسەکانیان وزەی کوردایەتیان لە گیانی هاوڵاتیاندا ئەچاند، ئەوانەی کۆمەکیان بۆ شۆڕش دەستەبەر ئەکرد، ئەوانەی تەحەدای ڕژێمیان ئەکرد بەوەی نەبنە بەعسی و سیخوڕی ڕژێم، ئەوانەی خۆڕاگرییان ئەکرد کە نەچنە ڕێپێوانەکان بۆ پشتگیری ڕژێم و سەرکردەکەی، ئەوانەی لەسەر وێنەیەکی سەرکردەکان ئەگیرانو ئەشکەنجە ئەدران بۆ ئەوەی جوێنێک بەو سەرکردانە بدەن و نەیان ئەدا و لەسەر ئەوە ئەکوژران و...هتد ئەوانە بە هەر پێوانەیەک، لە پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست کەمترنەبوون، گەرچی ملوانی کراسەکانیشیان زەرد نەبووبێ. ئینجا ئایا ئەم بیرکردنەوە و لێکدانەوە هەڵە و نادروستەی ڕاگەیاندنی شارەوانی، سوکایەتیکردن نییە بە گیانی شەهیدانی ئەو بوارانە و شەهیدانی ئەنفال و گازی ژەهراوی!؟. دوای گەڕانەوەی سەرۆکی دیوان لە پێشمەرگایەتی ، بۆ ماوەی پێنج ساڵ دوورخرایەوە بۆ شاری بغداد. لەوێش، وەک چالاکیەکی سیاسی، هەمیشە لە ماڵی د.کمال مظهر و بە ئامادەبوونی خوالێخۆشبوو عەلی عەسکەری و چەند برادەری تر لە وتووێژدابوون لە بارەی ئاییندەی کوردەوە، کە ئەو کاتە خوالێخۆشبوو عەلی عەسکەری مدیری شارەوانی روفاعی بوو بۆ کاری پێویست سەردانی بەغدای ئەکرد و هەندێکمان پێکەوە کۆدەبووینەوە. هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە زانیمان کە شۆڕشی نوێ دەست پێ دەکاتەوە، تەنانەت دەقی نامەیەکی نووسراوی جەنابی مام جەلالی بۆ خوێندینەوە.

لەم بارەیەوە سەرۆکی دیوانمان ئەڵێ: پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵ د.کمال مظهر کردوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە، ئەویش لای پەسەندە و ئەشڵێت خۆیشی لە یاداشتەکانیدا بە درێژی بڵاوی ئەکاتەوە. وەک لایەنێکی تر لە چالاکییە سیاسیەکانمانو وەک ئەرکێکی نیشتمانی، لە هەشتاکاندا و لەسەر داوای خوالێخۆشبوو خەسرەو خاڵ، لەگەڵ دووسێ کەسی تردا، دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی جلوبەرگی هەمەچەشنە بۆ پێشمەرگە. لە وەڵامی پرسیارێکیشماندا، د.خەسرەو پێی وتین ئەم کارە بە ئاگاداری کاک (عمر فتاح)ە. ئینجا لە بارەی جێگای إحتیاطی خۆشاردنەوەی خوالێخۆشبوو دکتۆر (خەسرەو خاڵ)ەوە خێزانە بەڕێزەکەی ئاگادارە، کە ئەو جێگایە ماڵی ئێمە بووە. هەر بۆ زانیاری، ئێمە وەک بنەماڵە، باوکم و باپیریشم، لە خزمەتی نەتەوە و نیشتماندا بووین و باوکم هەمیشە باربووی شۆڕشی کوردی کردووە، لە ڕێگەی بەڕێز کاک فەوزی رشید نامیقەوە، کە سوپاس بۆ خوا لە ژیاندایە، باپیریشم لەپێناوی شۆڕشەکانی شێخ محمودا تووشی گەلێ دەردی سەری بووەو

ئەم بەسەرهاتەش لە باسێکدا بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو کراوەتەوە.

## ب- زیندانیکردن:

سەرۆکی دیوانمان، لەبەر ئەوەی لە خێزانێکدا بووە ژمارەیەکیان لە کاری سیاسی هەمەجۆردا کاریان ئەکرد، هەر لە منداڵیەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووە و لە ڕێگای ئەو کەسوکارەوە سۆزی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری تێدا بووە. چالاکی سیاسی تا ئامادەیی لە سلێمانی لای برادەرەکانی ئاشکرایە، بە تایبەتی هاوڕێی تەمەن و خوێندنی کاک فاروقی مەلا مستەفا، کە لەوانیتر ناسراوترە (سوپاس بۆ خوا لە ژیاندایە)، بەڵام چالاکی سیاسی لە کۆلێجی بازرگانی و ئابووری لە بغداد زۆر فراوانتر بوو، بە جۆرێک بوو کە ئەو بەیانانەی شۆڕش دەریان ئەکرد لەو کاتەدا لە کۆلێجەکەیاندا خۆی بڵاوی ئەکردەوە. بە حوکمی ئەوەش کە حیزبی نەبووە، کاک عمر حسین، کە ناسراوە بە کاک عومەرە سوور، بەرپرسی حیزبی بوو لە کۆلیجەکە، ئەو ئەرکەیان خستبووە ئەستۆی سەرۆکی دیوان، تا ئەو پارێزراو بێت و دەرنەکەوێت. هەروا بە حوکمی پەیوەندی باوکی لەگەڵ چەند بازرگانێکی گەورەی بغداد، کە پارەیان کۆئەکردەوە بۆ شۆڕش، سەرۆکی دیوانیان ئەبرد لەگەڵ خۆیان بۆ ئەوەی جێی متمانەی ئەو بازرگانانە بن.

لەم ڕوانگەیەوە هەر چالاکییەکی سیاسی و خۆپیشاندان ئەنجام بدرایە لە بارەی (السلم في الكردستان)ەوە بەشداری تەوای تێدا کردووە. تەنانەت بۆ تێکدانی ڕۆژی دروستبوونی (إتحاد الطلبة)ی (بەعسی) لەگەڵ کاک فاروق مەلا مستەفا و سەردار مستەفا مظهر و جەماوەرێکی زۆری خوێندکار، توانیان ڕێگری لەو دروستبوونە بکەن لە کۆلێژی پزیشکی بغداد، هەتا کار گەییشتە ئەوەی کە لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا دەستگیرکراو ئازاردرا، هەر بۆ مێژوو باسی ئەو گرتنە دەکەین.

پاش چەند خۆپێشاندانێک لە کۆتایی ساڵی (١٩٦١)دا، حکومەت گەییشتە تینیو بە زرێپۆش (مدرعات)کەوتە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، ئەمەش بووە هۆی کوژرانی (٧) کەس و برینداربوونی چەندەها کەس و دەستگیرکردنی سەدانیتر، کە سەرۆکی دیوان یەکێک بوو لەو دەستگیرکراوانە. دوای ئەو دەستگیرکردنە و دوای ئازاردانێکی زۆری لەش و سەری بە جۆرێک کە نیمچە بێهۆشێک ئەبێت، لەگەڵ گیراوەکانی تردا نێردرا بۆ سجنی (خلف السدة). سەرۆکی دیوانمان لە گێڕانەوەی ئەو گرتن و ئەشکەنجەدانەدا ئەڵێ: (لەوێش پاش دوو ڕۆژ، لەبەرئەوەی سجنەکە قەڵەباڵغ بوو، سەیرم کرد لەناو گیراوەکاندا کاک فاروقی مەلا مستەفای تیادایە. هەروەها کاک

عبدالله خلف یش کە ئێستا دکتۆرە. ئەم کارەساتی کوشتن و گرتنە بە نیسبەت کەسوکارمانەوە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەبوو، چونکە نەئەزانرا کە ئاخۆ گیراوین یان کوژراو، بە تایبەتی کوژراوەکان لە کاتی ڕاکردنی خۆپیشاندەراندا، ئەوەندە بەسەریاندا ڕۆیشتبوون ڕوخساریان بە شێوەیەک تێکچوو بوو، کە برادەرانی خۆشیان، کاتێ ئەچوونە مشرحە، ئەوانیش نەیان ئەناسینەوە. بەو جۆرە کار گەیشتە ئەوەی نیمچە پرسەیەکمان لە ماڵەوە بۆ دابنێن و لایەنی سیاسیش لافیتەیان ئامادە کردبوو بۆ پێشوازی تەرمەکەم، خوالێخۆش بووان باوکم و مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسول بە یەکەوە بەرەو شاری بەغداد بەڕێکەوتن، بۆ سۆراخی کوڕەکانیان، لە کاتێکدا کە باوکم لە بەغداد دەگەڕا بە شوێن چارەنووسی گرتن و نەمانم دا، باوکی کە باپیرمە، کۆچی دوایی کرد . باوکم بە هۆی گرتنی منەوە تا چەند ڕۆژێکیش دوای پرسەکە، تا چارەنووسی من دیاری کرا کە گیراوم و نەکوژراوم، ئاگادارنەکرا، باوکیشم هەتا کۆچی دوایی کرد ئەوە هەر ئازارێک بوو لە دڵیدا کە لە کاتی بەخاکسپاردن و پرسەکەی باوکیدا بە هۆی گرتنی منەوە ئامادە نەبوو. ئەم ڕاستیانە بۆیە باس ئەکەین، چونکە چەواشەکارانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی ئەڵێن، چالاکی سیاسیمان نەبووە و زیندانی نەکراوین. ئەوەش لە کاتێکدا بووە کە هەندێک لە فەرمانبەرانی ئەو ڕاگەیاندنە لەدایک نەبوون و سەرۆکی شارەوانییەکەشیان ئەو کاتە تەمەنی (٤-٥ ) ساڵ بووە، تەنانەت کەسانی نزیکمان و جیلی تازەی بنەماڵەکەمان ئەمەیان بۆ باس نەکراوە، چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمانەمان بە سەروەری دانەناوە، بەڵکو بە ئەرکی نیشتمانیمان داناوە.  نازانین ئەم درۆو قین و کینەیە غەیری درۆو گۆڕینی مێژوو و دڵڕەشی چ دەگەیەنێت و ئێستا چی ئەڵێن بە خەڵک؟. دوای تەواوکردنی کۆلیژی بازرگانیش، کاتێک لە کۆلیژی ضباتی احتیاط بووم، سەرکردایەتی شۆڕش داوای لە ژمارەیەک خوێندکارانی کۆلیژی ناوبراو کرد، بەندەش یەکێک بوو لەوانە، کە دوای وەرگرتنی پلەی ئەفسەری بچنە ڕیزی شۆڕشەوە، ئەوانیش ئامادەییان پیشان دا، بەڵام کە بەیانی (٢٩) حوزیرانی عبدالرحمن بەزاز دەرچوو، بیرۆکەکە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە وازی لێ هێنرا، یەکێکیش لەو برادەرە ناسراوانە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵما بوو، کاک نەوزاد عەنبەر بوو، کە ئێستا لە ژیاندایە. لە کاتی کەوتنە خوارەوەی عبدالسلام عارف لە فڕۆکەکەی و مردنی، ژمارەیەکی زۆرمان لەوانەی چالاکی سیاسیمان هەبوو لە کۆلیژی ضباتی احتیاط بۆ ماوەیەک حیجزکراین و دوایش براین بۆ ئەمنی عامە. لەوێ تعهدیان لێ وەرگرتین، کە هەر جموجۆڵێکی سیاسیمان هەبێ لەو ماوەی حاڵەتی طوارئە دا ، ئەوا سزاکەمان اعدام ئەبێت).

## ١٤. بڕگەی دەستگیرکردن:
دەربارەی گوایا دەستگیرکردنی سەرۆکی دیوانمان لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە سەرۆکی دیوان ڕایگەیاند، ئەم تۆمەتە لوتکەی چەواشەکاری ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانییە، جارێک نا، هەزارەها جار ڕەدی دەدەینەوە، ئەگەر بۆ چرکەیەکیش سەرۆکی دیوان بانگکرابێت بۆ ئاسایش یان دەستگیرکرابێ! بانگکردن و دەستگیرکردن ئسولیات و أوراقی خۆی هەیە. ئەگەر شارەزاییان لە یاسا و ئاسایشدا هەبوایە، دەبوو تومەت و اوراقەکان ئاشکرا بکەن، بەڵام لێیان ناگرین، ئەمە شێوازی مامەڵەی ئەمن و موخابەراتی داگیرکەرە، نەک ئاسایشی کوردی، بەڵام لێرەدا ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی ئەو وتەیەی إبن خلدون دەیان گرێتەوە، کە ئەڵێت (الضحية تقلد الجلاد).

## ١٥. دوای ڕاپەڕین:
بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، سەرۆکی دیوان ئەڵێ: دوای ڕاپەڕین پەیوەندیم پێوە کرا لەلایەن لیژنەی تەنسیقی سلێمانییەوە، کە کاک شێخ سالار حفید بەرپرس بوو لێی و لیژنەیەکمان دانا لە برادەران کاک عمر حسین، کاک علی محمد عبدالله مدیری بانق، کاک کمال إبراهیم، کاک رفیق قزاز و هەندێ لە برادەرانی تر و توانیمان دوای کشانەوەی ئیدارات لە سلێمانی، وەزعی دامودەزگاکان و موچەو کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی بەو جۆرەی کە لای هەموان ئاشکرایە بەڕێوەی بەرین، بە شێوەیەکی دارایی و ڕێکوپێک و تەنانەت کۆنترۆڵکردنی دابەشکردنی سوتەمەنی. بۆ ئەم مەبەستەش هەفتانە چەند جارێک سەردانی جەنابی مام جەلالمان دەکرد لە قەڵاچوالان، تا کار گەیشتە ئەوەی لە هەولێرەوە داوا لە هەمان لیژنە بکرێ کە ئیشەکانی هەولێریش ڕێک بخات. پاش چوونی لیژنەکە بۆ هەولێر، بە ئاگاداری بەرەی کوردستانی و بەرپرسی ئەو کاتەی هەولێر کاک کۆسرەت ڕەسوڵ علی و بەڕێزد. محمود عوسمان و برادەرانی تر، هەر لەوێ هەمان ڕێ و شوێن، کە لیژنەی سلێمانی پەیڕەوی کردبوو، گیرایە بەر و داوا لە وەفدی دهۆکیش کرا، کە لەوێ ئامادە بوون، بۆ ئاسانکردنی مووچەی فەرمانبەران و پێداویستی ئەم شارانە. زوو زوو چەند ئەندامێکی لیژنەی سلێمانی لە هاتووچۆیەکی بەردەوامدا بوون لە نێوان بەڕێز مام جەلال کە لە قەڵاچوالان و شەقلاوە بوو، هەروەها بەڕێز کاک مسعود بارزانی کە لە صلاح الدين بوو و بەرەی کوردستانی لە خەلیفان لەم هاتوچۆیانەدا ڕووبەڕووی ڕووداوی سەیارە و بەفر و باران ئەبوینەوە، کە زۆرجار نزیک بوو لە مردنەوە. لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیشدا ڕوو لە بەندە دەکرا، چونکە دەمڕاست و قسەکەری

لیژنەکە بووم. بەم جۆرە کارەکانم بەڕێوە دەبرد، کۆمەکمان کۆ دەکردەوەو دابەشمان دەکرد بۆ مووچە، هەتا حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دامەزرا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە حکومەتی یەکگرتووشدا بەندە ڕاوێژکاری دارایی و ئابووری و کارگێڕی حکومەت بووم لەگەڵ هەندێک لە برادەراندا. لەو ماوەیەشدا دەورێکی باڵام بینی لە دروستبوونەوەی زانکۆی سلێمانیدا، لەگەڵ لیژنەیەکدا کە بریتی بوو لە مامۆستا جمال عبدول و کاک نەوشیروان مستەفا و کاک رفیق قەزاز و شێخ خالد محمد خاڵ و د. محمد نادر و کاک علی محمد عبدالله. ئینجا هەر خوا و خۆمان و خەمخۆری میللەتەکەمان، لە خانەنشینێکی بێ پارەوە تا بازرگانێکی گەورە، دەزانێت بە چ جۆرێک پارەمان کۆئەکردەوە و چۆن لە ماوەیەکی قیاسیدا بەو کۆمەکە زانکۆی سلێمانیمان لە حاڵەتێکی سوتان و ڕوخان و...هتد کردەوە بەو زانکۆیەی کە ڕۆژی خۆی کرایەوە لەلایەن بەڕێز مام جەلال و ئەو وەفدە بیانیانەی لە سلێمانی بون لەو کاتەدا. سجلاتیش لە فلسێکەوە تا سەروتر بە ڕەسمی و بە ئسولی ڕێک دەخرا و بە بەردەوامی لەلایەن (رقابەی مالی) ئەو ڕۆژەوە، کە ئەمەی ئێستا نەبوو، ووردبینی دەکرا. هەموو سجلاتی حسابیش بە ڕەسمی نێردراوە بۆ زانکۆی سلێمانی، کە هێشتا لە لایان پارێزراوە.

## ١٦. لیژنەی کۆششی نەتەوەیی:

دیسان سەرۆکی دیوانمان بۆ بیرهێنانەوەی جەماوەری بە شەرەفی گەلەکەمان ئەڵێ: لە سەرەتای شەڕی ناوخۆدا لیژنەیەک دروست بوو بە ناوی (لیژنەی کۆششی نەتەوەیی)، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان: (کامیل ژیر، سالار حەفید، جەمال شاڵی، د.نهاد فاضل، بەندە، خوالێخۆشبوان ڕەفیق قەزاز و هوشیار بابان) لەو لیژنەیەشدا دەورێکی باڵامان لە نزیکردنەوەی هەردوو لایەن هەبوو. گەلێ هەوڵی ناوبژیوانیو ئامۆژگاریو چەندەها بڵاوکراوەی توندوتیژمان ئاڕاستەی هەردوولا کرد و لە سەردانێکی بەردەوامدا بووین بۆ لای بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال و مەکتەبی سیاسی هەردوولا. هەندێ جاریش کار دەگەیشتە ئەوەی هەردوو لایەنەکە دەسەڵاتی تەواویان پێ ئەدایــن بۆ بنبڕکردنی شەڕەکە، بەڵام هۆکاری تر ڕیسەکەی ئەکردینەوە بە خوری. لێرەشدا زۆر بە تەواضوعەوە دەیڵێم، کە بەندە دەمڕاستی لیژنەکە بووم، چونکە ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان پێ دابووم کە زۆر بە توندی لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی هەردوولا قسەم دەکرد. نامانەوێت زۆر لەسەر ئەم بابەتە بڕۆین، چونکە لە کتێبی (کوردایەتی و سەربەخۆیی)، کە مامۆستا کامیل ژیر نووسیویەتی هەندێ لەم بابەتانە، هەروەها دەوری بەندە و بڵاوکراوەکانی تیادایە،

ئەگەر كەسێک بیەوێ سۆراخی زیاتری بكات. ئێمە نەمان ئەویست لە دەرگای ئەم یادەوەریانە بدەین، بەڵام ناچاركراین كە باسی بكەین، بۆ ئەوەی بڵێین یەكێک ئەم دەورانەی دیبێ، دەبێت بۆچی لە ئاساییشی خۆمان گیرابێت ئەی چەواشەكارانی مێژوو؟ لەگەڵ ئەوەشدا نایەڵین ئەم درۆیە هەروا بە ئاسانی تێپەڕێت، ئەیكەین بە خاڵێكی داواكاریمان لە دادگا لەگەڵ خاڵەكانی تردا كە دەست نیشانمان كردون.

## ١٧. بڕگەی مووچە:

ڕاگەیاندنی شارەوانی لە بڵاوكراوەكەیاندا باس لە موچە و پلەی وەزیری دەكەن. بە نیسبەت مووچەوە، سەرۆكی دیوان ڕای دەگەیەنێت كە وەزیفە لای ئەو خزمەتە و مێژووە، نەک مووچەی بەرز و ئیمتیازات و ناونیشان، هەروەها ئەڵێ: لە چاوپێكەوتنێكی پێشترماندا لەگەڵ كوردستانی نوێ، ئەوەمان ڕوونكردۆتەوەو لە وەڵامی دیوانماندا لە (٢٠٠٦/٨/٣١) دا جارێكی تر بڵاومان كردۆتەوە، كە بە ویستی خۆمان نەمان ویستووە، نە ببین بە بریكاری وەزارەتی دارایی و نە بەسەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی. لای هەموانیش ئاشكرایە چۆن ئەو دوو پۆستەمان درایە، هەروەها ئەمانەوێت ڕوونی بكەینەوە، كە سەرۆكی دیوان تەنها و تەنها موچەكەی وەردەگرێ، بەبێ ئەوەی هیچ ئیمتیازاتێكی دەرەوەی موچەی هەبێت بەپێی سجلاتو ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستدایە. لەبەر ئەوەی كە وتوتانە سەرفیاتی تر هیچ سەرفیاتێكی تری تایبەتمان نییە، بەڵام كە موچە بەپێی یاسا دەستنیشان كراوە لە كارگوزارێكەوە بەرەو سەروتر دەگرێتەوە. لەبەرئەوە ئەو موچەیە زۆر بێت یان كەم بە ئیمتیاز دانانرێ، بەڵام هەر بۆ ئەوەی بزانرێ ئاستی چەواشەكارییەكانیان گەییشتۆتە چ ڕادەیەک، سەرۆكی دیوان ئەڵێ: ئەمانەوێت ئەمانە ڕوون بكەینەوە، كە لەلای خەڵک ئاشكرا نییە. لەسەر موچەی بریكاریمان لە وەزارەتی دارایی و ئابووریو كاتی سەرۆكایەتی دیوانمان :

١. كاتێک كە بڕیارەكانی سەرۆكایەتی هەرێم (١٥ بڕیارەكە) لە (٢٠٠١/٤/٢١) دەرچوو، یەكێک لەو بڕیارانە كە بووە هۆی دیاریكردن و كەمكردنەوەی موچەی ڕاوێژكار و بەڕێوەبەری گشتی و شارەزا، لەو كاتەدا كە بریكاری وەزارەت بووین ئەم یاداشتەمان پێشكەش كرد لە (٢٠٠١/٥/٢٠)، كە وێنەكەی هاوپێچە و بۆ كەمكردنەوەی موچەی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیر و بریكار، بەڵام بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر یاداشتەكەمان (١٠٠٠) دیناری لە كۆی موچەكەی خۆی كەمكردەوە كە (٧٥٠٠ ) دیناری سویسری بوو، بەڵام وەزیر و بریكاری وەک خۆی هێشتەوە.

٢. کاتێک بووین بە سەرۆکی دیوان، بەپێی نووسراومان (٣٤٠٧/٦/١ لە ٢٠٠٢/١٢/١)، واتە هەر دوای نزیکی کەمتر لە یەک مانگ لە دەستبەکاربوونمان، ڕاستەوخۆ بەپێی نووسراوی ئاماژەبۆکراو کە لێرەدا وێنەکەی بڵاوکراوەتەوە، داوامان کرد کە موچەکەمان بە شێوەی شخصی لە (٦٥٠٠ ) دینارەوە کەم بکرێتەوە بۆ بڕی (٤٠٠٠) دینار، واتە (٢٥٠٠) دیناری سویسری کەم بکرێتەوە.

٣. کاتێک کە موچەی وەزیرەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی حوکم، کە ژمارەکەی (٩٥) لە (٢٠٠٣/١١/١٠)، هەروەها نووسراوی وەزارەتی دارایی بغداد، مووچەی هەموو وەزیرەکان گۆڕا بەو بڕانەی کە ئاشکرایە. هەرچەندە لە بغداد و ئیدارەی هەولێر بڕیارەکە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ کرا، بەڵام لە ئیدارەی سلێمانی لە (٢٠٠٤/١٠/١٧)دا جێبەجێکرا، واتە دوای نزیکەی ساڵێک.

٤. دوای ئەوەی هەندێ لە برادەرە وەزیرەکان سەردانی جەنابی مام جەلالیان کردبوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە لە سلێمانی، بەڕێز مام جەلالیش فەرمانی دا بە وەزارەتی دارایی کە بۆ ئیدارەی سلێمانیش بە هەمان شێوە جێبەجێ بکرێ، بەڵام بەڕێز کاک عمر فتاح کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (ئیدارەی پێشوو) بوو داوای لە بەڕێز وەزیری دارایی کردبوو کە پشتگیری سەرۆکی دیوان وەربگیرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، بەڵام کاتێ بەڕێز وەزیری دارایی لە (٢٠٠٤/٨/١٤) بۆ وەرگرتنی ئەو پشتگیرییە سەردانی دیوانمانی کرد، سەرۆکی دیوان پێی ڕاگەیاند کە ئێمە نە بە نووسین و نە بەزارەکی ئەو پشتگیرییە ناکەین. هەر بۆیە کارەکە نەکراو دواکەوت و لە پرسیارێکی وەزیری داراییدا بۆ سەرۆکی دیوانی چاودێریی، کە بۆچی پشتگیری ناکەن، پێی ڕاگەیاند لەبەرئەوەی ئەم زیادکردنە خۆشم دەگرێتەوە، بۆیە پشتگیری لێ ناکەین، لەبەرئەوە بەڕێز کاک عمر فتاح کارەکەی ڕاگرت هەتا جارێکی تر لە (٢٠٠٤/١٠/١٦)دا هەمان ئەو برا وەزیرانە چوونەوە بۆ لای جەنابی مام جەلال و پێیان ڕاگەیاند کە بڕیاری زیادکردنی مووچەکان جێبەجێ نەکراوە، بە هۆی سەرۆکی دیوانەوە. ئەمجارەیان جەنابی مام جەلال بە وەزیری دارایی ڕاگەیاندبوو کە کارەکە جێبەجێ بکات، بەم جۆرە مووچەی وەزیرەکان جێبەجێکرا، هەروەها پلەکانی خوارتریش. هەر بۆ مێژووش، پاش دەرچوونی بڕیارەکە پەراوێزی سەرۆکی دیوان لەسەر دەقی فەرمانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٦٩١) لە ٢٠٠٤/١٠/١٧) تۆمار ئەکەین، پاش گەییشتنی نووسراوەکەی بە سەرۆکایەتی دیوان بۆ زیادکردنی مووچەی وەزیرەکان، نووسیوویەتی: [دیوان: بۆ کاری پێویست، هەرچەندە بە ئاگاداری شیخ بایز لە (٢٠٠٤/٨/١٤) وە تأخیرم کرد، بەڵام دواجار هەر بوو بە واقع، چونکە لە بغداد و هەولێر لە (٢٠٠٣/٩/١)وە تنفيذ کراوە، بە ڕای

بەندە پارەیەکی زۆرە، پێویست بوو نەکرێت، بەڵام أولیاتم لایە چۆن کرا. بەهەر حاڵ (حالنا حال الناس)].

٥. لیژنەی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کاروباری حکومەت، کە بە سەرۆکایەتی کاک نەشیروان مستەفا و کاک عمر فتاح و بەڕێزان وەزیری دارایی و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاژە و سەرۆکی دیوانمان بوو، یەکێک لە بابەتەکان کە باسی لێوە کرا، پێش یەکگرتنەوە، کەمکردنەوەی مووچەی وەزیرەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خوارەوەی مووچەی فەرمانبەران بوو، بەڵام پاش یەکگرتنەوەی هەدوو ئیدارە سەرۆکی دیوان ئاگاداری کاک (عمر فتاح)ی کرد (کە هەروەکو لە چاوپێکەوتنی سەرۆکی دیوان لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ باسی کردووە) کەمکردنەوەی موچەی پلە باڵاکان و بەرزکردنەوەی موچەی ئاستەکانی خوارەوە بخاتە ئەولەویاتی کارەکانی لە هەولێر، بە ئاگاداری هەموولایەک، بە تایبەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری، هەموو جەژنانەیەک کە لە جەژنەکاندا دراوە بە وەزیرەکان بە ملیۆن و نیو و زیاتر کە نێردراوە بۆ سەرۆکی دیوان وەرینەگرتووە و گەڕاندویەتییەوە، چونکە ئەو جەژنانەیە تەنها بۆ وەزیر و بریکارەکان بووە و ئاستەکانی خوارتری لێ بێبەشکراوە. تەنانەت ئەو جەژنانانەی کە ئێستا لە مەرکەزەوە دەدرێت و قابیلی گەڕانەوە نییە و بۆ هەموو ئاستەکانە بە ئاگاداری نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان وەردەگیرێت، بەڵام دەدرێت بە کارمەندانی نوسینگەی سەرۆکی دیوان، ئایا کەسێک ئەمە هەڵوێستی بێت لەسەر پارە و موڵک و ماڵی خۆی و لەسەر وەرنەگرتنی پۆست، بۆی نییە بڵێت وەزیفە لای ئێمە خزمەتە و مێژوو؟ ئەی بە ئەقڵی چەواشەکاریتان یەکێکی تر لە حکومەتدا شک ئەبەن ئەمەی کردبێت لەگەڵ ڕێزی زۆرمان بۆیان. بەو جۆرە ویستمان هەموو درۆ و بوختان و تەشهیرکردنەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی بۆ هەموو لایەک ڕوون بکەینەوە، ئەمانەوێت ئەوە بە ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی بڵێین، کە سەرۆکی دیوان بەو شێوانەی باسکرا، بەشێکە لەو حکومەتە کوردییەی کە پێویستە وەک بیلبیلەی چاومان بیپارێزین، ئەگەرچی لەوە ناچێ لای ئێوە ئەم مەسەلەیە حسابێکی بۆ کرابێ، هەروەها سەرۆکی دیوانمان جێگەی متمانەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەت بووە، ئایا بۆی هەیە ئەو(طعن)ە لە سەرۆکی دیوان بدات کە ئەو طعنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنانەی متمانەیان پێ داوە؟. هەر لە بارەی مووچەوە کە ئێوە ئەڵێن (ئەگەر خێرخوازی ئەتوانی هەر مانگێک دۆنمێک بکڕیتەوە بیکەی بە کاری خێرخوازی). لە وەڵامدا ئەڵێین: ئەرێ کێ ئێوەی کردووە بە کوێخا و موختار و ڕێپیشاندەری کاری چاکە و خێرخوازی و بەخشینی

سیفەتی نیشتمانپەروەری؟. ئاخۆ لەو بارەیەوە ، پەڕۆیەکتان لە خۆتان دادڕیوە!؟.

ئەمانەویت داستانێک هەیە لەسەر هەڵوێستی سەرۆکی دیوان لە ماوەیەکی (حرج) (ناسکی) یەکێتیدا باسی لێوە بکەین، کە زۆرجار جەنابی مام جەلال باسی لێوە کردووە و دوای بەسەرچوونی ئەو ماوەیە بۆ سوپاسی سەرۆکی دیوان، هەردوو بەڕێزان کاک مولازم عمر و کاک فریدون عبدالقادری نارد بۆ لای و داواشی لە پارێزگاری سلێمانی کرد، کە بە شێوەی ڕەسمی سەردان و سوپاسی بکات، دوایش جەنابی مام جەلال بۆ هەمان مەبەست تەشریفی هێنا بۆ ماڵی سەرۆکی دیوان، بەڵام ئەو داستانە باسی ناکەین با سەرۆکی شارەوانی خۆی لە جەنابی مام جەلال بپرسێت کە ئەو داستانە چییە؟. لە کۆتاییدا دەڵێین ڕاگەیاندنە چەواشەکارییەکەی شارەوانی سلێمانی ویستی لە دیوانی چاودێریی دارایی و کەسایەتی سەرۆکی دیوان کەم بکاتەوە، بەڵام پاش ئیفلاس و پەنابردن بۆ بواری شەخصی ، دەرکەوت دیوانی چاودێریی چی یە و سەرۆکی دیوانی چاودێریی کێیە و سەرۆکی شارەوانیش چییە و کێیە؟؟ پاش ئەو لێکۆڵینەوانەی داوامان کردوە لە بەڕێز کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت بە نووسراوای ژمارە (٣٣٣) لە (٢٠٠٦/٩/١٤) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە پێی نووسراومان (٣٣٣) لە (٢٠٠٦/٩/١٤) ئەوسا زیاتر ڕاستییەکان دەردەکەون.

سەرۆکی دیوانمان ئەوەش ڕادەگەیەنێ و ئەڵێ: لە هەموو تەمەنمدا ئەوەی کە کردوومە، بە ویستی خۆم و بە هەستی نەتەوایەتیم بووە، ئەگینا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئینتمام نەبووە بۆ هیچ حیزبێک لە کوردستان و لە عێراقیشدا. هەر وتەیەک بەرامبەرمان بوترێت بە دڵنیاییەوە وەڵامی ئەدەینەوە، تا بزانین ئەم چەواشەکارییە ئەگاتە کوێ و ئەوسا داواکانمان لە دادگا تۆمار ئەکەین. هیوادارین کە ئەمە دوا وەڵاممان بێت و هەموولایەکیش ئەوە بزانێت، کە سەرۆکی دیوانمان خزمەتکرنی ئەم نەتەوە و قەوارە سیاسییە کوردییە، کە خەونی باو و باپیرانمان بووە، بە کارو ئەرکێکی مەبدەئی خۆی ئەزانێت، بە ڕادەیەک سەری خۆی لە پێناودا ببەخشێت. بۆیە هەمیشە بە ئەوپەڕی بوێرییەوە بەرەنگاری گەندەڵکاران و چەواشەکاران ئەبێتەوەو لەو پێناوەشدا دەربەستی ماڵ و گیانی خۆی نییە. ڕەنگە خراپ نەبێت بپرسین: ئایا ئەوانەی سەرۆکی دیوانمان کردوویەتی، وەک بەخشینی خانوو، زەوی، داوای کەمکردنەوەی مووچە، وەرنەگرتنی جەژنانەی حکومەت و قبوڵ نەکردنی حمایەی تایبەت، چ لە کاتی بریکاری وەزارەتدا و چ لە کاتی ئێستادا...هتد کێی تر لە بەرپرسانی حکومی و حیزبی، لەگەڵ ڕێزمان بۆیان، ئەمانەی کردووە؟.

لە کۆتاییدا ئەمانەوێت بە کورتی ئاماژە بە دوو مەسەلەی گرنگ بدەین:

یەکەم: داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین، کە لە وەڵامەکەماندا ناچارکراین کەمێک بە درێژی باسی هەندێک لایەنی سیاسی و شەخسی سەرۆکی دیوان بکەین، ئەمەش تەنیا بە مەبەستی وەڵامدانەوەی تومەت و چەواشەکارییەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی بوو، ئەگینا سەرۆکی دیوان خۆی نە پێشتر ئەم مەسەلانەی بۆ نزیکترین هاوڕێیانی باسکردووە، نە بەنیازیش بووە لە دەرگای ئەم بیرەوەرییانە بدات، چونکە ئەوەی کردوویەتی، وەک ئەرکێک بووە بەرامبەر بە خاک و نەتەوەی خۆی.

دووەم: سەرۆکی دیوانمان، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ داوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندامی هیچ حزبێکی کوردستانی، یان عێراقی نەبووە، هەر پلە و پایەیەکی گرنگی وەزیفی پێ درابێت لەسەر داوای خۆی نەبووە و لە ژێر گوشاری بەڕێزان جەنابی مام جەلال، کاک کۆسرەت و کاک دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح بووە، هەروەک سەرۆکی دیوان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٦) دا بە دوورودرێژی باسی چۆنییەتی وەرگرتنی هەردوو پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی و پۆستی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی کردووە. لەو چاوپێکەوتنەدا، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەکەدا کە (ئەو شتانە چین کە تۆ ڕقت لێیان دەبێتەوە) ئەڵێ: (ئەو شتانەی ڕقمان لێی ئەبێتەوە: چاوبڕینە موڵک و ماڵی خەڵک و حکومەت، دزی، خۆ بەزلزانین، نۆکەری و ماستاوکردن بۆ سەروو، زەوتکردنی موڵک و ماڵی خەڵک و حکومەت لەژێر پەردەی دەسەڵاتدا) . لەو باوەڕەوە سەرۆکی دیوان شانازی بە کەسایەتی خۆیەوە ئەکات، بە تایبەتیش ڕۆژێک لە ڕۆژان قبوڵی نەکردووە سەر بە هیچ کەسێک و تەکەتول و کوتلەیەک بێت. ئەمەیش بەشێکە لە نەریتی باوک و باپیرانی کە بۆی ماوەتەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە دەزگای چاودێریی دارایی و سروشتی کارەکەیەوە هەبێت ئەوەیە، لای ئێمە ژمارە ئەدوێ، یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت ئەدوێن. بە واتایەکی تر، دیوانی چاودێریی دارایی تەنیا وتەنیا پشت بە بەڵگە و ژمارە و یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت ئەبەستێ و لە کارەکانیدا ئەوپەڕی بێلایەنی و مەوضوعییەت و سەربەخۆبوون پەیڕەوئەکات. جگە لەوەی کە دووریشە لە حیزبایەتیەوە. بۆیە دەڵێین، ڕاگەیاندنی چەواشەکارانەی شارەوانی سلێمانی ویستی بەم درۆ و دەلەسانەی، کە برگە بە برگە وەڵاممان دانەوە، لە دیوانی چاودێریی دارایی و کەسایەتی سەرۆکی دیوان کەم بکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی (پەتی درۆ کورتە) ئەوا دوا حوکم بۆ نەوەی ئیمرۆ و سبەینێ، لە خوێنەران و ڕەشوڕووتی نەتەوەکەمان و بۆ مێژوو بەجێ دەهێڵین. کەواتە سەرۆکی دیوان بە مافی خۆی ئەزانێ کە بڵێت وەزیفە لای ئێمە خزمەتە و مێژوو، نەک ناونیشانی بەرز و موچەی

زۆر و ئیمتیازات، کە خۆی لە هەرسێکیان پاراستووە، بە مافی خۆشی ئەزانێت کە بڵێت: هەموو سەرۆکێکی دیوانی چاودێریی دارایی دەبێت نەزیهی موتڵەق و عادیلی موتڵەق و نەترسی موتڵەق بێت. لە دوا وتەشماندا دەڵێین: نیشتمان دایکە و هەرچی بۆ بکەین کەمە، بە مەرجێک هیچ نەدرێتەوە بە چاویدا. لە ڕاستیشدا خەبات‌و قوربانییەکانی ئەم نەتەوەیە زۆرن و ئەشێ بەشێکیان پێشمەرگایەتی بووبێ. با وانەیەک لە قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران وەرگرین.

## ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی
## ٢٠٠٦/١١/٢٣

**وێنەیەک بۆ:**

• بەڕێز جەنابی مام جەلال: لەگەڵ ڕێز و سوپاسمان بۆ گرنگیدانتان بەم کێشەیەو پشتگیریکردنتان بۆ دیوانی چاودێریی و سەرۆکایەتی دیوانمان. ئێمەش لای خۆمانەوە باشترین پشتگیری بەوە ئەزانین، کە بەڕێزتان وەک سەرۆک کۆمارو سکرتێری گشتی‌و مافناس و دڵسۆزێکی گەورە فەرمانبدەن بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران‌و سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، کە بە زووترین کات لیژنەی لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای ڕاستییەکان دا پێک بهێنن، تاکو چەواشەکار و گوناهبار لەم کێشەیەدا دەربکەوێت، هەروەها سەرۆکی دیوانمان پێخۆشحاڵی خۆی ڕادەگەیەنێ بەرامبەر ئەوەی کە بەڕێزتان یەک دوو جار داوای بینینیتان کردووە، بەڵام بە هۆی سەرقاڵی بەڕێزتانەوە ئەو بینینە دواخرا تاوەکو لە کاتێکی تردا ئەو دیدارە ئەنجام بدرێت‌و سەرۆکی دیوانمان ڕوونکردنەوەی تەواو لە سەر موهاتەراتەکانی شارەوانی بدات و لەپاشانیشدا داوا لە بەڕێزتان بکات کە بیبەخشن لە پۆستی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، هەروەها سەرۆکی دیوانمان ئەڵێ: ئەم داواکارییەم هیچ پەیوەندییەکی بەم کێشەیەوە نییە، بەڵکو ئەمە خواستی زووترمان بووە، هەر لەو کاتەوە کە بریکاری وەزارەتی دارایی بووم و دواتریش کە پۆستی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییم پێ سپێردرا، هەمان داخوازیمان دووبارە کردۆتەوە لە ڕێگای کابینەکەی بەڕێز دکتۆر بەرهەمەوە، ئەو کاتەش کە وەزعی دارایی حکومەت وەک ئێستا نەبوو وتمان مووچەی خانەنشینییەکەمان ئەبەخشین بە دەزگای شەهیدان. ئەمەوێ بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم، کە دوای خانەنشینبوونمان هەمیشە و هەتا لەتوانامدا بێت ئامادەئەبین بۆ هەر خزمەتێکی ئەم گەل و نیشتمانە، دوور لە وەزیفە و بەبێ هیچ بەرامبەرێک، چونکە لای بەندەی موخلیستان نیشتمان دایکە و

ئەرکی ڕۆڵەکانییەتی کە خزمەتی بکەن. دەشمانەوێت ئەوە بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین کە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی تاکە فەرمانگەیە کە لە مێژووی دیوانماندا بۆتە هۆی ئەوەی دەنگمان دەربێ و دیوانەکەمان لە نەریتی چەند ساڵەی خۆی دەربچێتو هەندێک لە کارەکانمان بکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، سەرباری ئەوەی وا بۆ ماوەی شەش مانگ زیاترە ئەم موهاتەراتە درێژەی هەیە، بێ ئەوەی هیچ بەرپرسێکی حکومی یان حیزبی لە بەرامبەریدا هەڵوێستێکی وەک هەڵوێستەکانی بەڕێزتان وەربگرێت، کە لە سلێمانی و بەغداشەوە متابەعەی ئەم کێشەیەتان کردووە، وەک ئاگادارکراین بە هەموو سەرقاڵیتانەوە...نوێنەرتان پێوەی خەریکن و جێی تەقدیرو سوپاسمانە.

لەگەڵ ڕێزماندا ..

• سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ دووپاتی نووسراومان ژمارە (٣٣٣) ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/١٤) دەکەینەوە و هیوادارین چەند ئەندامێکی پەرلەمان بۆ هەمان مەبەست بنێرن.

لەگەڵ ڕێزماندا...

• بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان/ بۆ هەمان مەبەست و دووپاتی نووسراومان ژمارە (٣١٠) ڕۆژی (٢٠٠٦/٨/٣١) دەکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا...

• سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ بۆ هەمان مەبەست و دووپاتی نوسراومان ژمارە(٣١٠) لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٨/٣١) دەکەینەوە..

لەگەڵ ڕێزماندا...

• بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)/ بۆ هەمان مەبەست، هیوادارین بەڕێزتان لەوە زیاتر، بەرامبەر ئەم کێشەیە، تەنیا سەیرکەر نەبن و لای خۆتانەوە کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ کۆتاییهێنان بە موهاتەراتی کەسانێک کە لە پەنای (ی.ن.ک) دا ئەیانەوێ لە بایەخی دەزگایەکی وەک دیوانمان کەم بکەنەوە. ڕوونە لای بەڕێزتان، کە گەندەڵی لە ئەنجامی هەبوونی دەسەڵات و نەبوونی لێپرسینەوەوە دروست ئەبێت [(الفساد= السلطة+حرية التصرف- عدم المسائلة (المحاسبة)] لە بەرامبەریشدا

ئاستو ئەرکەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لای بەڕێزتان ئاشکرایە، بەپێی یاساش پارێزراوە. جگە لەمەش دووپاتی نوسراومان ژمارە(٣٢٥) لە(٢٠٠٦/٩/٥)دەکەینەوە کە ئاراستەی جەنابی مام جەلال و بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیو جێگری سەرۆکی حکومەت کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم کێشە و موهاتەراتەی بەرەو ڕووی دیوانی چاودێریی کراوەتەوە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی دەستپێشخەرو بەرپرس لەم کێشەیە. دووپاتی ئەکەینەوە کە شارەوانی سلێمانی، لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردووە، تاکە فەرمانگەیە (بە شێوەیەکی شاز) لە مێژووی دیوانماندا لەناو (٤٣٥) وەزارەت و دامودەزگا لەگەڵ (٢٨٥) ڕێکخراو، کە بووە هۆی ئەوەی دەنگی دیوان بگاتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان. هەر لەبەرئەمە، بە هۆی ئەو چەواشەکاری و بوختان و تەشهیرانەی کرایە سەر سەرۆکایەتیمان، بە هەقی یاسایی خۆمانی دەزانین سەرۆکی شارەوانی و ڕاگەیاندنەکەی بەم نزیکانە بدەین بە دادگا.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

- وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری دارایی.
- وەزارەتی داد .
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە .
- وەزارەتی ناوخۆ .
- دەزگاو دامەزراوە حکومی و حیزبییەکان .

**بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.**

- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی .
- دەزگای زانیاری .

**دوای خوێندنەوەی ئەم نووسراوە، تکامان وایە ئەگەر هەر ئاگاداری و زانیاری و ئەوەلیاتێکتان لایە لە بارەی بانگکردن یان دەستگیرکردنی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ چرکەساتێکیش بوو بێت لاتان، سوپاستان ئەکەین ئەگەر بۆ ڕای گشتی بڵاوبکەنەوە. لەگەڵ ڕێزدا**

- ڕێکخراو و کۆمەڵە و سەندیکاپیشەیی و جەماوەرییەکان .
- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن .

بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا ..

مشروع - تربية الاسماك في بكرجو - ٥٩٢٤

قائمة مخصصات منتسبي المشروع من شهر اذار ١٩٩٤ ولغاية شهر تشرين الاول

| ت | الاسم | اذار المبلغ | نيسان المبلغ | مايس المبلغ | حزيران المبلغ | تموز المبلغ | آب المبلغ | ايلول المبلغ | تشرين الاول المبلغ | المجموع | التوقيع | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | شيروان مهدي عزيز | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٦٥٠ | [illegible] | | |
| ٢- | هيوا عمر رسول | — | — | — | — | ١٠٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٦٥٠ | [illegible] | | |
| ٣- | هيوا رشيد شوانه | — | — | — | — | — | — | — | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٠ | | |
| | | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ١٥٠٠ | ٢٥٠٠ | ٣٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٤١٥٠ | ١٩١٥٠ | فقط تسعة عشر الف ومائة وخمسون دينار | |

الملاحظات / ١- تم تمديد مخصصات كل من السيدين شيروان مهدي وهيوا عمر بموجب الكتاب المرقم ٥ والمؤرخ في ١٩٩٤/٨/١١

٢- تم قبول طلب اعفاء السيد شيروان مهدي من عضوية المشروع بموجب الكتاب المرقم ٦ والمؤرخ في ١٩٩٤/١٠/١٤

٣- عين السيد هيوا رشيد شوانه مهندساً متفرغاً للمشروع بموجب الكتاب المرقم ٦ والمؤرخ في ١٩٩٤/١٠/١٤

٤- حدد مخصصات السيد هيوا رشيد شوانه مبلغ ٢٠٠٠ دينار شهرياً / فقط ألفا دينار اعتباراً من ١٩٩٤/١٠/١ بموجب الكتاب المرقم ٧

١٤٦١١

حکومەتی کوردستان
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی
نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان

ژمارە: ١/٦/١ ٢٩٠٧
بەروار: ١/١٢/٢٠٠٢
بەرامبەر: ١/ ... /٢٧٠٢ک

٧٢

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نووسینگەی تایبەت

ب / مووچە

هاوپێچ ئەو مذکرەیەتان بۆ دەنێرین کە کاتی خۆی بەرز کراوەتەوە بۆ بەڕێزتان . بەڵام جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تەنها مووچەکەی خۆی بە بڕی (١٠٠٠ ) دیناری کەم کردوە بەڵام وەزیر و بریکارەکان هەر وەکو خۆی ماوەتەوە بە بێ دەستکاری . هەر بۆ ئەوەی بەندەش لە خۆیەوە دەست پێ بکات پێمان باشە مووچەکەمان دیاری بکرێت لە بڕی (٦٥٠٠ ) دینار بۆ بڕی (٤٠٠٠)دینار بە مەرجێك ئەم کەم کردنەوەیە تەنها تایبەت بێت بە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی ئێستا . وە سەرۆکی دیوانی داهاتوو نەگرێتەوە .

لەگەڵ ڕێزماندا....

جلال عمر سام ئاغا
سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی
٢٠٠٢/١٢/

وێنەیەك بۆ /
بۆ فایلی تایبەت .

بەفتاز ٢٠٠٢/١٢/١

١٥٦١

| | |
|---|---|
| IRAQI KURDISTAN REGION<br>MINISTRY OF FINANCIAL & ECONOMY | حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>وەزارەتی دارایی و ئابووری<br>نوسینگەی بریکاری وەزیر |
| No. :<br>Date : / / 2000 | ژمارە : ٧٤<br>بەروار / / ٢٠٠٠ |

بۆ بەڕێز /

جەنابی وەزیری دارایی

دوای سڵاو ..

پێم باشە پێشنیارێک بخەمە بەردەم بەڕێزتان ئەویش ئەوەیە، بۆ ئەوەی عەدالەتێکی یەکسانی هەبێت لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمدا، وە بۆ ئەوەی کەس گلەیی لە قسەی مسؤولین نەکات، کە دەڵێن لە (خۆمانەوە دەست پێ دەکەین) ئەویش ئەوەیە کە بڕێک پارە لە مووچەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان و بریکارەکان دابشکێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ١٠٠٠ دینار
وەزیرە بەڕێزەکان ٧٥٠ "
بریکارەکان ٥٠٠ "

یان بەو بڕانەی کە بەڕێزتان بەباشی دەزانن، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەم پێشنیارەم بە بەڕێزی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن کرد وە پێشم ڕاگەیاند کە دەرەکی دیوانی چاودێری داراییشم وەرگرتوە لەم بارەیەوە. لەگەڵ ڕێزمدا.

جلال عمر سام آغا
بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری
٢٠٠١/٥/٢٠

## ڕوونکردنەوەی پێنجەمی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر قسەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی(١٠)

جارێکی تر ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی، لە ڕێگەی کۆمەڵێک بوختان و درۆوە، کە لە ڕۆژنامەی بەڕێزی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە، پەلاماری دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکی دیوانمان ئەداتەوە، دیسان مەسەلەکان بە ئاقارێکی شەخسیدا ئەبات، بەم کارەش ناچارمان ئەکات وەڵام بدەینەوە. خوێنەرانی بەڕێز... ئاگادارن کە لەوەتەی شارەوانی سلێمانی ئەم شەڕەی لە دژی ئێمە ڕاگەیاندووە، ئێمە بەردەوام بە (بەڵگە و ئامار)... درۆکانیانمان پوچەڵ کردۆتەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ڕاگەیاندنی شارەوانی شەرم لە درۆکانی بکات و داوای لێبوردن هەرنەبێت لە خوێنەران بکات، بە ئیسرارەوە درۆ و بوختانە پوچەڵکراوەکان ئەجوێتەوە و تازە ئەکاتەوە، لەمەش زیاتر هەموو جارێ لە کارخانەی درۆ و بوختانەکانیان کۆمەڵێک درۆی تر بۆ دیوان و سەرۆکەکەی دروست ئەکەن. بە ڕاستی ئەمەیە شێوازی گۆبلزیانە، کە ئەڵێ: درۆ بکە، درۆ بکە، تا ئەو کاتەی بڕوا ئەکەن. ئێمە پێش ئەوەی وەڵامی درۆ تازەکانی شارەوانی بدەینەوە، بە کورتی ئاماژە بە چەند درۆیەکی پێشوویان ئەدەین، کە لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێشتر بە بەڵگە وەڵاممان داونەتەوە، کەچی ئەمان لە دوا وەڵامیاندا دیسانەوە ئەیڵێنەوە:

١. ئێمە لە ڕوونکردنەوەکانی پێشووماندا، بە بەڵگەوە وەڵامی دوو زەویەکەی سەرۆکی دیوان، هەروەها مەسەلەی حەوزەکەی فلورەنسامان داوەتەوە، کەچی بۆ جاری چەندهەم هەمان کای کۆن بە با ئەکەنەوە (بڕوانە هاوڵاتی ژمارە/٣٠٦ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٧).

٢. ئێمە ئەڵێین سەرۆکی دیوانمان لەبەر ململانێی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی، بە باشی زانی کە وەڵامەکەمان دوابخەین، تا وەک ئەڵێن: هیچ لایەک نان و پیازی پێوە نەخوات، لە هەمان کاتدا ناوی سێ کەسایەتی سیاسی ناودار ئەبەین (کاک

---

(١٠) ئەم ڕوونکردنەوەیە:
- لە ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (٣٤٧) لە (٢٠٠٧/١/٢٣) دەقی ڕوونکردنەوەکە بەتەواوەتی بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە(٥٤ لە ٢٠٠٧/١/٣٠)بڵاوکراوەتەوە.

سەلاحودین موهتەدی، کاک یوسف زۆزانی و کاک مەلا یاسین)، کە بە نوێنەرایەتی بەڕێز مام جەلال، جگە لە کەسانی تری دڵسۆز چووبوونە لای سەرۆکی دیوانمان‌و داوای دواخستنی وەڵامەکەیان کردبوو لەبەر هەمان هۆ. کەچی لەگەڵ ئەم بەڵگانەشدا، ڕاگەیاندنی چەواشەکاری شارەوانی لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٠٦)دا ئەنووسێ: نەخێر وەڵامەکەی لەبەرئەوە دواکەوتووە، چونکە دیوانی چاودێریی دوو دەستەی ناردووە بۆ کێومالکردنی بەشەکانی شارەوانیمان، تا شتێک بدۆزێتەوەو وەڵامی پێ بداتەوە.

لە وەڵامی ناردنی ئەم دوو دەستەیەدا ئەڵێین: هەردوو فەرمانی دیوانیمان ژمارە (١٩٦٣/١/٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/٣) و ژمارە (٢٠٥٣/١/٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/١٤) بۆ مەبەستی پێداچوونەوە و وردبینیکردنی کارەکانی ئامێرەکان و ئەو زەوییانە بوون کە بەکرێدراون بە شێوەی (مساطحە) بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، ئیتر ئەوە چ پەیوەندییەکی بە مشتومڕەکانی ساڵی (٢٠٠٦)ەوە هەیە!؟ هەروەها دووپاتی ئەکەینەوە، ناردنی ئەم دەستانەش لەسەر چەندین جار داواکردنی شارەوانی و کارەکانی دیوانمان بووە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە لەم وەڵامەماندا هیچ بابەتێکمان لەوانە باسنەکردووە کە ئەو دەستانەی بۆ نێردراون، خۆ ئەگەر وابوایە دەمان توانی چەند خاڵێک لەوانە بوروژێنین، کەواتە لەمەشدا هەڵەبوون برایانی هۆشیاری شارەوانی!!

سەیر لەوەدایە شارەوانی خۆی ئەنجامی کارەکانی دەستەکان ئاشکرا دەکات، گوایە (بێ ئەوەی تێبینی یان هەڵەیەکی یاسایی یان ئیختیلاس) بدۆزنەوە نەخێر و سەدجار نەخێر دەستەکان، چەندین تێبینی و هەڵە و سەرپێچی یاساییان لەسەر شارەوانی تۆمار کردووە، شارەوانیش ئەم ڕاستیە زۆر چاک دەزانێت!!

داواکارین ڕاگەیاندنی شارەوانی بێتەوە هۆش خۆی، بپرسێ باشە کە ئێوە ئەنجامی کارەکانمانتان نەدیوە! چۆن ئەم ئیدیعایە دەکەن، ناهەقمان نییە بڵێین ئێوە هەمیشە ئاوا بێ بەڵگە و بنەما قسە دەکەن!!

ڕاگەیاندنی شارەوانی دەڵێ: گوایە سەرۆکی دیوانمان ئیستغلالی پلەی خۆی کردووە، بۆیە لە دادگا داوا تۆمار ئەکەن. ئەگەر ڕاست ئەکەن بفەرموون داوا لە دادگا تۆمار بکەن، چونکە ئەم وەڵامەتان نیشانەیە بۆ ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریتان! فەرموون تەنها یەک برگە یان یەک وشە بدۆزنەوە لە وەڵامەکەدا، کە ئاماژەی کردبێت بە ئەنجامی کاری یەکێک لەو دەستانە؟؟ ناحەقتان نییە لە ڕۆژنامەدا وا قسە بکەن.. ئەگەر ئەمە درۆیەک و چەواشەکاریەکی ڕوون و شاخدار نەبێت، پێمان بڵێن ئەرێ ئەی چی بە درۆ و چەواشەکاری دائەنێن... تەنها بۆ دڵنیایی خوێنەر دەڵێین لە ئەنجامی کاری ئەو دەستانەدا چەندین لادان و سەرپێچی یاسایی لەسەر موڵکو

ماڵی حکومەت تۆمارکراوە، کە بەرپرس تیایدا شارەوانییە!! ڕاپۆرتەکە شاهیدە کە دراوە بە وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی وەزیران بۆ لێکۆڵینەوە!! دەربارەی ڕاپۆرتی ژمارە (٣٣٨)ی (٢٠٠١/١٠/٢٧)، هەروەک لە بەروارەکەیدا دیارە، نێردراوە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی، کە ئەوە ئەرکی شارەوانییە وەڵامی بداتەوە، سەرباری ئەوەی بەشێکی ئەو ڕاپۆرتە پەیوەندی بە ستافی دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەوە هەیە، بۆ نموونە ئەم بڕگانە تۆمار دەکەین:

## ڤاڵفۆی ژمارە (١٥١٧)

- بە داواکاری ژمارە (٤٩٢٨) لە (٢٠٠٠/١١/١) بە مستندی دەرچووی گەنجینە ژمارە (١١٤١٦٢) لە (٢٠٠٠/١١/٢) (٢) تایەی قەبارە (١٢٠٠×٢٠) بەم ژمارانەی خوارەوە بۆ دەرچووە:

١. ٣٣٠٦١٦٧٢٠١٦ .
٢. ٣٣٦٢٦٣٣٦٣٣٠١٥ .

- بە داواکاری ژمارە (٥٢٨٩) لە (٢٠٠٠/١٢/٩) بە مستندی دەرچووی گەنجینە ژمارە (١٢٤٤٠٧) لە (٢٠٠٠/١٢/٩) (٢) تایەی قەبارە (١٢٠٠×٢٠) بەم ژمارانەی خوارەوە بۆ دەرچووە:

١. TL0003CN8444
٢. ٩٩٠٢٢٧٥٠٣١ .

- بە داواکاری ژمارە (٣١) لە (٢٠٠١/١/٣) بە مستندی دەرچووی گەنجینە ژمارە (١٢٥٤٨٢) لە (٢٠٠١/٢/١) (١) تایەی قەبارە (١٢٠٠×٢٠) بەم ژمارانەی خوارەوە بۆ دەرچووە:

١. ٩٩٠٢٢٨٥١٠١٧.
٢. TL0003AK1433

- بە دەرچووی گەنجینە ژمارە (١٢٥٤٨) لە (٢٠٠١/٢/١) (٢) تایەی قەبارە (١٢٠٠×٢٠) بەم ژمارانەی خوارەوە بۆ دەرچووە:

١. ٩٩٠٢٢٨٥١٠١٧ .
٢. TL0003AK1433

- بە دەرچووی گەنجینە ژمارە (١٢٤٧٢٥) لە (٢٠٠١/٢/٤) (١) تایەی قەبارە (١٢٠٠×٢٠) بەم ژمارانەی خوارەوە بۆ دەرچووە:

١. ٩٩٦٢١٠٥١٠٢٤.

• بە داواکاری ژمارە (٢٧٦) لە (٢٠٠١/٣/١) و بە مستندی دەرچووی گەنجینە ژمارە (١٣٧٩٠١) لە (٢٠٠١/٣/١٠) (٢) تایەی قەبارە (١٢٠٠ × ٢٠) بەم ژمارانە:

١. L0020062405

٢. ٠٠٢٥٠٦٢٣٣١ .

• بە داواکاری ژمارە (٨٣٣) لە (٢٠٠١/٤/٢٨) بە مستندی دەرچووی گەنجینە ژمارە (١٤١٤٦٢) لە (٢٠٠١/٤/٢٨) (٢) تایەی قەبارە (١٢٠٠ × ٢٠) دەرچووە بەم ژمارانەی خوارەوە:

١. ١٢٢١٢٠٠٠ – ١٨٢١٠٠١٦ .

٢. ٩١١١٦٢٨ – ٠٢٠٤٢٠٠١ .

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، بەپێی ئەو کۆنووسەی کە ڕێکخراوە لە (٢٠٠١/١٠/١٦) لەسەر داوای دەستەکەمان بۆ هاوتاکردنی ژمارەی سەر ئەو تایانەی کە وەرگیراوە لە ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) لەگەڵ ژمارەی سەر ئەو تایانەی کە بە فیعلی لەژێر ئۆتۆمبێلی ئاماژە بۆکراودایە دەرکەوت، کە تەنها یەک تایەی هاوتایە:

١. TL0003AK1433

٢. TL0003CN8444

٣. ٩٠٦٢٤١٨٣ .

٤. ٩٠٧٠٤٠٨٨ .

٥. ٣٣٠٦١٦٧٢٠١٦ .

٦. ٩١١١٦٢٨١ – ٠٢٠٤٢٠٠١ .

٧. ١٢٢١٢٠٠٠ – ٩١٠٠٠١٢٨ .

٨. ٠٦٠٦١١٣٤٠٤٣ .

٩. ٩٩٠٢٢٠٥١٠١٧ .

١٠. ٠٠٢٥٠٦٢٤٠٥ .

ئایا ئەم سەرنجانە پەیوەندی بە شارەوانی دوای ستافی هەڵبژێردراوی شارەوانییەوە نییە؟؟!! ئایا ئەم برگانە، کە ئەکەونە دوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، ناکەونە ماوەی کاری ستافی هەڵبژێردراوی شارەوانییەوە؟؟!! ئایا شارەوانی بەرپرس نییە لە یەکلاییکردنەوەی! تەنانەت ئەوەی پێش ستافی هەڵبژێردراوی شارەوانیش!؟ دیارە وەها لە بەرپرسیارێتی تێئەگەن.

٣. ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی دەڵێت: لە ئاست دزیی گەورەکاندا دەممان بەستراوە، دەمانەوێت بۆ ئەم بوختانە ڕای بگەیەنین، هەروەک پێشتر ڕامان گەیاندووە

کە نەترسانە بەرامبەر هەر حاڵەتێک، کە وردبینی کرابێت، نووسیومانە و هیچ دەستمان نەپاراستووە لە هیچ پلە و ئاستێک، بەڵگەشمان ئەوەیە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەندێک جار سەرووتریش ئاگادارن... زۆر جاریش لیژنە لەسەر ئاستی باڵاتر دروستکراوە بۆ ئەو کێشانەی لە ڕاپۆرتەکانماندا وروژێنراون و ئەو لایەنەی ئاگادارە کە ئایا لەسەر کێشەی گەورەمان نووسیوە یان نا؟ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران... لایەنی پەیوەندیدارە نەک شارەوانی.

٤. سەرۆکی دیوانمان هەرگیز بە گاڵتەوە لە ملیوان چڵکنی و پێشمەرگایەتی نەڕوانیوە، وەک لە وەڵامەکەی شارەوانیدا هاتووە، بەڵکو ئێمە ئەوە بە گاڵتەجاڕی ئەزانین کە کەسێک ئیستغلالی ملیوان چڵکنییەک بکات بۆ ئەوەی بەرۆکی بەڕێز مام جەلالی پێ بگرێ تا کۆشکێکی (١٥٣٠) مەتری عەجایبی پێ دروست بکات!! بەڵێ ئەوەیە گاڵتەجاڕی و ئەوەیە گەندەڵی، ئەوەش هیچ پاساوێک نییە، کە گوایە ئەو زەوییە موڵکی یەکێتیی بووە و بەخشیویەتی بەو، لەبەر ئەم هۆیانە:

أ - ئایا یەکێتی هەمان ئەو مەساحە زەوییەی لەناو جەرگەی شاردا بەخشیوە بە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتییەکەی، یا بە هەموو ئەوانەی ملیوانی کراسەکانیان چڵکن بووە!؟

ب - ئایا ئەو زەوییە خۆی لە خۆیدا موڵکی میللەت نییە!؟

٥. ئێوە کە سەری قسە و بنی قسەتان دوو زەوییەکەی سەرۆکی دیوانمانە، کە بە هەردووکیان (٦٥٠) مەتر دووجایە، واتە(٨٨٠) مەتر کەمترە لە زەوی کۆشکەکەی سەرۆکی شارەوانی) و سەرۆکی دیوانمان بە پارەی حەڵاڵی خۆی یەکەمیانی کردووە بە خانوو، هەروەها چوار ساڵ لەمەوبەر بەخشیویەتی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، زەوییەکەی تریشیان وەک هەموو ئەندامەکانی تری ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی ئەو کاتە بە یاسایی وەریگرتووە، ئەمەشی بە ڕەسمی و بەپێی کۆنووسێک، کە لە دیوانی چاودێریی لیژنەی بۆ دانراوە، بەخشیویەتی بۆ خزمەتی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی، بۆ ئەو مەبەستەی کە لە ڕوونکردنەوەی پێشوومانداً هێمامان بۆ کردووە. ئیتر چۆن لە ڕووتان دێت پاساو بۆ ئەو زەوییە و کۆشکە مفتەی سەرۆکی شارەوانی ئەهێننەوە!؟ بەڵێ ئەمەیە جیاوازی نێوان سەرۆکی دیوانمان و سەرۆکی شارەوانی!!

٦. زەوییەکەی سەرۆکی دیوانمان نە بە بڕیارێکی تایبەتی مەجلسی قیادەی سەورە وەرگیراوە، نە بە بڕیارێکی تایبەتی مەجلسی قیادەی سەورە عەفوکراوە لە رسومات، وەک ئێوە نووسیوتانە و ئەتانەوێ خەڵکی پێ چەواشە بکەن.

سەرۆکی دیوانمان ئەو زەوییەی لە (جمعية كردستان التعاونية لاسكان منتسبي

الدوائر الحكومية في السليمانية المحدودة) وەرگرتووە بەرامبەر (٢٢،٥٠٠) دینار (تەنها بیست و دوو دینار و پێنج سەد فلس)ی ئەو ڕۆژە، وەک فەرمانبەرێک و وەک ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە، کە نزیکەی (٥٠٠) پارچە زەوی لە گردەکەی سەرچنار دابەشکرد بەسەر ئەندامەکانیدا، لەو ئەندامانە: (محمود مەلا عزت، محمد صادق مەلا حبیب، سەردار غنی شاڵی، بابا علی أحمد شێخ حسین بەرزەنجی، جمیل نظام الدین جلال، سهیله جمیل عیسی، دکتور کمال عبدالله ناجی، دکتور أحمد کمال عبدالله شاڵی، هونەرمەند سمکۆ عزیز فرج، ئەندازیار سیروان عارف أمین، ئەندازیار فؤاد ابراهیم قادر، پارێزەر کامل نظام الدین جلال، جەلالی عومەری سام ئاغا، حاکم کمال مصطفی قادر، خوالێخۆشبوو خەسرەو مصطفی خاڵ..... هتد، کە هەموویان فەرمانبەر یا کرێکاری فەرمانگەکان بوون، ئینجا ئەو بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورەیەش بۆ عەفوکردن لە رسومات نە بە تایبەتی بۆ سەرۆکی دیوانمان بووە و نە بۆ ئەو فەرمانبەر و کرێکارانە بووە، بەڵکو بڕیارەکەساڵی (١٩٧٢) دەرچووە، واتا دوای یازدەی ئازار بۆ هەموو ئەو زەویانەی گردەکەی سەرچنار، کە ساڵی (١٩٧٥) دابەش کرا بەسەر ئەندامەکانیدا، بە زەوییەکەی سەرۆکی دیوانیشمانەوە، واتە سێ ساڵ دوای ئەو بڕیارەی مەجلیسی قیادەی سەورەیە، ئەم بڕیارە بۆ وەجبەی یەکەم (٤٣٦) کەسی لەو بەڕێزانە گرتۆتەوە لە قطعةی ژمارە (٢٥٠) لە مقاطعەی (٨) ئابلاخ لە شارۆچکەی سەرچنار، ژمارەی زەوی سەرۆکی دیوان (١٨٧/٢٥٠)، واتا (١٨٦) فەرمانبەر پێش ئەو و (٢٤٩) فەرمانبەر دوای سەرۆکی دیوان مەشمول بوون بەو ئیعفاکردنە، کە پارەکەشی تەنیا دینارێک و سەد و بیست و پێنج فلس بووە؟؟!! لەبەر ئەم مەسەلەیە بەڕێوەبەری دائیرەیەک لە دۆخێکی پاشاگەردانی و لەنێو زەلکاوی گەندەڵییەوە داوا دەکات سەرۆکی دیوانمان دەست لەکار بکێشێتەوە؟ هەر لەبەر ئەم هۆیە ئەوەلیاتی ئەم (٤٣٦) ناوە لەگەڵ بڕیارەکەی مەجلیسی قیادەی سەورە ئەنێرین بۆ مەکتەبی سیاسی بەڕێز، بۆ ئەوەی بزانن سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی و ڕاگەیاندنە درۆزنەکەی گەییشتوونەتە چ ئاستێک... لە هەمان کاتدا ئەم ئەوەلیاتانەو بڕیارەکەی مەجلیسی قیادەی سەورە دەنێرین بۆ دادگا، تا دووبارەکردنەوەی بوختانە کۆنەکانیان و بوختانە نوێیەکانیشیان بۆ دەعوای دووەم لەسەر سەرۆکی شارەوانیو ڕاگەیاندنەکەی تەسجیل بکەین.

وا لەگەڵ ڕوونکردنەوەکەدا بڕیارەکەی مەجلیسی قیادەی سەورە هاوپێچە.

پاش ئەو ڕوونکردنەوانە، کە نووسیومانە لە بابەت مەجلیسی قیادەی سەورەو بڕیارەکەیەوە، ئەمانەوێت دوو شت بڵێین:

یەکەمیان: ئەم درۆ و دەلەسانەی...هتد کە ئێوە ئەیکەن بە تەواوی خۆی لە درۆو

دەلەسەی ئەو ئەمن و موخابەراتەدا ئەبینێتەوە کە سەر بە ئەو مەجلیسی قیادەی سەورەیە بوون، چونکە ئێمە نەدەبوو لە حوکمی نیشتمانی خۆماندا ئەو رەفتارانە ببینین، هەروەکو لە ڕوونکردنەوەی پێشوماندا وتمان (ابن خلدون) ئەڵێت: (الضحية تقلد الجلاد)، واتا: (قوربانی لاسایی جەلادەکە ئەکاتەوە) ..

دووەمیان : پرسیارێکی گرنگ ئەکەین، ئایا هیچ حکومەتێک کە حیزبێکی دەسەڵاتدار پێکیهێنابێ، قبوڵی دەکرد ئەندامێکی سەرکردایەتییەکەی بۆ ماوەی هەشت مانگ هێرش و بوختان بکاتە سەر دەزگایەکی خۆی، کە بەپێی یاسا پارێزراوە و بێ ئەوەی لێی بپرسیتەوە؟

ئایا ئاوا (سەروەری قانون) دابین ئەکەین؟ ئایا بەم جۆرە موڵک و ماڵی میللەت ئەپارێزرێت لە دز و درۆزن و گەندەڵ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ هەموو کەس و خوێندەوارێکی بەشەرەفی گەلەکەمان بەجێ دەهێڵین. هەرچەندە مەسەلەی مەجلیسی قیادەی سەورە پەیوەندی بە کارەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام وەک بیرخستنەوە خراپ نییە بپرسین: ئایا هەموو ئەو بەرێزانەی لەو لیستەدا ناویان هاتووە (کە ژمارەیان (٤٣٦) فەرمانبەرە عەیبدار بوون؟).

تا کەی بە قسەی زل و قەبە و بەکارهێنانی وشە لە جێی نەشیاو و نەگونجاودا لە نموونەی ڕژێم، مجلس القيادة الثورة (پێشمەرگەی دێرین) (کە لەسەر سەری هەموو میللەتن)..... خەڵک چەواشە ئەکەن و گەندەڵییەکانتانی پێ دائەپۆشن، ئەتانەوێت بەو وشانە لە بابەتە موضوعییەکە دەربچن. جارێکی تر تأکید ئەکەینەوە، ئەتانەوێ لەم ڕێگایەوە گەندەڵی شارەوانیتان بشارنەوە، کە بریتی بوون لە:

أ. سزادانی (٢٢) فەرمانبەر لە شارەوانییەکەتان.

ب. ڕەوانەکردنی دوو فەرمانبەر بۆ دادگا و هەڵوەشاندنەوەی چەندین بەش، هەمووشی بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە هۆی ئەو دوو ڕاپۆرتەی دیوانمانەوە، کە لە ڕێگای لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان کران، بە جۆرێک کە لە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمیشدا تەنیا دوو دەزگا لەسەر گەندەڵی و دزی و لادانی یاسایی ئەم اجراءاتانەی لەگەڵ کرا، کە ئێوە یەکێکیان بوون... ئێستا ئەتانەوێت ئەوانە لەبیر خەڵک بەرنەوە و بە درۆ و دەلەسەو ئەو وشە قەبانە سارێژی برینی قوڵی ئیداریتان بکەن؟ ئێستا ئەتانەوێت بەم درۆ و دەلەسە و بوختانانە، کە هەشتەمین جارە و بە هەشت ڕوونکردنەوە پەنای بۆ ئەبەن، خۆڵ بکەنە چاوی خەڵک!! ئەم کارەتان بۆتە مایەی گاڵتەجاڕی لەناو خەڵکدا، بۆتە پرسیارێک لەلایەن میللەتەوە، کە تاکەی حکومەت و حیزب ئەم درۆ و بوختانانەتان لێ قبوڵ ئەکەن؟!

٧. ڕاگەیاندنی شارەوانی داوا دەکات ناوی ئەو فەرمانبەرە ئاشکرا بکەین، کە شارەوانی ویستوویەتی بەکاری بهێنێ بۆ سیخوڕیکردن (جاسوسی) بەسەر دیوانمانەوە بەرامبەر بە ملیۆنێک دینار، ئەڵێین: ئێمە وەک ڕەفتارێکی ئەخلاقی ناوی ئەو فەرمانبەرەی شارەوانیمان نەخستە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، بەڵکو ئێمە ئەو کێشەیەمان داوەتە دادگا بە ناوی فەرمانبەرەکەشەوە، ئەو فەرمانبەرەشتان، وەک خۆتان ئەزانن، هەر ئەو فەرمانبەرەیە کە بە نووسراوەکەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧)ی ڕۆژی(٢٠٠٥/١/١١) داواتان لێ کراوە لە شارەوانی نەمێنێ!! بۆیە بە نووسراوی ڕەسمی داوا ئەکەین لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە بۆچی تا ئێستا ئەو فەرمانبەرە هەر ماوەتەوە و لانەبراوە، چونکە سەرۆکایەتی شارەوانی بەرپرسە لەوەی دوای (٢) ساڵ، کە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی جێبەجێ نەکردووە !! ئەمەش سەرپێچیەکی تری شارەوانییە. ئینجا ئەگەر جاسوسیکردن لەسەر دیوانی چاودێریی (درۆیەکی شاخدار)، بێ وەک نووسیوتانە، ئەی ئەو هەموو زانیارییانەی ترتان چۆن دەستکەوتووە کە لە وەڵامەکەتاندا نووسیوتانە!؟ دیارە ئەمەش بڕگەیەکی تر ئەبێ، کە ئێوە لەسەری دەدرێنە دادگا، چونکە ئەو زانیارییانە، ئەگەرچی هیچ بایەخێکیشیان نییە، بەڵام ئەوانە لە نهێنییەکانی دیوانن و ناشێ بڵاوبکرێنەوە، بۆیە ئەبێ لە دادگا ناوی ئەو فەرمانبەرە ئاشکرا بکەن، تا ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا بکرێ.

٨. لە بارەی ئەو ئیدیعا و درۆیەی کە گوایە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی ویستوویانە موزاهەرە دژی سەرۆکی دیوانمان بکەن و بۆ شکایەتکردن چوونەتە مەڵبەندی یەکێتی، ئەڵێین: ژمارەی فەرمانبەرانی دیوانمان (٢٢٧) کەسە، ئایا ئەگەر لەنێو ئەو هەموو فەرمانبەرانەدا تەنیا هەشت کەس چووبن بۆ مەڵبەند، ئەمە پێی ئەڵێن خۆپیشاندان؟! ڕاستە تەنیا هەشت فەرمانبەر چوون بۆ مەڵبەند، چونکە ئەم فەرمانبەرانە بەبێ ڕەزامەندی دیوانمان چووبوون ناوی خۆیان لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردندا تۆمارکردبوو، تا بۆ کاری هەڵبژاردن دابنرێن، ئێمە کە زانیمان لەپشت ئێمەوە ئەم کارەیان کردووە، داوامان لە کۆمیسیۆنی باڵا کرد کە ناوەکانیان بسڕنەوە، ئەم فەرمانبەرانە ڕوویان کردە مەڵبەند بۆ ئەوەی داوامان لێ بکەن، تا ناوەکانیان نەسڕێتەوە.

بەڵام کاتێک مەڵبەند.. زانی ئەمانە بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دیوان ئەم کارەیان کردووە، نەک هەر وەڵامیان نەدانەوە، بەڵکو داوایان لە سەرۆکی دیوان کرد کە سزایان بدات، بەڵام ئێمە هیچ سزایەکمان نەدان و لێپرسینەوەشمان لەگەڵ نەکردن، چونکە پێمان وابوو کە ئەم کارەیان لە نەزانینەوە بوو، ئەبێ ئەوەش بڵێین کە چەندان

فەرمانبەری دیوانمان، کە بە ڕێگای ئوسوڵی ناوی خۆیان لەلای کۆمیسیۆنی باڵا تۆمار کردبوو، بەشداری ئەو کارەیان کرد. ئیتر خۆپیشاندانی چی هەی بوختانکەرانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی!؟

٩. دەربارەی هەندێ لەو ڕاپۆرتە گرنگانەی لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانمانەوە نێردراوە بۆ بەڕێز جێگری پێشووی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئاگاداری و ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوو بووە، چونکە ویستوویانە ئاگاداری کاروباری وەزارەت و دەزگاکانی حکومەت بن.. ئایا ئەمە پێی ئەڵێن ڕیشوە و خۆبردنەپێش وەک ئێوە ئەیلێن؟ سەرۆکی دیوان دەڵێت: ئەوەی ئێمە ریشوەی ئەدەینێ و بە هۆیەوە خۆمانی پێ پێش ئەخەین نە لەدایک بووە و نە لەدایکیش ئەبێت.

١٠. دەربارەی ئەو یارمەتیانەی، کە وەرگیراون لە جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروان و هەردوو سەرۆکی حکومەت د.بەرهەم و کاک عومەر فتاح و ئیدارەی گشتی لە ڕێگای کاک دلێر سید مجید، ئەمانەوێت بڵێین: بەڵێ زۆر ڕاستە هەموو ئەم یارمەتیانە بۆ پێویستی کارمەندان وەرگیراوە لە نەخۆشی کوشندەوە تا یارمەتی دروستکردنی خانوو. ئێمە ئەم کارە بە کارێکی زۆر جوامێرانە ئەزانین، کە هەر بەرپرسێک لە هەر ئاستێکدا بێت، وەکو شوانێک ئاگای لە فەرمانبەرانی خۆی بێتو هەست بە هەست و نەستیان بکات و ئاگای لێیان بێت. ئەم کۆمەکانە بە ڕەسمی نێردراون و بە ڕەسمی و بە چەک دراون بە فەرمانبەرەکان، چ لە ئەنجومەنی وەزیران یان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، هەمووشی بە ڕێگای یاسایی و ژمێریاریو ئیداری دا ڕۆیشتووە. سەرۆکی دیوان تەنها موافەقەت وەرگرتنەکەی لەئەستۆ گرتووە و دواتر خۆیان وەریان گرتووە. هەموو ئەو کەسانە ناویان لە لیستی تایبەتدا هەیە کە دەیان نێرین بۆ دادگا پاش دەعوای دووەم، بەڵام ئەڵێین (ئەمە کارێکی جوامێرانە و شەرەفمەندانەیە بۆ هەر بەرپرسێک کە بۆ فەرمانبەرانی ئەمە بکات)، نەک وەک ئێوە کۆمەک کۆبکاتەوە بۆ دروستکردنی کۆشک و تەلار بۆ خۆی.. لە بابەت ئەوەی کە سەرۆکی دیوان بەشێکی ئەو کۆمەکەی بۆ خۆی بردبێت، جارێکی تر دووپاتی ئەکەینەوە کە ئەمە بوختانێکی ئەوپەری بێویژدانانەیە. ئەوانەی ئەم کارە بێ ڕەوشتییە ئەکەن لە شارەکەماندا ناسراون. سەرۆکی دیوان دووپاتی ئەکاتەوە، ئەوەی کۆمەک بۆ فەرمانبەرانی وەربگرێ و بەشێکی بۆ خۆی لابدات، نەک هەر خۆی، بەڵکو باووباپیرانیشی بەدڕەوشتە، ئەوەی سەرۆکی دیوانمان و بنەماڵەکەی بناسێت لە فەرمانبەرانمان و خەڵکی ڕەسەنی شار دەزانێ، کە ئەم کارە دووره (لەوان)ەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە و ئەو فەرمانبەرانە و ئێوە و دادگا.

١١. چەند جارێک سەرۆکی دیوان بڵاویکردۆتەوە کە وەزیفەی نەویستووە، بەڵام ئێستا بە ڕەسمی داوای دەست لە کارکێشانەوەی لە جەنابی مام جەلال کردووە، دوای بێئومێدبوونی لە قبوڵکردنی داواکارییەکانی پێشووی.
سەرۆکی شارەوانی و ڕاگەیاندنە درۆزن و چەواشەکارەکەی دڵیان بەمە خۆش نەبێت، ئەگەر سەرۆکی دیوانمان لەسەر کار لاچوو بەو مانایەی کە ئیتر لەدەست دادگا ڕزگاریان ئەبێ، بە پێچەوانەوە ئەوسا سەرۆکی دیوان دەستی واڵا و ئازاد ئەبێت بۆ ئەوەی خۆی تەرخان بکات تا باجی ئەو درۆ و بوختانانەتان لە دادگا بدەن.
١٢. لە بارەی ئەو زەوی و کەرەستەی خانووکردنانەوە کە بۆ فەرمانبەرەکانی دیوانی چاودێرییمان وەرگیراون، ئەڵێین: مافی هەموو فەرمانگە و سەرۆکی فەرمانگەیەکە هەوڵ بدات زەوی و کەرەستەی خانوو بۆ فەرمانبەرەکانی وەربگرێ، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانیان، ئینجا مەسئەلەی ئەوەی ئەو زەویانە بەپێی خاڵ دابەش نەکراون، وەک ئێوە نووسیوتانە، ئەڵێین: ئەو زەوییانە بەپێی خاڵ دابەشکراون، بەپێی تایبەتمەندێتی دیوانمان و لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتییەوە و بەپێی ڕەزامەندی و دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو زەویانە تەرخان کراون، ئاشکراشە ئەم تایبەتمەندییە لە کوردستان و عێراقدا تەنها بۆ فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی داراییە، تەنانەت هەندێ ئیمتیازاتی تریشیان هەیە، وەک دەرماڵەی چاودێریی و مەترسی، کە تایبەتە تەنها بە فەرمانبەرانی دیوان، چونکە ئەم فەرمانبەرانە ڕووبەڕووی مەترسی ئەبنەوە. گرنگ ئەوەیە سەرۆکی دیوانمان خۆی سوودمەندنەبووە لەو زەوی و کەرەستەی خانوو و پارانەی بە ڕەسمی بۆ ئەو مەبەستە وەرگیراون، نەک وەک سەرۆکی شارەوانی کە (١٥٣٠) مەتردووجا، هەروەها کۆمەک و یارمەتی، لە موڵکی ئەو میللەتە وەرگرتبێ بۆ خۆی، هەر بە هۆی ئەم چەواشەکاری و بوختان و تەشهیر و درۆیانەوە ناچاربووین کە هەموو سەرەتاکانی لێکۆڵینەوەکان و ڕوونکردنەوەکان و چەندین بەڵگەنامەی نهێنی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بنێرین بۆ ئاگاداری و بەدواداچوونی تا وەک ئەرشیفێک بۆ مێژووی شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستاندا بمێنێتەوە .

**ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٧/١/٢٢**

**وێنەیەک بۆ/**
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ بفەرموون هاوپێچ هەموو سەرەتاکانی

لێکۆڵینەوەکان و ڕوونکردنەوەکان و بەڵگەنامەکان دەنێرین بۆ بەڕێزتان تاوەکو بەدواداچوون و کاری پێویستی بۆ بکرێت / لەگەڵ ڕێزماندا ....

• سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم/ دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣٩٨) لە(٢٠٠٦/١١/٢٣) بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزماندا...

• ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)/ دوابەدوای ڕوونکردنەوەمان/ لەگەڵ وێنەیەک لە لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە زەویان پێ دراوە (وەکو وەجبەی یەکەم کە ژمارەیان (٤٣٦) کەسە) لەلایەن کۆمەڵەی هەرەوەزی کوردستانەوە لە هەردوو قطعةی(٢٥٠) و (٢٤٨) لە مقاطعەی (٨)ی/ ئابلاخ، هەروەها وێنەیەک لە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە ژمارە (٢٣٤) لە (١٩٧٢/٤/١٨) کە ڕەسمی تاپۆی ئەو زەوییانە (٥٪) بۆ قطعةی (٢٥٠)کان، بڕی (١,١٢٥) دینار (تەنها یەک دینار و سەدو بیست و پێنج فلس) بووە، ئایا درۆ و تەشهیر و بوختان لەمە گەورەتر دەکرێت، ئێمە لە سەدەی بیست و یەک داین، لە هەمان کاتدا وێنەی سەرۆکی دیوانمان لەسەر نووسراوێکی ڕەسمی دابنێن، کە بۆ وەزارەت و دامودەزگاکان نێردراوە و داوای دەست لەکارکێشانەوەی لێ بکات (لەبەرئەوەی لەگەڵ سەدانی تردا بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە) لە رسوماتی تاپۆ عەفوکراون .

بەڕێزان:

١. ئایا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی هەڵبژێردراو بۆی هەیە دەست بخاتە دەسەڵاتی بەڕێز سکرتێری گشتی (ی.ن.ک)، کە (١٠٠٠٠) دۆلار (تەنها دە هەزار دۆلار)ی داوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی کوشندەی فەرمانبەرێکی ئافرەت لە دیوانمان، کە لە ئەڵمانیا چارەسەری بۆ کراوە؟!

٢. ئایا سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو بۆی هەیە دەست بخاتە دەسەڵاتی بەڕێز جێگری پێشووی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) (کاک نەوشیروان مستەفا)، کە یارمەتی چەند فەرمانبەرێکی کەم دەرامەتی دیوانی داوە؟!

٣. ئایا سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو بۆی هەیە دەست بخاتە دەسەڵاتی هەردوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بەڕێزان (د.بەرهەم و کاک عمر فتاح)، کە هاوکاری هەندێ فەرمانبەری دیوانمانی کردووە بە ڕەسمی و لەبەر پێویستیان؟!

٤. ئایا سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو بۆی هەیە دەست بخاتە دەسەڵاتی ئیدارەی گشتی(ی.ن.ک)، کە لە ڕێگای کاک (دلێری سید مجید)ەوە چ بە کەرەسە، چ بە پارە یارمەتی هەندێ لە فەرمانبەرانی کەم دەرامەتی دیوانی داوە، بە شێوەی

ئسوڵی خانوویان دروست کردووە؟! لە کاتێکدا ئەم بەرپرسانە و جێگایانە کۆمەکی سەرۆکی شارەوانیان کردووە و هاوکاریان کردووە وەک خۆی دەڵێت، بەڵام ئەم کۆمەکانە بۆ خۆی ڕەوایە لەو پلەی بەرپرسیارێتیەدایە، کەچی بە ناڕەوای دەزانێ بۆ فەرمانبەرێکی کەم دەرامەت؟!

٥. ئایا سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو ئەتوانێت بەبێ بەڵگە سەرۆکی دیوان بەوە تاوانبار بکات، کە گوایە لەم هاوکاریانە سوودمەند بووە، لە کاتێکدا لە ڕوونکردنەوەکەدا باسمان کردووە، کە ئەو یارمەتیانە چۆن وەرگیراون. هەموو ئەم کارمەندانەش ئەگەر پێویست بێت دێنە دادگا بۆ وەرگرتنی شەهادەیان؟!

٦. ئایا سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو بۆی هەیە کە پلەکەی (مدیر)ە حیجز بخاتە سەر موڵکی خانووی سەرۆکی دیوان کە چوار ساڵە بەخشراوە بە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ ئەو زەوییەی کە بۆ سودی فەرمانبەران بەخشراوە بە دیوانی چاودێریی دارایی، هەروەک لە ڕوونکردنەوەی پێشووماندا باسمان لێوە کردووە. ئەم کارە نایاساییە تەنها لە حیقدێکی شخصییەوە و لە وەزعێکی پاشاگەردانیدا کە بۆ خۆی گونجاندووە ئەکرێت، ئێمە لە ڕێگای دادگاوە ئەو حیجزەی پێ لادەبەین، چونکە سەرۆکی دیوان و جێگر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان حەصانەیان هەیە و هیچ تعقیباتێکی قانونی بەرامبەریان ناکرێت، تەنها لە ڕێگای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەبێت، ئەویش بەپێی بڕگەی (١٥) لە سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی(١٩٩٩)؟!

٧. ئایا سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو، پاش ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشی گشتی لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا ژمارە (٤٧) لە (٢٠٠٦/١٢/١٥)، کە تیایدا تأکیدکراوەتەوە لەوەی سەرۆکی دیوانمان بۆ چرکەیەکیش لە ئاسایش بەندنەکراوە بۆی هەیە دواتر لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵێت بە تأکید گیراوە، ئێمەش لە دادگا بە تأکید داوای ئەو تأکیدەی لێ ئەکەین، چونکە ئێمەش بە تأکیدەوە ئەڵێین‌و بەرپرسیارین بەرامبەر ئەم تأکیدکردنەوەیەشمان، کە سەرۆکی دیوان بۆ چرکە ساتێکیش، نەک نەگیراوە، تەنانەت بانگیش نەکراوە؟!

٨. ئایا سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراو، بۆی هەیە جاسوسی بکات بەسەر دیوانمانەوە، کە ئێمە دەزگایەکی حکومی نیشتمانین، هەروەکو لە دادگا داوامان تۆمار کردووە و ئێستا ئەو بەڵگەنامانەی بڵاوی کردونەتەوە بەڵگەی ئەو جاسوسیکردنەیە کە لە دەعوای دووەماندا بۆ جاری دووەم تۆمارمان کردۆتەوە؟!

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی: سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و ڕاگەیاندنە چەواشەکارییەکەی بەو هەموو گەندەڵییانەی هەیانە و لامانە، ئەڵێن: تا

خاوەن ماڵ دزی گرت.. دز خاوەن ماڵی گرت، دیارە بەلای شارەوانییەوە دزەکە دیوانو سەرۆکەکەیەتی و خاوەن ماڵیش شارەوانییە!! ئێمە هیچ ناڵێین، وەڵامەکەی بۆ ویژدانی ئێوە و خەڵکی بەشەرەفی شاری سلێمانی و دادگا جێ ئەهێڵین.

دوا پرسیار: بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئایا ئەشێت ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیی هەموو سنورێکی هەست بە مەسئولیەتکردن ببەزێنێ و بەم شێوەیە درۆ و بوختان بکات، هەموو جارێکیش بە بەڵگەوە درۆ و بوختانەکانی پوچەڵ بکرێتەوە، کەچی وەک نەبای دیبێ و نەباران درۆکان دووبارە بکاتەوە و کۆمەڵێ درۆی تازەشی بخاتە سەر و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، کە دۆستو دوژمن و ناحەز و هاوڕێ و خوێنەر و بیسەر و وردودرشتی کوردستانی لێ ئاگادارن؟! ئایا ئەم کارانەی ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەیکات، کاردانەوەی خراپی بۆ سەر حکومەت و خودی یەکێتیی نیشتمانیی نابێت؟! هیوادارین بۆ حورمەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتەکەمان ئەمە دوا وەڵاممان بێت.. هەر بەم بۆنەیەوە پێمان باشە وەکو سەرۆکی دیوان ئەڵێ: (ئێمە دژی هەموو تێکدەرو بەکرێگیراوێکین، کە بارودۆخی سیاسی و ئاسایش و ئازادیی کوردستانمان بشێوێنێ و دەسکەوتەکانی گەلی کورد و دیموکراسی و سەروەرییەکانی هەرێمە خۆشەویستەکەمان بخاتە مەترسییەوە، لەسەر ئەم بۆچوونەمان نووسینمان هەیە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، بەڵام ئایا جەماوەری حەقخوازی گەلەکەمان، کە لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتن و لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامە و میدیاکان نارەزایی و داواکارییەکانیان دەردەبڕن، ناحەقیانە کە گلەیمان لێ بکەن و زیزبین و دووربکەونەوە لێمان، کاتێ هەڵسوکەوتی ئەم بەرپرسانەی حکومەت بەم جۆرە دەبینن؟!)... هیوادارین هەموو وەڵامەکانی پێشوومان، کە بە بەڵگەوە بوختان و درۆکانی ڕاگەیاندنی شارەوانیمان پوچەڵکردۆتەوە، ببێتە دەرسو عیبرەتێک بۆ هەرکەس و لایەنێک، کە بیەوێ سوکایەتی بە دەزگاکانی حکومەت بکات. ئەمانەوێت لەبارەی ئەم ئیدیعایەی سەرۆکی شارەوانییەوە کە ئەڵێت، ئاگاداری ئەم بڵاوکردنەوانە نییەو لێیان بەرپرس نییە، شاعیرێکی عەرەب ئەڵێ: (إذا كنت تدري فتلك مصيبة، وان كنت لاتدري فالمصيبة أعظم)، ئەگەر سەرۆکی شارەوانی بۆ ماوەی (٨) مانگ (بڵێ: بێئاگام، ئەوە موسیبەتێکی گەورەیە بۆی، خۆ ئەگەر بەئاگابێو بڵێ بێئاگام ئەوە ئیتر کارەسات لەوە زیاتر ئەبێ چی بێ)؟؟!! ئەمانەوێت ئەوەش بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین کە سەرۆکی دیوانمان ئەڵێ دوای خانەنشینیمان دەستمان واڵاو ئازاد ئەبێ، تا وەک مافی دیوان و مافی شەخصی بۆمان هەیە هەموو ڕێگایەکی یاسایی بگرینەبەر و دەزگا ڕەسمیەکانی عێراقی و پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکەینەوە.

٩. بەڕێزان بیستوتانە لە مێژووی شارەوانی سلێمانیدا تا ئێستا سەرۆکێکی شارەوانی و ڕاگەیاندنەکەی درابێت بە دادگا لەسەر درۆ و بوختان و تەشهیر؟؟!! ئەم وەڵامەش بۆ بەڕێزتان و خەڵکی شارەکەمان و شارەوانی بەجێدێڵین، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا ئەوانەی پاڵێورابوون بۆ پۆستی وەزیری کابینەی یەکگرتوو ڕاپۆرتەکانی دیوانیان لەسەر بەهەند وەرگیرا، گەرچی ئەو ڕاپۆرتانە لەسەر داوای جەنابی مام جەلال و جەنابتان نێردرابوون، بەبێ ئەوەی دیوانمان هیچ ڕایەکی دابێت لەسەر ئەو پاڵێوراوانە، بۆیە دەڵێین: ئەمە شەڕی بە وەزیر نەکردنییەتی لەگەڵ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی.

١٠. ئایا بیستووتانە لە هەموو دنیادا، کاتێک کەسێک تاکە خانووەکەی کە بە پارەی حەڵاڵی ڕەنجی شانی خۆی دروستی کردووە بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ببەخشێت، تاکە زەوییەکەشی بۆ خزمەتی فەرمانبەرانی دەزگاکەی ببەخشێت و تەرخان بکات، کەچی لە جیاتی ئەوەی سەرۆکی شارەوانی شارەکەی سوپاسی بکات، بێت درۆ و بوختانی بۆ هەڵبەستێت و بە گەندەڵ و موختەلیسی ناوبەرێت؟! ئەمە تەنیا مەگەر لە سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراوی سلێمانی بوەشێتەوە، جێگای داخە کە لەژێر سایەی حکومەتی خۆماندا ئەم جۆرە کارانە بچێتە نێو ئەرشیفی حوکمڕانیمانەوە؟!

١١. ئایا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کراوە بە موفتی و کوێخای کوردستان، تا سیفەتی نیشتمانپەروەری بدات بە خەڵک و لێیان وەربگرێتەوە، هەروەکو پێشتر لە چەواشەکارییەکانیاندا نووسیویانە، کە سەرۆکی دیوان پێشمەرگە نەبووە و نەگیراوە و چالاکی سیاسی نەبووە...وهتد، کە هیچیان ڕاست نەبوون و بە بەڵگەوە وەڵامیان دراوەتەوە؟!

• سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان/ نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆک/ ئەوە بۆ ماوەی (٨) مانگە درۆ و بوختان و تەشهیر لە ڕۆژنامەکاندا بەرامبەر دیوانمان و سەرۆکەکەی ئەکرێت لەلایەن ڕاگەیاندنی شارەوانیی سلێمانییەوە، کە بەڕێزتان هەموو لادان و سەرپێچییەکانیان ئەزانن و پێشتر هەر لە ڕێگای بەڕێزتانەوە بڕیاری ئیجرائاتەکانتان داوە و تەنانەت هەندێ لەو ئیجرائاتانە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ هەروەک خۆی ماوەتەوە، بێ ئەوەی جێبەجێ بکرێت و سەرۆکێکی شارەوانی ئامادەنەبێت فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە گواستنەوەی فەرمانبەرێکی جێبەجێ بکات، ئەو فەرمانبەرەش سەرەڕای ئەوەی کە نەگوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی شارەوانی، کە دەبوو بەپێی فەرمانتان ژمارە (٣٧) لە

# رقــم ٢٣٤

استنادا الى احكام الفقرة (آ)، من المـادة الثانيـة والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ١٩٧٢/٤/١١ ما يلـي :ـ

١ ـ يلغى افراز القطعة المرقمة ٢٥٠ من المقاطعـة ٨ ( لبلاخ ) في قصبة سرجنار ، وتلغى سندات الطابو الصادرة بناء على هذا الافراز .

٢ ـ يعفى اعضاء جمعية بناء المساكن التعاونية للمشاريع الصناعية في السليمانية ، الذين سجلت باسمائهم القطع المفرزة المشار اليها في (١) اعلاه والقطعـة المرقمة ٢٤٨ مقاطعة ٨ ( ابلاخ )، من رســوم الطابو عند اعادة تسجيل القطع المفرزة باسمائهم .

٣ ـ يتولى الوزراء المختصون تنفيذ هذا القرار .

احمـد حسـن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی ...
(زەوی ١)

ژمارە: ٢٤٤/١
بەروار: ١٢/٢ /١٩٩٧

بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە سلێمانی
بابەت: تەرخان کردنی زەوی
ــــــــــــــــــــ

پەیڕەوی فەرمانی وەزارەت ژمارە / ٦٢١٥ لە ٦/١٢/٢٦٩٨

بڕیاردرا بە تەرخان کردنی ئەم پارچە زەویانەی کە ژمارەکانیان لە خوارەوە هاتووە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە ناوەکانیان بەرامبەر پارچە زەوییەکان نوسراوە کە ئەندامیـــن لە ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لەگەڵ سکرتێری ئەنجومەن ...

تکایە کاری پێویست بکەن بۆ تۆمارکردنی بەناویانەوە بەپێی یاســـا ..

... لەگەڵ ڕێـــزماندا ...

| ناوی سیانــی | ژمارەی زەوی | گەڕەک | ڕووبەر |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ـ حسن حسين عثمان | ٢٦/٦٢١ | ٨ ئازار | ٢٠٠م٢ |
| ٢ـ د. فريد مصطفى | ٢٦/٦٢٠ | = | ٢٠٠م٢ |
| ٣ـ پەرویز احمد محمد | ٢٦/٦١٨ | = | ٢٠٠م٢ |
| ٤ـ صلاح الدين علي محمود | ٢٦/٦١٩ | = | ٢٠٠م٢ |
| ٥ـ حسن عبدالله احمد | ٢٦/٦١٧ | = | ٢٠٠م٢ |
| ٦ـ جلال عمر ... | ٢٦/٦١٥ | = | ٢٠٠م٢ |
| ٧ـ كريم زاده | ٢٦/٦٢٢ | = | ٢٠٠م٢ |
| ٨ـ ... رەشی | ٢٦/٦٢١ | = | ٢٠٠م٢ سکرتێری ئەنجومەن |

لەگەڵ ڕێزدا

ئاســـو ئیسماعیل محمد
بەڕێوەبەری شارەوانی ســلێمانی
/١٢/ ٢٦٩٨

وێنەیەک بۆ
ــــــــــ
... [illegible]

سلێمانی / ١٢/١٢/ ٢٦٩٨

# بەشی سێیەم

# ڕوونکردنەوەکانی
# سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی

## بەشی دووەم

سلێمانی ٢٠٠٨

## وتەیەك...

لە یاسا و سیستەمی دیوانی چاودێریی داراییدا هاتووە، چاودێریی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکان و پارێزگاری لە موڵک وماڵی حکومەت بکات. ماڵ و سامانی گشتی و بودجەی حکومەت بپارێزێ و سەرپێچی یاسایی و گەندەڵی و دزی لەناو دەزگا و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستاندا ئاشکرا بکات. دیارە دەزگایەکی لەم جۆرە ناحەز و دوژمن و نەیاری دەبێت، بە تایبەتی کە سەرپێچی و لادان و گەندەڵی ژمارەیەک لە دەزگا و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانیان گرتۆتەوە. دوو ساڵ زیاترە دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکی دیوان، لەلایەن ژمارەیەک کەسی گەندەڵ و سەرپێچیکارەوە پەلامار ئەدرێن، جۆرەها درۆ و بوختانیان بۆ هەڵئەبەسترێت، چونکە ئەوان بە هۆی ڕاپۆرتەکانی دیوانەوە زەرەرمەند بوون، ئەیانەوێت لەم ڕێگایەوە تۆڵە لە دیوان و سەرۆکی دیوان بکەنەوە. ئێمە، کە دوور لە چاوی ئامرازەکانی میدیا کاری خۆمان ئەکەین، ناچارکراین لە بەرامبەر ئەو شاڵاوی درۆ و بوختانانەدا بێینە دەنگ، بە بەڵگە و ئامار و ژمارە وەڵامی بوختانچییان و چەواشەکاران بدەینەوە، درۆ و بوختانەکانیان پوچەڵبکەینەوە. لە هەمان کاتدا لە دادگا داوای یاساییان لەسەر تۆمار بکەین، تا بە سزای خۆیان بگەن. ئەم نامیلکەیە بەشی دووەمی وەڵامەکانی ڕاگەیاندنی دیوانمان پێک ئەهێنێ، کە پێشتر لە ژمارەیەک ڕۆژنامەدا بڵاوکراونەتەوە، ژمارەیەک نووسینی پەیوەندیدار بەو بابەتانەوە، هەروا لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بەشی یەکەمی ڕوونکردنەوەکانی دیوانمان لە نامیلکەیەکی تردا چاپ کران. ئێمە وەک هەمیشە دڵسۆزانە و بوێرانە ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ ئەکەین، چونکە پشت بە ڕای گشتیی میللەتەکەمان و ویژدانی ئاسودەی خۆمان ئەبەستین. هیواداریشین بە هەموو لایەکمان (میللەت، حکومەت، میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی) ڕێگا نەدەین لە کوردستاندا درۆزنی و دیماگۆگیا بکرێنە ئامراز بۆ شکاندنی کەسایەتی مرۆڤ و چەواشەکردنی خەڵک. لە کۆتاییشدا دەڵێین ئێمە ڕەشبین نین و هیوادارین گەندەڵی لە نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا دەردێکی بێ دەرمان نەبێ!

**ڕاگەیاندنی**
**دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی**

## بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هەواڵ
## ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێریی داراییەوە(١١)

ئەگەر نیازپاکی هەبێت، پێویستە دوو لایەن،
یا دوو دەزگای هاوئامانج، هاوکاری یەکتربن،
نەک پێچەوانەکەی.

ئەرکی دیوانی چاودێریی دارایی نەهێشتنی گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی هەڵە و لێپرسینەوە لە سەرپێچییە یاساییەکانە لەناو دامودەزگا حکومیەکاندا، هەمان ئەرک ئەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی چوارەم، کە خۆی لە ڕۆژنامەگەرییەکی ئازادی بێلایەنی نیشتمانیدا ئەنوێنێ و ئەو ئەرکە دوو کاری نەتەوەییانەی پیرۆز و نەترس و بوێرانەی ئەوتۆ ئەنجام ئەدا، کە ئەشێ گیانی لە پێناودا ببەخشرێ!! لەو گۆشەنیگایەوە، ئێمە وەک سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، باری سەرنجێکی ئەرێنی (إیجابی)مان بەرامبەر ڕۆژنامەی بەڕێزی هەواڵ هەیە و وای ئەبینین کە ئازایانە خاڵ ئەخاتە سەر پیتەکانی ڕەوتی سیاسی و کارگێری و دارایی هەرێمی کوردستان بە گشتیو کێشەی کەرکوک بە تایبەتی. بۆیە لامان باشە دەزگای هەواڵیش، وەک دەزگاکەی ئێمە، بە بەڵگەی ڕاست و زیندووەوە بێتە نووسین. لەبەر هەندێ خاترکاری، یا بە هاندانی کەسێک نەنووسێت و بەڵگەی چەواشەکارانە بڵاونەکاتەوە، کە ئەو کەسە لە ئەنجامی وردبینییەکانی دیوانمانەوە زەرەرمەندبووبێ و بەرەو ڕووی لێپرسینەوەو پەردە لە ڕووو هەڵماڵین و دادگاییکردن و سزای یاسایی بووبێتەوە. بەرامبەر بەو کورتە نووسینەی لاپەڕە یەکی ژمارە (٢٣٧)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٧/٧)ی هەواڵ لەژێر ناوی (سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی موخالەفەی دارایی هەبووە) و بە مانشێتێکی گەورە نووسراوە، وەک کورد واتەنی، هەنگ لە داردا دۆزرابێتەوە؟؟ ئەم سەرنجانەمان هەیە:

یەکەم : ئێمە نەمان ویست هیچ وەڵامێکی ئەو نووسینە بدەینەوە، چونکە ئەوەی

(١١) ئەم ڕوونکرنەوەیە لە ڕۆژنامەی (هەواڵ) ژمارە (٢٤٠) لە (٢٨)ی تەمموزی (٢٠٠٧)دا بڵاوکراوەتەوە.

تۆزێک شارەزایی هەبێت لە کاروباری دارایی و کارگێری و یاساییدا، ئەزانێ ئەوەی لەو دوو بەڵگەنامە بڵاوکراوەدا هاتووە، هیچ نایاساییەک یا تاوانێک یا گەندەڵییەک دروست ناکات، بەڵام دیارە کەسانێک وەک (کاک سەردەشت حمەصالح) هەن، کە یا لە ڕووی نەشارەزاییەوە بەهەڵەدا ئەچن، یا ئەوانیش دەستێک بە پشتیاندا دراوە بۆ نووسینێکی لەو جۆرەی لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٢٣٨)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/٧/١٤)ی هەواڵدا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە ناچار بووین وەڵام بدەینەوە.

دووەم: (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە ئێستا سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییە، ساڵی(١٩٩٥) ئەندامێکی لیژنەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەی حەوزی ماسی بەکرەجۆ بووە، سەرۆکی لیژنەکە (مامۆستا جمال عبدول) بووە و ئەندامەکانی تر بریتی بوون لە بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا و خالید خاڵ و خوالێخۆش بوو ڕەفیق قەزاز). هەموو ئەو بەڕێزانە، بە کاک جەلالیشەوە، خۆبەخشانە کاریان بۆ ئەو پڕۆژەیە کردووە، زیاد لەوە کاک جەلال ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی خۆیشی بەکارهێناوە بۆ خزمەتی ئەو پڕۆژەیە بەگشتی و گواستنەوەی لیژنەکە بە تایبەتی، تا نرخی بەنزین زیادی کرد و گەیشتە نزیکەی حەوت دینار و نیو چاپی سویسری زیاتر بووە بۆ یەک لیتر، لەوێدا سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە بڕیاریان دا مانگانە (١٥٠٠) دینار (تەنها هەزار و پێنج سەد دینار)ی بۆ خەرج بکەن، لە جیاتی مەسرەفی سوتەمەنی ئۆتۆمبێلەکەی، ئەو نەیویست ئەوەش وەرگرێ، بەڵام بەوە ڕازیان کرد کە ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی تر بەکرێ بگرن لە (١٠٠٠٠)هەزار (دە هەزار دینار) تا (١٥٠٠٠) دینار (پانزە هەزار دینار) زیاتر ئەکەوێ لەسەر پڕۆژەکە، بە تایبەتی پڕۆژەکە دووربوو لە بەکرەجۆوە، ڕێگای خۆشکراویشی نەبوو و دەشت و چۆڵ بوو، ئینجا وەنەبێ ئەو خەرجکردنەش هەروا لە گۆترە بووبێ، بەڵکو بە بڕیارو ئیمزای سەرۆکی لیژنەکە و بە ئاگاداری لیژنەی باڵا بووە، بە نووسراوی ڕەسمی پارێزگای سلێمانی بوو، واتە خەرجکردنەکە بەدەر لە ڕێنماییە داراییەکان نەبووە، وەک چەواشەکارەکەی پشتی هەواڵ فەرموویەتی!! ئەوەشی لە دووەم (بەناو بەڵگەکە)دا هاتووە، گوایە یەک جۆر ئیمزا بەرامبەر چەند ناوێک دووبارە بۆتەوە لە وەرگرتنی مووچەدا، ئەوە زۆرجار کەسێک لەسەر (متمانە) مووچەی هاوکارەکانی ئیمزا ئەکات و وەرئەگرێ و بۆیان ئەبا، بە تایبەتی سروشتی کارەکانی ئەوان وەها بووە وەک پاسەوان، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە سوودمەندنەبێ لەو کارە و لەو کارئاسانییە دواتر خاوەن مووچەکەش مووچەکەی وەرگرتبێ، بە تایبەتی کە پڕۆژەکە (٥) پاسەوانی هەبووە لەو چۆڵەوانییە و خەڵکی بەکرەجۆ بوون، بۆ ئەوەی پڕۆژەکە بەجێ نەهێڵن، یەکێک یان دووانیان ئەهات پارەی باقییەکەی ئەبرد، بە تایبەتی پارەکانیان لە سلێمانی بۆ سەرف ئەکرا،

ئەم پڕۆژەیە مدیری حسابات و مدیری تەدقیقی هەبووە، کە هەردووکیان ئەو کاتە مدیری حسابات و تەدقیقی (بەڕێوەبەرێتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی) بوون، هەردووکیان شوکر بۆ خوا لە ژیاندا ماون، هەردووکیشیان ئێستا لە وەزیفەدان، جگە لەوەی هەموو سجلات و ئەوامری ئەو لیژنەیە لە پارێزگای سلێمانی پارێزراوە، بەشێکی کۆپیکراوە بۆ ئەم مەبەستە، کە ئەمە بۆ جاری سێهەمە وەڵامی ئەدەینەوە، لە دیوانی چاودێریی دارایی پارێزراوە، هەموو کاتێک بۆ لێکۆڵینەوە ئەکرێت داوابکرێت، بە تایبەتی ئەو کارە لە نهێنییەکاندا نییە.

سێهەم: بۆ وەڵامی ئەو (ویژدان)ەی کاک سەردەشت، کە لە نووسینەکەیدا کردوویەتی بە پێناسەی خۆی، ئەڵێین: تۆ یا (بە وردی چاودێریی وەڵام و وەڵامکارییەکانی شارەوانی سلێمانی و دیوانی چاودێریی دارایی)ت نەکردووە، وەک خۆت ئەڵێیت، یا بە (ویژدان)ەوە قسەناکەیت، چونکە ڕاگەیاندنەکەی شارەوانی سلێمانی وایان نەوتبوو، بەڵکو وتبوویان مانگانە (١٨٠٠٠- هەژدە هەزار دینار) بۆ کاک جەلال سەرف کراوە !! ئێمەش لە وەڵامەکانماندا وتبوومان: ئەو دەرماڵەیە (تەنها هەزار و پێنج سەد دینار) بووە، ئەوا ئێستا ئەو بەڵگەنامەیەی ڕۆژنامەی هەواڵ بڵاویکردۆتەوە جەخت لەسەر ڕاستی قسەکەی ئێمە ئەکاتەوە، کەواتە ئەو بەڵگەنامەیەی (هەواڵ) دۆزینەوەی نهێنییەک نییە، ئێمە خۆمان پێشتر دووجار لە نێوان وەڵامەکانماندا بڵاومان کردۆتەوە !! دیسان هەر بۆ وەڵامی (ویژدان)ەکەی کاک سەردەشت، ئەڵێین: کاک سەردەشت، لەبارەی بەڵگەنامەی دووەمیشەوە هەر دوور بوویت لە ویژدانەوە، چونکە لیستی ناوەکان (بە یەک ناو و ئیمزا نین)، وەک تۆ نووسیوتە، بەڵکو ناوەکان جیان و بریتین لە (٥) کەس، ئیمزاکانیش بۆ وەرگرتنەکان لەلایەن (نجم کریم روستم) و (اسماعیل صابر اسماعیل) و (صابر اسماعیل أحمد) کراوە، کە خۆیان وەریان گرتووە، دوانەکەی تر لە جیاتیان بۆیان وەرگیراوە و مووچەکەیان بۆ براوە، ئەم کارەش هیچ پەیوەندییەکی بە کاک جەلالەوە نییە، بەڵکو ئەوە کاری ژمێریارە، نەک کاک جەلال کە پێشتر ئیمزای لەسەر ئەو لیستە کردووە، وەک بەڕێوەبەرێک لەگەڵ بەرپرسی هونەری پڕۆژەکە (کاک جلال شوانە)، نەک دواتر، کارەکەی ژمێریاریش تەنیا کارئاسانی و متمانەیە، نەک شتێکی تر. بۆ زیاتر زانیاری ڕای ئەگەیەنین کە سەرۆکایەتی دیوانمان بە نووسراومان ژمارە (٣٧) لە (٢٠٠٣/٧/١٢)، واتە پێش (٣) ساڵ و بە ئیمزای خودی سەرۆکی دیوان داوای کردووە لە پارێزگای سلێمانی و وەزارەتی ناوخۆ، کە هەڵسن بە ئەنجامدانی کاری یاسایی بەرامبەر کاری لیژنەی دووهەمی ئەو پڕۆژەیە کە کارەکەی کەوتە دەست، چونکە دوای خانەنشینکردنی (مامۆستا جمال عبدول) لە وەزیفەی پارێزگار، لیژنەی

یەكەم هەڵوەشایەوە و كەوتە دەست لیژنەیەكی تر، كە كەس لە ئەندامانی پێشووی تێدا نەبوو، دوای ئەو نووسراوەی دیوانمان، وەزارەتی ناوخۆ نووسراوێكی ڕەسەنی ڕێكوپێكی بە ژمارە (١٠٨٧٥) لە (٢٠٠٥/٧/٢٦) ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران كردووە، بۆ پێكهێنانی لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام ئەو لێكۆڵینەوەیە تا ئێستا ماوەتەوەو بەردەوامین لەسەر بەدواداچوونی، بۆیە بۆ جارێكی تر دووپاتی ئەكەینەوە و داواكارین ئەو لێكۆڵینەوەیە ئەنجام بدرێت، كە پەیوەستە بەكاری لیژنە نوێیەكە، نەك لەو بەڵگەنامانەی كە لە هەواڵدا بڵاوكراوەتەوە، كەواتە ئەم سەردەشتە، ئەگەر بە ویژدانە، با دووی ئەو پڕۆژەیە بكەوێ دوای ئەوەی ئێمە لێی دەرچووین، نەك بۆ ڕازیكردنی كەسانێك خۆی بخاتە ئەم گێژاوەوە، كە ئەستەمە هەروا بە ئاسانی قبوڵی بكەین و لە بەرپرسیارێتی یاسایی و دادگا دەربچێ.

چوارەم: هەر بۆ (ویژدان)ەكەی كاك سەردەشت، ئەڵێین: مادام تۆ ئەوەندە بە ویژدانیت، ئەبوو وەڵامەكانمان و بەڵگەنامە و بڵاوكراوەكانمان بە وردی بخوێنیتەوە، یا پرسیارێك لە سەرۆكی لیژنەی پڕۆژەكە (مامۆستا جمال عەبدول)بكەیت بۆ زانیارییەكی زیاتر لەو بارەیەوە. ئێستاش نەچووە بچێ، ئێمە بە باش و ڕاستی ئەزانین و داوا ئەكەین ئەو سەردانەی ناوبراو بكەی، تا زیاتر ڕاستییەكانتان بۆ ڕوون بێتەوە.

پێنجەم : ئێمە بە هیچ جۆرێك، بە پێچەوانەی قسەكانی ئەم كاك سەردەشتەوە، داوامان لە هیچ كەس و لایەنێك نەكردووە مشتومڕەكانی نێوان ئێمە و شارەوانی ڕابگیرێ، بەڵكو بە پێچەوانەوە داوا لە ئێمە كراوە كە مشتومڕەكە ڕابگرین و بەڕێز جەنابی مام جەلال لە ڕێی بەڕێزان سەلاحەدینی موهتەدی و یوسف زوزانی و مەلا یاسینەوە داوای لێ كردووین كە ڕابگیرێ، ئەمەش بە ڕوونی لە ڕوونكردنەوەی چوارەممان‌دا تۆمارمان كردووە و ڕامان گەیاندووە، كە جەنابی مام جەلال داوای لێ كردوون كە بچن بۆ لای سەرۆكی دیوان بۆ ئەو مەبەستە. لە هەمان كاتدا ئەو بەڕێزانە پێیان باش بوو وەڵامی دواقسەكانی شارەوانی نەدرێتەوە، بەڵام سەرۆكی دیوان وەك مافێكی سروشتی و مێژوویی خۆی و دیوان بۆ بەرگری لە ڕاستی ئەو وەڵامەی بە پێویست زانی، بە تایبەتی ئەمە ئەبێتە مێژووی سەردەمێكی هەستیار (حەساس)، كە ئەشێ دواڕۆژ چەندین توێژینەوەی لەسەر بكرێ، دیارە بەڕێز مام جەلالیش وەك یاساناسێك و مافپەروەرێك، ڕێگەی ڕەوای بەرگری لە كەس ناگرێ‌و وەكو مەبدەئێكی یاسایی، كە دەڵێ (حق الدفاع مقدس)، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە كە ئێمە داوای ڕاگرتنمان كردبێت؟؟!!

شەشەم: كاك سەردەشت حمە صالح ئەڵێت: «بۆیە (جەلالی عومەری سام ئاغا)

کەوتبووە وەڵامدانەوە و سەری بە دەرگای زۆر بەرپرسدا کرد، تا شکات لە حاکم قادر بکات». لە وەڵامی ئەمەدا ئەڵێین: دەیان لەوانەی شکاتمان لێ کردوون یا داوامان کردووە، کە لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێت پلەی وەزیفیان لە ناوبراو زۆر گەورەتر بووە لە وەزیرەوە تا خوارتر. لە کاری ڕۆژانەماندا، ڕۆژێک لە ڕۆژان دیوانمان بیری لە پلە و پایە نەکردۆتەوە تا هەڵوەستەیەک بکات، ئەوەی یاسا وتوویەتی جێبەجێمان کردووە، ڕۆژێ لە ڕۆژان لە حکومەت و حیزب پێیان نەوتووین بۆچی!! ئەمانە بە بەڵگە لامان پارێزراوە، کە لە مێژووی نەتەوەکەماندا دەردەکەوێت، ئیتر چ پێویستیمان بەوە هەیە سەربکەین بە دەرگای بەرپرساندا تا شکات بکەین. بۆ زانیاری زیاترتان، تا ئامادەکردنی ئەم نووسینە ژمارەی ڕاپۆرتمان لەسەر گەندەڵی و کەموکوڕی گەیشتۆتە (٢١٣٣) ڕاپۆرت، کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی پێشووەوە تا خوارتری گرتۆتەوە. ئێمە لەبەر حورمەتی حکومەت و حیزب نەمان ویست ئەو شکاتە بکەوێتە سەر ڕووپەری ڕۆژنامەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ئێوە لەو دەرگایەتاندا، لە وەڵامدا ئەڵێین: بەڵێ (٣) داوامان بە ڕەسمی لە دادگا تۆمار کردووە بەرامبەر ئەو کۆمەڵە تەشهیر و درۆ و بوختان و....هتد، کە کراوە بەرامبەر دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکەکەی، هەروەها بەرامبەر بەو جاسوسیەی کە لەسەر دیوانمان کراوە، چونکە ئەم کارە لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو یان دواکەوتوودا نەبینراوەو نەبیستراوە، دیوانی چاودێریی لەو وڵاتانە زۆر پیرۆزە و پارێزراوە بەپێی یاسا، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانەوە دێت، کە لەسەر شارەوانی تۆمارمان کردبوو و لە ئەنجامیدا (١٧) کەس سزادراوە و (٢) کێشە دراوە بە دادگا و چەند کەس لادرا و چەند بەشێک هەڵوەشێنرایەوە، کە هەموو ئیجرائاتەکان بە ئیمزای خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە. بۆ ئاگاداریشتان ئەو شارەوانییە کە ئێوە باسی سەرۆکەکەی ئەکەن، لەناو (٧٢٠) دام و دەزگای حکومەتدا و لە مێژووی دیوانی چاودێرییدا دوو دەزگا دراوە بە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە ئەنجومەنی وەزیران، لەناویاندا ئەو شارەوانییە یەکێکیان بووە. جارێکی تر ئەڵێین: لە ئەنجامی ئەو هەموو درۆ و بوختانانەدا ئەو هەموو نهێنییانەی کە لامانە و ئاشکرامان نەکردووە، بە سێ فایل نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەروەها بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بۆ کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

حەوتەم: هەرچەندە ئێمە هەموومان کوردین، بەڵام جێی داخە قسەیەک هەیە دەکرێت، کە ئەڵێت (نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی خۆخۆرە)، ڕەنگە لە ئەنجامی ئەو خۆخۆرییەوە بێت، کە ئەوترێ: (بێ حیکمەت نییە کە کورد کیانی نییە وەک نەتەوە)، ئەوەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە کەسێکمان تیا هەڵئەکەوێت لە هەر بوارێکدا کە

سەرکەوتووبێ، سیاسی، وەزیفی، هونەری، ویژەیی، کۆمەڵایەتی...هتد، هەوڵ ئەدرێت کە ئەو کەسە بە جۆرێک یان زیاتر لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بشکێنرێ، ئەگینا دوای ئەم هەموو بڵاوکردنەوانەمان، کە هەمووی بە دۆکۆمێنتەوە وەڵامدراوەتەوە، تازە بە تازە بە سەر درۆ و دەلەسە کۆنەکاندا ئەچنەوە لەسەر سەرۆکی دیوانمان، سەرۆکێکی دیوان کە:

– تاکە خانووی خۆی پێش شەش ساڵ لەمەوپێش بەخشیبێت بە وەزارەتی تەندروستی، کە مەزەندە کراوە بە نیو ملیۆن دۆلار.

– بەخشینی ئەو زەویەی، کە لە شارەوانی وەری گرتووە، بە دیوانی چاودێریی دارایی، بۆ ئەوەی بفرۆشرێت و پارەکەی لە بانک دابنرێت و سودی ساڵانەی بدرێت بە فەرمانبەرانی سەرکەوتووی دیوانی چاودێریی، کە بەو پێیە لە ئێستادا خاوەنی یەک مەتر دووجا زەوی نییە، هەروەها خانووش.

– بە ڕەسمی داوای کەمکردنەوەی مووچەکەی کردبێ، کە بریکاری وەزارەتی دارایی و سەرۆکی دیوان بووە.

– جەژنانەی ڕەسمی حکومەتی وەرنەگرتبێ و گەڕاندبێتیەوە، چونکە فەرمانبەرەکانی بێبەش کرابوون لەو جەژنانەیە، کە ملیۆن و نیو دینار بوو بۆ هەموو جەژنێک.

– حیمایەی تایبەتی قبوڵ نەکردبێ......هتد.

– داوای خانەنشینی کردبێت لە هەردوو وەزیفەکەیدا (کۆن و ئێستا)، خانەنشینەکەشی بەخشیبێ بە دەزگای شەهیدان و کەمئەندامان لە کاتی خۆیدا.

ئایا ئەمە هەڵوێستی کەسێک بێت، ئەوانەش کە ڕەتی کردۆتەوە مافی یاسایی خۆی بێ، ئایا ئەبێت هەروا بەبێ بنەما خۆی مخصصات بدات بە خۆی؟؟!! هەر بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکی دیوانمان دوو پەندی عەرەبی کردۆتە دروشمی خۆی و لە ژوورەکەیدا هەڵیواسیوە، کە ئەڵێت:

السَخاءُ: أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً

**واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت.**

يَكونُ المَسْؤُولُ قَوِيّاً.. إلي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ

**واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات.**

کە ئەمە بە وتن و بە کردەوە، دروشمی کاریەتی.

لێرەدا بۆ ئەوەی کاک سەردەشت ویژدانی ئاسوودە بێت، داوای لێ ئەکەین یەک کەس... تەنها یەک کەس لە بەرپرسانی حکومی و حیزبی دەستنیشان بکات، کە ئەوانەی کردبێت لە هەموو کوردستاندا، لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو ئەو بەرپرسانە.

هەشتەم: دەربارەی وتەی کاک سەردەشت، کە دەڵێت: (وای بە چاک دەزانم حکومەتی هەرێم شکاتکاری یەکەم بێت لەسەر سەرپێچی و گەندەڵییەکانی، دواتر خەڵکی کوردستان داوای یاسایی لەسەر تۆمار بکەن) دەڵێین: ئێمەش ئەوەمان پێ باشە کە ئێوە خۆتان سەرقافڵەی خەڵکی بن و داوای لێکۆڵینەوە بکەن و شکات بکەن بۆ ڕیسواکردنی سەرۆکی دیوان لەبەردەم دادگادا، ئەگەر ئەوەی ئەیڵێن وا دەرچوو، بەڵام ئەگەر نەتان کرد و ئاگادارنەکراینەوە، بەبێ یەک و دوو ئێمە ئەو کارە بەرامبەرتان ئەکەین لە ڕێی دادگا و یاساوە. ئەو کەسانەی کە ئێوە ئەو داوایانەیان لێ ئەکەن، ئێمەش لە ڕێی خۆمانەوە داوا لە هەموو کوردێکی بەشەرەفو ڕۆشنبیرانی کورد دەکەین، لە خاوەن قەڵەمەکان، لە خاوەن ویژدان و مێژوونووس ئەکەین کە هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر هەموو دز و درۆزن و کاسەلێس و قەڵەم فرۆش و ماستاوچی و....هتد، بۆ کارئاسانی (کاک سەردەشت حمەصالح)ی بە ویژدانیش ئەڵێین: سەرۆکی دیوانی چاودێریی (جەلالی عومەری سام ئاغا) تەمەنی وەزیفی (٤٣) ساڵە، زۆربەی وەزیفەکەی لە سلێمانی بووە، لەم فەرمانگانە کاری کردووە:

(بەریدی سلێمانی، بانقی تجاری سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، هەردوو فەرمانگەی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی و کشتوکاڵی شارەزوور، ڕاوێژکاری دارایی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان لە ساڵەکانی (١٩٩٤)...هتد، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری (ئیدارەی سلێمانی پێشوو)، دوا وەزیفەکەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەر لە سلێمانی. داوا ئەکەین لە خۆی و لە هاومەبەستەکانی کاک سەردەشت، کە بە دڵی خۆیان بکێڵن و بپرسن و بگەڕێن لە یاران و نەیارانی لەسەر دەستپاکی، داوێنپاکی، دڵسۆزی بۆ کار، ئەگەر شتێکیان دەستکەوت سوودی لێ وەربگرنو دژمان بێ، داوایان لێ ئەکەین و سوپاسیان ئەکەین لە ڕووپەری ڕۆژنامەکاندا بڵاوبیکەنەوە، بە مەرجێک بە بەڵگەی یاساییەوە بێت، گەر بە پێچەوانەوە بوو مافی خۆمانە ڕێگا لە تەشهیر و درۆزن بگرین لە ڕێی دادگاوە، هەرچەندە پێش ئێوەش کەسانی تری وەک خۆتان گەڕان بۆ درزێک، کە لێوەی بچنە ژوورەوە. بۆ ئاگاداریتان ئەوانەی تر هیچیان دەست نەکەوت، هەر بۆیە پەنایان بردە بەر مەسائیلی شەخصی درۆ، ڕۆژێک وتیان یەخەی کراسەکەی زەرد نەبووە، واتە پێشمەرگە نەبووە، وەلاممان دانەوە، سەهوتان کرد پێشمەرگە بووە، جارێکی تر

وتیان زیندانی سیاسی نەبووە، وتمان زیندانی سیاسی بووە ، کە ئەو زیندانی سیاسی بووە کەسانێک تەمەنیان (٤) ساڵ بووە، کە ئێستا لە دوای ئەو تەشهیرانەوە بوون، جگە لە چالاکی سیاسی لە بەغداد و چالاکی سیاسی لە ساڵەکانی هەشتاکاندا، کە هەموو بە بەڵگە و ناوی زیندووەوە لە بڵاوکراوەکانماندا بڵاومان کردۆتەوە.

نۆیەم: ئێستاش سێ ڕێگا بۆ (کاک سەردەشت حمەصالح) دادەنێن:

١. بە بەڵگەنامەوە هەموو قسەکانمان کە کردوومانە بۆتانی دەنێرین، ئەگەر قەناعەتی پێ کرد وەڵاممان بداتەوە لە ڕۆژنامەی هەواڵدا.

٢. ئەگەر قەناعەتی نەکرد، چەند کادرێکی کارامەی ژمێریاری، ئیداری، یاسایی، کە خۆی دەستنیشانی بکات، بهێنێ بۆ ئەوەی کارئاسانیان بۆ بکەین، تا هەموو سجلات و مستندات و دۆکۆمێنتەکان لەسەر ئەو پڕۆژەیە سەیر بکەن، چونکە ئەو کارە نهێنی نییە.

٣. ئەگەر ئەو دوانەی نەکرد، حەز ئەکەین و سوپاسیشی ئەکەین کە خۆی وەکو وتمان سەرقافڵەی شکاتکەران بێت لە دادگا. ئەگەر ئەم سیانە هیچیانی نەکرد، ئەو کاتە مافی خۆمان دەبێت کە داوای یاسایی لەسەر ناوبراو تۆمار بکەین لە دادگا، بە ناوی تەشهیر و ناوزڕاندنی بێ بەڵگە لەسەر ڕوپەری (ڕۆژنامەی هەواڵ).

دەیەم : ئومێدەوارین ڕۆژنامەی (هەواڵ) بەر لەوەی بکەوێتە هەڵەی لەم جۆرەوە، بە بەدگۆیی و چەواشەکاری کەسانی داخ لە دڵ نەکا و بەر لە بڵاوکردنەوەی قسەی بێ بنەما، بچێتە بن و بنەوان و مەبەست لەو چەواشەکارییانە، ئێمە و دەسەڵاتی چوارەمیش ئەرکی گەورەمان لەسەرە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و سەرپێچی و کارکردن بە ئاڕاستەی چاکسازی لە دام و دەزگاکانی ئەم حکومەتە کوردییەی، کە بە دەریایەک لە قوربانی و خوێنی شەهیدانمان هاتۆتە بەرهەم. ئێوە کە باسی چاکسازی ئەکەن، دەمێکە ئێمە ئەو ڕێگایەمان گرتووە، هەر بۆیە لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتییەوە دەڵێین: کە هەرچەندە کارەکانمان نهێنییە، بەڵام مانگانە سەدەها ملیۆن دینار و دەها و سەدەها هەزار دۆلار لەم ڕێگایەوە دەگەڕێنینەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، بەرپرسیاریشین لەم ژمارانە، بەڵام لەبەرئەوەی سروشتی کارەکانمان نهێنییە و دوورە لە کاری میدیاییەوە، ئاشکرامان نەکردووە. ئەوەتا پاش ساڵێک لەبەر هەندێ هۆ و لەسەر داوای بەرپرسان، ئەوەمان بڵاوکردەوە کە لە مانگی تەمموزی پارەوە ساڵانە (٦ ٢٤٩ ٦٠٠ ٠٠٠) دینار (تەنها شەش ملیار و دووسەدو چل و نۆ ملیۆن و شەش سەد هەزار دیناری عێراقی) لە دوو مووچە و سێ مووچە گەڕاندۆتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، واتە لەم بڕگەیەدا تەنها (٥٢٠ ٨٠٠ ٠٠٠) دینار (تەنها پێنج سەد و بیست ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار) دەگەڕێتەوە،

کە لەم ماوەیەی دواییدا بڵاوکرایەوە. بۆیە ئەمانەوێ بەو ڕۆژنامەیەی، کە ئاڵای نەتەوایەتیو کەرکوک و چاکسازی هەڵگرتووە پێی بڵێین: وەکو لە ئایەتی پیرۆزدا هاتووە:

[... إن جَاءَكُم فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أن تُصيبُوا قَوماً بِجَهالَةٍ فَتُصبِحُوا عَلَي مَافَعَلتُم نَادمين].(١٢)

یانزەهەم: هەموو جارێک ئەم جۆرە نووسینانە، کە لە ڕۆژنامەدا بڵاودەبێتەوە، ڕەنگە بۆ چەند ڕۆژێک بێئاگاکان و ناحەزان دڵخۆش بکات، بەڵام کە وەڵام دەدەینەوەو ڕاستییەکان دەخەینە ڕوو، ئەوکات تێئەگەن کە چییان کردووە بە خۆیانو جەماوەریش زیاتر و زۆرتر لە بابەتەکان تێئەگات.

- بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، ئەگەر گەندەڵی و ئەم چەواشەکارییانە بەردەوام بێت، تەنها بە دەسەڵاتی کوردییەوە ناوەستین، بەڵکو دەسەڵاتە عێراقیەکانیشی لێ ئاگادار ئەکەین، وەکو سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمانی عێراقی، حکومەتی عێراق، هیئەی نەزاهەی عێراقی و دیوانی ڕەقابەی مالی و هەندێ دەزگای مرۆیی، وەک (هیومان رایش وۆچ)یشی لێ ئاگادار ئەکەین و لایەنی بیانی تر، تا گوشارێکی سیاسیو حکومی دروست بکەین لەسەر گەندەڵ و دزوو درۆزنان. لەم بارەیەوە، هیوادارین ناچارنەبین دەسەڵاتی کوردی لەم ڕووەوە إحراج بکەین، سەرۆکی دیوان دەڵێت چونکە بڕوای ڕەهامان بە خۆمانە، ئەخلاقی وەزیفیمان فەرزی ئەکات لەسەرمان، کە سەرۆکی دیوان هەمیشە ئەبێت نەزیهی مطلق و عادلی مطلق و نەترسی مطلق بێ، هەروەکو پێشتریش لە ڕوون کردنەوەکانماندا ئاماژەمان پێ داوە، ڕۆژانی داهاتووش ئەم قسەیەمان ئەسەلمێنێ. داوا لە ڕۆژنامەی هەواڵی بەڕێز دەکەین، کە دروشمی یاسای (من أين لک هذا) هەڵبگرێ و داوای جێبەجێکردنی بکات لە کوردستاندا، جگە لە داواکردنی دروستکردنی هەیئەیەکی نەزاهە لە کوردستاندا، وەک لە عێراقدا پەیڕەو ئەکرێ. ئەوسا بە هەموومان ئەتوانین کۆمەڵگەیەکی ڕاست دروست بکەین دوور لە درۆزن و دزوو گەندەڵ و ماستاوچی.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی**

**١٩/ ٧/ ٢٠٠٧**

**هاوپێچ/**

- هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ڕوونکردنەوەکەدا ئاماژەی بۆکراوە.
- هەموو ڕوونکردنەوەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، کە پێنج ڕوونکردنەوەیە.

---

(١٢) سورة الحجرات الآية ٦.

## بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هەواڵ(١٣)
## (جەلالی عومەری سام ئاغا) زەوی کشتوکاڵی وەرنەگرتووە

لە ژمارە (٢٤٥)ی ڕۆژی (١/ئەیلولی/٢٠٠٧)ی ڕۆژنامەکەتاندا وتارێکتان بە ناوی (جەلالی عومەری سام ئاغا) و ڕزگاری نوری شاوەیش.. هەریەکە و (١٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵییان وەرگرتووە بڵاوکردۆتەوە. پێش ئەوەی بە بەڵگەوە بیسەلمێنین کە ئەم هەواڵە درۆیەکی ترە، لەو لێشاوی درۆیانەی بۆ سەرۆکی دیوانمان هەڵبەستراون، حەز دەکەین سەروتاری ژمارە (٢٤٠)ی ڕۆژی (٢٨/ تموزی/٢٠٠٧)ی ڕۆژنامەکەتان بیر بخەینەوە بەناوی (مقاسات المرآة غير حقيقية)، کە تیایدا هاتووە: «ئێمە لە (هەواڵ) لە سەرەتای کارکردنمان تا ئێستا نە کێشە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆمان بە خەڵکی دەفرۆشینەوە، نە خۆمان لە سەرووی دامودەزگا قانونی و شەرعییەکانەوە دەبینین، نەوەک حیزب مامەڵە دەکەین و لە خۆرایی شەڕ بە خەڵک دەفرۆشین، نە لەبەر پڕفرۆشی ڕۆژنامەکەمان مانشێتی بێ ناوەڕۆک دەدەین بە خەڵک، نە بۆ خۆدەرخستن و نە بۆ ناو یان نان پەیداکردن ئەم پیشەیەمان هەڵبژاردووە، بەڵکو پێمانوایە لەم ڕێگەیەوە بەم ئاڕاستەیەی کاری تێدا دەکەین خزمەتێک بە گەل و نیشتمانەکەمان دەکەین». هەر بەپێی ئەم سەروتارەتان، کە دەبێت ڕێبازی ڕۆژنامەکەتان بێت، هەقمانە بپرسین: ئایا بە ڕاستی ئێوە بەم شێوەیە ڕەفتار دەکەن؟ بە ڕای ئێمە ئەگەر ئێوە بەپێی ئەو قسانەی خۆتان کارتان بکردایە، دەبوو پێش ئەوەی هەواڵێکی بێ ئەساس و دروستکراوی لەم جۆرە بکەنە مانشێتی لاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەکەتان، پەیوەندیتان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە سلێمانی بکردایە، چونکە ئەوان لایەنی بەرپرسی ئەم کارەن، یان هەر نەبێ پەیوەندیتان بە دیوانی چاودێریی داراییەوە بکردایە، چونکە سادەترین عورف و ئێتیکی ڕۆژنامەوانی ئەوە دەخوازێت، کە هەواڵێکی لەو جۆرە پشت بە بەڵگەی سەلمێندراو ببەستێت. بۆیە ئێمە پەیوەندیمان بە سەرۆکی دیوانمانەوە کرد، کە لەم بارەیەوە پێی ڕاگەیاندین:

یەکەم: (جەلالی عومەری سام ئاغا) نەک هەر دە دۆنم، بەڵکو تەنانەت دە

---

(١٣) ئەم ڕوونکرنەوەیە لەڕۆژنامەی(هەواڵ) ژمارە(٢٤٦) لە (٨/ئەیلولی٢٠٠٧) دا بڵاوکراوەتەوە.

میلیمەتر دووجا زەوی کشتوکاڵی بەپێی بڕیاری مجلس قیادة الثورة ژمارە (٣٩٥)ی ساڵی(١٩٨٣) وەرنەگرتووە.

نووسراوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە سلێمانی) ژمارە (٤٠٢٨) ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٤) دەیسەلمێنێ، کە «بەڕێز جەلالی عومەر سام ئاغا» سوودمەند نەبووە بە وەرگرتنی زەوی بۆ باخ، بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٩٥)ی ساڵی(١٩٨٣)»، کە ئەمەش دەقی نووسراوەکەیانە:

kurdistan RegionalGovernment
Ministry of Agriculture
General Directorate of Agricuiture in Sulaimaniyah
Directorate of Lands
Dep.
NO :
Date :

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی کشتوکاڵ
بەڕێوەبەرێتی گشتی کشتوکاڵ لە سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی زەوی وزار /
بەش/ بەرهەم هێنان
ژمارە / ٤٠٢٨
ڕێکەوت ٤ ٩ ٢٠٠٧

بۆ/سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری/بەڕێوەبەرایەتی دیوان

بابەت/زانیاری

نووسراوتان ژمارە (١٩٢٥/٦/١) لە ٢٠٠٧/٩/٢

١- ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کە بەڕێز ( جلال عمر سام اغا ) سودمەند نەبووە بە وەرگرتنی زەوی بۆ باخ بە پێی بڕیاری ٣٩٥ ساڵی ١٩٨٣

٢- بڕیاری ٣٩٥ ساڵی ١٩٨٣ بۆ هەموو کەسێك بووە کە ئارەزوومەند بێت لە بنیات نانی باخ و رەزی دیمەکار بە پێی ڕێنماییەکانی بڕیاری ئاماژە پێکراو بەڵام دواتر بە پێی بڕیاری ژمارە ٨٨٨ ساڵی ١٩٨٧ هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی کشتوکاڵ کە پەیوەستی هەبووە نەبوایە یان دەستی لە پەیوەستەکەی هەڵبگرتایە وە یان دەست بەرداری وەزیفەکەی بوایە بەڵام دەبوایە لە کاتی دەستی پەیوەستەکەی قەرە بوو بکرێتەوە

٣- بۆ ئاگادارێتان (١٠١٥) هاوڵاتی سوودمەند بووون لە مەرکەزی سلێمانی و دەوروبەری تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ بەڵام بەهۆی بار و دۆخی کوردستان وە یان لە ئەنجامی جێ بەجێ نەکردنی باخەکان وە یان نەدانی کرێ ی ساڵانەی زەوی بەپێی ڕێنماییەکانی بڕیاری سەرەوە (٩٩٣) عەقد هەڵوەشاوەتەوە بەڵام (٥٢) عەقد ماوەتەوە و پەیوەستەکانیان بەردەوامە لەگەل ڕێزدا

عمر علی محمد
بەڕێوەبەری زەوی وزار

هەروەها نووسراوی بانکی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٣٨٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٤) جارێکی تر ئەیسەلمێنێ، کە (جەلالی عومەری سام ئاغا) سوودمەند نەبووە لە بڕیاری ژمارە (٣٩٥)ی ساڵی (١٩٨٣) و هیچ پێشینەی وەرنەگرتووە بۆ باخ لە بانکەکەمان»، لێرەدا دەقی نووسراوەکە وەک خۆی بڵاودەکەینەوە:

بەڕێوبەرایەتی گشتی بانکی هەرێم
بانکی کشتوکاڵی هەرێمی
کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

ژمارە ٣٣٨٣
بەروار ٢٠٠٧/٩/٤

AGRICULTURAL BANK IN SULAIMANIA

بۆ / سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی / بەڕێوبەرایەتی دیوان
ب / زانیاری

نووسراوتان ژمارە (١٩٣٥) لە ٢٠٠٧/٩/٣ .
ئاگاداری بەڕێزتان ئەکەین کە بەڕێز (جلال عمر سام اغا) سوودمەند نەبووە لە بڕیاری ژمارە (٣٩٥) لەساڵی/١٩٨٣ و هیچ پێشینەی کشتوکاڵی وەرنەگرتووە بۆ باخ لە بانکەکەمان ، بۆ ئاگاداریتان .
لەگەڵ ڕێزدا ...

ع. بەڕێوبەر
حمە امین عبداللە درویش

ع . بەڕێوەبەر

دووەم: لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەتاندا هاتووە، گوایە «کۆنە ئەفسەرێکی پلە بەرزی بەعس کە پێشتر لە شاری سلێمانی خزمەتی ڕژێمی بەعسی کردووە، لەم ماوەیەدا هاتۆتە سلێمانی بۆ بەدواداچوونی پارچەیەک زەوی کشتوکاڵی لە ساڵی(١٩٨٥) وەریگرتووە». ئێمە لە سەرەتاوە گومانمان هەبوو کە لەم ڕۆژەدا کۆنە ئەفسەرێکی پلە بەرزی بەعسی لە هەر جێگایەکی عێراقەوە بێ، بوێرێ بۆ بەدواداچوونی پارچە زەوییەک بێتە سلێمانی، ئێمە ئەمەمان وەک بەشێکی سیناریۆی بوختان و درۆهەڵبەستن هاتە بەرچاو، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم گومانەمان فەرموون سەیری دەقی نووسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی کشتوکاڵ لە سلێمانی بەڕێوەبەرێتی زەویوزار ژمارە(٤٠٢٧)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٤) بکەن:

| | |
|---|---|
| kurdistan RegionalGovernment | حكومەتی هەرێمی کوردستان |
| Ministary of Agriculture | وەزارەتی کشتوکاڵ |
| General Directorate of Agricuiture in Sulaimaniyah | بەڕێوەبەرێتی گشتی کشتوکاڵ لە سلێمانی |
| Directorate of Lands | بەڕێوەبەرایەتی زەوی وزار / |
| Dep. | بەشی/ بەرهەم هێنان |
| NO : | ژمارە ٤٠٢٧ |
| Date : | ڕۆژ / ٤ / ٩ / ٢٠٠٧ |

بۆ/ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری و دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی دیوان

<u>بابەت/ زانیاری</u>

هاوپێچ:
١ لیست

ل. بەڕێوەبەری گشتی

**نووسراوتان ژمارە(١٩٤٠)لە(٢٠٠٧/٩/٣) ئەوەندەی ئاگادار بین، هیچ کەسێک وەک ئەو شێوازەی لە هەواڵەکەدا هاتووە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمانی نەکردووە بۆ مەبەستی داواکراو. لەگەڵ ڕێزدا.**

سێیەم: ئێمە لە سەرەتای ڕوونكردنەوەكەماندا ئاماژەمان بۆ سەروتارێكی ڕۆژنامەكەتان كرد، لەژێر ناونیشانی (مقاسات المرآة غير حقيقية)، ئێستا بەو بەڵگەنامانەوە كە خستومانەتە ڕوو هەق نییە بڵێین:

١. ئێوە لە كاتێكدا هـەواڵێكی بێ بنەما و ناڕاست دەكەنە مانشێتی ڕۆژنامەكەتان، بێ ئەوەی خۆتان ماندوو بكەن بۆ ڕاستی و دروستی هەواڵەكە، ئایا ئەمە ئەگەر (پێدانی مانشێتی بێ ناوەڕۆك نییە بۆ پڕفرۆشی ڕۆژنامە)كەتان، ئەی چییە؟!

٢. ئێوە لە هەمان سەروتاردا دەنووسن (لە خۆرایی شەڕ بە خەڵك نافرۆشین)، ئەی ئەگەر ئەم نووسینەی ئێوە شەڕفرۆشتن نییە، ئەی شەڕفرۆشتن لە فەرهەنگ و ئێتیكی ڕۆژنامەوانی ئێوەدا چییە؟!

٣. ئێوە دەڵێن «خۆمان لە سەرووی دام و دەزگا قانونی و شەرعییەكانەوە» نابینین، ئەی ئەگەر ئەم هەوڵانەی ئێوە نەچێتە خانەی ناوزڕاندنی دیوان و سەرۆكی دیوانی چاودێریی بە قسەی درۆ و بڵاوكردنەوەی بەڵگەی بێ بنەما، ئایا ئەچێتە چ خانەیەكی ترەوە؟! لە كاتێكدا لە هەموو دنیای پێشكەوتوو، تەنانەت دواكەوتوویشدا، سوڵتەی ڕەقابی قورسایی خۆی هەیە، چونكە لە سەرۆكایەتی كۆمارەوە تا خوارتر لەلایەن ئەو سوڵتە ڕەقابییەوە وردبینی دەكرێت و ڕاپۆرت لە بارەی كارەكانییەوە لە هەموو ڕووەكانەوە بەرزدەكرێتەوە.

٤. ئێستا دەكرێ بپرسین، ئایا ئێوە لە ڕێگای ئەو هەواڵە ناڕاست و بێ ئەساسانەوە چ (خزمەتێكتان بە گەل و نیشتمان) كردووە، بە پێچەوانەوە وا دەكەوێتە بەرچاو بەم كارەتان خزمەتی ئەو دز و درۆزن و گەندەڵانەتان كردبێت، كە لە ژێر گوشاری ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێریی داراییدا سزا دەدرێن و هەندێكیشیان ڕەوانەی دادگا دەكرێن.

چوارەم : وەك لە نووسراوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی سلێمانی) ژمارە (٤٠٢٨)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/٩/٤)دا هاتووە، كە لەم ڕوونكردنەوەیەدا دەقەكەیمان خستۆتە ڕوو، هەروا لە دەقی بڕیارەكەی مجلس قيادە الثورة ژمارە (٣٩٥)ی ساڵی(١٩٨٣)دا، كە لێرەدا دەقەكەی بڵاودەكەینەوە، دەردەكەوێت كە ئەم بڕیارە نە بۆ چەند كەسێكی تایبەتە، نە بە مەرجێكی سیاسییە، نە تایبەتە بە شارێك، بەڵكو بڕیارێكی گشتییە بۆ (مەنتیقەی شیمالی) و زەوییە بەردینەكانی، هەروا بڕیارەكە بۆ هەركەسێكە كە ئارەزومەند بێت بە (عقد) بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ وەری بگرێت، بەو مەرجەی ئەو ناوچە بەردین و لێژانە بكات بە باخی دێمەكار، بۆ هاندانی خەڵكیش حكومەت سلفەی ئەدا بەو كەسانە، بڕی سلفەكە چوار هەزار تا چوار هەزار و پێنج سەد دینار بوو، بەو مەرجەی خانووەكەی خۆی یان هەر خانوویەكی تر، بخاتە ڕەهنی پێشینەكەوە. بۆ

ئاگاداریتان، بەپێی هەمان نووسراوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە سلێمانی) (١٠٤٥) هەزار و چل و پێنج کەس سوودمەند بوون لە مەرکەزی پارێزگا، هەروەها ناوچەی (سەرچنار، دوکان، بازیان، تانجەرۆ، پشدەر، هەڵەبجەی شەهید و شارەزوور) لەم ژمارانە (٩٩٣) گرێبەستی هەڵوەشاوەتەوەو (٥٢) گرێبەستیان ماون. هەرچەندە سەرۆکی دیوان بە سروشتی خۆی حەز لەوە ناکات باخ و باخداری بەڕێوە بەرێت، بۆیە ئەو لای خۆیەوە ئەو زەوییەی وەرنەگرتووە، ئەگەرچی وەکو دەها فەرمانبەری ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ ئەویش فەرمانبەر بووە، بەڵام ئەو زەوییە بەردینەی وەرنەگرتووە، بەڵام ئەو حەزی دەکرد کە لە جیاتی هەزار و چل و پێنج پارچە زەوی بەردینی شاخەکانی کوردستان سەدان هەزار پارچە زەوی بکرایە بە باخ و باخات، چونکە ئێستا کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە جوانترو ڕەنگینتر دەبوو. هەر بەم بۆنەیەوە حەزدەکەین پرسیارێکی گرنگتان لێ بکەین: ئایا بۆچی لەناو لیستێکی (٣٤) سی و چوار کەسیدا ناوی دوو کەس کراوەتە مانشێتی هەواڵەکە، کە یەکەمیان (جەلالی عومەری سام ئاغا) نە عەقدی کردووە نەزەوی وەرگرتووە، نە پێشینەی لەسەر وەرگرتووە، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە لیستەکەدا هەن فەرمانبەری ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی بوون و کەسایەتی زۆر ناسراو و نیشتیمانپەروەریان لەنێودا بوون، هەروا بەشێکیشیان تەنانەت لایەنگری پارتە سیاسیە نهێنییەکان بوون؟! ئایا هەر لەبەرئەوەی بە بڕیاری مجلس قیادة الثورة ئەم کەسانە ئەو زەوییانەیان وەرگرتووە، ئەبێت ئەوان بەعسی و جاسوون بووبن؟! خۆ ئەم بڕیارە مەرجی سیاسی تێدا نییە؟! هەموو ناوەکانیش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی پارێزراون. هەموولایەک دەزانن، کە پێش ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، ئەم هەرێمە ژێردەستی دەوڵەتێکی داگیرکەر و دیکتاتۆری بوو، لەگەڵ ئەوەی کە لە عێراقدا پەرلەمان و حکومەت هەبوو، بەڵام هەموو بڕیارەکان (هەر لە جاڕدانی شەڕەوە بۆ جاڕدانی ئاشتی، مفاوەزاتی جۆراوجۆری سەرکردایەتی کورد، دامەزراندنی وەزیر، حاکم، بەڕێوەبەری گشتیو ئوستازی زانکۆ تا حوکمدان و لێبوردنی زیندانیانی سیاسی) هەر هەمووی بە بڕیاری مەجلسی قیادەی سەورە بوو؟ ئایا دەکرێت هەرچی بەپێی ئەو بڕیارانەی مەجلیسی قیادەی سەورە دامەزرێندراوە یان لێبوردنیان بۆ هاتووە هەموویان جاسوس و جاش و بەعسی بووبن؟! ئایا ئەو حوکمدانە ناڕاستەی ئێوە لەگەڵ ئەرکی ڕۆژنامەوانی بەرپرسدا ئەگونجێت ؟! ئایا ئەو ئازادییەی ئیمرۆ لە کوردستاندا بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی و سیاسی و کۆمەلایەتی ڕەخساوە هیچ بەرپرسیارییەکی پیشەیی و ئەخلاقی ناخاتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران، کە ئەوانیش

بە نۆرەی خۆیان داکۆکی لە ماف و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ بکەن، هەروا ڕێگە بە خۆیان نەدەن، کە دەزگایەکی قانونی و شەرعی و سەرۆکەکەی، کە بەپێی یاسای حکومەتی کوردستان دامەزرێنراوە بەم شێوەیە بوختان و درۆی بۆ هەڵببەسترێت، هەر لەبەرئەوەی لەسەر دزی و گەندەڵی هەندێک کەس ئەنووسێ و حکومەتی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئێمە باش دەزانین ئەو کەسانەی بە هۆی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی داراییەوە زەرەرمەندبوون، یان ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی بوونەتەوە، ڕەنگە هەوڵ بدەن ئەم درۆ و بوختانانەتان بەسەردا تێپەڕ بکەن، بەڵام ئایا ئێوە کە دروشمی (بێلایەنی و بەرپرسیاری و شەڕنەفرۆشتن و خۆدەرنەخستن) تان هەڵگرتووە، بۆچی ئەبێ بەبێ بەدواداچوون ئەم جۆرە قسە و بوختانانە بکەن بە مانشێتی ڕۆرژنامەکەتان، ئەم جۆرە تومەت و حوکمدانە ڕابردووی پێشترمان دێنێتەوە بەرچاو، کە کاتی خۆی لەسەردەمی داگیرکەردا، بە سەدان و هەزاران کەسی بێتاوانی میللەتەکەمان، تەنیا بە هۆی تۆمەت و بوختانی بێ بەڵگە و بنەمای یاسایی زیندانی دەکران و لەسێدارە دەدەران، ئایا ڕەوایە وەک ابن خلدون دەڵێ قوربانی لاسایی جەلاد بکاتەوە (الضحية تقلد الجلاد)؟! کاتێکیش وەڵامەکەتان بۆ دەنێرینەوە وەک ڕوونکردنەوەی پێشوومان لە شوێنێکی تری ڕۆژنامەکەتاندا بڵاوی دەکەنەوە، بەبێ بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان، لە کاتێکدا نەریت و عورفی ڕۆژنامەوانی دەخوازێت، کە وەڵامەکانمان لە هەمان ئەو لاپەرەیەدا بڵاو بکرێتەوە، یان هەرنەبێ لە هەمان لاپەرەدا (کە لای ئێوە لاپەڕەی یەکەمە) ئاماژەی پێ بکرێت، وە دەخوازین هەر بەو شێوەیەی لە مانشێتی ڕۆژنامەکەتاندا نووسیتان کە گوایە جلالی سام ئاغا زەوی وەرگرتووە، هەر بە هەمان شێوە بە مانشێت بنووسن کە زەوی وەرنەگرتووە؟! ئەمەش مافێکی ئاسایی خۆمانە. لە کۆتاییدا دەڵێین: ئێوە ئەڵێن لەناو خوێناوی کەرکوکدا ئەم ڕۆژنامەیە دەردەکەن، کە ئەمە جێی شانازییە و کۆمەڵێک قەڵەمی پرشنگدار هاوکاریتان دەکەن، ئێستا کە ئەم بەڵگەنامانەمان خستە ڕوو، ئایا ئێوە بەتەنگ ئەوەوە نین کە ئەم جۆرە بابەتانە لای خوێنەران و نووسەرانی ڕۆژنامەکەتان کار لەناو و ناوبانگی ڕۆژنامەکەتان بکات، کە دروشمی کەرکوک و نەتەوایەتی و دژایەتی گەندەڵی هەڵگرتووە!! (وا لەخوارەوە بڕیاری مجلیسی قیادەی سەورە و ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەخەینە ڕوو).

# رقم ٣٩٥

استنادا الى أحكام الفقرة ( ا ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٣/٣/٢٠ ما يلي :ــ

اولا ــ لوزارة الزراعة والاصلاح الزراعي تأجير الاراضي المملوكة للدولة غير المثقلة بحق التصرف وغير المستغلة لاغراض الزراعة ، الواقعة في سفوح التلال والجبال والوديان في المحافظات الشمالية التي تصلح لزراعة الفواكه الديمية لغرض غرسها بأشجار الكروم وغيرها على ان لاتزيد المساحة المؤجرة للشخص الواحد على ( ٢٠ ) دونما .

ثانيا ــ على المستاجر ان يقوم بغرس المساحة المؤجرة بكاملها خلال سنتين من تاريخ تسلمه الارض وفق تعليمات وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي ، ولوزير الزراعة والاصلاح الزراعي تمديدها لسنة اضافية وتسترد منه الارض اذا خالف ذلك دون معذرة مشروعة .

ثالثا ــ تكون مدة الايجار ٢٥ سنة قابلة للتجديد وتعفى السنوات الخمس الاولى من بدل الايجار .

رابعا ــ لوزير الزراعة والاصلاح الزراعي اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار .

خامسا ــ ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

# رقم ( ٨١ ) لسنة ١٩٨٣
# صادرة عن وزير الزراعة والاصلاح الزراعي
# بشان تاجير الاراضي المملوكة للدولة في المحافظات الشمالية لزراعة الفواكه الديمية

استنادا الى احكام البند ( رابعا ) من قرار مجلس قيادة الثورة رقم ٣٩٥ لسنة ١٩٨٣ .

**اصدرنا التعليمات الاتية :**

**المادة الاولى :ـ** على من يرغب في تاجير الاراضي المملوكة للدولة غير المثقلة بحق التصرف وغير المستغلة لاغراض الزراعة ، الواقعة في سفوح الجبال والتلال والوديان في المحافظات الشمالية التي تصلح لزراعة الفواكه الديمية ان يقدم طلبا الى الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة متضمنا المساحة المراد تاجيرها والمنطقة الواقعة فيها .

**المادة الثانية :ـ** ١ ـ على الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة دراسة الطلب والكشف على الارض المراد تاجيرها وتثبيت مساحتها وموقعها

## تعليمات

وتأييد صلاحيتها لزراعة الفواكه الديمية على ان لا يقل معدل سقوط الامطار فيها عن ٦٠٠ مليمتر في السنة .

ثم عرض الموضوع على المجلس الزراعي في المحافظة لتحديد مقدار بدل ايجار الدونم الواحد سنويا .

ب – بعد تحديد المساحة والموقع واستكمال جميع الاجراءات وتحديد بدل الايجار السنوي من قبل المجلس الزراعي في المحافظة تقوم الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة بمفاتحة الوزارة للموافقة على التأجير .

جـ – بعد موافقة الوزارة على التأجير تقوم الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة بالتعاقد مع المستأجر وتسليمه الارض بمحضر تسليم اصولي .

د – تكون مدة العقد ( ٢٥ ) خمس وعشرين سنة قابلة للتجديد وتكون مدة الخمس سنوات الاولى معفاة من بدل الايجار .

المادة الثالثة :– على المستأجر الالتزام بما يلي :

أ – تقديم خطة بكيفية غرس المساحة المراد استئجارها والفواكه التي يرغب بغرسها بحيث تلائم وطبيعة الارض وكمية مياه الامطار في المنطقة مع التركيز على زراعة كروم العنب الديمية .

ب – القيام بغرس المساحة المؤجرة خلال سنتين من تاريخ تسلمه الارض .

جـ – السماح للموظفين المختصين بالدخول الى البستان لغرض التفتيش والمراقبة .

د – تنفيذ التعليمات الفنية التي تصدرها الدوائر المختصة .

هـ – عدم الاضرار بالارض المؤجرة او استغلالها لغير الاغراض التي اجرت من اجلها .

المادة الرابعة :– أ – يجوز تمديد المدة الواردة في الفقرة ( ب ) من المادة الثالثة لمدة سنة اخرى في حالة عدم اكمال غرس كامل المساحة خلال المدة المذكورة لسبب مشروع .

ب – للوزارة الغاء العقد واسترداد الارض من المستأجر عند عدم اكمال غرس كامل المساحة في المدة المحددة في الفقرة ( ب ) من المادة الثالثة او في مدة التمديد الواردة في الفقرة ( أ ) من هذه المادة .

المادة الخامسة :– للهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي المختصة القيام بالكشف على الارض المستأجرة ومراقبة قيام المستأجر بتنفيذ التزاماته القانونية والتعاقدية وعند وجود المخالفة توجه له انذارا بضرورة ازالتها خلال مدة ثلاثة اشهر وعند عدم الامتثال يفسخ عقد ايجاره وتسترد منه الارض باعتبارها خالية من الشواغل .

المادة السادسة :– أ – على المستأجر اشعار الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة خلال النصف الاول من السنة الاخيرة من مدة العقد برغبته بتجديد العقد .

ب – عند انتهاء مدة العقد وعدم رغبة المستأجر في تجديده تؤول المغروسات والمنشآت المقامة من قبله الى وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي بدون بدل .

المادة السابعة :– عند وفاة المستأجر يحل ورثته محله في حالة رغبتهم بالاستمرار في تنفيذ العقد اما في حالة عدم رغبتهم فتسترد الارض ويعوض الورثة عن المغروسات والمنشآت والآلات الزراعية المستغلة في الارض المؤجرة بالسعر السائد .

المادة الثامنة :– تنفذ هذه التعليمات من تاريخ نشرها في الجريدة الرسمية .

وزير الزراعة والاصلاح الزراعي



توزيع الدار الوطنية للتوزيع والاعلان
ثمن النسخة ( ٥٠ ) فلسا
طبعت بمطابع دار الحرية للطباعة – بغداد

## بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی ئاوێنە
## ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی... تەنیا گەندەڵی ناگرێتەوە(١٤)

لە ژمارە(٨٤)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/٨/٢٨)ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا وتارێکی کاک ڕەنج قەرەداغی بڵاوکراوەتەوە. لە ناونیشانی وتارەکەدا (ئیدارەکانی د. بەرهەم و عومەر فەتاح خاوەنی (٢١٣٣) ڕاپۆرتی گەندەڵین). نەشارەزایی و نیازی وتارنووس لەسەر ئەو بابەتە دەرئەکەوێت، چونکە دیوانی چاودێریی دارایی خاوەنی ئەو ڕاپۆرتانەیە نەک ئەو دوو ئیدارەیە. لەمەش خراپتر، وتارنووس هەموو ڕاپۆرتەکان بە (ڕاپۆرتی گەندەڵی و ناپاکی) ناودەبات و دەپرسێت «دەبێت چ جۆرە ناپاکی و گەندەڵی و چ جۆرە خیانەتێکی مێژوویی لەنێو حکومەت و دامودەزگاکانیدا کرابێت...هتد». بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەین:

یەکەم: لێرەدا دیارە وتارنووس ئاگاداری و شارەزایی لەبارەی سروشت و کارو ئەرکی دیوانی چاودێریی داراییەوە نییە، لە هەمان کاتدا هەوڵی نەداوە هیچ زانیاری‌و ئاگادارییەک لەم بارەیەوە وەربگرێت، تاوەکو ڕاستییەکانی بۆ ڕوون ببێتەوە، ئەگەر نا ئەیتوانی سەردانی دیوانمان بکات، تا بۆی دەربکەوتایە کە ئەم ڕاپۆرتانە جۆراوجۆرن و پەیوەندییان بە لایەنی سلبی و ئیجابی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە هەیە، واتا «ڕاپۆرتی گەندەڵی و ناپاکی و خیانەتکردن» نین، وەک لە خەیاڵی وتارنووسدا هەیە و لە وتارەکەیدا دەرکەوتووە. ئێمە نازانین بۆچی و چ مەبەستێک وتارنووس بەم جۆرە سروشتی ڕاپۆرتەکانی ئێمە دەشێوێنێت و تومەتی «ناپاکی و خیانەتی مێژوویی» دەداتە پاڵ حکومەت و دامودەزگاکانی!! بەدڵنیاییەوە ئەم جۆرە تۆمەتانە دەتوانرێت لێپرسینەوەی یاسایی بەرامبەر وتارنووس بەدواوە بێت، چونکە لە ڕاپۆرتەکانی دیوانمان، وەک چەندان جار ڕوونمان کردۆتەوە، هەر حاڵەتێکی گەندەڵی و کەموکوڕی، لادانی دارایی، یاسایی، هونەری، کارگێری گەورە یان بچووک، باس دەکرێن، لەمیش زیاتر لەم ڕاپۆرتانەدا کۆمەڵێک ڕاسپاردە و

(١٤) ئەم ڕوونکرنەوەیە لەڕۆژنامەی (ئاوێنە)ژمارە(٨٧) لە(٢٠٠٧/٩/١٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

ئامۆژگاری یاسایی و دارایی و کارگێڕی پێشکەشی ئەو دەزگا و فەرمانگانە دەکرێن، کە دەستەکانمان سەردانیان دەکەن.

دووەم: سروشتی کاری دیوانمان وا دەخوازێت، کە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی بە نهێنی ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێن، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، تا ئەو لایەنانەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان دەیان گرێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن و نەهێشتنی حاڵەتی گەندەڵی و لادان و کەمتەرخەمی و کەموکوڕیو پێشخستنی کاروباری حکومەت و دەزگاکانی. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو هەموو زانیاریو ئاگادارییانەی لەبارەی دامودەزگاکانی حکومەتەوە هەمانە، بەپێی سروشتی کارەکانمان لایەنی بێدەنگی و خۆ بەدوورگرتنمان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرتووە، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی گشتییە، چونکە دەگونجێت هەبوونی سەرنجێک لەسەر کەسانێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا باسکرا زۆر بە گەورە بکەوێتەوە لەسەر کەسێک، وەک ئەم حاڵەتەی ئەم بەڕێزە بۆی چووە!! تەنیا لە بەرامبەری یەک حاڵەتدا، ئەویش ناچارکراین وەڵامی ئەو درۆ و چەواشەکاریی و بوختانانەی ڕاگەیاندنی ئیدارەی پێشووی شارەوانی سلێمانی بدەینەوە، بەرامبەر دیوان و سەرۆکی دیوانمان کردیان، ئەوە بوو بە بەڵگەوە بۆ ڕووناکبیران و کەسانی خاوەن ویژدان و بۆ مێژوو، هەموو ئەو درۆ و بوختانانەمان پوچەڵکردەوە، دواتریش ڕوونکردنەوەکانمان لە نامیلکەیەکدا کۆکردەوە بۆ ئەوەی وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لە ئەرشیفی دیوانمان و ئەرشیفی نەتەوەییماندا بمێنێتەوە، نەک وەک وتارنووس، کە ناهەقییەکی تر بە زمانی ئێمەوە هەڵئەبەستێ و ئەنووسێت «دیوانی چاودێریی دارایی لەبەرئەوەی حکومەتو حیزب بێحورمەت نەکات ڕاپۆرتەکانی بڵاوناکاتەوە». ئەم بوختانانە شێواندنێکی بەئاگایانەی ڕوونکردنەوەیەکی ئێمەیە، کە لە ژمارە (٢٤٠)ی ڕۆژنامەی هەواڵدا، بەم جۆرە هاتووە «ئێمە لەبەر حورمەتی حکومەت و حیزب نەمان ویست ئەم شکاتانە بکەوێتە سەر ڕووپەری ڕۆژنامەکان». ئایا وتارنووس هێندە نەزانە کە لەنێوان ڕاپۆرتەکانی دیوانو شکاتکردن لە دادگا لە کەسێک و لە ڕاگەیاندنی چەواشەکاری شارەوانی سلێمانی جیاوازی نەکات؟ یان وەک دەگوترێ (بە مەبەستێک کە لە دەروونی یاقووب دایە)، ئێمەیش وا بۆی دەچین، ئەم کارەی کردووە؟!

سێیەم: پێدەچێت وتارنووس بە عەمدی و بۆ مەبەستێک نووسینەکەی ئێمەی شێواندبێت، چونکە لە کۆتایی وتارەکەیدا هاتووە «ڕووی قسەکانم دەکەمە بەرپرسانی پێشووی حکومەت بە گشتی و بەڕێزان (د.بەرهەم ساڵح و عومەر فەتاح) بە تایبەت، پێیان دەڵێم ئایا هیچ وەڵامێکتان نییە لەسەر ئەم قسەیەی دیوانی چاودێریی دارایی؟ ئایا سوپاس و پێزانینتان نییە بۆ ئەوەی کاک جەلال و دیوانی

چاودێریی بە بڵاونەکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە حورمەتی حکومەتیان پاراستووە؟!. ئێمە وا هەست دەکەین ئەمە ئەسڵی مەبەستی نووسینەکەی وتارنووسە و پوختەکەیشی شکاتکردنە لە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ ئەوەی، بە هەموو عەقڵییەوە، بەڕێزان (د.بەرهەم ساڵح و عومەر فەتاح) لە سەرۆکی دیوان هان بدات، کە لەسەر قسەیەکی تەحریفکراو هەڵوێستێک بەرامبەر سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی وەربگرن، لە کاتێکدا ئەو دوو بەڕێزە زۆر لەوە وردترو شارەزاترن، کە سەرپێیانە بە هۆی نووسینێکی چەواشەکارانەوە حوکم لەسەر کارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکەکەی بدەن، چونکە دیوانی چاودێریی دارایی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، بۆیە هەردوو بەڕێزان لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو کارەکانی ئەم دەزگایەن و خۆیان پشتگیرییان لێ کردووە و لەسەر زۆربەشیان سەرۆکایەتی حکومەت فەرمانی داوە، کە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی دیوان جێبەجێ بکرێت و هەندێجار ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو دوو بەڕێزەوە ئیجرائات وەرگیراوە لەسەر ڕاپۆرتەکان. لە ڕاستیدا پرۆژەی چاکسازی لە ئیدارەکەی د.بەرهەمەوە دەستی پێ کرد بۆ مێژوو دەبێ بڵێین د.بەرهەم تەنانەت لە کاتی هەندێ لە سەفەرە گرنگەکانیشیدا بۆ دەرەوەی وڵات، بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆکی دیوان پەیوەندی دەکرد بۆ بەدواداچوونی هەندێ مەسەلە و لێپرسینەوە و تەحقیق، ئەگەر پێویست بوایە داوای دەکرد بە ئیمەیڵ زانیاری و وردەکاری لەبارەیانەوە بۆ بنێردرێ، بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی دیوان کردووە. جێدەستی ئیدارەکەی کاک (عومەر فەتاح)یش لەم بوارەدا دیارە، هەر بە بڕیاری کاک عومەر فەتاح خۆی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی پێشووی سلێمانی) کاک عیماد ئەحمەدی ڕاسپارد ڕۆژانە بۆ ماوەی مانگێک زیاتر بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراوو لەگەڵ جێگری سەرۆکی دیوان و بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیداردا بەسەر هەموو وەزارەت و دەزگاکان دەگەڕان بۆ بەدواداچوونی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی دیوانمان و جێبەجێکردنیان، بە تایبەتی ئەو ڕاپۆرتانەی کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوو بوو و هێشتا جێبەجێ نەکرابوون. ئەنجامی ئەم بەدواداچوون و لێپرسینەوە بە ڕاپەراندنی کارەکانی دیوانمانەوە دیارە، بە ڕاسپاردەی هەمان ئیدارە و بە بڕیاری دەسەڵاتی دادوەری چەندین فەرمانبەری بچووک و گەورە دەستگیرکراون و لەژێر لێکۆڵینەوەدان، یان لە کارەکانیان لابراون، یان بڕیاری دادگایان بەسەردا سەپێنراوە، تا ئێستاش کاک عومەر فەتاح، کە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمە، بە بەردەوامی نووسراو ئاڕاستەی دامودەزگاکانی حکومەت دەکات، بۆ ئەوەی

ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی دیوانمان جێبەجێ بکرێت، هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێین ئەو شەڕفرۆشی و تەشهیرەی بۆ ماوەیەکی زۆر بەرامبەر دیوانی چاودێریی‌و سەرۆکی دیوانمان کرا، ئێستا پریشکەکەی لەلایەن ئەم جۆرە وتارنووسە هاندراوانەوە گەیشتۆتە هەردوو سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) !

چوارەم: بەشی زۆری نووسینەکەی وتارنووس، دانانی ئەگەر و ئیحتیمالاتە، بەشێکیشی بەکارهێنانی وشەی وەک «وا دەزانم و خۆ من ناشلێم و ئێمە وا دەزانین؟!» ئەمانەیش هەموو بەڵگەی ئەوەیە وتارنووس خۆشی دڵنیا نەبووە لە هەندێ بۆچوون‌و سەرنج کە لەسەری نووسیوە و لە کاتی نووسینی وتارەکەیدا لە دڵەڕاوکێ و گوماندا ژیاوە، پێش ئەوەی بنووسێت لە بارەی بابەتی نووسینەکەی نەگەیشتۆتە حاڵەتی دڵنیابوون و یەقین سەبارەت بەو مەسەلەیەی کە لەسەری نووسیوە.

پێنجەم : لەم ڕاپایی و دوو دڵی هەردوو نووسینەکەی وتارنووس لە ئاوێنە ژمارە(٨٤) و ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٤١)ی (٢٠٠٧/٨/٤) دەگەینە ئەو ئەنجامەی:

١. وتارنووس، لە هەردوو نووسینەکەیدا، پێدەچێ مەسەلەی گەندەڵی و چاکسازی‌و بەرژەوەندی گشتی بەلاوە گرنگ نەبێت، ئەوەی بە لایەوە گرنگە و کردوویەتیە ئامانجی خۆی ئەوەیە، بەشداری ئەو گەلەکۆمەکییە بکات کە ماوەیەکە هەندێ سەرپێچی کار و گەندەڵ و سزادراو لەسەر لادان و سەرپێچی و گەندەڵی لە دژی دیوان و سەرۆکی دیوانمان دەستیان پێ کردووە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە وتارنووس لە تەواوی ئەو ڕوونکردنەوە تێروتەسەلەی لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٤٠)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٧/٢٨) بڵاومان کردۆتەوە هیچ بایەخێکی بەو زانیاری‌و بەڵگانە نەداوە کە لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتوون، بەڵکو قسەیەکی هەڵبەستراوی داوەتە پاڵ دیوان و دەڵێت «سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێمیش پاکترە، وەک خۆی دەڵێ»، ئێمە لە بەرامبەری ئەم درۆیەدا، کە بە زمانی سەرۆکی دیوانمانەوە هەڵبەستراوە، تەنیا ئەوە دەڵێین کە ئەم جۆرە درۆهەڵبەستنە وەک درۆکەی پێشوو بە مەبەستی تەحریض و هاندانە، بۆیە نەک هەر بەسەر سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێمدا تێناپەڕێت، بەڵکو هەر خوێنەرێک کە ڕوونکردنەوەکەی ئێمەی لە ڕۆژنامەی هەواڵدا خوێندبێتەوە، گاڵتەی بەم قسەیەی وتارنووس دێت و بە درۆیەکی زەق و بێوێنەی دەزانێ، ئەگەر نا دەبوو تا ئێستا ڕاگەیاندنەکانی سەرۆکایەتی سەرکۆمار و سەرۆکایەتی هەرێم بەدەنگ بهاتنایە و داوای ڕوونکردنەوەیان بکردایە.

٢. وتارنووس گوایا بەدواداچوونێکی لەبارەی ڕوونکردنەوەکەی ئێمەوە نووسیوە، بەڵام خۆی بە هەندێ مەسەلەی لاوەکییەوە سەرقاڵکردووە و خۆی لە

ناوەڕۆکی سەرەکی و گرنگی بابەتەکە دزیوەتەوە و ئەیەوێ لەم ڕێگەیەوە بابەتە سەرەکییەکە ونبکات و سەرنجی خوێنەر بەلایەکی تردا بەرێت. جەنابی وتارنووس بیرت ئەخەینەوە، مەسەلە سەرەکییەکە ئەمانەی خوارەوەن:

أ. لەناو (٧٢٠) حەوت سەد و بیست وەزارەت و دامودەزگای حکومەت و کۆمەڵەو ڕێکخراودا، دیوانمان ڕاپۆرت و سەرنجی لەبارەی کارەکانیانەوە نووسیوە، تەنیا دوو دەزگا، لە مێژووی دیواندا، دراوە بە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ئەنجوومەنی وەزیران، یەکێکیان شارەوانی سلێمانی بووە، لەسەر سەرپێچی و گەندەڵی و دزی و لادان. ئایا مایەی سەرنج نییە لەناو هەموو ئەو (٧٢٠)وەزارەت و دەزگاو ڕێکخراوانەدا تەنیا شارەوانی سلێمانی، لەبەر سەرپێچی و لادانەکانی، لەژێر گوشاری تەنیا دوو ڕاپۆرتماندا، لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کەوتە بوختان و درۆهەڵبەستن بۆ دیوان و سەرۆکەکەی؟!

ب. لە ئەنجامی ئەو دوو ڕاپۆرتەی ئێمەدا (٢٢) فەرمانبەر بە بڕیاری خودی سەرۆکی شارەوانی (کە ناچارکرا) سزای جۆراوجۆر دران. بە بڕیاری خودی سەرۆکی حکومەت (ئیدارەی سلێمانی) (١٧) فەرمانبەر سزای جیاواز دران. هەروا سەرجەم فەرمانبەرانی بەشی بەکرێدان و زەوییوزار، بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، گۆڕدران. سەرەڕای ڕەوانەکردنی دوو کێشە بۆ دادگا و دوورخستنەوەی فەرمانبەرێکیش بۆ دەرەوەی شارەوانی، لەگەڵ هەندێ ئیجرائاتی تر، کە لە ڕوونکردنەوەکانی پێشووماندا دیاریمان کردووە، هەروەها ناردنی زیاتر لە (١٠٠) خاڵی لادان و سەرپێچی بۆ جەنابی مام جەلال و بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرۆکی حکومەت، دواتریش بۆ پەرلەمانی کوردستان. جگە لە جاسوسیکردن بەسەر دیوانمانەوە، لەلایەن دەزگایەکی حکومی ڕەسمیەوە بەسەر دەزگایەکی تری حکومی باڵاوە، کە لە دونیای دوێنێ و ئەمڕۆدا نەبینراوە و نەبیستراوە!!

ئیتر وتارنووس ! ئەمەیە ئەسڵی بابەتەکە کە خۆتی لێ ئەدزیتەوە. ئەمەیە کە شایەنی ئەوەیە بەدواداچوونی بۆ بکەیت، نەک ڕووکردنە کۆشکی کۆماری و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی (د. بەرهەم و کاک عومەر فەتاح).

٣. وەکو دەردەکەوێت، وتارنووس لە هەردوو نووسینەکەیدا ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە لە ڕێگای سەرۆکی دیوانمانەوە دژایەتی دیوان بکات، چونکە هەر پرۆسەیەکی چاکسازی و سزادانی گەندەڵ و سەرپێچیکاران، پێش هەرشتێک پشت بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی دەبەستێت، چونکە ئەم دەزگایە، وەک دەزگایەکی گرنگی نەتەوەیی، بوێرانە و عادیلانە زۆرترین ئیجابیات و سەلبیاتی

وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتی باسکردووە، بەردەوام لەبارەی چاکردن و گۆڕینی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت، چ بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکانی تر، پێشنیار کردووە، هەروا چاودێریی سەرفکردنی بودجەی حکومەت دەکات، ئەمەیش کاری بنەڕەتی دیوانی چاودێرییە، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو دنیادا. بۆیە ئەگەر سەرۆکی دیوانمان لەم کارەیدا بەردەوام بێت، یان وەک خۆی دەمێکە هەر لەو کاتەی کە بریکاری وەزارەتی دارایی بووە، دەخوازێت لە کارەکەی ئیعفا بکرێت، ئەوا دیوانی چاودێریی لەم کار و ئەرکە پیرۆزانەی خۆیدا هەر بەردەوام دەبێت. ئەگەر سەرۆکی دیوان لە کارەکەی ئیعفا بوو، ئەو کاتە بە تەواوی دەستی واڵاتر ئەبێت لە دادگا بەرامبەر ئەوەی کە لە پشتی تەشهیرکردن و نووسینەکانی وتارنووس و کەسانی ترەوەیە، بوەستێتەوە; بۆ ئاگاداری وتارنووس و هاوشێوەکانی، دەبێ ئەوە بڵێین کە دیوان و ڕاپۆرتەکانی لای سەرکردایەتی سیاسی و حکومی ئەوەندە بە گرنگ دانراون، کە تەنانەت لە دانانی وەزیرەکانی کابینەی یەکگرتوودا ڕاپۆرتەکانی دیوانیان بەهەند وەرگرت و لای خۆیانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرد. ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کەسانێک دژایەتی دیوانمان ئەکەن، کە نازانین کاکی وتارنووس لێی بێئاگایە یان نا!؟

لە کۆتاییدا دەڵێین: ئەو دیوانەی ئێوە بەو شێوەیە تەماشای دەکەن و بوختانی بۆ هەڵدەبەستن، مانگانە بەسەدان ملیۆن دینار و دەیان و سەدان هەزار دۆلار بۆ بودجەی حکومەتی هەرێم دەگێڕێتەوە. بۆ ئەوانەش کە لەدڵسۆزییەوە دەیانەوێت بەشداری چاکسازی بکەن و لە سروشتی کارەکانی دیوانمان ئاگاداربن، ئەوا دەتوانن سەردانی دیوانمان بکەن، هەروەک چۆن هەندێ لەوانەی خەریکی توێژینەوەی زانستین دێنە لامان. بۆ ئاگاداری وتارنووس و هاوەڵانی و هەرکەسێک مەبەستی بێت لە بارەی ئامانج و سروشتی کارەکانی دیوانمان هەندێ ئاگاداری هەبێت، لێرەدا مادەی دووەمی سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی (١٩٩٩/٧/٢٩) تەعدیلکراو لە هەرێمی کوردستان دەرچووە، وەک خۆی بڵاوئەکەینەوە، دەریدەخات ئەرک و ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی تەنیا گەندەڵی ناگرێتەوە.

(سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)
لە(٢٩/٧/١٩٩٩) گۆڕاو، کە لە هەرێمی کوردستان دەرچووە)

**المادة (٢) :**

يقوم الديوان بالمهام الاتية :

**اولاً /** رقابة وتدقيق حسابات الجهات الخاضعة للرقابة المالية للتحقق من سلامة تطبيق القوانين والأنظمة والتعليمات المالية على أن يشمل ذلك :

أ - فحص وتدقيق معاملات الانفاق العام وفق القوانين وتقويم مردوداتها .

ب - فحص وتدقيق الموارد العامة والتأكد من جبايتها وفق القوانين .

جـ - ابداء الرأي في القوائم والبيانات والتقارير المتعلقة بنتائج الأعمال وحقيقة المركز المالي للجهات الخاضعة للرقابة .

د - للديوان وبموافقة رئيس مجلس الوزراء إجراء الرقابة السابقة على بعض أنواع الصرف في أية جهة خاضعة للرقابة .

هـ - رقابة وتقويم الأداء وفقاً لأحكام هذا النظام .

**ثانياً /** تقديم العون الفني في المجالات المحاسبية والرقابية وكل مايتعلق بها من امور إدارية وتنظيمية .

**ثالثاً /** المساهمة في وضع وتطوير القواعد والأصول والمعايير المحاسبية والرقابية وإصدار التعليمات الخاصة بها .

بەر لەم کۆتاییە و دوای ئەم ڕوونکردنەوانە، جێی خۆیەتی، لەم وتارنووسە و هاوشێوەکانی بپرسین: ئایا کێشەکانی نەتەوەکەمان لە داگیرکردن و جینۆسایدەوە تا دەگاتە سەر کێشەکانی ناوچە دابڕاوەکان لە هەرێم و کێشەکانی تیرۆر و گەندەڵیو تەنگژە ئابوورییەکان..هتد هاتوونەتە سەر شەڕفرۆشتن بە دیوانی چاودێریی و سەرۆکەکەی!؟ کە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی پێ ڕەش دەکەنەوە!؟ ئەو دیوانەی چاکی چاکسازی لێ کردووە بەلادا! یا ئەمە هەر درێژەی ئەو پەتایەیە، کە بە (دەردە کورد) ناو ئەبرێ و مەلا مارفی کۆکەیی بەم دێرە هەڵبەستە وێنای ئەکات:

**کوردیش چ کورد میـــللەتی خـــۆخۆرە پێکەوە**
**بۆ گیان و ماڵی یەکتری سمکوڵ دەکەن لە خۆڵ**

**ڕاگەیاندنی**
**سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٩/٩/٢٠٠٧**

## بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هاوڵاتی(١٥)

## بەدواداچوونێک لەلایەن ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییەوە درێژەدان بە بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری تەنیا لە بەرژەوەندی گەندەڵکارانە-

بەڕێز ئەحمەد میراودەلی لە کەنەداوە و لە ڕێگای ڕۆژنامەی (میدیا)وە ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/١٨)وەک ئەرکێکی نەتەوەیی، نوکە پێنووسێک ئاراستەی قەڵەمبەدەستانی گەندەڵکاران ئەکا و ئەنووسێ: «فەیلەسووفی مەزنی کورد زەردەشتی نەمر، گومانی نەهێشتۆتەوە کە شەڕی نێوان دێوەکانی ئەهریمەن و هاوەڵەکانی ئاهورامەزدا، بە بەزاندنی ئەهریمەن و دێوەکانی کۆتایی دێ. بە واتای ئەوەی شەڕی نێوان (**بیری چاک- گوتەی چاک- کرداری چاک**) لەگەڵ گەندەڵکاراندا، لە کۆتاییدا بەلای پیاوچاکان و مرۆڤی سەرڕاست و بێگەردا دەشکێتەوە. جا کاتێک گەندەڵکار بۆ خۆی نابووت دەبێ، هەروەک چۆن ئەهریمەن پەنا دەباتە بەر دروستکراوەکانی خۆی، ئاوهاش ئەمڕۆ گەندەڵکارەکانی کوردستان، ئەوانەی ڕۆژانە کاک جەلال داوای لێپێچینەوەی یاساییان لێ دەکا و ناتوانن لە بەرامبەر یاسادا بەرگری لە خۆیان بکەن، پەنایان بردۆتە بەر کلکەکانیان و ڕایان دەوەشێنن».

لە ڕۆژنامەی هاوولاتی ژمارە (٣٥٢)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٥)دا وتارنووسێک بە ناوی (سەردەشت حمە صالح) نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا بە جۆرێکی چەواشەکارانە خەڕەکە شکاوەکەی ڕاگەیاندنی ئیدارەی پێشووی شارەوانی سلێمانی لە بارەی حەوزی ماسی بەکرەجۆ لێ دەداتەوە و هەندێک تۆمەت و بوختان ئەخاتە پاڵ سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییمان. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینە دیوانمان نووسراوێکی ڕەسمی بە ژمارە (٣٣٣) لە بەرواری(٢٠٠٧/٩/١٦)دا ئاراستەی بەڕێز بابیز سەعید تاڵەبانی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری کرد، کە کاتی خۆی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، نووسراوە بڵاوکراوەکەی (هاولاتی) ئیمزا کردووە، کە ژمارەی (٣٣١)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/١٠/٢٥)ی لەسەر بوو. دیوانمان لە نووسراوەکەیدا هەندێ پرسیاری کردووە، بە مەبەستی ئەوەی کە ئەگەر سەرۆکی

(١٥) ئەم ڕوونکرنەوەیە لەڕۆژنامەی (هاولاتی) ژمارە(٣٥٨)لە(٢٠٠٧/٩/٢٦)دا بڵاوکراوەتەوە.

دیوانمان، لەو پرۆژەی حەوزی ماسییەدا، سەرپێچییەکی یاسایی یان تەزویر و ئیختیلاسی کردبێ ئاگادارمان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام لە بەدبەختی سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران بەڕێز کاک شێخ بابیز لە وەڵامەکەیدا، کە پشتی بە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پرۆژەی حەوزی ماسی فلۆرەنسا بەستووە، بە نووسراوی ڕەسمی نهێنی و تایبەت ژمارە (٣٥٧)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/٩/١٨) لە دوو بڕگەی وەڵامەکەدا (٥،٤) ئەڵێ:

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری**

[redacted]

**ژمارە: ( ٢٥٧ )**

**بەروار: ١٨/ ٩ /٢٠٠٧**

**( نهێنی و تایبەت )**

**بۆ/ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی / نووسینگەی تایبەت**

**ب/ راپۆرت**

**نوسرلوتان نهێنی ژمارە (٣٣٣) لە ٢٠٠٧/٩/١٦**

**٤-باسی سەرۆکی دیوانی ئێستا کە بەرێز جلال عمر سام اغا لە راپۆرتەکەدا هاتوە کە یەکێکە لە (٣) ئەندامانی سەرپەشتیاری پرۆژەکە کە پارەیەکی (مقطوع)یان وەرگرتوە وەك لیژنەی سەرپەرشتیار وە ئاماژە بە هیچ سەرپێچیەکی یاسایی نەکراوە تیایدا.**

**٥-لە راپۆرتەکەدا کەس تاوانبار نەکراوە بە تزویر یان اختلاس.**

**لەگەڵ رێزدا..**

**بایز سعید محمد**
**وەزیــری هەرێم**
**بۆ کاروباری دارایــی و ئــابووری**
**٢٠٠٧/٩/١٨**

**وێنەیەك بۆ/**

- **نوسینگەی تایبەت.**

«١. باسی سەرۆکی دیوانی ئێستا کە بەڕێز ((جەلالی عومەری سام ئاغا)) کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە یەکێکە لە (٣) ئەندامانی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، کە

پارەیەکی (مقطوع)یان وەرگرتووە وەک لیژنەی سەرپەرشتیار، وە ئاماژە بە هیچ سەرپێچییەکی یاسایی نەکراوە تیایدا.

٢. لە ڕاپۆرتەکەدا کەس تاوانبارنەکراوە بە تەزویر و ئیختیلاس».

وا لێرەدا ئەو دوو بڕگەی وەڵامی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری لە نووسراوی ژمارە (٣٥٧)ی وەزارەتی ناوبراو، وەک خۆی بڵاوئەکەینەوە:

ئەم وەڵامەش نەک هەر ئەستۆپاکی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بەڵکو ئەستۆپاکی هەموو ئەندامانی لیژنەی یەکەمی ئەو پرۆژەی حەوزی ماسییە پیشان ئەدات. بۆ ئاگاداری هەموو لایەکیش، ئەم حەوزی ماسییە دوو لیژنەی جیاوازی لە دوو قۆناغی جیاوازدا هەبووە. لیژنەی یەکەم ساڵی(١٩٩٤) تا (١٩٩٥/٧/٣١) بەردەوام بووە، لیژنەی دووەمیش لە (١٩٩٥/٨/١) کاری کردووە و هیچ کام لە ئەندامانی لیژنەی یەکەم لە لیژنەی دووەمدا بەشدارنەبوونەتەوە و دەوروتەسلیمی ئوسوڵیش بەبێ کەموکوڕی لەکاتی خۆیدا کراوە، دوای ئەم ڕوونکردنەوانە، ئەم پرسیارانە خۆیان ئەسەپێنن:

یەکەم: ئەگەر کاسەکە بێ ژێر کاس نییە، بۆچی ئەو وتارنووسە، کە ئەیەوێت لە ڕێگەی ئەم چەواشەکارییانەوە خۆی بە خوێنەر بناسێنێ، تەنیا بە سەرۆکی دیوانمانەوە گرتوویەتی؟ خۆ ئەو هەموو شتێک نەبووە لەو پرۆژەیەدا، بەڵکو تەنیا ئەندامێک بووە لەناو لیژنەی سەرپەرشتیاردا، ئەندامەکانی تر بریتی بوون لە بەڕێزان: نەوشیروان مستەفا، خالید خاڵ، ڕەفیق قەزاز، کاک جەمال عەبدولیش سەرۆکایەتی پرۆژەکە و ئەو لیژنەیەی کردووە، هەروەها لە پرۆژەکەدا دوو ئەندازیار، بەڕێز شیروان مهدی عزیز و جلال رشید شوانە و بەڕێوەبەری ژمێریاری بەڕێز سروە مستەفا مجید و بەڕێوەبەری وردبینی بەڕێز نەسرەدین خدریش هەبوون لەگەڵ چەند کارمەندێکی تر، ئینجا ئەبێ مەسەلەی پارەگۆڕینەوە، یان هەر کارێکی سەرف و ژمێریاری، چ پەیوەندییەکی بە کاک جەلالەوە هەبووبێ، هەرچەندە لەو ڕووانەشەوە هیچ کەموکوڕییەک نەبووە، وەک لە وەڵامە ئاماژە بۆ کراوەکەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری دەرئەکەوێ. تۆ بڵێی ئەم سەردەشت ناوە، لەم بارەوە لە هەموو ئەو کەسانە و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی شارەزاتر و ئاگادارتر بێ؟! ئەگەر مەسەلەکە پێداگرتنی عەمدی نییە لەسەر بوختان و چەواشەکاری، بۆچی ئەم قەوانە سواوە بۆ چوارەمین جار لێ ئەدرێتەوە؟! لە کاتێکدا ئێمە لە چەند ڕوونکردنەوەیەکدا، بە بەڵگەوە ئەو بوختان و درۆیەمان پوچەڵکردۆتەوە، ڕوونکردنەوەکانیش لەم ڕۆژنامانەدا بڵاوکراونەتەوە:

-ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە(٣٥) لە (٢٠٠٦/٩/٥) ژمارە (٤٦) لە ڕۆژی (٢٠٠٦/١١/٢٨).

- ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (٢٧١) لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/٣) و ژمارە (٣٠٦) لە ٢٠٠٦/١١/٢٨.
- ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە (٩٣) لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/٤) و ژمارە (١٠٥) لە ڕۆژی (٢٠٠٦/١٢/٤).

هەموو ئەم ڕوونکردنەوانەیش دواتر لە شێوەی نامیلکەیەکدا بڵاوکراوەتەوە و بۆتانی ئەنێرین.

دووەم: لەبەرئەوەی وتارنووس نووسراوێکی نهێنی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٣٣١) لە ڕۆژی (٢٠٠٠/١٠/٢٥) لەگەڵ وێنەیەکی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە، ئێمە لە دادگا داوامان لەسەر تۆمار کردووە، بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەم نووسراوە نهێنییەی دەستکەوتووە، لەبەرئەوەی ئەم نووسراوە تەنیا لە دیوانی چاودێریی دارایی و پارێزگای سلێمانی هەیە، دەبێ وتارنووس لەبەردەم دادگا ڕوونی بکاتەوە کێ یارمەتیداوە بۆ دزین یان دەرهێنان (نزع)ی ئەو نووسراوە نهێنییە لە فایلەکانی پارێزگای سلێمانی، ئەم کارە بەپێی مادەی (٢٦٤) یاسای سزادان بە تاوان دادەنرێتو سزای خۆی هەیە.

سێیەم : وتارنووس درێژە بە درۆ و چەواشەکارییەکانی ئەدا و لە بارەی بەخشینی ئەو زەوییەی کە سەرۆکی دیوانمان بە دیوانی بەخشیوە، ئەنووسێ: (ئەوەی من بزانم و ئاگاداربم ئەو زەوییەی جەنابی (جەلالی عومەری سام ئاغا) حیجزی لەسەرە، ئەمە دوای ئەو ڕاستییانە هات کە (حاکم قادر) خستیە ڕوو، بەوەی کە سەرۆکە تاک و پاکەکەی دیوانی چاودێریی دوو زەوی وەرگرتووە، دەستبەجێ ئەو بڕیارەی دەرکرد، بۆ ئەوەی بوترێ بەخشراوە بە دیوانی چاودێریی دارایی، بە داخەوە ئەو زەوییە حیجزی چۆتە سەر، بۆیە پێم باشە شتێکی دیکە بە دیوانەکەی ببەخشێ).

لەوە ئەچێ (زانین) و (ئاگاداری) وتارنووس لە بارەی حەوزی ماسییەکەش هەر بەم جۆرە بێت، بۆیە دەڵێین لە بێخەبەران کەشکەک سەڵاوات!! ئێمە بۆ ئەوەی بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەینەوە کە ئاستی (زانین) و (ئاگاداری) وتارنووس لەبارەی ئەم مەسەلەیە چەندە، ئەڵێین:

١. بەپێی مادەی (١٥) لە سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی(١٩٩٩)، هەموو جۆرە تەعقیباتێکی قانونی بەرامبەر سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی و جێگرەکەی و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تەنیا بە بڕیاری خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەکرێت. ئەوەی مدیری شارەوانییەک بتوانێت حیجز بخاتە سەر پارچە زەوییەکی سەرۆکی دیوان، لە ساڵی (١٩٩٤) بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی (لەوانە بە کاک جەلالیشەوە کە ئەو

کاتە ئەندامی ئەنجومەنەکە بووە) دراوە تەنیا لە خەیاڵی بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی و وتارنووس دایە! چەند شەرمە مرۆڤ لەبارەی مەسەلەیەکەوە هیچ (زانین) و (ئاگاداری) نەبێت هێندە بە ئیسرارەوە بنووسێت و ئیدیعای (زانین) و (ئاگاداری)یش بکات.

٢. بۆچی وتارنووس هێندە خۆی بە پارچە زەوییەکی بچووکی دووسەد مەتر دووجاوە ماندوو دەکات، بە جۆرێکی یاسایی وەرگیراوە و ئارەزوومەندانە بە دیوانی چاودێریی دارایی بەخشراوە و دڵی خۆی بەوە خۆش ئەکا، کە گوایە حیجز خراوەتە سەر زەوییەکە؟ ئەی بۆ لە بەرامبەر وەرگرتنی (١٥٣٠م٢) لەلایەن ئەو کەسەی کە گوایا ئەتوانێ حیجز بخاتە سەر زەوی یاسایی سەرۆکی دیوان، خۆی بێدەنگ کردووە، ئایا بە ویژدانی وتارنووس ڕەوایە کەسێک بە تەنیا ئەو هەموو زەوییە، نزیکەی (١٠) پارچە زەوی و لە باشترین شوێنی شاریش وەربگرێت تا بیکاتە کۆشکی تایبەتی خۆی و بە مەسبەح بیڕازێنێتەوە؟! لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری پێشمەرگە دێرینەکان هێشتا زەوییان وەرنەگرتووە، وەکو لە بڵاوکراوەکانیاندا دەردەکەوێت، کەچی گێچەڵ بە سەرۆکی دیوانمان بکات، لە کاتێکدا کە ئێستا نە خاوەنی خانوویەکە، نە خاوەنی مەترێک زەوی، چونکە هەمووی بەخشیوە.

٣. وتارنووس بۆچی خۆی لە باسکردنی هەموو ئەو شتانەی تر دزیوەتەوە، کە سەرۆکی دیوان بە میللەتەکەی بەخشیونی، لەوانە: بەخشینی تاکە خانووەکەی خۆی بە وەزارەتی تەندروستی، کە بە بەری ڕەنجی خۆی دروستی کردووە، بەخشینی مووچەی خانەنشینی لە کاتی خۆیدا، بە ڕەسمی داوای کەمکردنەوەی مووچەکەی خۆی، قبوڵ نەکردنی حمایەی تایبەتی و جەژنانەی ڕەسمی حکومەت و....هتد .

ئەگەر هاندان و ڕقوکینە نەبێت، بۆچی وتارنووس، لەنێو هەموو ئەو بەرپرس و کەسانەی پەیوەندییان بە حەوزی ماسییەکەوە هەیە، تەنیا بە سەرۆکی دیوانمانەوە نووساوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی و خوێنەرانی بەئاگای نەتەوەکەمان بەجێ دێڵین.

چوارەم: لە دوا پرسیاریشمان، ڕووی قسەمان ئەکەینە ئەو ڕۆژنامانەی لاپەرەکانیان ئەکەن بە مینبەری داکۆکی لە سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران و ئەڵێین ئێوە لەپای چی؟!

ئایا ئازادی ڕۆژنامەوانی، کە ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، بەو مانایەیە کە ڕێگە بدرێت لە ڕۆژنامەکاندا کەسایەتیی ناسراوی حکومی و سیاسی و هەرکەسێکی تر، ناڕەوایانە پەلامار بدرێت و بوختانیان پێ بکرێت؟ ئایا بەرپرسانی ئەو ڕۆژنامانە بە چ مافێک ڕێگە دەدەن، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان، بەم جۆرە ناڕەوایە و بۆ

چەندەمین جار درۆ و نووسینی چەواشەکارانە لە دژی دیوانمان و سەرۆکەکەی بڵاوبکەنەوە؟ ئایا ئەوان نازانن کە ئەم جۆرە کارە نەک هەر لەگەڵ ئێتیک و ئەخلاقی رۆژنامەوانیدا ناگونجێت، بەڵکو لێپێچینەوەی یاسایشی بەدواوەیە ؟! بەپێی یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان (قانون المطبوعات لإقليم كردستان) بڕیاری (٢٤) لە (١٩٩٣/٤/٢٥)، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، لە مادەی (٩)دا ئەڵێت (**يحضر النشر فى التحريض على ارتكاب الجرائم واعمال الارهاب وترويج سبلها وتوفير ممكناتها والقذف والطعن والتشهير بالأشخاص وانتهاك حرمة الاديان والمذاهب والآداب والنظام العام**)... ئێمە بەپێی ئەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ ئەم نووسینەدا دەکەین، کە پڕە لە درۆ و تەشهیر و قەزف و طعن، بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەتێک بۆ ئەو قەڵەم بەدەستانەی بەم جۆرانە ڕەفتار دەکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین: کاتێک قەڵەم بەدەستی پیاوی ژیر و دڵسۆزەوە دەبێت داکۆکی پێ لە ئازادی و مافی مرۆڤ دەکات، کاتێکیش ئەکەوێتە دەستی کەسانی نەزان، وەک منداڵ.. دار و دیواری پێ ڕەش دەکەنەوە.

**ڕاگەیاندنی**
**سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٣/ ٩/ ٢٠٠٧**

## بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی هاوڵاتی(١٦)
## (ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییەوە)
## تاکەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی درێژە بە زمانی تەشهیرکردن ئەدات؟

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارەی (٣٦٠)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/١٠/٣)دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە، کە پڕییەتی لە درۆ و بوختان بەرامبەر سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی. ئێمە بەلامانەوە سەیر نییە گەندەڵکاران و سەرپێچیکاران و کەسانێک هەبن درێژە بە درۆ و بوختان بدەن، چونکە ئەوان، بەهۆی ڕاپۆرتەکانی دیوانمانەوە، زەرەرمەند و ریسوا بوون، بەڵام سەیر ئەوەیە کە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بە ئیسرارەوە ڕەواج بەم جۆرە درۆ و بوختانانە ئەدات. بۆیە ڕووی وەڵاممان ئەکەینە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و ئەڵێین:

یەکەم : دوای ئەوەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی کۆمەڵێک گرفتی هاتە ڕێ و چەندان جار ڕووبەڕووی دادگا کرایەوە، سەرنووسەری نوێی ڕۆژنامەکە ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٢٧) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا ڕایگەیاند کە لەمەودوا ڕۆژنامەکە «دوور دەکەوێتەوە لە زمانی تەشهیرکردن و زبر»، بەڵام لەوە ئەچێ هاوڵاتی درێژە بە زمانی تەشهیرکردن بدات، چونکە هێشتا ڕێگا بۆ بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان خۆش ئەکات. ئەمەش نەک هەر لەگەڵ نەریت و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیدا ناگونجێت، بەڵکو گرفتی زیاتر بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دروست ئەکات و ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی ئەکاتەوە.

دووەم: ئێوە بوختان بە سەرۆکی دیوانمان ئەکەن، کە گوایا ئەو کاتەی ئەندامی لیژنەی یەکەمی حەوزی ماسییەکە بووە «لە شەڕی ناوخۆدا سوودمەند بووە»، بەڵگەشتان بۆ ئەو درۆ و بوختانە ئەوەیە، کە پسوڵەی خەرجی حەوزی ماسی کەندەکەوە لە ڕووداوی (٣١)ی ئابی (١٩٩٦)دا نەماون و ئەنووسن «(جەلالی عومەری سام ئاغا) لە شەڕی براکوژیدا سوودمەند بووە، بەوەی کە پسوڵەکان (بە حساب) نەماون! هەروەک لە بەڵگەنامەکەدا

(١٦) ئەم ڕوونکرنەوەیە لە ڕۆژنامەی(هاوڵاتی) ژمارە(٣٦٦) لە(٢٠٠٧/١٠/٢٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

بەناوی (٣١)ی ئابەوە هیچ پسوڵەیەکی ئەم پرۆژەیە نەخراوەتە ڕوو!» سەیرە! ئێوە چۆن ڕێگە بە خۆتان ئەدەن، کە بەم شێوەیە ڕاستی بشێوێنن و درۆ بۆ سەرۆکی دیوان و ئەندامانی لیژنەی یەکەمی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە هەڵبەستن. ئاخر ئێمە هەفتەیەک پێش ئەم بوختانەتان لە ڕوونکردنەوەیەکدا لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٣٥٨) ی ڕۆژی(٢٠٠٧/٩/٢٦) بە بەڵگەوە ڕوونمان کردەوە کە:

١. حەوزی ماسییەکە لە دوو سەردەمی جیاوازدا، دوو لیژنەی سەرپەرشتیاری هەبوو، لیژنەی یەکەمیان لە ساڵی (١٩٩٤ تا ١٩٩٥/٧/٣١) سەرپەرشتیار و بەرپرسی حەوزی ماسییەکە بوو. ئەم لیژنەیە کە لە سەرۆکی دیوان و بەڕێزان نەوشیروان مستەفا، جمال عەبدول، خالید محمد خاڵ و خوالێخۆشبوو ڕەفیق قەزاز پێک هاتبوو، دەور و تەسلیمی یاسایی و ئوسولی خۆی لەگەڵ لیژنەی دووەمدا کردووە، هەموو موستەنەدات و پارە و تۆمارگەی حسابی و کەشفی بانقی بە لیژنەی دووەم داوە، کە لە ڕۆژی (١٩٩٥/٨/١) بەدواوە دەست بەکار بووە. ئەم لیژنەیە کە بە بڕیاری پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی، کاک سالار عەزیز دامەزرێنرا، لەم بەڕێزانە پێک هاتووە:

خالید ڕەزا / قائمقامی سلێمانی - سەرۆکی لیژنە ، یاسین فقی سعید/ ئەندازیار، سەربەست عثمان/ئەندازیار، حمەأمین حمە کریم/ئەندازیار، صبیحە محمد أحمد/ ژمێریار .

٢. نووسراوێکی ڕەسمیمان بە ئیمزای وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری (شێخ بابیز تاڵەبانی)کە ئەو کاتە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو ژمارە (٣٥٧)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/١٨) خستە ڕوو، کە ئەستۆپاکی سەرۆکی دیوانمان‌و تەواوی ئەندامانی لیژنەی یەکەمی حەوزی ماسییەکە ئەسەلمێنێت. ئایا سەرنووسەری هاوڵاتی ڕوونکردنەوەکەی ئێمەی، کە (لەگەڵ ئەو موستەمسەکانەی هاوپێچمان کردبوو)، نەخوێندۆتەوە؟! یان هەر بە مەبەستی تەشهیر و بوختانکردن بە سەرۆکی دیوانمان و ئەندامانی لیژنەکە جارێکی تر ئەم قەوانە سواوە لێ ئەداتەوە؟ ئەگەر مەسەلەکە گێچەڵ و شەڕفرۆشتن نییە، ئایا سەرۆکی دیوانمان‌و لیژنەی یەکەمی حەوزەکە خەتای چییە کە سیانزە مانگ دوای دەور و تەسلیمی ئوسولی، پسوڵەی خەرجی حەوزی ماسییەکە بە هۆی ڕووداوی (٣١)ی ئابی(١٩٩٦) لەناوچووبێت، یان نەچووبێت! ئەم سەرفیاتە ئەگەر بووبێت، هی لیژنەی دووەمە کە ناوەکانیانمان لەسەرەوە تۆمار کردووە. بۆیە کەم و زۆر، دوور و نزیک، پەیوەندی بە لیژنەی یەکەمەوە نییە، چونکە هیچ کام لە ئەندامانی لیژنەی یەکەم لە لیژنەی دووەمدا نەبوون.

ئەگەر ڕۆژنامەی هاوڵاتی و وتارنووس دڵسۆزی موڵک و ماڵی میللەت و دەوڵەتن با لەگەڵ لیژنەی دووەمدا بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بچن. ئەگەر ئەو ئەولیاتانە لە (٣١/ ئابدا) نەماون، ئەی سەردەشت حمەصالح ناو ئەم نووسراوە نهێنیانە و ئەو ژمارانە لەکوێوە دێنێت و ئەیانخاتە ڕوو، هەرچەندە ئێستا لە ئاستێکی باڵاوە بەدواداچوون ئەکرێ بۆ ئەوەی بزانرێت ناوبراو چۆن و لەکوێ ئەم نووسراوە نهێنییانەی حکومەت ئەهێنێ و کێ لەپشتی ئەم کارەوەیە؟

سێهەم: لە درێژەی هەمان درۆ و بوختاندا هاتووە، کە گوایە لەو پڕۆژەیەدا «ڕۆژانە (٩٩٣٠٤٥٠) دینار (نۆ ملیۆن و نۆسەد و سی هەزار و چوارسەد و پەنجا دیناری نوێ) خەرج کراوە، کە (٥٣٦٤٤٥٠) دینار (پێنج ملیۆن و سێ سەد و شەستو چوار هەزار و چوارسەد و پەنجا دیناری نوێ) بۆ سەرپەرشتیارانە، کە کاک جەلال یەکێکیانە». ئایا بوختانی لەوە گەورەتر و درۆی لەوە شاخدارتر هەیە؟ بەپێی ئەو نووسینەی ئێوە بێت دەبێ ئەو کاتە «ڕۆژانە» نزیکەی (٣٥٧٦) دۆلار (سێ هەزار و پێنج سەد و حەفتا و شەش دۆلار) بۆ سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکە سەرفکرابێت، کە مانگانە دەکاتە زیاتر لە (١٠٧٠٠٠) دۆلار (سەد و حەوت هەزار دۆلار) .

ئاشکرایە ئەم بڕە پارەیە بۆ ئەو ڕۆژە هێندە زۆرە، کە مووچەی مانگانەی هەموو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم نەگەیشتۆتە نیوەی ئەو پارەیە!! ئایا مرۆڤێک هەیە چەند بوختانچی و بێویژدان و نەخۆش بێت بتوانێت درۆی لەم جۆرە بۆ خەڵک هەڵبەستێت، ئێوەیش بڵاوی بکەنەوە؟! ئێمە نازانین ئەندامانی لیژنەی یەکەم بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا، جمال عەبدول، خالید محمد خاڵ) چ هەڵوێستێک بەرامبەر ئەم درۆ و بوختانانە وەردەگرن! بەڵام ئێمە لە دادگا داوا لە سەرنووسەری هاوڵاتیو وتارنووس دەکەین، تا بیسەلمێنن کە سەرۆکی دیوان و ئەندامانی تری لیژنەی یەکەم (سەرپەرشتیاران) ئەو پارەیەیان لە پڕۆژەکە وەرگرتووە؟!

چوارەم : بەڕێزان سەرنووسەر و خاوەنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی! وەک ئەزانن لە هەر وڵاتێکدا، لەوانە لە هەرێمی کوردستاندا، یاسایەک هەیە کە ماف و ئازادی هاوڵاتیان ئەپارێزێت. هەر بەپێی ئەو ماف و ئازادییە یاساییە ئێوە ڕۆژنامە دەرئەکەن، بەڵام یاسا سزایشی بۆ ئەوانە داناوە کە زمانی تەشهیر بەکار ئەهێنن و درۆ و بوختانی لەم جۆرە بۆ خەڵک هەڵئەبەستن. ئێمە لە ڕوونکردنەوەی پێشووماندا لەم بارەیەوە ئاگادارمان کردنەوە، بەڵام ئێوە ئەم جارەیان بە ئیسرارەوە هەمان درۆو بوختان دووبارە ئەکەنەوە، وەک ئەوەی تەرەفێکی لایەنگر بن لە کێشەی نێوان دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکەکەی و نێوان گەندەڵکاران و سەرپێچی کاران و کەسانی تر، لەمەیش زیاتر لە ڕۆژنامەکەتاندا ژمارە (٣٦٣)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/١٠/١٧)

وتارێکی تریشتان بەناوی (شتێکم نەوتووە، قسەی خۆتان نەبێت) بڵاوکردۆتەوە، کە خاوەنەکەی (ڕەنج قەرەداغی) پێشتر بۆ ڕۆژنامەی (ئاوێنە)ی ناردووە و لەبەر پوتی‌و بێ بنەمایی وتارەکە بڵاوی نەکردۆتەوە. ئێمە نامانەوێ وەڵامی ئەو نووسینە لاوازە بدەینەوە، بەڵام هێندە ئەڵێین کە وتارنووس بەو مەبەستەی پێی سپێردرابوو هەوڵێکی زۆری دا تا لە ڕێی بوختان و چەواشەکاری و شێواندن (تەحریف)ی نووسینەکانی ڕاگەیاندنی دیوانمانەوە زیان بە سەرۆکی دیوانمان بگەیەنێت، جارێک بەوەی بەبێ سەبەب و ئەساس ناوی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم بهێنێتە ناو نوسینەکەیەوە، جارێکی تر بەوەی کە کابینەکانی بەڕێز (د. بەرهەم و کاک عومەر فەتاح) بە خیانەتکار تۆمەتبار بکات ، هەر لەبەرئەوەی ژمارەی ڕاپۆرتەکانی دیوانمان زۆرە ، ئێمە ئاواتەخواز بووین کە لەتواناماندا بوایە ژمارەی ڕاپۆرتەکانمان دوو ئەوەندە بوایە، چونکە زۆری ڕاپۆرت نەک نیشانەی (خیانەتکاری) نییە، وەک وتارنووس باسی دەکات، بەڵکو نیشانەی بایەخدانە بە دەزگاکانی حکومەت بەو پێیەی ڕاپۆرتەکانی دیوانمان کۆمەڵێک ڕاسپاردە و ئامۆژگاری یاسایی و دارایی و کارگێڕی پێشکەش بە دەزگا و فەرمانگەکانی حکومەت ئەکەن. بۆیە بەم وتارنووسە بێئاگا و نەشارەزایە ئەڵێین، کورد وتەنی نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب. تۆ کە نازانی دیوانی چاودێریی چییە و کار و ئەرکەکانی چین، بۆچی خۆت ئەخەیتە ئەم گێژاوەوە؟ ئەگەر وتارنووس کەمترین شارەزایی لەم بارەیەوە هەبوایە، نەی ئەنووسی کە گوایا ئێمە «وەسف و پیاهەڵدانی هەردوو سەرۆکی حکومەت و ئیدارەی پێشوو» ئەکەین. چونکە وەسف و پیاهەڵدان کاری دیوان و سەرۆکەکەی نییە، بەڵام وتنی ڕاستی و ئاماژەکردن بە کارێکی هەردوو ئیدارەی پێشوو بۆچی ئەبێت بە وەسف و پیاهەڵدان دابندرێت!! ڕەنگە وتارنووس لەسەرئەوەی لەو کارەی پێی هەڵسا سەرکەوتوو نەبووە خۆی خستۆتە گێژاوی یاساییەوە.

بۆ ئاگاداری وتارنووس لێرەدا مادەی دووەمی سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی (١٩٩٩/٧/٢٩) تەعدیل کراو لە هەرێمی کوردستان دەرچوو بڵاوئەکەینەوە بەو هیوایەی جارێکی تر لە بارەی مەسەلەیەکەوە نەنووسێت، کە تیایدا نەشارەزابێت و کاری ئەو نەبێت.

ئێمە بۆ بنەبڕکردنی ئەو درۆ و بوختان و نووسینە نامەسئولانە، ڕێگای یاسایی و دادگا دەگرینە بەر و لەم ڕووەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەمان ڕێگای لا پەسەندە، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو یاسایەی کە ماف و ئازادی بۆ هەموو لایەکمانی دابین کردووە، مامەڵە لەگەڵ ئەو تومەت و بوختانانە بکات، کە بۆ دیوان و سەرۆکی دیوانمان هەڵبەستراون، ئەمەیش دەقی هەردوو بڕگەی (٩ و١٠)ی القانون رقم (١٠)

لسنة (١٩٩٣)قانون المطبوعات لإقليم كردستان العراق، كە بە بڕیاری ژمارە (٢٤)ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق دەرچووە.

**المادة التاسعة:**

يحضر النشر في التحريض على ارتكاب الجرائم واعمال الارهاب وترويج سبلها وتوفير ممكناتها والقذف والطعن والتشهير بالاشخاص وانتهاك حرمة الاديان والمذاهب والآداب والنظام العام.

**المادة العاشرة:**

يعرض صاحب الامتياز أو رئيس التحرير وكاتب المقال في المطبوع الدوري ومقدم المطبوع غير الدوري للمساءلة القانونية وفق القوانين المرعية في حالة مخالفته لأحكام هذا القانون.

**(سیستمی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢١٢)**
**لە(١٩٩٩/٧/٢٩) گۆڕاو، کە لە هەرێمی کوردستان دەرچووە)**

**المادة (٢) :**

**يقوم الديوان بالمهام الاتية :**

**اولاً / رقابة وتدقيق حسابات الجهات الخاضعة للرقابة المالية للتحقق من سلامة تطبيق القوانين والأنظمة والتعليمات المالية على أن يشمل ذلك :**

**أ – فحص وتدقيق معاملات الانفاق العام وفق القوانين وتقويم مردوداتها .**

**ب - فحص وتدقيق الموارد العامة والتأكد من جبايتها وفق القوانين .**

**جـ - ابداء الرأي في القوائم والبيانات والتقارير المتعلقة بنتائج الأعمال وحقيقة المركز المالي للجهات الخاضعة للرقابة .**

**د – للديوان وبموافقة رئيس مجلس الوزراء إجراء الرقابة السابقة على بعض أنواع الصرف في أية جهة خاضعة للرقابة .**

**هـ - رقابة وتقويم الأداء وفقاً لأحكام هذا النظام .**

**ثانياً / تقديم العون الفني في المجالات المحاسبية والرقابية وكل مايتعلق بها من امور إدارية وتنظيمية .**

**ثالثاً / المساهمة في وضع وتطوير القواعد والأصول والمعايير المحاسبية والرقابية وإصدار التعليمات الخاصة بها .**

وا بزانین ئێوەش قسەی سەرزمان و ژێر زمانتان یاسا و سەروەریی یاسا و حکومەتی موئەسەسات و شەفافیەتە، کە وابوو با ئەو یاسایە لە نێوانماندا بێت.

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 452 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار : 2007/12/11 |
| نوسینگەی تایبەتی سەرۆک دیوان | بەرامبەر : 20/سەرماوەرز /2707 |

## بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی تایبەت
## ب/ لێکۆڵینەوە

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارە (٣٧١)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/١١/١٤دا) نووسراوێکی بە ناونیشانی (نازانین کاک جەلالی سام اغا بۆ چاوەڕوانی دادگا ناکات! ڕوونکردنەوەو ڕاستکردنەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی بۆ مێژوو) بلاوکراوەتەوە، کە لەلایەن ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانییەوە نووسراوە. لەو نووسراوەی ڕاگەیاندنەکەتاندا کۆمەڵێک تۆمەت و بوختان دراونەتە پاڵ سەرۆکی دیوان، لەوانە گوایا سەرۆکی دیوان دە دۆنم زەوی، لە دۆڵە میران، بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە وەرگرتووە. بۆ سەلماندنی ئەم درۆ و بوختانەیش ئاماژە بە ڕۆژنامەی (هەواڵ) ژمارە (٢٣٧)ی (٢٠٠٧/٧/٧) ئەکات.

ئەم نووسینەی ڕاگەیاندنەکەتان لەکاتێکدایە کە ئێمە پێشتر، لە ژمارەی (٢٤٦)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٨)ی هەمان ڕۆژنامەدا، بە بەڵگەوە ئەو هەواڵ و بوختانەی ئەو ڕۆژنامەمان بەدرۆ خستەوە (وەک لە بەڵگەی هاوپێچدا دەرئەکەوێ). ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە، کە ڕاگەیاندنی ئێوە بە ئەنقەست ئەیەوێت ناوی دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکی دیوان بزڕێنێ، بۆ ئەم مەبەستەیش لە هیچ جۆرە درۆ و بوختانێک سڵ ناکاتەوە!! ئێمە بەلامانەوە سەیرە کە لەکاتێکدا ڕاگەیاندنی دیوانمان بە بەڵگەوە وەڵامی بوختان و چەواشەکارییەکانی پێشووتری ڕاگەیاندنەکەتانی، لەبارەی وەرگرتنی زەوی لە ڕژێم، داوەتەوە، هەروەها ئەو بابەتەی (١٠) دۆنم زەوییەی لە ڕۆژنامەی هەواڵ بلاوکراوەتەوە، کەچی ئێوە جارێکی تر ئەم قەوانە سواوە لێ ئەدەنەوە. نازانین ئایا بیرتان چووە، کە ئێوە دەزگایەکی حکومینو بەرپرسیاریتان لەئەستۆدایە و نەگونجاوە بەپێی یاسا بەم شێوە ناشرین و نامەسئولانە پەلاماری دەزگایەکی تری حکومی و هەروەها سەرۆکەکەی بدەن، لەکاتێکدا کە ئەمە دەزگایەکی ڕەسمیە و پارێزگاری ماڵ و سامانی حکومەت و میللەت ئەکات و بەرەنگاری گەندەڵی و سەرپێچیکاری ئەبێتەوە. لەمەیش زیاتر

ئێوە بە چ مافێک ئەم هەموو درۆ و بوختانانە بۆ سەرۆکی دیوانمان هەڵئەبەستن و دەتانەوێت لەم ڕێگەیەوە ناوی بزڕێنن. ئەم کارەی ئێوە، کە لە مێژووی شارەوانی سلێمانیدا وێنەی نەبووە، تەنیا بێ حورمەتی نییە بە دیوانمان و سەرۆکی دیوان، بەڵکو پێش ئەوە بێ حورمەتییە بە مێژووی شارەوانی سلێمانی و بە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی. ئایا ئەم کارەی ئێوە بۆ مێژووە، وەک ئیدیعا دەکەن، یان ئەمە شێواندنی مێژووە؟

بۆیە داواتان لێ ئەکەین بە زوویی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێک بهێنن بۆ لێپێچینەوە لە هۆی ئەو نووسینە و ڕەوانەکردنی ئەو کەسانەی لە پشت ئەم کارەوەن بۆ لیژنەی ئینزیبات، تاکو کاری یاسایان بەرامبەر بکرێت.

لە هەمان کاتدا سەرۆکی دیوان مافی سروشتی خۆیەتی، کە لە بەرامبەر ئەوەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ناوتان هێناوە و بوختانتان بۆ هەڵبەستووە، ڕێگای یاسایی لە دژتان بگرێتە بەر.

سەرنجیشتان ڕائەکێشین بۆ ئەوەی، کە دانانی بەرواری (٢٠٠٧/٩/٢٦) لەژێر نووسینەکەی ڕاگەیاندنەکەتاندا تەنیا بە مەبەستی چەواشەکارییە. ئەگینا نێوانی بارەگای شارەوانی سلێمانی و ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە چەند سەد مەترێک زیاتر نییە، ئیتر چۆن ئەبێت دوای نزیکەی پەنجا ڕۆژ (٢٠٠٧/١١/١٤) بڵاوبکرێتەوە؟!

داواکاریشین لە ئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە و مافی خۆیشمان بۆ هەر ئیجرائێکی یاسایی ئەپارێزین لە دادگا.

لە کۆتاییدا ئومێد دەکەین کە سەرۆکی ئێستای شارەوانی سلێمانی کە کەسایەتیەکی دیاری شاری سلێمانییە لەگەڵ ئەم درۆ و دەلەسە و بوختان و تەشهیرانەدا نەبێت، چونکە ئێمە ڕێگای یاسایی خۆمان دەگرینەبەر بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی کە دەستیان هەبووە لەم چەواشەکاریانەدا.

لەگەڵ ڕێزدا..

**هاوپێچ/**

١. ڕوونکردنەوەی دیوانی چاودێریی دارایی لەبارەی ئەو بوختانەی ڕۆژی(٢٠٠٧/٩/٨)کە لە ڕۆژنامەی هەواڵ بڵاوکرایەوە کە دراوە بە دادگا لەسەری .

٢. لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە زەوییان لە (جمعية كردستان التعاونية لاسكان منتسبي الدوائر الحكومية في السليمانية المحدودة)وەرگرتووە، کە چەندین کەسایەتی ناسراوی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانپەروەری تێدایە، نەک لە (ڕژێم) !!

**جەلالی عومەری سام ئاغا**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**

**٢٠٠٧/١٢/١١**

**وێنەیەک بۆ:**

• سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆک/ ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین، کە ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی جارێکی تر دەستی کردەوە بە جوینەوەی درۆ و دەلەسە و تەشهیراتەکانی پێشوو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، لەکاتێکدا کە ئەم ڕاگەیاندنە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمیە، پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەوەی سنورێکیان بۆ دابنرێت و لەمە زیاتر نەبنە مایەی گاڵتەجاری خەڵک و بێ حورمەتی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و شارەوانی سلێمانی. هەر بۆیە داوا ئەکەین کە بەڕێزتانیش فەرمان بدەن بە پێکهێنانی لیژنەیەک لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران، یان لەسەر ئاستی وەزارەتی شارەوانی بۆ لێکۆڵینەوە لەم درۆ و دەلەسە و تەشهیر و بوختانانە، تا سزای پێویست و یاسایی خۆیان وەربگرن و ئەم شارەوانییە مێژووی پرشنگداری کۆنی بۆ بگەڕێتەوە/ هاوپێچ وێنەیەک لە بەڵگەنامەکان/ لەگەڵ ڕێزماندا ....

- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی / بۆ ئاگاداری ئەندامانی ئەنجومەن .
- بەشی یاسا.
- بەشی ڕاگەیاندن.

## بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی ئاوێنە(١٧)
## بۆ ڕای گشتی کوردستان

دیوانی چاودێریی دارایی لە حکومەتی کوردستانیشدا، وەکو هەموو حکومەتەکانی دنیا، بۆ ئەوە دامەزراوە کە چاودێریی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکان و پارێزگاری لە ماڵ و سامانی گشتی و کاروبار و بودجەی حکومەت بکات.

بێگومان دەزگایەکی لەم جۆرە و بەم ئەرکە قورس و پیرۆزەوە دوژمن و نەیاری زۆر دەبێت و لادەر و سەرپێچی کار و دز و گەندەڵ و مشەخۆر تێدەکۆشن کۆسپی بخەنە سەر ڕێگا، شەڕی پێ بفرۆشن و بەدناوی بکەن. لە زۆر وڵاتدا دەستەکانی لێپرسینەوەی دادوەر و پۆلیس و چاودێر کەوتوونەتە بەر پەلامار و دەسڕێژی گوللە، یان لە ڕێگای ڕووداوی دەستکرد، تەنانەت سەروماڵ و منداڵیان تیداچووە، هێرشی نارەوا لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، بە هۆی قەڵەم فرۆشانیشەوە لە دنیادا نموونەی کەم نییە.

ئەم نەخۆشییە بە داخەوە گەیشتۆتە کوردستانی ئێمەیش و بۆتە بەشێک لەو دیاردە سەلبییانەی دیموکراسی، کە لە ئەنجامی تێنەگەیشتنی و ڕاست مومارەسەنەکردنی دیموکراسیەوە هاتۆتە ئاراوە و دەبێ باجەکەی بدەین. هەرچەندە سیستەمی حکومڕانی لە کوردستاندا، لەچاو وڵاتانی دنیا، کەم تەمەنە، بەڵام سەرپێچی و لادانو گەندەڵیو ڕەفتاری نایاسایی، بە داخەوە، خەریکە لە کوردستاندا لە زۆر وڵاتی تر زیاتر دەبێت و هیچ سنورێک بۆ درۆ و دەلەسەو بوختان و ناوزڕاندن نەماوەتەوە، کە لە ماوەی ساڵ و نیوێک زیاتردا، دەرهەق بە دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکی دیوان نەکرابێت. ڕاگەیاندنی ئیدارەی شارەوانی سلێمانی، لەناو (٧٢٠ - حەوت سەدو بیست) وەزارەت و دەزگا و کۆمەڵە و ڕێکخراودا ، دەستپێشخەری ئەم شاڵاوەی کرد و بووە کەواسووری بەر لەشکری سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران و بە هەموو شێوەیەکی نەشیاو و ناشرین هەوڵی دا بوختان و درۆی جۆراوجۆر بۆ دیوانی چاودێریی و سەرۆکی دیوان

---

(١٧) ئەم ڕوونکردنەوەیە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (١٠٦ لە ٢٠٠٨/١/٢٩) دا بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبەستێ. چەند قەڵەم بەدەستێکیش، لەسەر لاپەڕەی هەندێک ڕۆژنامە، کەوتنە جوینەوەی هەندێ درۆ و قسەڵۆک و بوختانەکانی ئەوان.

ئەم شاڵاوە ناڕەوایە ئامانجی خۆی نەپێکا و هەر زوو ڕیسوا کرا، ئێمەش هەرچەندە دوورین لە کاری میدیاگەری، بەڵام ناچارکراین، بە زمانی بەڵگە و ئامار و ژمارە وەڵاممان دانەوە و لەگەڵ هەر وەڵامێکیشدا بەڵگە و دوکۆمێنتی تەواومان خستە بەرچاوی میللەت و سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و بەدرۆمان خستنەوە. لە هەمان کاتدا ئێمە ئەو بوختانچی و چەواشەکارانە و یەک دوو لەو ڕۆژنامانەیشمان دان بە دادگا، کە تا ئاستێک وایان لێ هاتبوو وەک بووبن بە مینبەری ئەوان. ئێمە بەلامانەوە سەیرە لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا، کە هیچ شتێک نییە بە شاراوەیی بمێنێتەوە، کەسانێک و ڕۆژنامەیەک هەبن کە بتوانن بە ئاشکرا داکۆکی لە سەرپێچیکاران و گەندەڵی بکەن و ڕەواج بە درۆ و بوختان بدەن. هەر بەم بۆنەیەشەوە دەڵێین: ئەگەر نەک یەک لە سەد، بەڵکو یەک لە هەزاری ئەو درۆ و بوختانانەی کە بۆ دیوان و سەرۆکی دیوان هەڵبەستران و لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکرانەوە ڕاست دەرچوون، ئەوا ئێمە بەڵێن بە میللەتەکەمان و حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی ئەدەین، کە درۆ و بوختانەکانی تریشیان بۆ ئەسەلمێنین.

ئێستاش هەرچەندە بوختانکاران و سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران، بە خۆیان و قەڵەم وەشێنەکانیانەوە، بە وەڵامەکانمان دەمکوت کراون و هیچیان بۆ نەمایەوە، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دیوانی چاودێریی دارایی مابێت (جا هەرکەس سەرۆکی بێت) و تا ئەو ڕۆژەی ئەم دیوانە پرسینەوە لە دز و سەرپێچی و گەندەڵی بکاتە پیشە و ئامانجی خۆی، ئەوا ئەم ڕەوتی جوێن و بوختان و دژایەتییە بەردەوام دەبێ، بەڵام مادام ئێمە ڕاست و درۆمان، بە بەڵگە و ژمارە و ئامار، بۆ میللەت دەرخستووە و بوختان و درۆی گەندەڵکاران و سەرپێچیکارانمان پووچەڵ کردۆتەوە و متمانەی گشتیمان دابین کردووە، ئیتر بە باشمان زانی لەمەودوا وەڵامی هیچ دەنگێکی نەشاز نەدەینەوە، کە لە تەپڵی بەتاڵ دەچن و لە ئیفلاسی و مایەپووچییانەوەی سەرچاوەیان گرتووە. لە بەرامبەر هەر بوختان و درۆیەکی نوێشدا پەنا بۆ دادگاو حوکمی یاسا دەبەین. لە هەمان کاتدا داوا لە میللەت و حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی ئەکەین، کە ڕێگە نەدەن لە کوردستاندا دیماگۆگیا و درۆزنی و چەواشەکاری بکرێنە ئامراز بۆ شکاندنی کەسایەتیی مرۆڤ و تیرۆری فیکری، کە لە تیرۆری جەستەیی ترسناکترە.

ئێمە ڕای گشتی میللەتەکەمان و ویژدانی پاک و ئاسوودەی خۆمان بەسە بۆ ئەوەی بە دڵسۆزی و دلێری و بوێری و پاکی ئەرکەکانی سەرشانمان بەڕێوە

بەرین و سەرگەرمی کار و خزمەتی خۆمان بین و پێشینانیش وتوویانە: ئاش کاری خۆی ئەکات و چەقەنەیش دەم و ددانی خۆی دەشکێنێ. هەرگیز بەری ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیرێ.

**ڕاگەیاندنی**
**سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/١/٢٧**

## وێنەیەک بۆ:

- بەڕێز ڕۆژنامەی هەواڵ/ ئێوە لە کاتێکدا ڕێگا بە خۆتان ئەدەن، کە سیناریۆی تەشهیر و درۆ بۆ دیوانمان و سەرۆکەکەی بکەن بە مانشێت و لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەتاندا بڵاوی بکەنەوە، کەچی وەڵامەکانی دیوانمان بە ناتەواوی و لە شوێنێکی نەشیاودا و دۆکیۆمێنتەکانیان بە سپێتی و ناتەواوی (براوی)، یان بە جۆرێک کە نەخوێندرێتەوە، بڵاودەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەکەتان وای لێ هاتووە بۆ هەندێ جار بووبێتە بڵندگۆی بوختانکەران. ئێوە ئیدیعا ئەکەن، کە یارمەتی لە حکومەت وەرناگرن، بەڵام ئێمە پێتان ئەڵێین کە ئەمەشتان ڕاست نییە و ئێوە مانگانە پارە لە حکومەت وەردەگرن، کەچی کار گەیشتۆتە ئەوەی بەو پارەیە بوختان بۆ دیوانمان و هەندێ دەزگا و لایەنی تر هەڵببەستن.
- بەڕێز ڕۆژنامەی هاوڵاتی/ ئێوە ڕۆژنامەکەتان تا ئاستێک و هەندێ جار بۆتە بڵندگۆی هەندێ لەو کەسانەی تۆمەت و بوختان بۆ دیوان و سەرۆکی دیوان هەڵئەبەستن، لە کاتێکدا زۆربەی نووسینەکانی ئەوان، لە لاپەڕەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، کەچی وەڵامەکانی ئێمە دەخەنە لاپەڕەکانی هەرە دواوە و بە کۆمەڵێک هەڵەی زەقەوە، کە نووسینەکە ئەشێوێنێت، بڵاوئەکەنەوە، هەرچەندە زۆرینەی ئەو نووسینانە پێشتر بە بەڵگەنامەوە وەڵاممان داوەتەوەو بۆ خۆشتانمان ناردووە تاوەکو ئاگاداربن لێی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە ئەکرێتەوە.
- بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول/ بەڕێزتان سەرۆکی لیژنەی یەکەمی حەوزی فلۆرەنسا بوونو ئاگاداری هەموو وردەکارییە دارایی و تەکنیکییەکانی لیژنەکە بوون. لەبەرئەوە ئەبوایە هەرنەبێت بۆ داکۆکیکردن لە ڕاستی و پاراستنی ناو و ناوبانگی ئەندامانی لیژنەکە و خۆتان، وەک سەرۆکی لیژنەکە، لەو بوختان و تۆمەتانە بێدەنگ نەبوونایە و ڕای خۆتان لەو بارەیەوە بوتایە، هەرچەندە ئێمە بە بەڵگە و ژمارە بوختانەکانمان پوچەڵکردەوە و داکۆکیمان لە ڕاستی و ناوو ناوبانگی لیژنەکە کرد و بوختانچی و درۆزنانمان داون بە دادگا، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سزای یاسایی ببنەوە.

## تێبینی/

• وێنەیەکی ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ کۆمەڵێک شوێن و لایەنی تر، کە دیوانی چاودێریی خۆی بە باشی ئەزانێت، ئەنێردرێت.

## ڕۆژنامەی ژیانەوە(١٨)

## تەنها یەک کچ ڕازی نییە...

## کچان و ژنانی دیوانی چاودێریی دارایی یەکپۆش دەکرێن و تەحەدای ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان دەکەن..

[ئێمە وەک دەستەی چاودێریی دارایی ژمارە [٣- ٥] ڕەزامەندین لەسەر پۆشینی جلوبەرگمان بە [الزي الموحد- یەکپۆشیی]، چونکە لەسەر داوای خۆمان بووە وەک ئافرەتانی دیوان، بۆیە تەحەدای ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان دەکەین بۆ هەر پروپاگەندەیەک کە ئاڕاستەمان دەکەن]. ئەم پەرەگرافە لە نووسینی سەرۆک و سێ ئەندامی دەستەیەکی دیوانی چاودێریی داراییە لە سلێمانی، کە هاوپێچ لەگەڵیدا زیاتر لە [٢٠] نووسراوی تری سەرۆک و ئەندامانی تری ئەو چاودێرییە، کە هەموویان فەرمانبەری کچ و ژنن، دەست ژیانەوە کەوتووە و تیایدا وەڵامی ئەو نووسینانە دەدەنەوە کە پێشتر لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا لەسەریان نووسراوە. دیوانی چاودێریی دارایی، کە بارەگای سەرەکی لە سلێمانییە، بەپێی کۆنووسێک، کە کۆپییەکی دەست ژیانەوە کەوتووە، ڕۆژی (٢٠٠٧/١١/١٩) بە ئامادەبونی سەرۆکی دیوان و گشت ئەندامانی ئەنجومەن و سکرتێری ئەنجومەن، کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ساز دەکاتو تیایدا گفتوگۆ لەسەر یەکخستنی جلوبەرگی فەرمانبەرانیان دەکەن و بڕیاریشی بۆ دەردەکەن. لە نووسراوێکی تری ئەو دیوانەدا، بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری یەکخستنی جلوبەرگی سەرۆک دەستە و چاودێرە مێینەکان، لیژنەیەک لە سێ کەس پێک دەهێنێت، کە دوانیان مێینەن. خاتوو نەسرین حمە دروێش بەڕێوەبەری گشتی چالاکی حوکمی ناوخۆ و خزمەتە گشتییەکان بە وەکالەت و سەرۆکی لیژنەی یەکخستنی جلوبەرگ لە بارەی بیرۆکەی یەکخستنی جلوبەرگی فەرمانبەرەکانیانەوە ئەوەی بۆ ژیانەوە ئاشکرا کرد، کە نامەیەک لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکی نەناسراوەوە خراوەتە ناو سندوقی سکاڵاوە و تیایدا داوای ئەوە کراوە کە جلوبەرگی

---

(١٨) ئەم ڕوونکرنەوەیە لەڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (٣١٧) لە (٣٠/ئازاری٢٠٠٨) دا بڵاوکراوەتەوە، کە لەلایەن (کاوان ئەبوبکر) بەدواداچوونی بۆ کراوە.

فەرمانبەران یەک بخرێت و بکرێتە [الزي الموحد- یەکپۆشیی]. لەو نامەیەدا، کە لەسەر کاغەزێکی خەتدار نووسراوە و کۆپییەکی دراوەتە ژیانەوە و هیچ ئیمزایەکی لەژێردا نییە، هاتووە (پێویست بوو فەرمانبەرانی ئەم دیوانە نموونەی ڕەوشتی جوان بوونایە... وەها هەڵسوکەوتیان بکردایە کە هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگاکان چاویان لێ بکردنایە، بەڵام بە داخەوە پۆشاکی سەرۆک دەستەکان‌و چاودێرەکان‌و فەرمانبەرانی ناو دیوان زۆر لە دابونەریتی کوردەواری لای داوە، زۆرجار جلوبەرگیان زۆر تەسک و ڕووتە)، لە پەرەگرافی کۆتایی ئەو نامەیەدا، کە بە (داوای سەرکەوتن ئەکەین بۆ هەمووولایەک)، کۆتایی پێ هێنراوە، هاتووە (داواکارین لە سەرۆکی دیوان با جاروبارێک کۆبونەوەیەک ئەنجام بدات لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ببینێت و بزانێت بە چ شێوەیەک ئەو چاودێرانە ئەچنە فەرمانگاکان خۆزگە بەڕێزتان جلوبەرگێکی [الزي الموحد- یەکپۆشیی] تەرخان بکردایە بۆ هەموو فەرمانبەران و سەرۆک دەستە و چاودێرەکان، بۆ ئەوەی جیاوازییەکیان هەبێت لەگەڵ فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی تر). لەسەر نامەکەش سەرۆکی دیوان نووسیویەتی (پێشنیارێکی چاکە دراسەی بکەن و خۆشتان قسەیان لەگەڵ بکەن و ئاگادارم بکەنەوە ئیمزای سەرۆکی دیوان (٢٠٠٥/٩/٢٩). دوای ئەو پەراوێزەی سەرۆکی دیوان لەسەر نامەکە دەینووسێت کۆبوونەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ کراوە و وەک لە کۆنووسی ئەو کۆبونەوەیەدا هاتووە (لەسەر پێشنیاری بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە بەرواری (٢٠٠٥/١٠/٤و٢٠٠٥/١٠/٥) کاتژمێر (١٢:٥)ی پاشنیوەڕۆ کۆبوونەوە ئەنجام درا لەگەڵ فەرمانبەرانی ڕەگەزی مێ سەرۆک دەستە و چاودێرەکان و فەرمانبەرانی ناو دیوان سەبارەت بەو سکاڵایەی کە خرابووەوە ناو سندوقی سکاڵا بە نیسبەت پۆشاکی سەرۆک دەستە و چاودێرەکان و فەرمانبەرانی ناو دیوان، پێمان ڕاگەیاندن کە نابێت جلوبەرگتان بە شێوەیەک بێت جێگەی ڕەخنە و گلەیی خەڵک بێت. ئەبێت ئێوە پێشەنگی هەموو فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بن، وە سکاڵاکەمان بۆ خوێندنەوە و هەندێکیان ڕایان وابوو کە بە بڕیار، جلێکی [الزي الموحد- یەکپۆشیی]یان بۆ دابنرێت زۆربەیان بەپێچەوانەوە بوو. بۆیە ئێمە پێمان ڕاگەیاندن کە خۆتان جلێکی وا ئیختیار بکەن کە جێگەی ڕەخنە نەبێت، هەموویان بە سنگێکی فراوانەوە وەریان گرت و پەیمانیان دا کە جێبەجێی بکەن و کۆنووسەکە بە کۆی دەنگ ئیمزا کرا، ئیمزاکان چیا محمود، پەیمان عبدالرحمن، نەسرین حمە دروێش (٦/١٠/ ٢٠٠٥). سەبارەت بەوەی کە بۆ ئەو ماوە درێژە جێبەجێکردنی یەکپۆشی فەرمانبەران دواکەوت، خاتوو نەسرین وتی: (ئەو کاتە زۆر دیراسەمان نەکرد، بەڵام تەعمیمێکمان دەرکرد، کە جلوبەرگەکانیان شیاوبێت بەپێی تایبەتمەندی

ئەو شوێنانەی بۆی دەچن، جلەکانیان سەرنجڕاکێش و جێی ڕەخنە نەبێت)، هەروەها باسی لەوەش کرد، کە چەند جارێک فەرمانبەران خۆیان داوایان کردووە کە جلەکانیان یەک بخرێت، (تا دواجار خرایە بەردەم ئەنجومەن و دیراسەکرا و ئەنجومەن قبوڵی کرد، بە سێ قۆناغ، قۆناغی یەکەم بۆ ئەو کچ و ژن و چاودێرانەی دەچنە دەرەوە بۆ فەرمانگاکان و قۆناغی دووەم بۆ کوڕان و قۆناغی سێهەم بۆ فەرمانبەرانی ناو دیوان). لە بارەی شێوەی جلوبەرگەکانەوە، خاتوو نەسرین وتی (چاکەت و پانتۆڵو تەنورە و بلوزی بێجی و پەمەیی، کە ئەمانەش لەسەر داوای کچەکان خۆیان بووەو خۆیان دەستنیشانیان کردووە)، هەروەک ئاماژەی بەوەش دا، کە ساڵانە دوو دەستە جلی زستانە و هاوینە لەسەر بودجەی دیوان دەکڕێت، کە بۆ هەر دەستە جلێک (١٠٠) هەزار دینار سەرف دەکرێت و فەرمانبەر ئازادە لەوەی چ جۆرە قوماشێک دەکڕێت، سەبارەت بە سزای ئەو کەسانەی جلەکانیان ناپۆشن، خاتوو نەسرین وتی: (تا ئێستا شتی وا نەبووە و زۆر گوێمان نەداوەتێ). خاتوو نەسرین جەختی لەوە کردەوە، کە بڕیاری یەکپۆشی فەرمانبەران بە زۆر نەبووە و لەسەر داوای خۆیان بووە. بۆ بەدواداچوونی ئەم قسەیەی خاتوو نەسرین، ژیانەوە زۆربەی ئەو کچ و ژنانەی دواند و لەسەر زاری خۆیانەوە دووپاتی قسەکەی خاتوو نەسرینیان کردەوە، جگە لە یەک چاودێریی کچ نەبێت کە ڕازی نەبووە. کاتێک لە هۆکارەکەیمان پرسی، وتی (نازانم). خاتوو شیرین عزیز سەرۆکی دەستەیەک لە چاودێران وتی (ئەگەر بە یەک ڕەنگ و یەک جلوبەرگەوە بچینە فەرمانگاکان، کەمێک سەرنجی بەرامبەرەکەت دەگۆڕدرێت، قاتیش جلێکی ڕەسمییە و هەیبەتێکی خۆی هەیە، دەبێت من وەک قدوەیەک وابم، کە دەچمە ئەو فەرمانگەیە، چونکە کاری من ڕەخنەگرتن و چاککردنی فەرمانگەکانە). خاتوو شیرین باسی لەوەش کرد (١٠٠) هەزار دیناریان وەرگرتووە و بەویستی خۆشیان بووە و بە زۆر یەکپۆشیان پێ نەکراوە، هیواشی خواست قۆناغی دووەمیش کە بۆ کوڕانە دەست پێ بکات و بە کارێکی باشی ناوزەند کرد. کچە چاودێرێکی تر وتی: (یەکپۆشی بە ویستی خۆمان بووە، ڕۆژنامەکان سەرقاڵی شتی تر بن باشترە وەک لەوەی سەرقاڵ بن بە دیوانەوە، ئێمە ئیشی خۆمان باش دەزانین). خاتوو چیا محمودیش، کە جێگری بەڕێوەبەری گشتییە، وتی: (موەحدکردنی جلوبەرگی فەرمانبەرە مێینەکانی دیوان، ئەوانەی کە لە دەستەکانی چاودێرییدان، ڕێگرتن نییە لە ئازادی جلوبەرگ پۆشینیان، چونکە مۆدەو ستایلی ئێستاش هەروەک ئەو جلوبەرگەیە کە هەڵبژێردراوە، ئەم زەی موەحد کردنەش لەسەر داوای سەرۆک دەستە و چاودێرەکان خۆیان بووەو خۆیان ئیمزایان کۆکردۆتەوە). لە کۆی (٥٦) فەرمانبەر تا ئێستا (چوار ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار) بۆ (٤٩) سەرۆک دەستە و

چاودێرە کچ و ژنەکان بۆ کڕینی جلوبەرگی زستانە سەرفکراوە، کە ئەوانی تر بەپێی قسەی بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت مۆڵەتی دایکایەتییان هەیە.



## بۆ/ بەڕێز ڕۆژنامەی ئاوێنە(١٩)

## بەدواداچوونێک بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە

## لەسەر نووسینێکی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی بەناو پێشوو!!

ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (١١١)ی ڕۆژی(٢٠٠٨/٣/٤) وتارێکی لە دژی دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکی دیوانمان بڵاوکردۆتەوە،و کە لەلایەن گوایا (ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی/ پێشوو) نووسراوە. لەو وتارەدا هەمان ئەو بوختان و درۆو تەشهیرانە دووپارە و چەند بارە کراونەتەوە، کە پێشتر ئێمە بە بەڵگە و ئامار هەموویانمان بەدرۆ خستونەوە، کە بە داخەوە بۆ خوێنەران بۆتە حکایەتی مێش. ئێمە لە دوا ڕاگەیاندنی دیوانماندا ڕۆژی (٢٠٠٨/١/٢٧)، کە بۆ ڕای گشتی کوردستان بوو، بەڵێنمان بە گەلەکەمان و سەرکردایەتی سیاسی و حکومەت داوە کە:

١. لەمەودوا وەڵامی ئەو جۆرە درۆ و بوختان و چەواشەکارییانە نادەینەوە و لە جیاتیان ئەو کەسانە دەدەین بە دادگا، کە لە دوای ئەو جۆرە بوختان و درۆیانەوەن.

٢. ئەم درۆ و دەلەسانەی گوایا (ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی/ پێشوو)، کە هەندێکیان حەوتبارە کراونەتەوە، (سبق الاصرار)ی تێدایە، هەرچەندە ناوی (ڕاگەیاندنی پێشوو) لە هیچ ڕێسایەکی ئیداریدا بوونی نییە و جێگای نابێتەوە، لەبەرئەوە ئێمەیش ئەوانەمان داون بە دادگا، کە لە پشت بەناو ئەم (ڕاگەیاندنەی پێشووەوەن). درۆ و دەلەسەی ڕاگەیاندنەکانی شارەوانی سلێمانی گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوێکی تایبەت ژمارە (٢٢٤)ی ڕۆژی (٢٠٠٨/١/٣٠) کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کردووە، داوایان لێ ئەکات «سزای ئەوانە بدەن کە قسەی ناڕاست و نادروست بڵاودەکەنەوەو بوختان دەکەن»، هەروا نووسراوەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران داوای لە شارەوانی سلێمانی کردووە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی ئاگادار بکەنەوە لە هەموو ئیجرائاتەکانیان. ئێمە جارێکی تر بەڵێن بە حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی و گەلەکەمان ئەدەینەوە، کە ئەگەر

(١٩) ئەم ڕوونکرنەوەیە لەڕۆژنامەی (ئاوێنە) ژمارە (١١٥) لە (١ی نیسان/ ٢٠٠٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

لە هەزارا یەکی ئەو درۆ و بوختان و تەشهیرانەی بەرامبەر دیوان و سەرۆکی دیوانمان کراون ڕاست دەرچوون، ئەوا ئێمە باقیەکەی تریان بۆ ئەسەلمێنین. هەر لەبەرئەوەیش ئێمە بە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل هەموو سەرکردایەتی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەت لەو کەسانەی کە لە پشت ئەم درۆ و بوختان و بێ حورمەتییەی، کە بە (سبق الاصرار)ەوە بەرامبەر دیوانمان و سەرۆکی دیوانمان ئەکرێت، ئاگادار ئەکەینەوە.

**ڕاگەیاندنی**
**سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/٣/٣٠**

- ڕۆژنامەی ئاوێنە لە هەمان ژمارەدا ئاماژەی داوە، کە ئیتر لەسەر ئەم بابەتە هیچ ڕوونکردنەوەیەک بڵاونەکاتەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی: (ئاوێنە بەم وتارە لای خۆیەوە کۆتایی بەم گفتوگۆیەی نێوان سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دەهێنێت و چیتر هیچ بابەتێک لەسەر ئەم کێشەیە بڵاوناکاتەوە.

**(ئاوێنە)**

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ(٢٠)

**(ژنان و کچانی دیوانی چاودێریی دارایی: بە پێشنیازی خۆمان بەرگی تایبەتمان هەڵبژارد)،** وەک لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە، ئێمە وامان بە باش زانی بۆ ئەوەی جۆرە جیاوازییەک لە جلوبەرگماندا هەبێ، کە لەگەڵ سروشتی کارەکەماندا بگونجێ، داوامان کرد بەرگێکی تایبەت بپۆشین، بەڵام نووسەرێک لای لابەلاوە خۆی کردە نوێنەری ئێمە و وای پیشان دا ئێمە بەوە ناقایلین و ئەمە جۆرێکە لە کردەوەی پۆلیسی ئاداب و ئەم جۆرە شتانە، واشی خستۆتە زەینی خوێنەرەوە کە بە زۆرەملێ ئەوەمان بەسەردا سەپێنراوە، بە مەرجێک لە دوور و نزیک ئێمە پەیوەندیمان بەو نووسەرەوە نییە و نەمان کردۆتە دەمڕاستی خۆمان، جا لەبەرئەوە بە پێویستمان زانی، ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاوبکەینەوە.

١. ئێمە بە هۆی سروشتی کارەکەمانەوە، ڕۆژانە بۆ پشکنین و چاودێریی، سەردانی دایرە و فەرمانگە و ڕێکخراوەکان ئەکەین لە جێگا و ناوچە جیاوازەکان. بۆ ئێمە باشترە کە جلوبەرگەکانمان یەک جۆر بێت، لەبەرئەوە خۆمان داوامان لە سەرۆکایەتی دیوانمان کردووە و یاداشتمان بەرزکردۆتەوە، کە جۆرە لێکچوون‌و تایبەتمەندییەک لە جلوبەرگەکانمان هەبێت، چونکە لە زۆر شوێنی دنیادا، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا، کۆمەڵێک دەزگا و فەرمانگە و شوێنی کار هەن، کە سروشتی کارەکەیان ئەم جۆرە جلوبەرگە دەخوازێت. بۆ نموونە، بانکەکان، دادگا، فرۆکەخانەکان، نەخۆشخانەکان، قوتابخانە و خوێندنگاکان...هتد، ئەم لێکچوونەیش کە ئێمە داوامان کردووە، پارەکەی لەلایەن دیوانەوە سەرف دەکرێت. لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە خۆمان و سروشتی کارەکەمان و دەزگاکەمانەوە هەیە.

٢. بەراوردکردنی ئەو جۆرە جلوبەرگەی خۆمان داوامان کردووە لەگەڵ (حیجاب) و هەروا بەراوردکردنی شێوەی کارکردنی دیوانمان لەگەڵ (فەرهەنگی پۆلیسی ئێران و سعودیە) تەنها بەراوردێکی سەقەت و نەشیاو نییە، بەڵکو کارێکی

(٢٠) ئەم ڕوونکرنەوەیە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٤٥٤٢) لە (١١ نیسانی/ ٢٠٠٨) دا بڵاوکراوەتەوە.

زۆر ناڕەوایانەشە بەرامبەر بە دیوانمان. ئەمەیش وا پیشان ئەدا، کە نووسەری وتارەکە بە مەبەستێکی تر، نەک گوایە بۆ داکۆکی لە ئێمە (کە پێویستمان پێی نییە)، ئەو وتارەی نووسیوە .

٣. نووسەری وتارەکە تەنیا بەوە ناوەستێت کە خۆی بکاتە دەمڕاست و محامی ئێمە و بەو بیانووەیشەوە قسەی ناشرین بە دەزگایەکی حکومەت بڵێت، بەڵکو بە جۆرێکی نەشیاو هانی (ئیدارە و دەسەلات و حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵی مەدەنی) ئەدات، بۆ ئەوەی لە دژی دیوانمان بوەستنەوە!

٤. نووسەری وتارەکە ئەم مەسەلەیە بە ڕۆژی هەشتی مارس ئەبەستێتەوەو گوایا دیوانمان لە ڕۆژی جەژنی ژناندا ئازادی هەڵبژاردنی جاوبەرگ لە ژنان ئەسەنێتەوە! ئەم قسەیە نەک هەر ڕاست نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی هەڵەشە بۆ ئەو جەژنە، چونکە ئازادیی ژنان بە جلوبەرگ لەبەرکردن نییە و هەندێک شێوازی جلوبەرگ پۆشین، گەر لە (کات) و (جێگا) و (بۆنەی) خۆیدا نەبێت، ڕەنگە زیان بە کەسێتی کەسەکە و ئازادی بگەیەنێ.

٥. نووسەری وتار هیچ پەیوەندییەکی بە دیوانمانەوە نییە و ئاگاداری کاری دیوانیش نییە، نازانین بە چ مافێک دەست ئەخاتە ناو کارەکانییەوە، یان داوا لە دیوان ئەکات کە (بچێت بە لای کاری خۆیەوە). سەیرە مرۆڤ بتوانێت هێندە دوور بڕوات، کە بەوەوە نەوەستێت بە زۆر خۆی بکاتە دەمڕاست و محامی خەڵکی تر، بەڵکو وەک دەسەلاتی یاسادانان بێت (فەرمان) بۆ دەزگایەکی حکومەت دەربکات!

**ئیمزاکاران:**

نازەنین أحمد صالح، شیرین عزیز محمد، نوخشە عبدالله صالح،
شاریا حمە أحمد، چیا محمود محمد.
نسرین حمە درویش، لە جیاتی (٤٩) ژن و کچی سەرۆک دەستەو چاودێریی
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، کە مشمولن بە [الزي الموحد یەکپۆشی].

## ڕۆژنامەی ڕێوان:
## کچانی چاودێریی دارایی ، خۆیان داوای یەکپۆشیان کردووە...(٢١)
## ئا: کۆردونیا

«یەکێکم لەوانەی ئەم جلانەم داواکردووە، بۆ ئەوەی ئیتر هاوکارەکانم لە تانەی خەڵک بە دووربن». ئەوە قسەی (ر.ا)ی کارمەندی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، کە لە دەزگاکەیاندا بڕیاری یەکپۆشی جێبەجێ دەکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو بڕیارە لەلایەن هەندێک کەناڵی میدیاوە بەوە لێکدرایەوە، کە ئەو دەزگایە بۆیە ئەو بڕیارەی تێدا دراوە، چونکە پێشتر کارمەندەکان جلی تەسک و کورتیان لەبەر کردووە، نەسرین حەمە دەرویش سەرۆکی لیژنەی پەسەندکردنی یەکپۆشیە و هاوکات بەڕێوەبەری گشتی چالاکی حکومی ناوخۆ و خزمەتە گشتییەکانە بە وەکالەت لە دیوان، بە نیگەرانیەوە باسی کرد ئەو بڕیارە زۆر بە هەڵە لە میدیاکاندا لێکدرایەوە، ئەوە لە کاتێکدا کە کارمەندەکان خۆیان ئیمزایان کۆکردۆتەوە و داوای یەکپۆشیان کردووە. ئەو کە بە قاتێکی ڕەش و بەدیەکی پەمەییەوە دانیشتبوو (نموونەی یەکپۆشی)یەکە وتی: «یەکپۆشی بۆ کوڕان و کچانە، بەو پێیەی کارەکەمان تایبەتمەندی خۆی هەیە بە بڕیار و ڕاوێژی هەموولا بڕیارمان دا یەکپۆشی جێبەجێ بکەین».

نەسرین پێی وایە، کارەکەی ئەوان کە وا دەخوازێت چەندین سەعات لەناو فایلو بۆکس و فایل و زۆر جار لە دەرەوەی شار وردبوونەوە و بەدواداچوون لەسەر کارەکان و بە تایبەت دەرخستنی کەموکورییەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کارەکانیان، دەستەکانی دیوانی چاودێریی دارایی دەیان گێڕێتەوە لە ڕووی دەرونییەوە هەندێجار بە ڕەفتار و قسە دەری دەبڕن ئامادەگییەکی سلبیان هەبێت و وتیشی «کێشەکە لە کارمەندەکانی ئێمەدا نییە جلیان هەرچۆنێک بێت، کێشەکە لە نەفسییەتی ئەو خەڵکەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن».

کارمەندێکی دیوان بە توڕەییەوە وتی: «من نازانم ئەم مەسەلەیە بۆ لە ڕاگەیاندندا وای لێ کرا». گۆنا کارمەندێکی تری دیوانی چاودێریی دارایی وتی «هەموو کەس

(٢١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕێوان ژمارە (١٦٨) لە (٢٠٠٨/٤/١٦) دا بڵاوکراوەتەوە.

دەزانێت، کە مۆدێلاتی جلی ناوبازار بۆ کارکردن ناگونجێت، ئێمە کارەکەمان پێویستی بە جوڵە و مامەڵەی بەردەوامە لەگەڵ جۆرەها کەس، بۆیە پەسەندمان کرد». لە کاتی گفتۆگۆدا چەند خانمێک هاتنە ژوورەوە، هەریەکێکیان بە جۆرێک کە خۆی دەیخوازێت جلی بڕیارلێدراوی لەبەردا بوو. نەسرین وتی «یەکەمجار بڕیاریان لە قاتی ڕەش و بەدی قاوەیی دا، دوایی داوای زیادکردنێکی ڕەنگێکی تریان کرد، بۆیە کرا بە قاتی ڕەش و قەمیس و بەدی قاوەیی و پەمەیی».

دواجار نوخشە عبدالرەزاق، کە کارمەندێکی تری دیوانی چاودێرییە، وتی: «کارێکی زۆر پەسەندە و هاوکارانم دورئەبن لە تەعلیق و نەزەری خراپ و ئیشەکەی ئێمە دەرەوەی شار و جوڵەی تیایە، جلەکانیش زۆر ئاسایین.»



| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 188 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2008/4/27 |
| نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان | بەرامبەر: 7/ گوڵان/2708 ک |

## بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی سەرۆکی شارەوانی
## ب/ لێکۆڵینەوە

ئاماژە بە نووسراومان ژمارە (٤٥٢) لە (٢٠٠٧/١٢/١١)... کە داوای لێکۆڵینەوە کرابوو لە هۆی ئەو نووسینەی لەلایەن ڕاگەیاندنی شارەوانیتانەوە بڵاوکرابۆوە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٧١) لە (٢٠٠٧/١١/١٤) و تیایدا کۆمەڵێک تۆمەتو قسەی ناڕاست و تەشهیر و بوختان بڵاوکرابوونەوە، لەکاتێکدا هەموویان بە بەڵگەوە پێشتر وەڵام درابوونەوە، هەروەک بۆشمان ناردن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لە پشت ئەم کارەوەن لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ، تاکو کاری یاساییان بەرامبەر بکرێت.

هەروەها بۆ هەمان مەبەست سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ خامەی نهێنی بە نووسراویان (نهێنی/ ٢٢٤) لە (٢٠٠٨/١/٣٠)داوای کردووە، ئەو کەسانە سزا بدرێن کە قسەی ناڕاست و نادروست بڵاودەکەنەوە و بوختان دەکەن و داواشکراوە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی دیوانمان لە ئیجرائاتەکانتان ئاگادار بکەنەوە، بەڵام وا زیاتر لە چوار مانگ و نیو بەسەر نووسراوەکەی دیوانماندا و نزیکەی (٣) مانگ بەسەر نووسراوەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا تێپەڕی، بەڵام هیچ ئەنجامێکمان پێ ڕانەگەیەنرا. داواکارین ئاگادارمان بکەنەوە کە ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوەیە ناتوانرێ بە هەر هۆیەکەوە بێت لە لایەنتانەوە ئەنجام بدرێ، تاوەکو ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی بکەینەوە لە سەری تا لەلایەن ئەوانەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ بنێرن.

ئەمانەوێت ئاگاداری بەڕێز سەرۆکی شارەوانی بکەین، کە لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەتا بچووکترین فەرمانگە بەپێی یاسا و هەیکەلی ئیدارییان بەشی ڕاگەیاندن پەیوەندە بە کەسی یەکەمی بەرپرسی دەزگاکەوە، بەڵام ئاگادارکراین لەلایەن بەرپرسی مەکتەبی چاودێریی و پشکنینەوە لە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بەڕێزەوە، کە بەڕێزتان بێئاگایی خۆتان ڕاگەیاندبوو بۆیان لەو

بڵاوکردنەوەیە، لێرەدا ئەم پرسیارانە بەرەورووی سەرۆکی شارەوانی ئەکەینەوە:

١. لەبەرئەوەی وەکو وتمان (ڕاگەیاندن) بە بەڕێزتانەوە پەیوەندە، چۆنتان قبوڵ کرد کە ئەو کارە بێ ئاگاداری ئێوە و لەپشت ئێوەوە بکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکەن؟؟!!

٢. جارێکی تر کۆمەڵێکی تر لە درۆ و دەلەسە و بوختان و «تشهیر و قذف» بڵاوکرایەوە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (١١١) لە (٢٠٠٨/٣/٤)، ئەم جارە بە ناوی (ڕاگەیاندنی پێشووی شارەوانی سلێمانییەوە) حەزئەکەین پێمان بڵێن، چۆنتان قبوڵ کرد و بێدەنگ بوون لە ئاستیدا؟!! ئایا ئەمانە تەجاوز نییە بەسەر دەسەڵاتی شەخصی بەڕێزتان و شەخصیەتی ئیداریتان؟؟!

٣. ئایا لە شارەوانی سلێمانی دا نەبێت، بیستووتانە یان دیوتانە... لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق یان حکومەتی خۆماندا کەسێک هەر سیفەتێکی هەبێت، وەزیر یان گەورەتر یان بچووکتر، دوای ڕۆیشتنی لەو فەرمانگەیە بۆی هەبێت بە ناوی ئەو دەزگایەوە زانیاری بڵاوبکاتەوە (هەر جۆرێک بێت)، جارێک ڕاستەوخۆ و جارێک بەناوی ڕاگەیاندنی پێشووەوە و سەرۆکە تازەکەش بێدەنگ بێت لێی ؟! هەرچەندە ناوی ڕاگەیاندنی پێشوو لە هیچ ڕێسایەکی ئیداریدا بوونی نییەو جێی نابێتەوە؟!

لەگەڵ ڕێزدا ..

**هاوپێچ /**

• وێنەیەکی تر لە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (نهێنی/٢٢٤) لە (٢٠٠٨/١/٣٠).

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/٤/٢٧**

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆک/ ئاماژە بە نووسراوتان کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆکراوە، وا زیاتر لە چوار مانگ و نیو بەسەر نووسراوەکەی دیوانماندا تێپەڕی و هیچ ئەنجامێکمان پێ نەگەیشت، هەروەها ماوەی نزیکی سێ مانگ بەسەر نووسراوەکەی سەرۆکایەتیتاندا تێپەڕی و هێشتا هیچ ئەنجامێک دەرنەکەوتووە، وا پێئەچێ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی نەتوانێت ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدات، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان ئەو لێکۆڵینەوەیە لەلایەن سەرۆکایەتیتانەوە ئەنجام بدرێت یان داوا لە وەزارەتی شارەوانی بکرێت لیژنەیەک بنێرن بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە، تاوەکو ئەو کەسانەی لەپشت ئەو نووسینەوەن لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، کە بوونەتە جێی سەرنج و گلەیی خەڵک لەسەر حکومەت و حیزب،

هەروەها ئەمانەوێت ئاماژە بکەین، کە هیچ کات نەبووە فەرمانگەیەکی ڕەسمی حکومی إهانە بە فەرمانگەیەکی ڕەسمی تر بکات، وەک ئەوەی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی بە سەرۆکایەتی دیوانمانی کردووە ، تەنانەت لە کاتی دانانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی( ١٩٦٩) (مُشَرِع) هیچ ماددەیەکی دانەڕشتووە بە تاوانکردن و دیاریکردنی سزا بۆ ئەو حاڵەتە، چونکە بەبیرو خەیاڵی (مُشَرِغ) نەهاتووە، کە حاڵەتی لەو جۆرە ڕووبدات لە حکومەتدا، کە ماددەی (٢٢٥) برگەی (ب) گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەو حاڵەتە بۆ کاتی خۆی، چونکە (مُشَرِغ) بە خەیاڵیدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان حکومەتێکی کوردی، کە بەو قوربانیدانە و لافاوی خوێنەی کە هاتۆتە بەرهەم دروست ئەبێت و سەرۆکێکی شارەوانی هەڵبژێردراوی تێدا هەڵدەکەوێت کە حاڵەتێکی وەها بهێنێتە کایەوە کە (مُشَرِغ) بیری لێ نەکردۆتەوە؟! هەر بۆیەش بەم نزیکانە سەرۆکایەتی دیوانمان ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل ئاراستەی بەڕێز جەنابی مام جەلال و حکومەت و بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو هەموو سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دەکات، سەبارەت بەو درۆو دەلەسە و تەشهیرو قژفانەی بەرامبەر سەرۆکایەتی دیوانمان و سەرۆکەکەی کراوە، بەبێ ئەوەی هیچ سنوورێکی بەرپرسیارێتی یان ڕەوشتی یان حیزبی لەبەرچاو بگیرێت، بە جۆرێک کار گەیشتە ئەوەی ببێتە حەقایەتی مێش و شەش بارە و حەوت بارە درۆکان دووبارە بکرێنەوە، تەنانەت کار بگاتە ئەوەی هەندێ ڕۆژنامە ڕای بگەیەنن کە ئیتر لەسەر ئەم کێشەیە هیچ شتێک بڵاوناکەنەوە، سەرۆکی دیوان تأکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بە هیچ جۆرێک واز لە بەرگریکردن لە مافی دیوانی چاودێرییو مافی خۆی ناهێنێت، بە گرتنەبەری هەموو ڕێگایەکی یاسایی و ڕێگە پێدراو (بۆ ریسواکردنی هەموو درۆزنو بوختانچییەک لە کوردستاندا) /

لەگەڵ ڕێزماندا ....

- مەکتەبی چاودێریی و پشکنینی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان/ ئاماژە بە نووسراومان، ژمارە نهێنی (٣) لە (٢٠٠٨/١/١٣)، کە ئاراستەی بەڕێزتان کرابوو، وا نزیکەی چوار مانگ و نیو بەسەر نووسراوەکەی دیوانماندا تێپەڕی و تا ئێستاش هیچ ئەنجامێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەی داواکراوە دەرنەکەتووە، کە وا پێ ئەچێ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی نەتوانێت ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدات/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست

لەگەڵ ڕێزدا

- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان .
- نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان .
- دۆسیەی تایبەت.

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 189 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2008/4/27 |
| بەشی یاسا | بەرامبەر : 7/گولان/2708 |

## بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی سەرۆکی شارەوانی
## ب/ بڕیار

نووسراوتان ژمارە (٥٨٣١) لە (٢٠٠٨/٤/١٥). سەبارەت بە ناردنی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانیتان ژمارە (٣٤٦) لە (٢٠٠٨/٣/١٣)، ئەمانەوێت پێتان ڕابگەیەنین، کە بەپێی مادەی (٤) أولا و ثانیا و مادەی (٧) ثانیا لە سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی(١٩٩٩)، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**الماده(٤)- تخضع الجهات التالية للرقابة المالية وسلطتها المؤلفة من مجلس الديوان ورئيسه ، وكل موظف يخوله أحدهما سلطة الرقابة.**

**أولا/ تخضع دوائر الدولة بجميع قطاعاتها والقطاع التعاوني والمنظمات المحلية والجمعيات للرقابة المالية.**

**ثانيا/ تستثني من حكم البند (اولا) من هذه المادة المحاكم فيما يتعلق بإختصاصاتها القضائية فقط.**

**المادة (٧)- ضمن الفصل الثالث (اختصاصات وصلاحيات الديوان)**

**ثانيا/ للديوان حق الاطلاع على الوثائق والمعاملات ذات العلاقة بمهام الرقابة المالية سواء كانت عادية أو سرية عدا الوثائق المتعلقة بالامن والدفاع الوطني والذي يكلف رئيس الديوان أو من ينيبه بالإطلاع عليها من قبل رئيس مجلس الوزراء وللديوان حق إجراء الجرد الميداني أو الإشراف عليه وحق الحصول علي الإيضاحات والبيانات التي يتطلبها أعمال الرقابة المالية وله إجراء التحقيق واستجواب ذوي العلاقة في المعاملات التي ترى الديوان أن فيها تجاوزا على القوانين والتعليمات أو إن هناك تزوير أو اختلاس وله أن يخبر مجلس الوزراء أو الوزير المختص بنتائج التحقيق ويبين رأيه في الموضوع.**

کە ئەبینن تیایدا ئاماژە دراوە، کە دیوان مافی بینینی هەموو مامەڵە داراییە ئاشکرا و نهێنییەکانی هەیە، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا بچووکترین دەزگا، بۆیە ئەمانەوێت ئەم بڕگانەتان پێ ڕابگەیەنین:

١. بڕیاردان لە دواخستنی وردبینیکردنی خەرجیەکانی ڕاگەیاندن، وە پەیوەستکردنی بەهەبوونی کێشە لە نێوان دوو کەسدا، نایاساییە و نابەجێیە و پشتی نەبەستووە بە هیچ بەڵگەیەکی یاسایی، هەروەها هەبوونی کێشە لەنێوان دوو کەسدا ڕەتدەکەینەوەو ڕایدەگەیەنین، کە هیچ کێشەیەک لەسەر ئاستی شەخصی نییە لای ئێمەوە.

٢. لە هەموو دەزگاکانی حکومەت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا ئاستی خوارتر، هیچ حاڵەتێکی لەم جۆرەمان بەرەوڕوو نەکراوەتەوە و تا ئێستا هیچ ڕێگریەک نەخراوەتە بەردەم کارەکانی دیوانمان لەم ڕووەوە، لەناو (٧٢٠) دامودەزگاو ڕێکخراودا، تەنها شارەوانی بڕیار و داوای وای هەیە کە ناوازە و نابەجێیە.

٣. ئەگەر کارەکانی بەشی ڕاگەیاندن یاسایی بوون، کەس ناتوانێت ڕەخنەیان لێ بگرێ، خۆ ئەگەر نایاسایی بوو، ئەوا ئەرکی دیوانمانە ئەو نایاساییانە دیاری بکەن، وەک هەر بەشێکی تر.

٤. هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نییە، کە ئەنجومەنی شارەوانی دەسەڵاتی لەو جۆرەی هەبێت کە بڕیاری وەها بدات پێچەوانەی یاسا و سیستمی دیوانمان، وە ئەمانەوێت پێشتان ڕابگەیەنین وەکو وتمان هەموو کاروبارە داراییە نهێنی و ئاشکراکانی دەزگا گرنگەکانی وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکان و پارێزگا و ئاسایشی گشتی و ئیستخباراتی عسکری.... هتد هەمووی بەپێی یاسا خراوەتە بەردەستمان و ئەبێت بخرێنە بەردەم دەستەکانی چاودێریی دارایی بۆ کاری چاودێریی دارایی، ئەبێ بە چ یاسایەک خەرجییەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی بەم بیانووە نایاساییە وردبینیکردنی دوابخرێ و بەدەربکرێت؟!

٥. ئەو کێشەیەی کردووتانە بیانوو کێشەی ئێوەیە نەک دیوان و سەرۆکی دیوان، چونکە سەرۆکی دیوان نەهاتووە بۆ وردبینیکردن، بەڵکو ئەو دەستانەی کە ئەچن بۆ هەر فەرمانگەیەک ڕاپۆرتەکانیان بەم ئەلقانەدا تێئەپەڕێ: (جێگری بەڕێوەبەری گشتی دوایی بەڕێوەبەری گشتی، دواتر جێگری سەرۆکی دیوان ئینجا ئەنێردرێ بۆ سەرۆکی دیوان) دوای ئەوەی ئەو ڕاپۆرتانە هەموو بوارێکی یاسایی، دارایی، کارگێری، هونەری، گرتەخۆ ڕاپۆرتەکە بەرز ئەکرێتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە سەرۆکی دیوانەوە تا خوارتر سوێندی یاسایی و ئەخلاقیمان هەیە، کە هیچ ئەغراضێکی شخصی لە کارەکانماندا ڕەنگ نەداتەوە، جگە لە پێویستییەکانی ئەنجامدانی کارەکان لە یاسا و سیستم و لێکدانەوە داراییەکان، چونکە ئێمە مامەڵە تەنها لەگەڵ یاسا و ڕێنمایی و ژمارەدا دەکەین، باشترین نموونەش ئەو دوو ڕاپۆرتەی ساڵی (٢٠٠٤) سەرۆکایەتیتانە، کە پێش ئەو بابەتەی کە ناوی لێنراوە

کێشە نێراوە بۆتان، لەبەرئەوە ئاگاداری دەستەکەمان کرد، دوای تەواوکردنی کارەکانی تر خەرجییەکانی ڕاگەیاندنیش وردبینی بکات، بەپێی یاسا و ڕێنمایی و سیستمی دیوانمان. لە کۆتاییدا ئەڵێن: دەستەکانی دیوانمان کارەکانی خۆیان زۆر باش ئەزانن بەپێی یاسا و سیستمی دیوان، ئەمەش یەکەم جاریان نییە بچنە شارەوانی سلێمانی، یان فەرمانگەیەکی تر، لەبەرئەوە نە ئەبوو ئێوە شێوە و ڕێگە بۆ کارەکانیان دەستنیشان بکەن، یا بڵێن (دەستەکە و سەرۆکی دەستەکە بە نەفەس و لە چوارچێوەی یاسا کارکردنیان ئەنجام بدەن بە مەبەستی خزمەت و سودی کەس نەبێت!) لەگەڵ ئەوەشدا داخوازین لە هەر کەموکوڕییەکیان ئەگەر هەیان بوو لە کاتی کارکردندا ئاگادارمان بکەن، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ بکەین و ئێوەش ئاگادار بکەینەوە..

لەگەڵ ڕێزدا ..

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/٤/٢٧**

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆک/ بفەرمون هاوپێچ نووسراو و بڕیاری شارەوانی سلێمانی، کە ئاماژەی بۆکراوە لەسەرەوە، ئەمانەوێت بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین، ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی دیوانی چاودێریی داراییدا داوای وا بەرەو ڕوومان ببێتەوە، کە خەرجییەکانی بەشێک وردبینی نەکرێت، یان دوابخرێ، لە کاتێکدا لە چەندین دەزگای گرنگدا هەموو ئاسانکارییەک بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانمان کراوە. بە نموونەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایشی گشتی و استخباراتی عسکری و...هتد. بۆیە داواکارین بفەرمون بۆ کاری پێویست بەپێی یاسا/ لەگەڵ ڕێزماندا.
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان.
- بەشی یاسا.
- خولاو.

هەرێمی كوردستان عێراق

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانییەكان
سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی
ئەنجومەنی شارەوانی

ژمارە : ٣٤٦
رۆژ : ١٣ / ٣ / ٢٠٠٨

## بڕیار

ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لەڕۆژی / ١٢ / ٣ / ٢٠٠٨ كۆبونەوەی ئاسای خۆی سازدا بە ئامادەبوونی ئەندامان سەبارەت بە كارەكانی دەستەی چاودێری دارایی كەبە نوسراویان ژمارە ( ١/٥/٢٧٢ ) لە ٢٥/ ٢ / ٢٠٠٨ كاردەكەن بۆ وردبینیكردنی كاروو چالاكییەكانی شارەوانی سلێمانی و ئەنجومەنی شارەوانی .

ئەنجومەن دوای گفتوگۆ بڕیاریاندا كە لەسەر رۆشنایی یاساو ڕێنماییەكان وە بۆ مەبەستی پاراستنی موڵك و ماڵی گشتیدا دەستەی دیوانی چاودێری بۆیان هەیە بەشەكانی پرۆژەكان و كارەكانی گشت بەشەكانی تر وردبینی بكەن وە تێبینیەكانی خۆیان بنوسن لەگەڵ دەوڵەمەند كردنی بەشە جیاجیا كانی شارەوانی سلێمانی بەبۆچوون و ڕاكانیان بۆ مەبەستی باشترین بەڕێوەچوونی كارەكانی شارەوانی سلێمانی لە پێناوی پاراستنی موڵك و ماڵی دەوڵەت و پێشكەشكردنی خزمەت بە هاوولاتیانی شاری سلێمانی كە ئێمە وەك سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لەرێ ی هەڵبژاردنەوە نوێنەرایەتیان دەكەین وە پێیان باشە دەستەی چاودێری دارایی كارەكانیان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام بدات .

١- ئەو بەش و پرۆژانەی كە دەستەكانی پێشوو وردبینییان كردووە تا مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠٠٥ جارێكی تر وردبینی نەكرێت . تەنها بە نوسراوی رەسمی نەبێت . سەبارەت بەوردبینی كردنی كارەكانی دەستەی پێشوو

٢- وردبینی كردنی كارەكانی راگەیانلن دوا بخرێت بۆ دوای یەكلای كردنەوەی ئەو كێشەیە كە لەنێوان هەردوو بەڕێزان سەرۆكی شارەوانی سلێمانی پێشوو ( حاكم قادر ) وە سەرۆكی دەستەی چاودێری دارایی ( كاك جلال عمر سام ئاغا ) دایە لەلایەن دادگاوە .

٣- ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی داخوازە كەدەستەكە و سەرۆكی دەستەكە بەنەفەس و لە چوارچێوەی یاسا كارەكانیان ئەنجام بدەن بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێك استفزاز بكرێت چونكە خزمەت و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی مەبەستمانە . وكارەكانی دەستەكە بێلایەنە ئەنجام بدرێت وەبۆ مەبەستی خزمەت و سودی كەس نەبێت جگە لە پێناوی پاراستنی موڵكی دەوڵەت رەچاو كردنی سودی گشتیدا . وەلە پێناوی پاراستنی پیرۆزی كارەكە .

وە ناردنی بڕیارەكە بۆ بەشی تایبەت بۆ جێبەجێ كردن .

سەرۆكی ئەنجومەنی شارەوانی
سالار اسماعیل عوسمان

سەرۆكی شارەوانی سلێمانی
عمر محمد عمر

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| زاهد نصرالدین | جبار محمود محمد | محمد نورس ابراهیم | بورهان رفیق حمە |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| ئاواز احمد امین | فوزیە عمر فتاح قزاز | گوڵاڵە عزیز میرزا | عمر عبداللە محمود |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| احمد رەزا سعید | نامق اسماعیل احمد | قادر سعید احمد | رحیم حمە كاكە محمد |

ئەندام
ئاڵا كمال جلال

بەشی ژمێریاری

س. ئەنجومەن / نجاة سعید

ژمێریاری / نیشتمان - ١٦

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستانی | ژمارە/ 213 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی کوردستان | بەروار/ 2008/8/5 |
| نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان بەرامبەر: | 25/ گولان/ 2708ی |

## بۆ/ نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
## ب/ ڕوونکردنەوە

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (نهێنی/٧٤٧) لە (٢٠٠٨/٤/٦)، کە وێنەیەکی هاوپێچە.

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوماندا ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی کوردستان لەگەڵ کتێبێک و پێنج ڕوونکردنەوەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی دەنێرین بۆ بەڕێزتان بۆ جارێکی تر لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەو هەموو درۆ و بوختان و تەشهیرانەی، کە لەماوەی ساڵ و نیوێکدا لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانییەوە بەرامبەرمان کرا، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هات، کە دیوانمان کاری چاودێریی دارایی لەسەر کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئەنجام دا و لە دوو ڕاپۆرتی ساڵی(٢٠٠٥) دا چەندین سەرپێچی یاسایی و دارایی و هونەری دیاری کرد و لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ پێک هێنرا و لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەدا و بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چەندین ئیجرائات وەرگیرا، هەروەها لەسەر ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانە، لەوانە:

- سزادانی (٢٢) فەرمانبەر لە شارەوانی لەلایەن خودی سەرۆکی شارەوانییەوە بە سزای جیاواز.
- سزادانی (١٧) فەرمانبەر لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە سزای جیاواز.
- هەڵوەشاندنەوە و گۆڕینی فەرمانبەرانی بەشی بەکرێدان و دانانی فەرمانبەری تر بۆ بەشی زەوی و زار.
- وەرگرتنەوەی بڕێکی زۆر زۆر قەرزی موڵکەکانی شارەوانی، کە وەرنەگیرابوون و دوای گەڕانەوەی دەستەکە وەرگیراونەتەوە، کە ڕێژەیەکی زۆری ئەو کرێیانە

دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی پێشوو (ساڵەکانی/٢٠٠٠ ، ٢٠٠١ ، ٢٠٠٢ ، ٢٠٠٣)، تەنانەت قەرزی تیابوو کە دەگەڕایەوە بۆ ساڵی (١٩٩٨)، کە زیاتر لە (١٠٠ ملیۆن دینار- تەنها سەد ملیۆن) دیناری سویسری ئەبوو.

- دانی دوو کێشە بە دادگا.

هەروەها لە ئەنجامی ئەم کێشەیە چەندین دەعوای یاساییمان لە دادگا لەسەر تۆمار کردوون. ئەم فەرمانگەیە تەنها فەرمانگەیە لەناو زیاتر لە (٧٥٠) وەزارەت و دامودەزگای حکومی و ڕێکخراودا بەو شێوەیە بەرەو ڕوومان ببێتەوە بەم شێوازە.

داواکارین لە بەڕێزتان لەلایەنتانەوە بەدواداچوونی پێویستی لەسەر بکەن، بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کە بوارەکانی دارایی و کارگێری و یاسایی و ڕاگەیاندن بگرێتەخۆ، چونکە وەک بەڕێزتان ئاگادارن، ئەگەر دیوان بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ئەو هێرشانە ببێتەوە تووشی شکست ئەبێ و ناتوانێ ئەو ئەرکەی لەئەستۆیەتی جێبەجێی بکات، بۆیە داکۆکی و پشتگیری بەڕێزتانی پێویستە، بە تایبەت دوای پەسەندکردنی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان و زیاتر ئاشنابوون بە گرنگی و ڕۆڵی دیوانی چاودێریی پارێزگاری لە موڵک و ماڵی میللەت و بودجەی ساڵانەی هەرێم، هەر بۆ ئەم مەبەستە و زیاتر ڕوونکردنەوە وا بەڕێزان جێگری سەرۆکی دیوان و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانمان سەردانتان ئەکەن.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/٥/١٥**

**هاوپێچ/**

- نووسراو.
- ڕوونکردنەوەیەک لەگەڵ هاوپێچەکانی.

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان/ نوسینگەی تایبەت/بۆ ئاگاداریتان، هەرچەندە پێشتریش لەماوەی ئەم ساڵ و نیوەدا دوو نووسراوی تریشمان بۆناردوون لەم ڕووەوە، داواکارین لەلایەن بەڕێزتانەوە هاوکاری پێویست بکەن بۆ ئەم مەبەستە/ لەگەڵ ڕێزدا..
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت/ نووسراوتان کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆکراوە/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزماندا..
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان..
- نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان..
- دۆسیەی تایبەت..

| | |
|---|---|
| هەرێمی كوردستان | ژمارە :242 |
| سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2008/6/4 |
| بەشی یاسا | بەرامبەر : 14/جۆزەردان/2708ك |

**بۆ/ سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان**
**نوسینگەی سەرۆكی سەندیكا**
**ب/ لێكۆڵینەوە**

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارە (٤٢٠)یدا لە بەرواری ٢٠٠٨/٥/٧ بابەتێكی بڵاوكردۆتەوە لە ژێر ناوی (جەلالی عومەری سام ئاغا داوای ٤٠٠ ملیۆن دینار لە چوار ڕۆژنامەنووس دەكات).

لەو بابەتەدا لەسەر زاری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هەواڵ) شوان داودی هاتووە، كە بەڵگەی هەیە و شتی بێ بەڵگە بڵاوناكاتەوە!! دەربارەی ئەو دوو داوا یاساییەی لەسەری تۆماركراوە لە دادگا، بە هۆی دوو بابەتەوە كە لەسەر سەرۆكی دیوان بڵاوی كردۆتەوە، دوو بابەتەكەش ئەمانەن:

١. بابەتێك كە گوایە سەرۆكی دیوانمان خروقاتی مالی هەبووە.
٢. بابەتەكەی تر كە (١٠) دۆنم زەوی كشتوكاڵی وەرگرتووە.

**بابەتی یەكەم: خروقاتی مالی**

لە ژمارە (٢٣٧)ی ڕۆژنامەی هەواڵدا، شوان داودی باس لەوە دەكات، سەرۆكی دیوان بە ئیمزای خۆی دەرماڵەی بۆ خۆی سەرفكردووە!! بڵاوكردنەوەی ئەم هەواڵە ئەوە ئەگەیەنێت ناوبراو كەمترین زانیاری نییە لە بواری ئیداریدا، لەبەرئەوەی لە هیچ حكومەتێك و لە هیچ وڵاتێكدا نەبووە كەسێك دەرماڵە بە خۆی بدات، لەبەرئەوەی پێدانی دەرماڵە پۆستەوە بۆ نزمترین پۆست بە یاساو بڕیار سەرف ئەكرێت. ئەم بابەتە پێشتر بەدرۆ خراوەتەوە، بە بەڵگەی ڕەسمی، ئەویش بە نووسراوی وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری ژمارە (٣٥٧) لە ٢٠٠٧/٩/١٨ دا، ئەو بەڵگەیەش لە كاتی خۆیدا بڵاوكرایەوە لە ژمارە (٣٥٨)

ی رۆژنامـەی هاوڵاتی لە ٢٠٠٧/٩/٢٦. (هاوپێچ نووسـراوی ٣٥٧ لە ٢٠٠٧/٩/١٨).

**بابەتی دووەم: وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی**(٢٢):

دەربارەی ئەم بابەتەش پێشتر ڕامان گەیاندووە و ئێستاش ڕایدەگەیەنین، سەرۆکی دیوان نەک (١٠) دۆنم زەوی، بەڵکو(١٠)ملم زەوی وەرنەگرتووە، ئەم درۆیەش بە ڕەسمی بە درۆخرایەوە، یەکەم لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی زەویوزار، بە نووسراویان ژمارە (٤٠٢٨) لە ٢٠٠٧/٩/٤ (هاوپێچ)، دووەم بە نووسراوی بانکی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣٣٨٣) لە ٩/٤/ ٢٠٠٧(هاوپێچ). جێگای ئاماژەپێکردنە کاتی خۆی ئەو دوو بەڵگەیە لە ژمارە (٢٤٦)ی ڕۆژنامەی (هەواڵ) لە (٨/ ئەیلولی ٢٠٠٧) بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی سەیرە و جێگای سەرسوڕمانە تازە بە تازە ناوبراو ئەڵێت بەڵگەم هەیە!!! ئەم وتەیەی ناوبراو ئەوە ئەگەیەنێ، هیچ شارەزاییەکی لە یاسادا نییە، چونکە ئەو بـەڵگانەی سەرەوە بـەڵگەی باوەڕپێکراون و جێی تانەلێدان نین، جەختکردن لەسەر درۆ و دەلەسە چی ئەگەیەنێ، جگە لەوەی کە ڕەنگە درۆکردن بووبێتە خەسڵەتێکی ناوبراو، بۆ سـەلماندنی ئەم بۆچوونەمان تـەنهاو تەنها یـەک بەڵگە ئەهێنینەوە، ئەویش ئەوەیە کە ناوبراو لە ژمارە (١٤٣)ی ڕۆژنامەی چاودێردا لە (٢٠٠٧/٩/١٠)دا ئاماژە بەوە ئەکات، کە دەزگاکەیان کۆمەک ناکرێت لەلایەن حکومەت و حیزبەوە!! ئێمە بە ڕەسمی ڕایدەگەیەنین کە دەزگای (هەواڵ) ساڵانە (١٨) ملیۆن دینار وەرئەگرێت لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، ئایا ئەمە درۆیەکی زەق نییە؟؟ ئایا ئەم جۆرە کەسانە چییان پێ ئەوترێت؟!. (هاوپێچ ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٤٦) و ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە (١٤٣). دەربارەی زەوی کشتوکاڵ وەرگرتن، ئەگەر ناوبراو بەڵگەی هەبوو کە سەرۆکی دیوان (١٠) دۆنم زەوی وەرگرتووە، ئێمە ئێوە مخول ئەکەین بە وەکالەتی ڕەسمی کە ئەو (١٠) دۆنمە تاپۆ بکەن لەسـەر شوان داوودی. لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی دیوانمان هیچ پەیوەندییەک یان کێشەیەکی لەگەڵ ناوبراودا نییە، تەنانەت نەشی دیوە و هیچ بوارێکیش کۆیان ناکاتەوە. ئامانجمان لەم نووسینە ئەوەیە، کە ناوبراو ئێستا ئەندامی سەندیکاکەتانە و ئەرکە لەسەری کە پابەند بێت بە پرۆگرامی ناوخۆی سەندیکاوە و گونجاو نییە وەک جاران تەشهیر و بوختان بڵاوبکاتەوە و بیکات بە مانشێتی ڕۆژنامەکەی. دواجار داواکارین لە سەندیکاکەتان لێکۆڵینەوە لەگەڵ ناوبراو بکرێت لەسەر ئەو هەموو درۆ و بوختان و تەشهیرکردنانەی، کە لەسەر

. ئەم بابەتە بە مانشێتی گەورە و لە لاپەڕەیەکی ژمارە (٢٤٥)ی ڕۆژنامەی (هەواڵ) بڵاوکرایەوە.

لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی بڵاویکردۆتەوە، لەبەرئەوەی هەروەک پێشتریش وتمان ناوبراو ئەندامی سەندیکاکەتانە و پێویستە لەسەری لانیکەم إلتزامی یاسایی ئەندامی سەندیکای هەبێت وە لەپاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە داواکارین سەرۆکایەتیمان لە ئەنجام ئاگاداربکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/٦/٣**

**هاوپێچ/**

١. ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٢٠) لە ٢٠٠٨/٥/٧.
٢. ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٣٧)لە ٧ی تەمموزی/٢٠٠٧.
٣. نووسراوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری ژمارە (٣٥٧) لە ٢٠٠٧/٩/١٨.
٤. ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٥٨) لە ٢٠٠٧/٩/٢٦.
٥. ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٤٥) لە ١ی/ئەیلولی/٢٠٠٧.
٦. نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی زەویوزار ژمارە (٤٠٢٨) لە ٢٠٠٧/٩/٤.
٧. نووسراوی بانکی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٣٨٣) لە ٢٠٠٧/٩/٤.
٨. ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٤٦) لە ٨ی ئەیلولی/٢٠٠٧.
٩. ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە (١٤٣) لە ٢٠٠٧/٩/١٠.

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆک/ بۆ ئاگاداری بەڕێزتان. لەگەڵ ڕێزماندا.....
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسان/ لقی سلێمانی/ بۆ هەمان مەبەست. لەگەڵ هەموو بەراییەکان.
- بەشی یاسا/ بۆ بەدواداچوون.

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە :245 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2008/6/10 |
| بەشی یاسا | بەرامبەر : 20/جۆزەردان/2708 |

## بۆ بەڕێز/ کاك مەلا بەختیار
## خاوەنی ئیمتیاز و بەرپرسی ڕۆژنامەی چاودێر

هاوپێچ وێنەیەک لە نووسینێکی سەردەشت حەمەصالح دەنێرین، کە ڕۆژی ٨ی حوزەیرانی ئەم ساڵ لە سایتی چاودێردا بڵاوکراوەتەوە.
وەک ئاگادارن ئەم کەسە پێشتریش لە هەندێ ڕۆژنامەدا کۆمەڵێک درۆو بوختانی بۆ دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکی دیوان هەڵبەستووە، کە کاتی خۆی ئەم درۆو بوختانانە و وەڵامەکانی دیوانمان بۆ ناردوون. هەروا ئێمە بە چەند دەعوایەک ناوبراومان داوە بە دادگا و چاوەڕێی ئەنجامی دادگایکردنەکەی ئەکەین.
جێگەی داخە کە ناوبراو ئەم جارەیان سوئی ئیستیفادە لە سایتە بەڕێزەکەی ئێوە ئەکات و لەوێوە هەڕەشە ئەکات کە جارێکی تر درێژە بە شاڵاوی درۆ و بوختانەکانی ئەداتەوە. ئێمە باش ئەزانین کە ئێوە بە ڕەنج و ماندووبونی خۆتان بەم شوێن و پلەیە گەیشتوون، هیوادارین کە ئێوە ئاگاداری ئەم کارەی ناوبراو نەبن و ڕێگەیش نەدەن کەسێکی لەم جۆرە لە سایەی ئێوەدا و بە پشتئەستوربوون بە ئێوە ئەم کارە ناڕەوایانە بکات . ئێمە نە ئەم کەسەمان بینیوە، نە ئەیناسین و نە هیچ بوارێک پێکەوە کۆمان ئەکاتەوە. بۆیە بە لامانەوە سەیرە پەنا بۆ ئەم جۆرە کارانە ئەبات، کە دوورە لە هەر عورف و نەریتێکی ڕوژنامەنووسی، کە ئەو ئیدیعای ئەکات. ئاشکرایە ئێمە بێ منەتین لە هەڕەشەو قسەی زل و بێ بنەمای ناوبراو، بەڵام ئەڵێین ئەگەر ئەو کەسە بۆ خزمەتی حکومەت و حیزب ئەم کارە ئەکات، ئەبوایە لەو ڕێگەیەوە بیکردایە، نەک بۆ تەشهیرکردن پەنا بۆ ڕۆژنامەکان و سایتەکەی ئێوە بەرێت و خزمەتی ئەوانە بکات، کە ئێمە باش ئەیان ناسین. بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئێمە بەم نزیکانە یاداشتێکی تایبەت لە بارەی سەرجەمی ئەو شاڵاوی درۆو بوختانانە پێشکەشی جەنابی مام جەلال و مەکتەبی سیاسی ئەکەین و هەڵوێستێکی تایبەت لەم بارەیەوە وەرئەگرین و ئیسپاتی ئەکەین کە دز کێیە.. گەندەڵ کێیە و کێ لە دوای ئەو شاڵاوە وەستاوە، کە حەزمان نە ئەکرد سایتە بەڕێزەکەی ئێوە بەشداری تێدا بکات و جارێکی تر دووپاتی

ئەکەینەوە، ئەگەر لە هەزارا/ یەکی درۆو دەلەسەکانی ناوبراو یان هاوڕێکەی ڕاست بوو، ئێمە باقیەکەی تریان بۆ ئەسەلمێنین، بەڵام با چاوەڕوانی دادگاش بکەین.

لەگەڵ ڕێزدا....

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/٦/١٠**

**وێنەیەک بۆ/**

- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆکی دیوان.
- بەشی یاسا/ بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە لە دادگا.

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 257 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی | بەروار: 2008/6/18 |

بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چالاکی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان بەرامبەر:8/جۆزەردان/2708 ک

## بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
## نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆك
## ب/ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەدا

ئەمانەوێت بەڕێزتان ئاگادار بکەین، کە بە فەرمانی دیوانیمان دەستەیەکی چاودێریی داراییمان ڕاسپارد بۆ ئەنجامدانی کاری چاودێریی دارایی لەسەر کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، لەبەرئەوەی لە ساڵانی (٢٠٠٥ ، ٢٠٠٦ ، ٢٠٠٧)دا کاری چاودێریی دارایی لەسەر ئەم شارەوانییە ئەنجام نەدرابوو. هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی دەستەکەدا هەندێ گرفت خرایە بەردەم دەستەکە بە مەبەستی دروستکردنی کۆسپ، تاوەکو دەستەکە ناچاربێت بکشێتەوە، بەڵام دوای وتوویژو بە دەنگەوە چوونمان گرفتەکان کۆتاییان هات و دەستەکە بەردەوام بوو لە کارەکانی.

لە دوای ئەمە و دواتر لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەوە پەیوەندی کراوە بە ڕۆژنامەی هاوڵاتی یەوە، بە مەبەستی دەرخستنی گلەیی و گازندە لە دیوان و سەرۆک دەستەکە و دواتر پەیامنێرانی ڕۆژنامەکە ڕەوانەی ئەو ژوورە کراون، کە دەستەی چاودێرییەکە کاری تیا ئەکات، لەکاتێکدا بەپێی سروشتی کارەکانمان و سیستمی پەیڕەوکراو تەنانەت فەرمانبەرانی شارەوانی خۆیان بۆیان نییە بچنە ئەو ژوورە، ئەگەر دەستەکە کارێکی پێیان نەبێت، یان پێویستی نەبێت پێیان، چ جای بۆ پەیامنێرانی ڕۆژنامەیەک کە بنێردرێنە ئەو ژوورە، بۆ دواندن و وەرگرتنی قسەیان. هێنانی ڕۆژنامە بۆ شارەوانی و ناردنیان بۆ ژووری دەستەی چاودێرییەکە تەنها ئامانج لێی ئەوە بووە شارەوانی (جەوێک) دروست بکات، کە دەستەکە ببێتە جێی سەرنج و ڕەخنە و نەتوانێت ئەرکەکەی کە پێی سپێردراوە ئەنجامی بدات، بە تایبەتی کە دەستەکە لە سەرەتای کارەکەدا بوون و کارەکانیشیان نهێنییە. ئەپرسین گواستنەوەی ئەم حاڵەتە بۆ ڕۆژنامە چ سوودێکی تیادایە بۆ شارەوانی، لەکاتێکدا (شارەوانی سلێمانی) و (دیوانی چاودێریی) دوو

دەزگای ڕەسمی حکومەتن و ئەکرێت ئەگەر حاڵەتێک جێی سەرنج بێت، یان رایەکی دیاریکراو هەبێت بە شێوەی ڕەسمی بە یەکتری یان بە سەرو خۆیانی ڕابگەیەنن، نەک پەنا بۆ ڕۆژنامەکان بەرن.

لە ئەنجامی ئەم کارە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٢٠) لە ٢٠٠٨/٥/٧ لە لاپەڕە (٢)دا کەوتنە تەسریحدان و لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (شارەوانی ڕەخنە لە دیوانی چاودێریی دارایی دەگرێت) بڵاوکرایەوە. لە بابەتەکەدا دەردەکەوێ ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی بە چ زمانێک قسە دەکەن‌و دیوانیشمان بە چ زمانێک. هەر بۆیە چەند پرسیاری تری ڕۆژنامەکە هەر وەڵام نەدرایەوە لەلایەنمانەوە، جگە لە چەند دێڕێکی گشتی و ئاسایی، تاوەکو ئەم بابەتە جارێکی تر نەگوازرێتەوە ناو ڕۆژنامە، کە لەمەشدا (گواستنەوەی ئەم بابەتە بۆ ناو ڕۆژنامە) هەر شارەوانی وەک جارەکانی پێشوو دەستپێشخەر بوون، سەرباری ئەوەی کە ئەم حاڵەتە لە هیچ فەرمانگەیەکی تردا بەرەوڕوومان نەبۆتەوە لە مێژووی کارەکانی دیواندا، جگە لە شارەوانی سلێمانی نەبێت، کە لەناو هەموو دام و دەزگاکان‌و ڕێکخراوەکاندا، کە ژمارەیان لە (٧٥٠) وەزارەت و دامودەزگای حکومی زیاترە.

بۆیە دەمانەوێت بەڕێزتان ئاگادار بکەین، هەروەک پێشتر بە شەخصی لەلایەن جێگری سەرۆکی دیوان و بەڕێوەبەری گشتی لە هەولێر بەڕێزتانیان ئاگادار کرد لەم حاڵەتە، پێش بڵاوبوونەوەی بابەتەکە لە ڕۆژنامەدا، تاوەکو لەلایەن بەڕێزتانەوە ئیجرائاتی پێویست وەربگیرێت بەرامبەریان، چونکە ئێمە لەسەر داوای بەڕێزتان، هەروەک پێشتر ڕامان گەیاندووە، وەڵامی ئەم جۆرە بڵاوکردنەوانە نادەینەوە لە ڕۆژنامەدا، بەڵکو بە ڕێی ڕەسمی سەرنجەکان بە بەڕێزتان و بە شارەوانی ڕادەگەیەنین و بەپێی یاسا مامەڵە دەکەین لەگەڵ حاڵەتەکەدا، پێشتریش بە نووسراومان ژمارە (١٨٩) لە ٢٠٠٨/٤/٢٧ (کە وێنەیەکی هاوپێچە) بە شارەوانیمان ڕاگەیاندووە دەربارەی کاری دەستەکە و وتومانە:

«لەگەڵ ئەوەشدا دەخوازین لە هەر کەم و کورییەکیان ئەگەر هەیان بوو لە کاتی کارکردندا ئاگادارمان بکەن، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ بکەین‌و ئێوەش ئاگادار بکەین»، کەچی شارەوانی سلێمانی بە پێچەوانەوە بابەتەکەی گواستەوە بۆ ناو ڕۆژنامە، کە لەمەشدا هەر شارەوانی بەرپرسە. لەم ڕوونکردنەوەی پێشەوە دەردەکەوێت، کە هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی زۆر نابەرپرسانە هەڵسوکەوتیان کردووە. بۆیە داواکارین لەلایەن بەڕێزتانەوە بەدواداچوونی

پێویستی لەسەر بکرێت و دەمان خواست کە هەموو قسە و باسەکانی هەندێ لەو بەڕێزانەی ئەنجومەن بەپێی یاسا بوایە.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**جەلالى عومەرى سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/٦/١٨**

**هاوپێچ/**

١. وێنەیەک لە سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی/ ١٩٩٩ (چاککراو).
٢. نوسراوی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (١٧٠) لە ٢٠٠٦/١/٢٤ .

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ نوسینگەی تایبەت/ بە پێویستمان زانی بە کورتی و بە شێوەیەکی ڕەسمی، نەک لە ڕێی ڕۆژنامەوە، وەڵامی ئەو سەرنج و بۆچوونانە بدەینەوە، کە لە ڕۆژنامەکەدا باسی لێوە کراوە و لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە: سەرەتا ئەمانەوێت سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ کادرە دڵسۆز و خەمخۆرەکانی شارەوانی ڕابگەیەنین لە هەموو ئاستەکاندا و ڕای دەگەیەنین ئەم وەڵامە تەنها پەیوەستە بەو بیروبۆچوونانەوە، کە لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوەی بەرپرسانی شارەوانی بەرچاوڕوونییەکیان هەبێت لەبارەی ڕای دیوانمان لەسەر ئەو بابەتانەی لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەوە وروژێنراوە و بۆ ئەم مەبەستە ئەو بابەتانەی ئاماژەتان بۆ کردبوو لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٢٠) لە ٢٠٠٨/٥/٧ بە کورتی بریتی بوون لەم چەند خاڵەی خوارەوە، کە بڕگە بە بڕگە وەڵامیان دەدەینەوە:

١.دەستەکە لەچوارچێوەی کاری خۆیان دەرچوون و پرسیاری ئیستیفزازی دەکەن .
٢. دەستەکە داوای فایلی (٨) ساڵ پێش ئێستا دەکەن، کە ئەوان بەشێکی ئەو فایلانەیان جارێکی تر بینیوە.
٣. زۆر شت هەیە دەستەکە خۆیانی تێهەڵ دەقورتێنن، کە ئیشی ئەوان نییە.
٤ .ئەمانە بۆ مەبەستێکی تر هاتوون، کە دیارە لە سەروو خۆیانەوە ڕاسپێردراون.
٥. دەستەکە گەنج و نەشارەزان «کەسێک لە بواری داراییدا بۆ چاودێریی دارایی ئیش بکات دەبێت (١٠) ساڵ خزمەتی هەبێت».
٦. دەستەکە وتوویانە بۆچی زەوی دابەش دەکەن، لەکاتێکدا ئەوە ئیشی سەرەکی ئێمەیە و هەموو زەوییەکیش بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی بووە.
٧. ئەو دەستانە زۆر پرسیار لەسەر دەسەڵاتی سەرۆکی پێشووی شارەوانی دەکەن.
٨. دەڵێن ئەنجومەنی شارەوانی بۆ یارمەتی هەژاران دەدات.
٩. ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی بڕوای وابوو ئەو کارانە درێژە پێدەری ئەو کێشانەیە، کە لە نێوان سەرۆکی دیوانی چاودێریی و شارەوانی پێشوو هەیە.

١٠. ئەندامانی ئەنجومەن بە پاداشت کار دەکەن و هەریەکە (٧٥٠٠٠٠) دینار وەردەگرن، دەستەکە دەڵێن دەبێت (٣٠٠) دیناری سویسری کۆن وەربگرن. کێ هەیە لەم وڵاتەدا بەو پارەیە ئیش بکات.
١١. سەرۆکی ئەنجومەن دەڵێ ژوورێکیان بۆ چۆڵ بکەن، خزمەتیان بکەن لە ئاو و چا و شتی تر.
١٢. پرسیاریان زۆر لە بەشی ڕاگەیاندن کردووە.
١٣. سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی «مەلەفەکەی منیان بردووە تەحقیقی تێدا دەکەن. من پێشتر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی شارەوانی بووم، واتە پێشتر وردبینی تێدا کراوە».
١٤. دەربارەی ماوەی یاسایی هەڵبژاردن، ئەوان بچن ئەو پرسیارە لە پەرلەمان و حکومەت بکەن، یان لە بەڕێز مام جەلال، چونکە ئێمە نۆ جار ئەو لایەنانەمان ئاگادار کردۆتەوە کە ماوەکەمان بەسەرچووە .

## وەڵامی بڕگەی (١ ، ٢):

هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ئاماژەیان داوە، کە پرسیاری استفزازیان لێ کراوە و داوای چەند بەرایەکی (٨) ساڵ پێش ئێستا کراوە. ئەمانەوێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەین، کە گەڕانەوە بۆ ساڵانی پێشتر بەپێی پێویستی کاری چاودێرییەکەیە، کە ئەگەر بخوازێت بۆ گەیشتن بە ڕای تەواو لەسەر حاڵەتێک، پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ پێشتر، وە ئەو بەڕێزانە هیچ حاڵەتێکی وەهایان ئاماژە پێ نەداوە کە بۆتە هۆی استفزازبوونیان، تۆبڵێی پرسیارکردنیش بە دەستەکە ڕەوا نەبینن؟! کە کارێکی یاسایی خۆیانە.

## وەڵامی بڕگەی (٣ ، ٤):

دیارە دەستەکە کاری خۆی لە چوارچێوەی سیستمی دیواندا ئەنجام ئەدات و بەپێی (دلیل الرقیب المالي)، کە ڕێبەری کاری دەستەکانە بۆ بەدواداچوون لەسەر ئاستی پابەندبوون بە یاساو بڕیار و ڕێنماییەکانەوە، پەسەند تر بوو ئەو بەڕێزانەی قسەیان کردووە یەک دوو حاڵەتیان باس بکردایە بەدەر لەوەی باسیان کردووە کە کاری دەستەکە نییە و خۆیانی تێ هەڵئەقورتێنن بە وتەی خۆیان و تأکیدیش ئەکەینەوە هیچ ڕاسپاردەیەکی تایبەت نەدراوە بە دەستەکە، وەک ئەو بەڕێزانە ڕایان گەیاندووە، چونکە لە سەرۆکی دیوانەوە تا خوارتر پابەندن بە سوێندی یاسایی و ئەخلاقیەوە.

## وەڵامی بڕگەی (٥):

دەربارەی ئەوەی کە دەستەکە گەنج و نەشارەزان، دیارە ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە و دەستەکە پێک هاتووە لە دوو هەڵگری بڕوانامەی بکالوریوس لە بواری ژمێریاریدا و یەک بکالوریوس لە یاسادا و دوانیشیان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم ژمێریارین، باشترین هەڵسەنگاندنیش بۆ کاری دەستەکە، کە ئایا شارەزان یان نا، ئەنجامی کارەکەیەتی، هەرکات شارەوانی ڕاپۆرتەکەی پێگەیشت ئەوسا دەتوانێت هەڵسەنگاندن بکات و ئەگەر پێی وابوو نەشارەزان، ئەوکات ئەم بۆچوونانە ڕابگەیەنێ. دیارە ڕاسپاردن و تەکلیفکردنی کادرەکانی دیوان بە ئەرکەکانیان کاری دیوانە، کە ئەو کادرانەی خۆی بەپێی سیستمی دیوان کاریان پێ بسپێرێ، نەک شارەوانی. ئەو

دەستانەی پێشتریش کە کاری چاودێریی و وردبینی شارەوانیان ئەنجام داوە بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٤) و پێشتر هەر هاوتەمەن و خزمەت و پسپۆری ئەم دەستەیە بوون، کە لەو ڕاپۆرتانەی پێشتردا ئەو گەندەڵی و کەم و کوڕی و سەرپێچییە دارایی و یاساییانەیان دیاری کرد، کە ئەمە هەندێ نموونەیەتی:

أ - سزادانی (٢٢) فەرمانبەر لە شارەوانی لەلایەن خودی سەرۆکی شارەوانییەوە بە چەندین سزای جیاواز (لفت النظر ، انذار ، توبيخ) لەسەر سەرنج و تێبینییەکانی ناو ئەو دوو ڕاپۆرتە.

ب - سزادانی (١٧) فەرمانبەر لە شارەوانی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە چەندین سزای جیاواز (لفت النظر ، إنذار ، توبيخ) لەسەر هەمان تێبینییەکانی ناو ئەو دوو ڕاپۆرتە.

ج - گۆڕینی سەرجەم فەرمانبەرانی بەشی بەکرێدان و دانانی فەرمانبەری تر بۆ بەشی زەویوزار، بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمەش لەسەر سەرنج و تێبینییەکانی ناو ئەو دوو ڕاپۆرتە بوو.

د - وەرگرتنەوەی بڕێکی زۆر زۆر پارەی قەرزی موڵکەکانی شارەوانی، کە وەرنەگیرابوون‌و دوای ئەنجامدانی کاری دەستەی چاودێریی دارایی لەسەریان و دوای گەڕانەوەی دەستەکەی دیوانی چاودێریی وەرگیراونەتەوە، کە ڕێژەیەکی زۆری ئەو کرێیانە دەگەڕانەوە بۆ ساڵەکانی (٢٠٠٠ ، ٢٠٠١ ، ٢٠٠٢ ، ٢٠٠٣)، تەنانەت ساڵی (١٩٩٨)یش کە لەکاتی خۆیدا وەرنەگیرابوون و کاری دەستەکە هۆکار بووە بۆ هاندانیان بۆ بەدواداچوون و وەرگرتنەوەیان، هەندێکیان فائدەی تأخیریشیان لێ وەرگیراوە لەسەر دواکەوتنیان، کە بە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دیناری سویسری مەزەندە دەکرا، بەپێی ئەو لیستانەی بەشی داهاتی شارەوانی ئامادەی کردبوو و ئاڕاستەی سەرۆکی دەستەکەی دیوانمانی کردووە دوای گەڕانەوەیان، (لیستەکان پارێزراون لامان).

هـ - وەرگرتنەوەی چەندین مووچەی بەزیاد یان بەهەڵە سەرفکراو بەپێی داوای ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی .

و - دانی دوو کێشە بە دادگا لەسەر داوای دەستەی چاودێریی دارایی و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران.

ئەشێت ئەو ئەندام ئەنجومەنە بەڕێزەی کە لە بواری پسپۆری و خزمەتی دەستەکە قسە ئەکات لە زۆر بواردا شارەزابێت، بەڵام ئەم قسەیەی نەشارەزایی پێوە دیارە لە بواری ئیشوکاری چاودێرییدا، عەیب نییە کەسێک لە هەر بوارێکدا کە بیزانێ قسە بکات، بەڵام عەیبە ئەوەیە کە لە بوارێکدا شارەزانەبێت قسە بکات. هەر بۆیە هەر ئەو ئەندامە بەڕێزە نەدەبوو لەم بوارەدا قسە بکات، کە تیایدا شارەزا نییە. بۆ ئاگاداریتان ئەو سەرۆک دەستەیەی ئەو کارەی پێی سپێردراوە، کە ئێستا لە شارەوانییە لەناو (١٦) سەرۆک دەستەدا (٤) سەرۆک دەستە سوپاسیان لەسەر کارەکانیان پێ دراوە بۆ کاری پێشتریان ئەو یەکێکیان بووە.

## وەڵامی بڕگەی (٦):

هەروەها دەربارەی دابەشکردنی زەویش، ئاماژە دەکەین بە مادەی (٣٠) لە یاسای (٦)ی ساڵی/ ١٩٩٣ «للمجلس أن يقرر القيام بمشاريع سكنية وتوزيع الأراضي على المواطنين عن طريق افراز الأراضي داخل التصميم الأساسي وتوزيعها بموجب التعليمات»، واتە ئەنجومەن دەسەڵاتی ڕەهای نییە، بەڵکو بەپێی تەعلیمات، تەعلیماتەکەش ڕوون و ئاشکرایە کە تەعلیماتی ژمارە (٢٣٦٦) لە ٢٠٠١/٩/١٥ ئەنجومەنی وەزیرانە، کە لە سەرووی تەعلیماتی هەموو دەزگایەکی تری

خوارترەوەیە. سەیر لەوەدایە ئەندامێکی بەڕێزی ئەنجومەن ئاماژە دەکات بەوەی، کە دابەشکردنی زەوی کاری سەرەکی ئەنجومەنە، دیارە ئەو ئەندامە بەڕێزە ئەرکە سەرەکییەکانی تری شارەوانی وەلاناوە و هەر بەلایدا ناچێ و تەنها ئەرکی سەرەکی خۆیان لە دابەشکردنی زەویدا دەبینێتەوە، کە ئەمە هەر زۆر جێگەی نیگەرانییەم ئەندامێکی بەڕێزی ئەنجومەن کارەکانی خزمەتگوزاری پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە لەبیر بکات و بیخاتە خانەکانی خوارتری دابەشکردنی زەوییەوە؟! هەرچەندە کاری دابەشکردنی زەویش بۆ چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون کارێکی پەسەندە، بەڵام یەکێکە لە کارەکان، نەک وەلانانی کارە سەرەکییەکانی تری شارەوانی.

## وەڵامی بڕگەی (٧):

داواکردنی دەسەڵات (صلاحيات)ی بەرپرسی هەر دەزگایەک ئەرکی یەکەمی دەستەکانی چاودێرییە تاوەکو بزانرێت، کە ئایا هەڵسوکەوتی دارایی و کارگێری....یەکانی بەرپرسی دەزگاکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پێ دراودا بووە، یان زیادەڕەوی کراوە، کە ئەمە لە هەموو کارێکی چاودێریدا پەیڕەو دەکرێت، دەزگاکە لە هەر جێگایەک، یان هەر ئاستێکدا بێت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا خوارتر. بۆ ئاگاداریتان چەندەها جار کە ئەنجومەنی وەزیران وردبینی کراوە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی داواکراوە لەگەڵ وەزیری ئەنجومەن و خوارتر، سەیرە لامان ئێوە لە سەرو ئەنجومەنی وەزیرانەوە خۆتان دابنێن یا ببینن، کە لای ئێمە هەر جێگا و دائیرەیەک وەک یەکن بۆ کاری ئێمە، چونکە مامەڵەمان لەگەڵ یاسا و ژمارەو ڕێنماییدایە.

## وەڵامی بڕگەی (٨):

دەربارەی هاوکاریکردنی کەم ئەندامان و کەم دەرامەت و...... دیارە ئەوەش بەپێی دەسەڵات دەبێت و مافی یاسایی و ئاسایی دەستەکەیە دڵنیابێت، کە ئەو بەخشین و کۆمەکانە بە ڕێی ئسوڵی کراوە و هەموو سەرەتاکانی سەلماندنی ئەو خەرجییە ببینێ، دیارە شارەوانی ئەوە بە مافی دەستەکە نازانێ، تەنانەت پرسیار لەوە بکات ئایا ئەم کەسە، یان ئەم ڕێکخراوە هیچ داوایەکی هەیە لەم بارەیەوە؟! ئەگینا هاوکاریکردنێک بەپێی یاسا و دەسەڵات بێت پەسەندە و جێگای تەقدیرە.

## وەڵامی بڕگەی (٩):

دەربارەی دادگا، کە لە هەموو شوێنێک دووبارە و سێبارەی دەکەنەوە، دەڵێین: ئەوەی کە ئێوە ناوتان ناوە کێشەی نێوان دووکەس، لەلایەن ئێمەوە ڕەتی دەکەینەوە، چونکە دەمێکە ئێمەش دەڵێین ئەمە کێشەی ئێمە نییە و ئەمە کارێکی دەزگاییە ، ئیتر هەرکەسێک بەرپرسی ئەو دەزگایە بێت ، هەروەها ئەو کێشانەی ناویشی دەبەن بە کێشە بەناوی دەزگاوە نێراوە بۆ دادگا، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەوەندە خۆتان بەدوا ئەنجامی دادگاوە مشغول بکەن، بۆ زانیاری ئەوانەی ئەم قەوانە دووپات دەکەنەوە ئەڵێین، یەکێک لەو دادگاییە گرنگانە ئەوە بوو کە سەرۆکی شارەوانی پێشووتان بە شێوەیەکی نایاسایی حیجزی خستبووە سەر خانوو و زەوی سەرۆکی دیوان، هەرچەندە نەک سەرۆکی شارەوانی، بەڵکو وەزیری شارەوانیش

ئەو دەسەلاتەی نییە کە نەک لەگەڵ سەرۆکی دیوان، بەڵکو جێگری سەرۆکی دیوان، تەنانەت بەڕێوەبەرە گشتییەکانیشمان ئەو کارە بکات ، هەروەکو لە مادەی (١٥) لە نظامی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی/ ١٩٩٩ (چاککراو)، کە ئەمە دەقەکەیەتی «لایجوز إتخاذ التعقيبات القانونية بحق رئيس الديوان ونائبه والمدراء العامون فيما يتعلق بتصرفاتهم الرسمية في أداء مهام الرقابة والتدقيق إلا بعد الحصول على إذن من رئيس مجلس الوزراء» هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەنجامی ئەم حیجزەتان بۆ ئاشکرا بکەین کە لەلایەن دادگا و ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەڵوەشایەوە، وە بەرامبەر ئەو کارە نایاساییەی بەرامبەر سەرۆکی دیوان کرا ئێستا دیوان داوایەکی یاسایی لەسەر سەرۆکی شارەوانی پێشوو تۆمار کردووە بۆ تعویضی ئەدەبی بەرامبەر ئەو کارە نایاساییە و تەشهیر پێکردنەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ، ئایا هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە تا ئێستا (٢٢٧٧) ڕاپۆرتیان لەسەر بەرزکراوەتەوە ، ئەمەی ئێوەیان کردووە؟ ئایا ئێوە دەزانن کە لەناو هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا کە زیاتر لە (٧٥٠) دامودەزگایە، تەنها شارەوانی سلێمانی و دەزگایەکی تر دران بە تەحقیقی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئیتر ئەم قسە دوور لە یاساییانە چییە کە خۆتانتان پێوە خەریک کردووە، وا دەزانن ئێمە هیچ کارێکمان نییە تەنها شارەوانی نەبێت، شارەوانی سلێمانی یەکێکە لەناو چەندین دامودەزگای حکومی و ڕێکخراودا، کە کاری چاودێرییان لەسەر ئەنجام ئەدەین، ئیتر بەتەمای چین؟! ئایا بەتەمای ئەوەن دادگا بیسەلمێنێ کە سەرۆکی دیوان زەوی لە ڕژێم وەرگرتووە؟! وەڵامەکەی لاتان ڕوونە و بۆمان ناردوون، ئایا بەتەمان دادگا بیسەلمێنێ سەرۆکی دیوان (١٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵی وەرگرتووە؟! وەڵامی ئەمەشتان بە هەموو بەڵگەکانەوە لایە کە وەری نەگرتووە، جگە لە بوختان و درۆ و دەلەسەکانی تر کە هەموو وەڵامەکانیانتان لایە .

ئەپرسین ئایا ئەگەر ئەنجامی یەکێک لە دادگاییەکان بە ویستی ئەوان بوایە، ئایا ئاوا بە نووسراو تۆمار دەکرا، یان دەیان کرد بە هەرا و لە ڕۆژنامەدا بڵاویان دەکردەوە، لەکاتێکدا نزیکەی سێ مانگە بڕیارەکەی دادگا دەرچووە و ئێمە بێدەنگین، هەرچەندە بۆ دوارۆژ ئەمانە هەمووی لە ئەرشیفی دیوان و حکومەتدا دەمێنێتەوە و ئاشکرا دەبێت. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ لە شارەوانی سلێمانی و ئەنجومەنە بەڕێزەکەی دەکەین، کە هەڵبژێردراوی میللەتن، ئەڵێین: بڕوا دەکەن لە هیچ وڵاتێکی دونیادا چەندە دواکەوتووش بێت ڕووی دابێت کەسێک خانوو و زەوی خۆی ببەخشێت بۆ بوارێکی خزمەتگوزاری و مرۆڤایەتی لە جیاتی ئەوەی سەرۆکی شارەوانیو ئەنجومەنەکەی بچن بۆلای و سوپاسی بکەن، کەچی لە بەرامبەردا حیجزێکی نایاسایی و ناوازەی بخەنە سەر، با ئەمە جارێ بمێنێ بۆ حوکمی مێژوو ڕۆژانی داهاتوو، کە نابێت بەهیچ جۆرێک بیربچێتەوە، تەنها پرسیارێک دەکەین: ئایا هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دووجار سوودمەندنەبوون بۆ وەرگرتنی پارچە زەوی، یان خانوو و زەوی حکومەت کە نەشیان بەخشیوە؟؟!!

## وەڵامی بڕگەی (١٠):

دەربارەی پاداشتی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی تەنها ئەوە دەڵێن، کە ئەوەش پەیوەستە بە بڕگەکانی یاسای (٦)ی ساڵی/ ١٩٩٣، کە لە مادە (٢٠)دا تیایدا هاتووە «يكافأ الأعضاء من غير الموظفين بمبلغ (٣٠٠) ثلاثمائة دينار شهريا في الصنف الخاص» ئایا پرسیارکردن لەسەر ئەم بابەتە ئەبێ چ إستفزازێکی تیابێت، کە مەبەست لێی ئەوەیە بگاتە ڕایەکی گونجاو، کەچی

هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ئەمە بە إستفزاز ئەزانن؟! ئەی ئایا گونجاوە دەستەكە ڕاستەوخۆ حوكم بدات بێ پرسیاركردن و گەیشتن بە ڕایەک.

## وەڵامی بڕگەی (١١):

سەرباری ئەوەش لە جیاتی هاوكاری بۆ جێبەجێ كردنی كارەكانی دەستەكە، چەندین ڕێگە خرایە بەردەمی دەستەكە بۆ ئەوەی نەتوانێت كارەكەی ئەنجام بدات بەپێی سیستمی دیوان، بۆ ئاگاداریشتان لەگەڵ شارەوانیدا، دەستەیەكی ترمان لە پارێزگایە، ئەگەر پارێزگا لە شارەوانی گەورەتر نەبێت، بچووكتریش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەكە جێگای رعایەی بەڕێز پارێزگارە لەگەڵ ئەنجومەنەكەی، تەنانەت پرسیاریشیان لێ دەكەن بۆ هەندێ بابەت و بەدەنگیشیانەوە دەچن، بەڵام ئێوە وەكو وتمان بە خلافی هەموو دامودەزگاكانی حكومەت ئەمانەتان لەگەڵدا كردوون، بۆ نموونە:

- تەفتیشكردنی سەرۆک دەستەكە و جانتاكەشی؟!
- ئاسانكاری نەكردن لە استنساخ و كۆپیكردنی ئەو بەڵگەنامانەی كە بۆ كاری چاودێرییەكە پێویستن و تەنانەت داواكردنی دابینكردنی وەرەقە و حبری استنساخ تا لەلایەنمانەوە دابین بكرێ، كە ئەم كارە لەناو زیاتر لە (٧٥٠) دامودەزگای حكومەتدا لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ خوارتر كاری وا شاز نەبووە، هەموو وەزارەت و دامودەزگایەک بە أوراقی خۆی و استنساخی خۆی لیستەكان بۆ دەستەكان دابین دەكەن، ئەمەش تەنها بە مەبەستی دروستكردنی گرفت بووە بۆ بەردەم كارەكانی دەستەكە، هەر بۆیە خۆمان أوراق و حبرمان دابین كرد بۆیان ، كە ئەمەش لەماوەی مێژووی دیواندا لەهیچ دامودەزگایەک ڕووی نەداوە؟!
- نەخستنە بەردەستی زانیاری و دۆسیە پێویستەكان بە بیانووی جیاواز؟!

لە دواییدا نازانین چیتان ئەوێ ، ئایا ئێوە شازن لەناو زیاتر لە (٧٥٠) دامودەزگای حكومیدا، لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا خوارتر. بۆ نموونە: چەندەها جار وردبینی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و إستخباراتی عسكری و ئاسایش.... هتد كراوە، دەستەكان ئاسانكاریان بۆ كراوە و ڕێزیان لێ گیراوە، نەک تفتیش و ڕێگری كردن.

سەرجەم ئەو بابەتانەی ئاماژەیان بۆ كراوە و دەستەكە (استفساری) لەسەر كردووە، كە ئەوەش یەكێكە لەو ڕێگایانەی چاودێریی دارایی دەبێت پەیڕەوی بكات، پێش دروستكردنی ڕای كۆتایی لەسەر هەر حاڵەتێک، بەپێی (دلیل الرقیب المالي)یە، كە دەستەكان كاری لەسەر دەكەن، هەموو ئەو داواكردن و پرسیارانە بۆ كاری دەستەكە دەبنە بنەمای پێكهێنانی ڕایەكی رقابی. بۆیە دەبێت بەدەمیانەوە بچن ، چونكە ئێوە دەزگایەكن وەكو هەموو دەزگاكانی تری حكومەت نابێ شازبن، یان تەوجیە بدەن چۆن دەستەكانمان كار بكەن، یاخود كۆسپ بخەنە كارەكانیانەوە، وەكو بە كورتی باس كرا، چونكە ئەم جۆرە كارانە سوودتان پێ ناگەیەنێ، شارەوانی دەزگایەكی مێژوویی شارەكەیە، هیوادارین ناوو ناوبانگ و مێژووی بپارێزرێ.

بە كورتی، ئەمانەوێت پێتان بڵێین: نازانین ئێوە مەبەستان چییە ، ئەگەر ئەتانەوێت چاودێریی لەسەر كارەكانتان نەكرێت، ئەوە كاری ئێوە نییە و كاری یاسا و كاری دیوانمانە، هیچ دامودەزگایەكی حكومی بۆی نییە پێچەوانەی ئەمە هەڵسوكەوت بكات، چونكە كارەكانی دیوانی چاودێریی بۆ هەموو حكومەتە، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا خوارتر، كە بە یاسا ڕێكخراوە، هەروەها ئەمانەوێت بڵێین كە شارەوانی لە (٣) كرداریدا شاز و ناوازە بووە ، یەكەم كە ماوەی ساڵ

و نیوێکە ڕاگەیاندنەکەی هێرش دەکات و بەرەو ڕوومان بۆتەوە، دووهەم تاکە دەزگایە کە ڕۆژنامە بێنێتە سەر ئەو ژوورەی دەستەی چاودێریی کاری تیا دەکات، سێیەم تاکە فەرمانگەیە کە لەناو هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا ڕێگری دەخاتە کارەکانمانەوە. تا ئێستا (٢٢٧٧) ڕاپۆرتمان لەسەر دەزگاکانی حکومەت بەرزکردۆتەوە بەبێ ڕوودانی ئەو گرفتانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد.

## وەڵامی بڕگەی (١٢):

دەربارەی وردبینی نەکردنی خەرجیەکانی ڕاگەیاندن پێتان ڕائەگەیەنین، کە بە چ دەسەڵاتێک ئەو ڕێگریە دروست ئەکەن. هاوپێچ سیستمی دیوانمان ئەنێرین کە کاری پێ ئەکرێت، تاوەکو لاتان ڕوون و ئاشکرا بێت کە بەپێی ئەو سیستمە مافی دیوانمانە وردبینی هەموو خەرجیەک بکات. دووبارەی ئەکەینەوە، ئێمە لەگەڵ ژمارە و یاسا و ڕێنماییدا مامەڵە ئەکەین، ئەگەر ڕاگەیاندن بە اصولی کارەکانی لەم سێ بوارەدا کردبێت، ئەوا کەس ناتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت، خۆ ئەگەر پێچەوانەکەی بێت ئیمرۆ بێت یان سبەینێ، یان دوای دە ساڵی تر بێ ، ئەوا هەر ڕەخنەی لێ دەگیرێ. ئەمانەوێت پێشتان ڕابگەیەنین، کە لە دانیشتنێکی تایبەتی سەرۆکی دیوانمان لەگەڵ جەنابی مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵدا، سەرۆکی دیوانمان داوای کرد لە سەرۆکی کۆمار کە کارەکانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بخرێتە ژێر چاودێریی دیوانی رقابەی مالی عێراقی فیدراڵەوە، بەڕێزیان بە سنگێکی فراوانەوە داواکەمانی قبوڵ کرد و فەرمانی دا بە جێبەجێ کردنی، لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد، هەرچەندە رقابەی مالی سلێمانی هیچ پەیوەندییەکی بە سەرۆکایەتی کۆماری عێراقەوە نییە، تەنها بۆ پاراستنی سەرۆکی کۆمارمان، کە جەنابی مام جەلالە بۆ ئاگادارکردنەوەی بەڕێزیان لە هەموو هەڵە و کەم و کوڕییەک گەر هەبێت. هاوپێچ وێنەیەک لەم بۆچوونە کە لە گشتاندنێکمان دا بۆ هەموو وەزارەتەکان تۆمارکراوە، ئەگەر ئەمە هەڵوێستمان بێت بۆ دەرەوەی هەرێم و بەتایبەتی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ، کە بەرزترین ئاستە ئەبێت بۆ وردبینیکردنی فەرمانگەیەکی ناو هەرێم، بۆچی ئەم هەموو ڕێگریە بخرێتە بەردەممان؟!

## وەڵامی بڕگەی (١٣):

سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی ئاماژەی کردووە، کە «ئەوەی بەلای منەوە سەیرە مەلەفەکەی منیان بردووە تەحقیقی تێدا دەکەن». سەیر لەوەدایە ئەو بەڕێزە جیاوازی ناکات لەنێوان وردبینیو چاودێریی و تەحقیق دا. ئەی ئایا دەستەکە مافی ئەوەی نییە دڵنیابێت لە چۆنییەتی ئەژمارکردنی مووچەکەی، بەتایبەت دوای ئەوەی سیستمی نوێی مووچە پەیڕەو کراوە و دووجار گۆڕانکاری تیا کراوە، ئیتر داواکردنی چ نارەواییەکی تیایە؟! بۆ ئاگاداریشتان، پێتان ڕائەگەیەنین کاتێک وردبینی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرابێت، دەستەکە بۆی هەبووە وردبینی دۆسیەی هەموو پلە بەرپرسەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات، ئەگەر بە پێویستی زانیبێ، لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا دواتر. ئەشێت ئێوە بەدەربن لەناو هەموو فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەتدا؟!

## وەڵامی بڕگەی (١٤):

دەربارەی ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجومەن تەنها ئاماژە بە مادەی (١٩) لە یاسای بەڕێوەبردنی

شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی/ ١٩٩٣ ئەدەین، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە و کاری پێ دەکرێت.

مادەی (١٩) لە یاسای (٦)ی ساڵی/ ١٩٩٣ «مدة العضوية في المجلس (٤) سنوات تبدأ من تأريخ الاجتماع الأول ....» کە ئەمەش بۆ ئەوە بووە تاوەکو بزانرێت ئەو داوایانەی ئەنجومەنی شارەوانی کە داوای کردووە لەسەر کۆتایی هاتنی ماوەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ئایا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستانەوە هیچ رایەکی ڕەسمی لەسەر دراوەتەوە بە شارەوانی یان نا!!

- مەکتەبی چاودێریی و پشکنینی (ی.ن.ک)/ لەگەڵ هاوپێچەکاندا
  بۆ ئاگاداریتان و هەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزماندا..
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی / لەگەڵ هاوپێچەکاندا تکایە.
- دۆسیەی تایبەت .

## بۆ بەڕێز/ ڕۆژنامەی هەواڵ(٢٣)
## ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی ئاسایشی گشتییەوە

سڵاوێکی گەرم:

لە ڕۆژنامەی (هەواڵ) ژمارە (٢٨٥)ی ڕۆژی(٢٠٠٨/٦/٢٨) بە مانشێتێکی گەورە هەواڵێکتان بڵاوکردۆتەوە، گوایە (وەزارەتی داد پوچەڵی دەکاتەوە، دیوانی چاودێریی دارایی و ئاسایشی گشتی لە دژی یاسا و ڕاگەیاندن و شەفافیەت تەنسیق دەکەن).

بە پێویستی دەزانین ئەم دوو تێبینییەی خوارەوە دەربڕین و دوا هەڵسەنگاندن بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان جێ بهێڵین.

١. دارشتنی مانشێتەکە لە دوو ڕووەوە لاسەنگە، یەکێکیان دارشتنەکە بە زمانی کوردی ناچێ. گەر خەڵکی بیانەوێت بزانن مەبەستتان چییە، دەبێت پێیان بڵێن مەبەستیان ئەوەیە (دیوانی چاودێریی دارایی و ئاسایشی گشتی لە دژی یاساو ڕاگەیاندن و شەفافیەت تەنسیق دەکەن و وەزارەتی داد ئەو هاوئاهەنگییە پوچەڵ دەکاتەوە)، لەلایەکی تریشەوە کە ناوەڕۆک و بەڵگەنامەکان عەرزکراون، پیاو سەرسام دەبێ لەو مانشێتەو کورد گوتەنی (کەر لەکوێ کەوتووە و کونە لەکوێ دڕاوە!!؟؟)

٢. ئەو بەڵگەنامانەی (هەواڵ) بڵاویکردۆتەوە کودەتا و پیلان نییە لەسەر هیچ کەس‌و دامودەزگایەک و تەنها یەک مەبەستی تیادایە و ئێمەش شانازی بەو تەنسیق‌و تەنسیق کاری یە دەکەین نەک هەر لەگەڵ دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی، بەڵکو لەگەڵ هەموو کەس و دەزگایەک، کە کارەکانیان پەیوەندی بە زانیارییەوە هەبێ، بەمەرجێ پێچەوانەی سەروەری یاسا نەبێ، بۆ ئەوانەی زۆر کەیفیان بەو جۆرە بڵاوکردنەوانە دێ هەر ئەوەندە دەڵێین، چ ئێمە و چ دیوانی چاودێریی و چ هەرکەس دەزگایەکی تر پەرۆشیمان بۆ لیکۆڵینەوەکە لە ئاسایش تەنها پاراستنی بڵاونەبوونەوەی نهێنییەکانە، کە کاریگەری لەسەر سومعەی هەندێک خەڵک دەکات، ئەگینا پاش ئەوەی بەپێی یاسا لەلایەن دادوەرەوە بڕیارەکە یەکلا دەکرێتەوە، چ لای ئێمە چ لای پۆلیس هەریەک ئەنجامە، چونکە دوا بڕیار بۆ دادگا دەبێ!!

---

(٢٣) ئەم ڕوونکردنەوەیە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٨٦)ی تەمموزی٢٠٠٨دا بڵاوکراوەتەوە.

ئێمە لێمان ڕوون نییە کێ لەپشت کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو دیکۆمێنتانەیەو ئەوەی بە وردیش سەرنجیان بدا، باش دەزانێت ئەو مەبەستەی لە پێناویدا بڵاوکراوەتەوە، ئەو مەبەستە نییە کە نووسەرەکە دەیەوێت بڕوا بە خەڵک بهێنێ، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت ئەوەیە، خەڵکانێک هەن دەیانەوێت ئاسایش پیس بکەن و ئێمەش هەموو لایەک دڵنیا دەکەین، ئێمە بەردەوام لە ڕیزەکانی خۆماندا «پاکسازی و چاکسازی» دەکەین و زۆر مەمنونی هەموو لایەک دەبین بە بەڵگەوە کەموکورتییەکانمان دەستنیشان بکەن و هەقە هەموو کەس شانازی بکات بەو دیکۆمێنتانە کە بڵاوکراوەتەوە، چونکە ئەگەر بە وردی سەرنجی بەرواری دیکۆمێنتەکان بدرێت، هەموو لایەک تێدەگا چ گاڵتەجاڕییەک لەئارادایە!! دۆسیەیەک پەیوەندی بە ئەمنی دیکۆمێنتی دەزگایەکی حەساسی وەک دیوانی چاودێرییەوە هەبێت لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە جوڵێندرابێت و تا ئێستا کەس نەزانێت بەچی گەشتبێ، هەقە ئەوانەی ئەو مەسەلەیە دەیان گرێتەوە بە بەڵگەوە وەڵامی خۆیان بدەنەوە، بەڵام بە مەرجێ چیتر برینە کۆنەکان نەکولێننەوە!!

لەگەڵ ڕێزدا...

**ڕاگەیاندنی ئاسایشی گشتی**

## بۆ بەڕێز/ ڕۆژنامەی هەواڵ(٢٤)
## نەخێر!!..
## دیوانی چاودێریی دارایی و ئاسایشی گشتی
## لە دژی گەندەڵی و دزی تەنسیق دەکەن

دەربارەی ئەو بابەتەی کە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٨٥) لە ٢٠٠٨/٦/٢٨ بە ناونیشانی (وەزارەتی داد پۆچەڵی دەکاتەوە، دیوانی چاودێریی دارایی و ئاسایشی گشتی لە دژی یاسا و ڕاگەیاندن و شەفافیەت تەنسیق دەکەن) بڵاوکراوەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو نووسینە ڕاستییەکانی شێواندووە، بە باشمان زانی ئەم ڕوون کردنەوەیە بدەین بۆ دەرخستنی ڕاستی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکە:

١. کاتی خۆی هەندێ بەڵگەنامەی تایبەت و نهێنی دیوان براوەتە دەرەوە و لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە لەلایەن ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانییەوە، ئێمەش داوامان کردووە لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوە بکرێت لە چۆنییەتی ئەو بڵاوکردنەوەیە، چونکە حاڵەتەکە بریتی بووە لە جاسوسیکردن بەسەر دیوانمانەوە، بۆیە ئەو داوایەمان ڕووبەڕووی ئاسایش کردۆتەوە. دواتر وەزارەتی داد ڕای وابوو لێکۆڵینەوەکە لە ئاسایش نەبێت و لە دادگای لێکۆڵینەوە بکرێت بە نهێنیو بەپەلە. ئەمە کرۆکی بابەتەکەیە، کەچی ئەو ناونیشانەی ڕۆژنامەی هەواڵ بۆ بابەتەکەی نووسیوە وا دەگەیەنێت، دیوان و ئاسایش تەنسیق دەکەن کە تاوانێک ئەنجام بدەن، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە تاوانێک بکرێت، چونکە ئەگەر لە ئاسایش ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەیە ناو و شورەت و سومعەی..... ئەو کەسانەی بانگ دەکرێن پارێزراو بێت، لەبەر سروشت و تایبەتمەندی و ناسکی کارەکە، هەر بۆیەش دواتر وەزارەتی داد بە نووسرا تایبەت، کە وێنەکەی لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەدا بڵاودەکەینەوە ڕەزامەندی داوە کە لێکۆڵینەوەکە بە (نهێنی) بکرێت.

٢. ئەو بەڵگەنامانەی بڵاوکراونەتەوە چواردانەن، بەڵام لە ڕاستیدا بەڵگەنامەکان

---

(٢٤) ئەم بابەتە لە ژمارە (٢٩٠)ی ڕۆژنامەی (هەواڵ) ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢ لە لاپەڕە (١٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

ژمارەیان (٥) دانەیە، دیارە ڕۆژنامەی هەواڵ بەڵگەنامەی پێنجەمیانی بڵاونەکردۆتەوە، چونکە ئەگەر بڵاوی بکردایەتەوە، لەگەڵ ئەو مەبەستەی نووسینەکەی لە پێناویدا نووسراوە یەکی نەدەگرتەوە، وا لە خوارەوە دەقی نووسراوی پێنجەم بڵاودەکەینەوە:

**نووسراوی وەزارەتی داد ژمارە (٢١) لە ٢٠٠٨/٣/١٣: (نهێنی)**

**بۆ / سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی**

**ب / کێشە**

نووسراوتان ژمارە (٤٤٩ لە ٢٠٠٧/١٢/١٠). دوای نووسراومان ژمارە (٥٥٦/٣ لە ٢٠٠٨/٢/٢٧) سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی بە نووسراوی ژمارە (٣٨ لە ٢٠٠٨/٣/٢) ئاگاداریان کردینەوە، کە پاش تێروانین دەرکەوتووە کە کێشەی ئاماژەپێکراو کێشەیەکی ئاساییە و لە چوارچێوەی کارەکانی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانییە. بۆیە پێویست ناکات بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی ئاساییشی سلێمانی بگەڕێنرێتەوە... لەگەڵ ڕێزد

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی، بۆ زانین... لەگەڵ ڕێزدا.
- دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی /یەک ، تکایە بە نهێنی و زوترین کات کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە بهێنرێت.. لەگەڵ ڕێزدا.

٣. لەبەر تایبەتمەندی بابەتەکە و هەبوونی حاڵەتی جاسوسیکردن بەسەر دیوانمانەوە، وا بەباش زانرا کارەکە ڕووبەڕووی ئاساییش بکرێتەوە، تاوەکو ناوو سومعەی ئەو کەسانە و کەسوکاریان، کە لە نووسراوەکەدا ناویان هاتووە پارێزراو بێت، دیارە ئێوە ئەو مافەشتان بە ئەوان و کەس و کاریان ڕەوا نەبینی، کە ڕەنگە ببنە هۆی بڵاوبوونەوەی ناوەکانیان، چونکە بەپێی ئەخلاق و ڕێساکانی مافی مرۆڤ، تاوانبار بە ئاشکرا ناوی لە ڕۆژنامە و هۆیەکانی ڕاگەیاندندا ناهێندرێت و تەنانەت ئەگەر پێویست بکات وێنەکانیشیان بە شێوێندراوی پیشان ئەدرێ. ئەگەر ئاگاداربن لەم ڕۆژانەدا دوو کەس بە ئیعدام حوکم دران، بەڵام کە هاتنە سەر ناوەکانیان بە پیت (حروف) ناوەکانیان بڵاوکرایەوە، بۆ ئەوەی ناو و شورەتی کەس و کاریان، لە ڕوانگەی ئەو مافی مرۆڤەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت پارێزراوبن.

خوێنەر دەتوانێ زیاتر لە نووسراوەکەی وەزارەتی داد ژمارە (٢١) لە (٢٠٠٨/٣/١٣) وردبێتەوە، کە تیایدا بەڕێز وەزیری داد (فاروق جمیل) داوا دەکات دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی/ یەک بە نهێنی و زووترین کات کارەکە بکات. کەوابوو هەر لەبەر ئەو ڕەوشت و مافی مرۆڤەیە وەزیری داد دەڵێت: (بە نهێنی)، کەواتە ئاسایشی گشتی ڕاست ئەکەن کە لە ڕوونکردنەوەکەیاندا دەڵێن: (کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لەکوێ دڕاوە). ئایا بیستراوە و بینراوە لە هیچ دەزگایەک یان حوکمەتێک، دائیرەیەکی وەکو شارەوانی سلێمانی، کە جۆرەها دزیو گەندەڵی تیا دۆزراوەتەوە و چەندین فەرمانبەریان ئیجرائاتیان لەگەڵدا کراوە و ژمارەیەکیان دراون بە دادگا، هەروەک لە ڕوونکردنەوەکانی پێشووماندا بڵاومان کردۆتەوە، لە جیاتی ئەوەی شارەوانی ڕێگەچارە بۆ ئەو ڕاپۆرتانە بدۆزێتەوەو جێبەجێیان بکات، کەچی ڕێگای تەشهیر و بوختان و درۆ دەگرێت بەرامبەر دیوان و سەرۆکی دیوان. تەنانەت کار بگاتە ئەوەی کە فەرمانبەرێکی شارەوانی ڕای بگەیەنێ ئامادەیە بڕی (١) ملیۆن دینار بدات بە فەرمانبەرێکی دیوان تاوەکو زانیاری و بەڵگەنامەی بداتێ. ئایا دیوانی چاودێریی دارایی دەزگایەکی دوژمنە تا ئەم کارەی لەگەڵدا بکرێت؟! ئەمانەوێت بە ڕوونی و ئاشکرایی بە ڕۆژنامەی هەواڵو ئەوانەی لە دوای ئەم بڵاوکردنەوانەوەن ڕایبگەیەنین، کە وەڵامی هەموو ئەو درۆ و دەلەسە و تەشهیرانە بە بەڵگەوە دراونەتەوە و ئەو کەسانەی لە دوایەوەن دراون بە دادگا.

٤. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە، فایلی ئەم بەڵگەنامانە و نووسراوەکەی وەزارەتی داد ڕەوانەی دادگا و پۆلیس کراون و بە ڕەسمی لای دادگا لە ژێر ژمارە (١٠٤) لە (٢٠٠٨/٣/٢٤) واردە کراون، بەڵام لە دادگا پێیان ڕاگەیاندین گوایە (وون) بوون؟! تۆ بڵێی پەیوەندی لە نێوان ئەو (وون بوون)ە لە دادگا و پۆلیس و بڵاوبوونەوەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی هەواڵ چی بێ؟! داوا لە دادگا ئەکەین، کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم وونبوونە لە دادگا و بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی هەواڵدا بکات، ئەوەلیاتی ئەم فایلە هەرچەندە کە لە دادگا وون بووە، بەڵام هەموو ئەوەلیاتەکان لە دیوانی چاودێریی دارایی و ئاسایشی گشتی و وەزارەتی داد پارێزراوە و جارێکی تر نێررایەوە بۆ دادگا. ئەم ڕۆژنامەیە چەندین بانگەشەی ناڕاستی بۆ خۆی کردووە لە چەندین بۆنەدا، بۆیە ناچارین ئاماژە بە نووسینێکی ڕۆژنامەکە بکەین، کە بە ناونیشانی (مقاسات المرآة غير حقيقية) لە ژمارە (٢٤٠) لە (٢٠٠٧/٧/٢٨) بڵاوکراوەتەوە و تیایدا دەڵێن:

سەروتار

مقاسات المرآة غير حقيقية

"ئێمە لە (هەواڵ) لەسەرەتای کارکردنمانەوە تا ئێستا نەخۆمان بە مونافسی کەس زانیوە و نەموزایەدە بەسەر کەسەوە دەکەین.. نەخۆمان بەکارەکانمانەوە هەڵدەکێشین، نەکێشە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆمان بەخەڵکی دەفرۆشینەوە.. نەخۆمان لەسەرووی دامودەزگا قانونی و شەرعییەکانەوە دەبینین و نەوەک حزب مامەڵە دەکەین و لەخۆرایی شەڕ بە خەڵک دەفرۆشین.. نە لەبەر پڕفرۆشی ڕۆژنامەکەمان مانشێتی بێناوەڕۆک دەدەین بەخەڵک.. نە بۆ خۆدەرخستن و نە بۆ ناو یان نان پەیداکردن ئەم پیشەیەمان هەڵبژاردووە، بەڵکو پێمان وایە لەم ڕێگەیەوە وە بەم ئاراستەیەی کاری تێدا دەکەین خزمەتێک بەگەل و نیشتمانەکەمان دەکەین."

ئایا ئەم کارانەی ئێوە لەگەڵ ئەم بانگەشەیەتاندا یەک دەگرێتەوە؟! ئەمانەوێت ئەوەش بڵێین: سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەواڵ نوێنەری لایەنێکی سیاسیە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا ، هەروەها لە دێر زەمانەوە منحەی مانگانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرئەگرێ. ئایا کەسێک ئەمە وەزعی بێت، ئەبێت ئاوا شەڕ بە دوو دەزگای حکومەت بفرۆشێت و بەم جۆرە نامەسئولانە تەعامول لەگەڵ قەزیەیەکی یاسایی و ئیداری دوو دەزگای حکومەتی هەرێم بکات؟! وەڵامی ئەمە بۆ خوێنەری بەڕێز بەجێ دێڵین.

هیوادارین دەزگای هەواڵ بە خۆیدا بچێتەوە و ڕاوێژکار و کەسی شارەزا بۆ ڕۆژنامەکە دابنێ، بۆ ئەوەی تووشی ئەم هەڵە گەورانە نەبێتەوە کە دژی ڕەوشتو مافی مرۆڤە، چونکە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە هەر بە هۆی ئەم هەڵەو هەڵسوکەوتانەیەوەیە، کە بەردەوام لە پارێزگاکانی کوردستان بە ڕێگای دادگا و پۆلیسەوەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێین: ئەگەر ئەو جاسوسیەی بەسەر دیوانمانەوە کراوە، هەمان جاسوسی بەرامبەر ڕۆژنامەی هەواڵ بکرایە، ئایا هەر ئەم ڕێگایەی نەئەگرتە بەر.. ئێمە بە شانازییەوە ئەڵێین: ئەوپەری تەنسیق و هاوکاری لەنێوان دیوانمان و ئاساییشدا هەیە، بۆ ئەوەی گەندەڵی و سەرپێچی و لادانی یاسایی لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا ئاشکرا بکەین (ئەوەندەی پەیوەندی بە کاری دیوانمانەوە هەبێت)، تائێستا چەندەها بابەت لەلایەنیانەوە بەرەورووومان کراوەتەوە و ئێمە کاری پێویستمان لەسەر کردووە، بە هەمان شێوەش لەگەڵ دەزگای چاودێریی و پشکنینی (ی.ن.ک)

بۆ کاروبارەکانی حکومەت تەنسیق هەیە لەنێوانماندا. سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی ئەو دەزگایەیە لەگەڵ سەرۆکەکەی کە نە ئەکڕدرێت و نە ئەفرۆشرێت و نە لە هەڕەشە و (تەهدید) سڵ ئەکاتەوە، چونکە ڕێگامان ڕوون و ئاشکرایە بەپێی یاساو ڕێنمایی کارەکانمان ئەکەین تا بتوانین بۆ پارێزگاری لە موڵک و ماڵی دەوڵەت و میللەت. پێشتریش هەندێ لە کادرەکانمان (بە ژن و پیاویانەوە) ڕووبەڕووی تەهدید بوونەتەوە، بەڵام بوێرانە بەرەنگاری بوونەتەوە و هەر بەردەوام بوون. کارەکانی دیوان وەهایە، بۆیە چاوەڕێین کە ئیمڕۆبێ یا سبەی، هەر قەڵەمێکی بە هەڵوێست پشتگیری لێ بکات، نەک پێچەوانەکەی.

لە هەموو لایەک ئاشکرایە، کە ئێمە لە بەرەی دژایەتیکردنی گەندەڵی و سەرپێچیو دزی و بەفیڕۆدانی سامانی حکومەت و میللەتداین، بەڵام پێمان ناڵێن کە ئێوە لە ڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بوختان و چەواشەکارییانەی لە دژی دیوانمان بڵاوی ئەکەنەوە، خۆتان لە چ بەرەیەکدا دەبیننەوە؟!



حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان

حكومة اقليم كوردستان / العراق
وزارة العدل
مديرية العدل العامة
مديرية العلاقات

ژمارە / ٧٤٢
ڕێکەوت / ١٣ / ٣ / ٢٠٠٨

بۆ / سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی
ب / کێشە

نووسراوتان ژمارە ( ٤٤٩ لە ٢٠٠٧/١٢/١٠ ) .
دوای نووسراومان ژمارە ( ٥٤٦/٣ لە ٢٠٠٨/٢/٢٧ ) .

سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی بەنووسراوی ژمارە ( ٣٨ لە ٢٠٠٨/٣/٢ ) ئاگاداریان کردینەوە کەباش تێڕوانین دەرکەوتووە کەکێشەی ئاماژە پێکراو کێشەیەکی ئاسایییە لەچوار چێوەی کارەکانی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانییە . بۆیە پێویست ناکات بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی بگەڕێنرێتەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

فاروق جميل صادق
وەزیری داد

وێنەیەک بۆ //
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی . بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی / یەک . تکایە بەنهێنی و زووترین کات کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکە بهێنرێت ... لەگەڵ ڕێزدا .

**سەرنج:**
وێنەیەک لەم ڕوون کردنەوەیە بە ڕەسمی بۆ کۆمەڵێک لایەنی پەیوەندیداری حکومی و حزبی دەنێرین.

## ڕاگەیاندنی
## سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی
## ٢٠٠٨/٧/٢٧

• بە نووسراومان ژمارە (٣٥٣) لە (٢٠٠٨/٩/١٠) ئەم ڕوونکردنەوەیەمان بۆ ئەم دامودەزگایانە ناردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی
نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان

ژمارە: ٣٥٣
بەروار: ٢٠٠٨/٩/١٠
بەرامبەر: ٩ی [illegible] ٢٧٠٨ ک

**بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نووسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆک**
**ب / ڕوون کردنەوەی دیوان لەسەر بابەتێکی ڕۆژنامەی هەواڵ**

دوابەدوای نووسراومان ژمارە (١٦٣) لە ٢٠٠٨/٤/٢.
بۆ جاری دووەم ڕوون کردنەوەیەکی دیوانمان دەنێرین بۆ بەڕێزتان بۆ وەڵامی ئەو بابەتەی کە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٨٥) لە ٢٠٠٨/٦/٢٨ بڵاوکرابۆوە، کە تیایدا چەندین درۆ و قسەی ناڕاست بەرامبەر دیوانمان و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کرابوو، وە ئەم ڕوون کردنەوەیەشمان لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٩٠) لە ٢٠٠٨/٨/٢ بڵاوکرایەوە، بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.
لەگەڵ ڕێزماندا ...

**هاوپێچ /**
• بابەتە بڵاوکراوەکە.
• ڕوون کردنەوەی دیوانمان.

**جلال عمر سام آغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی**
**٢٠٠٨ / ٩ / ٩**

**وێنەیەک بۆ:**
• ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان / نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەن / هاوپێچ وێنەیەک لە بابەتی بڵاوکراوە و ڕوون کردنەوەی دیوانمان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا..
• سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / ڕاگەیاندنی ئەنجومەن / هاوپێچ وێنەیەک لە بابەتی بڵاوکراوە و ڕوون کردنەوەی دیوانمان لەگەڵ ڕێزماندا.
• وەزارەتی داد / نووسینگەی تایبەت / هاوپێچ وێنەیەک لە بابەتی بڵاوکراوە و ڕوون کردنەوەی دیوانمان، وە ئەخوازین بەڕێزتان ئاگادار بکەین کە لەو بابەتەدا ناوی وەزارەتە بەڕێزەکەتانیش هاتووە لەگەڵ ڕێزدا..
• بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/بۆ ئاگاداریتان هاوپێچ وێنەیەک لە بابەتەکە و ڕوون کردنەوەی دیوانمان لەگەڵ ڕێزدا..
• نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان / هاوپێچ بابەتی بڵاوکراوە و ڕوون کردنەوەی دیوانمان لەگەڵ ڕێزدا..
• نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
• سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان / نووسینگەی نەقیبی سەندیکا / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا..

٢٠٠٨/٩/٩

**تێبینی:**

• ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە وەڵامدانەوەی ئەو درۆ و بوختانەیە، کە کاتی خۆی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی (قادری حەمەجان) لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٧) ڕۆژی(٢٠٠٦/١٢/٥)دا دابوویە پاڵ سەرۆکی دیوانمان. دەبوو ئەم ڕوونکردنەوەیە لە بەرگی یەکەمی نامیلکەی (ڕوونکردنەوەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی)دا بڵاوبکرایەتەوە، بەڵام لە کاتی مۆنتاجکردنی نامیلکەکەدا لەبیرکرابوو.

**ڕونکردنەوەیەك لە ( ڕاگەیاندنی ئاسایشی گشتی ) یەوە**

**سەبارەت بە (ڕونکردنەوەی چوارەمی دیوانی چاودێری دارایی لەسەر قسەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی) کە لە ژمارە (٤٦)ی ٢٠٠٦/١١/٢٨ لە لاپەڕە ١٢ و ١٣ ی ڕۆژنامەکەتاندا هاتووە و لە کۆتایی ڕونکردنەوەکەدا بە وێنەیەك ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کراوە ، ئەوەندەی لە ڕونکردنەوەکەدا پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە، ڕای دەگەیەنین کە بەڕێز (جەلال عومەر سام ئاغا) هیچ کات و بە هیچ شێوەیەك لەلایەن ئاسایشی گشتی یان ئاسایشی سلێمانی یەوە بانگ نەکراوەو دەستگیر نەکراوە و ڕێزی تایبەتیشمان بۆی هەیە ، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم ڕونکردنەوەیە بخەینە بەردەم ڕای گشتی •**

**لەگەڵ ڕێزمـــــاندا . .**



**تێبینی:**

• ئەم نووسراوە سەرۆکایەتی نوێی شارەوانی سلێمانییە سەبارەت بەو درۆو بوختانانەی جارێک بە ناوی (ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی) و جارێکی تر بە ناوی (ڕاگەیاندنی پێشووی شارەوانی سلێمانی) لە دژی دیوانمان بڵاوکرانەوە، کە ئەمە لە ڕووی یاساییەوە بە (تەحایل) و (تەزویر) دادەنرێت و سزای بەدواوەیە. ئێمە ناوی ئەو کەسانەمان داوە بە دادگا، کە ئەم (تەحایل) و (تەزویر)ەیان بە ناوی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانییەوە دەرکردووە.

شایانی باسە، کە سەرۆکایەتی نوێی شارەوانی سلێمانی دەبوو لەبەر ناو و حورمەتی شارەوانی لەم (تەحایل) و (تەزویر)ە بێدەنگ نەبوایە و لە جیاتی دیوانی چاودێریی دارایی، داوای یاسایی لەسەریان تۆماربکردایە، کە باش ئەیان ناسن کێن؟؟!!.

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتــــی شـــــارەوانیەکان
سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
یــاســا

ژمارە/ ٩ ١١٨٦
رۆژ / ٢ /٧/ ٢٠٠٨

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان – خامەی نهێنی
بابەت/پشتگیرو ئاگادارکردنەوە

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
هاتوو
ژمارە
بۆ ٤ /٨/ ٢٠٠٨
دیوانی چاودێری دارایی

ئاماژە بەنوسراوتان ژمارە (٢٢٤) لە ٢٠٠٨/١/٣٠ .

دەربارەی سزادانی ئەوانەی کە قسەی ناراست و دروست بڵاو دەکەنەوە دژی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی دوای ئەنجام دانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ستافی راگەیاندنی پێشوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کە ئێستا لە ستافی راگەیانــدنی شارەوانی نەماون نکوڵیان کرد لە ئەنجام دانی هەر بوختانێک کە لە رۆژنامەکان بڵاویان کردبێتەوە دژی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی وە بێ ئاگاداری خۆیان دەربڕی لەو نوسینانە کە لە رۆژنامەکان بڵاو کراوەتەوە دژی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی هەر وەکو لە ووتەکانیان ئاماژەیان پێکردوە لە ئەنجام کاری لێکۆڵینەوە لەگەڵیانــدا کۆپیەک لە دۆسیەی لێکۆڵینەوە کە هاوپێچ دەکەین بۆ بەڕێزتان وە ئەنجامەکەی .

لەگەڵ ڕێزدا...

- هاوپێچ /

وێنەیەک لە دۆسیەی لێکۆڵینەوە .

ڕاوێژکار
عمر محمد عمر
سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

وێنەیەک بۆ :-

- سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- بەشی یاسا .
- فایل . گشتی .

**حكومەتی هەرێمی كوردستان**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ژمارە:

**سەرۆكایەتی دیوانی چاودێری دارایی** بەروار: / / ٢٠٠٨

**( یاداشت )**

**بۆ / بەڕێز كاك تاج الدین**

تكایە لیژنەیەك پێك بهێنن بە سەرۆكایەتی بەڕێزتان و ئەندامیەتی هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەكان ، بۆ سەیر كردنی هەموو ئەو فۆرمی سكالآیانەی كە دابەش كرا بەسەر هەموو فەرمانبەرانی دیواندا ، تاوەكو ئەو فۆرمانە ، یەكە یەكە سەیر بكرێن و دراسە بكرێن لە هەموو ڕوویەكەوە.

پێویستە ئەگەر حاڵەتێكی مغدوریەت هەبوو ، دەست نیشان بكرێت لەلایەن لیژنەكەوە و داوای چارەسەری بۆ بكرێت لە سەرۆكی دیوان.

بەو هیوایەی هیچ مغدوریەتێك لە دیوانماندا نەبێت ، جگە لەو حاڵەتانەی كە ناگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دیواندا..

**جلال عمر سام اغا**

**سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی**

**١٩ / ٨ / ٢٠٠٨**

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە: ١/ ٧ / ٦ / ١٦٧٧ |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی | بەروار: ٢٧/ ٨ / ٢٠٠٨ |
| بەڕێوەبەرایەتی دیوان | بەرامبەر: / /٢٧٠٨ک |

## ( فەرمانی دیوانی )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، وە بەمەبەستی جێبەجێ کردنی یاداشتی بەڕێز سەرۆکی دیوان کە لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/٣٠ ئاراستەمان کراوە و تیایدا هاتووە "تکایە کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو مدیر عام و جێگرەکانیان بکەن ، وە هەروەها هەموو بەرپرسی بەشەکان ، بۆئەوەی هەرکەسێك لە پرسگەوە تا دەگاتە خۆتان ئەگەر هەست بە مەظلوومیەتێك بکەن لە هەموو بوارێکدا ، ناونیشان ، جێگا ، مووچە ، دەرماڵە ، هەڵس و کەوتی سەروخۆی ..... هتد ، تکایە با بەبێ ترس و بە ڕاشکاوی داوا بەرزبکاتەوە ، هەتا داواکەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت ، ئەگەر داواکەی یاسایی بوو تا بۆی جێبەجێ بکەین ، چونکە ئێمە ئیدیعای عەدالەت و یەکسانی و نەترسی دەکەین ، دەبێت بزانین ڕاست دەکەین ئەم ئیدیعایەمان جێبەجێ کردووە یان نا سوپاس" بڕیارماندا بە :

١. پێك هێنانی لیژنەیەك لەم بەڕێزانەی کە لەخوارەوە ناوناونیشانیان دیاریکراوە ، بە مەبەستی دیراسە کردن و پێداچوونەوەی ئەو فۆرمی سکاڵانەی کە بەسەر هەموو فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری داراییدا دابەش کراوە ، وە پێشنیار کردن بۆ چارەسەری هەر حاڵەتێکی مەظلومیەت ئەگەر هەبێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان ، جگە لەو حاڵەتانەی کە ناگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دیواندا.

| نـــاو | ناونیشان | پلە |
|---|---|---|
| ١. تاج الدین صاحب محمد | جێگری سەرۆکی دیوان | سەرۆکی لیژنە |
| ٢. عبدالرحمن صالح رشید | بەڕێوەبەری گشتی | ئەندام |
| ٣. جمال مجید احمد | بەڕێوەبەری گشتی | ئەندام |
| ٤. جلال رشید شوانە | بەڕێوەبەری گشتی | ئەندام |
| ٥. نسرین حمە درویش | بەڕێوەبەری گشتی بە وەکالەت | ئەندام |

٢. ئەم فەرمانە لە بەرواری دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و بەردەوام دەبێت هەتا سەیری یەك بە یەکی فۆرمی سکاڵای فەرمانبەران دەکرێت.

تاج الدین صاحب محمد
جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی
٢٦/ ٨ / ٢٠٠٨

وێنەیەك بۆ :

- نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان .
- نووسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان .
- سەرۆك و ئەندامانی لیژنە / بۆ کاری پێویست
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان
- گشت یاریدەدەری بەڕێوەبەرە گشتیەکان
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی دیوان
- گشت سەرۆك دەستەکان
- گشت یاساییەکان

} بۆ ئاگادار کردنەوەی فەرمانبەرانتان .

- خووڵاو.

٢٠٠٨/٨/٢٤

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 377 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2008/10/9 |
| بەشی یاسا | بەرامبەر: 17/رەزبەر/ 2708 ک |

## بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
## ب/ ئەنجامی لێکۆڵینەوە

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (١٢٨٦٩) لە (٢٠٠٨/٨/٣).

١. ئەمانەوێت پێتان ڕابگەیەنین، کە دیوانی چاودێرییمان داوای لێ کردن لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی و هۆی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە بکەن، کە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٧١) ی (٢٠٠٧/١١/١٤) بڵاوکراوەتەوە. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش بە نووسراویان ژمارە نهێنی (٢٢٤) لە (٢٠٠٨/١/٣٠) لەسەر نووسراوی ئاماژەبۆکراومان داوای لێ کردن وەڵامی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دیوانمان بدەنەوەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئێمەش لە ئەنجامەکەی ئاگادار بکەنەوە، کەچی سەرۆکایەتیتان بەو نووسراوەی سەرەوە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەتانی داوە بە ئەنجومەنی وەزیران، بێ ئەوەی وردەکاری لێکۆڵینەوەکە بدەن بە دیوانمان، کە لایەنی پەیوەندیداری ڕاستەوخۆیە لەو مەسەلەیەدا، تا ئێمەش لای خۆمانەوە ئاگاداربین لێی و ڕای خۆمانی لەسەر بدەین.

٢.لە وەڵامتاندا نووسراوە، کە ستافی پێشووی ڕاگەیاندنتان ئاگای لەو بڵاوکردنەوەیە نەبووە! کەواتە ئەبوو ئێوە لای خۆتانەوە داوای یاساییتان لەسەر ئەو ڕۆژنامەیەو نووسەرانی ئەو بابەتە تۆمار بکردایە ، چونکە پرژی ئەو گاڵتەجاڕییە بەر لە دیوانمان، شارەوانی سلێمانی ئەگرێتەوە، یا هیچ نەبێ ئەبوو ڕوونکردنەوەیەک بدەن بەو ڕۆژنامەیە، کە ئەوە ڕاو بۆچوونی ئێوە نییە و ئەو نووسینە کارێکی گێرەشێوێنانە بووە. ئایا شارەوانی دیویەتی یان بیستوویەتی، کە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی هەبێت بەبێ ئاگاداری خۆی لە ڕۆژنامەدا بابەت بە ناویەوە بڵاوبکرێتەوەو لەئاستیدا بێدەنگ بێت یان داوای یاسایی لەسەر تۆمار نەکات؟! ئایا ئەم حاڵەتە ناوازە (شاژە)، کە لای ئێوە ڕووی داوە و قبوڵکراوە لاتان، شک ئەبەن لە هیچ دامودەزگایەکی تری حکومەت ڕووی دابێت؟ بۆیە داواکارین بە زووترین کات هەموو سەرەتاکانی ئەو

لێکۆڵینەوەیە بنێرن بۆ دیوانمان، تا کاری پێویستی لەسەر ئەنجام بدەین، بە تایبەتی دیوانی چاودێرییمان ئەو دەزگایەیە، کە بە چەندین کێشە و لێکۆڵینەوەی گەورەی سەرجەم دەزگا حکومیەکاندا ئەچێتەوە، بە ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە، چ جای ئەو لێکۆڵینەوەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دیوانمانەوە هەیە و پێویستە بزانین ئایا چ دەستێک لەپشت ئەو نووسینەوە هەیە؟ هەرچەندە دیوانمان لای خۆمانەوە ئەوەی پێویست بوو بەرامبەر ئەم حاڵەتە کاری پێویستمان کردووە بۆ دەرخستنی خاوەنی ئەم بوختان و درۆ و دەلەسانە.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**جەلالی عومەری سام ئاغا**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**

**٢٠٠٨/١٠/٩**

## وێنەیەک بۆ:

• سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان/ لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی ئاماژەبۆکراوی سەرەوە ئەمانەوێت سەرنجی بەڕێزتان ڕابکێشین، کە چۆن سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران بە ڕێگای جۆراوجۆری نادروست بە هۆی کارەکانمانەوە قسەی ناڕاست و درۆ بۆ دیوانمان و بەرپرسانی بڵاوئەکەنەوە/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست. لەگەڵ ڕێزماندا...

• سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و ئاگادارکردنی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لە پێویستی ناردنی ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆ دیوانمان. لەگەڵ ڕێزماندا...

• نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و هەمان مەبەست. لەگەڵ ڕێزماندا...

• نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
• سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی / بەشی یاسا / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا..
• نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان.
• بەشی یاسا.
• ڕاگەیاندنی دیوان.
• دۆسیەی تایبەت.

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانییەکان
سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
یاسا

ژمارە/ ١١٨٦٩
رۆژ/ ٢٠٠٨/٧/٢

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان – خامەی نهێنی
بابەت/ پەشکۆ و ئاگادارکردنەوە

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
هاتوو
ژمارە ٢٠٠
رۆژ ٢٠٠٨/٨/٤
دیوانی چاودێری دارایی

نامەی بەڕێزتان ژمارە (٣٢٤) لە ٢٠٠٨/٧/٣٠ .

دەربارەی سزادانی ئەوانەی کە قسەی نادروست و دروست بڵاو دەکەنەوە دژی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی دوای ئەنجام دانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ستافی راگەیاندنی پێشووی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کە ئێستا لە ستافی راگەیاندنی شارەوانی نەماون نکۆڵیان کرد لە ئەنجام دانی هەر بوختانێک کە لە رۆژنامەکان بڵاویان کردبێتەوە دژی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی وە بێ ئاگاداری خۆیان دەربڕی ئەو نوسینانە کە لە رۆژنامەکان بڵاو کراونەتەوە دژی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی هەر وەکو لە وەڵامەکانیان ئاماژەیان پێکردوە لە ئەنجام کاری لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا کۆپیەک لە دۆسیەی لێکۆڵینەوە کە هاوپێچ دەکەین بۆ بەڕێزتان وە ئەنجامەکەی .

لەگەڵ ڕێزدا...

- هاوپێچ /

وێنەیەک لە دۆسیەی لێکۆڵینەوە

ڕاوێژکار
عمر محمد عمر
سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

وێنەیەک بۆ :-

- سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ئاگادارییتان لەگەڵ ڕێزدا .
- بەشی یاسا .
- [illegible]

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە :379 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2008/10/9 |
| بەشی یاسا | بەرامبەر: 17/رەزبەر/ 2708 ک |

## بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان
## ب/ سکاڵا

لەبەرئەوەی دیوانمان بەپێی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، بە پێویستی ئەزانین وێنەیەک لە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٦٢٩٤) لە بەرواری(٢٠٠٨/٨/١٨)بنێرین بۆتان، کە تیایدا ئەوە دەرئەکەوێ (قادر حمە جان)، کە پێشتر سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە، سکاڵایەکی لە دژی سەرۆکی دیوانمان تۆمار کردووە، گوایە بە وتەی سکاڵاکار ئێمە بەردەوام لیژنەی تەدقیق دەنێرین بۆ شارەوانی سلێمانی بە مەبەستی تەدقیقکردنی ئەو پەراو و کارانەی، کە لە سەردەمی ئەودا بووە!! ئاشکرایە ناردنی دەستەکانی چاودێریی دارایی بۆ کاری تەدقیقی دامودەزگا حکومیەکان ئەرکی ئاسایی و یاسایی دیوانمانە. ئێمە بەپێی بەرنامەی خۆمان دیاری ئەکەین کەی و بە چ شێوەیەک دەستەکان دەنێرین بۆ کاری تەدقیق. هەر بۆ ناڕاستی سکاڵای ناوبراو دیوانمان خودی سەرۆکایەتی شارەوانی ناوبراوی بۆ ماوەی (٣) ساڵ، (٢٠٠٥ ، ٢٠٠٦ ، ٢٠٠٧) کاری تەدقیقی لەسەر ئەنجام نەداوە، پێویست بوو کاری تەدقیقی لەسەر ئەنجام بدەین، هەروەها پرسیار ئەکەین، ئەگەر ئەو کارانەی ئەنجام دراون بە ئاسایی و یاسایی ڕایی کرابن، ئیتر چ باکیانە کەی و چۆن تەدقیق ئەکرێن؟! لەلای ئێمەشەوە بە بەڵگەی یاساییەوە وەڵامی ئەو نووسراو و سکاڵایەمان خستۆتە بەردەستی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی، کە تیایدا ئاماژەمان بۆ ئەو مادە و دەقە یاساییانە کردووە، کە نایاسایی ئەو سکاڵایە نیشان دەدەن کە وێنەکەی هاوپێچە، ئەنجامی ئەو نووسراوەمان بەجێهێشت بۆ بڕیاری دادگا، دادگاش سکاڵاکەی داخست، ئەم بڕیارەی دادگا ئەوەی سەلماند کە ناوبراو پشتی بە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبەستووە لەو سکاڵایەیدا، بەڵکو وەک هەموو هەوڵەکانی پێشووی تەنها مەبەستی ئاژاوە و

گێچەڵ دروستکردن بووە بۆ دیوانمان. مەبەستیشمان لەم ئاگادارکردنەی بەڕێزتان ئەوەیە پیشانی بدەین گەندەڵی گەیشتۆتە ڕادەیەک، کە وەک پەندە عەرەبیەکە ئەڵێ (ضربني وبكى، سبقني وأشتكى)، هەروەها ئەوە پیشان ئەدەین، کە ئەو سکاڵا سەیرو سەمەرەیە، یان نیشانەی نەزانینی ئەو کەسەیە کە سەردەمێک سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو!! یا نیشانەی سوکایەتی و بێحورمەتی و گاڵتەجاریە بە حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانیشی!! بۆیە وا کەوتۆتە ئەم حاڵەتە نائاسایی و نایاساییەوە و ئەیەوێ لە ڕێی ئەو سکاڵایەوە خۆی لە ئەنجامی کارە نایاساییەکانی دەرباز بکات، کە بە چەند داواییەکی یاسایی داومانە بە دادگا.

لای بەڕێزیشتان ئاشکرایە کە دەستەکانمان لە کارەکانیاندا بەپێی یاسا سەربەخۆن و بە ئەوراق و سجلاتی هەموو دامودەزگایەکی حکومی و فەرمانبەرێکی بەرپرسدا ئەچنەوە، لە وەزیفەدا مابن، یا خانەنشین کرابن، یا بە هەر جۆرێکی تر، ئەویش پاڵپشت بە مادده (٢٢) لە یاسای (إنضباط موظفي الدولة) ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١)، کە ئەمەش دەقەکەیەتی «لايمنع إنتهاء خدمة الموظف لأي سبب كان ، أو إعارته أو نقله، من مساءلته وفقا لأحكام هذا القانون».

بۆ ئاگاداریتان و ئەمانەوێت بەڕێزتان ئاگاداربن لە ئەنجامی جێبەجێکردنی کارە یاساییەکانماندا ڕووبەڕووی چ جۆرە درۆ و بوختان و سکاڵایەک دەبینەوە، کە دەهێنێت سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵوەستەی پێویستی لەسەر بکات و کاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی و کارەکانمان دابین بکات، چونکە عیبرەت بە دەرکردنی یاسا نییە، بەڵکو بەهای یاسا لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە کەشوهەوای گونجاوی جێبەجێکردنی بۆ بڕەخسێنرێ، کە لای بەڕێزتان ئاشکرایە.

لەگەڵ ڕێزدا..

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٨/١٠/٩**

**هاوپێچ/**

١.وێنەیەک لە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٦٢٩٤) لە (٢٠٠٨/٨/١٨).

٢.وێنەیەک لە نوسراومان بۆ دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی.

٣.وێنەیەک لە نوسراوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کە داوادەکات دەستەی چاودێریی داراییان بۆ بنێرین بە ژمارە (٥٩٧٥) لە (٢٠٠٣/٤/١٤).

## وێنەیەک بۆ:

• سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی جێگری سەرۆک/ بۆ ئاگاداری بەڕێزتان‌و جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین، کە ئەشێ خەمساردی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرامبەر سەرپێچی یە نایاساییەکانی ناوبراو، کە هەریەکە و لە کاتی خۆیدا بەڕێزتانمان لێ ئاگادار کردوون، هۆیەک بێ بۆ ئەوەی ئێستا سکاڵایەکی سەیر و سەمەرەی لەو جۆرە تۆمار بکا. (هاوپێچ (٣) نووسراو). لەگەڵ ڕێزماندا...

• بەڕێز سەرۆکی لیژنەی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و بۆ زیاتر ناسینی ئەو جۆرە کەسانەی بۆ داپۆشینی کەموکوڕییەکانیان گێچەڵ بە دەزگایەکی چاکسازی وەک دیوانمان ئەکەن ، کە خاوەنی (٢٣٢٥) ڕاپۆرتی چاکسازییە تائێستا ، جێی خۆشیەتی ئەوە بڵێین کە پێویستە بەرامبەر ئەو جۆرە نموونانە ئیجرائاتێکی یاسایی ئەوتۆ بکرێت، کە ببن بە وانەیەک بۆ هەموو گەندەڵکاران، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کار هەروەک ڕابردوو بڕوات، ئەوا پرسیار ئەوە ئەبێ ئاخۆ هەوڵەکانی چاکسازی بە گشتی ئەنجامێکی ئەبێ و حکومەتی هەرێممان لە گەندەڵی پاک ئەکرێتەوە؟! بۆ ئاگاداری بەڕێزتان دوای ئەوەی کاری چاودێریی دارایی لەسەر کارەکانی ساڵی ( ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤)ی شارەوانی ناوبراو ئەنجام درابوو، لەناو ڕاپۆرتەکانی دیوانماندا چەندین سەرپێچی و لادان و تەزویر دیاریکرابوون و چەندین اجراوات لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتانە کران، کە ژمارەیەکیان لێرەدا تۆمار ئەکەین:

أ - سزادانی (٢٢) فەرمانبەر لە شارەوانی لەلایەن خودی سەرۆکی شارەوانییەوە بە چەندین سزای جیاواز (لفت النظر ، انذار ، توبیخ) لەسەر سەرنج و تێبینییەکانی ناو ئەو دوو ڕاپۆرتەی دیوانمان.

ب - سزادانی (١٧) فەرمانبەر لە شارەوانی لەلایەن خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە چەندین سزای جیاواز (لفت النظر ، إنذار ، توبیخ) لەسەر هەمان تێبینییەکانی ناو دوو ڕاپۆرتی دیوانمان.

ج - گۆڕینی سەرجەم فەرمانبەرانی بەشی بەکرێدان و دانانی فەرمانبەری تر بۆ بەشی زەوی‌و زار، بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمەش لەسەر سەرنج و تێبینییەکانی ناو دوو ڕاپۆرتی دیوانمان بوو.

د - وەرگرتنەوەی بڕێکی زۆر زۆر پارەی قەرزی موڵکەکانی شارەوانی، کە وەرنەگیرابوون‌و دوای ئەنجامدانی کاری دەستەی چاودێریی دارایی لەسەریان و دوای گەڕانەوەی دەستەکەی دیوانی چاودێریی وەرگیراونەتەوە، کە ڕێژەیەکی زۆری ئەو کرێیانە دەگەڕانەوە بۆ ساڵەکانی(٢٠٠٠ ، ٢٠٠١، ٢٠٠٢ ، ٢٠٠٣) ، تەنانەت ساڵی (١٩٩٨)یش کە لە کاتی خۆیدا وەرنەگیرابوون و کاری دەستەکە هۆکار بووە بۆ هاندانیان بۆ بەدواداچوون و وەرگرتنەوەیان، هەندێکیان فائدەی تأخیریشیان لێ وەرگیراوە لەسەر دواکەوتنیان، کە بە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دیناری سویسری ئەو کاتە مەزەندە دەکرا، بەپێی ئەو لیستانەی کە بەشی داهاتی شارەوانی ئامادەی کردبوو و ئاڕاستەی سەرۆکی دەستەکەی دیوانمانی کردووە، دوای گەڕانەوەیان، (لیستەکان پارێزراون لامان).

هـ - وەرگرتنەوەی چەندین مووچەی بەزیاد یان بەهەڵە سەرفکراو بەپێی داوای ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی.

و - دانی دوو کێشە بە دادگا لەسەر داوای دەستەی چاودێریی دارایی و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران.

جگە لە دانی دەزگاکە بە شێوەیەکی گشتی بە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەکاتێکدا لە مێژووی دیوانماندا تەنها دوو دەزگا وەک دەزگا دراون بە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، یەکێکیان سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بووە.

کەچی لە بەرامبەردا، لە ئیجرائاتێکی سەیروسەمەرە و نایاسابیدا، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی پێشوو (قادر حمەجان عزیز)، کە پلەکەی (مدیر)ە حیجزی خستەسەر خانوو و زەوی سەرۆکی دیوانمان، کە پلەی وەزیرە و بەپێی یاسا پارێزراوە، هەرچەندە خانووەکە چەند ساڵ پێش ئەوە بەخشرابوو بە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی و زەوییەکەش بەخشراوە بە دیوانی چاودێریی دارایی، بە مەبەستی فرۆشتنی بۆ کارێک بۆ خزمەتی فەرمانبەرانی دیوان و دواتر ئەو حیجزە نایاساییەی مدیری شارەوانی ناوبراو خستبوویە سەر خانوو و زەوییەکە لە ڕێی دادگاوە بە بڕیاری دادگا لابرا و ئێمە ئێستا داوای یاساییمان بۆ (تعويضى أدبى) لەسەر ئەو کارە تۆمار کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە باشمان زانی بەڕێزتانی لێ ئاگادار بکەین، تاکو ئێوەش لەم حاڵەتە ئاگادار بن وەک لیژنەی چاکسازی لە چوارچێوەی کارەکانتاندا کاری پێویستی لەسەر بکەن.

ئەم سکاڵایەی تۆمار کراوە، ئەگونجێ لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ناوبراو بیەوێ دەستپێشخەری بکات لە بەرامبەر کاری چاودێریی دیوانمان لەسەر کارەکانی شارەوانی بۆ هەرسێ ساڵی (٢٠٠٥ ، ٢٠٠٦ ، ٢٠٠٧)، کە ئەنجام دراوە لەم ماوەیەدا و دەستەکە ئێستا لە قۆناغی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدایە و هێشتا ڕاپۆرتەکەی تەواو نەبووە و نازانرێ سەرپێچی و لادانی چی تیا تۆمارکراوە؟! (هاوپێچ (٣) نووسراو) لەگەڵ ڕێزماندا..

- لیژنەی یاسایی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و ئەو کارەی بە پێویستی ئەزانن، (هاوپێچ (٣) نووسراو) لەگەڵ ڕێزماندا...
- نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و هەمان مەبەست، (هاوپێچ (٣) نووسراو) لەگەڵ ڕێزماندا...
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوانی..
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ بۆ ئاگاداریتان، (هاوپێچ (٣) نووسراو). لەگەڵ ڕێزدا...
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی/ یاسا/ بۆ ئاگاداریتان، (هاوپێچ (٣) نووسراو) لەگەڵ ڕێزدا...
- بەشی یاسا/ بۆ بەدواداچوونی نووسراوەکە.
- دۆسیەی تایبەت.

٢٠٠٨/١٠/٩

**بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی** — ژمارە / ١١١٦٥

**( جوڵان / مەرقەب )** — بەروار /١٨/٨/ ٢٠٠٨ ز

**بۆ / سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی**

**بابەت / ڕووداو**

********************

لەبەرواری ١٥-٧-٢٠٠٨ سکاڵاکار ( حاکم قادر حمه جان) تەمەن ١٥ساڵ دانیشتوی گەڕەکی وەیس ئامادەی کەرتی پۆلیسی سەرابور وتەی وەرگیرا سکاڵای تۆمارکرد لەدژی(جلال عمر سام ئاغا) لەبەرئەوەی بەردەوام لێرتەی(تەعلیق)دەنێرێت بۆشارەوانی بەمەبەستی تەعلیق کردنی ئەوپەڕاوکارانەی کەلەسەردەمی ئەوبڵاکراوەکەسەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە دانوەر بڕیاری دا بەوەرگرتنی وتەی نوێنەری یاسای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەبارەت بەو تەعلیقانە کە ئەکرێ لە شارەوانی بۆزانین وتکایە بلەزبوون بەناردنی نوێنەرێکی یاسایتان بۆکرتی پۆلیسی سەرا لەگەڵ ڕێزدا

لیـوا

رزگار علی عزیز

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی

( / /٢٠٠٨ )

**وێنە بۆ :**

- سەرۆکایەتی چاودێری کارای / یاسا / تکایە بلەزبوون بە ناردنی نوێنەرێکتان بۆکەرتی پۆلیسی سەرا بۆهەمان مەبەستی سەرەوە لەگەڵ ڕێزدا ..
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ناوشار/جوڵان / نووسراوتان ژمارە ١١١٦٥ لە ٤-٨-٢٠٠٨ بۆ زانین تکایە ..

## بەڕێز دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٦٢٩٤) لە (٢٠٠٨/٨/١٨) دەربارەی سکاڵای سکاڵاکار (حاکم قادر حمە جان)، ئەمانەوێت بە بەڕێزتان ڕابگەیەنین، وەک نوێنەری یاسایی سەرۆکایەتی دیوان لە بەرواری (٢٠٠٨/٩/١٠)دا لە کەرتی پۆلیسی سەرا ئیفادەم داوە لەسەر ئەو سکاڵایە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە ئەم ڕونووس(لائحە)یە پێشکەش دەکەم، تیادا تیشک دەخەینە سەر ئەم چەند خاڵە: ئەنجامدانی کاری چاودێریی دارایی و وردبینی دامودەزگاکانی حکومەت بە هەموو ئاستەکانییەوە ئەرکی سەرەکی دیوانە و بەپێی سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی(١٩٩٩)، هەروەها بەپێی یاسای ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٠٨)ی پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوە وردبینیکردنی کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی دەچێتە چوارچێوەی کاری ئاسایی و یاسایی دیوانەوە.

١. ئەوەی جێی سەرنجە، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بە نووسراوی ڕەسمی چەند جارێک و لە بۆنەی جیاوازدا ڕایگەیاندووە و داوایکردووە، کە دەستەکانی دیوانمان زوو زوو سەردانیان بکەن، نەک پێچەوانەکەی، جگە لەوە سوپاسی دەستەکانی دیوانمانیان کردووە بۆ کاری وردبینی شارەوانییەکەیان.

٢. سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ماوەی سێ ساڵێک ئەبوو (٢٠٠٥ - ٢٠٠٧) کاری چاودێریی و وردبینی لەسەر ئەنجام نەدرابوو لەلایەن دیوانمانەوە، لەبەر کەمی ژمارەی کادرمان لە بەرامبەر زۆری ژمارەی فەرمانگەکانی حکومەت، هەر بۆیە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کارە دەستەکەمان ماوەیەکی زۆری پێویست بووە تاکو کاروباری ئەو بەشانەی بەرەوڕووی کرابوەوە تەواو بکات و تا ئێستاش چەند بڕگەیەکی کار ماوە کاری چاودێریی لەسەر ئەنجام نەدراوە و لە داهاتوودا کاری چاودێریی لەسەر ئەنجام ئەدرێت.

٣. ئەمانەوێت ئاماژە بە مادده/١٥ی سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی (١٩٩٩) بدەین، کە تیایدا هاتووە «لایجوز إتخاذ التعقيبات القانونية بحق رئيس الديوان ونائبه والمدراء العامون فيما يتعلق بتصرفاتهم الرسميه فی أداء مهام الرقابة والتدقيق إلا بعد الحصول علی إذن من رئيس مجلس الوزراء»،

هەروەها ئاماژە بە بڕگە (١) لە مادده (٢٠ ) لە یاسای دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە و تیایدا هاتووە « لایجوز اتخاذ التعقیبات القانونیة بحق رئیس الدیوان إلا بعد الحصول علی إذن من رئیس المجلس الوطني لکوردستان – العراق فیما یتعلق بتصرفاته الرسمیة فی أداء مهام الرقابة والتدقیق»، ئەوە لەکاتێکدا کە رکابەری (خصومە) بەرامبەر سەرۆکی دیوانمان لەو سکاڵایەدا بوونی نییە، چونکە ناردنی دەستەکان ئەچێتە چوارچێوەی گشتی کاری سەرەکی و یاسایی و ئاسایی دیوانمانەوە.

بەو پێیە سکاڵای ناوبراو یاسایی نییە، لەبەرئەوە پێویستە داوای ناوبراو ڕەتبکرێتەوە. بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و هەموولایەکیش، بەپێی ئاگاداریمان لە مێژووی دیوانی چاودێریی دارایی عێراق کە زیاترە لە (٨٠) ساڵ و لە مێژووی دیوانی چاودێرییدا لە کوردستان کە زیاترە لە (١١) ساڵ، حاڵەتی وەها ڕووی نەداوە لەسەر کاروباری ڕەسمی دیوان، کە بەپێی یاسایە کاتێک وردبینی فەرمانگەیەکی حکومی ئەنجام ئەدرێت، بەرپرسی پێشووی فەرمانگەکە سکاڵا لەسەر سەرۆکی دیوان تۆمار بکات! ئەمانەوێت ئاگادارتان بکەین کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، هەموو فەرمانبەرێک بەرپرسە لەو کارانەی کە لە ماوەی وەزیفیدا ئەنجامی داوە، ئەگەر لە وەزیفەشدا نەمێنێ بەهەر هۆیەک بێت، هەروەک ئاشکراشە چەندین بەرپرسی وڵاتان لە دوای نەمانیان لە پۆستەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوەو دەکرێت و ڕووبەڕووی پەرلەمان و دادگا و لێپێچینەوە بوونەتەوە لەسەر ئەو کارانەی لە ماوەی بوونیان لەو پۆست و ئەرکانەدا بە ئەنجامیان گەیاندووە، یان ئەگەر هەر لادانێک یان زیادەڕەویەکیان کردبێتە سەر موڵک و ماڵی دەوڵەت. لەم بارەیەوە بڕگەی (٢)ی مادەی (١٩) لە یاسای سزادانیش ئەڵێ «ولایحول دون تطبیق أحکام هذا القانون بحق المکلف بخدمة عامة إنتهاء وظیفته أو خدمته أو عمله متی وقع الفعل الجرمي أثناء توافر صفة من الصفات المبینة فی هذه الفقرة فیه» بۆیە داواکارم ئەو سکاڵایە ڕەت بکرێتەوە و دۆسیەکەی داخرێت.

لەگەڵ ڕێزمدا ..

**بەهرە جلال محمد**
**فەرمانبەری یاسایی و نوێنەری**
**سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی**

بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی دیوان/ ژمارە (٣٥٢) لە(٢٠٠٨/٩/١٠).

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
(( کارگێری ))

ژمارە / ٥٩٧٥
رۆژ / / / ٢٠٠٢
بەرامبەر / / / ٢٧٠٢

بۆ / بەڕێز دیوانی چاودێری دارایی

بابەت / ناردنی دەستە

جەخت لە سەر نوسراومان ژمارە ١٤٩٢٧ لە ٢٠٠٢/٨/٢ دەکەینەوە تکایە هەر شەش مانگ جارێك بفەرمون بە ناردنی دەستەی چاودێریتان بۆ چاودێری کردنی کاروبارەکانمان لە پرۆژەکان و خەرجیەکان و چۆنیەتی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانمان کە دەبێت بە پێ یاساو ڕێنماییەکان بن . ئاشکرایە (دەستەکانی دیوانی چاودێری دارایی) هەمیشە رۆڵی باشیان لەم بوارانەدا بینیوە لە ڕێنمایی کرد ن و پێشنیار کردنیان سەبارەت بە هەڵەکان کە بەلامانەوە جێگەی سوپاس و پێزانینە ، هەر بۆنەیەوە داوا ئەکەین هەر ڕێنمای و پێشنیارو رەخنەیەکتان هەیە لە سەر بەشە جیا جیاکانمان لە ڕێگە دەستەکەتانەوە ئاگادارمان بکەنەوە و هەر (٦) مانگ جارێك سەردانمان بکەن . لەگەڵ رێزو سوپاسماندا .

حاکم قادر حمە جان عزیز
سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

وێنەیەك بۆ :-

- وەزارەتی شارەوانی و گەشت گوزار / لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی دارایی و ئابوری / لەگەڵ رێزدا .
- کارگێری * نوسینگەی ئە نجومەن *خزێنەتی * بەکرێدان * داهات * ژمێریاری * ووردبینی *یاسا * هونەری * زەوی وزار
- پرۆژەکان * بەدواداچون * ئاو * ئامێرەکان * باخچەکان * لیژنەی خەمڵاندن *
- لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدان
- پلان دانان * داهاتی ئاو * خزمەتگوزاری * زیادەڕەوی
- فایلی گشتی

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:(٢٥)
## دەستپێشخەرییەکی تری دیوانی چاودێریی دارایی
## چیا محمود محمد

لە ژمارە (٤٠٠)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٢/٢٧)، بابەتێک سەرنجی ڕاکێشام بە ناوی (دیوانی فەتوا، یان دیوانی چاودێریی دارایی). فەتوا بڕیارێکی شەرعییە لەسەر بنەمای دەقی پیرۆزە، کە بڕیارێکی (غیر ملزمە)، واتە ئەوەی فەتوا دەدات، فەتواکەی زادەی جێبەجێکردنی داوای تاکەکەسێکە و تەسدیقکردنییەتی لەسەر بنەمای دەقی پیرۆز. ئەو بڕیارەی کە سەرۆکایەتی دیوان دەریکردووە، یان ئەو بەناو (فەتوایەی کە نووسەری بابەتەکە ئاماژەی پێ داوە)، کە فەتوا نییە، چونکە پشتبەستن نییە بە شەرع، بەڵکو بڕیارێکە ڕێچکەی گرتووە لە یاساکانەوە و لە ئەنجومەنی دیوانی چاودێریی داراییەوە دەرچووە. ئێمە وەک فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی بە حوکمی وەزیفەکەمان، ساڵانە چەندەها لە ژن و کچەکانی دیوانمان بەشداری دەکەن لە کۆڕ و کۆبوونەوەو کۆنفرانس و خولە جیهانییەکاندا، بۆ ئەوەی تووشی ئیحراجی و جیاکاری نەبین، پێویست دەکات وەک فەرمانبەرانی تری شارەکانی عێراق جلێکی ڕەسمی وەک قات لەبەر بکەین، ئەم حاڵەتە ئیحراجیە بەسەر خۆمدا هاتووە لە کاتی بەشداریکردنم لە خولی(IT) لە وڵاتی هندستان و لە [ (مطار)ی عەممان و نیودلهی]، لە یەکەم [ڕۆژی خولی (IT)] وایان زانی (میوانی) خولەکەین، نەک بەشداربووانی خولەکە، کە خۆم لەگەڵ کچێکی دیوانی چاودێریی هەولێردا بەشداربووین، چونکە قاتی ڕەسمیمان نەپۆشی بوو. ناچار هەر هەمان ڕۆژ جلی ڕەسمیمان ئامادەکرد، چونکە سەردانەکانی تریشمان وەک چونمان بۆ مەزارگەی سەرۆک (ماهاتما گاندی) و داوەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هندی و سەردانی وەزارەت و دامودەزگا ڕەسمییەکان پێویستی بە پۆشینی جلوبەرگی ڕەسمی دەکرد. بۆیە پێم باشە بۆچوون‌و خۆئامادەکاریمان بۆ کارەکان بە

---

(٢٥) ئەم بابەتە لە ژمارە (٤٥٥٧)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕۆژی (٢٠٠٨/٤/٢٨) بڵاوکراوەتەوە کە (چیا محمود محمد) یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێریی دارایی نوسیویەتی.

شێوەیەک بێت جێگای سەرنج و ڕەخنە نەبین، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهاندا خۆمان بگونجێنین، وەک چۆن ئەمانەوێ وڵاتەکەمان پێش بخەین لە هەموو ڕوویەکەوە. بۆ نموونە، دامەزراندنی حکومەتی ئەلەکترۆنی، بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی، گرنگیدان بە کەرتی ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوەی شەقام و کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ و خەستەخانە و چەندەها خزمەتگوزاری تر. با گرنگی بە مەدەنیکردنی خۆشمان بدەین. بۆ نموونە، پێمان قبوڵ بێت بۆ کاری ڕەسمی جلی ڕەسمی لەبەر بکەین، بۆ سەیرانیش جلی سەیران، واتە جیاکاری بکەین لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ بەپێی بۆنە و پیشەکان. ئەو بابەتەی کە (زمناکۆ عزیز) نووسیویەتی، دەمەوێ بەدڵنیاییەوە پێی بڵێم بڕیاری سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی کە دەرئەچێت، ناکرێت و مومکین نییە کە یەکلایەنە و بە ویستی یەکێک ئەو بڕیارە دەربچێت، بەڵکو دەرکردنی بڕیاری بەڕەسمیکردنی جلوبەرگی مێینەکانی سەرۆکایەتیمان لە سەرۆک دەستە و چاودێرەکان لەسەر داوای خۆیان بووە، دوای ئەنجامدانی چەندەها کۆبوونەوەو بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی دارایی ئەو بەڕێزانە، کە بڕیارەکە دەیان گرێتەوەو هەیبەت و تایبەتمەندێتی کارەکەیان وا ئەخوازێت کە جلوبەرگیان تایبەت بێت. زۆر پیشە هەیە کە جلوبەرگیان تایبەتە، وەک پۆشاکی پزیشک و ئەوانەی کە لە بواری پیشەی تەندروستیدا کاردەکەن، هەروەها پیشەی دادوەر و پارێزەرەکان و فەرمانبەرانی فڕۆکەخانە و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆ، هەروەها قوتابخانەکان. بۆ نموونە، لە کاتی ئەنجامدانی کاری پۆلیسێکی هاتووچۆ، کە لێپرسینەوە لە سەنەوی ئۆتۆمبێلێک دەکات، دەستبەجێ شۆفێر وەڵامی ئەداتەوە، چونکە پۆلیسەکە بە جلەکەیدا دیارە کە پۆلیسی هاتووچۆیە. قبوڵ ناکرێت ئەگەر ئەو لێپرسینەوەیە لەو سەنەوییە پۆلیسێکی تر جگە لە پۆلیسی هاتووچۆ بیکات، چونکە بە پۆشاکەکەیدا ئەزانین کە ئەوە پۆلیسی هاتووچۆ نییە. پۆشینی ئەم جلوبەرگانە نیشانەی بەرەوپێشچوونی (حضارة)یە، نەک دواکەوتن، چونکە هەر بوارەو هەر بۆنەیەک بە جۆرە ستایلێک لە جلوبەرگ پێشوازی لێ ئەکرێت. بەڕەسمیکردنی جلوبەرگی فەرمانبەرە مێینەکان، ئەوانەی کە لەناو دەستەکانی چاودێرییدان، ڕێگەگرتن نییە لە ئازادی جلوبەرگ پۆشینیان، چونکە مۆدێل و ستایلی ئێستاش هەروەک ئەو جلوبەرگەیە کە خۆیان هەڵیان بژاردووە و کوستمە لە شێوەی (چاکەتو پانتۆڵ) و (چاکەت و تەنورە) و مۆدەی ئێستای کوردستان و جیهانیش هەر هەمان ستایلە. سەیرە!! بەهەیبەتکردنی جلوبەرگ بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە! دەستەکانی دیوان لە دوو جۆرە ستایلەی سەردەم نە داوای زیاتر و نە داوای کەمتریان لێ نەکراوە. لە وەڵامدا دەڵێین، کەی ئەوە کێشەیە، کێشەی ژن و مێینەی کورد زۆر

لەوە گەورەترە. ئەوا (٨) ی مارسیشمان تێپەڕاند و کێشەکانی ژنان زیاتر و ئاڵۆزتر بوون. با هەموو بە یەک دەنگ پشتگیری لە ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی بکەین، بە ڕاستی خۆنەخستنە ناو بازنەی ئیحراجی نەزانین لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا و بەرزکردنەوەی دروشمی لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەسمی بۆ کار و پیشە ڕەسمییەکان خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە. هەنگاونان بۆ کردنەوەی زۆر گرێ کوێرەی تر، کە تا ئێستا ژنان پێوەی ئەناڵێنن، هەر شۆڕشە. ئەوەتا ژنان و کچانی دیوانی چاودێریی دارایی، کە وەک (سەربازی ون) بە ئازایانە و بەبێ ترس کاری وردبینی و چاودێریی ئەنجام دەدەن و ڕووبەڕووی چەندەها کێشە و هەڵە ئەبنەوە، زۆرجاریش ڕێنمایی ئەدەن بەو فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیانەی کە ڕوویان تێ ئەکەن و ڕۆژانە دەستەکانمان ملی ڕێگای دوور ئەگرنە بەر بۆ سەردانی فەرمانگە دوور و نزیکەکان. لێرەشدا ئەڵێم با هەموو خزمەتی ئەو ژنانە بکەین، کە زەلیلن بەدەست پیاوسالاری و باوکسالاریەوە، با هەوڵ بدەین ئەو ژنانە ڕزگار بکەین کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان لەسەر دەکرێت، با بە یەک دەنگ نەیەڵین لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان بە شتی بێ بایەخ ڕەش بکەنەوە و لە کۆتاییدا دەڵێم باماڵێک دروست بکەین بۆ هانا و ڕۆشنبیرکردن و بەئاگاکردنی ژنان لە پێشکەوتنەکانی ژیان.

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:(٢٦)

## ڕۆڵی دیوانی چاودێریی دارایی لە نەهێشتنی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

### ابراهیم تاهیر بەرزنجی

لە داوی ڕاپەرینی بەهاری ساڵی(١٩٩١) و دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندی عێراق، بۆ نەهێشتنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەی دروست بووبوو، بە سەرپەرشتی بەرەی کوردستانی سەرلەنوێ ئەو دامودەزگایانەی هەبوون کەوتنەوە کار، زیاد لەوەش چەندین فەرمانگەی تر دروست بوون. لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٦)دا و لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ هەرێمەکە کەرت بوو بۆ دوو ئیدارە.. لە هەر کەرتێکدا حکومەتێکی جیاواز دروستبوو، کە دامەزراندنی چەندین وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگەی لێ کەوتەوە و ژمارەی فەرمانبەران بە ڕادەیەکی بێشومار زیادیکرد، سەرەڕای سەرهەڵدانی چەندین ڕێکخراوی مەدەنیو پیشەیی، کە زۆربەیان لە ئەنجامی کێبڕکێی حیزبییەوە هاتنە کایەوە، زیادکردنی زۆر لەو فەرمانگەو ڕێکخراوانەش بێ بەرنامە بوو، ئەمەش بواری ڕەخساند بۆ زۆر لە مشەخۆران و هەلپەرستان بۆ دەستێوەردان لە کارەکانی ئەو فەرمانگانەوەو پاوانکردن و قۆرخکردنیان بە مەبەستی سوودی تاکەکەسی، بە تایبەتی لەو کاتەدا هیچ ناوەندێکی لێپرسینەوە و وردبینی نەبوو بۆ ڕێگرتن لەو سەرپێچییانە و نیشاندانی ڕێڕەوی ڕاست بۆ کارەکانیان. دواتر لە ساڵی (١٩٩٧)دا و لە ئیدارەی سلێمانی دیوانی چاودێریی دارایی دامەزرێنرا، هەرچەندە لە سەرەتادا هەندێ کەموکوڕی هەبوو لە کارەکانیادا، وەک نەبوونی ئەزموونی لەو جۆرە لە کارانەدا، نەبوونی کادری شارەزا و کارامە بە زانستەکانی ژمێریاری و وردبینی سەردەم، هەروەها پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەند، ئەم گرفتانە و گەلێک گرفتی تر لە سەرەتاوە هۆکاربوون بۆ ئەوەی نەتوانرێت پێشکەوتنی بەردەوام بەخۆوە ببینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی پەیوەندی لە نێوان دیوانی چاودێریی دارایی و دەزگای باڵای چاودێریی وڵاتان بە دڵنیاییەوە کاریگەری خۆی هەیە، چونکە هەندێ بنەماو

---

(٢٦) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٤٦٥٥) لە(٢٠٠٨/٨/٢٠) دا بڵاوکراوەتەوە.

پێوانە هەیە، کە شارەزایانو پسپۆڕانی هەرێمی و نێودەوڵەتی دایان ناونو هەموویان کۆکن لەسەری و پەیڕەوکردنیان ئەرکێکە دەبێت هەموو ناوەندەکانی چاودێریی دارایی جێبەجێی بکەن. سەرەڕای نەبوونی ئەو پەیوەندی و سەرچاوانە، دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک توانی برەو بە کارەکانی بداتو سوود لە هەندێ کارمەندی فەرمانگەکان وەربگرێت، بە تایبەتی ئەوانەی خزمەتی پێشتریان هەبوو و لە بواری ژمێریاری و وردبینیدا شارەزایی باشیان هەبوو. بەو شێوەیە دیوانی چاودێریی دارایی دەستی بە کارەکانی کرد. پاشان بەرنامەی دانا بۆ وردبینیکردن و توانی چاودێریی کار و چالاکی فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەت بکات و چەندین ڕاپۆرتی حساباتی کۆتایی و وردبینی لەسەریان ئامادە بکات و بەرزیان بکاتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان. بۆیە دروستبوونی ئەم دەزگایە لەو کاتەدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ئیدارەدا، تەنها ناوەکەی پەیامێک بوو بۆ بەئاگاهێنانەوەی فەرمانگەکان بەوەی چاوێک هەیە چاودێریی کار و چالاکییەکانیان دەکات، بەڵام دوای ڕزگارکردنی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٣) و پاش نەمانی ڕژێمی پێشوو ڕەوشێکی کە هاتەکایەوە، ئەویش خۆی لە فراوانبوونی سەرچاوەکانی داهات بینییەوە.. بە تایبەتی داهاتی نەوت، کە لەوەوپێش تەنها لە خزمەتی مەرام و ئامانجەکانی ڕژێمی پێشوودا بووە، بە تایبەتی مەرامە سەربازییەکان و سەرکوتکردنی کۆمەڵانی خەڵک.. بەو داهاتە زۆرەش ڕێژەیەکی کەمی خەرج دەکرا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵک. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو ئیدارەکەیەوە پشکی خۆیان بەرکەوت بە ڕێژەی (١٧٪)ی کۆی داهات، ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر بوژاندنەوەی هەموو کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی ژیانی هاوڵاتیان، بە تایبەتی توێژی فەرمانبەران بەپێی سیستمی نوێی مووچە، لە هەمان کاتدا تەوژمێکی دامەزراندنی بێ بەرنامە هاتەکایەوە، کە بووە هۆی دامەزراندنی هەزارەها فەرمانبەر، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ دروستکردنی بیمەی کاری نیوەناچڵ (البطالة المقنعة). لەلایەکی ترەوە لە چوارچێوەی (بودجەی وەبەرهێنان).. بڕێکی زۆر لەو پارەیە بۆ کەرتی وەبەرهێنان تەرخانکرا، کە چەندین پڕۆژەی لەخۆ گرتبوو لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام بەهەمان شێوەی بودجەی ئاسایی جێبەجێکردنی بودجەی وەبەرهێنانیش زۆربەیان بێ بەرنامە بوون.. کاریگەری ئەوتۆیان نەبوو لەسەر بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی بواری کارەبا و کەرتی پیشەسازی، لە ئەنجامی بێ بەرنامەیی لەسەر ئاستی هەردوو بودجەی ئاسایی وەبەرهێنان و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی، بە تایبەتی لەلایەن بەرپرسان بۆ ئەو ئەرکانەی کەوتۆتە ئەستۆیان وایکرد بە هاوتەریبی ئەم

گۆڕانكارییانە، دیاردەی گەندەڵی بە شێوەیەكی بەرفراوان تەشەنە بكات و ببێتە وێردی سەر زمانی زۆرترین بەشی كۆمەڵانی خەڵك بە گشتی و هۆكانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی، تا بیكەنە بابەتی ڕۆژانەی خۆیان و ڕووبەرێكی بەرچاو داگیر بكات لە ڕۆژنامەكاندا، ئەمەش وایكرد هێڵی ڕاست و چەپ بهێنن بەسەر هەموو ئەو كارانەی كە حكومەت پێی هەستاوە. گەندەڵی یەكێكە لە دوژمنە سەرسەختەكانی ڕێگای پەرەپێدان و ترسناكییەكەی لە دیاردەی تیرۆر كەمتر نییە، گەندەڵی بۆ خۆی تێچوونی ئابووری و كۆمەڵایەتی هەیە و كارتێكەرێكی یارمەتی دەرە بۆ دواكەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و ئاوەدانكردنەوە، هەروەها ڕێگرە لەبەردەم بەدامەزراوەكردنی فەرمانگەكانی حكومەت و هۆكارێكە بۆ بچراندن و ترازاندنی بەها كۆمەڵایەتیەكان، بۆیە كاركردن بۆ نەهێشتن و بنبڕكردن و وشككردنی سەرچاوەكانی ئەم دیاردەیە، بەرپرسیارێتیكی كۆمەڵایەتییە بە پلەی یەكەم و ئەركێكی پیرۆزی دەزگاكانی وردبینییە بە پلەی دووەم.

ئەو گۆڕانكاری و پەرەپێدانەی لە بوارەكانی ئابووری و كارگێڕیدا ڕووی داوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی، دەخوازێت دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی كوردستان گۆڕانكاری تیا ڕووبدات، تا بتوانێ لە ئاستی پێشهاتەكاندا بێت، ئەویش بە پێداچوونەوە بە فەلسەفەی وردبینی و مەنهەجی كاركردن، بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ پێداویستییە پیشەییەكان و پێگەیەك بخولقێنێ بۆ پەرچدانەوەی دیاردەی گەندەڵی لە ڕێگای:

١. چارەسەركردنی گیروگرفتەكانی چاودێریی ناوخۆ (الرقابة الداخلية) لەناو وەزارەت و فەرمانگەكانی حكومەتدا، بە پەیڕەوكردنی سیستمێكی نوێ بۆ كاركردنی بەشەكانی چاودێریی، كە تیایدا دەسەڵاتەكانی دیاری كرابێت، هەروەها شێوەی پەیوەندیكردنی لەگەڵ بەرپرسی باڵای فەرمانگە دەست نیشان بكرێت، لەگەڵ دانانی پێوەر (معايير)ی پێویست بۆ كاركردنی بەشی چاودێریی ناوخۆ .

٢. گرنگیدان بە هەڵسەنگاندنی ئەدای كار (تقييم الأداء) بۆ فەرمانگەكانی حكومەت بە مەبەستی دەرخستنی لادانەكان لە نێوان بودجەی خەمڵێنراو و خەرجییە فیعلییەكاندا.. دانانی چارەسەری گونجاو بۆ گیروگرفتەكانی ڕێگای پرۆسەی بەڕێوەبردن.

٣. زەمینەخۆشكردن و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی كوردستان و ڕێكخراوە هاوشێوە ناوخۆیی نێودەوڵەتیەكان، هەروەها لەگەڵ ئەو دامەزراوە و دەزگایانەی كە تایبەتن بە یاسا و ڕێنماییەكان، وەك ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان و وەزارەتی دارایی. مەبەست لەو خاڵانەی سەرەوە، كاراكردن و بەهێزكردنی دیوانی چاودێریی داراییە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەركەكانی جێبەجێ بكات

بەپێی پێوەرەکان و بنەماکانی پیشەی چاودێریی، کە پاڵپشتیتی بۆ جێبەجێکردنی بنەمای شەفافیەت و لێپرسینەوە.. بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی دەستپاکی و کاری بابەتی و دوور بێت لە لایەنگیری. دیوانی چاودێریی دارایی وەک بڕبڕەی پشت وایە بۆ سیستمی دەستپاکی و نەهێشتنی گەندەڵی، چونکە دیوانی چاودێریی هەڵدەستێ بە وردبینی ئەو بودجەیەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێت بۆ دامودەزگاکانی حکومەت و یەکێکە لە ئالیەتە سەرەکیەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی گەندەڵی لە کاتی جێبەجێکردنی برگەکانی بودجە لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە. ڕۆڵی دیوانی چاودێریی بەو ئاقارە کاریگەرتر دەبێت، ئەگەر زیاتر برەو بدات بە پەرەپێدانی سیستمەکانی ژمێریاری و چاودێریی بە مەبەستی پاراستنی ماڵ و موڵکی حکومەت، وەک گرنگیدان بە تۆمارکردنی مەوجوداتی جێگیر لە ڕێگەی ڕاگرتنی تۆمارگەی تایبەت بە مەوجوداتی جێگیر بە شێوەیەک هەموو مەوجوداتێک بە وردی تیا تۆمار کرابێت، هەر لە بەرواری کڕینەوە لەگەڵ ئاماژەکردن بەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەریان ڕوودەدات، تا کوژانەوەیان (شگب- إندپار) بە هەر هۆیەکەوە بێت. لە هەمان کاتدا چاککردن و ڕێکخستنی سیستمی گەنجینە و کۆنترۆڵکردنی هاتوو و دەرچووەکان لەگەڵ پەیڕەوکردنی بنەماکانی (جەرد) بە هەموو جۆرەکانیانەوە، کە کاریگەری خۆی دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی کەرەستەی گەنجینەیی. گرنگیدان لەلایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە بە سیستمەکانی ژمێریاری و وردبینی دەبێتە بنەمایەک بۆ لێپرسینەوە، کە لەم ڕۆژەدا بووە بە واقعێکی یاسایی و سیاسی بۆ ئەو کەس و دامەزراوانەی کە بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵکی حکومەتیان لەئەستۆدایە، بۆ ئەوەش پێویستە چاکسازی بکرێت لە شێوازی لێپرسینەوەدا.. هەوڵیش بدرێت بەیاساکردنی لە ڕێگای دانانی کۆمەڵێک بنەمای یاسایی بۆ شێوازی لێپرسینەوە، بە ئەندازەیەک بتوانرێت لێپرسینەوە بکرێت لەگەڵ هەموو ئەو بەرپرسانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ماڵ و موڵکی حکومەتیان لەئەستۆدایە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەکاری دێنن بۆ سودی تاکەکەس. یەکێک لەو بنەمایانەی کە دەبێت دیوانی چاودێریی پشتی پێ ببەستێت بۆ ئەنجامدانی لێپرسینەوە، هەبوونی پاڵپشتی یاساییە بۆ کارەکانی، ئەویش لە ڕێگای تۆکمەکردنی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی‌و دانانی برگە و مادەی پێویست لەو یاسایەدا، بۆ ئەوەی یەکە ئابوورییەکان هان بدات بۆ پێشکەشکردنی زانیاری و بەیاناتی دارایی تەواو لەسەر کار و چالاکیەکانیان، تا بتوانرێت لە ڕێگای ئەو بەیانات‌و زانیارییانەوە دیوانی چاودێریی هەڵسەنگاندنی زانستی و واقعی ئەنجام بدا بۆ کارەکانیان.. بەرامبەر بەو زانیارییە کە یەکەی ئابووری دەیخاتە بەردەم دەستەکانی چاودێریی دارایی، دەبێت ئەو

دەستانە لە ئاستێکی باڵای زانستیدا بن، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی مەنهەجی و ڕێکوپێکو بەپێی پێوەرە باوەڕپێکراوەکان کاری وردبینی ئەنجام بدەن، هەروەها ئەو دەستانە دەبێت ئالییەتێک بگرنەبەر بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە ترسناکەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنی نموونە (اختيار العينات) و دانانی پلانی پێویست بۆ ئەنجامدانی وردبینی، کە تیایدا ڕەچاوی کات و تێچوون بکرێت. لەم سۆنگەیەوەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە لێپرسینەوە پەیوەستە بە شەفافیەتەوە، واتا ڕوونی و ئاشکرا لە کارکردندا، لەگەڵ دەربڕینی ڕای دروست لە کاتی وەرگرتنی بڕیارەکاندا. شەفافیەت لە دەربڕینی ئەنجامی کارەکان، پێویستە ببێتە ڕێڕەوی کارکردن، شەفافیەت و لێپرسینەوە دوو بنەمای بەهێزن بۆ حوکمڕانیکردن، هەروەها دوو دەستەواژەن و هەریەکێکیان پەیوەندی بە ئەوی دیکەوە هەیە، چونکە لە ڕێگای شەفافیەتەوە لێپرسراوێتی خەڵکان دەردەکەوێت. بوونی شەفافیەت لە کارکردندا ئەدای حکومەت دەپارێزێت لە ڕوودانی هەڵە و بەربەست، هەروەها دەستپێک دەبێت بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی دامودەزگاکان لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان دراوە. هەبوونی شەفافیەت و لێپرسینەوە، کارئاسانییە بۆ دیوانی چاودێریی دارایی.. لەو ڕێگایەوە دەتوانێ وەک چاوی دەسەڵاتی یاسادانان کەموکوڕی و گرفت و سەرپێچییەکانی هەر فەرمانگەیەک دیاری بکات و لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکاتەوە، لە ڕێگای ڕاپۆرت، چ ساڵانە بێت یان وەرزی، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی بنەمای شەفافیەت و ئەنجامدانی لێپرسینەوە لەلایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە، لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت لەلایەن دیوانی چاودێرییەوە کار بکرێت بۆ ئەنجامدانی، وەک:

١. هەوڵبدرێت بە زووترین کات پەیکەرەیەکی ڕێکخستنی نوێ بۆ دیوانی چاودێریی یەکگرتوو دابڕێژرێت، بەپێی یاسای تازەی دیوان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)، فەرمانی تایبەت لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە دەربچێت بۆ لێکترازاندنی دیوانی چاودێریی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەیوەستکردنی بە خودی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە.. هەتا نوێنەرانی گەل لە ئەنجومەنی یاسادانان لە نزیکەوە بەئاگابن لەسەر ئەدای حکومەت، هەروەها بتوانێت بە ئاسانی لێپرسینەوە لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت بکەن لەسەر هەر گەندەڵییەک کە ڕووئەدات.

٢. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانە و وەرزی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، بە مەرجێک دەبێت ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتانە دەوڵەمەند بێت بە زانیاری ڕاست و دروست سەبارەت بە هەموو بوارەکانی ئابوری هەرێم، بە تایبەتی بواری بنیاتنانەوە و جێبەجێکردنی

پڕۆژەکان لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت، تا ئەنجومەنی نیشتیمانی بەرچاو ڕوون بێ لە چۆنییەتی ئەدای حکومەت و بتوانێت لە نزیکەوە لێپرسینەوە بکات لە سەرپێچیکاران و کەمتەرخەمییان.

٣. دەبێ دیوانی چاودێریی دارایی ڕاپۆرتەکانی دەوڵەمەند بکات بە بیربۆچوون و پێشنیازی واقعیانە، کە بواری جێبەجێکردنی هەبێت لەلایەن یەکەی ئابوورییەوە، بە ڕەچاوکردنی تێچوونی جێبەجێکردن.

٤. پێویستە ئالییەتێک هەبێت بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەو تێبینییانەی لە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی داراییدا تۆمارکراوە و لە ئاستێکدا بێت یەکەی ئابووری هەست بکات ڕاپۆرت بەوە کۆتایی نایەت کە ئەو وەڵامێکی سەرەتایی ڕاپۆرتەکە بداتەوە، بەڵکو دەبێت لەوە ئاگاداربکرێتەوە کە دواکەوتن و خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەیان دەکات.

٥. مامەڵەکردن لەگەڵ حساباتی کۆتایی دەوڵەت بە شێوەیەکی زانستی.. شیکاری دارایی بکرێت بۆ بڕگەکانی، کە هەڵوەستە بکات لەسەر لادانەکان لەنێوان بڕی تەرخانکراو لەگەڵ بڕی خەرجی فیعلی و ڕای ڕوونی هەبێ بەپێی پێوەرە پەیڕەوکراوە نێودەوڵەتیەکان.

٦. پێویستە دیوانی چاودێریی دارایی پەیڕەوی پێوەرەکانی شەفافیەت بکات لە کارەکانیدا، هەروەها ڕاپۆرتەکانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یان لە سایتی تایبەت بە دیوانی چاودێریی دارایی بڵاوبکاتەوە دوای پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی نیشتمانی، بۆئەوەی ڕای گشتی لە نزیکەوە بە ئاگابێ لە کار و چالاکییەکانی دیوانی چاودێریی دارایی و چیتر وەک سەربازێکی ون کار نەکات، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە هەموو خەڵک چاوکراوەیە ڕۆژانە دەیان نوسین و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاودەکرێتەوە لەسەر گەندەڵی، کە هەندێکجار سەرچاوەی هەندێ لەو زانیارییانە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، بۆیە واباشە دیوانی چاودێریی بۆ خۆی پەیڕەوی شەفافیەت بکات و ڕاپۆرتەکانی بڵاو بکاتەوە، ئەمەش پێوەرێکی نێودەوڵەتییە لەلایەن دەزگاکانی باڵای چاودێریی زۆر لە وڵاتان پەیڕەو دەکرێت کە نزیکترینیان بە دیوانی چاودێریی هەرێمی کوردستان.. دیوانی چاودێریی داراییە لە عێراق، کە بەپێی یاسا تازەکەی لە سایتی خۆی لەسەر تۆری ئینتەرنێت زۆر لە ڕاپۆرتەکانی بڵاودەکاتەوە و هەموو کەس سەربەستە لە چوونە ناو ئەو سایتە، دەتوانێ لە نزیکەوە کار و چالاکی دیوانی چاودێریی لە عێراق بەسەر بکاتەوە، لەهەمانکاتدا لەمیانەی ئەو ڕاپۆرتانەوە دەردەکەوێت کە کام فەرمانگە یان دەزگا دیاردەی

گەندەڵی تێدایە، لەلایەکیترەوە ستایشێکە بۆ دەستەکانی دیوانی چاودێریی دارایی کە بوێرانە توانیویانە دەست بخەنە سەر ئەلقە لاوازەکانی سیستمی کارگێری و ژمێریاری و ئابوری وڵات.

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

### ب/ هەموارکردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی

بە سەرنجدان لە کارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی – سلێمانی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ئەوە دەرکەوتووە کە دیاردەی سەرپێچی لە یاسا و دەستدرێژیکردنە سەر موڵک و ماڵی گشتی لەناو ئەو دەزگایانەدا کە چاودێریی دارایی ئەیانگرێتەوە، ڕوو لە زیادبوونە، هەرچەندە دیوان هەوڵەکانی زیاتر چڕکردۆتەوە و ژمارەی ڕاپۆرتەکانمان لە (٢٥٥٠) ڕاپۆرت تێپەڕی کردووە، ئەگەر وەک پێویست ئەو ڕاپۆرتانە جێبەجێ بکرانایە، ئەبوایە سەرپێچی لە یاسا و بڕیار و ڕێنماییە داراییو کارگێڕی و هونەرییەکان نەمایە، یا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوایەتەوە، کەواتە سەرپێچیکاران سوود لەو درزە وەرئەگرن، کە کارە گەندەڵییەکانیان بە نهێنی لەناو أوراق و سجلاتی دامودەزگاکاندا دەمێنێتەوە، بێ وەرگرتنی ئیجرائات. بۆیە ئەو دیاردەیە ڕوو لە زیادبوونە، ئەشێ لە لێپرسینەوەو دادگاییش نەترسن بە هۆی پشتو پەنایەکەوە. کەواتە ئەبێ بە دوای ڕێگە چارەیەکدا بگەڕێین بۆ بەربەستی ئەو دیاردەیەو تەمێکردنی سەرپێچی کاران. هەر بە سەرنجدان لە کارەکانی دیوانمان و تاقیکردنەوەش، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوتووە، کە ئەو بەرپرس و فەرمانبەرانەی سنووری یاسا ئەبەزێنن و دەستدرێژی ئەکەنە سەر موڵک و ماڵی گشتی و بودجەی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن زۆر ئەترسن لە ڕوونکاری (شەفافیەت) و ئاشکرابوونی ئەو جۆرە کارانەیان، بە تایبەتی لە بڵاوکردنەوەیان لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا. یان وەک پەندە کوردییە دەڵێ: (جام بشکێ و نەزرێ!)، کەواتە لابردنی سروشتی نهێنی لەسەر ڕاپۆرتەکانی دیوان، کە تا ئێستا پەیڕەوکراوە، کاریگەرییەتی باشی ئەبێ لەسەر نەهێشتنی یا کەمکردنەوەی دیاردەی سەرپێچی لە یاسا و دەستدرێژیکردنە سەر موڵک و ماڵی گشتی. بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان چاوێک بگێڕنەوە بە یاسای دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی ( ٢٠٠٨) دا و بە جۆرێک هەمواری بکەن، کە دەستی دیوان ڕەها بکرێ

بۆ بڵاوکردنەوەی هەر کام لە ڕاپۆرتەکانی، کە بە پێویستی بزانێ، لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، کە ئێوە بە پەسەندی ئەزانن، وەک ئەو بەڵگەنامانەی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دوای ماوەیەک ئاشکرا دەکرێن.

لەگەڵ ڕێزدا......

**جەلالی عومەری سام ئاغا**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**

**وێنەیەک بۆ/**

- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
- لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان/
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ نوسینگەی تایبەت/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا......
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی سەرپێچی داراییەکان..
- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 22 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2007/06/14 |
| نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان بەرامبەر: 24/ی جۆزەردانی / 2707ک | |

## بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/
## نوسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆك
## بابەت/ داواکاری

دوای ئەوەی هەست بەوە کرا کەوا گەندەڵی (٢) موچە و (٣) موچە هەیە لەناو موچەخۆراندا، بڕیاردرا کەوا بەدواداچوونێکی بۆ بکرێت. لەسەر داوای بەڕێزتان بڕیاردرا کار بۆ دروستکردنی بانکێکی زانیاری لەسەر موچەخۆرانی حکومەت ئەنجام بدرێت، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا.

١. ئەنجامدانی ئەو کارە گەورەیە تەسلیم بە بەڕێز (مەحمود عوسمان مەعروف)، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی کرا، لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییدا. لە مانگی (تشرینی دووەمی/٢٠٠٥)هەتا مانگی (حوزەیرانی/٢٠٠٦)ی خایاند، ناوبراو توانی زانیاری تەواو لەسەر موچەخۆران کۆبکاتەوە لە (فەرمانبەران- پۆلیس- هێزی پێشمەرگە- وارسی شەهید- ئەنفال- خانەنشینانی کارمەندانی حکومەت- موچەخۆرانی چاودێریی خێزان و کۆمەڵایەتی)، لە ماوەیەکی کورتدا توانرا لەسەر هەر موچەخۆرێک (٣١) زانیاری بە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی (داتا بەیسی) کۆمپیوتەری تۆمار بکرێت، ئەوەش بوو بە بانکێکی زانیاری تەواو لەسەر موچەخۆران، کە ژمارەیان (٣٢٨٢٩٧) موچەخۆر بوون، هەروەها لە میانەی سەردانی بەڕێزتاندا، بە یاوەری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ سەنتەری ئەنجامدانی ئەو کارە لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٠٣/٠٩) دا، بە چاوی خۆتان ئەنجامی ئەو کارەتان بینی کە بووە هۆی نرخاندن و پێزانینتان، هەروەها سەرجەم ئەو کارمەندانەی لەو سەنتەرەدا کاریان دەکرد، سوپاس و پێزانینی بەڕێزتانیان پێ درا و هەریەکەشیان مانگێک (قدم)یان پێ بەخشرا و پاداشت (مکافأە)یشیان وەرگرت.

٢. لە ئەنجامی ئەو کارە بەرفراوانەدا، دەرکەوت کەوا (١٣٩٩٥) دەبڵی موچەخۆر

هەیە، کە ژمارەی کەسەکان کردییە (٦٩٩٧) موچەخۆر، کە دەبێ موچە وەردەگرن.

٣. بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو دەبڵانە (٢٣) لیژنە دروست بوون لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، بۆ بەدواداچوونیان، لە ئەنجامدا دەرکەوت لەو (٦٩٩٧) کەسە، (٣٥٢٥) کەسیان یاسا ڕێی پێداون کەوا (٢) موچە وەربگرن، لە وارسی شەهید و ئەنفال و خانەنشین بوو.

٤. ژمارەی (٣٤٧٢) کەسیان دەبڵی موچەیان وەردەگرت، بە پێچەوانەی یاساوە، بڕیاردرا کەوا یەک موچەیان بمێنێتەوە و موچەکەی تریان ببڕدرێت.

٥. لە ئەنجامی ئەو کارەدا، توانرا مانگانە زیاتر لە (٣٤٧,٢٠٠) دۆلار، تەنها (سێ سەد و چل و حەوت هەزار و دوو سەد دۆلار)، بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت، بۆ هەر موچەیەک کە بڕدرابێت (١٠٠) دۆلارمان داناوە، کە زۆربەی موچەکان زۆر لەوە زیاترە، ئەمەش بۆ ساڵێک دەکاتە (٤,١٦٦,٤٠٠) دۆلار، تەنها (چوار ملیۆن و سەد و شەست و شەش هەزار و چوار سەد دۆلار)، ئەم بڕەش بە دیناری عێراقی دەکاتە (٦,٢٤٩,٦٠٠,٠٠٠) دینار، تەنها (شەشە ملیار و دوو سەد و چل و نۆ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار)، کە بەم کارە گەورەترین گەندەڵی لە موچەدا چارەسەر کرا.

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی ئەم کارە بەرز ئەنرخێنین و ئیعتباری دەکەین بە گەورەترین سەرکەوتن بەسەر گەندەڵیدا.

بەڕێز (مەحمود عوسمان مەعروف) بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی، جگە لە ئەنجامدانی ئەم کارە مەزنە، دەیان کاری لەمە گەورەتری ئەنجام داوە، لە توێژینەوەی ئاماریی و کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر هەموو بوارەکان، ئەمەش بۆتە مایەی بنچینە بۆ داڕشتنی پلانی ڕاست و ڕەوا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، هەروەها خزمەتی بە سەرجەم وەزارەتەکان و دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان کردووە، بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکانیان. لە زۆربەی کارەکانیدا، چارەسەری دەیەها گەندەڵی کردووە، هەروەها سوپاسنامەی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان و دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوی ناحکومی هەیە بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی داوە. لەمیانەی بەشداریکردنی لە (وۆرک شۆپ) و خولە ئامارییەکانی وڵاتانی دەرەوە، چەندین بڕوانامە و سوپاسنامە و پێزانینی بۆ کراوە، لە بانکی نێودەوڵەتیو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەکو وڵاتانی (بەریتانیا- میسر- لوبنان- ئوردن)، بۆ نموونە (٢) لەو بەڵگەنامانەتان ئەخەینە بەردەست، کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کراوەتەوە، تیایاندا نرخاندنی خۆی و فەرمانگەکەی ئەخاتە ڕوو لە کارەکانیاندا کە ئەنجامیان داوە.

بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین:

١. پێدانی پێشخستنی (قدم) بۆ ماوەی ساڵێک لە پلەکەی ئێستایدا.
٢. پێدانی سوپاس و پێزانین بۆ ناوبراو، بەرامبەر بەو کارانەی کە باسکران، هەروەها بۆ ئەو پلە باشانەی لەو خولانەدا بەدەستی هێناون.
٣. مکافەئە کردنی ناوبراو بە بڕێک پارە، کە شیاو بێت لەگەڵ ئەو کارە ڕێکوپێکانەی کە ئەنجامی داوە، لەگەڵ ئەو بڕوانامانەی لەو خولانەدا بەدەستی هێناوە و بووەتە مایەی سەربەرزی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.
لەگەڵ ڕێزماندا

**هاوپێچ/**
- (٢) بڕوانامە

**جەلال عومەر سام ئاغا**
**سەرۆکی لیژنەی بانکی زانیاری موچەخۆرانی**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان/ ئیدارەی سلێمانی پێشوو**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٧/٠٦/١٣**

**وێنەیەک بۆ:**
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری/ نوسینگەی تایبەت/ بۆ ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی پلاندانان/ نوسینگەی تایبەت/ بۆ ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
- نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان.
- هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی. بۆ ئاگاداریتان.
- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی/ بۆ ئاگاداریتان وبخرێتە دۆسییەی ناوبراوەوە/ لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی دیوان.
- خولاو.

| | |
|---|---|
| IRAQI KURDISTAN REGION | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| MINISTRY OF FINANCIAL & ECONOMY | وەزارەتی دارایی و ئابوری |
| | نوسینگەی بریکاری وەزیر |
| Date : / / 20 NO: | بەروار : / / 2000 ژمارە: |

## بۆ بەڕێز/ جەنابی وەزیری دارایی وئابوری

ڕێز و سڵاو...

نووسراوی دامەزراندنی (______)م پێ گەییشت، کە ئیمزای سەر پەراوێزی بکەم بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئەوەی ببێت بە بەڕێوەبەری گشتی، بە نیسبەت خۆمەوە بۆ ڕێزگرتن لە وەزارەتی دارایی بۆ حورمەتگرتن لە ڕای خۆم ئەو نووسراوەم ئیمزا نەکرد و ناشیکەم، لەبەر ئەم هۆیانە:

١. بەڕێوەبەری گشتی دەبێت لە بواری کارەکەیدا پسپۆڕ بێت، ئەم پیاوە فرێ بە هیچ پسپۆڕێتییەکەوە نییە.

٢. دەرچوویەکی سەرنەکەوتووی شەریعە، هیچ پەیوەندییەکی بە بەڕێوەبەرێتی گشتیی خانەنشینەوە نییە،

٣. ئامادەنیم چارەنووسی (٣٠-٤٠) هەزار هاوڵاتی خانەنشین بدرێتە دەست نەشارەزایەکی وا، کە ڕۆژانە دەیان کێشەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەویش هیچی لێ نازانێت. بۆیە دەبێت دەستەوسان بەدیارییانەوە دۆش دابمێنێت.

٤. دەزانم ئەم کارە بە (واسطة ) کراوە، وەک هەمووشمان دەزانین، بەڕێز جەنابی مام جەلال بە ڕێنمایی تایبەتی، لە هەموو دەزگا حکومی و حیزبییەکاندا، کارت و پسوڵە و واسطة و واسطةکاری قەدەغە کردووە، ئیتر چۆن دەبێت بۆ ئەم پیاوە ئەو (خەرقە نارەوا)یە بکرێت، لە کاتێکدا کە سوور بزانین: (إذا عهد امر إلی غیر أهله فأنتظر البلاء).

پێم سەیرە واسطە بگاتە ئەوەی (ڕەش بکرێت بە سپی)... هەر هیچ نەبێت بکرایە بە ڕەصاصیش هەر قەیناکا، بەڵام ڕەشی قەترانی بە سپی بێگەرد! ئەمە ناچێتە فەرهەنگی ئەم وەزارەتەوە، زۆریش پێم باشە کە بەڕێزان سەرۆکی هەرێمو

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاداشتەی من ببینن، چونكە وەك بەڕێزیان دەزانن واسطەش سنوری هەیە و خروقاتیش جێی سەرنجە.

٥. من لە لای خۆمەوە، بەزەییم بە بەڕێوەبەرە گشتییەكانی خۆمدا دێتەوە، كە هەریەكەیان لە بواری ئیشەكەیاندا پسپۆڕێتییەكی ئەوتۆیان هەیە و جێی خۆیان گرتووە و جێ دەستیان دیارە، ئێستا نەشارەزایەكی بێتوانا بێتە ڕیزی ئەوانەوە، وەك ئەوان ئیعتیباری بۆ بكرێت.

٦. ئەم بەڕێزەی لە وەزارەتی داراییدا دەبێت بەڕێوەبەری گشتی، چەندین كێشەی دارایی لەسەرە و هەریەكەشیان شیاوی لێكۆڵینەوەیەكی ڕەسمییە، كە دەریدەخەن چەند دەستپاكە لە ئیشكردندا!

٧. كاتی خۆی كە ناوی هاتە ناو ناوانەوە، دەگوترا ئەمە دەبێت بە (مدیر عام)، كارمەندانی وەزارەت بە نوكتە تێی دەگەییشتن و هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەكرد ببێتە ڕاستی.

٨. بۆ ئەم فەرمانبەرە، زۆر كەس لای منیش واسطەیان كرد، بەڵام كە لە حەقیقەت تێگەییشتن، لێی كشانەوە، لەوانە ( كاك صەلاح ڕەشید- كاك مەلا بەختیار)، تەنانەت كە دەستنوسەكەی ئەم پیاوەم نارد بۆ كاك مەلا بەختیار كە (ئیختصاصی عەرەبییە) و بەو عەرەبییە جوانە نوسیبووی، دەستبەجێ قەناعەتی كرد و تكاكەی خۆی كێشایەوە.

٩. بەڕێز خۆتان باش دەزانن، كە لێرە و لە هەموو جیهاندا شتێك هەیە لەم چەرخەدا، پێی دەگوترێت (مافی مرۆڤ)، من حەز ناكەم مافی وەزارەتی دارایی بەم شێوەیە و لەژێر زەبری واسطەدا پێشێل بكرێت و وەزیفەش ئاوا سووك بكرێت.

١٠. بەڕێزتان لە بواری كاركردندا بۆ كەسانێك (شدید العقاب) بوون، بەڵام نازانم چۆن لەم مەسەلەیەدا، وا (غفور رحیم) بوون.

١١. ماوەیەكە جەنباتان ئەوە دووبارە دەكەنەوە، كە دارایی بەجێدەهڵن، هەرگیز حەزمان لەوە نەبوو كە دوای ڕۆییشتنتان ئەم دەستەگوڵە بە دیاریی بۆ دارایی بەجێبهێڵن و ئەم وەزارەتەی پێی دەگوترا (أم الوزارات) ببێت بە (أم الوساطات و الترضیات)، تەنانەت ئەوەش ناشیاوە كە دەگوترێت گوایا دەكرێت بە (مدیر عام) و دوای دوو هەفتە تقاعد دەكرێت، بۆ ئەوەی سود لە دەرەجەكە وەربگرێت، ئایا ئەم كارە لەگەڵ بڕیارەكانی سەرۆكایەتی هەرێم بۆ ( ترشید و ترشیق) دەگونجێت.!؟

١٢. بە نیسبەت خۆمەوە، بەهیچ شێوەیەك ئیعتراف بەم تەعیینە ناكەم و هیچ جۆرە هاوكارییەكیشی لەگەڵدا ناكەم، بۆیە داوا دەكەم لەحاڵەتی دامەزراندنیدا با پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبەڕێزتانەوە هەبێت، چونكە من بەش بەحاڵی خۆم لەژیانی وەزیفیمدا،

هیچ جۆرە شتێکم قبوڵ نەکردووە کە پێی موقتەنەع نەبووبم، بەتایبەتی کە ئازاری ویژدانیشم بدات، ئێستاش وەک دەڵێن لەپاییزی تەمەنمدا ئامادەنیم ئەم جۆرە کارانە پەسەند بکەم لەسەر ئەو قاعیدەیەی کە زۆرجار دەڵێم حکومەت و وەزارەتی داراییم لەخۆم خۆشتر دەوێت هەر بۆیە بەمجۆرەش خۆمی بۆ هیلاک دەکەم.

لەگەڵ ڕێزماندا

(( ألهم فأشهد إني قد بلغت))

جلال عمر سام اغا
بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری
١١ / ٨ /٢٠٠٧

# {كۆنوس}

پاڵپشت بە فەرمانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١١٣١١) لە (٢٠٠٤/٩/١٤)، تایبەت بە پێكهێنانی لیژنەی باڵای هاوبەشی سیستمی نوێی موچە، لەسەر ئاستی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر ڕۆشنایی برگەی (٣) لە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١٠٣٩١) لە (٢٠٠٤/٨/٢٩). بە سەرۆكایەتی بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بە نوێنەرایەتی هەریەك لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی و بەشداریكردنی بەڕێوەبری ژمێریاری و بەڕێوەبەری میلاك لە دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری. بۆ دیراسەكردن و چاوخشاندنەوە بە موچە و پلە و ناونیشانی سەرجەم فەرمانبەرانی دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان. لە بەغداد ئاڕاستەمان كراوە و بە مەبەستی دیاریكردن و دانانی میكانیزمێكی نوێ و پیاداچوونەوە بە موچەو ناونیشان‌و پلەی فەرمانبەران لەسەر بنەماكانی سیستمی نوێی موچە:

سەرۆك و سەرجەم ئەندامانی لیژنە. ئەم پێشنیارانەی خوارەوە تۆمار دەكەین:

١. ڕێكخستنی موچە و پلە و ناونیشانی فەرمانبەرانی گشت وەزارەت و دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەپێی خشتەی هاوپێچ دەبێت، كە لەسەر بنەمای ساڵانی خزمەت و بڕوانامە ئامادە كراوە.

٢. بۆ هەر بڕوانامەیەك خشتەیەكی تایبەت ئامادە كراوە، كە بەپێی ساڵی خزمەت پلەكانیان دیاریكراوە، لەگەڵ دیاریكردنی ئاستی بەرز و نزمی موچەكەی.

٣. موچەی پلەی بەڕێوەبەرە گشتییەكان و ئەوانەی بەو پلەیە دێن بۆ هەر یەك ساڵ خزمەت یەك {ستێپ] وەردەگرن، كە لەو پلانەدا بێت تاكو ستێپی {چوار} و لە ستێپی پێنجەوە هەر بە دوو ساڵ خزمەت یەك ستێپیان پێ بدرێت.

٤. دیاریكردنی پلە و ناونیشان و موچەی فەرمانبەران پاڵپشت بە ڕاژەی فیعلی و ئەژماركراوی فەرمانبەر دەبێت، كە پێشتر ئەو ڕاژەیەی بە مەبەستی سەرموچە و پلە بەرزكردنەوە ئەژمار كرابێت.

٥. ماوەی مۆڵەتی بێ موچەی فەرمانبەر، بە ڕاژە ئەژمار ناكرێت و كاری پێ

ناکرێت بۆ دیاریکردنی پلە و ناونیشـان و موچە و ئەژمارکردنی سـاڵانی خزمەت.
٦. ماوەی دابڕان دەست لەکار کێشانەوە و خانەنشینی (الإنقطاع والإستقالة والتقاعد} بە راژە ئەژمار ناکرێت، بۆ مەبەستی دیاریکدرنی موچە و پلەی فەرمانبەران لە سیستمی نوێی موچەدا.
٧. ئەو ڕاژەیەی تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار کراوە، کاری پێ ناکرێت بۆ ئەو مەبەستە.
٨. ماوەی پێشخستن {القدم} بە هەر هۆیەک بێت، کە بۆ مەبەستی موچە و سەرموچە ئەژمار کراوە بە خزمەت دادەنرێت بۆ ئەو ماوەیەی کە موچەکەی پێشکەوتووە.
٩. پێدانی ناونیشانی {تدریسی} بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و ماجستێر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر بنەمای نازناوی زانستی و ساڵانی خزمەت دەبێت.
١٠. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە ناونیشانی {مامۆستا} لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، دوای قۆناغی {٤} لە پلەی {دوو} دەچێتە قۆناغی {١} لە پەلە یەکدا بەپێی ساڵی خزمەت و نازناوی زانستی، کە لە خشتەی هاوپێچ دیاریکراوە بە بوونی مەرجی پلەی چۆڵ لە میلاکدا.
١١. هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر بە ناونیشانی {مامۆستا} لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەپێی نازناوی زانستی دوای قۆناغی {٤} لە پلەی دوودا دەچێتە قۆناغی یەک لە پلەی یەکدا، بەپێی ساڵی خزمەت، کە لە خشتەی هاوپێچ دیاریکراوە و بە بوونی مەرجی پلەی چۆڵ لە میلاک و هەیکەلی {تنظیمی} دا.
١٢.
أ- دیاریکردنی ناونیشانی {مفتش تربوی أقدم} لە پلەی دووی سیستمی نوێی موچە بۆ دەرچووانی خانەی مامۆستایان و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بە بوونی مەرجی پلەی چۆڵ لە میلاک و هەیکەلی {تنظیمی}دا.
ب- دیاریکردنی ناونیشانی {إختصاصی تربوی أقدم} لە پلەی دووی سیستمی نوێی موچەدا بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بە بوونی پلەی چۆڵ لە میلاک و هەیکەلی {تنظیمی} فەرمانگەدا.
ج- دیاریکردنی ناونیشانی {رئیس إختصاصی تربوی أقدم} لە پلەی { یەک} لە سیستمی نوێی موچەدا بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوژوورتر بە ڕەچاوگرتنی بوونی پلەی چۆڵ لە میلاک و هەیکەلی {تنظیمی} فەرمانگەدا.

١٣. ئەو فەرمانبەرانەی بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چوونەتە پلەی {یەک} لە سیستمی نوێی موچەدا، مافیان پارێزرا و دەبێت موچەی کەسی و لێیان وەرناگیرێتەوە.

١٤. یاریدەدەری ڕاگری کۆلیژ و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، دەچێتە پلەی {یەک} بە ناونیشانی {یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی} بۆ ئەو ماوەیەی بەردەوام دەبن لەو کارەدا.

١٥. پێدانی دوو {قۆناغ} بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و شارەزاکان لە پلەی{یەک} لە سیستمی نوێی موچەدا.

١٦. دەرچووی زانکۆ و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان و خانەی مامۆستایان بەپێی ساڵانی خزمەت و بە بوونی پلەی چۆڵ لە میلاکدا دەچنە پلە {دوو} بە ناونیشانی {مدرس أقدم} و {معلم أقدم}.

١٧. پێدانی دوو قۆناغ لە سەروو موچەکانی خۆیان بۆ دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان کە پێشخستنیان بۆ کراوە {القدم} بە مەرجێ لە بواری خۆیاندا کار بکەن.

١٨. پێدانی دوو قۆناغ لە سەروو موچەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبەری فەرمانگە سەربەخۆکان، کە لە سیستمی ناوخۆی وەزارەتەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزارەت دێت دیاری کراوە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشەکان {مدراء الاقسام} لە دیوانی وەزارەتو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ئەوانەی بەو پلەیە دێت، بە مەرجێک پلەکانیان جێگیر کرابێت و تەنها بەڕێوەبەر {أصیل}یەکان دەگرێتەوە، کە گەیشتوونەتە پلە {٣} سێو بەرەو ژوور.

١٩. خەرجکردنی موچەی بەڕێوەبەر لە سیستمی نوێی موچەدا بۆ ئەو فەرمانبەرەی کە هەڵدەسێت بە کاری بەڕێوەبەری نوسینگەی وەزیرە بەڕێزەکان و هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم فەنی و بەرەوژوورتر و خاوەنی {٧} ساڵ خزمەت زیاتر بێت و لێهاتوو شارەزا بێت لە بواری کارگێڕیدا.

٢٠. دەرچوانی قوتابخانەی نەخۆشەوانی {ممرضە فنیة} بەپێی ساڵانی خزمەتو پلە و ناونیشان و موچەکانیان دەگاتە پلەی {سێ} لە پلەی ئاسایی سیستمی نوێی موچە.

٢١. خەرجکردنی موچەی بەڕێوەبەر لە سیستمی نوێی موچە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی هەڵدەستن بە کاری بەڕێوەبەری فەرمانگە سەربەخۆکان یان بەڕێوەبەری بەشن {القسم} و بەڕێوەبەری یەکەن {الوحدة} لە دیوانی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و ئەوانەی بەو پلەیە دێت. بە مەرجێک لە سیستمی ناوخۆی پێکهاتەی وەزارەتەکاندا ئاماژەی بۆ کرابێتو

ڕاژەکەیان لە {٧} ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم فنی و بەرەو ژوور تر بێت، یان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرەوژوورتر بێت، ڕاژەکەی لە {٥} ساڵ کەمتر نەبێت و بە فەرمان ئەو پۆستەی لە ساڵێک زیاتر وەرگرتبێت و شارەزا و لێهاتوو بێت و ئەو موچەی بۆی خەرج دەکرێت بە بەردەوامی، تا لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری فەرمانگە و بەشەکە {القسم- الوحدة} دا بمێنێتەوە.

٢٢. پێدانی یەک قۆناغ لە سەروو موچەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبەری شعبە {مدیر شعبة- مدیر الوحدة} لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و ئەوانەی بەو پلەیە دێت.

٢٣. پێدانی {١} قۆناغ بۆ ناونیشانی {شوفێر}ی ئۆتۆمبیلی ئاسایی لەسەروو موچەکەی خۆیەوە و پێدانی {٢} قۆناغ لە سەروو موچەکەی خۆیەوە بۆ شوفێرانی ئامێری گەورە و قورس و بیناسازی {المكائن والمعدات الثقيله والإنشائيهة}, بە مەرجێک بە فیعلی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

٢٤. دەرچووانی سەرەتایی و بێ بڕوانامەکان بە ناونیشان {رئيس خدميين أقدم} و {رئس حرفيين أقدم} دەگاتە قۆناغی {١٠} لە پەلە { ٥ } لە سیستمی نوێی موچەدا بە پێی ساڵانی خزمەت.

٢٥. ڕاژەی فەرمانبەر لە {٦} مانگ زیاتر بوو بە یەک ساڵی خزمەت ئەژمار دەکرێت لە شەش مانگ کەمتر فەرامۆش دەکرێت وە لەبەرواری { ٢٠٠٣/١٢/٣١} وە بە ئەساس دادەنرێت بۆ ئەو مەبەستە.

٢٦. دەرچوانی ئامادەیی کشتوکاڵ و پەیمانگای کشتوکاڵی دەچنە پەلە {دوو} لە سیستمی نوێی موچەدا بەپێی ساڵانی خزمەت و بە ڕەچاوگردنی بوونی پلەی چۆڵو لە میلاک و هەیکەلی {تنظیمی} فەرمانگەدا.

٢٧. دەرچوانی پەیمانگەی تەندروستی ئاژەڵ بە بوونی پلەی چۆڵ لە میلاک و هەیکەلی تنظیمی فەرمانگەدا دەچنە پەلە {دوو} لە سیستمی نوێی موچەدا.

٢٨. ئەو فەرمانبەرانەی دەرچووی سەرەتایین و چوونەتە پلە {٤} لە سیستمی نوێی موچەدا، موچەکانیان وەکو خۆیان دەمێنێتەوە و دەبێت بە موچەی کەسی و مافی وەرگیراو {الراتب الشخصي وحق المكتسب} و لێیان وەرناگیرێتەوە.

٢٩. فەرانبەران لە سەر ڕۆشنایی بڕوانامە و ساڵانی خزمەت، ئاستی بەرزی موچەکانیان بە پێی خشتەی خوارەوە دەبێت:

| | |
|---|---|
| سەرەتایی و بێ بڕوانامە | پلەی (5) |
| ناوەندی | پلەی (3) |
| ئامادەیی | پلەی (2) |
| پەیمانگا | پلەی (2) |
| بەکالۆریۆس | پلەی (2) |
| ماجستێر | پلەی (1) |
| دکتۆرا | پلەی (1) |

٣٠. نەهێشتنی پلە {١١} لە خشتەی سیستمی نوێی موچەدا هەروەک لە خشتەکانی هاوپێچدا دیاریکراوە.

٣١. لەکاتی پەسەندکردنی ئەم پێشنیارانەدا ڕێنمایی جێبەجێکردنی لە لایەن هەمان لیژنەوە ئەنجام دەدرێت.

٣٢. دوای پەسەندکردنی ئەم پێشنیارە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێزەوە لە بەرواری {٢٠٠٥/١/١١} ەوە جێبەجێ دەکرێت و هیچ جیاوازییەکی موچە خەرج ناکرێت بۆ ئەەو فەرمانبەرانەی خاڵەکانی ئەم { کۆنوس}ە دەیگرێتەوە.

# بەشی چوارەم

## الإستقالة من أجل الدفاع عن الشفافية

## دەست لەکار کێشانەوەم بە هۆی نائومێدبوون لە بنەبنڕنەکردنی گەندەڵی و بێدادییەکان

# (١)

## جلال عمر سام آغا
## يطرح أسباب إستقالته من منصب وكيل وزارة المالية والإقتصاد

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**السيد وزير المالية والإقتصاد المحترم**

خلال تسنمي المسؤولية، منذ شهر شباط(٢٠٠٠) في وزارة المالية والإقتصاد، تراكمت لدي ولدى العاملين في الوزارة أحاسيس وشجون كثيرة مبعثها الإفرازات السلبية للوظيفة وبعض الظواهر المدانة الأخرى، مما دفعني إلى مبادرة كتابة هذه المذكرة.. بما فيها من ألم وأمل.. ولا يخفى عنكم أن شعبنا دفع ثمناً غالياً لهذه التجربة وهو ينتظر منا ما وَعَدْنَاهُم بتحقيقها.

المفهوم الإداري المعاصر يَنْظرُ إلى التطوير الإداري، بأنه عملية إجراء تغييرات مقصودة ومعينة إذاء حالات التسيب، إن لغة الوظيفة عندي هي الصراحة والموضوعية والدقة على أن تسير محاذية مع متطلبات العصر من السرعة والإختصار، وهي من جانب الآخر القضاء على نزعة المُغالاة في الطلبات والمنافع الشخصية على أن يُقْتَرَن كل ذلك بالنزاهة والجُرأة والإقدام وعدم التردد في الإفصاح عن الحقيقة، وأن تحقيق هذه الأمور يتطلب منا أن نتضافر وأن نخطو خطوات واثقة وجريئة.

أرى لزاما علي وبدافع المسؤولية الوطنية والإدارية، ولما أجد في سيادتكم من النُبُل وإخلاص إعطاءكم صورة حقيقية عن واقع وزارتنا بقصد إيجاد الحلول الناجعة للظواهر المُدانة والتي بعضها مُقْرِفة جدا، وإن كان نجاحنا في المراحل الأولى من إجراءاتنا ضئيلْ، على أن لا نتهاون في إستئصال أية ممارسة شائنة وإخضاع المنحرفين والمسيئين إلى المُسَاءَلة القانونية.

علينا أن نتضامن من أجل تقليل والإقتصاد في النفقات وقطع دابِر المحسوبية والمنسوبية والتوسط والرَّشَاوى والإختلاسات في أجهزة الدولة.

ولا أجد مناصا من إقرار مبدأ العقاب والثواب بشكل فعال، وذلك لأن معظم المكلفين بخدمة عامة- الألم يحز في نفسي – ضعيف الشعور بالمسؤولية، إن لم يكن فاقدا أصلا، وما ينتج من ذلك من التسيب والإهمال الوظيفي أو القيام بالواجبات بالشكل الذي لا يخدم ولا يحقق المراد منها، فضلا عن أن هذا المسلك يخمد ويهبط حماس وهِمَة الآخرين، من

الحريصين والمخلصين لمساواتهم مع هؤلاء وعدم تقدير مواقفهم.

من الضروري أن تكون عيوننا منفتحة على مدار اليوم لمراقبة العاملين في الوزارة وفي أجهزة الدولة مع إقرار العدل والإنصاف أولاً، ومن ثم العقاب والثواب.

من دواعي غبطتي وسروري، ان يقترن إسمي بالصراحة، ومع ذلك فإن الحاجة القائمة والمُلِحَة أن تعم الصراحة كافة أجهزة الوزارة، لذا أرى أن ندعو الصراحة لزيارة وزارتنا ونلتمس منها قبولها لأيام معدودات لنتعلم منها، لأن الإفتقار إليها أو الإبتعاد عنها يُتيحَان الفرصة أمام اللصوص والمتملقين والإنتهازيين، ويضعا في متناولهم إمكانيات ونفوذ لتحقيق غايتهم غير المشروعة.

إن معالجة القضايا والمهام الوظيفية بدواعي عاطفية إنسانية، هي أسهل الطرق لإستبعاد أو تأجيل الحلول العملية والناجحة، وأن هذا المسلك يجعل من المعضلات أن تتراكم ويصيب الوزارة بالمراوحة والشلل، وعندئذ يصبح خطرا على مسارها، ليس في زمننا نحن، وإنما يسد الطريق أمام الذين يتولون المهام من بعدنا.

إن الأخذ بمباديء الأخلاق الفاضلة والركون إلى الرحمة والشفقة في إدارة أي مرفق قد يهدد الحق والإنصاف ويضيع الواجبات، وإن الرقة والعاطفة تذبحان الصرامة والعزم.

ياسيدي: يجب ان لا نتصور أن إرضاء كل الناس هو الصحيح دائما، وإن إغضاب أو محاسبة بعضهم خطأ لا يغتفر، إن أخطر ما يقع فيه الإنسان.. سواء كان سياسياً او مسؤولًا أو إدارياً هو السقوط في صمغ الطمأنينة والوداعة والُمهادنة، كما وأن الكارثة مبعثها القبول بحلول وسط إزاء مشاكل كبيرة ومعقدة وذات أبعاد مستقبلية خطيرة. هناك فيلسوف يقول: «عَوَاءُ الِذئَابِ أقرب إلى نفسي من كلمات التملق في العلاقات الإجتماعية».

بقدر ما يكون نجاحنا- بقدر ما يكون حسد الحاسدين وحقد الحاقدين، لنعمل سويا لسد الطرق أمامهم.

يا سيدي: وأنت سيد العارفين» أن الوظيفة لا تقتصر على تطبيق القوانين وتنفيذ التعليمات وحسب، بل هي متصلة بالحياة، موضوعها الحياة وفلسفتها خدمة المجتمع». وعلينا ان لا ُنصَاب بالدهشةِ عندما تفلت الأمور وتتهاوى أركان تجربتنا، فحينئذ علينا أن نعترف، بأنه كان لنا قسطاً في الكارثة- لا سمح الله.

أود هنا التطرق إلى حادثة، تركت آثارا كبيرة في نفسي وخلقت جروحاً دامية في قلبي، وهي لا تبارح ذاكرتي وأنا أُزَاوِلُ مهمتي الحالية في الوزارة، وهي بإختصار:

كنت مديرا للأمور المالية والإدارية في الأمانة العامة للثقافة والإعلام، التي شكلتها الثورة الكردية عام (١٩٧٤)، وكان هناك مسؤول كبير يرأس قسما مهماً وحساساً، وإن كان ناجحاً في عمله، إلا أنه كان كثير الطلبات، وعلى مدار اليوم وبإلحاح مفرط لأمور لم تكن ضرورياً لوظيفته أصلاً لأسباب مادية غير مشروعة، لذا كانت تدور بيننا مناقشات

حادة كنت أنجح فيها أحياناً، وأخرى أوافق على طلباته على مضض، وكان يستغل طِيْبَة و وَدَاعَة ورِّقَة الأمين العام الذي كنت أشبَهُهُ.. كما أُشَبِهُ سيادتكم الآن بغاندي العظيم والرحيم.
هكذا إستمر الحال بيننا، إلى أن واجهنا في عام (١٩٧٥) المؤامرة الغادرة المعروفة على الثورة، وبعدها أُجبرنا على مغادرة أرض الثورة والتوجه إلى إيران. شاهدت في الطريق سيارةً تقلُ صاحبنا، فَأَصَرّتُ على إيقاف السيارة مُرغِمَةً، وقلت لهُ.. يا فلان.. إنني لا أَنْفِي الأسباب والمصالح والدواعي التي كانت وراء المؤامرة، ولكن أؤكد قناعتي، بأنك وأمثالك كان لكم قِسطاً وافراً في نخرِ كيانِ الثورةِ وتخريبها من الداخل بتكالبكم على مكاسب غير مشروعة.. وبادرته بالقول، أَيُرضِيكَ هذا المصير؟ ثم ذكرته بالموافقة الشائنة.. إن هذه الحادثة لا تبارح مخيلتي مادمت حياً.
وهنا أود أن أشير بأن بعض ما يجري الآن في وزارتنا تذكرني بصاحبي هذا، إذ أن سلوك بعض العاملين في الوزارة تكاد تكون مطابقة لسلوكِ صاحبنا.
وإنني أتمنى أن أموت ألف مرة في يوم، وأن لا أرى ما حدثت للثورة الكردية، ان تلقى بضِلالها على تجربتنا هذه، ودافعي إلى سرد هذه الحادثة، هو إننا كلُنا داخل سفينة واحدة، فإذا خاطر أي منا بسلامتها أو عمل ثقباً فيها، فإن الكل يواجهون نفس المخاطر.
سيدي المحترم: أن المشاكل التي نواجهها ليست من التعقيد بحيث لا يمكن إيجاد حلول مناسبة لها، وأنَ تركها وشأنها على حالها، سيؤدي إلى نتائج غير سليمة، وهو تقصير، على أي حال وإن هناك متسع من الوقت لإعادة المياه إلى مجاريها أو كما يقال: « إعادة التوازن إلى الميزان المختل(٢٧)».
وقبل أن أقدم الإقتراحات والحلول، أود أن أضعَ أمام سيادتكم الصورة التي عليها المديريات العامة والأقسام العاملة فيها- من وجهة نظري- لتكون المقترحات عندئذ واضحة لديكم على ضوء هذه الصورة.

**المديرية العامة للديوان:-**
مدير العام رَجُلُ ظَرِيفٌ، إلا أَنَّ إدارته ضعيفة، وبالرغم من تَشَعُب مهام مُديرِيَتِهِ وكثرة المديريات والأقسام المرتبطة بها، إلا انه لا يكترث بقيام الأعمال فيها وغير مطلع على المشاكل والمعوقات، ولكونه غير مقتدر ولا يبالي، لذا قد فَقَدَ هَيبَتهُ، ولا يُقِيم أحدٌ وزناً لَهُ، بالرغم من إرشاداتي ومؤازراتي له، فهو لا يزال عاجز عن القيام بواجباته، هذا واقع المدير العام.. مما جعلني أن أحتل موقعه احياناً وأقومُ ببعضٍ من مَهَامِهِ، لا سيما ما يتعلق بقسم الخدمات، هذا القسم من المفروض فيه أن يعطي يومياً للعاملين في الوزارة والزوار والمراجعين.. إنطباعاً جيداً عن التنظيم الذي ينعكس في أمور كثيرة، منها.. تصليح

(٢٧) هذه المقولة.. في الأصل عنوان، لكتاب الكاتب الكردي المعروف المغفور له (مسعود محمد).

كافة المعدات والأجهزة في أوقاتها المطلوبة ونظافة الممرات والساحات والأشراف على الحدائق وغيرها من الأمور الخدمية الأخرى، إن كل هذه المهام لا أجد لها واقعاً ملموساً في وزارتنا.

**قسم الذاتية:-**

في الديوان.. قسم كفوء قائم بأعماله على الوجه المطلوب، وهو أمر لا يخفى على سيادتكم.

**قسم المحاسبة:-**

بالرغم من قيامه بالواجبات الإعتيادية، إلا أن عدم التجانس والنزاعات الفردية والنوازع الشخصية والحالة النفسية والعصبية لرئيسة القسم، من العراقيل التي تَحُولُ دون تطور، وتقدم هذا القسم، وهو قسم بوضعه الحالي لا يُبَشِر بالخير، وإنما يتطلب الأمرَ إعادة النظر في تشكيلته وتطعيمه بكوادر حسابية من خريجي الكليات والمعاهد ذات الإختصاص.

وإنني هنا لا أعفي نفسي من المسؤولية عدم الدقة في إختيار رئيسة القسم، والسبب في ذلك هو خلو القسم في حينه من مسؤول، مما دَفَعَني إلى الإستعجال في إيجاد البديل.

**المديرية العامة للمالية:-**

لا أبالغُ أنْ قُلتُ بأن هذه المديرية العامة بمثابة القلب الذي يمدُ الجسمَ بالدم والحياة، فهي وعاء التي يتم فيه جميع المعاملات والأمور المالية الخاصة بالوزارات كافة، فضلاً عن كونها المرشد الذي يوجه الوزارات وتنسق معها لتأخذ المهام المالية مسارها الطبيعي على الوجه الذي يخدم المصلحة العامة، وذلك عبر المتابعة والمراقبة لتكون المهام المُناطة للوزارات المختلفة في الحدود و المجالات التي رسمتها له القوانين والأنظمة الداخلية لها، مع الحرص الشديد أن تكون نفقات الدولة على قدر الحاجة المطلوبة دون إسراف وتبذير.

أقول والألم يحزُ في نفسي، بأن هذه المهام الجليلة لا يمكن أنْ تتحقق بصورة حسنة في ظلِ الشخصية الضعيفة لمديرها العام- أتمنى له الخير شخصياً- ولكن الأمانة الوظيفية تفرض عليَّ الإفصاح عن الحقيقة على مرارتها.

أن أعماله.. سواءٌ داخل الوزارة أو فيما يتعلق بالوزارات الأخرى تتسم بالسطحية والمزاجية، وتتخذ طابع المجاملات والأهواء الشخصية لا يليق بهذا المنصب، ولربما أن سيادتكم قد لمستم بعض من هذه الواقائع بأنفسكم. عليه أرى من الأنسب أنْ يُصَارَ إلى عملية إعادة تنظيم جذري لها وتطعيمها بكوادر كفوءة ومخلصة على أن تخضع مهامها عند البداية لإشرافنا معاً إلى أن تقف على قدميها.

**المديرية العامة للواردات:-**

وهي أيضاً من أهم المديريات العامة التابعة لهذه الوزارة، وتمثل موقعاً مهماً وحساساً، لكون مجال عملها يتسع لمهام و واجبات متشعبة وشائكة من أمور كمركية وضريبية وعقارية متنوعة،وهي تتولى المراقبة والإشراف على الجوانب الكبيرة من الحركة التجارية في داخل الإقليم وعبر الحدود، ويتعرض بعض من المديريات التابعة لها إلى إنتقادات كثيرة سواءٌ من قبل المسؤولين أو الأجهزة الحزبية أو من الجماهير، وإن كان بعض هذه الإنتقادات مبالغ فيها، وكليُّ أمل أن تتضافر جهودنا معاً في أن تجد المقترحات التي أثيرت في الندوات والإجتماعات في الآونة الأخيرة والتي حضر سيادتكم جانباً كبيراً منها طريقها إلى الحل، وأن يتم تطعيم هذه المديرية العامة بعناصر فاعلة وكفوءة ونزيهة لأنها المرآة التي تعكس صورة الوزارة، وكلنا حريصون أن تكون هذه الصورة مشرفة.

**مديريتي ضريبة الدخل والعقار:-**

التابعين لها، فإن القيادة السياسية لديها تحفظات وملاحظات سلبية كثيرة على هاتين المديريتين، ولا سيما مديرية ضريبة الدخل، ونأمل أن نخصص جانباً كبيراً من جهودنا لتفعيل هاتين المديريتين ودفعهما للتخلص من التعقيدات و أعمال الروتين التي تحيط بأعمالهما. لأن جانباً لا بأس به من إراداتنا متأتٍ منهما.

بقية المديريات الأخرى:- التابعة لهذه المديرية العامة، لا سيما مديريات الكمارك، فلا أجد ما يستوجب إليها لأن مشاكلها تُعرض على سيادتكم يومياً.

**بصدد مديرية الأملاك:-**

فهي مديرية ضعيفة، تحتاج إلى كوادر مختصة في مجال الأمور العقارية التي تتصف بتعقيدات كثيرة، وأن ضعفها مبعثها ضعف المسؤول عنها.

**مديرية التقاعد العامة:-**

فهي في الوقت الحاضر قائمة بواجباتها بصورة حسنة، لأن مهامها غير متشعبة، ولا يوجد ما يؤخذ عليها حالياً، ولكن يجب أن لا يغيب عن بالنا بأنها في المستقبل مقبلة على مهام كثيرة فيما لو فتحت آفاق جديدة أمام المتقاعدين، لذا علينا العمل على تهيئة كوادر جيدة لها.

**المديرية العامة لشرطة الكمارك:-**

المدير العام.. رجل متزن وهادىء حريص على العمل ومتدين، إلا أن هذه المزايا الحميدة

تفقد أهميتها بسبب النزعة العسكرتارية المتجسدة فيه، وكما تعرفون أن هذه النزعة قد عفا عليها الزمن، فضلاً عن مَسَاوئ الوهم والشك التي تحيط بتصرفاته، إذ يفسر الأشياء والأحداث على أوجه لا تمت بصلة بالواقع، ويبالغ في أهمية دوره ويتجاوز حدود شخصه ومنصبه كمدير و كمديرية عامة، هذه المآخذ تنعكس في تصرفاته وخطاباته الرسمية، وإنني قد لمست ذلك شخصياً، وأعتقد بأن سيادتكم هو الآخر على الإطلاع بذلك. ومع ذلك فإن أمور هذه المديرية العامة تنجز بصورة إعتيادية، ولكن كوادرها بحاجة إلى دورات تقوية في جميع المجالات العسكرية و الإدارية، وهي بحاجة ماسة إلى سيارات جيدة و من أنواع التي تصلح لعمل شرطة الكمارك، وتتطلب ذلك تزويدهم بما لا يقل عن (٢٠) سيارة، علماً بأن السيد رئيس الوزراء قد وعدهم في حينه بتأمين هذه السيارات لهم، لذا علينا متابعة هذا الأمر الحيوي، حرصاً منهم على تأمين المستلزمات العمل لهم.

**المديرية العامة للتجارة:-**

وهي مديرية عامة كبيرة جداً بمديرياتها المتعددة، والتي لها أهميتها الخاصة، ناهيك عن عدد هائل من الكوادر العاملة فيها. وأن مديرية المواد الغذائية التابعة لها تلعب دوراً كبيراً في إنجاز قرار (٩٨٦)، ومع ذلك فهي قائمة بواجباتها بصورة حسنة ولا توجد مشاكل تُذْكَر، وأن مديرها العام رجل متزن ونزيه ومسيطر على أمور مديريته العامة، وإنني عازم على متابعة أمور هذه المديرية العامة بشكل أكثر وأدق، إذ لم تسنح لي الفرصة ولا الوقت الكافيين لهذه المهمة لحد الآن، وكلي أمل أن أقوم بذلك في المستقبل القريب.

**المديرية العامة للبنك المركزي:-**

هذه المديرية العامة حديثة العهد بالعمل والواجبات عندنا لحد الآن لم نُلَمِسْ أي نشاط متميز لهذه المديرية، من الضروري أن تُوَلِيَّ وزارتنا الرعاية المطلوبة له وأن تمده بالنُصُحِ والإرشاد ليتمكن من الإشراف الفعلي على البنوك العامة لديه. منذ تأليف وزارتنا في الكابينة الأولى، كان لديَ تحفظ على تأسيس بَنْكٍ بإسمِ البنك المركزي، إذ لم تكن هناك ضرورة محلية ولا إقليمية ولا دولية، تبرر وجود هذا البنك، وبإمكاني أن أشرح لسيادتكم الأسس والأسباب لتحفظي هذا، إن رغبتم في ذلك.

**المديرة العامة للتخطيط والمتابعة:-**

إن هذه المديرية العامة، هي بالإسم فقط مديرية عامة، إذ في الواقع فهي في مستوى أقل من مديرية إعتيادية، وهي بعيدة كل البعد عن أعمال التخطيط والمتابعة، والسبب في ذلك هو قِلَّةُ إلمام ودراية المدير العام بواجباته ومهامه، بالرغم من كونه شخص لطيف ومنسجم مع رؤسائه كما و أنها تعاني من قلة الكوادر الكفوءة، وهذا يدعونا أن نفكر جدياً في كيفية

تطويرها، لتكن في مستوى المهام المطلوبة فيها، كما ولا يخفى على سيادتكم بأنني كثيراً ما أشجع مديرها العام على القيام بواجباته، و أُبيّن وأشرح له طرق العمل والمتابعة وأدفعه رغماً عنه إلى القيام ببعض واجباته ومهامه لكي يتسع أفق مفهومه الوظيفي وحتى أتدخل أحياناً في بعض أموره الشخصية والإجتماعية والتي أجد بأنه بحاجة إلى تبصيره بها. هنا لا بد من الإشارة إلى الأقسام العاملة في وزارتنا، لكي تأخذ هي الأخرى نصيبها من البحث لتكون سيادتكم أيضاً على الإطلاع بأمورها ومشاكلها بغية إيجاد الحلول للخلل والنواقص.

أ- **قسم الرقابة الداخلية:**- قسم ضعيف ويعزى السبب الرئيسي إلى مدير القسم وبعض كوادره غير المختصة، مدير القسم غير مقتدر، ولا غرابة في ذلك، لأنه خريج الدراسة الكردية. المستغرب في وزارة المالية التي هي أهم الوزارات والعين الساهرة على حسن إنجاز الأمور المالية فيها، أن يكون مدير قسم الرقابة المالية فيها خريج الدراسة الكردية. فإنْ هذا يُغتَفَر في وزارة أخرى، فإنه الكفر بعينه في وزارتنا، إن هذا القسم قد تم تشكيله من قبل المدير العام الحالي للمالية، الذي هو نفسه أحوج ما يكون إلى العقلية الوظيفية، التي تقرر كيفية تشكيل الأقسام وإختيار الكوادر المختصة، علماً بأنني بحثت هذا الموضوع مع ديوان الرقابة المالية، وكانت توجهاتنا مطابقة بصددِ هذا الخلل.

ب- **قسم الكومبيوتر computer**- إن العاملين في هذا القسم أناس طيّبون وحريصون على أعمالهم، ولكنهم تعوزهم الكفاءة والتدريب الضروريتين. إن هذا القسم لأهميته، ولكون الوزارة مقبلة على مجارات وملاحقة و متابعة المستجدات العلمية والتقنية في هذا المجال، لذا يتحتم علينا البحث عن السُبُل و الحلول التي من شأنها تطويره، وفي مقدمة هذه الحلول والتحري عن كوادر متقدمة وفاعلة و نَشِطَة لتوظيفها في أجهزة الوزارة وبعض المديريات التابعة لها، لاسيما مديريات ضريبة الدخل والعقار والتقاعد على أن يصاحب ذلك المشاركة في دورات تدريبية مكثفة داخل الإقليم و خارجه- ومن طموحاته أن نرسل المتفوقين منهم إلى الدراسات العليا في البلدان المتقدمة و المتطورة في هذا المجال.

ت- **قسم الحقوق (القانون):**- العناصر العاملة في هذا القسم.. عناصر شابة و حديثة التخرج، مع ذلك ومع ما ألمسه، قائمون بواجباتهم على الوجه المطلوب، وإنني شخصياً أتابع قضايا هذا القسم و أقدم إرشادات والتوجيه، حيثما وجدت في ذلك ضرورة، وهذه العناصر بدوافعهم الذاتية يعملون على تطوير أنفسهم، وهذا ما يفرحني كثيراً.

ث- **مديرية المطابع:**- وهي مديرية حساسة، مهامها جسيمة، إذ أن جميع المطبوعات

الضرورية لأعمال الوزارات بنماذجها المختلفة ومحتوياتها المعقدة يتم تأمينها من قبل هذه المديرية ، فضلاً عن كون هذه المطبوعات لها خصوصيتها الفنية والتِقَنِيَّة، لذا من الضروري تأمين المكائن والمعدات والمستلزمات العمل المتنوعة لها، وبالمناسبة أرى من الأنسب في الوقت الحاضر إيجاد المنافذ للإستفادة من قرار(٩٨٦) بهذا الصدد. مع البحث عن إيجاد الكوادر العلمية ذات الإختصاص في مجال عمل المطبوعات.

## المقترحات

**المساعدات الشهرية:** إن مساعدة الموظفين العاملين في الوزارة، من الأمور التي تفرضها روح العدل والإنسانية من جهة، كما وإنها من جهة أخرى ستكون مبعثاً للمثابرة والحرص على العمل، ولكن يجب أن لا يتسع مداها لتصبح وكأن هذه المساعدات أصبحت الراتب بعينه أو جزءاً منه، إن لم تدفع المساعدة في شهر ما كأننا حرمنا الموظفين من حق مكتسب، إذ لا يخفى عن سيادتكم بأن في كل شهر يدفع مبلغاً معيناً للموظفين في هذه الوزارة بإسم المساعدات، إلا أن المساعداتَ عادة تقتصر على شهر أو شهرين، وفي أقصى حد ثلاثة أشهر في السنة في المناسبات الوطنية والقومية والدينية، فإن تجاوزت حدودها المعقولة أصبحت تبذيراً وإسرافاً لا يُليقان بالوزارة حرصاً على أموال الدولة ولا تتناسب مع مقامها كوزارة «الأمْ»- أم للوزارات كلها ليست لأبناء وزارة واحدة.

**تخصيص السيارات:-** خصصت لكل مدير عام سيارة وسائق وحماية مع تأمين مستلزمات التصليح والصيانة وتوفير الوقود بسخاء، ولو كان الغرضُ من إستخدامها لخدمة الواجبات الوظيفية لهانت الأمور، إلا أن سوء التصرف بهذه السيارات وإستخدامها لأغراض شخصية وعائلية بصورة لا تليق أبداً بمركز الوزارة و لا بموقع المدراء العامون أنفسهم، بحيث أصبحت هذه السيارات حديثاً للناس، ولا أُبالغ أن قلتُ بأن إستخدامها غير المشروعة أصبحت مبعثاً للسخرية والإبتزاز ومصدر إرتزاق غير شريف للسواق لكل هذه المآسي لا أجيد تعبيراً دقيقاً غير القول أنها (كارثة مُعيبَة). بالرغم من كل ما ذَكَرْتُه، فإن مجلس الوزراء قد خصص مبلغ (١٠٠٠دينار) بدل سكن للمدراء العامون، فهل يبقى عندئذ أية مسوغ أو مبرر لمزيد من الزيادات....، ولكن- قلبي يتقطر دماً حرصاً على أموال الدولة، فإن وزارتنا تصرف لكل هؤلاء المدراء العامون (٥٠٠دينار) أخرى شهرياً دون أي وجهِ حقْ، لماذا هذه الزيادة الإضافية ياسيدي الفاضل؟ هل هم صغار الموظفين وفقراء، بحيث تستوجب هذه المساعدات؟ وهل هناك ما يميزهم عن زملاءهم من المدراء العامين في الوزارات الأخرى؟ وهل هذا سخاء لعدد محدود من المدراء العامين في وزارتنا فقط ينسجم مع كوننا «أمَاً» للوزارات؟

**التنسيب إلى مديرية الكمارك:-** نسب السيدان مديراً عاماً الواردات والمالية العامة إلى مديرية الكمارك لغرض صرف راتيبهما من تخصيصات الكمارك، لأنها مجزية وتَزِيدٌ عن

رواتب بقية المدراء العامين في الوزارة. فهل هناك أي سند قانوني ومالي وإداري يبرر هذا الإجراء، وإذا كان هناك وجهة نظر تبرر إبقاء راتب السيد مدير العام للواردات على تخصيصات الكمارك، فلا يوجد ما يبرر ذلك لمدير عام المالية ولأي منتسب في الوزارة- عدا العاملين أنفسهم من مديريات الكمارك.

عليه أقترح على سيادتكم ما يلي:

أولاً: إلغاء المساعدات للمدراء العامين الذين يقبضون (٥٠٠ دينار) شهرياً.

ثانياً: الإقتصار على تقديم المساعدات للموظفين في الوزارة على شهرين أو ثلاثة أشهر سنوياً، كما بينتُ سابقاً.

ثالثاً: حصر صلاحية منح المكافآة بشخص سيادتكم وسحبها من المدراء العامين، وفي حالة الضرورة، لهم حق تقديم التوصية إليكم بخصوص منح هذه المكافآة، علماً بأن عدد المدراء العامون الذين يمنحون هذه المكافآة لا يتجاوز إثنان، كما وأن منح هذا الإمتياز لبعضهم، يخلق نوعاً من التمايز والحساسية بينهم.

رابعاً: إعادة النظر في منح المخصصات الهائلة، التي تُدفَع إلى جميع منتسبي الوزارة بِنِسَبٍ تتراوح بين (١٠٠٪-١٥٠٪-٢٠٠٪)، بحيث يصبح مجموع ما يتقضاه موظف بسيط في وزارتنا يزيد عن راتب مدرس أو معلم أو خريج كلية في أي مرفق آخر في وزارات الدولة الأخرى، الذين لهم أكثر من (٣٠) سنة خدمة. والسبب في إلغاء هذه الزيادات هي:

أ- لأنها إمتيازاتُ خاصةَ بموظفي وزارة المالية دون غيرهم في الوزارات الأخرى، وهذا يتنافي مع أبسط قواعد العدالة.

ب- لا تستند على أية أُسُسٍ مالية وإدارية وقانونية.

ت- تشكل خرقاً للضوابط المالية التي يجب أن نكون أحرص الناس عليها.

ث- تتعرض وزارتنا إلى مُسَاءَلة قانونية من قبل هيئة الرقابة المالية، وهي مؤسسة أقل مركزاً من وزارتنا، أن هذه المساءلة من مرفق أدنى لا تليق بوزارتنا.

ج- عدا كل هذا، نملك أجوبة مقنعة لهذه الإجراءات، يا ترى؟

وأود أن أوضح لسيادتكم بأن هذه الزيادات لم تكن موجودة في وزارتنا قبل تسنمنا نحن المسؤولية، وقد تؤخذ نقطة ضعف علينا مستقبلاً، ونحن في غنىً عن ذلك.

وبالمناسبة.. اود أن أُذَكِرَ سيادتكم، بأننا قطعنا عن أنفسنا أمام السيد رئيس الوزراء، وعداً بأن يكون عملنا من أجل تحقيق تغيير إيجابي وجذري في الوزارة. فهل حقاً هذا هو التغيير المنشود والموعود؟

إستناداً إلى فضائل أخلاقكم الكريمة وقلبك الرحيم ونوازعك الإنسانية، أُبيحُ لنفسي أن أُقدم هذه المذكرة وحرصاً مني على المساهمة الفعَّالة في تدبير شؤون الوزارة، ولإعطاء صورة

عن وزارتنا لسيادتكم، نتيجة ما تراكمت لديَ من ملاحظات، ناهيك عن مُعاناةٍ وشجون. ليست بالضرورة أن تكون الصورة التي بينتُها في هذه المذكرة.. مطابقة لما تراها سيادتكم، إذ لا ولنْ أُبيحَ لنفسي الدقة والشرعية والإنصافُ الكامل والموضوعية المطلقة، إذ قد يكون لسيادتكم إلمام ببعض أوجه الصورة أو ترونها من أوجُهٍ أخرى قد تكون خافيةٌ عليَ، ولكن مبتغاي هو مصلحة الوزارة، لأنني حريص جداً أن نكونَ وزارة (أُم). وما أرجُوهُ أن لا يخلق مذكرتي هذه، (ألَماً) أو إحراجاً أو أيَ شيءٍ يُخِلُ براحة بالكم، وخوفي هذا مبعثه رقة قلبكم ونبل أخلاقِكم، وأعلم أن مكارم الأخلاق والفضيلة، دماءٌ تجري في عروقكم. وكثيراً ما ألتجِأ إلى عبارة كون سيادتكم مثل غاندي العظيم لروحه الفيَّاضة ودماثة أخلاقه وحسن تعامله وسعة صدره، وإنني أُحسِدكَ على غانديتك كإنسان رؤوف وعطوف وحنون، ولكن يا سيدي (غانديتك)، بالرغم من نبل أهدافها فإنها ليست بالضرورة، أن يكون نافعة على خط مستقيم في أمور وزارة كبيرة حساسة قد تحتاج أحياناً إلى بعض من تجاوزات، غاندي بإتجاه الحزم والصرامة والحرصُ على مصالح الدولة، لا سيما في مجتمعٍ كمجتمعنا، لا تزال نوازع التخلف بكل صورها المحزنة والمؤلمة كامنة فيه.

وإنني إذ أقدم هذه الإيضاحات، والتي أطلب فيها معالجة بعض التجاوزات والمساعدات غير الأصولية، لا لكوني لا تشملني هذه المعالجات، أو لأنني ليَ من الراتب ما يكفيني، بحيث لم يُعَدْ يهمني مصالح الآخرين، ولكن أظن سيادتكم قد لمستم ذلك، بأنه لم تكن المنافع المادية في يوم من الأيام في حياتي من القيم الإجتماعية التي أهتم بها، وكان ديدني وعلى خط مستقيم خدمة الآخرين، والحرص على أن تجري الأمور الوظيفية بمقاييسها المعروفة. ودليلي على ذلك مثال صغير أورده ليؤكد حقيقة إدعائي:

ومنذ بداية تشكيل وزارة المالية والإقتصاد في الكابينة الأولى، كنتُ مستشاراً في هذه الوزارة، وساهمتُ بجدٍ وإخلاص في بناءِ صرحِ الوزارة، وخدمتُ فيها بكلِ إمتناني وإمكاناتي بالتكاليف مع وزيرها الإستاذ (صلاح الحفيد) والأستاذ (دارۆ شێخ نوری)، دون أن أستلم شيئاً يذكر من الراتب المستشار ولمدة (٥٣ شهراً)، أي أربع سنوات وخمسة أشهر- هذا ناهيكم عن كل شكلٍ من أشكال أُجورُ الأتعاب. وإن موقفي هذا قد خلق ليَ عتاباً وإحراجاً من قبل بعض أُخوتي الآخرين من المستشارين في الوزارة. وكان ليَ نفس الموقف هذا، طيلة (١٤سنة، عندما كنتُ عضواً في مجلس البلدية السليمانية.

وختاماً أقولُ بكلِ صراحةٍ وقناعةٍ، بأنه شرف لي أن أعمل مع سيادتكم، وفخوراً جداً بأخلاقكم الفاضِلة وفخور أيضاً بـ(غاندي)تكم ولكن طَموحي وأملي أن تكون هذه ((الغاندية)) على مقاسات المباديء والصيغ الوظيفية المعتمدة والمعروفة. وليَ كلمة أخيرةُ وهيَ: لا أُخفي على سيادتكم حقيقة مؤلمة، وهي أن التسيب والفردية والمزاجية وروح التمرد والإتكالية، وحتى التجاوزات الوظيفية أصبحت سِمَةً مميزةً لوزارتنا، وأثناء

مداولاتنا ومناقشاتنا اليومية، كنتُ دائماً أبديِ لكم مخاوفي من أن تنتهي الأمور في النهاية إلى هذه الحالة، لذا فهي ليست بخافية على سيادتكم. هناك تواتر بين العاملين المخلصين، بأن السبب في ذلك هو فقدان المركزية و الإفتقار إلى الحزم والصرامة وتطبيق القوانين والتعليمات، كل هذه الأمور خلقت ظاهرة غريبة، وهي تجميع المشاكل والمعوقات كلها لدي، وأنا كإنسان مهما أوتي من إمكانيات، عاجز عن الإحاطة بكل هذه الأمور، فلا غَرابة في أن أدفع أحياناً ببعضٍ منها الى سيادتكم، ولكن في معظم الأحيان تدفعها ثانية إليَ، لعدم إتخاذ قرار حازم بشأنها من قبلكم. وإذا بدت لي وبعد هذه الإيضاحات الصريحة والشافية، بأن الأمور تجري في المستقبل على نفس النمط والمنوال الحاليين دون أي إقدام لمعالجة جذرية، فلا مناصَ لي من إتخاذ الإجراء، الذي لابد منه، والذي أراهُ أنسب الحلول هو الإنسحاب بهدوء من المسؤولية للأسباب المبينة في هذه المذكرة والتي أُوجِزُها جميعاً بعبارة صغيرة و معبِرة، وهي أن وزارتنا لم تخطو خطوة واحدة إلى الأمام منذ تسنمنا نحن الإثنين المسؤولية، وإنما خطت خطوات إلى .....!

وأريد ان أؤكد لسيادتكم- ولا حاجة إلى التأكيد، لأن سيادتكم تعرفونني، كما أعتقد بأنني لست من النوع الذي يكتفي بمزاولة الأعمال الروتينية، وقضاء الوقت وإستلام الرواتب، وإنما خُلِقتُ وهذا قدري إنساناً مبدئياً صارماً مع نوازع النفس والحياة، وخائفاً من أحكام التأريخ العادلة و حريصاً على حقوق الناس وحقوق وأموال الدولة، لأن كلاهما مقدسان لديَ. وكلي أملٌ أن تكون بصحة جيدة، وأن تنجح في إدارة الوزارة على الوجه الذي يفرحكم ويفرحني.

وشكراً وألفُ شكر

**جلال عمر سام آغا**
**وكيل وزارة المالية والإقتصاد**
**٢٠٠٠/٠٨/١٧**

## مقترح بصدد السيارات المخصصة
## للمدراء العامين والموظفين في وزارات الدولة

إن مصاريف السيارات المخصصة للمدراء العامين أو لغيرهم من الموظفين المسؤولين- من غير الوزراء و وكلاء الوزارات، تجاوزت حدودها المعقولة وإستخداماتها هي الأخرى، تجاوزت العمل الوظيفي المعتاد، وهو أمر لا يخفى على معظم الناس. عليه بغية التخلص من مشاكل إستخدام السيارات، وتقليل المصاريف الهائلة التي تقتضيها إستخداماتها ومن ثم للتخلص من مساويء وسوء تصرف السواق، نقترح: بيع تلك السيارات إلى هؤلاء وفق الأسس والضوابط الآتية:

١. تحديد سعر أية سيارة يراد بيعها وفق هذا المقترح، من قبل لجنة فنية مختصة، مؤلفة من ممثل رئاسة مجلس الوزراء و ممثل عن الوزارة المالية والإقتصاد وخبير في مديرية المرور العامة، وآخرين من ذوي الإختصاص، على أن يقترن قرار هذه اللجنة بموافقة السيد رئيس الوزراء.

٢. بغية التشجيع على شراء بهذه الطريقة، يُخْصَم مبلغاً قدره (١٠٪) عشرة بالمائة من أصل السعر الذي قدرته اللجنة.

٣. إستيفاء (٥٠٪) خمسون بالمائة من أصل مبلغ السيارة، بعد خصم (١٠٪- المشار إليه) نقداً ومقدماً.

٤. تقسيط المبلغ المتبقي إلى أقساط الشهرية تحددها وزارة المالية والإقتصاد.

٥. يتم إستيفاء الأقساط الشهرية، سواءاً بقيَ الموظف المشتري في الخدمة أو لم يبقَ لقاء كفالة ضامنة.

٦. يجوز بيع السيارة في أي وقت كان على أن يدفع في تأريخ البيع كامل المبلغ المتبقي بذمته نقداً ودفعة واحدة.

٧. الدولة غير ملزمة بتأمين السيارات للمدراء العامين، الذين يتم تعينهم بعد هذا الإجراء.

ملاحظة-

إن هذا الإجراء لا يشمل المدراء العامين أو الموظفين الذين تتطلب أعمالهم، تأمين السيارات المطلوبة لهم أو للمديرياتهم، ويُترَك تقدير هذا الأمر إلى الوزير المختص، علماً بأن الحكومة المركزية، قد أقدمت على هذا الإجراء في الستينات من القرن الماضي، وكانت له نتائج إيجابية.

# (٢)
# دەست لەکار کێشانەوەم بە هۆی نائومێدبوون لە بنەبڕنەکردنی گەندەڵی و بێدادییەکان

## ب/ دەست لەکار کێشانەوە

بەڕێز جەنابی مام جەلال
بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم کاک کۆسرەت رەسوڵ
بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک عومەر فەتاح
بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

وەک ئاگادارن دیوانی چاودێریی دارایی بە بڕیار و پشتگیری بەڕێزتان دامەزرێندراوە، وەک لە نیزامی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی(١٩٩٩) دا هاتووە. ئەو بڕیارە لەوەوە هات، کە بوونی ئەم دەزگایە بۆ هەر حکومەتێکو لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو و یاسادەروەردا بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە ئەم دەزگایە بەرپرسە لە داکۆکیکردن و پارێزگاریکردنی موڵک و ماڵی میللەت و حکومەت و بەکارهێنانیان لە چوارچێوەی یاسا و بڕیارەکاندا. دیوانی چاودێریی دارایی لە کاتی دامەزراندنییەوە تا ئێستا دڵسۆزانە و لەخۆبوردووانە کاری خۆی کردووە و مانگانە سەدان ملیۆن دینار و دەیان هەزار دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت ئەگێڕێتەوە، هەروا سەرپێچی و لادان و گەندەڵی لە دەزگاکانی حکومەتدا دەستنیشان ئەکات و ئامۆژگاری دارایی و یاسایی پێویستیان بۆ پێشخستنی کارەکانیان ئەداتێ. بە درێژایی ئەو ماوەیە دیوانمان، نەک هەر رەخنە و گلەیی لەلایەن بەڕێزتانەوە نەهاتۆتە سەر، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەردەوام ستایش و دەسخۆشیتان لە دیوان کردووە، تەنانەت لە کاتی پاڵاوتن و دیاریکردنی وەزیرەکانی کابینەی حکومەتی یەکگرتوودا، ڕاپۆرتەکانی دیوانمان لە بارەی هەندێک بەرپرسی حکومەتەوە بە گرنگ وەرگیران، هەرچەندە ئێمە بە هیچ جۆرێک پێشنیارمان بۆتان نەکردبوو، کە ڕای ئێمە لەم مەسەلەیەدا

وەربگرن. ئەوە بوو دوای دیاریکردنی وەزیرەکانی یەکێتی بە ڕۆژێک بەڕێز د. بەرهەم بە تەلەفۆن پەیامی سوپاس و پشتگیری بەڕێز مام جەلالی پێ ڕاگەیاندین. دواتریش بەڕێز مامۆستا جەلال جەوهەر هەمان پەیامی بە تەلەفۆن‌و بەهاتن بۆ ماڵمان پێ ڕاگەیاندین. لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا و لەگەڵ ئەو پشتگیرییە پێشەکییەی جەنابی مام جەلال و ئێوەدا، دەزگاکەمان (دیوانی چاودێریی دارایی) بەرەوڕووی ئاستەنگی جێبەجێ نەکردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان بۆتەوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە.

## بەڕێزان:

لێرەدا ئەمانەوێ، بۆ ئێوە و بۆ مێژوو، ئاماژە بۆ هەندێ شتی دیکە بکەین:

١. خۆتان ئەزانن، کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان داوای هیچ جۆرە پۆست و وەزیفەیەکم لە بەڕێزتان نەکردووە، هەر پۆستێکیشم وەرگرتبێت دوای ئیلحاح و ئیسراری بەردەوامی ئێوە بووە. بۆ نموونە: بۆ پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی ئەو کاتەی ئەنجومەنی وەزیران جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک کۆسرەت ڕاستەوخۆو لە ڕێگای هەندێ برادەری نزیکمەوە ئیلحاح و داوای لێکردم و ڕازی نەبووم ئەو پۆستە قبوڵ بکەم. سەرەنجام کار گەیشتە ئەوەی جەنابی مام بۆ خۆی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و بەوپەڕی لوتف و مەحەبەتەوە و بە جۆرێک داوای قبوڵکردنی ئەو پۆستەی لێ کردم، کە نەمتوانی بێ ئەمری بکەم، بەڵام بۆ پۆستی سەرۆکی دیوان، بەڕێز د. بەرهەم شایەتە، کە ئەمەشیان هەر بە ئەمر و داوای جەنابی مام بوو، چونکە من ڕازی نەبووم ئەو پۆستە وەربگرم، لە جیاتی ئەوە داوام کرد کە خانەنشین بکرێم و مووچەی خانەنشینییەکەشم بە دەزگای شەهیدان یان دەزگای کەمئەندامان ببەخشم، لە هەمان کاتدا پێشنیاری کەسێکی ترم بۆ کرد لەناو دیوانی چاودێریی دارایی، کە بکرێتە سەرۆکی دیوان، بەڵام د. بەرهەم پێی وتم ئەمە قبوڵ نییە، چونکە جەنابی مام تۆی بۆ ئەم کارە کاندید کردووە و لەبەرئەوەی من ئەندامی یەکێتی نیم، جەنابی لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی فەرموویەتی کە (جەلال حیسەی منە بۆ ئەو پۆستە). من کە ئەو پۆستەم قبوڵ کردووە بۆ ڕووسووری خۆم و بنەماڵەم و میللەتەکەم و جەنابی مام و جەنابی کاک کۆسرەت و جەنابی کاک بەرهەم صالح، کە ئەم متمانەیەیان پێ داوم، بە هیچ جۆرێک پۆستەکەم بۆ بەرژەوەندی خۆم و کەسوکارم ئیستیغلال نەکردووە، بە پێچەوانەوە جگە لە مووچەکەم هیچ جۆرە ئیمتیاز و پاداشتێکم لە هیچ کەس و لە حکومەت قبوڵ نەکردووە و تەنانەت ڕازی نەبووم کە حیمایەشم هەبێت، هەروەها

لە کاتی خۆیدا دوو جار بە نووسراوی ڕەسمی داوام کردووە کە مووچەکەم کەم بکرێتەوە ، چونکە ئەوکاتە باری دارایی حکومەت باش نەبوو، ئەم داواکارییەش لە ڕوونکردنەوەکانی دیوانی چاودێریی داراییدا بڵاوکراونەتەوە، کە لە کاتی خۆیدا نێردراوە بۆتان.

٢. دوای ئەوەی لە ماوەی دوو ساڵ زیاتر و تا ئێستاش دیوان و سەرۆکی دیوان ڕووبەڕووی بێشەرمانەترین و ناشرینترین شاڵاو بوونەتەوە، وەک لە پاشکۆی ئەم نووسراوەدا پیشاندراوە، بۆیە مافی خۆمانە بڵێین:

أ- جەنابی مام جەلال ئێستا جەنابتان تەنیا سەرکردەیەکی هەرێمی و ناوچەیی نین، بەڵکو سەرکردەیەکی گەورەی جیهانیشن، بە ناوی دیوان و سەرۆکی دیوانەوە، هێندەی گەورەیی خۆتان گلەییتان لێ‌ئەکەین، چونکە ئێوە، هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد بەڵێنی پشتگیریتان پێ دابن، کەچی لەگەڵ ئەوەی بەڕێزتان ئاگاداری ئەسڵی کێشەکە بوون، بە کردەوە هەستمان بە پشتگیری بەڕێزتان نەکرد ، هەر بۆیە گلەیی گەورەمان لە بەڕێزتانە، بە تایبەتی ئێمە هەمیشە داواکاری پشتگیری لە هەق بووین، نەک پشتگیری شەخسی.

لەبەر هەموو ئەم هۆیانە مافی خۆمە وەک هاووڵاتییەک ، پێش ئەوەی سەرۆکی دیوان بم، داوا لە جەنابی مام جەلال بکەم، بەو سیفەتەی سەرۆککۆمارە و جێگری سەرۆکی سوسیال دیموکراتی جیهانییە، کە ئەمر بفەرموێت: لێپێچینەوەی حیزبی لەگەڵ قادر حەمە جان بکرێت، بە هۆی ئەو هەموو درۆ و بوختان و تەشهیرو قەزفەی، کە بەرامبەر بە دیوان و سەرۆکی دیوان کردوویەتی و بەرامبەری گەندەڵییەکانی کە لە ڕاپۆرتەکانماندا هاتوون و (لە پاشکۆی ئەم نووسراوەماندا بەشێکی ئەبینرێن)، بۆ ئەوەی وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتی هەقی خۆی وەربگرێ، چونکە بە ڕای ئێمە ڕەفتارەکانی ناوبراو پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچەوانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە، کە خاوەنی ئەو هەموو سەروەرییەیە و ئێستا بە شانازییەوە بووەتە ئەندامی سوسیال دیموکراتی جیهانی، چاوپۆشیکردن لە بوختان و درۆ و دەمدرێژی ناوبراو و گەندەڵییەکانی یەکێکە لەو هۆیانەی کە خەڵک گلەییمان لێ دەکات و باسمان دەکات و تەنانەت لێشمان دەرەنجێت لەبەر گەندەڵی لەو جۆرەی، کە بۆتە ویردی سەر زمانی هەموو کەس. ئەگەر چاوپۆشیکردن لە گەندەڵی و دەستدرێژی کەسانی درۆزن و گەندەڵ، سەدان کەسمان لە دەرەوە و ناوەوەی یەکێتی لێ بڕەنجێنێت، بەڵام لێپرسینەوە و سزادانی ئەم جۆرە کەسانە هەزاران لایەنگرانمان بۆ دروست دەکات و ڕێگا بۆ پاراستنی حورمەتی یاسا و بەرزڕاگرتنی سەروەری یاسا خۆش ئەکات.

**بەڕێزان..**

ئەوا بۆ دوو ساڵ دەچێت ژمارەیەک دەعوای یاساییمان لە دادگای سلێمانی لەسەر ئەم بوختانکەرە تۆمار کردووە، هەست ئەکەین یا دەستێک هەیە لە دادگا، یا لە ئەنجامی ترسێکەوەیە، کە نایەڵێ ئەم دەعوایانە ڕێگای ئاسایی و یاسایی خۆیان بگرن. بۆیە بۆ جارێکی کە ڕوو ئەکەمەوە جەنابی مام جەلال، وەکو یاساناسێک، کە بەرپرسێکی گەورەی یەکێتی رابسپێرێ بۆ ئەوەی داوا لە سەرۆکی دادگا بکات کە ئەو دەعوایانە ڕێگای یاسایی و ئاسایی خۆیان بگرنە بەر و ئاگاداری بکەن، کە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بە هیچ جۆرێک زەخت ناکات کە هیچ تۆمەتبارێک، لەم مەسەلەیەدا، لە یاسا بەدەربکرێت و نابێت یەکێتی ڕێگە بدات لە پێناوی لێنەپرسینەوەو ئابڕونەچوونی کەسێک یان چەند کەسانێک وڵاتێک ئابڕووی بچێت.

مامی بەڕێز و خۆشەویست: بێئەندازە لە سنگفراوانی و دڵسۆزی و دادپەروەریتان دڵنیام، هەروەها لەبەر دڵسۆزیشم بۆ ئەم حکومەتە کوردییە و بۆ ئەم دیوانی چاودێرییەی ئەرکی چاکسازی و پاکسازیی گرتۆتە ئەستۆ، ڕێگەم بە خۆم دا بەو جۆرە ڕاشکاوانە ئەم نووسراوەتان بۆ بنووسم و ئاراستە بکەم.

ب - گلەیی دووەممان لە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (کاک عومەر فەتاح) هەیە، چونکە جەنابی، چ لە ڕێگای ڕاگەیاندن و چ لە ڕێگای ئێمەوە بە نووسین یان قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێمە، لە تەواوی ئەو مەسەلەیە ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام جەنابی زۆر خەمسارد و بێباک بوو. ئەم خەمساردیو بێباکییەی کاک عومەر بوونە هۆی ئەوەی کە قادر حەمەجان درێژە بدات بە درۆ و تەشهیرو بوختان هەڵبەستن بۆ دیوان و سەرۆکی دیوان و زیاتر پێ لەسەر ئەم کارە ناڕەوایەی دابگرێ، ئەمەیش پرسیاری لای دڵسۆزانی گەلەکەمان دروست کرد، کە بۆچی حکومەت و حیزب لەم شاڵاوە ناڕەوایە بێدەنگن؟! ئێمە دڵنیاین کە گەلەکەمان وریایە و ڕەش و سپی لێک جیائەکاتەوە و ئەزانێ ئێمە کێین و چی ئەکەین و قادر حەمەجانیش کێیە و چی ئەکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە قادر حەمەجان چ نەبەردی و جوامێری و سەروەرییەکی وەهای بۆ یەکێتی و گەلەکەمان کردووە، جگە لە دروستکردنی کۆشک و مەسبەح و باخ، تا بەم جۆرە چاوپۆشی لێ بکرێت، کە بووە هۆی ئەوەی نەک هەر سوکایەتی بە دیوان بکات (کە پێی نەکرا)، بەڵکو تەنانەت سوکایەتی و بێ حورمەتی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بکات، چونکە ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە و ئەم دەزگایەش لەلایەن یەکێتیو حکومەت (ئیدارەی سلێمانی) دامەزرێندراوە و لە کاتی کابینەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵدا نیزامەکەی دەرچووە. ئایا قادر حەمەجان، کە ئێوە باش ئەیناسن، ئەوە

ئەهێنێ کە دەزگایەکی گرنگی وەک دیوان و سومعەی یەکێتی بکرێنە قوربانی؟ دوای ئەوەی دۆست و دوژمن درۆ و دەلەسەکانیان لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە؟ کە ئەم درۆ و دەلەسە و بوختانانە، بمانەوێ و نەمانەوێ، بوونە لەکەیەکی دیار لە ئەرشیفی حکومڕانی نەتەوەییماندا و بوونە پەڵەیەکی شەرم لەسەر مێژووی حیزب.

ئا بەو جۆرە ئەم پیاوەی کە هەموو لایەک وەک سەرۆکی شارەوانی سلێمانی متمانەی دایە، بێباکانە، ئەم گەمەیەی بە موڵک و ماڵی دەوڵەت کردووە، بۆیە جێگای سەرسوڕمانی شارەکەمان بوو کاتێک بۆ یەک دوو جار ناوی قادر حەمەجان بڵاوکرایەوە لە ڕۆژنامەدا، کە گوایە دەکرێت بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی! سوێندتان ئەدەم بە مێژووی خۆتان و خەباتتان، کە ئایا ئێوە ئەم پیاوە ناناسن؟ چۆن شاری سلێمانی، کە بە شارێکی هۆشیار بەناوبانگە و پێی ئەوترێ شاری هەڵمەت و قوربانی و داگیرکەران پێیان وتووە شارە صەعبەکە، بەچ پێوەرو ویژدانێک موقەدەراتی ئەم شارە و ئاسایشەکەی ئەخرێتە ژێر دەستی کەسێکی ئاواوە؟! ئاوا پاداشتی قوربانییەکانی ئەم شارە ئەدرێتەوە؟!

بەڕێز جەنابی مام جەلال ..

بەڕێزان برایانی مەکتەبی سیاسی ..

ئەوەی کە قادر حەمەجان لە ماوەی زیاتر لەو دوو ساڵەدا لەگەڵ دیوان و سەرۆکی دیوان کردوونی هەموویان لای ئێوە ڕوون و ئاشکران. ڕاستییەکەی ئەم بێحورمەتییە پێش هەر شتێک بێحورمەتی بووە بەرامبەر شارەوانی سلێمانی، هەروا بێحورمەتییە بەرامبەر حکومەت و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بە دڵنیاییشەوە ئەڵێین: کە کارەکانی ناوبراو هەرگیز ڕوویەکی گەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرناخات، چونکە لە مێژووی عێراق و کوردستان و ڕەنگە دەرەوەی وڵاتیشدا کەسێک نەبووە توانیبێتی بەم جۆرە درۆ و بوختان بۆ دەزگایەکی بە قانوون پارێزراو هەڵبەستێ.

ئەمانەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هیچ کاتێک نەبووە فەرمانگەیەکی فەرمی (رسمی) ئیهانەی فەرمانگەیەکی دیکەی فەرمی بکات، وەک ئەوەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بە دیوانمانی کردووە، تەنانەت لە کاتی دانانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی(١٩٦٩)دا یاسادانەر (مُشَرِع) هیچ بەندێکی دانەناوە بۆ تاوانبارکردن یان سزادان بۆ ئەو حاڵەتە، چونکە یاسادانەر هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان حاڵەتێک لەو جۆرە ڕووبدات لە حکومەتدا، کە بەندی( ٢٢٥) برگەی (ب) ببێتە بەڵگەیەکی گەورە بۆ ڕۆژگاری خۆی. شایانی باسە، بەندی ناوبراو سزای بۆ ئەو کەسە ئاساییانە داناوە، کە ئیهانەی چەند

لایەنێکی پیرۆزی دەوڵەت دەکەن، هی وەک ئاڵا و سوپا و دادوەری و دەستوور و .... هتد. یاسادانەر بیری لەوە نەکردۆتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان حوکمەتێک دروست ببێت، یان حوکمەتێکی کوردی دروست ببێت، کە خۆتان زۆر باش دەزانن بە چ قوربانیدان و لافاوی خوێنی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی دروست بووە و لەگەڵ ئەوەیشدا قادری حەمە جانی تێدا هەڵبکەوێ، کە لە پۆستێکی فەرمیدا و لە ڕاگەیاندنێکی فەرمیدا بۆ ماوەی پتر لە دوو ساڵ ئەم هەموو هێرشی درۆ و دەلەسە و بوختان و تەشهیرو قەزفانە بکاتە سەر دیوانی چاودێریی دارایی، کە تاکە گوناهی ئەوەیە گەندەڵی و دزی و سەرپێچی بێشەرمانەی ناو دەزگاکەی جەنابی لە ڕێگەی دوو ڕاپۆرتی نهێنییەوە دەرخستووە، کە تیایدا هەمان کات بە شێوازێکی نهێنی باسی ئیجرائاتەکانی سەرشانی خۆمانمان وەک ئەرکێکی ئاسایی تێدا کردووە.

بەرێز جەنابی مام جەلال..

بەرێزان برایانی مەکتەبی سیاسی..

داوا لە بەرێزتان دەکەم، کە یان ئەو دەزگایە هەڵوەشێننەوە، بۆ ئەوەی قادر حەمەجان و ئەمسالی ئەو بە ئارەزووی خۆیان یاری و تەراتێن بە سامان و موڵک و ماڵی حکومەت بکەن، چونکە ئەم دیوانە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەزگایەکی گرنگ و باڵادەستە، کەچی لە وڵاتی ئێمەدا بەو جۆرە پەلامار بدرێ و هیچ لایەنێکی حکومیو حیزبیش لەسەری هەڵ نەداتێ، بێ هیچ جۆرە گومانێک دەبێتە هۆی لاوازبوونی و پەککەوتنی، یان لیژنەیەکی تایبەتی حیزبی بۆ لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە پێک بهێنرێت، ئەگەر ناوەڕۆکی ئەم نامەیە و ڕوونکردنەوەکانی دیوانمان ڕاست دەرچوون و دەرکەوت کە ئێمە ناهەقی و بێ حورمەتیمان بەرامبەر کرابوو، سزای حیزبی بدرێت، هەر بەو شێوەیەی کە جەنابی مام جەلال داوای کردووە سزای ئەو ئەندامانە بدرێت کە ناو و ناوبانگی یەکێتی ئەزرێنن، هەروەها بە پێویستی ئەزانین لیژنەیەکی حکومیش لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی سزای ئیداری بسەپێنرێت بەسەر لایەنی خەتابار‌دا. ئێمەش لای خۆمانەوە لە دادگادا، وەک مافی شەخسی خۆمان، چەند داواییەکمان لەسەر ناوبراو تۆمار کردووە، هەرچەندە دیاردەکان ئەوە ئەگەیەنن کە دەست ئەخرێتە کاری دادگاوە، بەڵام ئێمە لە مافی خۆمان خۆش نابین. هەموو ڕێگایەکی یاسایی و ئاسایی ئەگرینە بەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنین، کە ئەم غەدرە چ بۆ دیوان و چ بۆ خۆمان و چ بۆ بنەماڵەکەمان قبوڵ ناکەین، کە وەک وتمان سەرباری سوکایەتیکردنەکانی بە دیوان لە مانشێت و لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیشدا (١٨٣) جار بە شەخسی و بێرێزانە بە (گەندەڵ، موختەلیس،

....هتد) ناوی بردووین، بۆیە ئامادەین سەریشمان لەم ڕێگایەدا ببەخشین، بەڵام ناهێڵین گەندەڵكاران بەبێ سزا دەربچن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین: ئایا ئەم شاڵاوی درۆ و بوختان و تەشهیرەی بۆ ماوەی دوو ساڵێكە دژی دیوان و سەرۆكی دیوان ئەكرێ شایەنی ئەوە نەبوو هێندەی كێشەی نێوان سایەقی ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی و بەرپرسی ئیدارەی مەكتەبی سیاسی (كە وەك لە ڕۆژنامەدا بڵاوكراوەتەوە لیژنەی تەحقیقی بۆدانراوە) بایەخی پێ بدرێت و بەدواداچوونی بۆ بكرێت؟!. ئێمە وەكو دیوانی چاودێریی دارایی، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا زۆر بە دامەزراندنەوە و پێشخستنی دیوانەوە هیلاك بووین، بە شەونخونی ئەو كادیرە پێشكەوتوانەی دیوان توانیمان دیوان بگەیەنینە ئەو ئاستەی كە مانگانە زۆر بە بێدەنگی و نهێنی سەدەها ملیۆن و هەندێك جار دەیان ملیار دینارو دەیان هەزار دۆلار بگەڕێنینەوە بۆ خەزێنەی حكومەت. ئەمەیش نەك بە قسە، بەڵكو بە ژمارە و ئامار، كە جەنابی كاك عومەر فەتاح وەك جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لەمە ئاگادارە. بۆ نموونە، تەنها لەو پارانەی كە ساڵانێكە لای كەسانێكی ناوەوە و دەرەوەی حكومەتن یان بە نایاسایی سەرف كراون و دەبێت وەربگیرێنەوە بەپێی ڕاپۆرتەكانی دیوانمان نایگەڕێننەوە ئێستا لەژێر گوشاری ئێمەدا شەست و حەوت ملیار دینار خەریكی وەرگرتنەوەیانن، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا سیولەیەكی نەقدی بۆ حكومەت پێك دێنێ و دەتوانین بەم پارەیە دەیان قوتابخانە و خەستەخانە و پرد و ڕێگاوبان و پرۆژەی ئاو..... هتد لە قەزا و ناحیەكاندا دروست بكەین. جگە لە ملیارەها دیناری تری پارەی ئاو و كارەبا و تەلەفۆن، كە بە دوای وەرگرتنەوەیانین و بە ڕاپۆرت نێردراوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان، جگە لەوەی زیاتر لە شەش ملیار دینارمان بۆ حكومەت گەڕاندۆتەوە لە ڕێگای نەهێشتنی دوو مووچە و سێ مووچەی ژمارەیەك لە فەرمانبەران. دەزگایەك ئەمە كارەكانی بێت، كەچی بەم جۆرەیش بەر پەلاماری وەها كەوتبێت و ئێوەیش بەم جۆرە خەمساردو بێدەنگ بن بەرامبەری، ئەم دەزگایە بۆ داخستن باشە!!.

ج - گلەیی سێیەممان لە سەرۆكی پەرلەمانە، ئێمە تا ئێستا سێ جار نووسراومان ئاڕاستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكی پەرلەمان كردووە، بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕێگای لیژنەیەكەوە كە خۆیان دایبنێن ، تەنانەت كار گەیشتە ئەوەی كە بەڕێز عومەر فەتاح بە نووسراوی ڕەسمی داوای لێ كردین كە ئەگەر بە باشی بزانین ئەم مەسەلەیە بدەین بە پەرلەمان. بۆ ئەم مەبەستە و بۆ جێبەجێكردنی ئەو نووسراوە جێگری سەرۆكی دیوان و بەڕێوەبەرە گشتییەكان سەردانی نوسینگەی پەرلەمانیان كرد لە سلێمانی و زۆر بە فراوانی باسی شاڵاوی درۆ و بوختانەكانی ڕاگەیاندنی

شارەوانی سلێمانییان بۆ کردن و زیاتر لە دە ئەندامی پەرلەمان لە لیستی جۆراوجۆر ئامادەبوون. ئەو ئەندامانەی پەرلەمان پشتگیری داواکەی ئێمەیان کرد و بە یاداشتێک دایان بە سەرۆکی پەرلەمان، کە تیایدا داوای لێکۆڵینەوەیان کرد لەم کێشەیە، لەکاتێکدا ئەو کێشەیە ئەوەندە درێژەی کێشا کە بووە عەیبەیەک بۆ هەموو لایەک، بە تایبەتی حکومەت و حیزب، کە ئەبوو لیژنەکەی پەرلەمان ئاگاداری حکومەت و پەرلەمانی بکردایە لەلایەنی خەتابار، بەڵام پەرلەمان تەنانەت ئەم کارەشی نەکرد.

بەڕێز جەنابی مام جەلال..
برایانی مەکتەبی سیاسی..
بە مافی خۆمانی دەزانین ڕووی بەشێکی گلەییەکانمان ڕووبەڕووی زۆربەی برایانی مەکتەبی سیاسی بەڕێز بکەینەوە، چونکە تا ئاستێکی باش ئاگادارییان هەیە، کەچی ئەوانیش بێدەنگن! لە هەمان کاتدا سوپاس و پێزانینی خۆشمان ئاڕاستەی بەڕێزان مامۆستا جەلال جەوهەر و د. فؤاد معصوم و کاک عادل مراد..... ئەکەین، کە هەریەکەی بە جۆرێک لە بەشێکی کێشەکانماندا هەڵوێستیان هەبووە ولای دیوانمان نرخێنراوە.

لە ئەنجامدا ئەڵێم:
١. ئاشکرایە لە هەر وڵاتێکی یاساسەروەردا، بەرپرسێکی حکومی پلەکەی هەرچەندێ گەورەبێ، ئەگەر ناوی کەوتە ناو ڕاپۆرتەکانی دەزگایەکی گرنگی وەک دیوانی چاودێرییەوە و سەرپێچی کردبوو، ئەبێ ئەو کەسە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بە تایبەتی دیوانی چاودێریی دارایی، لەخۆڕا، یا لەسەر چرپەی ئەم و ئەو، لە کەس هەڵناپێچێ، بەڵکو پشتبەست بە موستەنەد و ژمارە و بەڵگەی زیندوو گەندەڵییەکان ئاشکرا ئەکات. ڕاپۆرتەکانیشی کاری تاکەکەسی نین تا گومانی رقوکینە و بەرژەوەندی تایبەتیان لێ بکرێت، ئەو ڕاپۆرتانە لەلایەن دەستەیەکی چەند کەسییەوە ئەنجام ئەدرێن و دوایی بەلای چەند بەرپرسێکی وەک سەرۆکی دەستەو جێگری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری گشتی و جێگری سەرۆکی دیواندا تێئەپەڕن، ئینجا ئەگەنە سەرۆکی دیوان. کەچی لەم هەرێمەی ئێمەدا، ئەنجام نەک هەر پێچەوانەی ئەو دەستورە گشتییەیە، بەڵکو کەسانێکی گەندەڵ، بە تایبەتی پلە گەورەکان، یا وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرئەچن، یا پلەی گەورەتریان ئەدرێتێ، یا ئایەتەکە وەرئەچەرخێ و ئەوان خۆیان ئەکەن بە مودەعی و دەزگای دیوانو بەرپرسەکانی تاوانبار ئەکەن! وەک لەم نووسراوە و نووسراوەکانی پێشوومانددا

ڕوونمان کردۆتەوە. ئەم دیاردەیەش بۆتە هۆی ئەوەی گەندەڵییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەبسێنن و پەزمەندە (تراکم) ببەستن بە جۆرێک کار گەیشتۆتە ئەوەی جەنابی مام جەلال کارە گرنگەکانی خۆی وەک سەرۆکی کۆمار بەجێبهێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ چارەسەری ئەو گەندەڵیانە، کە لە ڕاستیدا ئەوە ئەرکی سەرشانی بەڕێزیان نییە و لەگەڵ ئەرکە زۆرەکانی لە بەغداد ناگونجێ. ئەبوو هەر لە سەرەتاوە گرنگی بدرایە بە ڕاپۆرتەکانی دیوانمان و گەندەڵیەکان لە بێشکەدا بخنکێنرایە، بەوەش ئەزموونی هەرێمەکەمان بە ڕاستی ئەبوو بە ئەزموونێکی نموونەیی بۆ عێراق و بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دیوانی چاودێریی لە ماوەی کارکردنیدا بە زیاتر لە (٢٣٩٠) ڕاپۆرت تا (٢٠٠٨/١٢/٣١) دەستی خستۆتە سەر گەندەڵییەکان، کەچی جێگەی داخە، کە ئەو ڕاپۆرتانە هەر ئەوەندە بڕ ئەکەن تا ئەگەنە وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئیتر زۆرینەیان ئەخەوێنرێن و تۆزیان لەسەر ئەنیشێ! ئەمەش ڕاستییەکی ئەوەندە ئاشکرا و لەبەرچاوە، کە نەک هەر ڕۆشنبیران و نووسەران بەردەوام لەسەری ئەنووسن و ئەو گەندەڵییانە ڕووخساری ئەزموونەکەمانی ناشرین کردووە، بەڵکو ئەگەر لەناو بازاریش محاسەبەی بازرگانێ، قەسابێ، سەوزەفرۆشێ بکەی، بە ڕووتا هەڵئەگەڕێتەوە و ئەڵێ: تۆ جارێ بچۆ گەندەڵییەکانی ناو حکومەت چارەسەر بکە، ئەوسا بەرۆکی من بگرە؟! ئێمە سەربارى ڕاپۆرتەکانی پێشوومان، لە دوای یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەوە، زیاتر لە سەدەها ڕاپۆرتمان ناردووە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت، کە گەلێ کێشەی گرنگ و کاری نایاساییان لەخۆ گرتووە لەسەر هەموو ئاستەکان، بە تایبەتی پرۆژەکانی وەک: (شەقام، پرد، ڕێگاوبان، بینای فەرمانگەکان و ...... هتد)، کەچی دوای دوو ساڵ هەندێ لەو ڕاپۆرتانەمان، کە داوامان کردبوو لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، لەبەر گرنگی ناوەڕۆکەکانیان و ئەو سەرپێچی و لادانە ترسناکانەی تیایاندا هاتووە، بەڵام ئەو ڕاپۆرتانە وەک خۆیان مانەوە و پێیان ڕاگەیاندین کە بیان دەین بە وەزارەتی دارایی تا ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن!! لەکاتێکدا بەشێ لەو ڕاپۆرتانە وەزارەتی داراییش ئەگرێتەوە و ئەبێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. وەزارەتی داراییش بە ناچاری هەندێ لیژنەی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لیژنانە لە ئاستی ئەو کارانەدا نین، بەڵکو ئەبوایە لیژنەیەک لە ئاستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا بەو کارە هەستایە. ئێمە، لەبەر گرنگی ئەو بابەتە، لێکۆڵینەوەکانمان نەداوە بە وەزارەت و دەزگاکان، چونکە هەندێکی بەرپرسی یەکەم ئەگرێتەوە. ئیتر چۆن لیژنەیەکی لاواز توانای لێپرسینەوەی ئەبێ لەو کەسی یەکەمانە؟!

ئەو ملیارەها دینارەی باسمان کرد و دیوانمان دەستینشانی کرد و بە نووسراو ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییمان کرد، ئەبوایە وەزارەتی دارایی خۆی لەوانە بەئاگابوایە و بەدواداچوونی لەسەر بکردایە بۆ وەرگرتنەوەیان، پێش ئەوەی هی چەند ساڵێک کەڵەکەببێ، لەکاتێکدا خودی وەزارەتی دارایی و خەزێنەکانی ئەو پارانەیان داوە، هەروەها بڕێکی زۆر پارەی کارەبا و تەلەفۆن و ئاو، کە زیاترە لە (٥٢) ملیار دینار (پەنجا و دوو ملیار دینار)، ئەویش ئەبوایە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی خۆیان بەدواداچوونیان لەسەر بکردنایەو کەڵەکە نەبوونایە، وەک چۆن کاتێ بەڕێز کاک (عماد أحمد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، تەنیا لە ئەنجامی یەک مانگ بەدواداچووندا لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان، وەک لە دەوڵەتزانێک (رجل الدولة)، دەیان ملیۆن دیناری گەڕاندەوە بۆ گەنجینەی حکومەت و دەیان لە ڕاپۆرتە هەڵواسراوەکانی ئێمەش کۆتایی پێ هێنرا و داخران، بەڵام دوای ئەو مانگە، کێشەکە چووەوە دۆخی پێشووی، چونکە ئیتر بەدواداچوون نەما.

## بەڕێزان:

بەرامبەر ئەم واقیعە تاڵ و نالەبارە، ئێمە وەک دەزگای دیوانی چاودێریی، بەر لە هەر کەس و لایەنێکی تر، خەمیان پێوە ئەخۆین. بۆیە ڕاشکاوانە پێتان ئەڵێم: ئەگەر ئەم دەزگای چاودێرییە بە ڕاستی بۆ چاکسازی و لەناوبردنی گەندەڵییە، ئەبێ هەیبەتی بپارێزرێ و پشتی بگیرێ و ڕاپۆرتەکانی جێبەجێ بکرێن، خۆ ئەگەر تەنیا دەزگایەکی ڕووکەشە و بۆ خۆڵکردنە چاوە، ئەوا من بەش بە حاڵی خۆم شەرەفمەندنیم بە مانەوەم لەم وەزیفەیەدا، چونکە وەزیفە لای من خزمەتە و مێژوو، نەک ناونیشان و مووچەی بەرز و ئیمتیازات، کە بە کردەوەش خۆم لێ پاراستوون، بۆیە هەست دەکەم جسمێکی غەریبم لەناو جەستە گەورەکەی حکومەتدا، بۆیەکا بۆ جاری پێنجەم داوا لە بەڕێزتان دەکەم لە کارەکەم ئیعفام بکەن، داواکاریشم لە بڕیاری ئیعفا و خانەنشینکردنمدا بنووسرێت کە لەسەر داوای خۆم بووە، هەرچەندە لە دێرزەمانەوە دەمەوێ تا مردن بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی کورد و کوردستان بکەم، وەک کەسێکی نەتەوەیی، ئەشمەوێ بڵێم کە ئەو ڕۆژەی لە وەزیفەکەم دەرئەچم خاوەنی یەک مەتر دووجا خانوو ، یان زەوی نیم.

٢. من بڕوا و متمانەی تەواوم بە جەنابی مام جەلالە، کە ناهەقی قبوڵ ناکاتو حیساب بۆ یاسا و مافی مرۆڤ ئەکات و لە مەکتەبی سیاسیش دڵنیام، بۆیەکا چاوەڕوانم ئێوە بە جۆرێکی دادپەروەرانە لە داواکانمان بپرسنەوە و هیوادارم وەک

هەمیشە بێئومێدمان نەکەن، بە پێچەوانەی ئەوەوە دوای خانەنشینکردنیشم ناچار دەبم هەموو ڕێگایەکی یاسایی و ئاساییکە بگرمە بەر. بە ڕاستیش پێتان ئەڵێمەوە، ئامادەم سەریشم بەخش بکەم لە پێناوی ئەوەدا کە گەندەڵکاران بکرێنە عیبرەت و نەیەڵین موسەیلەمەیەکی کەزاب و گۆبلزێکی تری نازی و موحەمەد سەحافێکی تری گاڵتەجار لە کوردستان دروست ببێت.

ئێستاش لە ڕێگای میدیاکانەوە میللەتەکەمان دڵخۆشە بە هاتنەوەی جەنابی مام جەلال، کە سەرکردایەتی هەڵمەتی چاکسازی و پێداچوونەوە ئەکات لە حکومەت‌و حیزب دا، ئێمەش هەر لەم ڕوانگەیەوە دەڵێین باشترین مەیدان و مەحەک بۆ سەرەتای جێبەجێکردنی ئەو کارە، ئەم داوایەی ئێمەیە، لە هەمان کاتدا کاراکردن (تفعیل)کردنی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێرییە، (کە زیاتر لە (٢٣٩٠) ڕاپۆرتن)، ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ کەم کردنەوە و ڕووبەڕوو بوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵی، چونکە زۆربەی ئەم لادان‌و سەرپێچیانەی هەن لە دامودەزگاکانی حکومەتدایە و کاریگەری خۆیان کردووەو ڕەنگدانەوەی خراپیان لەلای کۆمەڵانی خەڵک دروست کردووە. هیوادارین ئەم هەڵمەتە ڕێچکەی ئاسایی خۆی بگرێت و بەردەوام بێت و کاتی نەبێ و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو نەبێت لەگەڵ هیوا و ئامانجی کۆمەڵانی خەڵک یەک بگرێتەوە. سەرەتای ئەم هەڵمەتەش، وەک بەڕێز مام جەلال دەستی خستۆتە سەر، جیاکردنەوەی حیزبە لە دەسەڵات. ئەگەر کاتی خۆی بیانوویەک هەبووبێ بۆ باڵادەستی حیزب بەسەر حکومەتەوە، ئێستا دوای (١٧) ساڵ، بە هیچ جۆرێک ئەو بیانووە نەماوە. ڕاستە مافی هەر حیزبێکە هەوڵ بدات زیاترین قورسایی هەبێ لە پەرلەماندا، هەروەها مافی حیزب و پەرلەمانە چاودێریی حکومەت بکات، بەڵام مافی هیچ حیزبێک نییە خۆی بسەپێنێ بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتدا. ئەو دامودەزگایانە ئەبێ بدرێنە دەستی مرۆڤی پاک و تەکنوکرات دوور لە حیزبایەتی و خزمایەتی و دوور لە وەلا و بۆ ئەم حیزب یا ئەو حیزب یان ئەوکەس. لە ڕاستیدا هۆی سەرەکی جێبەجێ نەکردنی ڕاپۆرتەکانی ئێمەش ئەو باڵادەستییە حیزبییەیە بەسەر ئەو دامودەزگایانەوە. چونکە هەڵسووڕاوە حیزبییەکان، لە وەزیرەوە تا کارگوزار، خۆیان لە سەرووی یاساوە ئەبینن، هەر ئەو تێڕوانینەشە ئەیانخاتە زەلکاوی گەندەڵییەوە و دوایی گەندەڵییەکە تەشەنە ئەکا بۆ سەرتاپای حکومەت بۆ بازاڕ و کێڵگەکانیش و ئەنجام سەری حیزب‌و دەسەڵاتیش ئەخوات. لە دوا وتەمدا و پێش ماڵئاوایی لە کارەکەم بە پێویستی ئەزانم هەر بۆ مێژوو عەرزتان بکەم، کە دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی دەزگایەکی کارامە و لێهاتوو و بەتوانایە، خاوەنی (٢١) بیست و یەک دەستەی چاودێرییە، کە وردبینی لە دەزگاکانی حکومەتدا دەکات و تا ئێستا زیاتر لە (٢٣٩٠) ڕاپۆرتی زۆر

وردو گرنگی، بە نەزاهەت و دادپەروەرانە و نەترسانە، لەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەت و رێکخراوەکان ئامادە کردووە، بە پێچەوانەی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەولێر، کە بە هۆی دۆخی تایبەتی خۆیانەوە نەیتوانیوە وەک پێویست کارەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. لەبەرئەوە لە کاتی یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانەکەدا، کە کارێکی پیرۆزە، وای بە چاک ئەزانین کە ئەم دیوانە بە توانا و کارامەیە (لە سلێمانی) بکرێت بە مەرکەزی سەرەکی و لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی لە هەولێر و دهۆک سەرپەرشتی هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکەن، ئەمەش پێشنیارێکە بۆ مێژوو. لە ڕاستیدا دەکرێت تەنانەت هەندێک لە وەزارەتەکانیش لە پایتەخت نەبن و بەپێی سروشتی کارەکانیان بەسەر شارەکانی سلێمانی و دهۆکدا دابەش بکرێن، جگە لە هەندێ وەزارەتی گرنگ کە دەبێت لە پایتەخت بن، وەک وەزارەتی دارایی، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە و هەر وەزارەتێکی تر کە لەو ئاستەدا بێت، هەر بەو جۆرەی لە هەندێک وڵاتانی وەک کۆریای باشوور و سوید و هەندێ وڵاتی تر ڕەچاو دەکرێن، چونکە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و ئاسانبوونی پەیوەندیکردن لە ڕێی تەلەفۆن و فاکس و ئیمەیل و پەیوەندی داخراوی تەلەفزیۆنییەوە دەتوانرێت بە ئاسانی پەیوەندی و تەنسیق لەگەڵ پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکاندا بکرێت، ئەم کارە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بوژاندنەوەی شارەکانیشەوە بایەخی خۆی هەیە، بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا کە کارەکانی ئاسان کردووە، هەروەها دابینکردنی دادپەروەرییە لە تێڕوانین بۆ شارەکان.

لەگەڵ ڕێزماندا ....

**تێبینی:**

ئەم نووسراوە لە پێش چەند مانگێکدا ئامادە کرابوو کە پێشکەش بکرێت، بەڵام بە هۆی سەرقاڵی و سەفەری جەنابی مام جەلالەوە، پێشکەشکردنەکەی دواکەوت دوای هەندێ دەستکاری.

( اللـهُـم فَـاشـهَـد، إني قَدْ بَلَّغـت )

**دڵسۆزتان**

**جەلالی عومەری سام ئاغا**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**

**٢٠٠٨/١٢/٣١**

## وێنەیەک بۆ/

• بەڕێز مامۆستا جەلال جەوهەر/ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی چاودێریی و پشکنینی (ی.ن.ک) / بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی پێمان ڕاگەیەنراوە کە وێنەیەکی ڕاپۆرتەکانی دیوانمان ئاراستەی بەڕێزتان بکەین، بەو هۆیەوە لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەم هێرشە ناڕەوایە بوون، کە ڕووبەڕووی دیوانمان بۆتەوە و هەڵوێستی ویژدانیتان و نەتەوەییتان تیایدا هەبووە، تکا و داوامان ئەوەیە کە ئەم نووسینەمان و پاشکۆکەی بە شێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن بەڕێزتانەوە بخرێتە بەرنامەی کاری یەکێک لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بەڕێزەوە، کە جەنابی مام جەلال بەشداری تیا ئەکات، هەروەها داوا لە بەڕێز مام جەلال بکرێت بە گشتاندنێک ئەم نووسراوەمان بدرێتە ئەندامانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و ئەگەر بەڕێزیان بە گونجاوی بزانن، وێنەیەکی بدرێتە میدیاکانی (ی.ن.ک) و ئاگادارکردنەوەمان لەگەڵ ڕێزماندا....

• نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان/ لەگەڵ وێنەیەک لە پاشکۆی ئەم نووسراوە.

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 325 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2006/9/5 |
| نوسنگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان | بەرامبەر:14/گەلاوێژ/ 2706 |

**بەڕێز/ جەنابی مام جەلال - سکرتێری گشتیی (ی.ن.ك)**
**بەڕێز بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)**
**بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت**
**ب/ ڕوونکردنەوە**

دوا بەدوای نووسراومان ژمارە ٣١٠ لە ٢٠٠٦/٨/٣١.

بەڕێزان، بەندە وەک یەکێک لە کارمەندەکانی حکومەتی هەرێم، چەندین ساڵ خزمەتی حکومیم بە دڵسۆزییەوە بۆ گەلەکەم و خاکەکەم خستۆتە سەرساڵانی خزمەتی ڕابردووم و لە هەموو تەمەنمدا، ئەم چەند ساڵەی دوایی بە جوانترین گوڵی یەخە و باڵای خزمەتی دووروودرێژی خۆم دەزانم، چونکە تێیدا بە دڵی خۆم بۆ گەلی خۆم و بە ئیرادەی خۆم لە ژێر پەرچەمی حکومەتی کوردی خۆمدا خزمەتم کردووە.

وە لە دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، کە ئەمەیان لەسەر داوا و تەکلیف و فشاری ئێوەی بەڕێز بووە، تیایدا زۆر ئاسودە و ئارام و سەربەرزم، چونکە لەو ماوەیەدا زۆرترین خزمەتم بە حکومەت کردووە، ئەویش بە دەستنیشانکردنی چەندین دز و درۆزن و دەستبڕ و موخالەفەچی و گێڕانەوەی پارەو موڵک وماڵێکی زۆری دەوڵەت بە بەردەوامی بۆ جێگای شیاو و شایستە و یاسایی خۆی، کە لە هەندێ مانگدا دەگاتە (دەیەها و سەدەها ملیۆن دینار) و (دەیەها هەزار دۆلار). لەو کارانەشمدا ڕۆژێک لە ڕۆژان داوای پشتیوانی و یارمەتی و تەنانەت پاسەوانی تایبەتیشم لە هیچ کام لە ئێوە، چ وەک حیزب یاخود حکومەت، نەکردووە!

( هەرچەندە ئەوە وەکو پلەی وەزیفی، سەرەتاییترین مافی یاسایی خۆمە)، ئەمەش مایەی ئاسودەیی دەروون و سەربەرزیمە لە هەموو کارەکانمدا و پێی شادمانو دڵخۆشم. هەرچەندە دوای بەهەند وەرگرتنی زۆربەی ڕاپۆرتەکانمانو حساب بۆ کردنی و هەڵسەنگاندنیان لە کاتی دانانی کەسایەتییەکان بۆ پۆستە

گرنگەکانی حکومەت، چ ڕابردوو چ لەم دواییەدا، هەمووتان لە شەخصی جەنابی مام جەلالەوە تا مەکتەبی سیاسی بەڕێز بە بێ داوای بەندە و هەر لە خۆتانەوە پەیمانی جۆرەها پشتیوانی و پشتگیریتان پێ داین، ئێمە ئەو پشتیوانییەمان لێ داوا نەکردوون، چونکە پێمان وابوو ئێمە ئەرکی کارمەندیی و حکومەتی خۆمان جێبەجێ کردووە، بەڵام کاتێک دیوان و سەرۆکایەتییەکەی دەکەوێتە بەر هێرشی ناڕەوا و چەواشەکاری کادرێکی سەرکردایەتی نزیک لە هەمووتان و دوای ئەوەی خۆی سنور ئەبەزێنێت و باسی دیوان دەکات و چوارچێوەی مشتومڕەکەی لە ئاستی ڕەسمییەوە ئاڕاستەی باری شەخصی کرد و هێرشی شەخصی کردە سەر سەرۆکی دیوان و بە (گەندەڵو موختەلیس) ناوی برد لە ڕۆژنامەکاندا! ئەیەوێ داخی دڵی خۆی بە دیوان بڕێژێ، چونکە ڕەنگە لەسەر ڕاپۆرتی ئێمە و ئەنجامی کاری لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی وەزیران پۆستی گەورەتری پێ نەدرابێ و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانو لەبەر چاوی کامێرا و ڕادیۆدا سوکایەتی بە دیوان بکات و ناوی کەسی دیوان بهێنێ! جێی خۆیەتی کە داوا لە هەمووتان بکەین سنور بۆ ئەو کادیرە دابنێن و بێدەنگی بکەن.

بەڕێزان: لە جێبەجێ نەکردنی ئەو پەیمانی پشتیوانییەی کە کاتی خۆی بە دیوانتان دا، ئێمە هیچ گلەیی ناکەین و داواش ناکەین، بەڵام داوا دەکەین کە سنور بۆ کادیرەکەی حیزب و حکومەت دابنێن و فێری هەستکردن بە لێپرسراوێتی سەرکردایەتی بکەنو تێی بگەیەنن کە نزیکیی لە مەکتەبی سیاسی و کەسایەتییەکان مافی ئەوەی ناداتێ بچێت بەگژ هەموو لایەکدا و یەخەی هەموو کەس بگرێت و بە شێوازێکی نەشیاو و ناشایستە ناوی دەزگایەکی گەورەی حکومەت بهێنێ لە ڕۆژنامەکەدا کە (بە کەمتر لە قوڵەی حەرەسیاتی بزانێ)، حەقی وایە خولی فێربوونی ئوصول و بەرپرسیاریێتی بۆ بکەنەوە، چونکە ئەم هەڵسوکەوتانەی ڕووی داوە، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زۆر خراپی هەیە لەسەر تێڕوانینی خەڵک و جەماوەر لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و حکومی، کە ئێمە تیایدا دەستپێشخەر نەبووین، یەکەم جاریشە لە مێژووی دیواندا، بە ناچاری دیوانمان لە ڕۆژنامەکاندا دەنگی دەربچێت.

بەڕێزان، لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەمان وا ژمارەیەک لە کارە خراپ و لادان و سەرپێچی و بێ یاسایی و دزی و بەدادگاییدانی ئەو سەرۆکایەتی شارەوانییەتان بۆ دەنێرین، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و سنور بۆ دانان، نەک بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ئێمە، چونکە مێژووی داهاتوو ڕاست و چەوت و چاک و خراپ لێک جیادەکاتەوە.

وە بۆ قسەکانمان، چەندین بەڵگە و دۆکۆمێنت ئاماژە پێ دەدەین، تا ئەگەر لێکۆڵینەوەتان ئەنجام دا، بۆتان دەربکەوێت چی کراوە لەم شارەوانییەدا، ئەگینا لە

(١٨١٦) ڕاپۆرت لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کە ژمارەیان زیاتر لە (٧٢٠) دامودەزگا و ڕێکخراوە، هەرگیز ئەوەندە ئیجرائات لەسەر ئەو ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوانە نەکراوە.

بەڕێزان، کاتی خۆی بە ناچاری مشتێک لە خەرواری هەموو سەرپێچییەکانی شارەوانیمان بڵاوکردەوە، ئەویش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو درۆ و چەواشەکارییانەی کە ئەوان لە بەرنامەی چاوی سێهەمدا و دوایی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویان کردەوە، کە بە خۆیانەوە نەوەستان، بەڵکو بەدگومانیان خستەسەر هەموو ڕاپۆرتەکانمان لەسەر هەموو دامودەزگاکانی تری حکومەت!

بەڵام ئێمە لە ڕوانگەی هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە، تەنها بۆ ئێوەی دەنێرین، هەروەک پێشتر لە ڕوونکردنەوەکەی دیوانماندا لە ٢٠٠٦/٧/٣٠، کە وێنەی هاوپێچە ڕامان گەیاندووە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی تاوانبار.

لەکۆتاییدا دەڵێین، ئێمە دژی هەموو تێکدەر و بەگرێگیراوێکین، کە بارودۆخی سیاسی و ئاساییش و ئازادی کوردستانمان بشێوێنی و دەستکەوتەکانی گەلی کوردو دیموکراسی و سەروەرییەکانی هەرێمە خۆشەویستەکەمان بخاتە مەترسییەوە، لەسەر ئەم بۆچوونەمان نووسینمان هەیە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، بەڵام ئایا جەماوەری حەقخوازی گەلەکەمان، کە لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتن و لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و میدیاکان ناڕەزایی و داواکارییەکانیان دەردەبڕن، ناحەقیانە کە گلەییمان لێ بکەن و زیز بین و دوور بکەونەوە لێمان، کاتێ هەڵسوکەوتی ئەم بەرپرسانەی حکومەت بەم جۆرە دەبینن.!؟

لەگەڵ ڕێزماندا

**هاوپێچ/**

لیستێک بە هەموو ڕووەنکردنەوەکان و ڕاپۆرتەکان و کۆنوسی لیژنەی تایبەتی لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی.

- ڕاپۆرت:
٤ ڕاپۆرت ٢٥لاپەڕە لەسەر کاروباری موڵکایەتی زەوی و یاسا و کارگێڕی.
١٨ لاپەڕە لەسەر داهات و خەرجییەکان و پرۆژەکان و گەنجینە.
١٧ لاپەڕە لەسەر کاروباری ئامێرەکان.
٦ لاپەڕە پاشکۆی ڕاپۆرتی ئامێرەکان.
- ڕوونکردنەوە:
- ٣ ڕوونکردنەوە ٢ لاپەڕە، ٩ لاپەڕە و هاوپێچەکان و هاوپێچ.

- کۆنووسی لیژنەی تایبەتی لێکۆڵینەوە: ٢ کۆنوس ٤ لاپەڕە، ٨ لاپەڕە.
- لیستی قەرزەکان کە وەرگیراونەتەوە لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونی دەستەکانمان

**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٦/٩/٥**

• وێنەیەک بۆ نوسینگەی تایبەت.

## سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی – سلێمانی
## ئەنجومەنی چاودێریی دارایی
## کۆنوسی کۆبوونەوە

**بەروار: ٢٠/١/٢٠٠٩** **ژمارە: (١)**

کاتژمێر (دووی پاشنیوەڕۆ)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١/٢٩)، ئەنجومەنی چاودێریی دارایی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دیوان و ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا، لە کۆبوونەوەکەدا ئەم دوو بابەتەی خوارەوە باسکران، بڕیاری گونجاو لەبارەیانەوە درا:

١-لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی دیوان، ئەنجامی سەفەرەکەی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن باسکرد، کە لەلایەن سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ، بەڕێز (جەلال تاڵەبانی)یەوە بانگهێشتکرابوو بۆ کۆشکی کۆماریی... لە بەرواری (٢٠٠٩/١/١٣)و لە دانیشتنێکدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆککۆمار بە ئامادەبوونی بەڕێزان (دکتۆر لەتیف ڕەشید) وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی عێراق و یوسف زۆزانی و مامۆستا سەیفەدین بەڕێوەبەری گشتی ئاساییش و نزار ئامێدی بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆککۆماری عێراق، بەڕێز مام جەلال جەختی کردۆتەوە لە پشتیوانیکردنی سەرۆکی دیوان بۆ بەردەوام بوون لە کارەکانیدا، هەروەها ڕۆڵی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بەرز نرخاندووە لە خستنەڕووی گەندەڵییەکان، هەروەها دەستخۆشی لە سەرجەم کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی کردووە و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن. سەرۆکی دیوان کورتەی ئەو دانیشتنەی بۆ ئەنجومەنی دیوان خستەی ڕوو، بەڕێز مام جەلال لە وەڵامی ئەو یاداشتەی کە سەرۆکی دیوان پێشکەشی کردبوو بۆ بەڕێز جەنابی مام جەلال و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بە مەبەستی دەست لەکار کێشانەوە لە کارەکەی، بەڕێزیان لەو چاوپێکەوتنەدا بە سێ خاڵ وەڵامی ئەو دەست لەکار کێشانەوەیەی دایەوە وتی:

أ- ڕەزامەندی ناکەم لەسەری، چونکە تۆ ڕوبعە جەلالی سام ئاغایەکم بۆ بدۆزەرەوە لە کوردستاندا تا موافەقەتت بۆ بکەم.

ب- زۆربەی خەڵکی دەستخۆشیم لێ ئەکەن بۆ دانانی تۆ لەو پۆستەدا، سەرۆکی دیوان بە بەڕێزیانی وتووە سوپاسی بەڕێزت ئەکەم و سوپاسی ئەو خەڵکەش ئەکەم، من ئیدعای باشی ناکەم بۆ خۆم، بەڵام خەڵکانی تریش دەستناخۆشییان لێ کردوویت بۆ دانانی چەند بەرپرسێک لە پۆستەکانی حکومەت و هەندێ پۆستی تردا. لە وەڵامدا بەڕێز مام جەلال وتی: (ئەمەش ڕاستە).

ت- لەبارەی ئەو حەوت (٧) لیژنەیەی کە دانراون بۆ چاکسازی، سەرۆکی دیوان بە بەڕێز مام جەلالی وت: (کە تێبینیم هەیە لەسەر ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لەو لیژنەیەدا دانراون، چونکە زۆربەیان، خۆیان مشمولن بە چاکسازی، ئیتر چۆن ئەتوانن چاکسازی لە حکومەتدا بکەن). بەڕێز سەرۆک مام جەلال وتی: (ئەو حەوت (٧) لیژنەیە کە دانراون چاکسازی ناکەن، بەڵکو تەنها پێشنیاز پێشکەش دەکەن، دوای تەواوبوونی کاری ئەو (٧) لیژنەیە خۆم بە شەخصی سەرکردایەتی پرۆسەی چاکسازی ئەکەم و سەری ڕمحەکەش تۆیت و دیوانی چاودێریی دارایی دەبێت).

بەڕێز مام جەلال سوێندێکی گەورەی خوارد لەبەرچاوی ئەو بەڕێزانەی کە لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوون و وتی: (ئەگەر پاڤێڵی کوڕیشم لەسەری بنوسرێت یان چاکسازی بیگرێتەوە ئیجرائاتی لەگەڵدا ئەکەم وەک هەموو کەسێکی تر بێ جیاوازی)، ئەو ڕاپۆرتانەی کە سەرۆکی دیوان دابوونی بە بەڕێز مام جەلال لەسەر گەندەڵی و کەموکوڕی فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەت زۆر گرنگی پێدا، بەشێوەیەک کە سەرۆکی دیوانی لێ ئاگادارکردەوە بەوەی کە (ئەیخەمە ژێر سەرینەکەم)، واتە مەبەستی ئەوەبوو کە زۆر بەوردی ئەیخوێنێتەوە، تەنانەت بەڕێزیان وتی: (ڕاپۆرتەکان لەگەڵ خۆم ئەبەم بۆ کوێت) کە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لێدەکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی فەراغدا بیانخوێنمەوە... هەروەها بەڕێز مام جەلال پەیمانیدا کە بەزووترین کات و لەکاتی گونجاودا سەردانی سەرۆکی دیوانو دیوانی چاودێریی دارایی - سلێمانی بکات بۆ پشتگیری و بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکان بێت.

سەرۆکی دیوان لە کۆتایی باسی سەفەرەکەیدا کە ماوەی (٨) ڕۆژی خایاند، زۆر سوپاسی بەڕێز مام جەلالی کرد بۆ ئەو میواندارییە بێوێنەیەی کە لەگەڵیدا کردوویەتی، کە ئەو کارەش هەر لە بەڕێزیان ئەوەشێتەوە، بە جۆرێک کە لە زۆربەی کاتەکاندا بە نانی نیوەڕۆ و ئێوارەوە هەر لەگەڵ بەڕێزیدا بووە، چونکە لە جەناحی میوانداریی کۆشکی کۆماری نیشتەجێ بووبوو.

٢- لە کۆبوونەوەکەدا لەسەر یاداشتی بەڕێوەبەری دیوان گفتوگۆ کرا سەبارەت بە کڕینی کارتی مۆبایل، بڕیار درا کە کڕینی کارتی مۆبایل لە بەرواری (٢٠٠٩/١/١ تا

٢٠٠٩/١٢/٣١ )، پاڵپشت بە ڕێنمایی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری ژمارە (١٠٢٧٥) لە ( ٢٠٠٧/٨/٢ )، بەم جۆرەی خوارەوە:

ا. جێگری سەرۆکی دیوان/ مانگانە بە بڕی تەنها (٣٠- سی ) دۆلار.

ب. بەڕێوەبەرە گشتییەکان/ مانگانە بە بڕی تەنها (٢٠-بیست) دۆلار.

ت. یاریدەدەری بەڕێوەبەرە گشتییەکان/ مانگانە بە بڕی تەنها (١٠- دە) دۆلار.

پ- بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەت/ مانگانە بە بڕی تەنها (٢٠-بیست) دۆلار.

ج. سەرۆک دەستەکان/ مانگانە بە بڕی تەنها (١٠- دە) دۆلار.

ح. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان/ مانگانە تەنها (١٠- دە) دۆلار.

خ. شوفێری سەرۆکی دیوان/ مانگانە بەبڕی تەنها (١٠- دە) دۆلار.

ئەم کۆنووسە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٩ ئیمزا کرا....

| | | |
|---|---|---|
| ... حمه درویش<br>بەڕێوەبەری گشتی بە وەکالەت<br>ئەندام<br>٢٩/١/٢٠٠٩ | ... احمد<br>بەڕێوەبەری گشتی<br>ئەندام و سکرتێری ئەنجومەن<br>٢٩/١/٢٠٠٩ | عبدالرحمن صالح رشید<br>بەڕێوەبەری گشتی<br>ئەندام<br>٢٩/١/٢٠٠٩ |
| جلال رشید شوانه<br>بەڕێوەبەری گشتی<br>ئەندام<br>٢٩/١/٢٠٠٩ | تاج الدین صاحب محمد<br>جێگری سەرۆکی دیوان<br>ئەندام<br>٢٩/١/٢٠٠٩ | جلال عمر سام اغا<br>سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی<br>سەرۆکی ئەنجومەن |

هەرێمی كوردستان

ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان/ عێراق　　　　ژمارە: تایبەت

سەرۆكایەتی دیوانی چاودێریی دارایی/ سلێمانی　　　　بەروار: 2009/02/26

نووسینگەی تایبەتی سەرۆكی دیوان

## بەڕێز برای گەورەمان جەنابی مام جەلال

دوای نوسراومان لە بەرواری ( ٢٠٠٨/١٢/٣١) بۆ دەست لەكار كێشانەوەم، بەڕێزتان لە دیمانەكەی بەغدا دا، بەڵێنی پشتگیری دیوانی چاودێریی داراییت پێ داین، ئێمە پشتبەستوو بەو بەڵێنە گەڕاینەوە سەر كارەكەمان. كەچی لەم رۆژانەدا، كە خەڵكی لە لایەک گەشبین بوون بە پرۆژەكەی بەڕێزتان بۆ چاكسازیو لەلایەكەوە لە دڵەڕاوكێدان بەرامبەر بەو ئاڵۆزییەی لە ڕیزەكانی یەكێتیدا سەریهەڵداوە، هەواڵی دانانی كەسێكی « ناوزڕاو»، كە بابەتی ڕاپۆرەكانی دیوانی چاودێرییش بوو، بۆ پۆستێكی ناسک و گرنگی وەک بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش، نەک هەر ئێمە، بەڵكو شەقامی «كوردی»شی سەرسام كرد و گۆمەكەی بە جۆریک شڵەقاند، كە باوەڕی بە بەڵێن و بە پرۆژەكان و بە ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێریی داراییش لاواز كرد! چونكە بەڵگەنەویستە، كە هەردوو دەزگای ئاسایش و دیوان، ئەبێ هیچ گەردێكیان لەسەر نەبێ. پێویستە ئەو دوو دەزگایە هاوكار و تەواوكەری یەكتری بن بۆ بەرەنگاری كاری نایاسایی و گەندەڵی، بەڵام بە دانانی ئەو كەسە بۆ ئەو پۆستە، كە ناوی زڕاوە و دیوانیشمان چەند داوایەكی یاسایی لە دادگا لەسەر تۆمار كردووە، ئیتر باوەڕ بە چاكسازی... لاواز دەكات. هاوكاری و هەماهەنگی نێوان ئەو دوو دەزگایەش، كە ئێستا لە ئاستێكی باشدایە، لەدەست ئەدرێ و ( ٢٤٠٠) ڕاپۆرتی دەستەكانی دیوانمان، كە تا ئێستا ئامادەكراون، نەک هەر بایەخیان نامێنێ، بەڵكو خودی دیوانی چاودێرییش بوونی زیاد ئەبێ و بۆ داخستن باش ئەبێ!

بەر لەوەی ئەگەری ململانێی نێوان ئاساییش و دیوان ئەوەندی تر بارودۆخەكە ئاڵۆزتر بكا و ببینە جێگا تانەی نەیاران و ئەو قسەیەی كە لەناو میللەتدا باوە زاڵ بێ، كە ئەڵێن دزی و درۆزنی بكە، پۆستی گەورە و بەرزترت پێ دەدرێ!

بۆیە لەم نووسراوەشمدا، ئەوە دووبارە ئەكەمەوە، كە ئەگەر وەزیفەیەک وابێ،

من پێی شەرەفمەند نیم، چونکە وەزیفە لای من خزمەتە و مێژوو، نەک ناونیشان و مووچە و ئیمتیازات.

شایەنی وتنە، ئەم هەواڵە لەکاتێکدایە، کە دیوانمان ڕاپۆرتێکی (٣٥٦)لاپەڕەیی گەیاندە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو گەندەڵی و نایاساییانەی کە لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی ئەودا، بەرامبەر موڵک و ماڵ و بودجەی حکومەت و میللەت کراوە، کە بەم زووانە وێنەیەکی ئەگاتە لاتان.

لێرەدا ئەپرسین، ئایا ڕەوایە لەپێناوی لێپرسینەوە و ئابڕوونەچوونی کەسێک، یان چەند کەسانێک، حکومەتێک و وڵاتێک ئابڕوویان بچێت؟ ئەگەر چاوپۆشیکردن لە گەندەڵی و دەستدرێژیی کەسانی درۆزن و گەندەڵ و پێدانی پۆستی گرنگ پێیان سەدان کەس لە دەرەوە و ناوەوە لە یەکێتیی برەنجێنێت، ئەوا لێپرسینەوە و سزادانی ئەم جۆرە کەسانە هەزاران لایەنگری بۆ دروست دەکات.

دووبارە تکام وایە دەست لەکار کێشانەوەم قبوڵ بفەرموون.

مامە وەرەوە... شار بێ سەرە.... من، ڕاستییەکەت پێ دەڵێم، شار ئاڵۆزە... هەریەکەی لە قەوانێک لێ ئەدا. تەنیا سەری پڕ حیکمەتی خۆتە کە ئەتوانێ ئارامیو دڵنیایی بۆ هەموان بگەڕێنێتەوە... مامە وەرەوە... هاتنەوەت هیوایەکە بۆ هەموو لایەک ... مامە وەرەوە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و دڵسۆزیم بۆ وڵات، بۆ میللەت، بۆ گەورە دەرویشان و پێشەنگی کوردایەتی.

**دڵسۆزتان**
**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٩/٠٢/٢٦**

## زۆر بەڕێز جەنابی مام جەلال

سڵاوێکی گەرم.. بە ئومێدی سەرکەوتن و خۆشیتان...

جەنابی مام: حەز ئەکەم لە سەرەتای ئەم نامە کورتەدا.... هەرچەند من زۆر کەم ئەتوانم نامەی کورت بنووسم، بەڵام لەبەر کاتی زۆر بەنرخی جەنابتان زۆر بە کورتی ئەینووسم.

حەز ئەکەم داوا و تکا لە جەنابتان بکەم، کە هەروەک چۆن یەکەم جار ئەمرتان کرد و منیش ئەمری جەنابتانم جێبەجێکرد بۆ وەرگرتنی پۆسی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، ئێستاش ئاوا ئەمر بکەن کە لەو کارەمدا ئیعفا بکرێم و خانەنشین ببم، ئەمەش داوا و دوا تکامە لە جەنابتان.

جەنابی مام: هەرچەند داواکەم پەیوەندی بەم گلەییەمەوە نییە کە ئێستا ئەیکەم، بەڵام حەزم لێیە بۆ ئێوە و ڕابردووی خۆشم ئەم ڕاستییە تاڵە بخەمە بەردەستی جەنابتان.

جەنابی برای گەورە: دوای ئەو هەموو شەڕە قسە و بوختان و درۆ و دەلەسانەی، کە سەرۆکایەتی شارەوانی بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی و بۆ بەندەی موخلیستانی هەڵبەست لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، وە کۆمەڵێ قسەی ناشیرین و نابەجێی وایکرد، کە بە ڕاستی ڕووی سەر مێز و وتنەوەی نییە، ئێمە ناچار بووین پەنا ببەینە بەر دادگا و شکاتی ڕەسمی لێ بکەین، تا یاسا سەروەر بێ و ڕێچکەی خۆی بگرێ.

بەڵام داخەکەم لەوەدایە کە لە ماوەی ئەم (٧) مانگەی کە ئەو کێشە ئاشکرایە کەوتە نێوان دیوان و شارەوانییەوە، مەکتەبی سیاسی بەڕێز و حکومەت وەک بینەرو بیسەر ڕاوەستان و هیچ هەوڵێکیان نەدا، کە سەرۆکایەتی شارەوانی بێدەنگ بکەن لە کۆمەڵە قسەیەک کە بەرانبەر دیوان و بەندە کردیان، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی کە ڕەنگە دیوان بەربەست و ڕێگربووبێ لەبەردەم گەندەڵی و بێ یاساییەکانی کە پێشتر شارەوانی کردوویانە، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی سوکایەتی و موهاتەراتەکانیان لە لایەن دیوانمانەوە بگەیێنرێتە دادگا، هەرگیز بەندە حەزی نەدەکرد وای لێ بێ‌و پێم ناخۆشە دیوان کەسایەتییەک بداتە دادگا، کە بۆ هەموو پۆستەکانی کە لە دوای

## زۆر بەڕێز جەنابی مام جەلال

سڵاوێکی گەرم.. بە ئومێدی سەرکەوتن و خۆشیتان...

جەنابی مام: حەز ئەکەم لە سەرەتای ئەم نامە کورتەدا.... هەرچەند من زۆر کەم ئەتوانم نامەی کورت بنووسم، بەڵام لەبەر کاتی زۆر بەنرخی جەنابتان زۆر بە کورتی ئەینووسم.

حەز ئەکەم داوا و تکا لە جەنابتان بکەم، کە هەروەک چۆن یەکەم جار ئەمرتان کرد و منیش ئەمری جەنابتانم جێبەجێکرد بۆ وەرگرتنی پۆسی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، ئێستاش ئاوا ئەمر بکەن کە لەو کارەمدا ئیعفا بکرێم و خانەنشین ببم، ئەمەش داوا و دوا تکامە لە جەنابتان.

جەنابی مام: هەرچەند داواکەم پەیوەندی بەم گلەییەمەوە نییە کە ئێستا ئەیکەم، بەڵام حەزم لێیە بۆ ئێوە و ڕابردووی خۆشم ئەم ڕاستییە تاڵە بخەمە بەردەستی جەنابتان.

جەنابی برای گەورە: دوای ئەو هەموو شەڕە قسە و بوختان و درۆ و دەلەسانەی، کە سەرۆکایەتی شارەوانی بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی و بۆ بەندەی موخلیستانی هەڵبەست لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، وە کۆمەڵێ قسەی ناشیرین و نابەجێی وایکرد، کە بە ڕاستی ڕووی سەر مێز و وتنەوەی نییە، ئێمە ناچار بووین پەنا ببەینە بەر دادگا و شکاتی ڕەسمی لێ بکەین، تا یاسا سەروەر بێ و ڕێچکەی خۆی بگرێ.

بەڵام داخەکەم لەوەدایە کە لە ماوەی ئەم (٧) مانگەی کە ئەو کێشە ئاشکرایە کەوتە نێوان دیوان و شارەوانییەوە، مەکتەبی سیاسی بەڕێز و حکومەت وەک بینەرو بیسەر ڕاوەستان و هیچ هەوڵێکیان نەدا، کە سەرۆکایەتی شارەوانی بێدەنگ بکەن لە کۆمەڵە قسەیەک کە بەرانبەر دیوان و بەندە کردیان، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی کە ڕەنگە دیوان بەربەست و ڕێگربووبێ لەبەردەم گەندەڵی و بێ یاساییەکانی کە پێشتر شارەوانی کردوویانە، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی سوکایەتی و موهاتەراتەکانیان لە لایەن دیوانمانەوە بگەیێنرێتە دادگا، هەرگیز بەندە حەزی نەدەکرد وای لێ بێ و پێم ناخۆشە دیوان کەسایەتییەک بداتە دادگا، کە بۆ هەموو پۆستەکانی کە لە دوای

ڕاپەڕینەوە وەریگرتووە بە پشتیوانی موبارەکەی جەنابتان بووە، بۆیە پێم وایە حەقی خۆمە کە گلەیی لە هەموو مەکتەبی سیاسی و حکومەتی بەڕێز بکەم، چونکە ئەگەر ئەوان پشتیوانمان بوونایە پەنامان نەدەبردە بەر دادگا، لە کاتێکدا کە لە کۆی (٧٢٠) وەزارەت و دامودەزگا و ڕێکخراو، کە تا ئێستا (١٨٨١) ڕاپۆرتیان لەسەر بەرزکراوەتەوە، تەنیا شارەوانی سلێمانی بەو جۆرە بەرەنگارمان بووەوە و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، کە دۆست و دوژمن و ناحەز و هاوڕێ و خوێنەر و بیسەرو بینەر و ورد و درشتی کوردستانی لێ ئاگادارن، بە جۆرێک پێی لێ هەڵبڕیوە کە کەوتۆتە سیخوڕیکردن بەسەر دیوانمانەوە و بڵاوکردنەوەی هەندێک فەرمان و نووسینی تایبەتی دیوانمان، کە ناشێ لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بڵاوبکرێنەوە، چونکە دیوانمان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ پاراستنی کارەکانی، هەروەها داوا لە ئێمە دەکات دەست لەکار بکێشینەوە! کە ئەمە پێچەوانەی هەموو یاسا و عورف‌و نەریتێکە، ناشێ مدیری فەرمانگەیەک داوایەکی لەو جۆرە لە سەرۆکی دیوان بکات کە پلە و حەصانەی بەپێی یاسا ئاشکرایە، ئەویش دوای ئەوەی کە لەساڵی (٢٠٠٦)دا ئەوانەی پاڵێوراو بوون بۆ پۆستی وەزیری کابینەی یەکگرتوو، ڕاپۆرتەکانی ئێمەیان بەهەند لەسەر وەرگیرا، گەرچی ئەو ڕاپۆرتانە لەسەر داوای جەنابتان و مەکتەبی سیاسی بەڕێز داوا کرابوون، بەبێ ئەوەی دیوان هیچ ڕەئێکی دابێ لەسەر ئەو پاڵێوراوانە، بۆیە دەڵێین ئەمە شەڕی بە وەزیر نەکردنێتی، لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی.

سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، کە مانگانە سەدان ملیۆن دینار و دەیان هەزار دۆلار ئەگێڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، جگە لە دەستنیشانکردنی گەندەڵی لە دامودەزگاکان، ئەم دیوانە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەزگایەکی گرنگ و باڵادەستە، لە وڵاتی ئێمەدا بەو جۆرە پەلامار بدرێ و هیچ لایەنێکی حکومی و حیزبیش لەسەری هەڵنەداتێ لاواز دەبێت و پەکی دەکەوێت.

جارێکی تر دووپاتی ئەکەینەوە، کە داواکارین لە بەرێزتان ئیعفا و خانەنشین بکرێین لەم پۆستەدا و هیچ پۆستێکی تریش وەرناگرین، چونکە لەمەوپێشیش وتومانە، کە وەزیفە لای ئێمە خزمەتە و مێژوو، نەک ناونیشان و موچەی بەرز و ئیمتیازات، کە لە ماوەی کارکردنماندا خۆمان لەمانە پاراستووە. ئەمەوێ ئەوەش بە جەنابتان ڕابگەیەنم، کە هەمیشە ئامادەم بۆ خزمەتی نیشتمان و نەتەوەکەم، بەڵام دوور لە وەزیفە و بێ بەرامبەر.... ئەوەشی کە وامان لێ دەکات شان بدەینە بەر هەر کارێک تەنیا و تەنیا فەرمانەکانی بەڕێزتانە.

جەنابی مام جەلال: لەم ماوەیەدا دووجار ئاگادار کراوم کە بە دیداری بەڕێزتان

شاد ببم، سوپاستان ئەکەم، هەر کاتێک جەنابتان دیاریتان کرد... لەگەڵ دووبارە ڕێزم.

**برای دڵسۆزتان**
**جەلالی عومەری سام ئاغا**
**١٠/ ١/ ٢٠٠٧**

# دەعواکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لەسەر گەندەڵییەکانی شارەوانی سلێمانی

## (( دەعواکان ))

**یەکەم: داوا جەزائییەکان /**

١. داوای جەزائی کە بە نووسراوەکانمان ژمارە (٤٠٨) لە ٢٠٠٦/١١/٣٠ و ژمارە (٤٤) لە ٢٠٠٧/٢/١١ ئاراستەی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە.

٢. داوای جەزائی کە بە نووسراومان ژمارە (٤٤٠) لە ٢٠٠٧/١٢/٥ ئاراستەی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە.

٣. داوای جەزائی کە بە نووسراومان ژمارە (٤٤١) لە ٢٠٠٧/١٢/٥ ئاراستەی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە.

٤. داوای جەزائی کە بە نووسراومان ژمارە (١١٨) لە ٢٠٠٨/٢/١٣ ئاراستەی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە.

٥. داوای جەزائی کە بە نووسراومان ژمارە (١٥٠) لە ٢٠٠٨/٣/٢٥ ئاراستەی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە.

٦. داوای جەزائی کە بە نووسراومان ژمارە (١٥٦) لە ٢٠٠٨/٣/٣١ ئاراستەی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە.

٧. داوای جەزائی کە بە نووسراومان ژمارە (١٥٧) لە ٢٠٠٨/٣/٣١ ئاراستەی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە.

**دووەم: داوا مەدەنییەکان /**

١. داوای مەدەنی کە لە بەرواری ٢٠٠٨/٤/٧ ئاراستەی دادوەری دادگای بەرایی (محكمة بداءة)ی سلێمانی کراوە.

٢. داوای مەدەنی کە لە بەرواری ٢٠٠٨/٤/٧ ئاراستەی دادوەری دادگای بەرایی (محكمة بداءة)ی سلێمانی کراوە.

٣. داوای مەدەنی کە لە بەرواری ٢٠٠٨/٤/٧ ئاراستەی دادوەری دادگای بەرایی (محكمة بداءة)ی سلێمانی کراوە.

٤. داوای مەدەنی کە لە بەرواری ٢٠٠٨/٤/٧ ئاراستەی دادوەری دادگای بەرایی (محكمة بداءة)ی سلێمانی کراوە.

٥. داوای مەدەنی کە لە بەرواری ٢٠٠٨/٥/١١ ئاراستەی دادوەری دادگای بەرایی (محكمة بداءة)ی سلێمانی کراوە.

## پاشکۆی دەست لەکار کێشانەوە
## پوچەڵکردنەوەی درۆ و دەلەسەکانی قادر حەمەجان عزیز و
## پیشاندانی کارە نایاساییەکانی

بەڕێزان .....

لەگەڵ ئەو پشتگیرییەی جەنابی مام جەلال و ئێوەدا، ماوەی دوو ساڵ زیاترە دیوانمان و سەرۆکی دیوان بەر هێرش و پەلامارێکی ناڕەوایانەی دوور لە هەموو عورف و نەریت و ڕەوشتێک کەوتووە. خۆتان باش ئەزانن، کە سەرۆکی شارەوانی پێشووی سلێمانی و ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) قادر حەمەجان عزیز، لەپشت هەموو ئەو بوختان و درۆیانەوەیە، ئێمە بەلامانەوە سەیرە کە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەو هەموو خەبات و سەروەرییەوە، لە سەرکردایەتییەکەیدا جێگای کەسێکی تێدا ببێتەوە کە بە بەرچاوی ئێوە و میللەتەکەمانەوە و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بەم جۆرە درۆ و بوختان هەڵبەستێ و دژی دەزگایەک بێت، کە حیزبەکەی خۆی پشتگیری پێک هێنانی کردووە.

لە ئێوە ئاشکرایە، کە ئەو هێرش و پەلامارەی ناوبراو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دیوانمان، وەک بەشێک لە کار و ئەرکەکانی خۆی، لە دوو ڕاپۆرتدا چەندان دزیو گەندەڵی و سەرپێچی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئاشکرا کردووە و خستوویەتییە بەردەستی ئێوە و حکومەت، کە لە ئەنجامیدا ئەمانە کران:

قادر حەمەجان بۆ شاردنەوەی ئەو گەندەڵی و سەرپێچییانەی لە شارەوانییەکەیدا کرابوو، شانۆنامەیەکی لە بەرنامەی (چاوی سێیەم) لە تەلەفزیۆنی کوردسات ڕێکخست و کەوتە هێرشکردن بۆ سەر دیوان و دەستەکانی دیوان و بە کەمتەرخەمو خراپ و لاواز لەسەر تەلەفزیۆن ناوی بردن. بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو بەدگومانی لەسەر کادر و دەستەکانی دیوان دروست کرد بۆ هەموو ڕاپۆرت و کارەکانی چەند ساڵەی لەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەت. ناوبراو ویستی لەو ڕێگەیەوە خەڵکو سەرکردایەتی سیاسی و حکومەت چەواشە بکات، (سی دی بەرنامەکە لای

ئێمە و لە کوردسات پارێزراوە). ئەم شاڵاوە دوای ئەوە دێت، کە ئەوانەی پاڵێورابوون بۆ پۆستی وەزیری کابینەی یەکگرتوو ڕاپۆرتەکانی دیوانیان لەسەر بەهەند وەرگیرا گەرچی دیوانمان هیچ رەئیەکی لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە و پاڵاوتنەکان نەدابوو، بەڵکو تەنیا ڕاپۆرتەکانی دابوو بە بەڕێزتان، ئەمەش شەڕی بە وەزیر نەکردنی بوو لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانەوە.

ئێمە لە کاتی خۆیدا ویستمان لە ڕێگەی هەمان بەرنامەوە لە یەکێک لە ئەڵقەکانیدا ڕوونکردنەوەیەکی زۆر کورت بدەین بەو مەبەستەی داکۆکی لە ڕاستی و لە دیوان‌و کاری دەستەکانمان بکەین، بەڵام بەرپرسانی بەرنامەکە ڕێگایان نەدایـن، بۆیە بە ناچاری ڕوونکردنەوەیەکمان لە ڕێگای دیدارێکی ڕۆژنامەوانییەوە بڵاوکردەوە لە (٢٠٠٦/٦/١٥)دا، بەڵام پێدەچێ قادر حەمەجان خۆی لە سەروی ڕەخنە و یاسا و دەسەڵاتەوە ببینێت، بۆیە تەنیا بەوەوە نەوەستا کە هێرش و پەلاماری چەواشەکارانەی بۆسەر دیوانمان توندتر بکات، بەڵکو لە ڕۆژنامەکاندا کەوتە بوختان و درۆ هەڵبەستن بۆ خودی سەرۆکی دیوان.

ناوبراو لەو هێرشانەیدا هەموو سنورێکی ئاداب و ڕەوشت و بەرپرسیارێتی و نەریتی نیشتمانی و حیزبایەتی خستە ژێر پێوە و کەوتە تەشهیر و قەزفی شەخسی و تەنانەت (١٨٣) جار لە ڕۆژنامەکاندا ناوی جەلالی سام ئاغای لە مانشێت و ناوەڕۆکی درۆنامەکانیدا هێنا. بەمەیشەوە نەوەستا و خۆی و ڕاگەیاندنی شارەوانییەکەی بۆ ئەم شاڵاوە تەرخان کرد و ڕێگای بۆ کەسانی تریش خۆش کرد تا ئەوانیش چەندان جار درۆ و بوختانەکانی ئەو لە دژمان دووبارە بکەنەوە و تەنانەت ئەگەر ئەو زڕقەڵەمانە درۆیەکی تازەیان کردبێت، قادری حەمەجان هاتووە درۆکانی ئەوانیشی جارێکی دی، لە ڕاگەیاندنەکانی شارەوانییەکەیدا، دووبارە و چەند بارە کردۆتەوە. لەمانەش سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە، کە تەنانەت دوای لابردنی ناوبراو لە کارەکەی، بە ناوی (ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی)یەوە هەر درێژەی بە بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختانە سواوەکانی دا. ئەمەش کارێکە لە هیچ دامودەزگایەکدا ڕووی نەداوە، کە کەسێک هەر پلەیەکی هەبێت، دوای ئەوەی بە هەر هۆیەکەوە بێت لەو دەزگایە نەمێنێت، کەچی دوای لاچوونی بە ماوەیەکی زۆر هێشتا بە ناوی ڕاگەیاندنی دەزگاکەوە نووسین بڵاوبکاتەوە! تەنانەت لەسەر ئەم کارە سەیر و سەمەرەیەی قادر حەمەجان بەڕێز کاک جەلال جەوهەر، سەرۆکی ئێستای شارەوانی بانگ کرد، بەڵام ئەو بێئاگایی خۆی لەو کارە ڕاگەیاندبوو. کەچی دوای ئەمەش قادر حەمەجان جارێکی دی درێژەی بەم کارەی دا، بەڵام ئەم جارەیان بەناوی (ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی پێشوو)!! ، بۆیەکا دەپرسین، ئایا کەسێک ڕێز لە خۆی و حکومەت و حیزبەکەی بگرێت کاری

لەم جۆرە ئەکات؟.

ئێستاش ئەمانەوێت چەند نموونەیەک لە درۆ و بوختانەکانی ناوبراو بخەینە ڕوو، کە بەرامبەر بە سەرۆکی دیوان کردوونی، هەرچەند پێشتریش لە ڕوونکردنەوەکانماندا (کە بۆمان ناردوون) هەموو ئەو درۆ و بوختانانەمان بە بەڵگەوە پووچەڵ کردۆتەوە.

یەکەم: قادر حەمەجان (بەناو حاکم و پسپۆڕی یاسا) تومەتی (گەندەڵی و ئیختیلاس) ئەداتە پاڵ سەرۆکی دیوان. هەرچەند وشەی گەندەڵ وشەیەکی گشتییە (کە وەڵامی ئەمەیان لای بەڕێزتان و میللەتەکەمان ڕوون و ئاشکرایە)، بەڵام تومەتی ئیختیلاس تومەتێکی زۆر گەورەیە، بە تایبەتی ئەگەر بدرێتە پاڵ کەسێک، کە سەرۆکی دەزگایەکەو کارەکەی ئەوەیە پارێزگاری ماڵ و سامان و میزانییەی دەوڵەت بکات. هەرکەسێک لە هەر پلەیەکی وەزیفیدا بێت، ئەگەر تومەتی ئیختیلاسی بدرێتە پاڵ، ئەبێت موڵک و ماڵی حیجز بکرێت و سحب الید بکرێت و بدرێت بە دادگا، بەڵام لەبەرئەوەی ناوبراو فرێی بەسەر یاساوە نییە و ئەو تومەتە گەورەیە بەرهەمی حیقدی شەخسییە لەسەر ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانی دایرەکەی، ئەبێت لە دادگا ئەم تومەتە ئیسپات بکات، ئەگەر نەیتوانی ئەبێ سزا بدرێت.

دووەم: لە نیزامی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٢١٢)ی ساڵی(١٩٩٩) لە مادەی (١٥)یشدا دەڵێت «لايجوز اتخاذ التعقيبات القانونية بحق رئيس الديوان ونائبه والمدراء العامون فيما يتعلق بتصرفاتهم الرسمية في أداء مهام الرقابة والتدقيق إلا بعد حصول إذن من رئيس مجلس الوزراء».

کەچی سەیری ئەم سەرۆکی شارەوانییە بکەن، کە پلەی وەزیفییەکەی بەپێی میلاکی شارەوانی سلێمانی لە بەڕێوەبەر (مدیر)ێک زیاتر نییە، بەبێ پرس و ڕەزامەندی دەسەڵاتەکانی لە خۆی بەرەوژووتر: بەڕێوەبەرە گشتییەکەی، جێگری وەزیرەکەی، وەزیرەکەی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. حیجزی خستە سەر تاکە خانووەکەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، کە پێش حەوت ساڵ ئەو خانووەی بەخشیوە بە وەزارەتی تەندروستی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی) و لەو کاتەوە سورەت قەیدەکەی بەناوی وەزارەتی ناوبراوەوەیە، هەروەها حیجزی خستە سەر ئەو پارچە زەوییەم، کە کاتی خۆی لە ساڵی(١٩٩٤)دا بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکگرتوو (بە سەرۆکایەتی کاک کۆسرەت) بەبێ مەرج دراوە بە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی کوردستان لە سلێمانیو هەولێر و دهۆک، کە ئەو کاتە جەلالی عومەری سام ئاغاش ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بوو.

بۆ ئاگاداریتان سەرۆکی دیوان ئەم پارچە زەوییەشی بە دیوانی چاودێریی

بەخشیوە، بۆ ئەوەی بفرۆشرێت و پارەکەی لە بانقدا دابنرێت و ساڵانە سوودەکەی بەسەر هەندێ فەرمانبەری لێهاتووی دیواندا دابەش بکرێت.

سەرۆکی دیوان تأکید ئەکاتەوە، کە لەم کاتەدا نە لە سلێمانی و نە لەهیچ شوێنێکی سەر ئەم زەمینەدا خاوەنی مەترێک دووجا، نە خانوو و نە زەوی، نییە. ئەمەیە جەلالی سام ئاغا، کە سەرۆکی پێشووی شارەوانی بە گەندەڵ و موختەلیس تۆمەتباری ئەکات، جا تو ویژدانی سیاسیتان لە هیچ وڵاتێکی دنیادا، تەنانەت لەو ناوچانەی ئەفریقادا، کە خەڵک لەناو دارستان و ئەشکەوتەکاندا ئەژین، ڕووی داوە کە ئەگەر کەسێکیان وەک سەرۆکی شارەوانی هەڵبژاردبێت بەم جۆرە ڕەفتار بکات‌و حیجز بخاتە سەر خانوو و زەوی کەسێک، کە خۆبەخشانە خانوو و زەوییەکەی بە دوو دەزگای حکومەت بەخشیبێت؟ ئەگەر سەرۆکی شارەوانی نوێنەر و دڵسۆزی شارەکەی بێت، ئایا لە حاڵەتی لەم جۆرەدا ئەشێ حیجز بخاتە سەر خانوو و زەوی کەسێکی لەم جۆرە، یان پێویست بوو خۆی و ئەنجومەنەکەی سوپاسی بکەن؟!.

لەبەرئەوەی ئەو کارەی ناوبراو نایاسایی بوو و لە دەسەڵاتی ئەودا نەبوو، بۆیە دادگا لەبەر هەردوو هۆکار ئەو حیجزەی هەڵوەشاندەوە، جگە لە هەڵوەشاندنەوەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەبەر نایاسایی کارەکەی بە نووسراوی ژمارە (٢٦٩٧) لە (٢٠٠٧/١٠/٢٨).

قادر حەمەجان لەکاتێکدا ئەم ڕەفتارە ناشیرینە بەرامبەری ئێمە ئەکات، کەچی خۆی چەند پارچە زەوییەک یەک ئەخات و بە پانتایی (١٤٤٣,٥٢م٢) لێک ئەدات و ئەیکات بە کۆشک و مەسبەح. بەوەش ڕازی نابێت و دێت ڕووبەری (١١٥,٣٩م٢) لە زەوی دواناوەندی فریشتەی کچان داگیر دەکات و تجاوز دەکاتە سەری، کۆشکەکەشی بە کەلوپەلی تایبەتی ئەستەموڵی، کە لە تورکیاوە ئەیهێنێ، ئەیڕازێنێتەوە!! ئەشڵێت جەنابی مام جەلال ئەم زەوییەی پێ بەخشیوە و بە کۆمەکی جەنابیان و یەکێتیی نیشتمانیی خانووی دروست کردووە! ڕاستە جەنابی مام جەلال بەخشندەیە، بەڵام ئایا ئەشێت سەرۆکی شارەوانی داوای شتی لەم جۆرە لە جەنابی مام جەلال بکات؟ ئایا کۆشک و مەسبەح بە کۆمەککردن دروست ئەکرێت؟ کۆمەک بۆ خانووی ئاساییە نەک بۆ کۆشک و تەلار!! ئایا سەرۆکێکی شارەوانی هەڵبژێردراو، کە نوێنەرایەتی حیزبێک دەکات، ئەبێت بەو پانتاییە زۆرە ڕازی نەبێت و بێت تجاوز بکاتە سەر زەوی خوێندنگایەک و برێک لە ڕووبەری خوێندنگاکەش داگیر بکات و لەولاشەوە بێباکانە بێت و ئێمە بە گەندەڵ و موختەلیس دابنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێوە و بۆ مێژووی داهاتوومان جێئەهێڵین.

سێیەم: قادر حەمەجان بوختانی بۆ سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەڵبەست،

کە گوایا لە ئاسایش گیراوە. ئاسایشی گشتی لە ڕوونکردنەوەیەکیدا (ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٧)ی ڕۆژی(٢٠٠٦/٦/١٥) قادر حەمەجان بەدرۆ ئەخاتەوە و تأکید ئەکاتەوە، کە سەرۆکی دیوان بۆ چرکەساتێکیش لە ئاسایش بەندنەکراوە، کەچی بێشەرمی ناوبراو گەیشتە ئاستێ، کە تەنانەت دوای ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشی گشتی، جارێکی تر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنەدا، بە ئیسرارەوە دووپاتی ئەکاتەوە و ئەڵێ: (بە تەئکید گیراوە). ئایا ناوبراو بەو جۆرە کاتی خۆی دەزگای ئاسایشی بەڕێوە بردووە؟! جارێکی تر بۆ ئێوەی بەڕێزان دووپاتی ئەکەینەوە، کە ئەگەر ئەو تومەتەی ناوبراو ڕاست بوو، ئەوا مافی خۆتانە کە گومان بخەنە سەر هەموو قسەکانی ئێمە و بەر سزای یاسایش بکەوین.

چوارەم: لە زنجیرە درۆکانی ناوبراو، کە لە ڕێگای ڕاگەیاندنە چەواشەکارییەکەیەوە بڵاوی کردوونەتەوە هاتووە، گوایە سەرۆکی دیوان ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشمەرگە نەبووە و یەخەی کراسەکەی زەرد نەبووە و زیندانی نەکراوە.... تاد، ئێمە لە وەڵامدا وتوومانە کە مەرج نییە هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان پێشمەرگە بووبێت، یان زیندانی کرابێت بۆ ئەوەی پۆستی بدرێتێ، بەتایبەتیش کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حیزبێکی کراوەیە و داخراو نییە و هەموو پۆستەکانیشی لەسەر ئەندامانی خۆی تاپۆ نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا وەڵاممان دایەوە: سەهوت فەرمووە، سەرۆکی دیوان پێشمەرگەیەکی دیاری شۆڕشی ئەیلول بووە، هەروا لە ساڵی(١٩٦١)دا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سلێمانیدا (کە کاتی خۆی ناویان بڵاوکرایەوە) بە هۆی چالاکی سیاسیەوە تووشی زیندان و ئازار و ئەشکەنجە هاتووە.

پێنجەم : قادر حەمەجان چەندان جار قەوانی حەوزی ماسی فلۆرەنسای لێدایەوە، هەرچەندە ئێمە بە بەڵگەوە وەڵاممان داوەتەوە، دوا بەڵگەنامەیش نووسراوێکی سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی (کاک بایز تاڵەبانی) بوو لە بارەی حەوزی ماسی فلۆرەنسا ژمارە (٣٥٧)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/٩/١٨)، کە تێیدا ڕای گەیاندووە سەرۆکی دیوان جەلال عومەر سام ئاغا و باقی ئەندامان هیچ جۆرە سەرپێچییەکی یاسایی لە کارەکەیاندا نەکراوە و کەسیان بە تەزویر و ئیختیلاس تاوانبار نەکراوە. کەچی قادر حەمەجان سەرۆکی دیوان تومەتبار ئەکات، لەکاتێکدا کە جەلال سام ئاغا نە سەرۆکی لیژنەکە بووە و نە بەرپرسی ژمێریاری و کارگێری بووە. سەرۆکی لیژنەکە بەڕێز جەمال عەبدول بووە و لیژنەکەش لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: نەوشیروان مستەفا، خالید شێخ محەمەد خاڵ، ڕەفیق قەزاز، جەلال عومەر سام ئاغا. هەروا بەڕێز سروە مستەفا مەجید بەڕێوەبەری ژمێریاری و بەڕێز نەسرەدین خدر بەڕێوەبەری وردبینی بوون.

شەشەم: ڕۆژنامەی (هەواڵ) وەک بەشدارییەک لەو شاڵاوی درۆ و بوختانەی لە دژی دیوان و سەرۆکی دیوان هەبوو، هەواڵێکی دروستکراو و ساختەی بڵاوکردەوە لە ژمارە (٢٤٦)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٨ )، کە گوایا سەرۆکی دیوان ساڵی (١٩٨٣)، (١٠-دە) دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە ڕژێم وەرگرتووە. ئێمە لەکاتی خۆیدا بە بەڵگەوە ئەم درۆیەمان پووچەڵ کردەوە، هەروەها بەڕێوەبەری زەویوزاری کشتوکاڵی سلێمانی بە نووسراوێکی ڕەسمی ژمارە (٤٠٢٨)ی ڕۆژی(٢٠٠٧/٩/٤) و بانکی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بە نووسراوێکی ڕەسمی ژمارە (٣٣٨٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٤) تەئکید ئەکاتەوە، کە (جەلال عومەر سام ئاغا) سوودمەندنەبووە بە وەرگرتنی زەوی بۆ باخ بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٩٥ح ساڵی١٩٨٣)، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا قادر حەمەجان، دوای لاچوونی لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، دووجار لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ئەم درۆ پووچەڵکراوە دووبارە ئەکاتەوە، جارێکیان بە ناوی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانییەوە (کە سەرۆکی ئێستای شارەوانی سلێمانی-وەک وتمان- لێی بێئاگایە)، جاری دووەمیشیان بە ناوی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی/ پێشوو، کە ئەمە لە هیچ عورف و نەریتێکدا نەبووە، کە بەرپرسێک دوای ئەوەی لە پۆستەکەی نامێنێت، درۆ و دەلەسە بەناوی دایرەی پێشوویەوە بڵاوبکاتەوە. ئەمەش دەقی بڕیارەکەی مجلیسی قیادەی سەورەیە تاوەکو بزانن ئەم بڕیارە بۆ جەلالی سام ئاغا دەرچووە یان بۆ منطقەی شمالی، لەکاتێکدا کە جەلالی سام ئاغا خۆی وەری نەگرتووە:

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

رقم ٣٩٥

استنادا الى احكام الفقرة ( ا ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٣/٢/٢٠ ما يلي : ــ

اولا ــ لوزارة الزراعة والاصلاح الزراعي تاجير الاراضي المملوكة للدولة غير المثقلة بحق التصرف وغير المستغلة لاغراض الزراعة ، الواقعة في سفوح التلال والجبال والوديان في المحافظات الشمالية التي تصلح لزراعة الفواكه الديمية لغرض غرسها باشجار الكروم وغيرها على ان لاتزيد المساحة المؤجرة للشخص الواحد على ( ٢٠ ) دونما .

ثانيا ــ على المستاجر ان يقوم بغرس المساحة المؤجرة بكاملها خلال سنتين من تاريخ تسلمه الارض وفق تعليمات وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي ، ولوزير الزراعة والاصلاح الزراعي تمديدها لسنة اضافية وتسترد منه الارض اذا خالف ذلك دون معذرة مشروعة .

ثالثا ـ تكون مدة الايجار ٢٥ سنة قابلة للتجديد وتعفى السنوات الخمس الاولى من بدل الايجار .

رابعا ـ لوزير الزراعة والاصلاح الزراعي اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار .

خامسا ـ ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

**صدام حسين**
**رئيس مجلس قيادة الثورة**

## رقم ( ٨١ ) لسنة ١٩٨٣
## صادرة عن وزير الزراعة والاصلاح الزراعي بشأن تأجير الاراضي المملوكة للدولة في المحافظات الشمالية لزراعة الفواكه الديمية

استنادا الى احكام البند ( رابعا ) من قرار مجلس قيادة الثورة رقم ٣٩٥ لسنة ١٩٨٢ .

**اصدرنا التعليمات الاتية :**

**المادة الاولى :ـ** على من يرغب في تأجير الاراضي المملوكة للدولة غير المثقلة بحق التصرف وغير المستغلة لاغراض الزراعة ، الواقعة في سفوح الجبال والتلال والوديان في المحافظات الشمالية التي تصلح لزراعة الفواكه الديمية ان يقدم طلبا الى الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة متضمنا المساحة المراد تأجيرها والمنطقة الواقعة فيها .

**المادة الثانية :ـ** ا ـ على الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة دراسة الطلب والكشف على الارض المراد تأجيرها وتثبيت مساحتها وموقعها

## تعليمات

وتأييد صلاحيتها لزراعة الفواكه الديمية على ان لا يقل معدل سقوط الامطار فيها عن ٦٠٠ مليمتر في السنة .

ثم عرض الموضوع على المجلس الزراعي في المحافظة لتحديد مقدار بدل ايجار الدونم الواحد سنويا .

ب – بعد تحديد المساحة والموقع واستكمال جميع الاجراءات وتحديد بدل الايجار السنوي من قبل المجلس الزراعي في المحافظة تقوم الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة بمفاتحة الوزارة للموافقة على التأجير .

جـ – بعد موافقة الوزارة على التأجير تقوم الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة بالتعاقد مع المستأجر وتسليمه الارض بمحضر تسليم اصولي .

د – تكون مدة العقد ( ٢٥ ) خمس وعشرين سنة قابلة للتجديد وتكون مدة الخمس سنوات الاولى معفاة من بدل الايجار .

المادة الثالثة :– على المستأجر الالتزام بما يلي :

ا – تقديم خطة بكيفية غرس المساحة المراد استئجارها والفواكه التي يرغب بغرسها بحيث تلائم وطبيعة الارض وكمية مياه الامطار في المنطقة مع التركيز على زراعة كروم العنب المحلية .

ب – القيام بغرس المساحة المؤجرة خلال سنتين من تاريخ تسلمه الارض .

جـ – السماح للموظفين المختصين بالدخول الى البستان لغرض التفتيش والرقابة .

د – تنفيذ التعليمات الفنية التي تصدرها الدوائر المختصة .

هـ – عدم الاضرار بالارض المؤجرة او استغلالها لغير الاغراض التي اجرت من اجلها .

المادة الرابعة :– ا – يجوز تمديد المدة الواردة في الفقرة ( ب ) من المادة الثالثة لمدة سنة اخرى في حالة عدم اكمال غرس كامل المساحة خلال المدة المذكورة لسبب مشروع .

ب – للوزارة فسخ العقد واسترداد الارض من المستأجر عند عدم اكمال غرس كامل المساحة في المدة المحددة في الفقرة ( ب ) من المادة الثالثة او في مدة التمديد الواردة في الفقرة ( أ ) من هذه المادة .

المادة الخامسة :– للهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي المختصة القيام بالكشف على الارض المستأجرة ومراقبة قيام المستأجر بتنفيذ التزاماته القانونية والعقدية وعند وجود المخالفة توجه له انذارا بضرورة ازالتها خلال مدة ثلاثة اشهر وعند عدم الامتثال يفسخ عقد ايجاره وتسترد منه الارض باعتبارها خالية من الشواغل .

المادة السادسة :– ا – على المستأجر اشعار الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي في المحافظة خلال النصف الاول من السنة الاخيرة من مدة العقد برغبته بتجديد العقد .

ب – عند انتهاء مدة العقد وعدم رغبة المستأجر في تجديده تؤول المغروسات والمنشآت المحدثة من قبله الى وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي بدون بدل .

المادة السابعة :– عند وفاة المستأجر يحل ورثته محله في حالة رغبتهم بالاستمرار في تنفيذ العقد اما في حالة عدم رغبتهم تسترد الارض ويعوض الورثة عن المغروسات والمنشآت والآلات الزراعية المستغلة في الارض المؤجرة بالسعر السائد .

المادة الثامنة :– تنفذ هذه التعليمات من تاريخ نشرها في الجريدة الرسمية .

وزير الزراعة والاصلاح الزراعي



تولي الدار الوطنية للتوزيع والاعلان
ثمن النسخة ( ٥٠ ) فلسا
طبعت بمطابع دار الحرية للطباعة – بغداد

حەوتەم: قین و سنووربەزاندنی ئەخلاقی، ویژدانی، کۆمەڵایەتی، یاسایی و مافی مرۆڤ لای قادر حەمەجان گەیشتە ئەوەی، کە نووسراوێکی ڕەسمی ژمارە (٣٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١ بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بنێرێت، کە لەپاڵ ئەوەی ڕەسمی سەرۆکی دیوانی چاودێریی لەسەر نووسراوەکە چاپ کردووە، بە ناونیشانێکی گەورەش نووسیویەتی (لەبەرئەوەی بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە ئیعفا کراوە لە رسومات، با کاک جەلالی سام اغا دەست لەکار بکێشێتەوە)، وا لە خوارەوە نووسراوەکە و ناونیشانەکەی، کە بڵاو کراوەتەوە، تۆمار دەکەینەوە:



وەڵامێکی تر بۆ کاک جەلالی سام ئاغا

لەبەر ئەوەی بەبڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە ئیعفاکراوە لەرسومات

**با کاک جەلالی سام ئاغا دەست لەکار بکێشێتەوە**

پێش ئەوەی باسی ئەو بڕیارە بکەین، ئەوەتان بیرئەخەینەوە کە بەپێی هەموو ئەو نەریتانەی لە سەرەوە باسمان کردن، بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسێک بەم شێوەیە (ئەگەر تومەتێکی گەورەشی درابێتە پاڵ) کارێکی نەشیاوە. تەنانەت ئەگەر تومەتبارەکە وێنەی لە ڕۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە پارچەیەکی ڕەش ئەخرێتە سەر دەموچاوی، یان لە تەلەفزیۆندا وێنەی دەموچاوی بە لێڵی پیشان ئەدرێت، بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، هەروەها تەنانەت ناوەکەیشی بە حروف ئەنووسرێت، نەک بە ڕاشکاوی.

بەڕێزان ...

ئایا (جەلالی عومەری سام ئاغا) لەو تومەتبارانە کەمترە، یان تومەتەکەی لە تومەتی ئەوان گەورەترە، کە بەم شێوە ناشیرینە وێنەکەی بخرێتە سەر نووسراوێکی ڕەسمی دایرەیەکی حکومەت و بە دەزگاکانی حکومەتدا بڵاوبکرێتەوە. ئایا لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، بە سەردەمی مەلیکی و سەردەمی فاشییەتی بەعسیشەوە بەرپرسێکی حکومەت هەبووە، کە کارێکی ناجوامێرانەی لەم جۆرەی کردبێت، کە ئەندامی سەرکردایەتییەکەتان کردوویەتی؟!!.

هەرچەندە ئەو بڕیارەی باسی ئەکات کە لە ساڵی(١٩٧٢)دا دەرچووە، بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی هەرەوەزی کوردستان (جمعية بناء المساكن التعاونية) بووە، ئەو ئیعفایەش پارەیەکی ئەوەندە زۆر نەبووە، بەڵکو تەنیا یەک دینار و سەد و بیستو پێنج فلس بووە، چونکە نرخی زەوییەکە (٢٢,٥٠٠) تەنیا بیست و دوو دینارو پێنجسەد فلس بووە. ئەوەش لە یەک لیستدا بۆ نزیکەی پێنج سەد کەس بووە، کە لە گردی سەرچنار زەوییان وەرگرتووە، هەروەک لە وەڵامێکماندا لیستی ناوی ئەو فەرمانبەرانەمان بڵاوکردەوە، کە زەوییان وەرگرتووە و هەمووشیان کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم شارەن، وا لێرە دەقی بڕیارەکەی مەجلیسی قیادەی سەورە ئەخەینە بەردەستتان:

## رقـــم ٢٣٤

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المـادة الثانيـة والاربعين من الدستور الموقت .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقـدة بتاريخ ١٩٧٢/٤/١١ ما يلـــي :ـ

١ ـ يلغى افراز القطعة المرقمة ٢٥٠ من المقاطعـة ٨ ( ابلاخ ) في قصبة سرجنار ، وتلغى سندات الطابو الصادرة بناء على هذا الافراز .

٢ ـ يعفى اعضاء جمعية بناء المساكن التعاونية للمشاريع الصناعية في السليمانية ، الذين سجلت باسمائهم القطع المفرزة المشار اليها في (١) اعلاه والقطعـة المرقمة ٢٤٨ مقاطعة ٨ ( ابلاخ ) من رســـوم الطابو عند اعادة تسجيل القطع المفرزة باسمائهم .

٣ ـ يتولى الوزراء المختصون تنفيذ هذا القرار .

احمـد حســن البـكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

جا ئایا کەسێکی ئاوا بوختانکەر و درۆزن شایەنی ئەوەیە، کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێکی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت؟ ئەگەر ئەو بتوانێت لەگەڵ دەزگایەکی متمانەپێکراو و بە یاسا پارێزراوی وەک ئێمەدا بەم جۆرە ڕەفتار بکات، ئاخۆ لەگەڵ ئێوە و خەڵکی تردا چ جۆرە درۆ و ساختەکارییەکی کردبێت و بۆشی سەلمێندرابێت؟!!.

هەشتەم: لەپاڵ ئەم درۆ و بوختانانەیشدا ناوبراو، لە ڕێی دوو فەرمانبەری دیوانەوە جاسوسی بەسەر دیوانەوە کردووە، بۆ ئاگاداریشتان ئەو دوو فەرمانبەرە لە ڕێی لیژنەی تەحقیقەوە پێشتر سزا درابوون و بۆ دەرەوەی دیوان دوورخرابوونەوە، ئەمیش هات و ئیستیفادەی لەوان کرد و لە ڕێی ئەوانەوە چەند نووسراوێکی ناوخۆیی دەستکەوت و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردنەوە. هەروا لە ڕێی فەرمانبەرێکی شارەوانییەوە هەوڵی دابوو ملیۆنێک دینار بە بەرتیل بداتە فەرمانبەرێکی دیوانمان، بۆ ئەوەی هەندێک زانیاری ناو دیوانی بۆ بەرێت. ئەم سێ فەرمانبەرە و مەسەلەکەیان لە ڕێگای ئاساییشی گشتییەوە نێردران بۆ دادگا و کار گەیشتە ئەوەی وەزارەتی داد بە نووسراوی ژمارە نهێنی (٢١) لە (٢٠٠٨/٣/١٣) داوا لە دادگای سلێمانی بکات، کە بە خێرایی و بە نهێنی ئەو دادگایییە بکەن.

نۆیەم: ناوبراو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و بۆ چەندەها جار بە ناڕەوا ئێمە بە گەندەڵ و موختەلیس ناو ئەبات، کەچی خۆی بە جۆرێکی نایاسایی و لە ڕێگای ئیستیغلالی وەزیفەکەیەوە چەندەها کاری ناڕەوای کردووە، کە هەموویان پێچەوانەی یاسان. ئەمەیش دەقی یاساکەیە «الإمتناع عن استغلال الوظیفة لتحقیق منفعة أو ربح شخصي له أو لغیره»(بڕوانە یاسای (إنظباط موظفي الدولة) ژمارە (١٤)ی ساڵی(١٩٩١) مادەی (٤) بڕگە/٩)، لێرەشدا چەند نموونەیەک لەو کارە ناڕەوایانە ئەخەینە ڕوو:

٩. ١- دابینکردنی زەوی بۆ برا و خوشکی خۆی و برای هاوسەرەکەی بەدەر لە مەرجەکان و ڕێنماییەکان، وەک لە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێرییدا هاتووە لەسەر شارەوانی سلێمانی و ئێستا ئامادە کراوە.

| | | |
|---|---|---|
| نــاو | | پێشرەو حمه جان عزیز |
| ساڵی لەدایک بوون | | 1980 |
| تەمەن لەکاتی وەرگرتنی زەوی | | 23 |
| باری خێزان و پەیوەندی بە سەرۆکی شارەوانییەوە | | سەڵت |
| | | برای |
| پیشە بەپێی ناوەڕۆکی فەرمانی تەرخان کردنەکە | | مافپەروەر |
| ژمارە و شوێنی زەوی | ژمارە | 363/131 |
| | شوێن | کەڵەکن |
| ڕووبەری زەوی (م2) | | 273.66 |
| ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری یاخود کارگێری تەرخان کردنی زەوی | ژمارە | 24825 |
| | بەروار | 2003/10/18 |
| تێبینی | | ناوبراو تەنها لەسەر بنەمای نوسراوێکی مەڵبەندی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە سلێمانی کە ژمارەکەی (واضح) نییە لە بەرواری 2003/9/22 بە ئیمزای (د.ئامانج عبدالله) کە لێپرسراوی بەشی یاسای مەڵبەندە ئاراستەی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کردووە کە (نوسراوی لێپرسراوی بەشێکە لە مەڵبەند؟!) و تیایدا داوای دابین کردنی زەوی نیشتەجێی کردووە بۆ (4) پارێزەر ، لەناویاندا (پێشرەو |

| | |
|---|---|
| | حمەجان)ی تیادایە بە هۆی ئەوەی کە بە دڵسۆزی و لەخۆبردوییەوە بەبێ بەرامبەر کاریان کردووە بۆ مەڵبەندی ڕێکخستن ، زەوی بۆ تەرخان کراوە ، لە کاتێکدا ئەو کاتە تەنها نزیکەی (1) ساڵ بووە خوێندنی تەواو کردووە. جێگای سەرنجە هیچ نوسراوێکی پشتگیری یەکێتی مافپەروەرانی نییە ، بەڵام وەک مافپەروەر ناوی هاتووە لە فەرمانی وەزاری تەرخان کردنەکەیدا ، ئەم زەوییەش جێگاکەی زۆر باش و ناوازە و ڕوکن بووە، لەکاتێکدا زەوی (ڕوکن و متمیز) تەرخان ناکرێت بۆ هیچ کەس بەپێی خاڵی (10) لە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (2366) لە 2001/9/15 ، کە تیایدا هاتووە "زەوی (ڕوکن و متمیز) بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت و تەرخان ناکرێت بۆ هیچ کەس" لەهەمان کاتدا وێنەیەکی فەرمانی وەزاری تەرخان کردنەکە لە دۆسیەکەیدا نەبوو. |

| | | |
|---|---|---|
| نـــاو | | ژینۆ حمه جان عزیز |
| ساڵی لەدایک بوون | | 1984 |
| تەمەن لەکاتی وەرگرتنی زەوی | | 21 |
| باری خێزان و پەیوەندی بە سەرۆکی شارەوانییەوە | | سەڵت |
| | | خوشکی |
| پیشە بەپێی ناوەڕۆکی فەرمانی تەرخان کردنەکان و فۆرمی زانیاری | | بە سیفەتی بەڕێز وەری گرتووە |
| ژمارە و شوێنی زەوی | ژمارە | 218/104 |
| | شوێن | باوە مردە |
| ڕووبەری زەوی (م2) | | 200 |
| ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری یاخود کارگێری تەرخان کردنی زەوی | ژمارە | 10814 |
| | بەروار | 2005/6/13 |
| تێبینی | | هەرچەندە لە فەرمانی وەزاریەکەیدا ناوبراو وەک (بەڕێز) ئەم زەوییەی بۆ تەرخان کراوە ، بەڵام بەپێی بەراییەکان ناوبراو خوێندکار بووە لەکاتی تەرخان کردنی ئەم زەوییەدا |

| | | |
|---|---|---|
| نـــاو | | هاوار توفيق فارس حمه |
| ساڵی لەدایک بوون | | 1978 |
| تەمەن لەکاتی وەرگرتنی زەوی | | 28 |
| باری خێزان و پەیوەندی بە سەرۆکی شارەوانییەوە | | سەڵت |
| | | برای هاوسەری سەرۆکی شارەوانی |
| پیشە بەپێی ناوەڕۆکی فەرمانی تەرخان کردنەکان و فۆرمی زانیاری | | کاسب |
| ژمارە و شوێنی زەوی | ژمارە | 96/9 |
| | شوێن | کەرتی/3 هۆمەرە کوێر |
| ڕووبەری زەوی (م2) | | 200 |
| ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری یاخود کارگێری تەرخان کردنی زەوی | ژمارە | 2746 |
| | بەروار | 2006/11/20 |
| تێبینی | | لەپاش پرۆسەی وەستاندنی تەرخان کردنی زەوی نیشتەجێ بوون ناوبراو ئەم زەویەی بۆ تەرخان کراوە بەپێی ناوەڕۆکی بەڵێن نامەکەی پیشەکەی کاسبە و پەیوەندی خزمایەتی بە سەرۆکی شارەوانییەوە ، برای هاوسەری سەرۆکی پێشووی شارەوانی سلێمانی (قادر حمەجان). |

٩. ٢- بەهەمان شێوە تەرخان کردنی پارچە زەوی بۆ ژمارەیەک لە کارمەندانی بەشی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی کە بە شێوەی (عقد) دامەزراون بەدەر لە مەرجەکانی خاڵبەندی کە بەهیچ ڕێنماییەک زەوی وەرگرتن (عقد) نایگرێتەوە و ناوبراوانی بڕگەی (١) و (٢)ی خشتەکە لەو کەسانەن کە لە ڕۆژنامەدا بە ناوی شخصی یان بە ناوی ڕاگەیاندنی شارەوانییەوە درۆ و دەلەسە و بوختانیان دژی دیوان بڵاو ئەکردەوە بۆ خزمەتی ئامانجە گڵاوەکانی (قادر حمە جان عزیز):

| ناوی سیانی | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەری پارچە زەوی (م2) | شوێنی پارچە زەوی | ساڵی لەدایک بوونی | تەمەنی کەسەکان لە کاتی وەرگرتنی زەوی (ساڵ) | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری تەرخان کردن: ژمارە | ژمارە و بەرواری فەرمانی وەزاری تەرخان کردن: بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەنجدەر کمال محمد سعید | 458/39 | 200 | بارەمردە | 198 3 | 20 | 608 1 | 200/4/13 3 | وەکو نوسەر بۆ هەرسێ ناوبراو تەرخان کراوە لەکاتێکدا هیچ مەرجێکی خالبەندییان بەسەردا نەچەسپاوە |
| مار دین عبدالکریم | 116/28 3 | 200 | بارەمردە | 196 9 | 34 | 445 | 200/1/12 3 | |
| شو شرمو أحمد حسین | 116/28 5 | 200 | بارەمردە | 197 6 | 27 | 445 | 200/1/12 3 | |

٩. ٣- لەکاتێکدا حیجزی خستە سەر خانوو و زەوی ئێمە گوایە دوو جار سوودمەند بووین، کە هەموولایەک وەزعی خانوو زەویەکەش دەزانن، بەڵام دەرکەوت شارەوانی سلێمانی هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکەی زیاد لە جارێک سوودمەند بوون بە وەرگرتنی زەوی نیشتەجێ؟! ئەو زەویی دووەمەشیان لە ماوەی کاری سەرۆکی شارەوانی پێشوو (قادر حمە جان)دا وەرگرتووە.

| ز | ناوی سیانی کەسەکان | ژمارەی پارچە زەوی | ڕووبەری پارچە (زەوی (م2) | شوێنی زەوی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | عمر محمد عمر محوی | 1211/62 | 200 | کانی سپیکە |
| | | 3/256 | 452 | ابلاخ |
| 2 | جبار محمود محمد عبدالرحمن | 595/105 | 200 | م.د |
| | | 93/153 | 200 | م.د |
| 3 | قادر سعید أحمد محمد | 403/5 | 200 | زەرگەتە |
| | | 101/250 | 391 | ابلاخ |

٩. ٤- بە هەمان شێوە دامەزراندنی خوشکی خێزانەکەی (کەنار توفیق فارس) لە شارەوانی سلێمانی، بەبێ ئەوەی پابەند بێت بە دەوامی ڕەسمیەوە و بەردەوامیش مووچەی مانگانەی وەرگرتووە، هیچ ئیمزایەکیشی لەسەر تۆمارگەی ئامادەبوونی فەرمانبەران نەکردووە، جگە لە چەند جارێک.

دەیەم: قادر حەمە جان مووچەی هەر پلەیەکی وەزیفی وەرگرتبێ، بەڵام بەپێی پلە وەزیفییەکەی مودیر بووە، ناوبراو لە بنکەی پۆلیس دەعوایەکی نایاسایی لە دژی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی تۆمار کردووە، هەروەک لە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٦٢٩٤) لە (٢٠٠٨/٨/١٨) هاتووە، کە وێنەکەی هاوپێچە، بەو بەهانەیەی کە گوایا سەرۆکی دیوان زوو بە زوو دەستەی چاودێریی دارایی بۆ کاری وردبینی ئەنێرێ بۆ شارەوانی سلێمانی، هەرچەند دادگا ئەو شکات و دەعوایەی داخست، چونکە شکاتکردن لە سەرۆکی دیوان، بەپێی نیزامی پێشووی دیوانی چاودێریی و یاسای تازەی پەرلەمانی کوردستان، ئەبێت بەپێی

نیزامەکەی پێشوو لە ڕێگای خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، بەپێی یاسا نوێیەکەیش ئەبێت لە ڕێگای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە بێت. هەر بۆیە دادگا داوا نایاساییە سەیر و سەمەرەکەی داخست، لەکاتێکدا ناوبراو خۆی بە یاساناس ئەزانێت، لەوەیش زیاتر لە ڕۆژنامەدا ئیدیعا ئەکات کە دە-پانزە پارێزەر خۆبەخشانە لە دادگا داکۆکی لێ ئەکەن، وەک ئەوەی ناوبراو قارەمانێکی سیاسی وەک (د. موسەدەقی ئێران)، (نیلسۆن ماندێلای باشوری ئەفریقا) بێت، کە خاوەنی مەسەلەیەکی گەورە و عادیلی نەتەوە و وڵاتەکەی بێت.

بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێزیش ماوەی سێ ساڵ بوو (ساڵانی٢٠٠٥- ٢٠٠٦-٢٠٠٧) شارەوانی سلێمانی کاری چاودێریی و وردبینی لەلایەن دیوانمانەوە بۆ ئەنجام نەدرابوو، ئەم شکاتکردنەشی بۆ ئەوە بوو دەستپێشخەرییەکی هەڵەشانە بکات، چونکە خۆی ئەزانێ لە ڕاپۆرتی داهاتوومانا، کە زیاتر لە (٣٥٠) لاپەڕەیە و بەم نزیکانە ئەنێردرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار ، چ جۆرێک لە گەندەڵی و لادان و سەرپێچییەکانی ناوبراو ئاشکرا دەکرێت، بۆ ئاگاداریشتان لە مێژووی دیوانماندا ڕووی نەداوە کە ڕاپۆرتێکمان، لە بارەی هەر دەزگایەکی حکومەتەوە بووبێت، گەیشتبێتە سەد و پەنجا (١٥٠) لاپەڕە، بەڵام ڕاپۆرتی ئەم ماوەیەمان، لە بارەی شارەوانی سلێمانی، گەیشتۆتە زیاتر لە (٣٥٠) لاپەڕە، هەروا لە مێژووی دیوانماندا تەنها دوو دەزگا (وەک دەزگا) دراون بە لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران (ئیدارەی سلێمانی)، کە یەکێکیان شارەوانی سلێمانی بووە.

پانزەیەم: جگە لەمانە ئێمە دوو نووسراوی نهێنیمان بۆ ناردوون، یەکەمیان بە ژمارە نهێنی (٣٢٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/٥)، کە ئاراستەی بەڕێزان مام جەلال و بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرۆکی حکومەت کراون، دووەمیان بە ژمارە نهێنی (٣٢٠) لە (٢٠٠٨/٢/٤) ئاراستەی مەکتەبی چاودێریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کراوە، وێنەیش دراوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ ئەو دوو نووسراوەدا، دوو فایلی تەواومان ناردبوو، کە تیایاندا هەموو ئەو دزی و گەندەڵیو لادان و سەرپێچییانە خراونەتە ڕوو کە لە شارەوانی سلێمانیدا کراونو لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ئەنجومەنی وەزیران/ ئیدارەی سلێمانی دیاریکراون. ئەگەرچی ئەوا ماوەی دوو ساڵ زیاتر بەسەر نووسراوی یەکەممانو ماوەی (١٠) مانگ بەسەر نووسراوی دووەماندا تێپەڕیوە، کەچی هێشتا شتێکمان پێ نەگەیشتووە کە ئاماژە بەوە بکات لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی پێشووی شارەوانی قادر حەمەجان کرابێت!!.

ئێمە نامانەوێت لەوە زیاتر باسی درۆ و بوختانەکانی ناوبراو بکەین، چونکە لە

ڕوونکردنەوەکانماندا، کە وێنەیانمان بۆ ناردووین لە کاتی خۆیدا، تەواوی درۆو بوختان و گەندەڵیەکانی ئەومان خستۆتە ڕوو، دە هێندە و زیاتری ئەوەیە، کە بۆمان نووسیون.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی
(بەش / سەرۆکایەتی)

ژمارە / ١٦٦٩٦
بەروار / ٢٠٠٨/٨/١٨ ز

بۆ / سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
بابەت / ڕووداو
**********************

لەبەرواری ١٥-٧-٢٠٠٨ سکاڵاکار (حاکم قادر حمە جان) تەمەن ١٥ساڵ دانیشتوی گەڕەکی رەمیس ئامادە ی کەرتی پۆلیسی سەرابوو وتەی وەرگیرا سکاڵای تۆمارکرد لەدژی (جلال عمر سام ئاغا) لەبەرئەوەی بەردەوام لیژنەی (تەدقیق)دەنێرێت بۆشارەوانی بەمەبەستی تەدقیق کردنی ئەوبەڕاوکارانەی کەلەسەردەمی ئەودلکراوەکەسەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە ئەدومر بڕیاری دا بەوەرگرتنی وتەی نوێنەری یاسای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەبارەت بەو تەدقیقانە کە ئەکرێ لە شارەوانی بۆزانین وتکایە بەفەرموون بەناردنی نوێنەرێکی یاساییتان بۆکرتی پۆلیسی سەرا لەگەڵ ڕێزدا

لیوا
رزگار علی عزیز
بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلیمانی
(  /  /٢٠٠٨)

وێنە بۆ:
- سەرۆکایەتی چاودێری کارای / یاسا / تکایە بفەرموون بە ناردنی نوێنەرێکتان بۆکەرتی پۆلیسی سەرا بۆهەمان مەبەستی سەرەوە لەگەڵ ڕێزدا ..
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ناوشار/جولان / نووسراوتان ژمارە ١١١٦٥ لە ٤-٨-٢٠٠٨ بۆ زانین تکایە ..

**هەرێمی کوردستان/عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران/ وەزارەتی داد**
**(ژمارە ٣١٦ لە ٢٠١٠/١٠/١٠)**

**بۆ/ بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا**

ئاماژە بە نامەی ماڵئاوایی بەڕێزتان، کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە (٤٧٤) لە (٢٠١٠/٩/٢٩) بەدەستمان گەیشتووە، بە ناوی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سوپاس گوزارتان ئاڕاستە دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و کۆششەی داتان لە ماوەی کارکردنتان وەک سەرۆکی یوانی چاودێریی دارایی- سلێمانی، کە بێگومان ئەرکێکی قورس بوو، کاروچالاکییەکانتان بەڵگەی دڵسۆزیتان بوو.. سوپاستان ئەکەین بۆ هەموو هەوڵ و راپۆرتەکانی بەڕێزتان لە ئەرشیفی وەزارەتی داد پارێزراوە، ئێمە وەک وەزارەتی داد سوودمەند بووین لە تێبینی و وردبینەکانی ناو راپۆرتەکان، شاد و سەرکەوتووبن و تەمەنێکی پڕ تەندروستی و سەلامەتی...

لەگەڵ رێزدا

**ڕەئوف ڕەشید - وەزیری داد**

## نامەی ماڵئاوایی جەلالی سام ئاغا
## لە کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی
## (رۆژنامەی رۆژنامە)
## جەلال عمر سام ئاغا
## ٢٠١٠/٩/٢٢

پاش زیاتر لە هەشت ساڵ پێکەوە کارکردن، بە داخ و خۆشحاڵیشەوە.. دەمەوێ بەم نامەیە، کە ئاڕاستەی هەمووتانی ئەکەم، ماڵئاوایتان لێ بکەم. بەداخەوە، چونکە هەموو لێکدابڕانێ جێی داخە، بە خۆشحاڵیشەوە، چونکە پێکەوە ئەو ئامانجەمان بەدیهێنا، کە لە ماوەی ئەم (٨) ساڵەدا دەزگایەکی کاریگەر و بەهێز و بوێری وەکو چادێری داراییمان برد بەڕێوە، ئەگەر هەرکەسێک بیەوێ لە ئەزموونی حکومەتی کوردستان بکۆڵێتەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانێ ڕۆڵی گرنگی دیوان لەم ئەزموونە لەبیر بکات.

بەڕێزان....

نەمویست بە سەرزارەکی ماڵئاواییتان لێ بکەم، نەبا ماڵئاوایەک بێت لە ئاستی ئێوەو هەیبەتی دیواندا نەبێ. ئێمە پێکەوە دەستمان پێ کرد، پێکەوە بەگژ گەندەڵی داراییدا چووینەوە، پێکەوە ملیۆنەها دۆلارو ملیارەها دینارمان لە قورگی پارەخۆرەکانەوە بۆ خەزێنەی میللەت گێڕایەوە، پێکەوە چەندین پرۆژەی خەیاڵیمان ئاشکراکرد، چەندین پیلانمان پوچەڵ کردەوە، لەبەردەم ئەو قاسە دزراوانەی کە لە تاریکیدا شاردرابوونەوە، چەندین مۆممان داگیرساند، لەم کاروانەشماندا زۆر هەڕەشە کرا، بەڵام لە بەرامبەر تالانکارانی ماڵی گشتیدا سەنگەرمان بەرنەدا، زۆر کەسیشمان لێ زویر و لوتەلا بوو، بەڵام پشتگیری رای گشتیمان مسۆگەر کرد، هەندێ دامودەزگای حکومیش بەپیرمانەوە نەهاتن، بەڵام سارد نەبوینەتەوە، چونکە دروشمەکەمان ئەوە بوو (کە ئێمە کار بۆ نەتەوەیەک دەکەین، نەک بۆ گرووپێک، یان لایەنێک).

بەندە وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە ماوەی ئەو (٨) ساڵەدا..

ویستوومە ئەو بۆچوونە پوچ بکەمەوە، کە دەڵێت: « فەرمانبەر با پاک و دڵسۆز بێت، بەڵام کە دەسەڵات و چوار دەورەکەی خوار و گەندەڵ بوو، ئیتر ئەویش ڕەنگی ئەوان وەردەگرێ، یان گەر واش نەبێ، ئەوا هیچی پێ ناکرێت».

دیوان وابەستە و پاشکۆ نەبووە، سەربەخۆ بووە و مەقاشی دەستی کەس نەبووە، ڕاستی تاکە پێوەرێک بووە لە بڕیارەکانیدا، دیوان فەرمانبەری بچووک و گەورە و کاربەدەستی گەورەی حکومی و حزبی وەکو یەک هەڵسەنگاندووە، دیوان هەمیشە سەیری کارەکانی کردووە، نەک پلەو پایە، بەڵگەش ئەویە ئەوانەی بە هۆیڕاپۆرتەکانی دیوانەوە لەو ماوەیەدا چەندین دۆسییە دراون بە دادگا، لە فەرمانبەری بچووکەوە تا بەرزترین پلەی حیزبی و حکومییان تێدا بووە. ڕاستە کارمان سەخت و ڕوو لە هەوراز بووە، ڕاستە کاردانەوەی توندی گەندەڵکارانمان ڕووبەڕوو بۆتەوە، بەڵام دیوان بە تەنها نەبووە، زۆر کەسایەتی پشتگیرییان کردین، ڕۆژنامەنووسی خاوەن پەیام هەبوو، کە لە سەنگەرمان بوون، لە سەرروو هەمووشیانەوە جەماوەر ئێمەیان بە تاکە ئومێدێک زانیوە، کە بە شێوەیەکی کردەیی دژی گەندەڵی بین، نەک تەنیا بە دروشم و قسەی زل.

بەڕێزان...

لەمماڵئاواییکردنەدا، مافی خۆمە جارێکی تر باسی ئەو گرێیە بکەمەوە، کە بە درێژایی ئەم (٨) ساڵە لە سەر دڵم بووە، ئەویش ئەوەیە گەر کار بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بکرایە، ئەوا ئاو ئەکرایە ژێر گەندەڵی و دنیا بۆ گەندەڵکاران بەم جۆرەی ئێستا تەخت نەئەبوو، ئەو کاتە دەمان توانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بخوڵقێنین، کە یاسا و لێپرسینەوە باڵادەست بێت تێیدا، بەڵام هەر بەوە گەشبینین کە حوکمی مێژوو وەک حوکمی دەسەڵاتدارانی ئێمە نییە، چاو لە گەندەڵکاران بپۆشێت و کاری خۆی پێ مەیسەر بکات و پلەو پایەی بەرز بکاتەوە، بە پێچەوانەوە مێژوو دڵی زۆر ڕەقە و ئاوڕ لە کەس ناداتەوە و بە ڕاشکاوانە قسەی خۆی دەکات.

بە شانازییەوە دەڵێم: گەر سەرۆکایەتی دیوان دەستپاک و ئەستۆپاک و داوێنپاک نەبوایە، ئەوا بەهانەی دەکەوتە بەردەستی نەیارانی.. دیوان (کە بۆ ئاییندەش هەر ئەم سیفەتانە دەبنە درێژکراوەی سەرکەوتنەکانی)، لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە کارمەندانی دیوان لە فەرمانبەری پرسگەوە هەتا بەڕێوەبەرە گشتییەکان و جێگری سەرۆک بە خاوەن ئەو سەروەرییانە دەزانم، زۆر بە سنگفراوانییەوە دەڵێم: لە ماوەی ئەم (٨) ساڵەدا چی ئیشێکی باش کرابێت ئێوەن کە ئەنجامتان داوە، هەرکارێکیش کە من کردوومە و بە دڵی هەندێک نەبووە، ئەوا لە ئەستۆی

خۆمەو لە بەرژەوەندی دیوان کردوومە، بۆیە لێی پەشیمان نیم، چونکە بە هۆکارێکم زانیوە بۆ بەرزکردنەوەی ناوبانگی دیوان، ئەمڕۆش ئەیبینن، هەر خێرو بەرەکەتێکیش ڕووی کردبێتە دیوان من لە دواوە وەستاوم و هەر کێشەیەکیش ڕووی لە دیوان کردبێت بۆی بووم بە پەرژین و پێشەنگ.

بەڕێزان...

بەندە.. کاری ئێوە بەرز هەڵئەسەنگێنێ، لەبەر ئەوەیە کە بە درێژایی کاری وەزیفیمو لەو دامودەزگا.. زۆرانی کارم کردووە جیاوازییەک دەبینم لە نێوان کاری ئێوەو فەرمانبەری دامودەزگاکانی تر، کاری ئێوە جگە لەوەی شەونخونی بووە، بە دیار ئامادەکردنی راپۆرتەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی هەڕەشە و هەوڵی نەزۆکی ناوزڕاندنی دیوان و سەرۆکەکەی بوونەوە، تەنها دەڵێم: جێی شانازی نەتەوەکەتانن، بەندەش لای خۆیەوە بۆ پاداشتێکی کەمی ماندووبوونتان و هەتا هەر ناوم لە گەڵتاندا بمێنێتەوە، بڕیارم دا ئەو تاکە زەوییەی کە هەم بوو بیفرۆشمو پارەکەی بخەمە بانکەوە تا ساڵانە قازانجە یاساییەکەی ببەخشم بە ئێوە و بدرێ بە هەندێ لە فەرمانبەرە سەرکەوتوو و خانمە سەلارەکانی دیوان، بە جۆرێک کە هیوادارم لە ئاییندەدا هەموو کارمەندانی دیوان بگرێتەوە.

جارێکی تر ماڵئاوا... لە پرسگەوە تا جێگری سەرۆکی دیوان، تاکە هیوام ئەوەیە ئەم ڕێباز و هەڵوێستە بەردەوام بێت، ئەم تروسکەیە نەکوژێتەوە، ئەم دەنگە کپ نەبێتەوە و هەنگاوی ئێوەش خاونەبێتەوە، هەر شاد و کامەران بن.

# وەڵامی تۆمەتەکانی قادر حەمەجان عەزیز
# لەلایەن جەلالی عومەری سام ئاغاوە
# لە دادگایی ڕۆژی ( ٢٠١٤/٠٩/٣٠)

**بەڕێز دادوەری دادگای کەتنی سلێمانی/٢**

**داوای ژمارە/** ٣٢٦٢/ج/٢٨٢

**سکاڵاکار:** جەلال عومەر سام ئاغا

**تۆمەتبار:** قادر حەمە جان عەزیز

## ب/ وەڵام

سڵاو.. ئاماژە بەو تۆمەتە بێ بنەمایانەی تۆمەتبار داویەتییە پاڵ ئێمە.. لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵی، بەم شێوازە وەڵامەکان دەخەینە بەردەم دادگای بەڕێزتان بۆ بەرچاوڕوونی و چەسپاندنی دادپەروەری..

**وەڵامی تۆمەتەکانی تۆمەتبار (قادر حەمەجان عەزیز)**

**تۆمەتی یەکەم:**

تۆمەتبار دەڵێ: من لە بەرنامەی چاوی سێهەم تەنها نووسراوی خۆیانم خوێندۆتەوە کە سزای دەستەکەیان داوە، بەڵگەم پێیە کە دەستەکانی بێ مەعلوماتن.

**وەڵام:** ئەم تۆمەتە سەرباری ئەوەی ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردنی بێ بنەمای دەستەکانی دیوانی تیادایە، نووسراوێکی خودی شارەوانی سلێمانی دەخەینە بەردەم بەڕێزتان، کە چۆن کاری دەستەکانی چاودێریی دارایی هەڵدەسەنگێنێت و ئەمەش دەقەکەیەتی بە ئیمزای خودی تۆمەتبار.

بۆ بەڕێز دیوانی چاودێریی دارایی
ب/ ناردنی دەستە

ژمارە ٥٩٧٥
رۆژی ٢٠٠٣/٤/١٤

جەخت لە نووسراومان ژمارە (٤٩٢٧) لە (٢٠٠٣/٨/٣) دەکەینەوە، تکایە هەر شەش مانگ جارێک بفەرموون بە ناردنی دەستەی چاودێرییتان بۆ چاودێرییکردنی کاروبارەکانمان لە پرۆژە و خەرجییەکان و چۆنێتی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانمان، کە دەبێ بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بن.
ئاشکرایە دەستەکانی دیوانی چاودێریی دارایی هەمیشە ڕۆڵی باشیان لەم بوارەدا بینیوە، لە ڕێنماییکردن و پێشنیازکردنیان سەبارەت بە هەڵەکان کە بەلامانەوە جێگەی سوپاس و پێزانینە، هەر بەم بۆنەیەوە داواکارین هەر ڕێنمایی و پێشنیازو ڕەخنەیەکتان هەیە.. لەسەر بەشە جیاجیاکانمان لە ڕێگەی دەستەکانتانەوە ئاگاداریان بکەنەوە، هەر شەش مانگ جارێک سەردانمان بکەن...

لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا

**حاکم قادر حەمەن جان**
**سەرۆکی شارەوانی سلێمانی**

**تەواو**

(**نوسراوی هاوپێچ**)
بەڵام کاتێ کە دەستەکانمان هەستان بە دۆزینەوەی دزیی و گەندەڵییەکانی شارەوانی سلێمانی، لە جیاتی ئەنجامدانی ئیجرائات و سزادانی گەندەڵکاران.. کەوتە تەشهیر بە دیوان و سەرۆکی دیوان و دەستەکانی. لە نووسراوێکیشدا

بە ژمارە (١٦٢٩٤) لە (٢٠٠٨/٨/١٨)دا، کە لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەرچووە، تۆمەتبار گازندەی ئەوە دەکات کە (دیوان بەردەوام لیژنەی تدقیق دەنێرێت بۆ شارەوانی بە مەبەستی تەدقیقکردنی ئەو پەڕاو و کارانەی کە لە سەردەمی ئەودا کراوە کە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە)...(نوسراوی هاوپێچ)

**بابەتی سزادانی ئەندامانی دەستەیەکی دیوان:**

سکالاکار (قادر حمەجان) دەیەوێت لەم خاڵەدا بە دادگای بەڕێزتان بڵێ کە خودی دیوانی چاودێریی دارایی سزای دەستەیەکی خۆی داوە.. لەبەرئەوەی ڕاپۆرتەکەیان ڕاست نەبووە. لە وەڵامی ئەم تۆمەتەدا دەڵێین: ئەو نووسراوەی دیوان بە ژمارە (١٩٤٢/٦/١٠) لە ڕۆژی (٢٠٠٤/٨/٨)دا، کە (قادر حمەجان) چەندین جار چاپیکردۆتەوەو لە چەندین شوێن باسی کردووە، لە بنەڕەتدا ئەم نووسراوە باسی سزادانی هیچ ئەندامێکی دەستەکەی تێدا نییە و چەند سەرنج و ئاگادارکردنەوەیەکی دیوانە بۆ ئەندامەکانی دەستەکەی لە کاتی وردبینیدا ڕەچاوی بکەن، ئەمەش بۆ سەرۆکی دیوانو هەر دەزگایەکی حکومەتیی سروشتیە، کە ڕێنمایی و ئاگاداری بدات بە دەستەکانی خۆی- بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١. ئاڕاستەی نووسراوەکە بە وشەی (بەڕێزان) دەست پێ دەکات، کە ئەم جۆرە ئاڕاستەیە ڕەچاوناکرێت لە کاتی سزاداندا، ئەگەر سزا بدرانایە، نەدەوترا بەڕێزان و تەنها ناوەکانیان دەنووسرا.

٢. سەردێڕی ڕاپۆرتەکە دەڵێ: (لەکاتێکدا هەوڵەکانتان دەنرخێنین...) ئەم ڕستەیە بۆ کەسێک بەکارناهێنرێت سزا درابێت.

٣. ناوەڕۆکی نووسراوەکە بۆ هاندانە بە مەبەستی وردبینی زیاتر، بۆ ئەوەی وردتربێت و سەرنج هەڵنەگرێت، وشەی (ئینزارتان دەکەین بۆ وردبینی لە ڕاپۆرتەکانتاندا) بۆ زیاتر وردبینی و بژارکردنی هەڵەکانە. هەرگیز ئەو مانایە ناسەلمێنێ، کە ڕاپۆرتەکانی دیوان ناڕاستن. ئەم شێوازەی سکالاکار دەیکات خراپ لێکدانەوەی نووسراوەکەیە بە شێوازێک، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی نووسراوەکەدا ناگونجێت.

لە پەراوێزی نووسراوەکەی دیواندا هاتووە.. داوای لە بەشی خۆیەتی کردووە، کە سەرنجەکانی دیوانیان پێ بڵێت، ئەگەرنا بە شێوەی ڕەسمی و یاسایی سزا دەدرێن. مانای وایە ئەمە سزا نییە، بەڵکو ئاگادارکردنەوەیەکی زارەکییە. هاوکات شارەوانی (زیاتر لە ١٠) ڕاپۆرتی لەسەر نووسراوە لە لایەن دیوانەوە، لە ئەنجامی ئەم ڕاپۆرتانەدا ئەم سزایانەی خوارەوە دراون:

أ. سزادانی ٢٢ فەرمانبەر بە ئیمزای خودی سەرۆکی شارەوانی پێشوو (قادر حەمە جان عەزیز) لەژێر گوشاری ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیدا.

ب. سزادانی (١٧) فەرمانبەر لەسەر گەندەڵییەکانی شارەوانی بە ئیمزای خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوو کاک عومەر فەتاح هەر لەسەر ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی.

ت. هەڵوەشاندنەوە و گۆڕینی فەرمانبەرانی بەشی بەکرێدانی شارەوانی سلێمانی لەبەر زۆری گەندەڵی.

پ. دانانی فەرمانبەرانی تر بۆ بەشی زەویوزار، لەبەر زۆری گەندەڵی لەسەر ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی.

ج. وەرگرتنەوەی (١٠٠) ملیۆن دیناری سویسری لە بری کرێی موڵکەکانی شارەوانی بۆ ساڵانی (٢٠٠٠تا ٢٠٠٣).. هەروەها بۆ ساڵی(١٩٩٨)، کە وەریان نەگرتبوو بەپێی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی.

ح. هەواڵەی دوو کێشەی تەزویر بۆ دادگا لەسەر ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی.

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، من کە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی پێشوو بووم، تەئکید دەکەمەوە کە لەناو(٧٢٠) دامودەزگای حکومەتدا، کە مشمول بوون بە پشکنینی کارەکانیان لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانییەوە، شارەوانی سلێمانی لە سەردەمی (قادر حمەجان)دا دادەنرێت بە گەندەڵترین دەزگا بە بەڵگەی ئەوەی کە تەنها فەرمانگە بووە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سزا درابێت.

سکاڵاکار دەیەوێت ڕاستییەکان بەلاڕێدا بەرێت، ئەگینا دیوانی چاودێریی دارایی چەندەها ڕاپۆرتی گەندەڵی لەسەر شارەوانی سلێمانی هەیە، کەچی ئەو بەم نووسراوەوە گرتویەتی. بۆ ئاگاداری بەڕێزیشتان، ئەگەر ئەو ڕاست دەکات ئەی ئەم سزایانە بۆ دراون؟

داواکارین لە بەڕێزتان داوای ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بکەن، لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٤ تا ٢٠١١) لەسەر شارەوانی سلێمانی لە سەردەمی (قادر حەمەجان عەزیز)دا بەم ژمارە و بەروارانەی خوارەوە بۆ ئەوەی ڕاستییەکانتان بۆ دەربکەوێت.

**ژمارە و بەرواری راپۆرتەکان**

ڕاپۆرتی ژمارە ٢٠٥ لە ٢٠٠٤/٧/٣ کە ٢٥ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ٢٠٨ لە ٢٠٠٤/٧/٥ کە ٢٦ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ٢٧١ لە ٢٠٠٥/٩/١٣ کە ٢٢ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ٤٠٨ لە ٢٠٠٦/١/٣٠ کە ٣ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ٤٤ لە ٢٠٠٧/٢/١ کە ٢ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ٧٦ لە ٢٠٠٩/٣/٤ کە ٢٥٦ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ٣٠٢ لە ٢٠١٠/٥/٢٣ کە ١١ لاپەڕەیە + پاشکۆکەی کە ١٩ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ١٧٨٨ لە ٢٠١٠/١٢/١ کە ٨ لاپەڕەیە + پاشکۆکەی کە ٥٥ لاپەڕەیە.
ڕاپۆرتی ژمارە ٨٨ لە ٢٠١١/٣/٣ کە ٢٤٤ لاپەڕەیە.

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لەناو (٧٢٠) دامودەزگای حکومەتدا، کە شمولبوون بە پشکنینی کارەکانیان، لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانییەوە، شارەوانی سلێمانی لە سەردەمی تۆمەتبار (قادر حەمە جان)دا دادەنرێت بە گەندەڵترین دەزگا.. بە بەڵگەی ئەوەی تەنها فەرمانگە بووە لەناو ئەم (٧٢٠) دامودەزگایەدا، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سزا درابێت.

**تۆمەتی دووەم**

تۆمەتبار دەڵێ (سکالاکار هەرچەندە سەڵتە.. دوو زەوی وەرگرتووە بە ژمارە (١٨٧/٢٥٠)م٨ ئابلاغ، هەروەها (٦٢٥/٢٦)م٨ ئابلاغ)

**تەواو..**

**وەلام:** زەوی یەکەم وەرنەگیراوە، بەڵکو کرِدراوە لە (جمعية كردستان التعاونية لاسكان منتسبي الدوائر الحكومية في السليمانية المحدودة )، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەندامانی ئەو (جمعية)یە ئیشتراکیان داوە، کە ژمارەمان لەو کاتەدا (٥٠٠) بووین. یەک مەترمان پێ فرۆشراوە بە (٥٠ فلس) هەموو پارەی زەوییەکە (٢٢,٥٠٠) (بیستو دوو دینار و پێنج سەد فلس) بووە. ئەمە لەساڵەکانی شەستدا (تقطيع) کراوە، بەڵام لەبەر هەندێک کێشە لە سەرەتای حەفتاکاندا پارەی زەوییەکان دراوە. لە کاتێکدا ئەم زەوییەمان وەرگرتووە لە کتێبخانەی گشتی ئێستاوە، هەتا شوێنی زەوییەکەی من، کە گردی سەرچنارە چۆڵەوانی بووە، لۆمەیان دەکردین کە چۆن (٥٠ فلس) دەدەین بە یەک مەتر زەوی لەو شوێنەدا.

لە کاتی خۆیدا ئەم زەوییەم بە پارەی گیرفانی خۆم کردە بینایەکی مۆدێرنی جوان، کە بە (٩) ساڵ تەواوم کرد، پاشان تاپۆم کرد لەسەر وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی، هاوپێچ هەموو ئەوراقی تەملیککردنەکە، کە خەملێنراوە بە بڕی (٧٠٠,٠٠٠ $) حەوت سەد هەزار دۆلار، کاتێ کە من ئەم خانووەم دا بە حکومەت، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم بووم لە ئەیلولی ساڵی(٢٠٠٢) دا.

سەبارەت بە زەوی دووەمیش بەپێی بڕیارێکی بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(١٩٩٨) دا دەرچووە، بڕیاردرا بە تەرخانکردنی چەند پارچە زەوییەک بۆ هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی و سکرتێری ئەنجومەنیش، پاش ئەوەی کە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر و دهۆک پێیان دراوە، پارێزگای سلێمانی دوایین پارێزگا بوو، کە پێی درا. بەبێ داواکاری و بەرامبەر بەو خزمەتانەی بە شارەوانییەکانیان کردبوو بێ بەرامبەر، ئەمەش ناوەکانە بە دەرهاویشتن (استثناء) لە مەرجەکان:

١. حەسەن حسێن عوسمان
٢. فەرید مستەفا
٣. پەروێز ئەحمەد محەمەد جاف
٤. سەلاحەدین عەلی مەحمود
٥. حەسەن عەبدوڵا ئەحمەد
٦. جەلال عومەر سام ئاغا
٧. کەریم زەند
٨. عەلی کاکە ڕەش

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم زەوییەشم بەخشی بە دیوانی چاودێریی دارایی، کە لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە فرۆشرا بە بڕی زیاتر لە (٧٠,٠٥٦,٠٠٠) حەفتا ملیۆن و پەنجاو شەش هەزار دینار و پارەکەی خرایە بانکەوە.

بەپێی گرێبەستێک، کە لەنێوان من و بانک و دیواندا ئیمزا کرا، ئەو پارەیە لە موڵکییەتی من دەرچووە بە مەرجێک ساڵانە (٩٠٪)ی سودەکە.. بدرێت بە فەرمانبەرانی لێهاتوو بۆ هاندانی زانست، هەروەها بەشێکی تری بۆ خانمە سەلارەکانی دیوان.

هەموو ئەوراقی ئەم مامەڵەیەش هاوپێچ کراوە.

ئێستا لەم کاتەدا من خاوەنی یەک مەتر دووجا زەوی و خانوو نیم لەسەر هەموو زەمین.

## تۆمەتی سێهەم

تۆمەتی زەوییەکەی (دۆڵە میران).. گوایە «من – سکالاکار»، (١٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵیم وەرگرتبێ لە پارچە زەوییەکی (٣٤٠) دۆنمی بۆ (٣٤) کەس، لە کاتێکدا

ئەمە (٩)مین جارە ئەم وەڵامە دەدەینەوە، کەچی تۆمەتبار دووبارەی دەکاتەوە بۆ چەواشەکردنی دادگا. بەم بەڵگانەی خوارەوە.

١. نووسراوی ژمارە (٤٠٢٨) لە (٢٠٠٧/٩/٤) لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی دەرچووە، لە برگەی یەکەمدا، دەڵێ: «ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین، کە بەڕێز (جەلال عومەر سام ئاغا) سوودمەندنەبووە بە وەرگرتنی زەوی بۆ باخ، بەپێی بڕیاری (٣٩٥)ی ساڵی (١٩٨٣)» (دەقی نووسراو هاوپێچە).

٢. نووسراوی (٣٣٨٣) لە (٢٠٠٧/٩/٤)، کە لە بانکی کشتوکاڵی هەرێمەوە دەرچووە.. دەڵێ: (ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین، کە بەڕێز جەلال عومەر سام ئاغا سوودمەند نەبووە لە بڕیاری ژمارە (٣٩٥)ی ساڵی (١٩٨٣)، هیچ پێشینەی کشتوکاڵی وەرنەگرتووە بۆ باخ لە بانکەکەمان).. (نووسراوی هاوپێچ)

بەم دوو نووسراوە ساغ دەبێتەوە بۆ دادگای بەڕێزتان، کە ئەمەش بوختان و درۆ و تەشهیرێکی دیکەی تۆمەتبارە بۆ منی هەڵبەستووە و بڵاویکردۆتەوە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی میدیادا.. بە شێوازێک باسی بڕیاری ژمارە (٣٩٥) ی (مجلس قيادة ثورة) دەکات، کە تەنها بۆ من دەرچووە و سوودم لێ وەرگرتووە. لە کاتێکدا من یەکێکم لەوانەی سوودم لەو بڕیارە وەرنەگرتووە، وەکو بۆ بەڕێزتان ساغبۆوە، ماوەتەوە بڵێم کە بریا و خۆزگە هەزارەها کەس لە کوردستان سوودی لەو بڕیارە وەربگرتایە، چونکە هەموو کوردستانی سەوز دەکرد و لە جیاتی ئەو بەردەڵان و ڕووتەنییەی شاخەکان ئێستاکە پڕئەبوو لە دارستان و ڕەز و باخی جوانو سوودبەخش بۆ ژینگە. بۆیە دەڵێم ئەم شێوازەی تۆمەتبار (قادر حەمە جان) لە ڕۆژنامە و میدیادا باسیکردووە، جگە لە درۆ و بوختان، هەوڵێکە بۆ چەواشەکردنی خەڵک و پاشان دادگاش. ئەمەش چەندهەمین جارە، لەم هەواڵە قێزەونانە دەداتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. جێگەی سەرنجە لە کاتی خۆیدا بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ ناوی زۆربەی کارمەندە پلە پێشکەوتووەکانی خستبووە لیستی وەرگرتنەوە، لەبەر زۆری کارمەندان دەیویست ئەم وزە گەورەیە بخرێتە گەڕ (تفرغ زراعی). هەموو ئەوراقی ئەم باسە و بڕیاری(٣٩٥) ی (مجلس قيادهة ثورة) هاوپێچە.

### تۆمەتی چوارەم

پرۆژەکەی بەکرەجۆ (تۆمەتبار دەڵێ جەلالی سام ئاغا تەنها بۆ خۆی پارەی خەرجکردووە لە مەشروعێکی حەقلی ماسیدا) بە بڕی (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار دیناری سویسری.

**وەڵام:** ئەم لیژنەیە، وەکو تۆمەتبار دەڵێت، تەنها (جەلالی عومەری سام ئاغا)ی

تێدا نەبووە، بەڵكو پێكهاتووە لە سەرۆكەكەی (جمال عەبدول) كە پارێزگاری سلێمانی بووە، بە ئەندامێتی بەڕێزان نەوشیروان مستەفا، كە ئێستا ڕێكخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕانە، هەروەها خوالێخۆشبوو رەفیق توفیق قەزاز سەرۆكی ئەو كاتی ژووری بازرگانی سلێمانی و خوالێخۆشبوو مامۆستا خالد محەمەد خاڵ مامۆستای زانكۆی سلێمانی بوو، لەگەڵ بەندە. ئەمانە لیژنەكە بوون، كاری گەشەپێدانی حەوزی ماسی بووە لە خوارووی بەكرەجۆ، هەروەها ئەم لیژنەیە بەڕێوەبەری ژمێریاریو وردبینی هەبووە بە ناوەكانی (سروە مستەفا مەجید) و (نەسرەدین خدر سەعید) لەگەڵ دوو ئەندازیار و (٥) پاسەوان.

ئەو بڕە پارەیە بریتییە لە (١٥٠٠) دیناری سویسری نەك (١٨٠٠٠) دینارەكەی تۆمەتبار (قادر حەمە جان)، كە تەرخان كرابوو بۆ حەقی سەرپەرشتیكردنی ئەو دوو ئەندازیارە، كە ئەو پارەیە زۆر كەمتربووە لەو كاتەدا بەرامبەر حەقی ئەندازیارێك.

ئەو بڕە پارەیەی تەرخان كرابوو بۆ من بریتی بوو لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد دینار بۆ كڕینی سوتەمەنی بۆ ئۆتومبێلەكەم جۆری تۆیۆتا ١١٤٣٨ سلێمانی، كە هەتا ئێستا ماوە و مۆدێلی (١٩٨٠)یە. ئەو كاتە بۆ خزمەتی پرۆژەكە بەكارمان دەهێنا بێ بەرامبەر، زۆربەی ئەو ئەندامانە ئێستا لە ژیاندا ماون و دەكرێ دادگای بەڕێز بانگیان بكات و لەوە بگات، كە من بە داواكاری بەردەوامی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەكە ئەوەشم قبوڵكرد.

جا كەسێك خانوو ببەخشێت بە خەستەخانە، زەوی بفرۆشێت بە حەفتا ملیۆن دینار و بیدات بە خەڵات بۆ فەرمانگەكەی، دووجار داوای كەمكردنەوەی مووچەی خۆی كردبێت، كە ئەوكات بریكاری وەزارەتی دارایی و سەرۆكی دیوانیش بووم، هەموو ئەو جەژنانانەشم ڕەتكردووەتەوە كە هاتووە بۆ وەزیرەكان و بریكاری وەزیرەكان، لەبەر ئەوەی فەرمانبەرەكانم وەریان نەگرتووە، لە ژیانی وەزیفیشمدا نە پاسەوانم وەرگرتووە، نە ئۆتومبیلی وەزیفیشم بەكارهێناوە، كە مافی خۆشم بووە هەمبێت، ئایا كەسێك ئەمانەی كردبێت چاوی لەوەیە، كە پاداشت بە خۆی بدات. لەكاتێكدا هەموو كەسێ، كە ئەلف و بێی ئیدارە بزانێت، دەبێ شارەزای ئەوە بێت موخەسەسات و موكافەئە لە سەرۆك كۆمارەوە تا بچووكترین فەرمانبەر بە یاسا دەدرێت، نەك بە ئارەزوو. (نووسراوی موكافەئەكە هاوپێچە كە لە لایەن لیژنەكەوە كراوە)

بۆ ئاگاداری بەڕێزتان دوو نوسراوی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی هاوپێچ دەكەین كە یەكێكیان ئیسپاتی ئەستۆپاكی لیژنەكە دەكات. بە ژمارە (٣٥٧) لە(٢٠٠٧/٩/١٨)، هەروەها بە هەمان نووسراو ئەستۆپاكی (جەلال عومەر سام ئاغا) دەردەخات. (هەردوو نووسراوەكە هاوپێچن)

بۆ زانیاری بەڕێزتان لیژنەی یەکەم لە ساڵی (١٩٩٤ تا ١٩٩٥/٧/٣) بەردەوام بووە بە ئەستۆپاکی ئیقراری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی کۆتایی بەکارەکانی هێناوە. سەبارەت بە لیژنەی دووەم کە لە (١٩٩٥/٨/١)ەوە کاریکردووە، هیچ کام لە ئەندامانی لیژنەی یەکەمیان تێدا نەبووە و لیژنەی دووەم بریتین لە (سالار عەزیز پارێزگاری سلێمانی، خالد ڕەزا قائمقامی سلێمانی، یاسین فەقێ سەعید ـ ئەندازیار، سەربەست عوسمان – ئەندازیار، حەمە ئەمین حەمە کەریم – ئەندازیار– سەبیحە محەمەد ئەحمەد – ژمێریار.) من کە خۆم سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بووم بە نووسراوی ژمارە (٢٣٧ لە ٢٠٠٣/٧/١٢)دا داوای وردبینیم کردووە.. لەسەر پرۆژەی حەوزی ماسییەکە، کە لای لیژنەی دووەم بووە، هەروەها وەزارەتی ناوخۆ لەسەر راپۆرتەکەی ئێمە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە (نووسراوەکان سەرجەمیان هاوپێچن). دیارە لێرەدا (قادر حەمە جان) ئەوراقی هەردوو لیژنەکە بە ئەنقەست تێکەڵ دەکات و بۆ تێوەگلانی من لە مەلەفی فەساد و چەواشەکردنی دادگای بەڕێزتان. سەبارەت بە کاری لیژنەی دووەم کە بە تەواوی جیایە لە لیژنەی یەکەم.. ئەمەش درۆیەکی تری تۆمەتبارە، سەرنجی بەڕێزتان ڕادەکێشم، کە ناوی هەموو ئەندامان دیارە لە هەردوو لیژنەکەدا کەچی (قادر حەمە جان) تەنها باسی من دەکات، چونکە دیوانی چاودێریی دارایی کە من سەرۆکی بووم، گەندەڵییەکانی تۆمەتباری ئاشکرا کردووە.

### تۆمەتی پێنجەم

سەبارەت پێشمەرگەنەبوونی « جەلالی عومەری سام ئاغا»، هەرچەندە تۆمەتبار (قادر حەمە جان) ئەم تۆمەتەی لە چەندین شوێندا لەسەر من وتووە، ئەمەش یەکێکە لە درۆ و بوختانەکانی تۆمەتبار، چونکە پێشمەرگایەتی ناشاردرێتەوە. دەڵێم مەرج نییە پۆستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەرجی پێشمەرگەبوون بدرێت بە هاوڵاتی کورد، ئەوە مافە و بەپێی یاسا دەدرێت. من چالاکی ڕێکخستنی سیاسیو پێشمەرگەییم هەیە لە ساڵانی شەستەکاندا و زیندانی سیاسیش بووم، لەکاتێکدا لە بارودۆخێکی ماددی و نیعمەتێکی باشدا بووم، بەڵام پەیوەندیم بە خەباتی کوردایەتییەوە هەبووە و ڕووم کردۆتە شۆڕش و بەڕێوەبەری کارگێری و ئەمانەتی گشتی دارایی و ڕاگەیاندن بووم لە شۆڕش. یەکێک بووم لە ئەندامە چالاکەکانی لیژنەی دارایی و کارگێڕی بەرز لە ناو شۆڕشدا، کە لە کاتی خۆیدا بە سەرۆکایەتی بەڕێز (عەلی عەبدوڵا) و خوالێخۆشبوو (خەسرەو تۆفیق) و کاک عەدنان موفتیو کاک محەمەد ڕەسوڵ هاوار بەڕێوە دەچوو. ماڵەکەمان جێگەی کۆبوونەوە و پێشنیازو

ڕەخنەکانی شۆڕش بووە، بە ئامادەیی و ئاگایی بەڕێزان (دکتۆر کەمال خەیات) و فەرهاد عەونی و سیروان عەبدوڵا سەعید و شەهیدان عەلی عەسکەری و دارا تۆفیق.
لە ماڵی ئێمەوە چەندین پێشنیازیان ئاڕاستەی بەڕێز کاک ئیدریس بارزانی دەکرد و دیدارییان لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەد ئەنجام دەدا، بە تایبەتی کاک دکتۆر کەمال مەزهەر و دکتۆر دارا ڕەشید جەودەت و کاک کەمال محێدین. ماڵی ئێمە کە ببووە ماڵی کۆبوونەوەی شۆڕش منەت نییە، بەڵکو ئەرکێکی نیشتیمانی بووە.
لە دوای نسکۆی شۆڕشی کوردان خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی تەنها (١٠) کەسی غەیرە حیزبی بانگکرد لە هەموو ناوچەکانی شۆڕش، کە باسی وەزعەکەو چاوپێکەوتنی خۆیمان بۆ بکات لەگەڵ شای ئێران، من یەکێک بووم لەو (١٠) کەسە لەگەڵ بەڕێزان (د.کەمال مەزهەر) کە ئەمانە ماون و هەروەها خوالێخۆشبووان (د.کەمال عەبدوڵا ناجی، د.دارا ڕەشید جەودەت ودارا تۆفیق، د.کەمال خەیات) و بە ئامادەبوونی دکتۆر مەحمود عوسمان و چەند کەسێکی تریش. بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەریش بە نیازی بڵاوکردنەوەی کتێبێکە بۆ یادەوەری ئەو قۆناغە، ئینجا دەدەکەوێت کە من پێشمەرگە بووم یان نا. جا نازانم تۆمەتبار پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە بە پێشمەرگایەتی دەزانێ یان نا. خەباتی پێشمەرگایەتیش تەنها چەک نییە، خەباتی ژێرزەمینی، پێنووس، کۆمەک بۆ شۆڕش، بەگژداچوونەوەی ڕژێم، دەستگیرکردن و ئەشکەنجە... هیچیان لە پێشمەرگەی گیانلەسەردەست کەمتر نەبوون. پاش گەڕانەوەم لە ژیانی پێشمەرگایەتی بۆ ماوەی ٥ ساڵ دوورخرامەوە بۆ بەغدا. لەوێش لەگەڵ بەڕێزان دکتۆر کەمال مەزهەر، تەلعەت نادر و خوالێخۆشبووان خەسرەو تۆفیق و دارای ڕەشید جەودەت و خوالێخۆشبوو عەلی عەسکەری کۆدەبووینەوە، ئەوکات عەلی عەسکەری بەڕێوەبەری شارەوانی ڕفاعی بوو، هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە زانیم شۆڕشی نوێ دەستی پێکردۆتەوە. لە هەشتاکاندا لەسەر داوای خوالێخۆشبوو (خەسرەو خاڵ) دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی جلوبەرگ و پێتاک بۆ پێشمەرگە، ئەمەش بە ئاگاداری کاک عومەر فەتاح بووە.
ماڵی ئیحتیاتی خۆحەشاردانی پێشمەرگە، بە شاهیدی خێزانە بەڕێزەکەی خەسرەو خاڵ، ماڵەکەی ئێمە بووە. من نەک تەنها خۆم، بەڵکو باوکم و باپیریشم هەمیشە لە خزمەتی نەتەوە و نیشتیماندا بووین و لەم پێناوەشدا تووشی گەلێ دەردەسەری بووین. هیچ کات لە سیاسەت دابڕاو نەبووم، ئەوکات بەیاننامەکانی شۆڕشم لە کۆلێژەکەدا بڵاودەکردەوە، لەگەڵ کاک عومەر حسێن کە ناسراو بوو بە عومەرە سور، بەرپرسی پارتی بوو لە کۆلێژەکەماندا.
لە ڕۆژی دروستبوونی (اتحاد طلبة) ی بەعسدا، لەگەڵ کاک فاروقی مەلا مستەفاو

سەردار مستەفا مەزهەر توانیمان ڕێگە بگرین لە دروستبوونی ئەو (اتحاد)ە، تا کار گەییشتە زیندانیکردنمان، لە ساڵی(١٩٦ ١) لە خۆپیشاندانێکدا کە (٧) کەسمان لێ کوژرا و (١١) کەسیشمان لێ بریندار کرا، ئێمەش دەستگیرکراین و لە زیندانی (خلف السدة) زیندانی کراین، لەم ڕۆژگارەدا لەوانەیە تۆمەتبار تەمەنی (٥) ساڵان بوو‌بێت. پاش ئەوەش چەند جارێکی دیکە گیراین.. بە تەعەهود ئازاد کراین. بەڕێز سەرۆکی دادگا: ناچارم ئەم زانیارییە بڵێم بۆ ئەوەی تۆمەتبار نەڵێت هیچ چالاکییەکی سیاسیمان نەبووە، چونکە ئەم چالاکییانە لە مێژووی کەسێتی مندا تۆمارە و بە هەوڵی تۆمەتبار (قادر حەمە جان) ناسڕێتەوە.

(نووسراوی فەسڵکردنی جەلالی عومەری سام ئاغا بە هۆی پەیوەندیکردنی بە شۆرشەوە هاوپێچکراوە.)

## تۆمەتی شەشەم
## باسی خەرجکردنی موکافەئە و موخەسەسات

**وەڵام:** نە من و نە هەر کەسێکی دیکە لە حەز و ئارەزووی خۆیەوە موخەسەسات سەرف ناکات، ئەوە بە یاسا و ڕێنمایی دەردەچێت، ئەوەش پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، بە هەمان شێوەیە و ئێمە بە تەنها نەبووین و بەپێی یاسا و ڕێنمایی کراوە.

بۆ نموونە، نووسراوی ژمارە (٥) لە (١٩٩٤/٨/١١) لە بڕگەی دوودا هاتووە (دووەم/ دانی بڕی (١٥٠٠) دینار مانگانە وەک ڕێزلێنانێک (موکافەئە) لە مانگی تەموزی (١٩٩٤) تا کۆتایی پرۆژەکە بۆ کاک جەلال عومەر سام ئاغا، بەرامبەر هەڵسانی بە ئیشوکاری دارایی و وردبینی و خەرجکردنی پارەی پرۆژەکە).

ئەم بڕە پارەیە، بەپێی ڕێنمایی و بە بڕیاری لیژنەکە و ئیلحاحی سەرۆکی لیژنەکە بەڕێز مامۆستا (جەمال عەبدول) کراوە، نەک خۆم موکافەئەم بۆ خۆم نووسیبێت! هەرچەندە ئەوەشم ڕوونکردەوە، بەڵام هەموو جارێک تۆمەتبار ئەم خاڵەش دووبارە دەکاتەوە بۆ چەواشەکاری و ناوزڕاندنی من لە ناو هەموو لیستەکەدا.

ئەو بڕە پارەیەی تەرخانکرابوو بۆ من.. بریتی بوو لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد دینار، بۆ کڕینی سوتەمەنی بۆ ئۆتومبێلەکەم جۆری تویۆتا (١١٤٣٨) سلێمانی، کە هەتا ئێستا ماوە و مۆدێلی (١٩٨٠)یە و ئەو کاتە بۆ خزمەتی پرۆژەکە بەکارمان دەهێنا بێ بەرامبەر، زۆربەی ئەو ئەندامانە ئێستا لە ژیاندا ماوەن و دەکرێ دادگای بەڕێز بانگیان بکات، تا لەوە بگات کە من بە داواکاری بەردەوامی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە ئەوەشم قبوڵکرد.

(وێنەیەکی نووسراوەکە هاوپێچە لەگەڵ لیستی خەرجییەکاندا).. **تەواو**

بەڕێز جەنابی دادوەر: هەرچەندە ئەم بڕیارەش شمولی کۆمەڵێ کەسی تری کردووە، بەڵام داخی دڵی تۆمەتبار (قادر حەمە جان) لێرەشدا تەنها من دەبینێ.. وەڵامەکەش ڕوونە لای بەڕێزتان.

**تۆمەتی حەوتەم**

**باسی گرتنی من لە لایەن ئاسایشەوە**

تۆمەتبار چەند جارێک بۆ ناشرینکردن و ناوزڕاندنی من ئەو گوتەیەشی لای هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندن بڵاوکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بڵێت کە من کەسێکی تۆمەتبارم لای ئاسایش و داواکراوم و بەند کراوم.

**وەڵام:** لە کاتێکدا کە دەزگای ئاسایش ئەرکێکی یاسای و نیشتمانی گەورەی هەیە و من بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەکەم، نەک هەر کێشەم لەگەڵ ئاسایش نەبووە، بگرە لەگەڵ هیچ دەزگایەکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کێشەم نییە. ئەم تۆمەتبارە لە حاڵەتێکی هەڵچوونی خراپدایە و لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بە ژمارە (٤٧) لە (٢٠٠٦/١٢/٥) دەڵێ: (لە سەردەمێکدا بە تەئکید گیراوە و لەسەر داواو بڕیاری وەزیری ناوخۆی ئەو کاتە مولازم عومەر ئازاد کراوە! ئاوێنە پرسیاری لێ دەکات: ئەو کاتە لەسەر چی گیراوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت ناتوانم باسی بکەم) (ڕۆژنامەکە هاوپێچە)

**وەڵام:** ئەم جۆرە قسەکردنە ئاماژەی قێزەوونی تێدایە بۆ دروستکردنی گومانی خراپ لەسەر من، هەرچەندە ئاوێنە پێی دەڵێ ئێمە نووسراوی ئاسایشمان لایە کە دەڵێ («جەلالی سام ئاغا» لای ئێمە نەگیراوە)، کەچی تۆمەتبار هەر سوور دەبێت لەسەر قسە بێ بنەماکانی. بۆ ئیسپاتکردنی ناڕاستی قسەکانی تۆمەتبار دەقی نووسراوەکەی ئاسایش دەهێنین و هاوپێچیشی دەکەین.

**ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی ئاسایشی سلێمانییەوە..**

سەبارەت بەڕوونکردنەوەی چوارەمی دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر قسەکانی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی، کە لە ژمارە (٤٦)ی(٢٠٠٦/١١/٢٨) لە لاپەڕە (١٢ و ١٣)ی ڕۆژنامەکەدا هاتووە و لە کۆتایی ڕوونکردنەوەکەدا بە وێنەیەک ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کراوە، ئەوەندی لە ڕوونکردنەوەکەدا پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە، ڕایدەگەیەنین کە بەڕێز «جەلالی عومەری سام ئاغا» هیچ کات و بە هیچ شێوەیەک لە لایەن ئاسایشی

گشتی یان ئاسایشی سلێمانییەوە بانگ نەکراوە و دەستگیرنەکراوە، ڕێزی تایبەتیشمان بۆی هەیە، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بخەینە بەردەم ڕای گشتی.

لەگەڵ ڕێزدا

(هاوپێچ کرا)

شایەنی باسە، لێدوانەکەی تۆمەتبار قادر حەمەجان دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەی ئاسایش هاتووە، ئەمەش ئاستی ڕەوشتی ئەم کەسە نیشاندەدات، کە تا کوێ ئامادەیە بەرامبەرەکەی بشکێنێ و گوێ نەدا بە هیچ بەها و ڕەوشتێکی زەمینی و ئاسمانی.

بەڕێز جەنابی دادوەر.. ئایا ئەم بەڵگەیە بە تەنها بەس نییە بۆ جەنابتان، کە ئەو جۆرە مرۆڤێکی بێباکە لە ئیلتیزامی وەزیفە و بەها و یاساکانیش؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەجێ دەهێڵم بۆ ئێوەی بەڕێز.

## تۆمەتی هەشتەم

## پەندە کوردییەکەی (قوللەی قاف) یان (قوللەی حەراسەت)

لە وەڵامی گوتەیەکی پێشووی ئێمەدا باسمان لەوە کردووە، کە دیوانی چاودێریی دارایی وەک قوللەی قافە و سەختە و ڕاپۆرتەکانی ڕوون و ئاشکران و نکۆڵی لێ ناکرێت، کەچی تۆمەتبار پێمان دەڵێت: ئەوە قوللەی حەراسەتیش نییە، ئەم بێ شەرمی و ڕووهەڵماڵراوییەی تۆمەتبار بەرامبەر دیوان لە کاتێکدایە دیوان لایەنی چاودێریی و ئەوانیش دەزگایەکی وەزیفین و دەبێ ملکەچ بن، کەچی بە پێچەوانەی زنجیرەی وەزیفی و نەریتی کارگێڕی گاڵتە بە دیوان دەکات، چونکە دزی و گەندەڵییەکانی شارەوانی ئاشکرا کردووە.

## تۆمەتی نۆیەم

## حوکمی قەرەقوش

ئەمەش چەپکێکی ترە لە دەربڕینی ڕستەی ناڕیک و ناشیرینی تۆمەتبار (قادر حەمە جان)ە، وەڵامی ڕاپۆرتەکانی پێ دەداتەوە، لە جیاتی ئیجرائاتی یاسایی و هەواڵەکردنی فەرمانبەرە گەندەڵەکانی بۆ بەردەم دادگا، کەچی گاڵتەمان پێ دەکاتو دەڵێت: ئەمە حوکمی قەرەقوشە.. ئەوجا دەبێ دادگای بەڕێزتان لە تۆمەتبار بپرسێ، ئاخۆ حوکمی قەرەقوش چییە و مەبەستی چییە، کە بەو شێوەیە وەسفی بڕیارەکانی دیوان دەکات.

## تۆمەتی دەیەم

## بە دیوان و سەرۆکەکەی دەڵێت گەندەڵ و موختەلس!

ئەم تۆمەتە ناشیرینانە بەسە بۆ ئەوەی بە پێی بڕگەکانی یاسای سزادان هەواڵە بکرێت و سزا بدرێ، چونکە نەیتوانیووە و ناشتوانێ بیسەلمێنێ ئێمە تەنها (١) فلسماڵی گشتیمان بە نایاسایی هەڵگرتبێ، چ جای ئەوەی موختەلس بین. بۆیە داوا دەکەم لەسەر ئەمە سزا بدرێ و ڕێگەی پێ نەدرێ ئەو جۆرە تۆمەتانە ببڕێ بە باڵای کەسی تریشدا. پێشتریش هەردوو نووسراوەکەی پرۆژەی فلۆرەنسام ڕوونکردەوە بۆ دادگای بەڕێزتان، کە دوو لیژنە بووە و، من لە لیژنەی یەکەمدا بووم و بەوپەڕی پاکییەوە ئەستۆپاکی خۆمان خستە ڕوو و دەور و تەسلیمان کردووە لەگەڵ لیژنەی دووەمدا، من و هیچ ئەندامێکی تری لیژنەی یەکەم نەبووینەتەوە بە ئەندام لە لیژنەی دووەمدا. من کە بۆ خۆم سەرۆکی دیوان بووم داوام کردووە تەدقیق بکرێت لە کارەکانی لیژنەی دووەمدا (بەپێی نووسراوی هاوپێچ)، بەڵام ئەمجارەش تۆمەتبار قادر حەمە جان بۆ چەسپاندنی ئەم درۆیە دەڵێتەوە، ڕاستە گوتویانە (درۆبکە.. درۆبکە... تا باوەڕت پێ دەکەن)..

(هەردوو ئەستۆ پاکییەکە هاوپێچە لەگەڵ ئەم نووسراوەدا)

## تۆمەتی یانزەهەم

## وەرگرتنی شیش و چیمەنتۆ بۆ فەرمانبەرانی دیوان

لەم تۆمەتەدا تۆمەتبار (قادر حەمە جان) دەڵێ، ئەو کارە هەڵەیە و لە داهاتوودا بۆ پرۆژەی تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنێت.

**وەڵام:** ئەوە مافی هەموو سەرۆکی فەرمانگەیەکە هەوڵبدات زەوی و کەرەستەی خانوو بۆ فەرمانبەرەکانی پەیدا بکات، بەڵکو ئەوە ئەرکێکی سەر شانیانە، کارەکەی دیوانیش لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتی دیوانەوە کراوە و خاڵبەندی تیادا کراوە، ئیمتیاز نەدراوە بە کەس.. مەگەر بەپێی ڕێنمایی و دادپەروەری، فەرمانبەرانی چاودێریی دارایی ئەو مافە تایبەتییەیان هەیە، جگە لەوەی هەندێ ئیمتیازاتی تریشیان هەیە، چونکە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، نەک لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە هەموو عێراقدا. منیش وەک سەرۆکی دیوان هەوڵم داوە فەرمانبەرەکانم سوودمەند بن لە هەر مافێکی سروشتی خۆیان، هاوکات گرنگ ئەوەیە هیچ کات ئەو هەوڵانەم بۆ خودی خۆم، یان ئەندامێک لە کەسوکار و خزمەکانم نەبووە و ناشبێ. هەر داوایەکیشم بۆ فەرمانبەرەکانم کردبێ، لەو ڕووەوە سەربەرزییە بۆ من نەک شەرمی لێ بکەم. چونکە بە ڕای من.. هەروەک چەندەها جار وتومانە دەبێ سەرۆکی دیوان

«دەستپاکی ڕەها - نەترسی ڕەها- دادپەروەری ڕەها» بێت. ئەمەش لە کارەکانی ئێمەدا ڕەنگیداوەتەوە بەو ئیجرائاتانەی کە بەرامبەر بەرپرسی زۆر گەورەتر لە قادر حەمە جان کراوە.

سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە سوودمەندبوون، ئامادەن بێنە بەردەم دادگا، تا بەڕێزتان بزانن ئایا ئێمە سوودمەند بووین لەو کارە.

## تۆمەتی دوانزەهەم
## سەبارەت بە ئیعفاکردنی من لە بڕیاری (مجلس قيادة الثورة)

ئەمە بۆ نۆهەمین جارە.. تۆمەتبار (قادر حەمە جان) لە بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا ئەم باسە دەوروژێنێت، هەموو جارێکیش وەڵام دەدرێتەوە.. بەڵام سووربوونی ئەو لەسەر ئەوەی کە (مجلس قيادة الثورة) بڕیاری عەفوی تایبەتی بۆ « جەلالی عومەری سام ئاغا» دەرکردبێت، ئەمە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ خەڵک، کە من بەرژەوەندیم هەبووە لەگەڵ ڕژێمی بەعس و بەو ئیعتیبارە عەفوکراوم..

**وەڵام:** ئەم جۆرە تۆمەتانە لەگەڵ ئاستی قێزەونی مەبەستی تۆمەتبار و هەوڵدان بۆ تاریککردنی مێژووی من دەگونجێ و بۆ مەبەستی خراپ بەکاری دەهێنێت. لێرەدا تەنها دوو نموونە بۆ دادگای بەڕێزتان دەهێنمەوە لەو بڕیاری (اعفاء)کردنانەی (مجلس قيادة الثورة)، کە تۆمەتبار هەرای لەسەر دروستکردووە.

بڕیاری یەکەم/ ژمارە (٢٣٤) لە (١٩٧٢/٤/١١)دا دەرچووە، بڕیارێکی گشتییە بۆ هەموو ئەندامانی «جمعية كردستان التعاونية لاسكان منتسبي الدوائر الحكومية في السليمانية المحدودة»، تەنها وەجبەی یەکەمی (اعفاء) کراوەکان (٤٣٦) کەسن لە دواییشدا ژمارەیان گەییشتە زیاتر لە (٢٠٠٠) فەرمانبەر، بڕیارەکەش تایبەت نییە بە کەسێکی دیاریکراوەوە.

بڕیاری (اعفاء)کردنەکەش لە ڕەسمی تاپۆ بووە، کە تەنها لە ڕێژەی( ٥٪)ی نرخی زەوییەکە بووە و دەکاتە (١,١٢٥) (یەک دینار و سەد و بیست و پێنج فلس)، چونکە پارەی زەوییەکە (٢٢,٥٠٠) (بیست و دوو دینار و پێنج سەد فلس بوو)ە، کە نرخی یەک مەتر زەوی تەنها بە (٥٠) فلس خەمڵێنراوە و ڕووبەری زەوییەکەش (٤٥٠) مەتر دووجا بووە.

بڕیاری دووەم/ ئەمیش تەنها وەک نموونە دەهێنینەوە، کە یەکێک لەو کەسانەی سوودمەند بووە لە بڕیاری (اعفاء)کردنە خوالێخۆشبوو (محمود مەلا عزەت) بووە، کە کەسێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆز بووە.

دەرهێنان و زەقکردنەوەی ناوی من لەناو ئەو لیستە دوو هەزار کەسییەدا بۆ

ئەوەیە، کە ڕووخساری مێژووی من و خەباتی ڕابردووم بشێوێنێت و لەکەداری بکات، هۆکارەکەش دیارە، کورد واتەنی شەڕ بە کۆنەقین دەکرێت. بێگومان خەفەتی ئاشکرابوونی دزی و گەندەڵییەکانی شارەوانی تۆمەتباری گەیاندۆتە ئەم ئاستە قێزەوونە.

هەر بۆ نموونە چەند ناوێک دەنووسین، کە لە چوارچێوەی وەجبەی یەکەمدا ناویان هاتووە و ژمارەیان (٤٣٦) کەسە و لەگەڵ مندا زەوی گردی سەرچناریان کڕیوە.. تۆ بڵێی هەموو ئەمانە جاش و موخابەرات و بەعسی بووبن و (قادر حەمەجان)یش نیشتمانپەروەر و خاوەن خەبات بووبێت. ئەمەش لیستی هەندێ لە ناوەکانە.

١. محمود مەلا عزەت
٢. محەمەد صادق مەلا حبیب
٣. سەردار غنی شاڵی
٤. بابا علی ئەحمەد شێخ حسێن بەرزنجی
٥. سوهێلە جەمیل عیسا
٦. کەمال عەبدوڵا ناجی
٧. د. ئەحمەد کەمال عەبدوڵا شاڵی
٨. هونەرمەند سمکۆ عەزیز فەرەج
٩. ئەندازیار سیروان عارف ئەمین
١٠. ئەندازیار فوئاد ئیبراهیم قادر
١١. پارێزەر کامیل نیزامەدین جلال
١٢. جەلال عومەر سام ئاغا
١٣. حاکم کەمال مستەفا قادر سەرۆکی پێشووی دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی
١٤. خوالێخۆشبوو خەسرەو مستەفا خاڵ و چەند کەسێکی تریش

## تۆمەتی سیانزەهەم

## با سەرۆکی دیوان واز لە کارەکانی بهێنێت، چونکە نایزانێت

**وەلام:** من نەک هەر لە کارەکەم ئەزانم، بەڵکو لە بنەڕەتدا وەکو لایەنی زانستی کارەکەم ئیدارە و بازرگانی و داراییە و بە پسپۆڕێتی خۆم کاردەکەم، بە دەست لە پشتدان و بارەکەلایی نەبووم بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی. ئەو ڕۆژەی وەزیفەم بەجێهێشت و داوای خانەنشینیم کرد (٤٧) ساڵ خزمەتی وەزیفیم هەبوو. هەتا ئێستا نازانێ پلە بە پلەی ئەرک و فەرمانە کارگێرییەکان چییە. تەنانەت نازانێ کە فەرمانگەکەی خۆی بەڕێوەبەرێتییە یان زیاترە یان هەر جۆرێکی تری فەرمانگەیە،

ئەگەر ئەمانەی بزانیایە نەدەبوو بەم شێوازە بەرپەرچی سەرۆکی دیوان بداتەوە، کە بەپێی یاسا بۆی هەیە لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەتا بچووکترین فەرمانگە بخاتە ژێر چاودێریی خۆی. هەر بۆیە چەندین جار داوامان لە (قادر حەمەجان) کردووە تا بێت لە دیوان خولی فێربوونی بۆ بکەینەوە لە بواری کارگێڕی و یاسایی. تۆمەتبار لە بری ئەوەی لە ئیختیساسەکەی خۆی تێبگات و ڕێز لە فەرمانگەکەی خۆی و دیوانیش بگرێت، کەوتەوە چەلەحانێ لەگەڵ دیوان و گوێ ناداتە تەرتیباتی وەزیفە و ئاگای لە سەروخواری وەزیفە نییە. ئەو هەتا ئێستاش نازانێ، کە فەرمانگەکەی لە ئاستی بەڕێوەبەرێتیدایە، کەچی بە ئێمە دەڵێ ئێوە لە کارەکانتان نازانن. ئەمەش کێشەیەکی تری تۆمەتبارە و ڕۆژنامەکانی لێ پڕکردووە و قسە فرێ دەداتە دەرەوە و گوێی لێ نییە ئەنجامەکەی چییە.

جەنابی دادوەر، دڵنیات دەکەمەوە گەر ئێمە وەکو دیوان چاوپۆشیمان لە هەندێک مخالەفە و گەندەڵی و ساختەی شارەوانی بکردایە. ئێستا لەبەرچاوی ئەم تۆمەتبارە (جوانترین فەرمانگەی هەرێم دەبووین) کێشەکە نەزانی ئێمە نییە، بەڵکو بێئاگایی ئەوە لە سروشتی کار و وەزیفەکەی خۆی. لە نووسراوێکیشدا داوا لە من دەکات دەست لەکار بکێشمەوە، چونکە بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە ئیعفا کراوم. ئەم نووسراوەی تەعمیمکردووە بە وێنەی منەوە بەسەر هەموو فەرمانگەکانی سلێمانیدا. ئەم کارە لە نەریتی هیچ شوێنێکی دونیادا کاری پێ ناکرێت، ئەمە بەزاندنی بەهاکانی ڕەوشت و ویژدان و یاسایە. ژمارەی نووسراوەکەی (٣٨) لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٧/١)دا تەعمیمکردووە. (کە وێنەیەکی هاوپێچە)، ئەمەش ناوزڕاندنی منە.

## تۆمەتی چواردەیەم

## پارەی وەرگرتووە بۆ فەرمانبەرەکانی

**وەڵام:** هەرچەندە ئەم تۆمەتانەمان وەڵامدایەوە، بەڵام جارێکی تر دەیڵێینەوە دەبێ هەموو سەرۆکی فەرمانگەیەک بەپێی ویژدان هەوڵبدات فەرمانبەرەکانی بە تەواوی سوودمەند بن و لە هەر ماف و ئیمتیازاتێکی خۆیان، سەرۆکی فەرمانگەکەش لەوە بەرپرسە. بە تایبەتی دیوان کە سروشتی کارەکەی مەترسیدارە و ڕووبەڕووی گەورە لێپرسراوانی حکومەت دەبێتەوە. خۆ دەبێ ئەوانە بەرچاوتێربن و پشتئەستور بن بۆ ئەنجامی کارەکانیان. ئەمە ئەرکی منە و پێویستە هەوڵبدەم مافی فەرمانبەرەکانم وەربگرم. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە من ئەو کارەم بۆ خۆم نەکردبێت وەک تۆمەتبار کردوویەتی و یەخەی گەورە بەرپرسەکانیشی گرتووە بۆ ئەوە، هاوکات

خزموکەسوکارەکەم تێونەگلاوەو لە خودا بەزیاد بێت، لەوەشدا سەرم بەرزە، بەڵام خۆ تۆمەتبار زۆربەی خزمە نزیکەکانی خۆی سوودمەند کردووە بۆ زەوی، لە کاتێکدا هیچ کامیان بەپێی یاسا مەشمول نین، ئەمەش جگە لە گەندەڵی و سەرپێچی یاسایی شتێکی دیکە نییە. بۆ نموونە، (پێشڕەو حەمە جان) کە برای تۆمەتبارە و تەمەنی (٢٣) ساڵە زەوی پێ دراوە، (پێشەوا حەمە جان) برای تۆمەتبارە و تەمەنی (٢٥) ساڵە و زەوی پێ دراوە، هەروەها ژینۆ حەمەجان جان عەزیز تەمەنی (٢١) ساڵە و زەوی پێ دراوەو هەرسێکیشیان سەڵت بوون.

(هاوار تۆفیق فارس حەمە) تەمەنی(٢٣) ساڵە، ژنبرای (قادر حەمە جان) و هەندێ کەسی تریش، کە بە گرێبەست لە شارەوانی بوون، لەبەر ئەوەی لە دژی دیوان قسەیان کردووە لە ڕۆژنامەکاندا زەوییان وەرگرتووە. ئەمە ناوی چەند کەسێکیانە (ڕەنجدەر کەمال سەعید، ماردین عەبدولکەریم، پێشڕەو ئەحمەد ئەمین). هەندێکی تر لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، کە کاتی خۆی سوودمەندبوون لە وەرگرتنی زەوی بە ئاگاداری و ڕەزامەندی (قادر حەمە جان)، زەوییان پێ دراوەتەوە، ئەمەش ناوەکانییانە (عومەر محەمەد عومەر مەحوی، جەبار محمود محەمەد عەبدولرەحمان، قادر سەعید ئەحمەد محەمەد)، هەروەها (کەنار تۆفیق فارس) کە ژن خوشکی تۆمەتبارە.. دایمەزراندووە لە شارەوانی، بەبێ ئەوەی دەوامی ڕەسمی بکات و مووچەی مانگانەی وەرگرتووە، لە هیچ ڕۆژێکی دەوامدا ئیمزایەکی لەسەر تۆماری فەرمانبەران نەکردووە. جگە لە چەند جارێک ئەمەش بەپێی راپۆرتەکانی دیوان. جەنابی دادوەر: ئێستا من دەپرسم کێ گەندەڵ و موختەلیسە.. کێ دڵسۆزی ماڵی گشتی و دەوڵەتە.

**(کۆتایی)**

Kurdistan Region
Presidency of Region
Diwan

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی هەرێم
دیوان

No:
Date: / /

ژمارە : ٦٣٣
بەروار: ٢٩/ ١٢/ ٢٠١٠

**بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**بابەت / فەرمانی هەرێمی**

هاوپێچ ، دەقی فەرمانی هەرێمی ژمارە (( ٢٣٣، ٢٣٤ )) کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە لە رێکەوتی ٢٨/ ١٢/ ٢٠١٠ بۆ بەڕێزتان رەوانە دەکەین .

*لەگەڵ رێزماندا ....*

دیوان

ل. فؤاد حسین
سەرۆکی دیوان

**وێنەیەک بۆ //**

- نووسینگەی ریزدار جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- نووسینگەی سەرۆکی دیوان / بۆ هەڵگرتن
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون

Kurdistan - ...
Tel. No. : 00964 66 2235500-8 - 00964 750 4715500
E-mail :diwan@krp.org

# بەشی پێنجەم

## لێدوان و وتار
## سەبارەت بە دەست لەکار کێشانەوەکە

## ئەو پیاوەی زوو بەجێیهێشتین
## شوان محەمەد- ئاوێنە

ئاوێنە نامەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی- سلێمانی، «جەلالی عومەری سام ئاغا»، بڵاو دەکاتەوە.. تیایدا ماڵئاوایی لە فەرمانبەرانی دەزگاکەی دەکات و خانەنشینیی خۆی ڕادەگەیەنێت.

زیادەڕۆیی نییە، گەر بڵێین کەسانی وەک «جەلالی عومەری سام ئاغ» لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستاندا نموونەی کەمە. ئەم پیاوە بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو، وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی- سلێمانی، زۆر بە نەزاهەتو خۆنەویستییەوە کاریکردووە.. ئازایانە ڕووبەڕووی ئەو دز و پیاوخراپانە بۆتەوە، کە ویستویانە ئیختلاس و دزی بە ماڵ و موڵکی گشتییەوە بکەن.. لەم بوارەشدا لە ڕێگای ڕاپۆرتەکانی دیوانەوە چەندان گەورە بەرپرسی ڕاپێچی دادگا کردووە.

ئەم مرۆڤە، سەرباری ئەوەی جێگەی ڕێزێکی زۆری کارمەندانی دەزگاکەیەتی، هاوکات لەناو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی پارێزگای سلێمانی، بە چاوی ڕێزەوە تەماشای دەکەن.. چونکە لە واقعی ئەمڕۆی کوردستاندا کە گەندەڵ پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە.. ئەم پەتایە تەنها بە کەسە دەروون نزمەکانەوە نەوەستاوەتەوە، چەندین کەسی دڵسۆز و نیشتمانپەروەریش، کە پۆستێکیان وەرگرتبێت، کە هەرگیز بیر لە لادانیان نەکراوەتەوە، دووچاری گەندەڵی بوونەتەوە، بەڵام «جەلالی عومەری سام ئاغا» نەک خۆی بەوپەڕی پاکێتییەوە پاراستووە، بەڵکو دەزگاکەشی بۆ حکومەتی هەرێم جێهێشتووە، کە وەک کاتژمێر بە ڕێکوپێکی کاردەکات و بچووکترین کەموکوڕی تێدا بەدیناکرێت.

دیوانی چاودێریی دارایی- سلێمانی لە کاتێکدا ماڵئاوایی لە سەرۆکەکەی دەکات، خاوەنی(٢٧٢٠) ڕاپۆرتە لە سەر سەرپێچی و کەموکوڕیی دامەزراوەکانی حکومەت و هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لەلایەن حکومەتەوە یارمەتی دەدرێن، بێگومان گەر دەزگا یاساییەکانی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران کاریان بە چارەکی ئەو ڕاپۆرتانە بکردایە، ئێستا دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم لە دۆخێکی تەواو جیاوازدا دەبوون، لەوەی کە ئێستا تیایدان و لێوانلێون لە گەندەڵی.

جێگەی ئاماژەیە، ئەو (٢٧٢٠) ڕاپۆرتەی کە ماندووبوون و رسکێکی زۆری ویستووە، بەشێکی ئازایەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارمەند و بەرپرسە دڵسۆزەکانی دیوانی چاودێریی، بەڵام پشکی شێریشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکەکەی «جەلالی عومەری سام ئاغا»، کە ئازایانە داوەرانە و بەبێ ماندووبوون.. شەونخونییەکی زۆرەوە کارەکانی راپەڕاندووە.

ئەم کەسایەتییە ئەوەندە خۆنەویستە.. جگە لەو هەموو قوربانییەی کە لە کارەکەیدا پێشکەشی کردووە، هاوکات ئەو خانووەی کە لە گردی سەرچنار تیایدا دەژی تۆماری کردووە کە پاش کۆچکردنی بکرێتە نەخۆشخانەیەک، بۆ ئەوەی خەڵکی سلێمانی سوودی لێ ببینن.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە ناوبراو خاوەنی زەوییەکە، ئەویشی فرۆشتووە و پارەکەی بە ناوی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە بانک تۆمار کردووە، تا ساڵانە قازانجە یاساییەکەی بدرێ بە هەندێ لە فەرمانبەرە سەرکەوتوو و خانمە سەلارەکانی دیوانی چاودێریی.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین: کە ماوەیەکی زۆرە میدیاکان بابەتی ڕۆژنامەوانی لەسەر کەسانی گەندەڵ و دامەزراوەی گەندەڵ بڵاو دەکەنەوە، کار گەییشتۆتە ئەوەی کەس ئومێدی بە ئایندەی کوردستان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمو کەسایەتییە بەرپرسەکانی نەمێنێ، بەڵام کاتێک کە کەسێک دەچێت سەردانی دیوانی چاودێریی دەکات.. سەرۆک و بەرپرس و فەرمانبەرانی ئەو دەزگایە دەبینێت، ئومێدێکی لا دروست دەبێت، کە هێشتا ئەم وڵاتە تروسکاییەکی تێدا ماوە، «جەلالی سام ئاغا»ش شەبەنگێکە لەو تروسکاییە.

ڕۆژنامەی ئاوێنەش وەک وەفایەک بۆ سەرۆکی دیوانی چاودێریی و خودی دیوان، کە خزمەتێکی زۆری دەڤەری سلێمانیان کردووە، بە پێویستی زانی نامەی ماڵئاوایی «جەلالی سام ئاغا» و ئەو دیارییانەی پێشکەشی فەرمانبەرانی دیوانو خەڵکی سلێمانی کردووە بڵاوبکاتەوە.

# تا زووە، جەلالێك بدۆزنەوە
## بەهرۆز جەعفەر

لە هەرێمی کوردستان..ئەو دامەزراوانەی داکۆکی لە ماف و سامانی گشتی ئەکەن بوونیان نییە یان لاوازن، مەسەلەن: داواکاری گشتی بە ئەرکی خۆی هەڵناسێتو لە ئاست گشت ناهەقییەکاندا متەقی لێوە نایەت. سەندیکای رۆژنامەنووسان بەس بەیاننامە دەرئەکا و هەر ئیدانەی ئەکا..!!.دەستەی نەزاهە نییە، ماوەیەک هەبوو، بەڵام لە پەرلەماندا بێ ئیشترین دەستە و لیژنە بوو. چاودێریی داراییش نەک کارا نییە، بەڵکو خۆشی تووشی دەردە کوشندەکە بووە، کە گەندەڵی و بێ جورئەتییە. تا دێت ڕێژەی کۆکردنەوەی پارە و سامان و موڵک و قۆرخکاریی لەلایەن بەرپرسانو سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان پەرە دەگرێت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەندەڵی زیاتر ئەبێت، کەواتە لێکەوتەکانی گەندەڵی واوەتر ئەچن. بۆ نموونە: کە گەندەڵی هەبوو نادادپەروەری هەیە، یاسا نییە، چوزانم ئەو گرفتانە هەیە کە ساڵەهایە ئەینووسین و باسی ئەکەین.. تاقەتم چووە وەک قەوانی سواو لێی بدەمەوە.

چاودێریی دارایی لە ناوچەی سلێمانیدا.. تا ئەو کاتە چوست و چالاک بوو، کە باسی یەکگرتنەوەی نەئەکرا، تا ئەو شوێنە کارەکانی بڕی کرد، کە بەڕێز «جەلالی عومەری سام ئاغا» لە نامەی دەست لەکار کێشانەوەکەیدا نووسیویێتی: «من شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان، چونکە هەست ئەکەم جسمێکی غەریبم لەناوتاندا». ئەم «جەلالە» هەشت ساڵ سەرۆکی دیوانێک بوو، سەدەها ملیۆن دینار و دۆلاری لە قورگی گەندەڵکاران هێنایە دەرەوە، تۆبڵێی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی جیاجیای لەسەر چیو لەسەر کێ ئامادە کردبێت! بە چەند فلتەردا تێپەڕیون، تا ناویان لێناوە ڕاپۆرتەکانی دیوان، وەک خۆی ئەڵێ، ئەمانە (عەن ئەبی هورەیرەتە) نین...!!. هەندێک کە بە قەد چەند نامەیەکی ماستەر و دکتۆرا فەزاحەتیان کردبوو، ئەیانویست پاش زیاتر لە (٤٠) ساڵ لە خزمەتی وەزیفی و بەرپرسیاریێتی بیشکێنن، کەچی «خانوو» و «بەرە»کەی خۆشی پێوە کردە (هِبةً) و بەخشییە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی. هەتا تەمەنی دیوان بمێنێت.. گشت ساڵێک کارمەندە سەلار و بوێرەکانی ناو دیوانی چاودێریی دارایی (خەڵاتی جەلالی عومەری سام ئاغا) وەرئەگرن، ئەم نووسینە نایەوێت یەخەی

ئەم جەلالە بگرنەوە بیکەن بە سەرۆکی دیوان، بەڵکو دوو مەبەستی سەرەکیمان هەیە:

یەکەمیان: ئەوانەی لە ماوەی هەشت ساڵی تەمەنی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیدا ئەنجامدراون، واتە (٢٧٥٠) ڕاپۆرتەکە، کاریان پێ بکرێت و هەتیو نەکەون. چونکە کار وا بڕوات.. نە کارمەند و بەڕێوەبەرەکانی ناو دیوان تاقەتیان لە ئامادەکرنو بەدواداچونی ڕاپۆرت و گەندەڵی و گزیەکان ئەمێنێت، بگرە وەک بینیمان لە ماوەیەکی کەمدا سەرۆکی دیوانی یەکگرتوو لە هەولێر (٤٠٠) ملیۆن دیناری حەپەلووش داو وەک بەرزەخی بانانیش بۆی دەرچوو..!.

دووەمین: ئەوەتا ماوەیەکی زۆرە دیوان بێ سەرۆکە، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان کەسێکی دەست ناکەوێت بیکەن بە سەرۆکی ئەم دیوانە.. تا ڕاستگۆیانەو دەستپاکانە و بوێرانە و بێلایەنانە کارەکانی بکات. چەند جارێک داوایان لەم «جەلالە»ی سلێمانی کردووە، کەچی ڕەزامەندی دەرنابڕێت. جا ئەو بە شێوەیەک دەستی نە چزاوەتە ئاگری بێسەروبەرەی و فەزاحەتی ئەم وڵاتە، تا جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر وەزیفە. ئێوە بچن لێیپچینەوە لەو ڕاپۆرتانە بکەن، کە پێشتر بۆتان ئامادەکراوەو خراوەتە بەر دیدەی یەک بەیەکتان. مەخابن بەشێک لەو بەرپرسانەی کاریان بۆگەنە لای چاودێریی دارایی، پلەکانیان بەرزتر ئەکرێتەوە و لە بری لێپرسینەوە چەند وەزیفەیەکی تریشیان پێ ئەدرێت، بۆیە داوای ڕاپۆرت و کاری دی مەکەن.

بەم ڕۆژگارە.. دەیان هاوڵاتی و شۆفێری تەنکەر و فەرمانبەری ئاسایی و پۆلیسی هاتوچۆ دەبینین سزا ئەدرێن، دەیان ڕۆژنامەنووس ئەفرێنرێن و لێ ئەدرێن و بەند ئەکرێن....هتد. نەمان بینی.. گەندەڵکارێک و بەرپرسێکی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی لەبەر بەرژەوەندی گشتی دادگایی بکرێت. لەسەر جووتێک کۆتر دوو منداڵ شەش مانگ سزا ئەدرێن. بەڵام لەسەر دیارنەمانی (١٨) ملیۆن دۆلار، کە لە ڕاپۆرتەکانی دیواندا هاتووە، کەس نقەی لێوە نایات.. سەیرە..!!. لە پارەی وشکەساڵیدا یەک قائیمقام نییە تێوە نەگلابێت لە گەندەڵی و بەهەدەردانی قووت و سامانی گشتی.. لە ناوچەی سەوز، پارێزگار ئەوە هەر مەپرسە..!. کاتێک سەرەداوێک ئەدۆزینەوە بۆ دەرکەوتنی دەیان سەری تر دەردەکەون، لەناکاو هەموو سەرە داوەکان بزر ئەبن. ئێ مەعقولە زەوی لە حکومەت وەرئەگیرێت بۆ نیشتەجێبوون، کەچی لە هەمان کاتدا زەوییەکە دەفرۆشنەوە بە دەیان دەفتەر دۆلار خێر، بێ ئەوەی ئارەقەیەکی ناوچەوان بسڕن..!!. ئێ ئاخر مەعقولە ئامر لیوایەک بە پلەی (لیوا) لە وەزارەتی پێشمەرگە مووچە وەردەگرێت، کەچی لە سلکی وەزارەتی ئەوقافیش بە ناونیشانی «خادم» بڕی (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار وەرئەگرێت...!!. سەردەمێک، ئەم (شیمالی

حەبیبەی) هەموو تیایدا گوزەر ئەکەین بە دەست یەک (عەمید)ەوە بوو بوو پەندی زەمانە. ئەزانی ئەمڕۆ یەکێک لە گەورەترین هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوخۆدا بریتییە لە گەندەڵی. لەم نیشتمانەدا هەموو خەریکی پارە کۆکردنەوەن، لە ناکاو رۆژنامەنووسێک دەوڵەمەند ئەبێت، لە پڕا سەرمایەدارێک دەیان دەفتەر دۆلار لە قومارخانە دەولییەکاندا ئەدۆڕێنێت، هێشتا ئەم سەری شەقامەکە تەواو نەبووە ئەوسەری داچووە و هەڵوەشاوە. مەترسی دەوڵەمەندی ئەم سەردەمە ئەوەیە: جاران ئەیانووت (دەوڵەمەند، مەنە) واتە سەری خۆی بەدیار کاری خۆیەوە دائەخات و شەڕفرۆش نییە، کەچی ئەم دەوڵەمەندانە بە پۆزلێدان و قومارخانە و ئەتککردنی خەڵک و هەڕەشە و پەلامار و....هتد ژیانیان لە خەڵکی ئاسایی تاڵکردووە، ئەشیانەوێ بە پاڵەوان لەقەڵەم بدرێن. بۆیە ئەگەر جاران چاودێرییەک هەبوو، ئێستا شەقامەکە بۆ گەندەڵکاران بێ پێچوپەناو تاسە و پشکنینە، بە ئارەزووی خۆیان پێیان لێ توند کردووە، تکایە جەلالێک بۆ چاودێریی دارایی بدۆزنەوە، ئەگەر زەمانەت ئەکەن کار بە ڕاپۆرتەکانی پێشووتری بکەن و داواکاری گشتی و سەرۆکایەتییەکانی تر هەماهەنگ ئەبن، ئەوا دۆست و ئەحباب قەناعەت بەم جەلالە دەکەن و لە ماڵیشەوە بێت کاغەزەکانی پێ ئیمزا دەکەین.

## سەرچاوە

http://www.kurdistannet.biz/2012/index.php?option=com_content&view=article&id=2461%3A2012-07-28-11-53-45&catid=16%3A2012-01-01-20-39-03&Itemid=32

# غەریبتر لە جسمە غەریبەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)
## بەهرۆز جەعفەر

مرۆڤ کەی نامۆیە..؟ لە دوو حاڵەتدا: ئەگەر وەکو ئەم سەردەمە ببێت بە کۆیلە و دیلی تەکنۆلۆژیا و داهێنانگەلێکی پێشکەوتوو، کە ئەم نەک دروستی نەکردووە، بەڵکو نازانێت بەکاریشی بهێنێت، هەروەها کات و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی لێ دەگۆڕێت. دیسان مرۆڤ کاتێک نامۆترە کە هەموو ئەوانەی لە دەوروبەر و فەزاکەی ئەمدان، لە بیرکردنەوە و ئامانج و هەڵسوکەوتدا جیاواز بن.

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی پێشوو، بەڕێز «جەلالی عومەری سام ئاغا» دوای کۆکردنەوەی (٢٧٢٠) ڕاپۆرت و دەرهێنانەوەی سەدان ملیۆن دینار و دۆلاری هاوڵاتیان لە قورگی گەندەڵکاران، دوای بەدادگا گەیاندنی چەندان کەسی بەرچاو لە حوکمڕانی کوردیدا، لە نامەیماڵئاواییەکەیدا نوسیبووی: «هەستەکەم جسمێکی غەریبم». لە دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆوە هێندە ژمارەی بەرپرسانی سەرپێچیکار زۆر بوون، ڕای گشتی پێی سەیر بوو جسمێکی غەریب هەبێت و تەحەدای گەندەڵیو پارێزگاری لە داهاتی گشتی بکات. شەهامەت و پیاوەتی و جیاوازبوون بە هەموو کەس ناکرێت. تۆ بڕوانە لەناو (٤٣) سەرۆکی ئەمریکیدا تا دەگاتە ئۆباما، کەسێتی (ئەبراهام لینکۆلن و تۆماس جیفرسۆن و جیمی کارتەر) لە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی ئەمریکادا جیاوازترن.. تەماشاکەن ڕابردوو پڕە لە فەیلەسووف و نەجیبزادە و بیرمەند، بەڵام هەموو فەیلەسووفێک «سوقرات و ئەرستۆ» نییە، هەموو بیرمەندێک «مارکس» نییە، بڕوانە لە کوێرە دێیەکیشدا.. ئەگەر بۆ یەک ڕۆژ ئەسڵزادەیەک سەنگەری دژی کوێخای ستەمکار و دەرەبەگ گرتبێ، ئەگەر تاقە یەک وشەی نەستەقی درکاندبێت. تا هەنووکەش بەسەر زارو زمانی خەڵکەوە ماوەتەوە. نەخوازەڵا لە ژینگەیەکی وەک کوردستاندا، کە خانەیەک نییە لە خانەکانی ناو کۆمەڵگە تەندروست بێت. بۆیە تا دێت غەریبترین و غەریبتر لە جەستەکەی «سام ئاغا» پەیدا ئەبێت. ئێمە مەبەستمان نییە لەم باسەدا ناوبراو ببەینە ڕیزی فریشتەکانەوە، نا.. گەرەکمانە، بڵێین ئێستا کوردستان جگە لە هەڕەشە دەرەکی و ئیقلیمییەکان، لە ئاستی ناوخۆدا ژینگە و شێرپەنجە هەڕەشەن

لەسەری. خۆراک و کەرەستەی بەسەرچووی ئەو سەرمایەدارانەی کە شەوی سەری ساڵ و لە گەرمەی کورد قرانی «شرناخ»دا لە یانە نێودەڵەتییەکانی «قوبرس»دا سەدان هەزار دۆلاریان دۆڕاند. گەورەترین هەڕەشەن. داخەکەم ئێمە لە قوماریشدا لە دوای گەلانی دونیاوەین..!! لە کاتێکدا ئازادی و مافەکانی تری وەک خۆپیشاندان مەترسیان لەسەرە، کارگە و کارخانە نییە، ئەبێت تەنها بەرپرسان و نەوتفرۆشان خاوەنی داهاتو پارە و پول بن.. شوێنی نیشتەجێبوون نییە.. یەکسانیو سەربەخۆیی دادگاکان لە خاکماندا شین نەبووە.. بۆ هەر (١٤) کەس (١) چەکداری بەرئەکەوێت، بەڵام بۆ هەر (٢٠٠) کەس (١) دکتۆری بەرئەکەوێت.. باشترین شوێنێک بۆ سوکایەتیکردن بە تاکی کورد، زانکۆ و ئەکادیمیاکانی کوردستانن، تاکی بەرهەمهێنو داهێنەر بەرجەستە نەکراوە، هەر خودی تاک بۆ پرسە هەستیارەکان ئامادەگی نییە. لە دوای (١٧) ی شوباتەوە گەندەڵی و دیاردەی خۆپێچانەوە و خۆدەوڵەمەندکردن و خۆسوتاندن و خۆکوشتن زیادیکردووە، بەپێی ڕاپۆرتەکان زۆرترین توندوتیژی دژی ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەوانان لە ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدراوە.. ئیتر چۆن «جسمە غەریبەکان» جیانابنەوە لەو جسمانەی کە هەواش بە موڵکی خۆیان ئەزانن.. هەموو جەستەیەک جگە لە ڕۆحێک، کە هۆکاری جوڵانییەتی، دوو ئامرازی گرنگی تیا چوێنراوە: یەکەم ویژدان.. دووەم/عەقڵ. ئاخر ئەقڵ و ویژدان چۆن ڕێگە ئەدات، کە:

* ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی کاری پێ نەکرێت و گەندەڵکاران نەچنە بەردەم دادگا.!!.

* ئیدعای عام نەک هەر نقەی لێوە نایات، بەڵکو تا ئێستا سەر بە وەزارەتی دادە..!!

* (٣٠٠٠) هەزار ماڵی لەشفرۆش هەبن، بەڵام (٣) مەرکەزی بەحس و لێکۆڵینەوەی دوورخایەن نەبن..!!

* دەیان مەلها و دیسکۆ هەبن، دەیان بێگانە لەم وڵاتە ئازادبێت و کاری بازرگانی بکات، بەڵام خۆی ناسەغڵەم بێت..!!

* کاری دامودەزگا ئەمنییەکان لە ئاساییشی نیشتمانییەوە بگۆڕێن بۆ چاودێرییو سانسۆری میدیا و ئەوانەی زیانییان بۆ پەزەکان هەیە..!!

* (١٢) لیوا هەبن هەر یەکە و هی بەرپرسێک بێت، هەرکاتێک و هەرکەسێکیان ویست هەڵبکوتنە سەری..!!

* سەرکردەکانی کورد لەگەڵ مالیکی و نوجەیفی و تورک و فارس دائەنیشن، بەس لە ناوخۆدا تەکبیریک ناکەن و دانانیشن...؟

- ئێمە غەریبترین..! لە جەستە غەریبەکەی کاک جەلالی سام ئاغا. چونکە بە قەدەر

پەڕەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر ئیختلاس و گەندەڵکاران، دیاردە و بابەتە نایاسایی و نابەجێکان زیادیکردووە.

## سەرچاوە

http://www.kurdistannet.biz/2012/index.php?option=com_content&view=article&id=158%3A2012-01-12-13-27-59&catid=16%3A2012-01-01-20-39-03&Itemid=32

## تکایە، وەك جەلالی سام ئاغا دەست لەکار بکێشنەوە(٢٨)
## بەهرۆز جەعفەر

هەمووجار، لە کاتی قسەکردندا، کە پێم ئەڵێ «ڕۆژنامەنووسە، کەسێکی ڕۆشنبیرە.. هتد.» ئیتر سەراپا جەستەم ئەلەرزێت، لەبەر دوو هۆیە، یەکەمیان مرۆڤ هەست دەکات ئەرکەکە زۆر قورسە و لە ئاستی ئەو ئیمتیازەدا نییە، دووەم: زۆر کاتیش هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دنیای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و نووسین.. ئەوەندە بۆگەن بووە، شەرمەزارییە خۆت لەناو ئەو فەزایەدا ببینییەوە، خۆ ڕەنگیشە جارجارە هۆیەکی تری ئەم موچورکەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم پیشە و سیفەتانە هی کەسانێکن هەمیشە سەرقاڵی بیرکردنەوە و سەرئێشەن، چونکە ئەمڕۆش خەڵک بە دوای لەزەتی ژیان و مادەدا وێڵن، بۆیە ئەبێت یان بەرپرس بیت یان بازرگانێکی بێویژدان تا ئەم پێگە مادیەت هەبێت، بەڵام ئەوان تا ئەو کاتەی لەپۆستدان ئەژین، نووسەر و ڕۆشنبیران خاوەن هەڵوێستان نامرن و لەناو کۆمەڵگەدا ئەمێننەوە.

لێرەوە، ئەگەر حونجەیەکی دنیای ڕۆشنبیریشمان کردبێت، ئەوا ڕۆشنبیر هەمیشە کەسێکە ئەخوێنێتەوە، ڕەخنە ئەگرێت، لەسەر گشت شتێک کە لە دەوروبەر ڕووئەدات پرسیار و گومان دروست ئەکا، ماوەیەکە دەست لەکار کێشانەوە زۆر بووە لەگشت ئاستەکانەوە، لە سکرتێری حیزبەوە تا ئەگاتە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامانەشی کە هێدی هێدی خوێنەری کاغەزەکانیان لەدابەزیندایە. حەقی خۆمانە گومان بکەین و پرسیار بکەین... ڕۆژێکیان لە لادێکەی خۆمانەوە تیلێکم بۆ شار کرد و وتم: دەنگوباسی شار، ناوی شەش کەسی بۆ خوێندمەوە کە دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.!! یەکێک لەبەر ئەوەی موچەی تری هەیە و پێی ئەژێت، یەکێک بە ماڵ و باخ و خانەنشینییەوە وازی هێناوە، ئەویتر لەبەر زیادکردنی نفوسی حیزبەکەی و لوتشکاندنی عیلمانییەکان، یەکێکیش دوای کۆکردنەوەی پارە و پول و ناسنامەی ئەورووپی و بردنی باشترین ئۆتۆمبیلی فەرمانگە و دوو پاسەوان دەستی لەکار کێشاوەتەوە. لەکاتێکدا بەشێکی

(28) http://archive.penusakan.com/nusaran/171-behroz-ceafer/5633-2012-05-16-15-36-41.html

زەبەلاحی بودجە بۆ موچە و خانەنشینی ئەڕوات لە کوردستاندا. دواییش ئەیەوێ بیکا بە منەت بە سەرمانەوە تاوەکو وەک ڕەمز و لەخۆبوردەیەک تەماشای بکەین. کەمیش نین ئەو قورمساغانەی، کە خانەنشینن و سەرقاڵی قسەی زل و کەسابەتی ترن، هیچ سێبەرێکیان بۆ هەژارو خەڵکی بەشمەینەت نییە.

سەرم سوڕماوە! جەنابی «مام جەلال» لە یەکەمین چاوپێکەوتنی لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئەڵێت: «من خۆم بە بەرپرسیار ئەزانم بەرامبەر بەو گەندەڵییەی کە هەیە، دووپاتیشی ئەکاتەوە، کە بۆ خولێکی تری سکرتێری خۆی هەڵئەبژێرێتەوە..!!. بەڵام «جەلالی عومەری سام ئاغا» ئەکرێت بە حوکمی زۆر سیفەت، بە یەکەمین شۆڕەسواری مەیدانی شڵەقاندنی گەندەڵی لەم وڵاتە ناوزەند بکرێت، گرنگترینیان حاڵەتێکی دەگمەنە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەویش ئەوەیە، کە پۆست یەخەی ئەوی گرتووە، ئەو لە ماوەی (٨) ساڵ کارکردنی وەکو سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی چەندین جار داوای دەست لەکار کێشانەوەی کردووە، زیاتر لە (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵی و ئیختلاس و بەهەدەردانی سامان و موڵکی گشتی کۆکردۆتەوە، کۆکردنەوە لە چاودێریی داراییدا بێگومان ئەبێت پلەبەندی و بە قۆناغی جیادا تێپەڕبووبێت، بە شێوەی یاسایی و ئامار و داتای ورد، چونکە ئەمە فەرماییشت گێڕانەوە نییە، بەڵکو دەرهێنانەوەی ملیار و ملیۆنە لە قورگی گەندەڵکاران. بۆیە لە کاتی نامەی دەست لەکار کێشانەوەکەیدا، ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی و ڕۆشنبیران پێی کاریگەربوون. ئەوە یەکەم جارە لە سایەی حوکمڕانی کوردیدا. .بەرپرسێک دەست لەکار ئەکێشێتەوە خەڵک پێی دڵگرانە.!! دوو مەقولەی زۆر گەورە لە نامەی دەست لەکار کێشانەوەی «سام ئاغا»دا هەیە، یەکەمیان ئەڵێت: «من هەستەکەم جسمێکی غەریبم». ئەمە ئەکاتە هۆکاری سەرەکی دەست لەکار کێشانەوەکەی.. کە لەناو دەریایەک لە گەندەڵیدا تاقە کەسێک هەست بە نامۆبوون و غوربەت ئەکات.

دووەمیان: بە مام جەلال ئەڵێت «شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان». ئەو وەک مێژووییەک توانی دیوانێک لە چاودێریی دروست بکا، بەڵام لە ناوچەی زەردا لە ماوەی ساڵێکدا بەرپرسی دیوان و سەرۆکایەتییەکەی (٤٠٠) ملیۆن دینار لووش بدەن. ئەوسا تەقاعودیش بوو.!! ئاخر ئەمە قوور پێوانی ئەوێت.

وەک ئەزانرێت ماوەیەکە دەست لەکار کێشانەوە و دەرکردن لە حیزب و ناچارکردن زۆربوون، ڕێنوێنیمان وایە لەمەولا ئەگەر دەستتان لەکار کێشایەوە بێمنەتانە و بێباکانە هۆکارەکەی بخەنە ڕوو، ئاخر خەڵکانێک بۆ کۆکردنەوە و خۆپێچانەوەو ڕێکخستنی حیسابی مەسرەفەکانیان وازئەهێنن و خانەنشین ئەبن، بەڵام « (جەلالی عومەری سام ئاغا)» کە بە پلەی وەزیر چووە ماڵەوە بێ بردنەوەی ئۆتۆمبیلی

فەرمانگە و شۆفێر، بگرە خانووەکەی خۆشی کرد بەناو وەزارەتی تەندروستییەوە.. تا لە ئاییندەدا برینی تاکەکانی کۆمەڵگەی تیا تیمار بکرێت. کاتی ئەوە هاتووە شەقامو میدیا ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بخەنەوە پێش باس و یەکە بە یەکەی ئەو بەرپرسانەی ناویان لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە، بە تایبەتی ئەوانەی سزاکانیان لە دادگا ڕاگیراوە، بجولێنرێن. جارجارە بۆ فشەکردن یەکێک لە شەرتەکانی کۆنگرەی حزبەکان یان پۆستوەرگرتن ئەوەیە پشتگیری دیوانی چاودێریی هەبێت، بەڵام چەند ساڵێکە نازانرێت حیکمەت چییە لەوەی هەر بەرپرسێک گەندەڵە یان نەویستراوە پۆستەکانیان بەرزئەکرێتەوە..؟!!.

## سەنگی دیوانی چاودێریی دارایی(٢٩)
## « وەڵامێك بۆ هەندێ دەنگە دەنگ».
## بەهرۆز جەعفەر

ڕۆژی (٨ی تەمموزی ٢٠١٦)، وتارێکم لە لاپەڕەی فەرمی خۆم، هاوکات لە ژمارەیەک سایت و پێگەی ئەلیکترۆنی بڵاوبۆوە. ئیتر وەک هەر نووسینێکی تر، لە سەرەوە و خوارەوە ئەخوێنرێتەوە، تا خەوشێکی لێ بدۆزنەوە، هەندێ وەڵام و نووسینی فەرمیشی لەسەر کراوە، بە داوای لێبوردن کاتی وەڵامدانەوەم نییە، بەڵام بەڕێزێک بە ناوی « ئیبراهیم ڕەحیم» وەڵامێکی نووسیوە، ئەیهێنێت، چەند خاڵێک بۆ ئەو و ئەوانەی گوێیان لێیە بنووسم:

یەکەم: کاک «ئیبراهیم ڕەحیم» جەختی لەوە کردۆتەوە، کە ئەو (٢٧٢٠) ڕاپۆرتەی دیوانی چاودێریی دارایی ئامادە کراوە، پەیوەندی بە ئازایەتی دەستەکانی دیوانو بەڕێوەبەرەکانەوە بووە، سەرۆک هەر ئیمزای لەسەریان کردووە، هەر بە تەنها ئازایەتی سەرۆکی دیوان نەبووە، بەڵکو پێکەوە، کاریان کردووە». لێرەدا ناکۆکییەکی ئەوتۆمان نییە، چونکە پێش نزیکەی (٦)ساڵ بەڕێز «جەلالی سام ئاغا» لە نامەی ماڵئاواییەکەی بۆ کارمەندان و فەرمانبەرانی دیوان، دەڵێت « بەداخ و خۆشحاڵییەوە ئەم نامەیە ئەنووسم، بە داخەوە چونکە هەموو لێکدابڕانێک جێی داخە، بە خۆشحاڵیشەوە چونکە (پێکەوە) توانیمان ئەو ئامانجانە بهێنینە دی».. لە کۆی قسەکانی و لە نامەی ماڵئاواییەکەشدا چەندین جار وتویەتی (پێکەوە).. وەک دەشزانن (ئیدارە) بریتییە لە (دابەشکردنی کار و تەوزیفکردنی دەورەکان)، تیمەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دیوانی چاودێریی دارایی توخمە پێکهێنەرەکانی دیوانن و ڕۆڵی کارایان هەیە. بوێری و وردبینی ئەوان هۆکاری سەرکەوتنی کارەکانە.

دووەم: سەبارەت، بە دابەشکردنی خەڵاتی ساڵانەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە تیایدا ڕۆڵی ئافرەتی لە وەزیفەدا فەرامۆش نەکردووە و بەشێک لەوانەی خەڵاتەکە

(29) http://www.penusakan.com/Article-1281

وەرئەگرن، پێیان ئەوترێت (خانمی سەلار).. ئەو بەڕێزە ئەڵێت: ئەمە سوکایەتییە، گوایە ئەوانەی خەڵات وەرناگرن سەلار نین!!. باشە لە وڵاتێکدا کاتێک ئافرەتێک ئەکرێت بە (مەلیکە)، ئایا ئەوانیتر (قەبیحەن)؟ ئەگەر کەسێک کرا بە شاجوانی دونیا، ئیتر ئەوانیتر هەموو ناشرین و بەستەزمانن؟! بێگومان نەخێر.. ئینجا خۆ ئەو خەڵاتە هەر بەردەوامە و هەموو ساڵێک ئەدرێت، ئەوانەی لە ماوەی ئەم (٦) ساڵەدا وەریان نەگرتووە، لە ساڵانی تردا ئەیان گرێتەوە.

سێهەم: ئەم بەڕێزە ئەڵێت، هەر (جەلالی عومەری سام ئاغا) ڕۆڵی نەبووە لە دامەزراندنی دیوانی چاودێرییدا.

هەرچەندە ئەو (سام ئاغا) خۆی ڕۆڵی هەموو ئەوانە بەرز ئەنرخێنێت کە پێکەوە لەگەڵ یەک کاریان کردوە.. بەڵام لەوە گەڕێ (٨٦) ڕاپۆرتی هەستیار لای دادگاو داواکاری گشتین، چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی هێناوەتە چۆک بۆ دادگاو خستونییەتیە بەردەم بەرپرسیارێتی گەل و دیوانی چاودێریی دارایی، دەیان بەرپرسی باڵا و کەسایەتی گەورەی داوەتە دادگا، میدیاکان وەک هەناسەیەک بۆ ئارامی و تارماییەک بۆ پاکی ئەو کاتانە دیوانی چاودێریی دارایی- سولەیمانی یان باس ئەکرد، باشە ئەوە بۆ دوای دەست لەکار کێشانەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) لەم هەرێمە، نەک چاودێریی دارایی و بەرپرسەکانی، بگرە پەرلەمان و نەزاهەش نەیان توانیوە، تەنها (١) یەک کەسیش بدەنە دەدگا؟. نەیان توانیوە تەنها یەک دینار بگێڕنەوە سەر قاسەی میللەت.. بۆ؟. بێگومان هەیبەت و کاریگەریی کەسێتی هەموو سەرۆک و وەزیر و بەرپرسێک نەخشێک لە شوێنی وەزیفەدا دروست ئەکات... ئینجا، ئەڵێت: «هەموو ئەوانەی لە دیوانی چاودێریی دارایین، (جەلالی عومەری سام ئاغا)ن !.» زۆر باشە، خۆزگە ئەخوازین کە وابێت، بەڵام ئەی ئەو هەموو بڕوانامە جیهانیو عێراقی و کوردستانییەی کە دراوە بە (جەلالی عومەری سام ئاغا) بەکێ دراوە؟. شەفافیەتی نێودەوڵەتی، میدیای هۆڵەندی، لایەنە عێراقییەکان، شەهادەتی ئامرازەکانی میدیای کوردی، دەستخۆشی حکومەتی هەرێم... تادوایی.

چوارەم: هەموو وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و حیزب، بە پارەی حکومەت ئەبنە خاوەنی خانوو و ئۆتۆمبیل و شۆفێر و زەوی و باخ و ڤێلا، بەڵام (جەلالی عومەری سام ئاغا) یەکەم کەسە لە ساڵی (٢٠٠٢) بە نووسراوێک داوای کەمکردنەوەی موچەکەی خۆی کردووە بۆ نیوە.. یەکەم کەسە کە زەوی خۆی بفرۆشێت و پارەکەی بخاتە بانکەوە و قازانجەکەی ساڵانە بداتە کارمەندەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، ئەمەش زیاتر لایەنی مەعنەوییە بۆ ئەو فەرمانگەیە. یەکەم کەسە کە لە باشترین شوێنی شاری سولەیمانی ئەو خانووەی تیایدا ئەژی، کە ئەم خانووە پێش چل ساڵ

دروستکراوە، تاپۆکەی کردووە بە ناوی وەزارەتی تەندروستیەوە، تا دوای نەمانی خۆی بیکەن بە نەخۆشخانە.. ئینجا هەرکەسێکیش لە ئاستی وەزیر و بەرەو ژوور، کە خانەنشین ئەبێت یان دەست لەکار ئەکێشێتەوە، دوو پاسەوان و شۆفێرێک و باشترین ئۆتۆمبیلی دایەرەکەی ئەبات، (جەلالی عومەری سام ئاغا)، نە پاسەوان نە شۆفێر نە ئۆتۆمبیلی نەویست، تاڵەبانی داوەتی کردە بەغدا، بەڵێنی پێ دا کە ئیش لەسەر ڕاپۆرتەکانی دیوان بکا، نەیکرد و نەیکرد. دواجار لە نامەی ماڵئاواییەکەی دا سام ئاغا دەنووسێت « شەرەفمەند نیم بەوەزیفەکەتان». پاشان ئەڵێت «هەستەکەم جسمێکی غەریبم لەناوتانا».. ئاخر ئەگەر دیوانی چاودێریی دارایی و داکۆکی لە قوت و ماڵی خەڵک نەبێت، ئەم کابرایە چی داوە لەم هەموو گیروگرفتە، تا ئەم چرکەساتەش جەلسەکانی مەحکەمەی بەردەوامە، لەگەڵ ئەو سەرە گەورانەی کە دەستیان لە بەهەدەردان و تالانیی ئەم وڵاتە هەبووە.. پێمان بڵێن جگە لە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کێ ئەمەی کردووە؟

پێنجەم: خاڵێکی تر، کە جێگای لە بیرچوونەوە نییە، مەسەلەی «ئەخلاقیاتە لە وەزیفەدا».. «بەکارنەهێنانی وەزیفەیە بۆ دژایەتی ئەم و ئەو یان لایەنداری نەکردنی حیزبەکانە»..مەسەلەن، ئەو ئەیتوانی ڕێگە بدا ئەو ڕاپۆرتانەی کۆی ئەکەنەوە، لە تەسفییە حیساباتی کوتلەکانی ناوچەی سولەیمانیدا بەکاربهێنرێت، خۆشی هاوڕێیەکی نزیک لە تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بوو، بەڵام ئەمەی نەکرد. تەنانەت ئەو ڕاپۆرتانە بە نهێنی ئەنێردرانە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ ئەوەی لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران بکرێت، لەوێ تاک و تەرایەک ئاشکرا ئەکرا. لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئەبینین هەندێ پەرلەمانتار لە بری دزەکان بدەنە دادگا، ڕاپۆرتەکانی ئەو دیوانە یان گرتووە بەدەستیانەوە، بۆ خەڵکی باس ئەکەن!!. ئەو شتانەی کە کاک « ئیبراهیم ڕەحیم» لای وایە «جەلالی سام ئاغا»ی دیکەش هەیە، پێمان بڵێ جگە لەم جەلالە ڕاستەقینەیە کێی دیکە ئەم شتانەی کردووە؟؟!!.

لە کۆتاییدا، زۆر بەڕێز کاک « ئیبراهیم ڕەحیم»، منیش نامەوێ لە ماهیەتی قسەکانی تۆ کەم بکەمەوە، هەرکەسێک بە ڕاستی بۆ گەل بژی، لەناو گەلیشدا خەڵکانێک هەر ئەبن پارێزەری ڕێبازەکەی بن، ڕەنگە ئەو نووسینەی پێشووی من بە ناونیشانی « جەلالێک بێ ناونیشان» خودی ئەو جەلالە تێبینی لەسەر هەبووبێت نەک هەر تۆ. دووبارە ڕێز..

## جەلالێك بێ ناونیشان(٣٠)
## بەهرۆز جەعفەر

زەحمەتە لەناو قوڕ و چڵپاوی خیانەتی نیشتمانی و بۆن و بەرامەی ئافرەتی جوانی ئەم عەسرە و سەفتە دۆلاری نەوت و نەبوونی دامودەزگای ئیداری و نیشتمانی، وەک لە کوردوستان و عێراقدا، زەلامێکی وا بدۆزیتەوە ئەگەر تا ئەندازەیەکیش بێت دوور بێت لە گیرفان پڕکردنی خۆی و خەزوور و خەسوو و برا و برازا.. تۆ کام «جەلال»ت بە بیردا دێت؟ من باسی « جەلالی سام ئاغا» ئەکەم، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی، هەندێک جار کاراکتەر هەیە بە پلەوپایەدا ئەیناسیتەوە، کاک فلان وەزیری پێشوو، کاک فیسار سەرۆکی نازانم کوێ...یان ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمان!! بەڵام ئەم زیاتر بە ناوەکەیدا.. ڕاستە ئەو (٨) ساڵ لەو وەزیفەیە بووە، نزیکەی نیو سەدەش لە وەزیفەی ئیداری و قانونی و پێشمەرگایەتیشدا بووە. ئەگەر لەمەولا چاودێریی دارایی هیچ چاودێریی و وردبینی یەکی تر نەکات، تەنها بتوانێت کار لەسەر پاراستن و بە جێگەیاندنی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی پێشووتر بکات، کە (٨٦) کەیسیان دراون بە دادگا و داواکاریی گشتی، بریتین لە دەرهێنانەوەی ملیارەها دیناری دزراوی ئەم وڵاتە لە قوڕگی گەندەڵکاران. ئەوە کارێکی گەورەیە. من لە کاتی خۆیدا، بە ڕاپۆرتە هەواڵ و بابەتی دیکە لە میدیاکانەوە باسی (جەلالی عومەری سام ئاغا)م ، کردووە بەوەی کە موڵکی خۆی فرۆشتووە و خستویەتییە بانکەوە و قازانجەکەی بدا بە فەرمانبەرەکانی، پلەی ئەو بەڕێوەبەرەی بەرز کردۆتەوە کە لەسەر خوشکەزاکەی «پارێزگاری پێشووی سلێمانی» ڕاپۆرتی وردبینی ئامادەکردووە و خانووەکەی خۆی، کە لە حەفتاکان دروستی کردووە لە گردی سەرچنار، کردۆتە ناو وەزارەتی تەندروستیەوە، هەر خۆی تێیدا ئەژی، کە ئەچێتە لای حیمایە و سکرتێری نییە، خۆی ئاو و قاوە دێنێتو هیچی بۆ خۆی نەویستووە و.... ئیتر زۆر شتی تر.. لە ماوەی دە ساڵی کاری ڕۆژنامەوانیمدا، زۆر شتم لەسەر «ئەم جەلالە» لە زهنی خۆمدا ڕیزکردووە،

---

(30) http://www.penusakan.com/Article-1215

لە توپی توپی ئەم سیستەمە سیاسی و حزبیەی لە کوردوستان هەیە، تا خواری خوارەوە، من دیومن و ناسیومن، لە کۆڕ و کۆڕبەنیاندا بووم، شتێکی وا فێر نەبووم، جگە لە گەندەڵی و چەتەگەرایی، هونەری فریودان و خەڵک لە کۆڵ خۆکردنەوە، سواربوونی ملی ڕەش و ڕووت .

یەکەم: ئەو پەرلەمانتارانەی ئیمرۆ کە راپۆرتی گەندەڵی بڵاوئەکەنەوە و باسی ئەکەن، بەشی زۆری چەکی دەست و قسەیان بریتییە لەو ڕاپۆرتانەی چاودێریی دارایی لە عەهدی (جەلالی عومەری سام ئاغا)دا ئامادەکراون. کەچی پێیان زیادە ناویشی بهێنن، ئەو ڕاپۆرتانەش چاودێریی دارایی وەک ئەخلاقیاتی کارکردن بە نهێنی داونی بە پەرلەمان، ئەمانیش لە بری « موحاسەبەو موسائەلە»ی گەندەڵکاران هاتوون لە تەلەفزیۆن بۆ خەڵکی باس ئەکەن.!. ئاخر بۆیە نەمان بینی بەرپرسێکی باڵا لەسەر گەندەڵی بخرێتە زیندانەوە، بگرە پۆستەکەی بەرز ئەکەنەوە.. ئاخر خۆ منیش کاتی خۆی ئەمتوانی وەک نزیکی و پارێزەری ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی ئەم ڕاپۆرتانە لە ڕاگەیاندن بڵاوبکەمەوە، خۆم بکەمە جۆرناڵیستێکی پاڵەوانی موزەیەف لە پێش چاوی خەڵک، لەکاتێکدا کارەکان سەرۆکێکی دەستپاک و بوێر لە چاودێریی دارایی کردوویەتی، ئەم جەلالە مەعدەنی ئەم سیاسیانەی زووتر لە هەمومان ناسی و ڕوونی کردەوە. بۆیە هەندێک جار ئەیوت «ما یسمی بالمکتب السیاسي».

دووەم: شتێک، کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەک کەسێتی بۆ سەرکردایەتیکردنی کار، لە هەموو ئەوانیتر جیا ئەکاتەوە، بە بڕوای من بریتییە لە « نەجیبی و نەجابەت»، نەجیبی نەک بە مانای ئەو خێزانە ئەرستۆکراسانەی کە لەسەر بنەمای مژینی خوێنی کرێکار و چینی خوارەوە جەوێکیان بۆ خۆیان دروستکردووە، هۆڵ و دیوەخانیان داناوە، خەڵک داوەت ئەکەن و موزایەدە ئەکەن..!. نەجیبی بەو مانایەی ڕێک «ئەفلاتون» لە کتێبی «کۆمار» و کتێبی «محاوەراتی فکریەکەی»دا، ئەڵێت «پاسەوانێتی وڵات و سەرۆکایەتی.. وەزیفەی کەسانی هەژار» لە فکر و دونیابینیدا ناسپێردرێت، وەزیفەو سەرۆکایەتی ئیشی پیاوە نەجیب و بەرچاو تێرەکانە.. ئەوانەی هەر لە منداڵیدا چاو ئەکەنەوە لە کۆڕی پیاودان و لەگەڵ کتێب و قاوەی تاڵدا، لەبەر گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم و شیعرەکانی مەحمود دەروێش و موزیک و باڵۆرەی فەرید ئەترەش دا تەزیون، هاوڕێی مرۆڤە ژیرەکانن، لە دەمەتەقێی گەورە پیاواندان، ئەوانەن کە پێش پارە کۆکردنەوە.. فێری تەوزیفکردنی پارە کراون بۆ سوودی گشتی، ئەوانەن ئەبەخشن، بەخشندەن... لە وتندا هێمنن، ڕاشکاون، لە مافی گشتی خۆش نابن، هەر بۆیە حەزیش ئەکەن وا بمێننەوە. «جەلالی سام ئاغا» ئەوانەیە ...

سێهەم: سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کاک مەسعود بارزانی، بڕیاری داوە چاکسازی بکات لە حیزبەکەیدا، کەچی گەورە دزەکان و قومارچییەکانی کردووە بە سەرۆکی لیژنەکانی لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران؟؟ ئەمە بێ جەلالی نەبێت چییە؟. چەند لەوانەی ژمارەی گەورەبوون لە بەرپرسیارێتیدا و کوڕی شاربوون و ڕەفیقی منالی سەرۆکی دیوان بوون، هەموویان دا بە دادگا، پارێزگاری پێشووی سولەیمانی «دانا ئەحمەد مەجید»ی تاونا و ڕاونا.. مەکتەب سیاسی وا هەیە، دەیان جار ڕاپێچی دادگای کردووە..!. ئێ خۆ ئەم جەلالە هەر خۆشیەتی دەرگای حەوشەکەی بە لاوازترین پاسەوانی مەسئولەکان ئەشکێت!.

چوارەم: (جەلالی عومەری سام ئاغا)، زووتر زەوییەکی موڵکی خۆی فرۆشتووەو پارەکەی لە بانک داناوە، ساڵانە قازانجی ئەو پارەیە ئەدرێت بە کارمەندە سەرکەوتووەکانی دیوان، لەناو ئەوانەی خەڵاتی ساڵانەی سام ئاغا وەرئەگرن، لە کارگوزارەوە تا سەرەوە هەیە، جا ئەوە بڕگەیەکی تیایە خەڵات بۆ «خانمی سەلاری دیوان» ... لێرەشدا ئەم کابرایە حورمەتی گەڕاندۆتەوە بۆ ژن لە وەزیفەدا.. کەچی ئەوەندە ساڵە بە سەدان ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان هەیە نەیان توانیوە دەستخۆشییەک بۆ خاوەنی ئەم خەڵاتە بنووسن!

ئیتر، جەلالێک ئەوانەی لە سەرەوە بێت، چۆن نووسەرێک بتوانێت ناونیشانێک بۆ وتارەکەی بدۆزێتەوە، چۆن حکومەتێکی ناونیشانی ئەمی بیردێتەوە، بۆ ئەو هاتوهاوارانەی کردی دەرهەق بە گەندەڵکاران، کەواتە « جەلالێک بێ ناونیشان»... ئەم (١١١) پەرلەمانتارەی لەم خولەدان، ئەو (١١١) پەرلەمانتارەی خولەکەی پێشوتریش، کە بە ملیارەها دۆلار لەسەر حیسابی خەڵک کەوتوون، ناتوانن و نەیان توانیوە مەکتەبی سیاسییەک بدەنە دادگا، کەچی خۆیان لێ بووە بە فیلی ساحەکەو بیریان چووە ناو و ناونیشانی «جەلالی سام ئاغا» کێ بوو، چۆن سوود لە میراتە مەعنەوییەکانی، لە ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکانی وەربگرن.. ئەزانم، ئەم نووسینەم لە چەندین پێگە و سایت و شوێندا بڵاو ئەبێتەوە، گرنگ ئەوەیە دڵنیام، کە پەشیمان نابمەوە لە وتنی ئەوانەی دەرهەق بەم «جەلالە« م وتووە.

## یەکێتی و (جەلالی عومەری سام ئاغا)(٣١)
## بەهرۆز جەعفەر

کاتێ کۆماری مەهاباد ئەڕوخێ و قازی و سەیفو سەدر لە سێدارە ئەدرێن، ناچار مەلا مستەفای بارزانی بەخۆی و نزیکەی پێنج سەد جەنگاوەرەوە لەڕێگەی ئاوی ئاراسەوە، بەرەوە سۆڤیەت بەڕێدەکەون، بەڵام ئەوپەڕی نەهامەتی لەسەرووی ڕووخانی کۆمارەکەوە، ئەوەیە ئاخۆ ئەبێت چارەنوسی بارزانی و یاوەرەکانی چی بن لە ئاوی ئاراسدا، ئاخۆ کەی دێتەوە، ئەو سەردەمە وابوو، خەڵکی لەبەرئەوەی ئاراس وەفای بۆ ڕابەرەکەیان بوو، کوڕو کچی خۆیان ناو دەنا «ئاراس» بەڵام ئەفسوس بەرپرسی ئەم سەردەمە خەڵکی لەو خوایەیان ئەوێت بڕۆن هەرنەیەنەوە، ئەمە پەتای گەندەڵییە کە پێشمەرگەکانی دوێنێ وا قێزەون کردووە، لەم سنوری ناوچەی سەوزو سلێمانییەدا گشت لایەک پیاوێکو دیوانێکیان شک ئەبرد کە تروسکاییەک هیوای بۆ هێشتبووینەوە لە پاراستنی ماڵو موڵکی گشتیدا، لەم سەروبەندەدا خودی مام جەلالیش دانی بەگەورەیی و مانەوەی ئەم پیاوەدا ناوە کە مانەوەی قازانجە لەمەڕ یەکێتی، بەڵام فائیدەی چی خۆی ئەو یەکێتی نییە، خۆ سەرکردایەتی یەکێتی چوار کەسی وەک ئەویشی نییە، بەڵام ئەگەر وایە گشت لایەک بەسەرکردە و بنکردەمانەوە لە گەورەیی بەڕێز «سام ئاغا» و دیوانەکەی تێگەییشتوین، ئەی بۆچی کەس مەوقیفی نەبوو لە بە تەنگەوە نەهاتنی ڕاپۆرتەکانی دیواندا، ئەوەتا خۆی لەنامەی ماڵئاواییەکەیدا دەڵێت: «ئەگەر بەڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی کاربکرایە، ئەوا ئاو ئەکرایە ژێر گەندەڵی و خۆی واتەنی پارەخۆرەکانی باش ئەناسی، ئەو «سام ئاغا» وتەکانی وتەی خۆرایی و ئاسایی نین، لەبەڵگەو دۆکۆمێنتەوە سەرچاوە ئەگرن، دیوانی چاودێریی دارایی لەماوەی هەشت ساڵی تەمەنیدا کە «سام ئاغا» بەرپرسی بووە سام و ترسێکی باشی لە دڵو دەرونی قاسە دزەکاندا وەگەڕخستبوو بەگشتی پێوەرێک ئێمە چاوەڕێمان ئەکرد دەستی لێپرسینەوە و دوورخستنەوە بۆ ئەو کەسانە بێتە گۆڕێ کە ماڵی میللەت بەهەدەر ئەدەن، کەچی لەناکاو بەدەم....

---

(٣١) هەینی (١٥ تشرینی یەکەمی ٢٠١٠).

## پیاوێك لە پەڕەی گوڵ(٣٢)
## محەمەد بەرزی

لە هەر وڵاتێکدا دەسەڵاتی دیوانی چاودێریی دارایی هاوتا و هاوسەنگی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن نەبێت و لە بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکاندا هەمان هێز و قورسایی ئەوانی نەبێت، ئەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە تەنها سەرۆکێکدا کۆدەبێتەوە، ئەو سەرۆکەش دەبێتە کەسێکی تاکڕەوی خۆسەپێنەری خۆپەرست و بە تەواوی یاسا فەرامۆش دەکات و بەرژەوەندی تایبەت دەخاتە سەرووی بەرژەوەندی گشتییەوە. لە ئەنجامدا دەرگای گەندەڵی والا دەبێت و تالانی و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتی پەرەدەسێنێت و وڵات ڕووبەڕووی وەیشومەو قەیران و قاتوقڕیو برسێتی و مەترسی گەورە دەبێتەوە و هیچ مانایەکیش بۆ مافی گشتی و ئازادیو دیموکراسی نامێنێتەوە. بێگومان حکومەتی هەرێم لە ڕۆژی دروستبوونییەوە، دەکەوێتە خانەی حکومەتە خۆسەپێنەرە تاکڕەوەکانەوە. نە بەتەنگ ماڵ و موڵکی گشتییەوەیە و نە ڕێز لە یاسا و دەستاودەستی دەسەڵات دەگرێت و نە بەهای مەینەتی و مێژووی خوێناوی میللەتەکەی خۆشی دەزانێت، ئەوەندەش بێباکە لە قسەی خۆی زیاتر، گوێ لە قسەی کەس ناگرێت. دیارە لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی خراپی لەم جۆرەدا.. چاکسازیی و بەرگریکردن لە گەندەڵی کارێکی ئێجگار ئەستەم و گرانە، بەڵام لە هەموو سەردەمێکدا و لەناو هەموو میللەتێکدا، کەسانی ئازا و بوێر و پیاوی پیاوانەی دڵسۆزی وا هەبووە لە پێناوی خزمەتکردنی نیشتمان و بەرژەوەندی گشتی و سەروەت و سامانی میللەتدا ئامادە بوون سەری خۆیان دابنێن و بەگژ گەندەڵی و تالانیدا بچنەوە، باکیشیان لە هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ژیانی خۆیان نەبێ. شایانی باسە، یەکێک لەو کەڵە پیاوە پاکانە، کە خەمی

(32) http://www.wtarikurd.info/%D9%85%D8%AD%D9%80%DB%95%D9%85%D9%80%DB%95%D8%AF-%D8%A8%D9%80%DB%95%D8%B1%D8%B2%DB%8C-%D9%BE%D9%80%D9%80%DB%8C%D9%80%D9%80%D8%A7%D9%88%DB%8E%D9%80%DA%A9-%D9%84%D9%80%D9%80%DB%95-%D9%BE%D9%80%D9%80/

گەلەکەی لە کۆڵناوە، کاک «جەلالی عومەری سام ئاغایە». کاتێک وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی کاردەکات، بە هەموو هێز و توانایەکییەوە دەیەوێت ئەو دەزگایە چاوی کراوەی گەل بێت و دەسەڵاتەکانی هاوتای دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن بێت، تا بتوانێت بە باشترین شێوە چاودێریی وردی خەرجکردنی داهاتی ساڵانە بکات و موڵک و ماڵی گشتی بپارێزێت.. بەر بە لێشاوی ئەو هەموو گەندەڵییە بگرێت، کە جەستەی کۆمەڵگاکەمانی دارِزاندووەو ئابووری وڵاتی بەرەو دارِمان و هەرەس بردووە. ئەم پیاوە مەردە توانیویەتی لە ماوەیەکی کورتدا ساڵانە دەیان ملیار دینارو دەیان ملیۆن دۆلار بگەرِێنێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، بێ ترس و پرس دەستبکات بە قورِگی دزە گەورەکاندا و چۆکیان پێ دابدات و ببێتە گابەردی سەر دڵیان. خۆ کاتێکیش سەرکردەکان و سیاسییە بیرکۆڵەکان و خاوەن کۆمپانیا بێویژدانەکان.. لە هەموو هەستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دەشۆرێنەوە و وەک نەهەنگی برسی بە راست و چەپدا هەموو شتێک قووت دەدەن و بە تاڵانی دەبەن، ئازایانە ناو و دۆسییەی ٨٦ کەس و ٢٧٢٠ راپۆرت رادەستی داواکاری گشتی هەرێم دەکات، کە هەتا ئێستا تەنها چوار دۆسییە جوڵێنراون و دەسەڵاتیش، کە پشکی شێری لە گەندەڵیدا هەیە، ٨٢ دۆسییەی لێ سرِ و فەرامۆشکردووە، کە سەدان ملیۆن دۆلاری دزراو و هەزاران پارچە زەوی و موڵک و ماڵی گشتیی تاڵانکراویان گرتۆتە خۆیان، لە بەرامبەریشدا دزە گەورەکان بۆ شاردنەوەی ئابرِوی خۆیان و پرِکردنی گیرفانیان بەردەوام ویستوویانە دەنگی رەوای کاک جەلال بە ژەهر و هەرِەشە کپ و خامۆش بکەن. بێگومان لەبەر نەبوونی یاسا و بەدەنگەوەنەهاتنی دەسەڵات بۆ ئەو راپۆرتانە رۆژ لە دوای رۆژ گەندەڵی زیاتر پەرەدەسێنێت و دەچێتە ئاستی تاڵانییەوە.. تەنها دەزگایەک ناتوانێت بەری پێ بگرێت. بۆیە ئەم پیاوە تێکۆشەرە، کە بە موو لە راستی لای نەداوە، نامەی دەست لە کارکێشانەوە بۆ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمار و سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەنێرێت و تێیدا دەڵێت: شەرەفمەندنیم بە وەزیفەکەتان، چونکە من جسمێکی غەریبم لە نێوانتاندا و پاشان بە ویست و ئارەزووی خۆی واز لە پلەی وەزیریی دەهێنێت، بە مەش باشتر رێگا بۆ دزینی سەروەت و سامانی وڵات والا دەبێت و حاڵی وڵاتەکەمان دەگات بەم رۆژە رەشەی ئەمرِۆمان، کە جگە لە دارِمانی ژێرخانی ئابووریمان و نەمانی پارە لە بانکەکاندا، ئەوەتا بە چوار پێنج مانگ حکومەت ناتوانێت نیو مووچە بۆ کارمەندەکانی خۆشی دابین بکات. ئەوەی شایانی باسە، کاک جەلال لە دەرخستنی گەندەڵیدا خزمەتێکی زۆر گەورەی کردووە، بە جۆرێک ناو و ناوبانگی سنووری کوردستانی برِیوە و گەیشتۆتە دەرەوەی وڵاتیش، ئەوەتا لە لایەن یەکێتی ئابووریناسان و کارگێریناسانی

دەوڵەتەکانی ئەوروپاوە ڕێزی لێ نراوە و پاداشتی ساڵانەی لە بواری دەستپاکیدا پێ بەخشراوە.. وەک کەسایەتی ساڵیش دەستنیشان کراوە. سەرباری ئەمانەش ڕۆڵی گرنگی کاک جەلالی عومەری سام ئاغا هەر ئەوە نییە ڕووبەڕووی گەندڵکارە زلحۆرتەکان بۆتەوە و پەردەی لەسەر ڕوو لابردوون، بەڵکو دەیان هەڵوێستی دڵسۆزانەی هەیە، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەم:

١- خانووەکەی یەکێکە لە خانووە جوان و دڵگیرەکانی گردی سەرچناری سلێمانی، کە لە کاتی خۆیدا بە بڕی ٧٠٠ هەزار دۆلار خەمڵێنراوە، بێ بەرامبەر بەخشیویەتی بە وەزارەتی تەندروستی، تا دوای خۆی بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی و خزمەتی هاوڵاتیان بکات و لە ساڵی ٢٠٠٢ وە تاپۆی ئەو خانووە خراوەتە سەر وەزارەتی ناوبراو.

٢- لە ناوچەی ئابڵاخ خاوەنی زەوییەک بووە و فرۆشتویەتی و پارەکەی لە بانکدا بە ناوی دەزگای چاودێریی داراییەوە داناوە و ساڵانە سودەکەی وەک ڕێزلێنان پێشکەشی فەرمانبەرانی سەرکەوتوو و چەند خانمێکی سەلاری دیوانی چاودێریی دەکرێت.

٣- پێشنیاری بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە مانگانە موچەی خانەنشینییەکەی ببەخشرێت بە دەزگای شەهیدان و کەمئەندامان. لە دواجاردا ئەوە ماوە بڵێم: کاک جەلال.. چرایەکی گەشی نیشتمانەکەمانە، هەموو خەون و خولیایەکی ژیانی ئەوە بووە خزمەتی خاک و خەڵک بکات، دیارە دزەکان کە وەک زەروو بەربوونەتە گیان و جەستەی شەکەتی ئەم میللەتە کڵۆڵەمان، ویستیان بە گەروویەکی پڕ لە ژەهرەوە فوو لەو چرایە بکەن و بە تەواوی خامۆشی بکەن، بەڵام ئێستا ئەو پیاوێکە لە پەڕەی گوڵ پاکتر و لە جاران گەشتر و ڕووناکترە، جێگای ناخی دڵ و دەروونی هەزاران هەزار کوردی بەشەرەفە.. دڵنیام ڕۆژێک لە ڕۆژان، کە دەسەڵات دەگاتە دەستێکی پاک و بێگەرد، ئەوا لە ناوەڕاستی باخێکی پڕ لە گوڵە باخی سپیدا پەیکەرێک بۆ ئەو چرا گەشەی نیشتمان دەکرێت، بەردەوامیش بۆن و بەرام و شنەی ئەو باخە خۆشەش باوەشێنی ڕۆحمان دەکات و ناخمان پڕدەکات لە پاکیی.. نەوەکانی داهاتووش فێری دەستپاکی و خۆشەویستی نیشتمان دەکات. بێگومان ئەو کەسانەشی دەنکە جۆیەکی ماڵی میللەتیان خواردووە، ئەوا زوو بێت یان درەنگ بەر شەقی زەمانە دەکەون، جا جێگای خۆشییەتی هەر لێرەدا هۆنراوە بەرزەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بیری ئەو کەسە مشەخۆرانە بخەینەوە، کە چاویان بە کەسانی وەک کاک جەلالدا هەڵنایەت و سەرقاڵی دزینی داهاتی میللەتێکی ئەنفالکراون، تا چاک بزانن هەتا

سەر ئاوا نایخۆن، چونکە ئەوەی بە دزی گندۆران بخوا، دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان کوتەکەکانی سەروگوێلاکی خۆشی بژمێرێ :

**لێگـەڕێ با کەر لە ناو قەرسیـــلدا یاری بـــکا**
**ڕۆژێک ئەبێ خاوەن قەرسیل کەر دارکاری بکا**

## گرێگەی سام ئاغا(٣٢)
## ئالان رەئووف

لە ماوەی چەند ساڵی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، هیچ نامەیەکی دەست لەکار کێشانەوە و ماڵئاوایی لێپرسراوێکی ئەم حکومەتە، لە پۆستەکەی هێندەی نامەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بۆ هاوکارانی ئێستای حکومەتەکەی جێی پرسیار و پەند وەرگرتن نییە، چونکە سام ئاغا و دیوانەکەی لە ماوەی (٨) ساڵی تەمەنی کارکردنیان لە ناوچەی سەوز، ئەرکێکی گەورەی گران و پڕ گێرمەوکێشەو ململانێی سەختیان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و ئاشکراکردنی گەندەڵکاران بەجێهێنا. سەرەڕای بوونی کەموکورتی و ئەو ئاستەنگانەی دەهاتنە بەردەم کارەکانیان وەک خۆی لە نامەکەدا باسی دەکات.

بۆچی ئەم نامەیە بۆ حکومەتەکەمان و دیوانی چاودێریی نوێ و پەرلەمان گرنگە؟

گرنگە لەبەرئەوەی حکومەتەکەمان بەیداخی هەڵکردووە، دژ بە لەشکری گەندەڵکاران. ئەمیش ڕاستەوخۆ بە حکومەت ئەڵێ: تا ئەمڕۆ وەک پێویست کار بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی نەکراوە و دەڵێت: (مافی خۆمە جارێکی تر باسی ئەو گرێیە بکەم کە بە درێژایی ئەم (٨) ساڵە لە سەر دڵم بووە، ئەویش ئەوەیە گەر کار بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بکرایە، ئەوا ئاو دەکرایە ژێر گەندەڵو دنیا بۆ گەندەڵکاران بەم جۆرەی ئێستا تەخت نەدەبوو). ئەمە ڕستەی سەرەتای وتارەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کە تا ئەمڕۆش گەندەڵکاران وەک شانەی نووستوو لە ناو دامەزراوەکانی ئەم حکومەتەدا هێلانەیان کردووە، ناو و ناوبانگی ئەم ئەزموونەیان لەکەدار کردووە، زۆرێکیشیان فایلەکانیان لەناو ژوورەکانی ئەم دیوانەدا تۆزی لێ نیشتووە و پێویستی بە بڕیار و دەستێکی پاک و بوێرە، تا لە سەر ڕەفەکانی سیخناخ لە گەندەڵی بیان هێنێتە خوارێ و بە دەنگی بەرز بخوێنرێتەوە، چیتر وەک فریشتە و بێگوناهـ تەماشا نەکرێت.. بۆ لەمەودواش یاسا باڵادەست بێتو لێپرسینەوە خەم بێت.

---

(٣٢) (هەفتە نامەی ئاسۆ) ژمارە (١٣١٥ لە ٢٠١٠/٩/٢٠).

سام ئاغا ڕۆییشت، ئەم گرێیەی بۆ نەکرایەوە و جێی هێشت، بەڵام بێهودەیە لەگەڵ ڕۆییشتنی ئەو و دەستبەکاربوونی دیوانی تازەدا، گەندەڵکاران وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن و جارێکی تر وەک یاریی منالآن لەسەری سالآنەوە دەست پێ بکەنەوە. دیارە شەڕی دژە گەندەڵی و سزادانی گەندەڵکاران و پاککردنەوەی دامەزراوەکان لەم میکرۆبە بەر لە هەر شتێک تەندروستی حکومەتەکەمان ساغو سەلامەت و تەمەن درێژ دەکات، بۆیە پێویستە حکومەت بە نەزەری ئیعتبار نامەکەی سام ئاغا بخوێنێتەوە... وەک نامەیەکی ئاسایی تەماشا نەکرێت... بەقسەی هەڵبەستراو و بێ بنەما و ناحەز و موزایدە و دەستی دەرەکی حساب نەکرێت، هەروەک چۆن پێویستیشە کاری سەرەتاو دەستپێکی دیوانی چاودێریی تازە.. هەڵدانەوەی ئەم دۆسییانە و ئەوانەی داهاتوو و کردنەوەی گرێی دڵی «سام ئاغا» بێت بەبێ جیاوازی.

## وتەیەك بۆ ماڵئاواییەكەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)(٣٤)
## كەمال ڕەئوف

دیوانی چاودێریی بە هەموو كەموكوڕییەكانییەوە« ئەگەر هەیبوبێت» هێشتا تاكە تروسكە و هیوا بوو بۆ ئاشكراكردنی گەندەڵی و فێڵ و گزی و فزی كردن لە خەڵكی ئەم هەرێمە. ڕاپۆرتە ورد و چڕەكانی پشتیوانییەكی بەهێزبوون بۆ سەلماندنی داد و بێدادی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ لە دەست دیاردەی گەندەڵی، ئەو ڕاستییە بوون كە بە شێوەیەكی ئیداری هەموو دەزگاكانی گرتۆتەوە. وڵات لەسەر میزاجی چەند كەسێكی كەم بەڕێوە دەچێت، دیوانی چاودێریی دارایی تاكە دەزگایەكی تاقانەی ئیدارەی یەكێتیی بوو، كە دەیتوانی شكۆ و ئەستۆپاكی بگێڕێتەوە بۆ ئیدارەی ناوچەكەو یەكێتی، تاقە جیاوازی بوو، كە یەكێتی دەیتوانی، لە ڕووی ئیدارەوە، لە بەرامبەر ئیدارەكەی پارتیدا، فەزڵی پێوە لێ بدات.

لە ئاكامی كارەكانی ئەم دەزگایەدا دەشێ بڵێین.. دیوانی چاودێریی دەزگایەك نەبوو تەنها بۆ چاودێریی دارایی، بەڵكو هەوڵێكیش بوو كە پێداگری لەسەر ئەوە دەكرد تا بە شێوەیەكی دامەزراوەیی ئیدارە و حكومەت و حیزب بەڕێوە بچێت، هەر بۆیە لە بەرامبەردا هەمیشە دیوان و سەرۆكەكەی دۆستی خەڵك و نەیار و گەندەڵكاران بوون.

وەك ئەوەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە نامە ماڵئاواییەكەیدا وتویەتی: ڕێگەكەیان ڕێگەیەكی سەخت و دژوار بووە، بەڵام سەرباری ئەوەش توانیویانە ملیۆنەها دۆلارو ملیارەها دینار لە قوڕگی پارەخۆرەكان بهێننە دەرەوە و بۆ خەزێنەی میللەتی بگێڕنەوە.. چەندین پرۆژەی (خەیاڵی)شیان ئاشكرا كردووە، ئێستا لە پاڵ ئەو پەیامەی سەرۆكی دیواندا دەتوانین هەناسەیەكی قوڵ هەڵكێشین و بڵێین، گەلۆ ئاخۆ چەند ئەوەندەی تر لە پارە و پولی ئەم میللەتە ڕەش و ڕوت و خێر لەخۆ نەدیوە هەیە چۆتە ناو گەدەی تێری نەخوارد و گیرفانی قوڵی گەندەڵەكانەوە، ئاخۆ چەند پرۆژەی وەهمی تر هەیە بە هەر هۆیەكەوە بێت هێشتا دیوان نەیتوانیوە ڕاپۆرتی

---

(٣٤) هاوڵاتی: ٦٦١٠ لە ٢٠١٠/٩/٢٩ چوار شەممە.

وردی لەسەر بکات و نهێنییەکانی ئاشکرا بکات؟ نامەی ماڵئاوایی‌یەکە پێمان دەڵێت: ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات لە ڕابردوودا.. لەم هەرێمەی ئێمەدا گوزەراوە و ئێستاش ئەم هەرێمە ملی چ پاشەکشەیەکی گرتووە و چۆن بەناو ئاراستەی بێدەنگکردن و کپکردنەوەی دەنگە جوانەکان هێدی هێدی دەڕواتە پێشەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەو شەڕەی دیوانی چاودێریی کردی، شەڕی میللەت بوو ئەوان بە وەکالەت کردیان لە دژی گەندەڵکاران، شەڕی سەپاندنی بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانی حکومەت‌و حیزب بوو، شەڕی گەڕانەوەی حکومەت و حیزب بوو، شەڕی گەڕانەوەی شک بوو بۆ تاکی کۆمەڵ، شەڕی نەهێشتنی مەزاجیەتی حیزب بوو، شەڕی لەدەستدان‌و فەوتاندن و شاردنەوە و قوتدانی مافی هاوڵاتیان بوو. ماوەتەوە بڵێین، هەموو ئەوانەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی لە نامەی ماڵئاوایی‌یەکەیدا باسی کردووە، ئەو و ئێمەش لەم وتارەدا قسەی لەسەر دەکەین، ئەوە تەنها لایەنێکی کەمی دیوێکی ئیدارەی سلێمانییە، کە بەشێکە لە ئیدارەی کوردستان و حوکمی حیزبەکان، چونکە لایەکەی تری ئیدارەی کوردستان ئیدارەی هەولێرە و لە ژێر دەستی پارتیدایە، ئەمەش بە دوور لە مەنتیقی ئەو بێدەنگیی‌یەی پارتی‌و دیوانەکەی خوویان پێوە گرتووە، ئاشکرایە لای ئەوانیش باشتر نەگوزەراوە لە ئیدارەی سلێمانی، بەڵام تەنها جیاوازی لێرەدا بەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە ئیدارەی هەولێر لە جێگەی خۆی دەوەستێت و چەق دەبەستێت، ئیدارەی سلێمانیش بەم هەنگاوەی جگە لەوەی ئەو سەروەرییە لەدەست دەدات، لە هەمان کاتیشدا بۆ دواوە ملی ڕێگەی پاشەکشە دەگرێت.

## دوای هەتیو کەوتنی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتەکە...(٣٥)

### کاوە محەمەد

لە کاتێکدا دەبوایە بەر لەخۆی، چەندین بەرپرسی نابەرپرسیار، بە هۆی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتەوە بەرکەی دیوانی چاودێریی دارایی ماڵئاوییان پێ بکرایە، کەچی سەرۆکەکەی ماڵئاوایی کرد و بەشی زۆری بەرپرسانی گەندەڵیش، نەک هەر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە، بەڵکو هەندێکیان هەروا زلتر دەبن و پۆستی بەرزتریشیان پێ دەدرێ، وەک دەڵێن ڕاپۆرتەکانی دیوان بوونەتە خێر بۆیان و بەسەریاندا باریوە! ئێ ئەمە سوریالیبیەتی واقیعی شێواوی ئێمەی کوردە، کە دوای هەشت ساڵ کارکردنی دیوانی چاودێریی و گەڕاندنەوەی ملیۆنان دۆلار و ملیارەها دیناری دزراوی گەندەڵییە بە دوای یەکدا بخرێنە بەردەم عەدالەتی دادگاکان، لە جیاتی (شانازی)یەکەی، ئێستا شەرمەزارییان بۆ بمێنێتەوە.

پەیامی هەرە بەهێزی ماڵئاوایینامەکەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، بێهیوایە لە بوونی ئیرادە و بڕیاری چاکسازی و پاکسازیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرێمی کوردستان یان بنکوڵکاران، کە بە داخەوە لە بناغەوە مۆرانە ئاسا بەشێکی ئەزموونی هەرێمی کوردستیانیان بنکوڵ کردووە، بێهیواییەکەش لە کەسێکی ئاساییەوە نییە، بەڵکو لە بەرپرسێکەوەیە کە چەندین ساڵ ژەنەڕاڵی مەیدانی جەنگ بوو دژ بە گەندەڵی، لە هەموان زیاتر ئاشنای وردەکارییەکانی ئەو پەتا کوشندەیەیە، بە هەزاران بەڵگە و دۆکیومێنتی یەکلاکەرەوەی لەبەردەست بوو، باش دەزانێ کە تیغی ژەنگاویی گەندەڵیی تا چ ئاستێک ڕۆچۆتە ناو جەستەی ئەزموونی هەرێم و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە مۆخی ناو ئێسقانی نزیک دەبێتەوە، کە لە ئیفلیجی نزیکی دەکاتەوە، بۆیە نابێ ئەو پەیامەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، (ڕاگوزەری)یانە وەربگیرێ، بەڵکو پێویستە لە ئاستیدا، هەڵوێستەی جدی بکرێ. لێرەوە هەتیوکەوتنی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتەکەی دیوان، بکرێتە دەرفەرتێک بۆ هەنگاونان ڕووە و بەهێزکردنی بەرەی دژە گەندەڵی.. لانیکەم کارێک بکرێ، گەندەڵیی ببێتە عەیبەیەکی هێندە گەورە، کە گەندەڵەکان ڕووی

---

(٣٥) پەنجەرە - ئاوێنە ژمارە ٢٤٢ - ٢٠١٠/١٠/٥.

مەجلیسیان نەمێنێ و چیتر نەتوانن سەر بەرزبکەنەوە، ئەمەش ئامانجێکی هەرە گرنگ دەبێ بۆ لاوازکردنی پێگەکەیان (سەرەتا لە نێو کۆمەڵگا، ئینجا لە نێو حکومەت و حیزبەکاندا)، بەڵام ئەوە تەنیا بە دەزگا و دامەزراوە رەسمییەکان ناکرێ کە (دیوانی چاودێریی دارایی- سلێمانی) بەهێزترین و بەڵگەدارترینیان بوو، کەچی سەرەنجام دوای هەشت ساڵ لە کارکردنی ورد و جدی، سەرۆکەکەی ناچارکرد بڵێ: (گەر کار بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بکرایە، ئەوا ئاو ئەکرایە ژێر گەندەڵی و دنیا بۆ گەندەڵکاران بەم جۆرەی ئێستا تەخت نەئەبوو).

بۆیە لێرەوە پێشنیازێک دەخەمە ڕوو، هیوادارم بەر لە هەموان، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، شان بداتە بەر ئەرکی جێبەجێکردنی، ئەویش پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ناحکومیی تایبەت بە دژایەتیی گەندەڵیی (بە هەموو ئاست و جۆرەکانی) بێت، بۆ ئەوەی ببێتە کۆکەرەوەی هەموو ئەو وزە و دەنگ و هێزانەی ئەو پرسە خەم و هاجسێکی سەرەکییانە و بەر پرەنسیپێکی نیشتمانی و دیموکراسیی خۆیانی دەزانن، لە ڕێگەی کەمپینی میدیایی و جەماوەریی جیاجیا، هەروەها بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ داواکاریی گشتی و دەستە و لیژنەکانی نەزاهە، گوشاری پێویست بۆ سەر حکومەتی هەرێم و حیزبەکان و دامەزراوە ڕەسمییەکانی هەرێم دروست بکات، بە جۆرێک کە ئەوەی دیوانەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا) نەیتوانی بیکات، ئەو ڕێکخراوە بە ڕێگە و شێوازە نارەسمییە جەماوەرییەکان، شاڵاوەکانی سوپای دژ بە گەندەڵیی فراوان و بەهێز بکات و بەرە دزراوەکە لەژێر پێی گەندەڵکاران دەربێنێ، چونکە ئەگەر ئەوە نەکرێ بەدڵنیاییەوە ئەوان بەرە لەژێر پێی تەواوی ئەزموونیی هەرێم دەردێنن و لە پێناو دەستکەوتە شەخسییەکانی خۆیان، ئاو دەکەنە ژێر دەستکەوتە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانمان.

## چەند فرمێسکێك بۆ وازهێنانی
## کاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)
## عەبدوڵلا ئیسماعیل بەرزنجی(٣٦)

ئەمڕۆ.. ٩/٣٠ نزیک نیوەڕۆ، کچەکەم لەسەر کۆمپیوتەرەکەی بوو، بانگی کردم وتی باوکە خۆشەویستەکەم، کاک جەلال وازی لە کارەکەی هێناوە، ئەمجا سەراپا راگەیاندنەکەی بۆ خوێندمەوە خۆم پێ ڕانەگیراو فرمێسکم هاتەخوارەوە، فرمێسک بۆچی؟ بۆ ئەو تاکە رووناکییەی ناو ئەم شەوە زەنگی گەندەڵی و دزی و فەرهودکردنی سامانی خەڵکی ستەم دیدەیە... کە چاوەڕوانی دەکرد ئەگەر رزگارمان ببێت، خۆمان ببین بە خاوەن بەڕێوەبردنیی خۆمان، ئیتر سەرفراز دەبین و کاربەدەستەکانمان دەبن بەشوانێکی دادپەروەرو دڵسۆز بۆ نەتەوەکەیان، بەڵام دیمان دەبینین بە پێچەوانەی ئەوەوە دەرچوو، ئیتر چۆن فرمێسک دانەڕێژم بۆ تاکە کەسێک بەرەنگاری ئەو هەموو ناهەمواریيە دەبۆوە، من خوازیاربووم پۆستی لەوە گرنگترو کاریگەرتری بدرێتێ بۆ ئەوەی لەوە زیاتر خزمەت بە نەتەوەکەت بکەیت.

داواکارم یەکێک جێگەکەی بگرێتەوەو بتوانێت ئەو ئاسا، جێدەستی دیاربێتو ناوی خۆی وەکو تۆ بخاتە ناو تۆماری سەربەرزان و ئەستۆپاکانەوە.

---

(٣٦) هاوڵاتی (٦٧٠) ٢٠١٠/١٠/١٠.

## ماڵئاواییەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)
## بەرزکردنەوەی شمشێرێکە رووبەڕووی گەندەڵی(٣٧)
## هاوڕێ سەعید

لە وڵاتێکی تازە پێگەشتووی وەک ئێمەی دوای ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید، گەندەڵکاران خەریکن جینۆسایدی بەها بەرزەکانی ڕەوشتمان ئەکەن. ئەیانەوێ بە بەردەوامی تۆوی گەندەڵی و دزی و ساختە و فێڵ و فەرەج لەم هەرێمەدا بچێنن، بەڵام دیوانی چاودێریی دارایی لە سەردەمی زێڕینیدا، واتە لە سەردەمی (جەلالی عومەری سام ئاغا)دا، کە لەگەڵ دەستبەرکاربوونیدا هەردوو دروشمی السَخاءُ: أَنْ تَكونَ بِمَالِكَ مُتَبَرِّعاً.. وَعَنْ مَالِ غَيرِكَ مُتَوَرِّعاً. واتە: سەخاوەت ئەوەیە کە دەستت لە ماڵی خۆتا کراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت. يَكونُ المَسْؤُولُ قَوِيّاً.. إلي أَنْ يَطْلُبَ شَيْئاً لِنَفْسِهِ. واتە: بەرپرس بەهێزە تا ئەو کاتەی کە داوای شت بۆ خۆی ناکات.... بەرزکردەوە، ئازایانە قۆڵی نەترسی لێ هەڵکرد و شمشێری ڕاستی و پاکی و بێباکی دایە دەست یەکەیەکی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی، تا دێوەزمەی گەندەڵی پێ ڕاوبنێن. خۆی و فەرمانبەرانی چەندەها شەویان ڕۆژ کردەوە بە دیار ڕاپۆرتەکانیانەوە.. چەندەها جار بەرد و تاوێر ڕێی پێ گرتن و چەندەها گلەیی و گازندەیان هاتە سەر، ئای.. کە دەستیان کرد بە کونی ماردا و ماریان گرت و دایانە دەست ئیجازەدارەکانی، بەڵام بێرەحمانە و بێبەزەییانە، مارەکانیان بڵاوکرد و بەریاندایە خەزێنەکانی دەوڵەت. ئای کە دەستیان کرد بە قوڕگی شێردا و پارەی خوراوی ئەم میللەتەیان دەرهێنایەوە. بە سنگەخشکێ کردیانەوە بە خەزێنەی میللەتدا، لە کونێکی ترەوە بێشەرمانە دەرهێنرایەوە و کرایەوە بە پرۆژەی وەهمی و دووبارە وەک مارەپەیژە دیوانی چاودێریی بۆی ئەچووەوە و کەشفی ئەکردەوە و دووبارە لە قوڕگی گەندەڵکاران دەری ئەهێنایەوە و ئەیکردەوە بە خەزێنەکەی گەلە حەق خواردووەکەماندا. ئای کە کارێکی قورس و دژوار بوو، ئای کە ماندووبوونی تیابوو، بەڵام لەوە ناچێت فەرمانبەرانی دیوان لەبەر خۆشەویستیان بۆ کارەکەیان و کوردستانەکەیان هەستیان

(٣٧) ئاوێنە (٢٤٦ سێشەممە ٢٠١٠/١٠/١٩).

بە ماندووبوون کردبێت، ئای کە جەختیان کردەوە لەسەر حەق و پارەی خوراوی نیشتمانیان لە بانکەکانی دەرەوەی هەرێمەوە هێنایەوە و بەوە نەوەستاون، بەڵکو داوای سوودی یاساییشیان کردەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە بەو پارەیەوە کارنەکراوە و دانراوە، ئای کە گلەییان ئاڕاستەکراو دیوان هەر گوێی پێ نەدان.

دیوانەکەی میللەت، کوڕە گەورەکە دایکی نیشتمان، ئەختەبووتئاسا بە دەستێکی پارەی خوراوی کوردستانەکەی لە قوڕگی گەندەڵکاران دەرئەهێنایەوە و بە دەستێکی تری هەڕەشەی لە گەندەڵکاران ئەکرد، کە نابێ بەردەوام بن لەسەر دزینی موڵک و ماڵی میللەت، ئەگەر بەردەوام بن بە ڕووبەڕووی دادگایان ئەکاتەوە، بە دەستێکی تری داوای سەروەری و بێلایەنی یاسا و دادگای ئەکرد و داوای یارمەتی لە فەرمانگەی داواکاری گشتی ئەکرد، کە بێت بەدەم داواکارانی دیوانەوە و دەستێک بداتە باڵی، چونکە ئەگەر داواکاری دیوانەوە و دەستێک بداتە باڵی، ئەگەر داواکاری گشتییان لەپشت بێت، ئەوا مەحاڵە گەندەڵکاران بەرگەیان بگرن، قەت مەل بە باڵێک نافڕێ. بە دەستێکی تر داوای ئەکرد کە سەدەها کیلۆ (تریاک) و ماددەی بێهۆشکەر لە دەسەلاتداران بسەنرێتەوە و تەسلیم بە لایەنی پەیوەندیدار بکرێتەوە، بە مەبەستی (ئیئتلاف)کردنیان بە پێی یاسا، تا بەو هۆیەوە دەستاودەست نەکاتو ملیۆنەها دۆلار نەچێتە گیرفانی گەندەڵکاران و ژینگە جوانەکەی کوردستان پیس نەبێت، لاوەکانمان بەرەو هەڵدێر نەبەن بە هۆی بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکانەوە (ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بەرچاو کەوت) بە دەستێکی تری هەوڵی داوە بوارەکانی کشتوکاڵ و پەروەردە و تەندروستی و کۆمەلایەتی بەرەوپێش بەرێت.. لە زۆربەی ڕاپۆرتەکانیدا هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی فەرمانبەرانی داوە بەوەی، کە بخرێنە خولی ڕاهێنانەوە، هەوڵی بەدامەزراوەییکردنی حکومەتی داوە وەک چۆن دیوانەکەی بە شێوەیەکی مۆدێرنانە پەروەردە کردووە. ئەتوانم بڵێم دیوانی چاودێریی دارایی تاکە لایەنێک بوو، کە حکومەت ئەیتوانی ڕاوێژی ئیداری و یاسایی و ژمێریاریو چاودێریی پێ بکات، دیوان بەکاربهێنێت بۆ چاودێرییکردنی ئەم خەرجییەی، کە ولاتانی هاوپەیمان پێی هەڵئەستن لەسەر پارەی نەوتی عێراق، وەک بەرنامەی (نەوت بەرامبەر بە خۆراک). دیوانی چاودێریی دارایی میللەتی پڕ هیوا کرد، بوو بە دێوەزمەیەک گەندەڵکارانی تۆقاند، وای لێهات گەندەڵکاران دادو بێدادیان بوو لەدەست دیوان و ڕاپۆرتەکانیان. ناتوانین لەم چەند دێڕەدا ئەو هەوڵ و دڵسۆزییەی فەرمانبەرانی دیوانو سەرۆکەکەی دیاری بکەین، بەس ئەوەندە ئەڵێن، ئێوە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی، فەرمانبەری ئاسایین (پەرلەمانتار، وەزیر، گەورە بەرپرس) نین، کەچی میللەت بە ڕاستی.. ئێوەی کردووە بە وەکیلی خۆی، بە ڕاستی کارەکەتان

زۆر بە ئەمانەتەوە جێبەجێ کرد و ئێوە وەکیلی میللەتن، بە ڕاستی ئێوە داواکاری مافی گشتین، چەندەها ملیار دنیارتان بە خەزنەی دەوڵەت ئاشنا کردەوە، بە ڕاستی دیوانی چاودێریی دارایی و سەرۆکەکەی دێڕی سەروەریتان نەخشان لە لاپەڕەکانی مێژوودا، چیتان جیاوازە لەگەڵ پێشمەرگەی دڵسۆز و پاک و لەگەڵ پەرلەمانتاری ئازا و بوێر، بە ڕاستی بوونەتە هەناسەیەک بۆ گەل و تەنگەنەفەسییەکی هەمیشەیی بۆ گەندەڵکاران. سام ئاغا ماڵئاوایی کرد بە جەستە لە دیوان، بەڵام ئەو قەڵەمەی داویەتییە دەست دیوان، مەحاڵە خیانەتکار و تەمبەڵ و ترسنۆک و لاوازبێت و خیانەت لەو سوێندە بکات، کە فەرمانبەرانی دیوان خواردوویانە تا هەتاهەتایە دڵسۆز و ڕاستگۆ بن و زانیاری نەشارنەوە و کەموکوڕی و گەندەڵی بخەنە ڕوو، دەستنیشانی دەست پیس و دەست درێژییەکان بکەن، کە ئەکرێتە سەر موڵکو ماڵی دەوڵەت. ئاشکرایە شێوەی کار و پێویستی ئێستای هەرێمەکە و خواستی میللەت سەپا بەسەر ئیرادەی دیواندا، کە دەبێت دیوان بەردەوام بێت لەسەر ئەو شێوازە کارە و پاشەکشە نەکات، بەڵکو ئەمجارە هەردوو دیوان یەک دەگرێت و میللەتو داری جەماوەر و خاوەن قەڵەمە بوێرەکانیان لە پشتە، لێرە بە پێویستی ئەزانین کە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان و داواکاری گشتیی داوایەک بەرزبکەنەوە بۆ حکومەت، بە مەبەستی ڕێزلێنان لە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو زاتە بەڕەوشتە دەستپاکەی میللەتو لە ڕێی نوێنەرانی گەلەوە سوپاسی یەک بە یەکی کوردستانی ئاڕاستە بکرێت، ئەوەش تەنها بۆ ئەوەیە دەسەڵاتداران چاوی لێ بکەن و بە هەمان شێوە ئەوانیش چۆن وەک شمشێرەکەی سام ئاغا ڕووبەڕووی گەندەڵی وەستا، ئەوانیش بوەستن تاکو ئەمجارە لەم شەڕی دەستەویەخەیەدا کوردستان ئازاد و سەرفراز بکەین و بەرگی گەندەڵی لێ داکەنین و گرێکەی سەر دڵی سام ئاغاش بکرێتەوەو گەندەڵکاران ڕووبەڕووی لێپێچینەوەو لێپرسینەوە ببنەوە و بەر سزای گەل بکەون و ئاو بکرێتە ژێر گەندەڵی، دنیا بەم جۆرەی ئێستا نەبێت و ببێتە دۆزەخ بۆ گەندەڵکاران، وەک ئاشکراشە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ماڵئاواییەکەی کرد و ڕاسپاردەکەی خۆی، کە بەرزکردنەوەی (شمشێرە ڕووبەڕووی گەندەڵ و گەندەڵکاران) تەسلیم بە کوڕ و کچەکانی خۆی کرد، کە فەرمانبەرانی دیوانن. ئەوانیش ئازایانە و چاونەترسانە لێیان وەرگرت و بەڵێنیان پێ دا، کە هەر بە ڕێڕەوی کاری باوکیان داوە کە گرێکەی سەر دڵی بکەنەوە و هەوڵبدەن بۆ خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، کە یاسا و لێپرسینەوە باڵادەست بێت و گەندەڵکاران ئاڕاستەی حوکمی مێژوو بکەن و دڵی دایکی نیشتمانیش ئاسودە بکەن.

## میدیای ئازاد و جوانییەکان(٣٨)
## ئاسۆس هەردی

گەلێک لە بەرپرسە حکومی و حیزبییەکان میدیای ئازاد بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە هەمیشە دیوە دزێوەکان دەبینێ و لایەنە جوانەکانی دامودەزگاکانی حکومەت نابینێ.
من نامەوێ ئەو هەواڵ و بابەتانە بژمێرم لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئازادەکاندا بڵاوکراونەتەوە و باسیان لە پرۆژە و بڕیارەکانی حکومەت کردووە، نامەوێ بکەومە بەراورد و حسابی بیرکارییانەی ڕێژەی نێوان جوانییەکان بۆ دزێوی و ناتەواوییەکان، ڕەنگدانەوەی واقیعییانەیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، نامەوێ درێژە بەو باسەش بدەم، کە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان کارێکی حکومەتدا کە تەنها بەجێگەیاندنی بەشێکی بچووک، هەرچەندە پێموایە ئەوەی یەکەمیش هەر شایەنی بڵاوکردنەوەیە، ئەگەر پێشتر نەدرابن بە کەناڵە حیزبییەکانو بە سەد شێوە بڵاونەکرابنەوە و بەهای هەواڵیان تێدا مابێت، لێرەدا تەنها دەمەوێ ئاماژە بە ڕووداوێک بکەم کە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا ڕووی دا، ئەویش دەست لەکار کێشانەوەی کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بوو لە پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی.
من پێموایە یەکێک لە شانازییەکانی ئیدارەی کوردی، دامەزراندنی ئەم دەزگایەو پێدانی دەسەڵاتی یاساییە بۆ ئەوەی کارەکانی بێ گرفت بە ئەنجام بگەیەنێ، بەڵام شانازییەکی نوقسان بۆ ئیدارەکەی شانازییەک بێ کەموکوڕی بۆ سەرۆکی دیوان خۆی، چونکە بە داخەوە هەر ئەو ئیدارەیەی کە دەزگاکەی دامەزراند، زۆر بە دەگمەن نەبێ، کاری بە ڕاپۆرتەکانی نەدەکرد، ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرۆکی دیوان تیمەکانی دەزگای چاودێریی دارایی، پیشەییانە و بەدوور لە هەموو مەحسوبییەتێک، بێ ئەوەی سڵ بکەنەوە لە خاوەن کورسیو خاوەن دەسەڵاتەکان، ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕاند، ئەوان ئەوەندەی لەتوانایاندا بوو کاری خۆیان کرد، ئەوەی کە مایەوە، بەدواداچوونی سست و کەم ڕەنگی حکومەت بوو، هەر لەبەرئەوەشە کە زۆربەی ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی لە دوو هەفتەی ڕابردوودا لەسەر ئەم بابەتەیان نووسی، ترس و گومانی خۆیان لە ئاییندەی دەزگاکە نەشاردەوە، پاش وازهێنانی سەرۆکەکەی.

(٣٨) پەنجەرە - ئاوێنە (٤٢٦ لە ١٩/١٠/٢٠١٠).

چونکە بە ڕاستی ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین، لەبەرئەوەی وڵاتی دامودەزگا و سیستمی دامەزراو نییە، تاکە کەسەکان دەتوانن بڕیاردەری یەکەم بن لەسەر کارکردن و بەرهەمی ئەو فەرمانگەیە بەڕێوەی دەبەن.

ئەوەی بەلامەوە گرنگە، قسەکردنە لەسەر کاردانەوەی میدیایی ئازاد بەرامبەر بەم ڕووداوە، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بە گشتی، لە دەسەڵاتەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن، لە حیزبییەوە بۆ ئەهلی، لە ئاراستەکراوەوە بۆ ئازاد بە درێژی لە سەر ئەم بابەتە هەواڵ و بەدواداچوون و بابەتیان بڵاوکردەوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە ئەم ڕووداوە، یەکێک بوو لەو یەکخست، میدیای ئازادیش لەم مەسەلەیەدا خاوەنی دەنگ و ڕەنگو هەڵوێستی خۆی بوو.

بە کورتی، میدیای ئازاد دەشێت هەندێک جار بە هۆی زۆر و زەبەندیی کەموکوڕیو ناتەواوییەکان یان هەر شتێکی ترەوە فریای ئاماژەدان بە هەندێ تروسکە لێرەو لەوێ نەکەوتبێ، بەڵام هەرگیز چرا ڕۆشنەکانی لەبیرنەکردووە، چاودێریی دارایش باشترین نموونەیە.

## پاش ماڵئاواییەکەی بەڕێز کاك (جەلالی عومەری سام ئاغا)
## لە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی(٣٩)
## بەکر حمه صدیق

**بۆ ڕێزدار جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان..**

دەماودەم لە زاری زۆرێک لە کادیرە کۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانم بیستووە، کە بارزانی ڕەحمەتی لێ بێت، وتوویەتی: «هەرگیز بە ئەندازەی پێشمەرگەیەکی کورد، کە ناوی من بزڕێنێت و بە ناوی بارزانییەوە هەڵسوکەوتی خراپ بکات، سڵم نەکردۆتەوە لە دوژمنەکانی کورد و کوردستان، هەرچییەکم لەسەر بڵێن...».

من نازانم کە چەندە ڕێزدار بارزانی ئەم وتەیەی گوتبێت، بەڵام وتەیەکی گەورەیە و لە قسەی ئەویش دەچێت.. لە ساڵی١٩٨٩، کاتێک لە بەغدا خوێندکاری کۆلێژی یاسا بووم، کتێبێک لە لایەن (فاضل البراک)ەوە دەرچوو بوو سەبارەت بە سەرۆک بارزانی لە ژێر ناوی (مصطفى البارزاني بين الاسطورة والحقيقة). لە کتێبەکەدا کۆمەڵێ تۆمەت و هەڵوێستی ناجوامێرانە خراونەتە پاڵ بارزانی، ئێمە کۆمەڵێک قوتابی بووین بۆ ناڕەزایی و دەردە دڵی چووینە لای (د. أحمد الكبيسي)، کە ئەو کاتە مامۆستای کۆلێژی یاسا بوو، هاوسۆزیی زۆری هەبوو لەگەڵ قوتابییە کوردەکاندا، نوسخەیەکی کتێبەکەم بۆ برد وتی: «کوڕم ئێوە دڵگران مەبن بە قسە و تۆمەتی بەعسییەکان بەرامبەر بە بارزانی و بزوتنەوەی کوردی، ئەگەر بە سەرە بێت بەعسییەکان دوایین کەسێ کە بۆیان هەبێ قسە لەسەر بزوتنەوەی کوردی و سەرۆک بارزانی بکەن، چونکە ئەوان هەمیشە دوژمنی ئێوە بوون، بەڵام ئێوە وریای خۆتان بن، خۆتان و بزوتنەوەتان ناشیرین مەکەن».. بەخۆ وەبیرهێنانەوە لە ڕووداوەکانی مێژوو، هاوکات بە سەرنجدان لەسەر ژمارەی (٢٧٢٠) ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی- سلێمانی، کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) و دامودەزگاکانی نووسیویەتیو وێنەی زۆریشی دراوە بە

---

(٣٩) ئاوێنە ٢٤٧ لە ٢٠١٠/١٠/٢٦.

دەزگا پەیوەندیدارەکان، ئەو ڕاستییە ترسناکەمان دەخاتە بەردەم، کە لە ژێر دەسەڵاتی هەردوولا لەژێر سایەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دوو جۆر مرۆڤی گەندڵ بە خۆیان و پیاوە تاریکەکانی دەوروبەریانەوە خەریکی گیرفان پڕکردنی حەرام و ناشیرینکردنی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستانن بەرهەردوو حیزبەکەشەوە. ئەگەر جاران پێشمەرگەیەک لەبەر بێئاگایی یان غەفڵەتبوون یان نیازخراپی بە هەڵوێستێکی ناشیرین دڵی خەڵکی لە خاڵێکی پشکنیندا ڕەنجاندبێت، ئەوا بێگومان ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی دەڵێن، بە شێوازی کۆمەڵی و ڕێکخراوەیی و لە شێوەی کۆمپانیای پاوانخوازی کوردستانیدا پرۆسەی ناشیرینکردنی حکومەتی هەرێم و سومبولەکانی دەستپێکردووە و لە جەرگی کارییە.

**دووتاقمەکەش:**

## تاقمی یەکەمیان

هەندێ لە کەسە دەسەڵاتدارەکانی ناو حیزبی دەسەڵات سەرپەرشتی وەرگرتنی گرێبەست و تەندەر و پرۆژە و چالاکییە ئابووری و داراییەکانی هەرێمن بە (ئیستغلال)کردنی پلەی حیزبی خۆیانەوە دەکەن، بەشێکی کەم لەو قازانجە دەدەنە حیزبەکەیان، بەڵام بەشی هەرە زۆری بۆ خۆ سیخناخکردنە، ئەگەر هاوڵاتی و حکومەت باوەڕناکات با سەیری سەرجەم بانک و پرۆژە و تەندەر و گرێبەستە جۆراوجۆرەکان بکەن، تا بزانن کەس بۆی هەیە بزانێ چۆن و کەس و لەکوێ و بۆ بەرژەوەندی چ لایەن و کەسێک ئەم هەموو پارەیە خەرج دەکرێت؟ بەشێک لە ڕاپۆرتەکانی دیوان دەیان ملیار دیناری بۆ خەزێنەی دەوڵەت گێڕاوەتەوە، کە لە قورگی نیمچە مەسئول و پیاو و ژنە گەندەڵەکاندا بووە، هەتا ئێستا خاوەنی سەرەکی بەشێکی هەرە گەورەی ئەو حەرام خۆرییە نازانرێ کێیە؟ ئەرێ بە ڕاست نازانرێ کێیە، یان حەرامخۆرەکان وەک فرۆکەی (شبح) کەشفی ڕادارەکان نایان دۆزێتەوە، بەڵام ئەی لەبەردەم حسابی خوادا بۆ کوێ دەڕۆن، مەگەر نازانن خودا دەرد و بەڵای زۆری بەلاوەیە!

## تاقمی دووەم

ئەو کەسانەی کە مشەخۆری ڕاستەقینەن، لەسەر خوانی بەرپرسەکان پاشەڵ خوری دەکەن، لە پڕێکدا بەبێ هۆیەکی دیار، بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی یاسایی سامان، بەبێ کاسپییەکی حەڵاڵ، بەبێ دوکان و بازاڕێکی دروست و ڕەوا و ناسراو

لەناو خەڵکدا، لەناکاوێکدا لەناو پارە و پولدا نغرۆ دەبن، پاشان گیرفانەکانیان دەتەقێ، سەرڕێژ دەبێ، ئەوجا لەبەر پرسیاری زۆر.. هەندێ لە پارەکانیان دەبەنە بانکەکانی ئوردەن و لوبنان و تورکیا و وڵاتە ئەورووپییەکان، یەکێک لەو بەرپرسانە لە شەوانە قومارێکی سوری بەیروتدا (چل) دەفتەری دۆڕاندبوو! لە کۆتایی گەمەکەیدا بە زەدەخەنەیەکەوە قومارخانەکەی بەجێ هێشتبوو، پارەی تەمەن لە چرکە ساتێکدا بەفیڕۆناچێت، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی لە هەموو تەمەنیدا پارەیەک پەیدا دەکات بە گەمەیەکی سەرەڕۆیی حەرام لە ساتەوەختێکدا نای دۆڕێنێت و بە زەردەخەنەیەک ماڵئاوایی لێ بکات.

## پارەی حزەیەکی حەرام لە لەحزەیەکی حەرامدا لەکیس دەچێت.

لەپاڵ ئەو هەموو وێنە نارێک و ناشرینانەدا، کە ڕووی حکومەتی هەرێمیان ناشیرین کردووە، وێنەیەکی جوانی چاودێری و بەدواداچوون و قەلفڕێ و ڕاوڕاوێنی دەزگاکان لە پارچەیەکی ئەم هەرێمەدا بەڕێوە دەچوو، بە سەرۆکایەتی کەسێک، کە ئەگەر نەڵێم جوانترین وێنەی حکومەتی هەرێم بوو، ئەوا وێنەیەکی گەش و پڕ شانازی بوون، کەچی نە ڕاپۆرتەکانی خوێندرایەوە، کە خوێنراشەوە کاری پێ نەکرا، کە کاریشی پێ نەکرا.. بەبێ قەدری هەنگاوتان هەڵنا بەسەریدا و ئامادە نەبوون، کە لەو خەوە خراپەتان بەئاگاوە بێن...

من دەمێکە دەمویست هەندێ ڕاستی گرنگ لەسەر کاری دیوان و سەرۆکەکەی «جەلالی عومەری سام ئاغا» بنووسم، بەڵام ئێستا کاتی خۆیەتی کە وادەی ماڵئاوایی تەواویی هاتووە.. خۆشی لە نامەیەکی ماڵئاواییدا کۆمەڵێ ڕاستی درکاندووە، منیش پاش نووسینی ئەم نامەیە کەسێک ناتوانێ تەفسیری خراپم بۆ بکات، چونکە وەک کاک جەلال خۆی وتویەتی (شەرەفمەندنیم بەوەی کەسێکم لەم حکومەتدا) وا دەزانم ئێستا کاک جەلال لە ماڵەکەی خۆیدا جوانتر و گەورەترە، هەرچەندە لە شوێنی کارەکەیدا زۆر کاری جوان و چالاکیی ئازایانەی ئەنجام دا، بەڵام دڵێکی ئازا لەم حکومەتەی ئێمەدا نەبوو ..گوێ لەم ئاوازە جیاوازە بگرێت!! لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سەوزدا کارنەکرا بە ڕاپۆرتەکانی دیوان، بەڵام بەرپرسەکانی یەکێتیش جگە لە تێوەگلاوەکانیان کەسیان ڕقەبەرایەتیان نەکرد لەگەڵیدا، بەوپەڕی ئازادییەوە ڕاپۆرتە پڕ لە ڕاستی و چاونەترسەکانی خۆی نووسی، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی زەرددا نە دیوانی چاودێریی دەتوانێ وەک دیوان چاودێریی کاک (جەلال) ڕاپۆرت بنووسێت، نە دەسەڵاتی ئەویش مافی ڕەخنەگرتن دەدات بە چاودێریی ئەوێ، ئاڵووێری ڕاپۆرتە شەرمۆکەکانی دیوانی هەولێر لەژێر سێبەری بێدەنگی و بەناو هەوارگەیەکی ئارامی

بێ قرەو برە ڕاگەیاندندا بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەمە مانای نەبوونی گەندەڵی لەو هەرێمەدا ناگەیەنێت، لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی ڕەخنە لەژێر سایەی دەسەڵاتێکدا چەندە سیمای جوانییە بۆ ڕەخنەگرەکانی ئەوەندەش گەورەیی بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە بە بێ (ملاحقة) و تورەبوون و (اجرات)کردن ئەو ڕەخنەیە قبوڵ دەکات، ئیدی ئەگەر چاوی ڕەخنەکە ئەو دیوانە بێت کە خۆت داتناوە و پەسەندت کردووە، چۆن دەبێ مافی قسە و وتنی ڕاستییەکانی لێ بەسەنینەوە! یان دەکرێ بڵێین دەڤەری سلێمانی پڕیەتی لە بەرپرسی گەندەڵ و دەڤەری هەولێر و بادینانیش فریشتە سپییەکان بەڕێوەی دەبەن! (ئەمە بانە بچووکەکەی کوردستانە دوو هەوا قبوڵ ناکات)، گەندەڵی پشت پەردە و بەردەم پەردە دوودیوی یەک وێنەی شێواون، بەڵام دیوی پشت پەردەکە زیاتر شێواوە، ئەمە گەورەییە بۆ کەسێک ئەو هەموو ڕاپۆرتەی لەسەر کەموکورتی و لادانەکانی دەسەڵات نووسی بێت و ئێستاش لە ماڵێکی ئارامدا ژیان دەباتە سەر، نە پاسەوانی هەیە و نە چەکدار و نە سەرچاوەی هەڕەشەیە لەسەر کەس!!! لە هەنگاوێکی ناوازەی کەموێنەدا سەرۆکی پێشووی دیوان نرخی پارچە زەوی ژمارە (٦٢٥/٢٦ م ٨ ئابلاخ)ی بەخشی بە دیوان بە نووسراوی ژمارە ١٣ی ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٩، کە بە حسابی ژمارەیەکی دیارکراو لە بانکی سەلام دایناوە.

بەخشین سیمایەکی هەرە جوانی مرۆڤە، جوانترە ئەگەر لە سەرۆکێکی بەرپرس بوەشێتەوە، بەڵام دیارە ئەو شەرەفە تەنها کەسە شایستەکان دەگرێتەوە، چۆن دەکرێ پێشبینی بەخشین لە کەسێک بکەین، کە ماڵی خەڵک و میللەتیش بە حەڵاڵی گیرفانی خۆی بزانێت، لەناو شەرەفی بەرپرسیارێتیشدا ئەو کارە ناڕەوایەی کردبێت!

لەو ماڵئاواییشەدا کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، ئاڕاستەی فەرمانبەران و کارمەندانی دیوانی کردووە لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٣دا، کۆمەڵێ خاڵی ڕاستەقینە دەخاتە بەردەم فەرمانبەران و کارمەندانی دیوان و پێیان دەڵێت: «دیوان وابەستەو پاشکۆ نەبووە، دیوان فەرمانبەری گەورە و بچووکی وەک یەک هەڵسەنگاندووە». هاوکات گەورەیی و جوانی ئەو کارانە دەکاتە کارێکی دەستەجەمعی و دەڵێت: «زۆر بەسنگفراوانییەوە دەیڵێم لە ماوەی ئەم (٨) ساڵەدا ئیشێکی باش کرابێت ئێوەن، کە ئەنجامتان داوە، هەر کارێکیش کە من کردوومە و بە دڵی هەندێ کەس نەبووە، ئەوا لەئەستۆی خۆمە و لە بەرژەوەندی دیوان کردوومە».

ئەمە ڕاستییەکە، کە هیچ بەرپرسێکی ئەم وڵاتە ئامادەیی تێدانییە، خەڵکی ژێر دەست و فەرمانبەری خۆی بکاتە شەریکە بەشی سەروەرییەکانی! بەڵکو هەموو لاپەڕە جوانەکانی مێژوو بە هی خۆی دەزانێ! کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە کۆتاییدا جارێکی تر هانی فەرمانبەرەکانی دەدات، کە لەسەر ڕەوتی لێپێچانەوە ئامادە

بن لەگەڵ گەندەڵکار و دزە گەورەکاندا سڵ لە کەس نەکەنەوە و پێیان دەڵێن: «تاکە هیوام ئەوەیە ئەم ڕێباز و هەڵوێستە بەردەوام بێت، ئەم تروسکەیە نەکوژێتەوە، ئەم دەنگە کپ نەبێتەوە و هەنگاوی ئێوەش خاونەبێتەوە.. هەر شاد و کامەران بن». ئومێدەوارم ئەم ئومێدەی کاک «جەلال» دوای خۆی بێتە دی و ڕۆڵەکانی دیوان لەسەر ڕاپۆرتەکانیان بەردەوام بن، بەڵام پرسیارێکە و دەیکەم.. ئایا دەکرێ لە غیابی ئازادیەتییەک و چاونەترسییەکدا گەندەڵکاران بهێڵن فەرمانبەرە پاکەکان کاری خۆیان سەربەستانەو بێ هەڕەشە ئەنجام بدەن!؟

## بەڕێز/ جەنابی سەرۆکی هەرێم

پاش ئەوەی ڕێزدار کاک مەسروریش لەسەر کەناڵی زاگرۆسەوە ئاماژەی بەوە دا، کە هەموو وێنەیەکی گەندەڵی دەموچاوی دەسەڵات ناشیرین دەکات، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەڕێزتان لە هەنگاوی داهاتووی نزیکدا گەندەڵەکانی ئەو دەڤەرەش دەستنیشان بکەن و لەگەڵ گەندەڵە گەورەکانی ئێرەدا پێکەوە ڕاپێچی دادگایان بکەن! لەبەر هیچ نا.. تەنها لەبەرئەوەی چیتر ڕووی ئێمە و میللەت و دەسەڵاتی ئێوەش ناشیرین نەکەن...

## ماڵئاواییەکەی سام ئاغا شەش واتا و یەك ئەنجام(٤٠)
## کامل ژیر

بە دوای نامەی ماڵئاواییەکەی بەڕێز (جەلالی عومەری سام ئاغا)دا، ژمارەیەک وتار و نامە و ئیمیلم بەرچاو کەوت، کە تێکڕا گەشبین و یەکڕا بوون لەسەر ئەوەی هێشتا لە هەرێمەکەماندا کەسێکی پاک ماوە! ئای کە سەیرە! هێشتا کەسێکی پاک ماوە! تۆ بڵێی ڕاستبێ ؟! لە ڕۆژگار و ڕۆژگارستانێکدا سەیر ئەوە بوو، کەسێکی ناپاک هەڵکەوێ! ناپلیۆن چەند ساڵێک ئابلۆقەی وڵاتێکی دا، دوایی پاشەکشەی کرد، پرسییان بۆ؟ وتی: چونکە زۆر هەوڵم دا ناپاکێکیان لەناودا بدۆزمەوە، دەستم نەکەوت، ئێستا لای ئێمە جێگەی سەرسوڕمان ئەوەیە، پاکێک هەڵکەوێت.. ئەوە واتای یەکەم.

واتای دووەم: کاتێ بەرپرسێکی گەندەڵ دەزگاکەی بەجێدێڵێت، کارمەندەکانی حەوت بەرد بەدوایدا هەڵئەدەن، یا هیچ نەبێت لەژێر چاکەتەکانیانەوە چەمۆڵەیەکی لێ دەنێن، کەچی نەک هەر کارمەندەکانی دیوان، بەڵکو پێنووسە ئازادەکانیش یەکی جامێک ئاویان بەدووی سەرۆکە پاکەکەدا هەڵدا، بە هیوای ئەوەی هەر ئەو، یا سوارچاکێکی وەک ئەو بگەڕێتەوە و ئێستا چاوەڕوانن بزانن ئەم نەریتی ئاوهەڵدانە وەک جاران ئەنجام دەدرێ، یا ئەو تروسکەیەش نامێنێت؟

واتای سێیەم: بەرپرسە ڕووتاریکەکان هەوڵی بێهوودە دەدەن بە چراخانی کۆشکو تەلار و پرۆژە گەورە گەورەکانیان ڕووی تاریکی خۆیان ڕووناک بکەنەوە، بەڵام بەرپرسو کارمەندەکانی دیوان بە بنە مۆمێک قاسە دزراو و ناڕەواکانی ئەوان لە تاریکیدا دەهێننە دەرێ.

واتای چوارەم: سام، بە کردەوە سەلماندی ئاغایەتییەکەی بریتییە لەوەی بەرامبەر مەترسییەکان ڕێزی پێشەوە بگرێ و بۆ خێر و بەرەکەتەکانیش لە دواوە بوەستێ.

واتای پێنجەم: لە نامەی ماڵئاواییەکەیدا دەڵێت: ئەگەر کار بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بکرایە، ئەوا دنیا بۆ گەندەڵکاران بەم جۆرەی ئێستا تەخت نەدەبوو، ئەوکاتە دەمان توانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بخوڵقێنین، کە یاسا و لێپرسینەوە باڵادەست بێت

(٤٠) ڕۆژنامە (٦٠٢) ٢٠١٠/١٠/٥.

تیایدا... ئەم وتە ترسناکانە لە سەرۆکی دەزگایەکی وەک چاودێرییەوە جیاوازە لە قسەی گشتیی نارەسمیی خەڵکی، وتەکانی ئەم نامەیە گومان لەوەدا ناهێڵێ، کە:

أ- کار بە ڕاپۆرتەکانی دیوان نەکراوە.

ب- ئەشێ هەر لە سەرەتاوە دیوان بۆ خۆڵکردنە چاو بووبێت.

ت- زەوی بۆ گەندەڵکاران تەختە.

ج- یاسا باڵادەست نییە.

ح- دەستی لێپرسینەوە کورتە.

واتای شەشەم: لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هێشتا ورە بەرزە و هیوا بەهێزە بۆ دەستی جەماوەر و چنگی مێژوو.

**ئەنجام:**

کە ئاو لە سەرچاوەوە لیڵ بوو، بە چاودێریی بێدەسەڵات و نەزاهەی ڕووکەش و دادوەریی بێ پشت روون ناکرێتەوە.

## تۆ مالئاواییت کرد و ئازاد boوویت....
## بەلام چاودێریی و نەزاهە بوونە سفری دوای فاریزە![٤١]
## ئازاد چالاک

مالئاواییەکەی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بیرەوەرییەکانی گەڕاندمەوە بۆ دوو ساڵ پێش هاتنەکایەی بزوتنەوەی گۆڕان، کاتێک لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا خۆی پێ ناساندم و وتی: من، لێدوانەکەتم خوێندۆتەوە و پێم خۆشە یەکتر ببینین، ئەو پەیوەندییەم وەک خەلات وەرگرت، چونکە دەمێک بوو بە هۆی کاری لیژنەی نەزاهەی بەغداوە دەمویست بزانم، کە چاودێریی لە هەرێم لە چ ئاستێکدایە و بۆ کەس هەوالیان نابیستێ کارەکانیان نابینێت، بەدەگمەن نەبێت.

لێرەدا، نامەوێت باس لە هەست و نەست و ئەو تێبینییانە بکەم کە لەو دانیشتەدا لام تۆمار بوون، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیلێم ئەوەیە، کە هەردووکمان لەسەر زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی گەندەڵی و ئەرکی دیوانی چاودێریی و داواکاری گشتی هاوبیر بووین، بەلام ئەوەی کە من و ئەوی لە یەکتر جیا دەکردەوە، ئەو سوێندە بوو کە ئەو خواردبووی بۆ پاراستنی نهێنییەکانی دیوانی چادێریی و دزەپێنەکردنی بۆ ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان، چونکە ئەوەشی کە بلاودەبۆوە لەو ڕاپۆتانەدا لە شوێنی دیکەوە دەست میدیاکان کەوتوون و هەندێک جار کە قسەیەکیشی دەکرد، دەیوت ئەم قسانە بۆ بلاوکردنەوە نییە و بلاویش نەدەبوونەوە.

بەندە، زۆر ئەم مەسەلەیەم دووبارە دەکردەوە، کە ئەو ڕاپۆتانە چەند گرنگو بەسوود بن، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت، چونکە تەنیا چەند کەسێک دەیان بینێتو دواتر لە ژوورە تاریکەکاندا جۆرە فشارێک نەبوو زۆربەیان پەردەپۆش دەکرێنو ڕای گشتییان لێ ئاگادار نابێت و فشار ناکەوێتە سەر دەسەلات و حیزبەکان، بۆ ئەوەی بێت.. چارەسەری ئەو کەموکورتی و گەندەڵییانە بکات و هەموو جارێک ئەوەم بۆ دووبارە دەکردەوە کە ئەو کارەی ئەوان، وەک کاری ئەو زانایە وایە کە

(٤١) هەفتە نامەی (ڕۆژنامە) ژمارە (٦٠١) سێ شەممە(٢٠١٠/٩/٢٨).

زانستی زەرە دەدۆزێتەوە، بەڵام کە کاری پێ نەکات و ئاشکرای نەکات بۆ ئەوەی خەڵک سوودی لێ ببینێت، ئەوا لە سەر ڕەفەی بەرپرسان تۆزی لێ دەنیشێت و سوودی نابێت، بەو میهەنییەتە و ئەو سوێندە و منیش هەڵپەی هەرچی زووتر بنبڕکردنی گەندەڵیو هەنگاونان گەرچی سەرەتاییش بێت، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.
ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی سلێمانی، ئەوانەی کە بڵاوبوونەتەوە و ئەوانەشی کە بڵاونەکراونەتەوە، نیشانەی ئەوەن.. ئەم دیوانە کارێکی زۆر گەورەی ئەنجام داوە، مایەی پێزانین و دەستخۆشییە بۆ هەموو کارمەندانی دیوانی چاودێریی سلێمانی و خودی سەرۆکەکەی، کە بەشێکی ئەو ڕاپۆرتانە گەیشتوونەتە بەردەم دادگاو پارەیەکی باش لە دۆلار و دینار لە قوڕگی گەندەڵکاران هاتۆتەوە دەرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەرئەوەی زۆربەی ڕاپۆرتەکان نهێنی بوون، دەسەڵات لە هەرێم نەیویستووە بەدواداچوون بۆ ئەو ڕاپۆتانە بکات، هەر بۆیە ئەویش لە نامەکەیدا بۆ سەرووی خۆی، خۆی بە تەنێکی غەریب لەنێو ئەو دەسەڵاتەدا وەسف دەکات و خۆشی بە شەرەفمەند نازانێت بۆ ئەو پلە و پۆستە کە هەیەتی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا قوڵیی کێشەی گەندەڵی و نەبوونی بێ یاسایی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان دەردەخات.
بەش بە حاڵی خۆم، جگە لە دەستخۆشی لە سەرۆکی دیوانی چاودێریی سلێمانی، دەستخۆشی لەو هەوڵانەش دەکەم، کە کەسێکی وەک ئەویان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کرد و هەتا دوایین سات، ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر مەبەستیان بوو ئەو شوێنە بەجێ نەهێڵێت، ئەویش لەبەر ئەوەی:
١- بەتوانا و بە هەوڵ و لێهاتوویی خۆی ئەو پۆستەی وەرگرتووە.. ملکەچی هیچ جۆرە فشارێک نەبووە و هەمیشە لێی بیمنەت بووە.
٢- زۆر کەس کە دەچێتە پۆستێک، هەوڵدەدات لە ڕێی پۆستەکەیەوە، چەندین دەستکەوتی تایبەتی بۆ خۆی، بۆ کەسی نزیکی خۆی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم نەک هەر ئەو ڕەفتارانەی بۆ کەس قبوڵ نەکردووە، بەڵکو ئەو موڵکەی کە هی خۆشییەتی و بە میرات بۆی ماوەتەوە.. کە بریتییە لە پارچەیەک زەوی و خانوویەک لە ڕێگەی ئسوڵ و قانوونەوە، بەخشیویەتی بە کەسانی موستەحەق و بە فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی، وەک: تەندروستی و نەی بەخشیوەتە تەنانەت بە کەسوکارو خەڵکی نزیک خۆی، ئەم حاڵەتە دەگمەنە لە دنیای ئەمڕۆدا و جێی تێڕامان و فەخرو شانازییە.
٣- ئەو، سەلماندی.. هەموو کەس بە تەبیعەت نەفس نزم و ملکەچ نییە و بۆ دەستکەوت و پارە ئامادە نییە سەرشۆڕ بکات و ناهەقی قبوڵ بکات.. بەها پیرۆزەکانی

مرۆڤایەتی دایم لای ئەو حزوریان هەبووە، هەر بۆیە لای دۆست و دوژمنیشی جێی ڕێز و ستایش بووە، ماڵەکەشی وەک دیوەخان و –گەورە ماڵ- خەڵک و کەسایەتییە دیارەکان ڕوویان تێ کردووە و داخی دڵی خۆیان لای ئەم هەڵڕشتووە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە.. دەبێت هۆی ئەوە چی بێت، کە دەسەڵات و بەرپرسانی وڵات بەشوێن کەسانی لەو جۆرەدا ناگەڕێن، ئاخۆ لە وڵاتی ئێمەدا سەدان و بگرە هەزاران کەسی لەو جۆرەی تێدا نییە کە بەردەوام پاڵیان پێوە دەنرێت و کەسانی کاسەلێس و نەفس نزم و بێتوانا شوێنەکانیان پێ پڕدەکەنەوە؟ دەبێت بەرپرسانی وڵات، چ سوودێک بۆ خۆیان و حیزب و داهاتووشیان لەمانەی دیکە وەربگرن!

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، دیوانی بەجێهێشت، لەو سوێندەش ڕزگاری بوو، ئێستا وا هەست دەکات ئازادە و ئەرکی سەرشانی سوکتر بووە، بەڵام خەمی دیوان و کارمەندانی و باری ئاڵۆزی گشتی وڵات، وەک سێبەر بەجێی ناهێڵن و پێی دەڵێن، نە دەتوانی وەک کەسێکی سادە بیت و نە زمانیشت لە وتنی ڕاستییەکان دەکەوێت.

کەسایەتییە سیاسییەکان و ئۆپۆزسیۆن و میدیا ئەهلییەکان، دەمێکە داوا لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەکەن، کۆتایی بە دیاردەی دوو ئیدارەیی بهێنن، ئەو وەزارەت و دەستانەی تا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە، یەکیان بخەن و کۆتایی بە حاڵەتی دوو ئیداریی بهێنن.

ئەم داخوازییە جەماوەرییە، لە ڕۆژی (٢٠١٠/٩/٢٠) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هاتەدی، بەڵام بە شێوەیەک.. نەک ئەم ئاواتەی لە دڵی خەڵکیدا هەر لەبار بردبوو بردییە ژێر گڵ، بەڵکو دەسەڵات و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکان کرد، وەک ئەوەی پەرلەمان سەربازگەیەک بێت.. قسە هەر قسەی جەنەڕاڵ و ئەوەی کە ئەو بیەوێت، دەبێت هەر ئەوە پەسەند بکرێت.

یەک دیوانی چاودێریی و یەک دەستەی نەزاهە بۆ هەرێم، داواکارییەکی خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرانی بوو، قسە و باسێکی زۆر لە میدیاکانەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە کرا، هەندێک پێیان وابوو، ئەو دوو دەستەیە دەتوانن کێشەکانی گەندەڵی لە هەرێم چارەسەر بکەن، هەندێکیش پێیان وابوو ئەو دەستانەش وەک ئەوانی دیکە دەخەسێنرێن و گەندەڵیش دەکەنە کاری ڕەسمی و شەرعییەتیش لە ڕێی ئەو دەستانەوە دەدەنە بەرپرسان و ئەستۆپاکییان بە یاسا ڕادەگەیەنن، ئەوەی کە بیشانەوێت ملی بشکێنن، ئەوا ئەمریان پێ دەکەن کە فایلەکانیان هەڵبدەنەوە و بیانخەنە خەڵوزانەکەی مێژووەوە.

زۆربەمان چاوەڕێی ئەوە بووین، کە لیژنە پەیوەندیدارەکان لە دارایی و نەزاهە، ڕاپۆرتێک لە بارەی هەردوو دیوانی چاودێرییەوە ئامادە بکەن و کارەکانیان لە

ماوەی ڕابردوودا هەڵسەنگێنن.. چەند کەسێک کە بۆ سەرۆکایەتیی ئەو دەستەیە شیاون. (C.V)یەکانیان بخرێتە بەردەم ئەندام پەرلەمانەکان، لە ئێستا و ڕابردوویان بکۆڵرێتەوە و جەخت لەسەر بێلایەنی و بڕوانامە و پیشەییبوونی ئەو کاندیدکراوانە بکرێتەوە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بە یەکێتی و پارتی و ئۆپۆزسیۆنەوە، حیزبایەتی بەلاوە بنێین و ویژدانیان بکەن بە حەکەم.. سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش بۆ خۆیان و مێژوو و بەرژەوەندیی باڵای کورد، ئەو مەسەلەیە لە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حیزب لە دابەشکردنی هەردوو پۆستی چاودێریی دارایی و نەزاهە لەنێوان خۆیاندا، بەلاوە بنێن و بیسەلمێنن کە قۆناغی بەشکردنی هەموو شتێک بە نەزاهە و چاودێرییەوە بەسەر چووە.. دەبێت هەر هیچ نەبێت لەم مەسەلەیەدا هەنگاوێکی نوێ بنێین بە ئاڕاستەی ڕوونی و بەرژەوەندیی هاوڵاتییانو سەروەریی یاسا.. دوورخستنەوەی دەستی سەرکردایەتیی هەردوو حیزب لەم مەسەلە هەستیارەدا، کە لای هاوڵاتییانو ڕۆشنبیران و ئەندامانی حیزبەکانیش مانا و دەلالەتی خۆی هەیە.. زیانی ئەوەندە گەورەیە بۆ دەسەڵات لە هەرێم، کە ئیتر بێباوەڕیی بە چاکسازیی و دژایەتیکردنی گەندەڵیی لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە دەبێتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، کە بە هیچ کردارێک ڕاست نەبێتەوە و نەڕەوێتەوە، هەنگاوەکانی دەسەڵات لەم بووارەدا زۆر کورتبینە.. تا ئێستا عەقڵییەتی بەشی من و بەشی تۆ، هەموو شتێک بەش دەکەنو ئەو گۆڕانکارییانە لە هەرێم بە هەند وەرناگرن، کە دەرگای ماڵەکانی گرتووەو حیساب بۆ هێز و وزەی جەماوەر ناکەن و ئەو مەترسییانەش نابینن، کە وەک ڕق و ناڕەزایی لە ناخی هاوڵاتییاندا پەنگ دەخۆنەوە.

دەستنیشانکردنی سەرۆکێک بۆ دیوانی چاودێریی بەو شێوەیە بەو یاسایە، ئەو زەنگە ترسناکە بوو بۆ هەموان، کە بیری چاکسازیی و بەخۆداچوونەوە.. تازە مەحاڵە، ئەگەر دیوانی چاودێریی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دەبێت حاڵەتی دەستەی نەزاهە و داواکاری گشتی و لیژنەی نەزاهە چۆن بێت، کە ئیشوکارەکانی چاودێریی و بەدواداچوونی پەیوەستە بە ڕاپۆرتێکی ئەو دیوانە وەربگرێت و چۆن کاری لەسەر بکات؟

لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان و دارایی و هەموو ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن.. تەنانەت ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیش، قورسایی ئەرکێکی مێژوویيان خستە ئەستۆی خۆیان، ئۆپۆزسیۆن لەبەرئەوەی دەبا هەموویان هۆڵی پەرلەمانیان جێهێشتایە و بەشدارنەبوونایە لە پرۆسەی دەنگدان و بایکۆتیان بکردایە، چونکە مانەوە لە هۆڵی پەرلەمان، مانای ڕازیبوونە بە پرۆسەی دەنگدان و زۆرینە و کەمینە، هەروەها ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کە بە دەنگی هاوڵاتیان بوونەتە ئەندام، دەبا ئەوانیش

هەر هیچ نەبێت، لەم مەسەلە گرنگ و هەستیارانەدا لایەنی بەرژەوەندیی خەڵک و نەوەی دهاتوویان بگرتایە و هەوڵی پێکهێنانی دەستەیەکی کارا و بەهێزیان بدایە. یەکەم هەنگاویان بۆ شەفافیەت و بەربەرەکانێکردنی گەندەڵیی بنایە، بۆیە بەم بڕیارەو بەو بڕیارانەی دیکەش کە بە دڵنیاییەوە هەر لەم جۆرە دەبن، دیوانی چاودێریی ئێستاو دەستەی نەزاهەی داهاتوویان، کردە سفری دوای فاریزە.

## یەکێ کەپر دەکات، یەکێکی تر تێکی دەدات
### جیاوازی لە نێوان بەرپرسی چاودێریی دارایی، پێشوو ئێستادا(٤٢)
### نزار محەمەد

«هەموو کەس دەتوانێ بڵێت بەڵێ، گرنگ ئەوەیە تۆ بڵێیت نەخێر»
**تۆنی بلێر.**

سیستمێکی ئیداری گەندەڵی وەک لای ئێمە لە لیستی وڵاتە گەندەڵەکانی جیهان بە پلەی یەکەم یان دووەم دانراوە، بەردەوام فەرمانبەری بەرتیلخۆر و دەستپیس و بچووک پێ دەگەیەنێت، ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین پڕە لە بڕوانامەی ساختە و دەوڵەمەندی خێرا هەڵتۆقیو و سیاسەتمەداری بازرگان و دادگای ئیفلیج و داواکاری گشتی خەواڵو، وێنەی بەرپرسی سیاسی، یان یەکە یەکەی ئیداری لە زیهنی هاوڵاتیدا وا نەخشاوە، کە کەسێکی بێویژدان و فیرعەون و هەوەسباز و چاوبرسی بێت، ڕاستکردنەوەی ئەو وێنەیە لای هاوڵاتی بە خولقاندنی ژینگەیەکی نوێ دەبێت، بەڵام چۆن؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە هەمەلایەنە بێت؟ ئامانجی ئەم نووسینەش قسەکردن نییە لەسەر وردەکارییەکانی ئەو بوارە، لێرەدا تەنیا یەک لایەنی دەگرین هەوڵی بەرپرسێکی ئیداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی گەندەڵی واتە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ژینگە زەبەلاحە لە ئاستی تاکدا، تاکێکی تەحەداچی نایەوێت لەگەڵ زۆرینە بڵێت بەڵێ، بەڵکو دەڵێت نا، وەک ئەو دارتاشەی لەبری ئەوەی وەک هاوپیشەکانی درەخت بکات بە کورسی، ئەم هەوڵبدات کورسی بکات بە درەخت. لە یەکەم نیگاوە ڕەنگە پێمان وابێت ئەمە ئاسنی سارد کوتان بێت، بەڵام پاشان گەر مێژوو لەم بوارەدا قسەیەکی هەبێت دەربارەی ئەو کەسانە دەبێت کە وەک شاعیر بیریان کردۆتەوەو وەک مۆم سوتاون. لێرەوە نموونەی بەرپرسی یەکەم یەکەی ئیداری وەک بەڕێز (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەردەگرین، کە

---

(٤٢) بەگەورەیی (کوردستان پۆست)-٢٠١٢/٢/٢٨.

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوو، هەڵبژاردنی ئەم نموونەیەش لەناو ئەو ژمارە کەمەی تر لەبەر دوو هۆیە:

یەکەم: لەبەرئەوەی لەم ماوەیەدا ئەم بەڕێزە بە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی لە پۆستەکەی زیاتر ناسرا، لەم ماوەیەشدا ڕاگەیاندنەکان باسیان لەوە کرد نەوشیروان موستەفا وەک ئۆپۆزسیۆن و مام جەلال و مەسعود بارزانی وەک دەسەڵات و نێچیرڤان بارزانیش وەک حکومەت پەیوەندییان پێوە کردووە.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم بەڕێزە سەرۆکی دیوانیی چاودێریی دارایی بووە، کە دەزگایەکی گرنگی زانستی ئیدارەیە و لە هەموو جیهاندا خاوەنی قورسایی و هەیبەتو سام و شکۆی خۆیەتی. پاشان بەراوردی دەکەین بە بەڕێز (هادی محمد کریم)، کە دوای ئەو بوو بە سەرۆکی یوانی چاودێریی دارایی. گەر لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا (جەلالی عومەری سام ئاغا)، توانی شکۆیەتی بۆ چاودێریی دارایی دروست بکاتو تەحەدای سیستمە گەندەڵەکە بکات.. بە بوێریو سەرسەختانە چاودێریی چۆنێتی خەرجکردنی ماڵی گشتی بکات بەرامبەر بەرپرسی ئێستای چاودێریی دارایی لە یەکەم ڕۆژی دەستنیشانکردنی کەوتە ڕووخاندنی ئەو شکۆیە بەرپرسی نوێ بەرامبەر گەندەڵچییەکان نەوەستایەوە، بەڵکو پەیوەندی پێوە کردنو چووە ڕیزەکانیان، واتا ئەو کەپرەی ڕوخان کە پێشتر بە ماندووبوونێکی زۆر دروست کرابوو. ئایا دەستەکانی ئەم دەزگایە دەتوانن بەهەمان بڕوا بەخۆبوونو عەشق و پیشەکەیان بچن بۆ پیاچوونەوە بە خەرجییەکانی دەزگایەکی ئیداری لە کاتێکدا سەرۆکەکەیان (٧٧) هەزار دۆلاری پارەی تکتی کۆنی فڕۆکە و خوارنو سەفەری خێزانی.. هەتا دوایی داوا بکات ئایا دەزگایەک چۆن لە دەزگایەکی بەهێزەوە نابێتە دەزگایەکی کۆمیدی کە سەرۆکەکەیان هێشتا دەستبەکارنەبووە، داوای قەرەبووکردنەوەی (١٦٤) ڕۆژ بێکاربوونی بکات، کە خەڵکانێک هەیە لە کوردستان (٢٠) ساڵە بێکارن، کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، (٨٦) گەندەڵ بدات بە دادگا، بەڵام ئەمڕۆ خودی سەرۆک باشترین پالێوراوە بۆ ڕاوەستان لەبەرامبەر دادگا، موڵکی گشتی لەچاوی دەزگای چاودێریی دارایی پێشوو بەرزتر بووە لە هەموو پلەی حزبی و حکومیەکان، بەڵام ئەمڕۆ کەسێک سەرۆکی ئەو دەزگایەیە بە چاوی دوژمنکارانە سەیری بودجەی کوردستان دەکات و بە چەقۆیەکی گەورەوە دەردەکەوێت و داوای بەشە گەندەڵی خۆی لەو کێکە دەکات، کە هەر پارچەیەکی بە دەستی گەندەڵێکەوەیە، سەرۆکی پێشوو نموونەیەکی وای لە دەزگاکەی خۆی بنیادنا، کە بۆ چاکسازی لە کوردستان دەبوایە سوودی لێ ببینرایە و کۆپی پەیس بکرایە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو قەڵا سەختە دەزگاکەی خۆی بۆ

گەندەڵی دەخاتە سەرپشت وێنەی خۆی لەدەستدەدات. کارەساتی هەرە گەورەش لەوەدایە، کە ڕەشبینی زیاتر دەخاتە سەر ڕەشبینیەکانی تری خەڵک و چیتر کەپر دروستکەرەکان مایەی دڵخۆش نابن، چونکە سێبەری کەپر تێکدەرەکان لێمانەوە نزیکن، گەر کەمێک لە بەراوردی نێوان (جەلالی عومەری سام ئاغا) و بەرپرسی تازەی چاودێریی دارایی دوور بکەوینەوە، بچینە سەر بەراوردی کاک جەلال لەگەڵ سەرجەمی کایە ئیدارییەکەی هەرێمی کوردستان، لێرەوە ڕووبەڕووی لێشاوێک جیاوازی گەورەتر دەبینەوە، کە دەبوایە لە نمونەیان زیاتر بکرایە، نەک بنبڕ بکرێت. بۆ ئەوەی ئەمەش هەر قسە نەبێت، پێویستە کردەوەکانی کاک جەلال بکەینە سەنگی مەحەکەکە، کە دیکۆمێنت کراوە. ئەم بەڕێزە بەوە لەوانیتر جیادەکرێتەوە کە پێگەیەکی لە شێوەی ماڵۆچکەیەک لە ناوەڕاستی ئیمپراتۆریەتێک لە گەندەڵی بنیادنا، بەرپرسی ئەو پێگەیە لەو ماڵە خنجیلانەیە پەیوەندییەکی رۆحی لەنێوان خۆی و کارمەندەکانی دروستکردبوو، لە پێناوی هاندانداا خەڵاتی فەرمانبەرە لێهاتووەکانی دەکرد، کە لە شوێنی تر جیاواز لەوانیتر لە کارەکەیدا لە بری ئەوەی پارچە زەوی داگیر بکات، زەویەکی خۆی فرۆشتوە بە (٧٠) ملیۆن دینار زیاتر و پارەکەی بۆ حسابی دیوان خستۆتە بانکەوە بۆ ئەوەی قازانجی ساڵانەکەی بۆ هەتاهەتایە دابەش بکرێت بەسەر فەرمانبەرانی ممیزو لێهاتوو لەگەڵ ئافرەتی خانمە سالار لەو ساڵەدا، یەکێکی تر لە گەڕانەوەی شکۆمەندی بۆ بەرپرسی کوردی لەسەر دەستی ئەم بەڕێزە ئەوەیە، لە پۆستەکانی ئۆتۆمبێل و شۆفێر و پاسەوانی لە حکومەت نەویست، ئەمانە لەبری ئەوە نییە کە پێویستی نییە نەخێر، بەڵکو لەبەرئەوەیە کار بۆ خەڵک بکات نەک خەڵک کار بۆ ئەم بکات، ئەمەش کەسایەتیەکی جیاوازە لە کەسایەیی ئەو بەرپرسانەی هەموو شتێکیان دەوێت و پێیان وایە بەرپرسیارێتی مانای دەستگرتن بەسەر موڵکی گشتی نەک پاراستنی... کە خانەنشینش کرا... بە فەرمی جارێکی تر ئۆتۆمبێل و پاسەوان و شۆفێری ڕەتکردەوە، کە بەپێی یاسا دەدرا بە هەموو وەزیرێک. کام بەرپرس لە مێژووی ئەم (٢٠) ساڵەدا دەستی نەبووە لە دەستدرێژیکردن بۆ موڵکی گشتی، بێگومان نمونەکان دەگمەنن، چونکە ڕەوشەکە هەر لە سەرەتاوە بە خواری هات، جارێکی تر بە پێچەوانەی ڕەوشی باو «جەلالی سام ئاغا» لە هەلومەرجێکی دژواری گرانی، کە بریکاری وەزیری دارایی بوو، خانووەکەی خۆی، کە بە (٧٠٠) هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بەخشی بە دەزگای تەندروستی سلێمانیی تا بکرێت بە بنکەیەکی تەندروستی بۆ گردی سەرچنار. درەختێکی خنجیلانە لە بیاباندا هەیبەتی دارستانێکی هەیە، کاک «جەلالی سام ئاغا» لەناو بیابانی

گەندەڵیدا نموونەی ئەو درەختەیە کە سێبەرەکەشی هەر بۆ خەڵک بوو نەک بۆ خۆی. لە کۆتاییدا دەڵێم، کارکردن بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی دارایی، کە بوو بە یەکێک لە داواکارییەکانی خۆپیشاندانەکەی (١٧) شوبات و یەکێک لە (١٧) خاڵەکەی پەرلەمان دەرئەنجامی شەونخونییەکانی کاک جەلال بووە بە دیار ئەو ڕاپۆرتانە و باجەکەشی هەر تەندروستی خۆی بوو، دوای ئەوەی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوی لە هەندەران بۆ ئەنجامدرا، داوای تەمەن درێژیو لەشساغی هەمیشەیی بۆ دەخوازین.

# بەشی شەشەم

## (جەلالی عومەری سام ئاغا)
## چاوپێکەوتنەکانی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی
## لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا

سلێمانی ٢٠٠٩
چاپی یەکەم

## دیوانی چاودێریی ئەو دەزگایەی وەك سەعات كار دەكات

### لە ڕێگای دیوانی چاودێرییەوە ملیارەها دینار و دۆلار گەڕێنراوەتەوە بۆ حكومەت(٤٣)

بەیانیان كاتژمێر «٨:٣٠» بە جیا لە زۆر فەرمانگەی تری حكومەتی هەرێم هەموو فەرمانبەرەكان دەچنە سەر كار و هەریەكە سەرقاڵی كاری خۆی دەبێت و سەر بەسەر ڕاپۆرتەكاندا شۆڕ دەكەنەوە. ئەوانەی لە دەستەكانی وردبینیشدا كار دەكەن هەندێكیان ئەگەر كارێكی دیاریكراویان هەبێت، بەیانی زوو سەردانی دائیرە دەكەن و لەوێوە دەچن بۆ ئەو فەرمانگەیەی، كە پێویستە وردبینی بۆ بكەن.

بینای دیوانی چاودێریی دارایی، كە دەكەوێتە گەڕەكی بەختیاری شاری سلێمانی، جیاوازییەكی زۆری لەگەڵ فەرمانگەكانی حكومەتدا هەیە، ئەو دەزگایە.. كە كەسێك بۆ یەكەم جار سەردانی دەكات، هێمنی و پاكوخاوێنی فەرمانگەكە دەبینێت و حەز دەكات بە بەردەوامی بچێتەوە بۆ سەردانی، چونكە جگە لە هێمنی و پاكوخاوێنی، چۆنێتی كاركردن و ڕێزگرتن لە سیستم ئەوەی لا گەڵاڵە دەبێت، كە هێشتا ئەم وڵاتە تروسكاییەكی تێدا ماوە و دەكرێت بۆ ئایندە لێرەوە هەنگاو بنرێت بۆ چاكردنی باری ئیداری و دارایی فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێم، بەرنامەیەكی تر بۆ سیستماتیككردنی كاروبارەكانی حكومەت.

بەیانیان پێش هەشت و نیو هەردوو فەرمانبەری پرسگەی دیوان (سەردار حەكیم و لەمیعە محەمەد) وەك ئەوەی سەنگەر بگرن، لە پرسگەكە دەفتەری ئیمزای فەرمانبەران دەكەنەوە و چاوەڕێی هاتنی فەرمانبەران دەكەن. هەر فەرمانبەرێك كە دەگاتە دیوان بە دەم بەیانی باشێكەوە پێش ئەوەی لەو وادەیە دوا بكەوێت. ئیمزای خۆی لە تەنیشت ناوەكەی دەكات و دەچێتە سەر كار، دەوامكردن و بەردەوامبوون لە كاركردن لەم دەزگایەدا بە پێچەوانەی زۆرێك لە فەرمانگەی تری حكومەتی هەرێمەوەیە، كە مقەست لە كاتی دەوامكردن دەدەن و زوو دائیرەكانیان جێدەهێڵن، بەڵام فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی تا كاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ لەسەر كار

(٤٣) ڕۆژنامەی ئاوێنە: ئەم چاوپێكەوتنە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ١٨٨لە٢٠٠٩/٩/١ لە لاپەڕە (١١)دا بڵاوكراوەتەوە.

دەمێننەوە، بگرە هەندێک لە بەرپرسانی ئەو فەرمانگەیە ڕاپۆرتەکانیان دەبەنەوە و لە ماڵیشەوە کاری تێدا دەکەن و شەونخونی پێوە دەکەن.

دیوانی چاودێریی دارایی بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی داهات و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێم و پاراستنی دارایی گشتی لە هەموو خراپ بەکارهێنانێک لە ساڵی (١٩٩٧)دا دامەزرا. دیوانی چاودێریی لە کاتی دروستبوونییەوە تا ئێستا سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە لە (٢٠٠٨/٥/٢٦) و پاش ئەوەی پەرلەمان یاسای دیوانی چاودێریی پەسەند کرد، بە پێی ئەو یاسا نوێیە دەبوایە دیوانی چاودێریی پەیوەست بکرێت بە پەرلەمانەوە، بەڵام بەو پێیەی دیوانی سلێمانی و هەولێر یەکیان نەگرتوتەوە، تا ئێستا هەروەک پێشوو ماونەتەوە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن.. بەو یاسایەش کارناکەن و بە یاسای (٢١٢)ی ساڵی (١٩٩٧) و ڕێنومایییە دارایییەکانی وەزارەتی دارایی کار دەکەن.

دیوانی چاودێریی دارایی لە پارێزگای سلێمانی، کە وردبینی بۆ سەرجەم ناوچەکانی ئیدارەی پێشووی سلێمانی دەکات، لە پێنج بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێکهاتووە. بە پێی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێم، وەزارەتەکان دابەشکراوە بەسەر ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەدا.. هەردانەیەکیان کۆمەڵێک فەرمانگەی ئەو وەزارەتانەی ڕووبەڕووکراوەتەوە.. لە ڕێگای چەند دەستەیەکەوە وردبینیان بۆ دەکەن. لەناو دیواندا گەورەترین دەسەڵات لای ئەنجومەنی دیوانە.. کە پێکدێت لە سەرۆک و جێگرەکەی و گشت بەڕێوەبەرە گشتییەکان. بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوان پێکهاتوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان چالاکی حکومی ناوخۆو خزمەتە گشتییەکان، بەڕێوەبەرایەتی چالاکی مرۆڤایەتی و کاروباری دارایی، چالاکی ڕێکخراوەکان، چالاکی ئەندازەیی و هونەری. ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە لەلایەن چوار بەڕێوەبەری گشتی، کە سیانیان پیاون و یەکێکیان ژنە بەڕێوە دەبرێن، یەکێک لە پیاوەکان دوو بەڕێوەبەرایەتی لایە، ئەمە جگە لەوەی ژنەکە بە وەکالەت بەڕێوەبەری گشتییە، کۆی فەرمانبەرانی ئەم فەرمانگەیەش (٢٠٨) کارمەندە.

دیوانی چاودێریی لە ڕێگای دوو هۆکارەوە دوورە لە هەر لادان و پاشکۆیەتیو گەندەڵییەکەوە، یەکەمیان دیوان لەناوخۆیدا سانسۆرێکی بەهێزی تێدایە و بە بەردەوامی وردبینی بۆ کارەکانی خۆی دەکات، دووەمیشیان کاری دەستەکان کە لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دەنێررێن بۆ وردبینیکردن، کارێکی بۆ کۆمەڵە و بواری گەندەڵی تێدا نابێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم ڕاپۆرتانەی ئامادە دەکرێن، بە چەندان کەناڵی پێداچوونەوە و وردبینیدا تێدەپەڕن، تا دەگەنە بەرپرسی بەشی یاسایی: ئەوانەی دەدرێنە دادگا وردبین و ژمێریارن

بەشی یاسایی دیوانی چاودێریی سلێمانی نۆ کارمەندن: چوار ئافرەت و چوار پیاوی گەنج و هەموویان یاسایین..کارمەندێکی ئافرەتی تریشیان هەیە کە بەریدیان بۆ دەهێنێت. ئەم بەشە، کە بە بەشی سەرپێچییە یاساییەکان ناوزەند دەکرێت، لە ساڵی (٢٠٠١) ەوە دامەزراوە و کارەکەی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو ڕاپۆرتانەی لە ئەنجامی وردبینی دەرکەوتووە کە لادانەکە ئاسایی نییە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە. بەرپرسی ئەوبەشە، گۆنا مەهدی محەمەد دەڵێت:

«ئەو ڕاپۆرتانەی دەستەکانی دیوان ئامادەی دەکەن لە دوو بەش پێک دێت، بەشێکی تێبینی ئاساییە، بەشێکی تری ڕاپۆرتەکانمان ڕەنگە بە سەردانی دەستەکە. یەکلانەبێتەوە.. پێویستە لە ڕێگای تەحقیقەوە بگەینە ئەنجام. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، کە ڕاپۆرتەکە دەگەڕێتەوە دێتە لای ئێمە، تەماشای کۆنووسی لیژنەکە دەکەین و لە لێکۆڵینەوە وردەبینەوە بزانین ئیفادەی هەموو لایەنەکانی کێشەکە وەرگیراون، دەستنیشانی سەرپێچیەکان کراوە، سزای پێویست پێشنیار کراوە، ئیختلاس و تەزویر و تاوانی تێدایە، ئەگەر وابێت، ئایا ڕووبەڕووی دادگا کراوەتەوە؟ ئێمە لەم گۆشەیەوە بە دوای ڕاپۆرتەکاندا دەچین».

جگە لە بەشی یاسایی، هەر دەستەیەکیش دەردەچن بۆ وردبینیکردن لە فەرمانگەکاندا، کەسێکی یاساییان تێدایە، بەڵام ئەو فەرمانبەرە سەر بە بەشی یاسایی نییە. بەپێی قسەی گۆنا ئەو کەسە لە کاروباری یاسایی فەرمانگەکان وردەبێتەوەو ئەگەر فەرمانگەیەکیش گرێبەستیان هەبوو.. ئەو لە ڕووی یاساییەوە لە گرێبەستەکە دەکۆڵێتەوە.

گۆنا مەهدی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئەوان ڕووبەڕووی دادگای دەکەنەوە، تەنها یەک کەس ناگرێتەوە، بەڵکو «کێشەی وا هەیە چەند کەسێک تێوەگلاوە و ئێمە لەگەڵ کەیسدا مامەڵە دەکەین».

ئەو باس لەوە دەکات.. بەم دواییانە لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی وەزیری داد، حاکم فاروق جمیل، دروستکراوە بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانی چاودێریی کە بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوەو ژمارەیان (٥٦) ڕاپۆرتە. گۆنا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی زیاتر لەم کێشەیەوە گلاون «وردبین و ژمێریان، چونکە پسوڵە و تەزویرات و ئیختلاسات لای ئەوانە». بەڕێوەبەری گشتی یاسایی دەڵێت «لەو (٥٦) ڕاپۆرتە (٩) دانەی حکومی تیا دەرچووە (٤٦) یان هێشتا لە دادگا ماونەتەوە».

ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەوان بە دوای هەموو زانیارییەکدا کە بەدەستیان دەگات دەچن. ئەگەر لەسەر پارچە کاغەزێکیش ئاڕاستەیان بکرێت.

**نەبیل شەمعون: دیوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە**

یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەری گشتی دیوان، ناوی نەبیل شەمعونە، کە (١٢) ساڵە لە دیوان کار دەکات. سنوری چاودێریی ئەو دەستانەی پەیوەندییان بەمەوەیە، وردبینی بۆ شارەوانی و ئاوەدانکردنەوەو وەزارەتی ڕۆشبیریی دەکەن. ئەو بەدەم ئیشکردنەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە هەر دەستەیەکیان ساڵانە نزیکەی (١٥) ڕاپۆرت ئامادە دەکەن، زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان نزیکەی (٢٠) ڕۆژی دەوێت، هەندێکیان مانگ زیاتر دەخایەنێت تا ئامادە دەکرێن و دەستەکان لەو فەرمانگەیەدا دەمێننەوە.

نەبیل شەمعون ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دیوانی چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە. ئەو لایەنێکە وردبینی بۆ فەرمانگەکان دەکات و لەبارەیەوە دەڵێت «دەسەڵاتی جێبەجێکردن تا چەند متمانە بە ڕاپۆرتەکانی ئێمە دەکات، ئەوە ئەوان دەست دەکەن بە جێبەجێکردن».

**چیا مەحمود محەمەد: سەرنەکەوتی ژنان بۆ پلە بەرزەکانی دیوان پەیوەندی بەکێشەی ژنەوە نییە**

چیا مەحمود، کە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتییە، سنوری چالاکی دەستەکانی کەرتە داراییەکان بە گشتی و وەزارەتی دارایی دەگرێتەوە، لە کۆنیشدا وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاریشی گرتۆتەوە، هەروەها وردبینی بۆ بواری دارایی دادگاکانیش دەکەن.

چیاش، وەک زۆرێک لە بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکان، لە کاتی دامەزراندنی دیوانی چاودێرییەوە لەو دەزگایە کاردەکات. ئەو کەمی ژمارەی ژنان لە پلە باڵاکانی ئەو دەزگایەدا بۆ ئەوە ناگەڕێنێتەوە کە بوارنادرێت بە ژنان تا سەربکەون بۆ پلە باڵاکان و دەڵێت «پۆستە بەرزەکانی ئەم دەزگایە هەموویان لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی دراون.. پڕ بە پێستی خۆیانن، ئەمە جگە لەوەی پلەی زانستیش بەپێی یاسا لەبەرچاو دەگیرێت، کە تا کەسێک بڕوانامەی بەکالۆریۆس نەبێت ناکرێت بە یاریدەدەر».. دەربارەی ئەو وردبینییانەی دەزگا لەناو خودی خۆیدا دەیکات، چیا ئاماژە بەوە دەکات: دەزگا خۆشی وردبینی لە کارەکانی خۆیدا دەکات و دەڵێت «سەرەتا بەشی وردبینی دەزگا وردبینییەکی سەرەتایی دەکات، دواتریش ساڵانە بە لێپرسراوێتی بەڕێوەبەرێکی گشتی و چەند سەرۆک دەستەیەک وردبینی دەکرێت لە حساباتی دیواندا».

سەبارەت بەبەشداری فەرمانبەرانی دیوان لەو خولی ڕاهێنانەی کە لەدەرەوە دەکرێتەوە، چیا پێیوایە، کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بەپێی پسپۆڕی و

تایبەتمەندی کارەکە دیوان فەرمانبەر دەنێرێتە دەرەوە بۆ بینینی خولی ڕاهێنان.
ئەو یاریدەدەرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پاش ئەوەی کارمەندەکەی دیوان لە خولەکە دێتەوە خولێکی بچووک دەکاتەوە بۆ گواستنەوەی ئەوەی فێری بووە، هەندێکیش لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکەینەوە.

**عەبدولڕەحمان ساڵح: ڕاپۆرتمان هەیە لە ساڵی(١٩٩٩)ەوە بەدواداچوونی بۆ کراوە**
یەکێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوان، عەبدولڕەحمان ساڵحە، کە دەرچوی کۆلێژی کارگێڕیی و ئابوورییە و لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە دیوانە. ئەو پێیوایە خاڵە بەهێزەکانی دیوان ئەوەیە، کە زۆر بە ئازایانە دەست دەخاتە سەر خاڵە لاوازەکانی دامودەزگا حکومییەکان و بە ڕاشکاوانە پێیان دەڵێت ئەمە لادان و سەرپێچییەکانە، هاوکات شێوەڕێنومایەکیشی تێدایە. ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زۆر لە دامودەزگاکانی حکومەت بە تێڕوانینێکی تر سەیری دیوان دەکەن، وا ئەزانن ئەرکیان تەنها ئەوەیە، کە کەموکوڕیەکانیان دیاری بکەن، لە ئەنجامیشدا ئەوان سزابدرێن و ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت.
هەروەها باس لەوەر دەکات، بەدواداچوونی حکومەت بۆ ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی لە ئاستی پێویستدا نییە و دەڵێت «ڕاپۆرتمان هەیە لە ساڵی (١٩٩١) ەوە بەدواداچوونی پێویستیان بۆ نەکراوە».
عەبدولڕەحمان پێیوایە، ناکرێت لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستاندا ئەو ڕاپۆرتانەی دیوان لە میدیاکاندا بڵاوبکرێنەوە، چونکە کاریگەری نێگەتیڤیان دەبێت.

**جەمال مەجید: وردبینی بۆ(٢٩٠) کۆمەڵە و ڕێکخراو دەکەین:**
ئەو بەڕێوەبەرە گشتیە، دەستەکانی، وردبینی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی بەرهەمهێنان و ڕێکخراوەکان دەکەن، کە هەموو دائیرەکانی کارەبا و پیشەسازیی و دەزگای شەهیدان و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و دەزگای پڕۆژە تایبەتەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە. دەربارەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان جەمال مەجید دەڵێت «ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی پارە وەردەگرن لە حکومەت لە سنوری سلیمانی (٣٩٠) کۆمەڵەن وردبینی بۆ هەموویان دەکەین».
ئەم بەڕێوەبەرە، جگە لەمە بە وەکالەت کاری بەڕێوەبەرێتی گشتی چالاکی و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانیش دەکات، کە یاریدەدەرەکەی چیا مەحمودەوە، وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا.

**نەسرین حەمە دەرویش: (٧٠٪) ی کارمەندەکانمان ژنن**

بەڕێوەبەری گشتییە و لە ڕێگای دەستەکانییەوە وردبینی بۆ وەزارەتەکانی (ناوخۆ، هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی، ئەوقاف وکاروباری ئایینی) دەکات. نەسرین حەمە دەرویش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو کارە گرنگانەی بە دیوانەوە بەندە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دیواندا بە شێوەیەکی زۆر دیموکراسیانە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

سەبارەت بە بوونی ژن و ڕۆڵی ژنان لە دیوانی چاودێریی، ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ژمارەی سەرۆک و دەستە و چاودێرییەکان زۆربەیان ژنن، ئەمە جگە لەوەی (٧٠٪)ی کارمەندەکانی چاودێریی ژنن.

**بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان: سەرۆکی دیوان کەسێکی پاکە**

بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان، (دالیا ئەسعەد)، کە ماوەی پێنج ساڵە ئەو کارە دەکات، پێیوایە سەرۆکی دیوان کەسێکی پاک و بێ خەوش و جدییە لە کارەکانیدا. هەرچی نووسراوی ڕەسمی و ناڕەسمی نهێنی و ئاشکرای سەرۆکی دیوانە بە بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆکدا تێدەپەڕێت، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە وردبینی لە هەموو ئەو نووسراوانەدا دەکات و ئامادەی دەکات بۆ بەردەم سەرۆکی دیوان.

دالیا، کە پاش دەوامیش هەمیشە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ سەرۆک و فەرمانبەرەکانی دیوان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مادام خزمەتی نەهێشتنی سەرپێچی ئیداری و دارایی دەکات، هەست بە هیچ هیلاکیەک ناکات.

**جێگری سەرۆکی دیوان: گەر بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتەکانمان بکرێت لە زۆرێک لە گەندەڵییەکان ڕزگارمان دەبێت.**

جێگری سەرۆکی دیوان: تاجەندین صاحب محەمەد، دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابوورییە و لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە لە دیوان کار دەکات. ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە تا بەرواری (٢٠٠٩/٦/٢٢) ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانی چاودێریی ئامادەی کردوون ژمارەیان (٢٥٠١) ڕاپۆرتە.

دەربارەی بەدەنگەوەچوونی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ناوبراو دەڵێت «٧٪ ی ئەو ڕاپۆرتانە بەدواداچوونی بۆ کراوە، ئەوەش بە نەفەسێکی زۆر درێژەوە

مامەڵەمان لەگەڵدا کردووە و چاوەڕوانیمان کردووە». جێگری سەرۆکی دیوان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە ڕێگای ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی داراییەوە بە ملیارەها دینار وملیۆنان دۆلار گەڕێنراوەتەوە بۆ حکومەت و لە ڕۆژنامەکەی ئێوەدا بڵاوکرایەوە.

بە بڕوای جێگری سەرۆکی دیوان، ئەگەر بەشێک لەو ڕاپۆرتانەی ئەوان بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و لێپرسینەوە هەبێت، زۆرێک لەو گەندەڵیانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت نامێنن. ئەو لە لایەکی تریشەوە چاودێریی خودی فەرمانگەکان بە چارەسەر دەزانێت، پێیوایە ئەگەر ئەکتیڤ بکرێن، ڕەنگە بتوانن زۆر کاری ئەوان سووک بکەن.

ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان شێوازێکی نوێ پیادە دەکرێت، ئەویش پێی دەوترێت هەڵسەنگاندنی کارەکانی فەرمانگەکە (تقیم اداء) و دەڵێت «ئەو شێوازە تازەیە وەهایە، کە ئەو فەرمانگەیە تا چەند توانیوەتی ئەو بودجەیەی خراوەتە بەردەستی و ئەو ئامانجەی بۆی دەستنیشانکراوە بە کەمترین تێچوون ئەنجامی داوە. واتە لەسەر سێ بنەما، توانایی ئابووریکردن لە خەرجییەکان چالاکی ئیشەکە فەرمانگەکە هەڵدەسەنگێنرێت».

ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئێستا بەشێکمان بۆ کۆتایی ڕاپۆرتەکە زیاد کردووە، ئەویش هەڵسەنگاندنی دائیرەکەیە، ئەمەش وەک هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ شێوازە نوێیەکە.

**دیوان چی لەسەر سەرۆکەکەیان دەڵێن؟**

بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەدەرو سەرۆکی دەستەکان تا دەگاتە شۆفێرەکان و کارگوزارەکان و پرسگە. ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە سەرۆکی دیوان کەسێکی دەستو داوێن پاکە و زۆر خۆشەویست و چاونەترسە.. ڕێگا بە واسیتە و واسیتەکاری نادات و جیاوازی لەناو کارمەندان ناکات، هەروەها بە هیچ جۆرێک پۆستەکەیو ئەو فەرمانبەرانەی لەبەردەستیدان بۆ کاری شەخسی بۆ تەنها ڕۆژێکیش بەکارینەهێناون، هاوکات توانیویەتی سەربەخۆیی دیوان لە هەر دەستێوەردانێکی حیزب و بەرپرسەکان بپارێزێت.

**کەموکوڕییەکانی دیوان:**

بەپێی قسەی زۆرێک لە فەرمانگەکانی دیوان مەسەلەی (IT)، کە ئێستا تەنها لە بەشی ژمێریاریدا هەیە، پێویستە بۆ هەموو بەشەکانی تریش دابنرێت، هەروەها

سوودی تەواو لە ئینتەرنێت وەربگیردرێت. ئەمە جگە لەوەی جێگری سەرۆک، تاجەدین محەمەد ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەو خولانەی بۆ پێشخستنی تواناکانی فەرمانبەرانی دیوان دەکرێنەوە لە ئاستی پێویستدا نین، ئەگەر بەراورد بکرێن بەو ئەرکە قورسانەی لەسەر شانی دیوانە.

## سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی:
## لەسەر کارەساتەکەی پارێزگا
## پێویستە لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی داراییش بکرێت(٤٤)

دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، یەکێکە لەو دەزگا گرنگانەی، کە چاودێریی دامودەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان دەکات، ئەم دەزگایە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە (١٩٩٧)ەوە تا ئێستا (٢٥٠٠) ڕاپۆرتی ئامادە کردووە. حکومەتی هەرێم بەم دواییانە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەستیکردووە بە بەدواداچوون بۆ ئەو ڕاپۆرتانە، بە تایبەتی ئەو ڕاپۆرتانەی کە گەندەڵییەکەی گەییشتۆتە ئەو ئاستەی بەرپرسانی سەرپێچی کاری تێدا بدرێت بە دادگا. ئاوێنە بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە و چۆنێتی کارکردنی دیوان، ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیواندا سازکرد.

**ئاوێنە: چی ئەڵێن لە بارەی ئەو کارەساتەی لە پارێزگای سلێمانیدا ڕووی دا؟**

وەلام: بەڵێ.. ڕاستە ئەوە کارەساتە، کە پارێزگای سلێمانی و هەندێ لە قەزاکانی گرتۆتەوە.. ماوەی هەشت مانگە سێ دەستەی دیوانمان ڕۆژانە لە کاردان بۆ وردبینی و پشکنینی قەزا و ناحیەکانی تریش، جگە لە هەندێ دامودەزگای تر، کە پەیوەندییان بە بوجەی وشکەساڵی و پەتای باڵندەوە هەیە، بەلام لەبەر زۆریی کارەکە چاوەڕوان ناکرێ تا ماوەیەکی تر کاری دەستەکانمان تەواو بێت.

**ئاوێنە: ئایا ئەو کارەساتە هەر لە پارێزگای سلێمانیدا هەیە و ڕووی داوە؟**

وەلام: بێگومان لە زۆر دامودەزگای تریش کەمتر یا بە قەدەر پارێزگا یان زیاتر هەیە. گەندەڵی لە هەر جێگەیەک بێ هەر کارەساتە.

**ئاوێنە: ئەی بۆ هەر باس لە پارێزگا دەکرێت و ناوی ئەو جێگایانەی تر نابرێن؟**

وەلام: حەزدەکەین دووپاتی بکەینەوە، کە دیوانی چاودێریی دارایی دەزگایەکی

(٤٤) ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە(١٨٩)ڕۆژی(٢٠٠٩/٩/٨)لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە.

سەربەخۆیە و هیچ جۆرە گوشارێکی سیاسی لەسەر نییە، خۆ ئەگەر هەوڵێکیش لەم بارەیەوە درابێت ئێمە قبوڵمان نەکردووە و ڕەتمانکردۆتەوە. دەستەکانی دیوانی چاودێریی لە (٢٠٠٨/١٢/٢١)ەوە تا ئێستا لە پارێزگای سلێمانی و قەزا و ناحیەکانیش وردبینی و پشکنین دەکەن، بەڵام لەبەر نەبوونی کات و کەمیی دەستەی پشکنین‌و زۆری کارەکان، هەروا فریا ئەکەوین و بەم زوانە دامودەزگاکانی تریش، کە ئەو جۆرە کارانەیان تێدایە ئەپشکنین و هەمووشیان ڕووبەڕووی (سەرۆکایەتی داواکاری گشتی- دەستەی تۆمارکردنی مافی گشتی لە وەزارەتی داد)، هەروەها ڕووبەڕووی دادگاش ئەبنەوە. هەر بەم بۆنەیەوە حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم، کە پەرلەمان و حکومەت وەک لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکانیاندا بەڵێنیان بە گەلی کوردستان داوە، ئەبێ بە توندیی بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە و لیژنەی نەزاهەش پێک بهێنن.

**ئاوێنە: لەو بەڵگەنامانەی لە ڕۆژنامەکاندا لە بارەی ڕووداوەکەی پارێزگای سلێمانییەوە بڵاوکراوەتەوە.. ڕاپۆرتێکی دیوانی تێدایە، کە سەرزەنشتی وەزارەتی هەرێمی بۆ کاروباری دارایی‌و ئابووری کردووە، چونکە داوای (میزان للمراجعة)ی مانگانەی ئەو تەمویلانەی نەکردووە؟**

وەڵام: بەڵێ زۆر ڕاستە، پێویستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لێکۆڵینەوەی جدیی بکرێت لەگەڵ وەزارەتی ناوبراو، چونکە ئەگەر وەزارەتی ناوبراو، کە خاوەنی لەشکرێک فەرمانبەرە، مانگانە داوای ئەو (میزان للمراجعة)ی بکردایە کار نەئەگەییشتە ئەوەی.. ئەو چەندەها ملیار دینارە بدزرێت و ئیختلاس بکرێت، شایانی وتنە، هەموو دەزگاکانی حکومەت مانگانە ئەبێت ئەو (میزان للمراجعة)یە بنێرێن بۆ وەزارەتی ناوبراو. کارەسات لەوەدایە، کە هەرچی موستەمسەکات و سجلات و مستەنەداتیساڵی (٢٠٠٧)ی پارێزگا هەیە، جگە لە لیستی مووچە هەمووی نەماوە یان فەوتێنراوە!

**ئاوێنە: ئایا ئێوە ئەو ڕاپۆرتانەتان داوە بە ڕۆژنامەکان بە تایبەتی کوردستانی نوێ؟**

وەڵام: نەخێر، ئێمە بە حوکمی یاسا و لەبەر ئەوەش کە سوێندی ئایینی و ویژدانی‌و ئەخلاقیمان خواردووە، پابەندین بە پارێزگاری نهێنی ڕاپۆرتەکانمان، بۆیە بە هیچ جۆرێک لای ئێمەوە ڕاپۆرتەکان دزە ناکەن بۆ ڕاگەیاندن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم ڕاپۆرتانە، لای ئێمەوە دەردەچێت وێنەی ئەنێردرێت بۆ زۆر دامودەزگاکانی تری حکومەت، بۆیە تا ئێستا چەند جارێک ڕاپۆرتی ئێمە، لە ڕێگای ئەو دامودەزگایانەوە گەییشتونەتە ڕۆژنامەکان و بڵاوکراونەتەوە. جگە لە دووجار، کە دوو بەڵگەی دیوانمان لەلایەن دوو فەرمانبەرەوە بۆ مەرامێکی تایبەت بڵاوکراونەوە، دوای لێکۆڵینەوە هەردوو فەرمانبەر سزادران و گوێزراونەوە بۆ دەرەوەی دیوان و دراویشن بە دادگا.

بەم بۆنەیەوە ئەمەوێ بڵێم، كە لە ماوەی هەژدەساڵی ڕابردوودا حكومەتی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەک بێت، نەیتوانیوە بەرەنگاری دیاردەی گەندەڵی ببێتەوە. سزانەدانی گەندەڵكاران و هێشتنەوەی ناوەڕۆكی ڕاپۆرتەكان بە نهێنی و ئاشكرانەكردنی ناوی دز و گەندەڵكاران، ڕەنگە هۆكارێک بووبێت بۆ هاندانی گەندەڵی، بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین پەرلەمانی كوردستان یاسای دیوان بە جۆرێک هەموار بكات، كە ڕێگا بدات ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێریی دارایی دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەریاندا سروشتی نهێنیان لەسەر لاببرێت و هەر كەس و لایەنێک بیەوێ بتوانێ لە ئەرشیفی دیوانی چاودێریی سوودی لێ وەربگرێت.. ڕێگەش بدرێ كە لە میدیاكاندا بڵاوبكرێنەوە. دەشێت ئەمە یەكێک بێت لە باشترین ڕێگر و بەربەست رادع بۆ بەرەنگاربوونەوە و كەمكردنەوی گەندەڵی، چونكە ئەوسا لە ترسی میدیاكانو ڕای گشتی، ناچار ئەبن كەمتەرخەمی لە جێبەجێكردنی ڕاپۆرتەكانمان نەكەن. ئەگەر پێویستیشی كرد ئێمە لای خۆمانەوە لائیحەی هەمواركردنی یاساكە پێشكەش ئەكەین بە پەرلەمان.

**ئاوێنە: كێشەكانتان لەگەڵ شارەوانی سلێمانی گەیشتۆتە كوێ؟**

وەڵام: من هیچ كێشەیەكی شەخسیم لەگەڵ شارەوانی سلێمانیدا نییە، من خۆم و باوكیشم ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بووین. لە بارەی كێشە گشتیەكانیشەوە بە دوای ئەو ڕاپۆرت و داوا یاسایانەدا ئەچین كە كردوومانن، ئەگەر ئەو داوایانەش كە لە دادگا تۆمارمان كردوون لێرە ئەنجامیان نەبوو، ئەوا داوای گواستنەوەیان ئەكەین بۆ پایتەخت و بۆ دەسەڵاتی باڵاتر و وازیان لێ ناهێنین.

**ئاوێنە: دوای هاتنمان بۆ دیوان، بیستمان تا ئێستا شەش جار داوانكردووە كە لە وەزیفەكەت ئیعفات بكەن؟**

وەڵام: بەڵێ ڕاستە. دوا جار لە ٢٠٠٩/٢/٢٦دا بوو.

**ئاوێنە: بۆچی؟**

وەڵام: ماوەی خزمەتی زۆرە. لە ڕاستیدا ئەمەوێت ئیتر ئازادبم، هەروەها ئەمەوێت كاتم هەبێ بۆ كارە تایبەتەكانی خۆم، لە پێش هەموویانەوە بیرەوەرییەكانم. هەروەها هەر لایەنێكی تری ژیانم. ئەشمەوێ دوای ئەو دەعوایانە بكەوم، كە تۆمارمان كردووە لە دادگا، لە بەرامبەر ئەو درۆ و دەلەسانەی بەرامبەر بە دیوانو سەرۆكی دیوان كراوە. چونكە كارەكەم دەستی گرتووم.. وەک پێویست ڕێگام پێ نادات ئەوكارە بكەم و لە ڕێگای دادگاوە بە سیفەتی شەخسیش

بیسەلمێنم بۆ میللەتەکەم، کە دز و درۆزن و گەندەڵ و موختەلیس کێیە لە وڵاتەکەماندا.

**ئاوێنە: لەناو فەرمانبەرەکانی خوارەوەی چاودێریی دارایی ڕایەک هەیە، کە ئەو ڕاپۆرتانەی دیوان ئامادەی دەکات لەسەرەوە دەمرێت، ئایا هۆکەی بەڕێزتی، یان دامودەزگاکانی سەرەوەی حکومەتە کە ڕێوشوێنی یاسایی ناگرنەبەر؟**

وەڵام: ئەو ڕایە بەو ڕەهایە نییە. ئێمە خۆشمان، واتا فەرمانبەرەکانی سەرەوەی چاودێریی، ڕایەکی لەو جۆرەمان هەیە، بەڵام بە جۆرێکی تر و بۆ هەموو ڕاپۆرتەکانمان نا. زۆرێک لە ڕاپۆرتەکانمان کاریان پێ کراوە و ئەنجامی چاکیان هەبووە» لێپرسینەوەیان لەسەر کراوە و ژمارەیەک کەسی بەرپرس لە فەرمانگەکان لەسەری سزادراون. جگە لەوەی لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکانمانەوە، ملیۆنەها دینارو دۆلار گەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت. لەبارەی ئەو ڕاپۆرتانەشەوە کە دەڵێن لەلایەن دەسەڵاتەکانی سەرەوە ئەمرێنرێن، یا وەک پێویست کاریان پێ ناکرێ، ئەمانەوێ ئەوە بۆ هەموو لایەک ڕوونبکەینەوە کە دەزگای چاودێریی دارایی نە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (تنفیذی)ە، نە دەسەڵاتی سزادانیشی هەیە. بەڵکو ئەرکی ئەم دەزگایە پشکنین و وردبینییە لە کارە کارگێڕی و دارایی و ژمێرياریيەکانی فەرمانگە و دەزگا حکومییەکاندا. ئێمە دوای ئەوەی کارە نایاساییەکان و سەرپێچییەکان دەستنیشان ئەکەین، لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار ئەکەین، بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ ڕاستکردنەوە و لێپرسینەوە و سزادانی کەسی بەرپەس بەپێی پێویست. ئەگەر ئەو لایەنانە ڕێوشوێنی یاسایی نەگرنە بەر بۆ جێبەجێکردنی هەندێ لە ڕاپۆرتەکانمان، ئەوە کەموکوڕییەکە لەوانەوەیە. ئێمە سەرەڕای ڕاپۆرتەکانمان، بە بەردەوامی بەدواداچوونیشیان لەسەر ئەکەین و چاو لە کەمتەرخەمی هیچ لایەنێک ناپۆشین، لە هەر ئاست و پایەیەکدا بن. ئێمە جگە لە هۆکاری ماندووبوونی زۆرمان بەو ڕاپۆرتانەوە.. سەرباری حوکمی یاساش، جێبەجێکردنی ئەو ڕاپۆرتانە بە ئەرکی نەتەوەیی و ئەخلاقی ئەزانین، بۆیە هیچ کەس و لایەنێک بە تەمای ئەوە نەبێ ڕاپۆرتەکانمان بیرچێتەوە، بە پێچەوانەوە هەتا جێبەجێکردنیان زیاتر دوابکەوێ. ئێمە زیاتر گومان ئەخەینە سەر لایەنی بەرپرس و کەمتەرخەم.

**ئاوێنە: ئەوەی ئەبینرێت چاودێریی دادایی، سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت چاودێریی دەکات. ئەمرۆ دامودەزگاکانی حکومەت پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە دیوە، وەک بەکارهێنانی**

**ئینتەرنێت و نێتۆرک. ئایا ئێوە چۆن بەم شێوە تەقلیدیە دەتوانن سەرپەرشتی و چاودێری وردبینی دامەزراوەکانی حکومەت بکەن؟**

وەڵام: ئێستا دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی، بە نوێترین تەکنۆلۆجیاوە کارەکانی ئەنجام ئەدات. هەموو سەرۆک دەستەیەک کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپی بۆ دابینکراوە، کە زانیارییەکانی دەستەی تیا تۆمار دەکات. ئەو لاپتۆپانەش پێشتر هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانەی تێدا تۆمارکراوە (بە سی دی)، کە بۆ کارەکانیان پێویستیان پێیەتی. بەردەوامیش دەورەیان بۆ دەکرێتەوە و لێیان ئەنێرین بۆ دەرەوەی وڵات و لەوێش دەوری بەرچاو و زیرەکانەیان هەبووە و بە پلەی بەرز دەورەکانیان بینیوە. ئێستاش دیوانی چاودێرییمان بەرەو سیستمی (I.T- ئای تی) ئەڕوات و تا ئێستاش بەشی حساباتمان تەواو بووە و بەرەو بەشەکانی دیکە ئەڕۆین. بۆیە کارەکانمان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە و سەرکەوتوانە ئەنجام ئەدەین، بەردەوامیش دەستەکانمان زانیاریی نوێ لە ئینتەرنێتەوە وەردەگرن.

**ئاوێنە: هەست ناکەن لە ڕووی یاساییەوە چاودێریی دارایی لە بۆشاییەکی یاساییدا دەژی، چونکە ئێوە لە لایەکەوە کار بە یاسا کۆنەکە ناکەن، لە لایەکی تریشەوە هێشتا یاسا نوێکەی پەرلەمان نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە؟**

وەڵام: ئێمە هەست بە بوونی بۆشایی یاسایی ناکەین، چونکە هەموو دامودەزگا حکومییەکان دەزانن بوونی ئەم دەزگایە بە یاسایە و بەپێی یاساش کاردەکات. دوو یاساش لەئارادا نییە، ئەوەی پێشوو ڕێسایە و ئەمەی دووەم یاسایە، کە بە سوودوەرگرتن لە ڕێساکە دەرچووە، هەردووکیشیان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.

**ئاوێنە: لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە پێویستە دیوانی چاودێریی چالاک بکرێت، لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟**

وەڵام: لەوە ناچێت بەڕێز سەرۆکی هەرێم مەبەستی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووبێت، چونکە نە ئێمە ئێستا ڕاپۆرتمان بۆ ناردووە، «نە لە هیچ ڕێگەیەکیشەوە ئەو ڕاپۆرتانەی پێگەیشتووە، کە ژمارەیان تا ئێستا زیاتر لە (٢٥٠٠) ڕاپۆرتە.

من ئاگاداری دیوانی چاودێریی دارایی هەولێر نیم و نازانم چەند کاران! بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیەوە هەبێت ئەڵێم: چاودێریی دارایی سلێمانی زیاتر لە سنووری ئیدارەی پێشووی سلێمانیدا کاری کردووە و زۆر چالاکانە و دەستپاکانە.. زۆر عادیلانە و نەترسانە. ڕاپۆرتی لەسەر

هەموو دەزگا و فەرمانگەکانی حکومەت، کە ژمارەیان لە (٧٣٠) زیاترە نووسیوە، ئەمیش لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە گرتوویەتییەوە تا هەموو وەزارەت‌و دامودەزگاکانی تری حکومەت. لەو ڕاپۆرتانەماندا چی کەموکوڕی و لادان و پێشێلکارییەک لە کارەکانیدا بووبێت، بەبێ جیاوازی پلەوپایەی وەزیفی یان سیاسی خراونەتە ڕوو. جگە لەمەش دیوانی چاودێریی سلێمانی خاوەنی (٢٣) لیژنەی پسپۆڕە، کە وردبینی لە دامودەزگاکان دەکەن و ئەتوانین بڵێین دیوانی چاودێریی سلێمانی، تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستی دیوانی چاودێریی دارایی عێراقدایە، کە تەمەنی هەشتا ساڵ زیاترە. بۆ ئاگاداریشتان زۆر لە فەرمانبەرانمان بۆ دەورەی تایبەت نێردراونەتە دەرەوەی وڵات و بە سەرکەوتوویی گەڕاونەتەوەو دواتر دەورەیان بۆ فەرمانبەرانی تری دیوانمان کردۆتەوە، هەروەها ئێمە زۆربەی یاسا و ڕێسای وڵاتانمان لە بارەی چاودێریی دارایی بۆ خۆمان تەرجومە کردووەو سودمان لەو لایەنانە وەرگرتووە، کە بۆ ئێمە دەگونجێن. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە، کە دیوانی ئێمە دەزگایەکی چالاک و کارامە و پڕ ئەزموەن و نموونەییە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا. هەمیشە چاومان لە پێشکەوتنی زیاترەوەیە.

**ئاوێنە: ئایا ئێوە لەگەڵ دروستکردنی دەزگای (نەزاهە)دان، چۆن دروست بکرێت و پەیوەندی بە کوێوە هەبێت، بە پەرلەمان یان حکومەت یان سەرۆکی هەرێم، بە کامیانەوە دەسەڵاتی باشترو کاراتر دەبێت؟**

وەڵام: من بەشبەحاڵی خۆم، پێش نزیکەی دوو ساڵ. داوای دامەزراندنی دەزگای پاکژییم (نزاهە) کردووە. ئینجا یەکەم بەرپرسیش بووم لەم ناوچەیە، لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا ئامادەیی خۆم پیشانداوە، کە سامانی خۆم ئاشکرا بکەم، من پێم باشە ئەم دەزگایە بە پێی یاسایەک لە پەرلەمانەوە دابمەزرێت، دەزگایەکی سەربەخۆ بێت، ئەنجومەنی کارگێڕی خۆی هەبێت، سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە ئەندام بێت لە ئەنجومەنی دادوەریدا (مجلس للقضاء)، کە ئەشێ کەسایەتییەکی ناودار و ناسراوی کۆمەڵ بێت و ڕای گشتی لەسەر بێت، ئەگەرچی حقوقیش نەبێ. بودجەی تایبەت بە خۆی هەبێت. یەکەم جار ئەندامەکانی ئەنجومەنی پاکژی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە دامەزرێت لە کەسایەتی سەربەخ، ئەوانیش لەناو خۆیاندا سەرۆکی ئەنجومەن بە هەڵبژاردن دیاری بکەن. ئیتر دوای ئەوە ئەنجومەنی پاکژیی، خۆی خاوەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاساکەی بێت، خۆی سەربەخۆی بڕیاردانەکانی بێت. بڕیارەکانیشی شیاوی پیاچوونەوە بن لە دادگای تەمیز، لە ڕووی ئینزیباتیشەوە، ئەنجومەنی دادوەری دەسەڵاتی لێپێچینەوەی هەبێت لەسەر ئەندامەکانی ئەنجومەنی

پاکژیی، ئەگەر گەندەڵییەکیان لێ دەرکەوت ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەیان بکات. کارەکانیشیان وەک هەر دەزگایەکی حکومی تر دەستەکانی دیوانی چاودێریی پشکنین و وردبینی لەسەر بکەن. ئەگەر بەو جۆرە بوو، ئەوا باڵادەستی هیچ کام لە سەرۆکی هەرێم و سێ دەسەڵاتەکەی بەسەرەوە نابێ، ئەشتوانێ پاکژی لە هەموو دەسەڵاتەکاندا بکا. لێرەدا ئەمەوێ ئەوەش بڵێم: دەستەواژەی (دەزگای دەستپاکی)، کە هەندێ کەس بەکاری دەهێنن، ڕاست نییە. دەستپاکی ئەوە ئەگەیەنێت کە دەزگاکە خۆی دەستپاکە، بەڵام پاکژیی، ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەو دەزگایە پاکژیی ئەکات لە دەوڵەتدا. واتا (تطهیر)، کە ئەوە ڕێک کاری ئەو دەزگایە ئەبێت.

**ئاوێنە: ئایا ئەتوانی پێمان بڵێیت موڵک و ماڵت چییە و چەندە؟**

وەڵام: ئەم پرسیارە لە ڕووی یاساییەوە دەبێت لەلایەن دەزگای نەزاهەوە (دوای دامەزراندنی) لە من، یان لە هەر کەسێک بکرێت کە پلەی وەزیفی مەشمول بێت بەو داوایەوە، ئەمیش لە ڕێگای فۆرم و (ئیستمارە)ی تایبەتەوە دەبێت، کە ئەم پرسیارە و چەندان پرسیاری تر لەخۆ ئەگرێت کە بە لای دەستەی نەزاهەوە گرنگن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێم: کاتێ من لە ساڵی (٢٠٠٠)دا پۆستی بریکاری وەزارەتی داراییم وەرگرت، خاوەنی خانوویەکی باش و پارچەیەک زەوی بووم، بەڵام هەر ئەو کاتە خانووەکەم بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی بەخشی، بۆ ئەوەی بکرێ بە موستەوسەفێک بۆ گردی سەرچنار. پارچە زەوییەکەشم بەخشی بە دیوانی چاودێریی دارایی بۆ ئەوەی پارەکەی لە بانقدا دابنرێت و سوودەکەی ساڵانە بدرێت بە سێ فەرمانبەری چالاکی دیوان لەگەڵ سێ خانمی سەلاری دیوانی چاودێریی دارایی، واتا کە دەست لە کارەکەم هەڵئەگرم لە دیوان و خانەنشین ئەبم خاوەنی یەک تاکە مەتر زەوی، یان خانوو نیم لەسەر گۆی زەوی، جگە لەوەی کە بە میرات (وەرەسە) پێم ئەدرێت، دەڵێم گۆی زەوی، چونکە نە لە عێراق و کوردستان و نە لە دەرەوەی وڵات هیچ جۆرە زەوی و خانوویەکم نییە، خاوەنی هیچ جۆرە کۆمپانیایەک و هیچ پرۆژەیەکی بازرگانی نیمو پێویستیشم پێیان نییە.

**ئاوێنە: ڕایەکی وا هەیە کە دروستکردنی دەستەی (نەزاهە) بۆ ئەم وڵاتانە سوودی نییە، لەو بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

وەڵام: ئەم ڕایە تاڕادەیەک دروستە، بەڵام دروستکردنی ئەو دەستەیەش لە سوود بەدەر نییە. بانکەکانیش ئێستا جوڵەیان تێ کەوتووە و بەرەو ئەو سیستەمە ئەڕۆن،

کەسانێکیش ئەگەر بتوانن پارەکانیان بشارنەوە، ناتوانن موڵک و خانوەکانیان بشارنەوە. چونکە ئەو موڵکانەی لە فەرمانگەکانی خانوبەرە تۆمار کراون، ئەگەر فرۆشتن و ئاڵوگۆڕیشیان پێ بکرێت دۆسێکانیان هەر ئەمێنێت. ڕاستە ئەو ئەگەرەش هەیە کە موڵک و خانووبەرەکانیان بە ناوی خەڵکی ترەوە تۆمار بکەن، بەڵام ئەوە لە ئاییندەدا کێشەی زۆریان بۆ دروست ئەکات و ئەشێت مایەکەیان بکاتە مایەی پیازفرۆش یان مایەپووچ دەرچن. شایەنی باسە، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕێکەوتننامەیەکی جیهانی، لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆ کردووە و ئیقرار کردووە، بەو پێیەی ئەم ڕێکەوتننامەیە، ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییە و دەبێت پەرلەمانی عێراقی ڕەزامەندی لەسەر بدات، ڕێکەوتننامەکە لەلایەن پەرلەمانی عێراقیشەوە تەسدیق کراوە. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەیئەی نەزاهەی عێراقی دەتوانێت لە ڕێگای دەوڵەتی عێراقەوە، موڵک و سامانی بانقیی هەر بەرپرسێکی گومانلێکراوی عێراقی و کەسوکاری نزیکیان، کە جێگای گومان بن، لە هەر وڵاتێکی دنیادا بێت، بزانێت و ئاشکرای بکات. ئەم ڕێکەوتن و یاسایە هەیئەی نەزاهەی کوردستانیش لە کاتی دروستبوونیدا شمول دەکات. بەم جۆرە شاردنەوەی موڵک وماڵی حەرامی هەر بەرپرسێک، کە لەم میللەتە ستەمدیدەیە زەوتکراوە و دزراوە، زۆر سەخت دەبێت.

**ئاوێنە: تۆ پۆستەکەت وەزیرییە، بەڵام نە پاسەوان، نە ئەو پێداویستیانەی بۆ وەزیر دابین دەکرێت تۆ نیتە، هۆکەی چییە؟**

وەڵام: لەبارەی پاسەوانەوە سێ سەرنجم هەیە:

یەکەم: تا ئێستا پاسەوان ڕێگەی لە تیرۆر نەگرتووە، بەڵکو گەلێک جار وا ڕێکەوتووە پاسەوانەکان لە پێشدا دەپێکرێن.

دووەم: لەو باوەڕەدام ئەو پارانەی بۆ هەندێ پاسەوانی بەرپرسان سەرف دەکرێ بەفیرۆدانی سامانی نەتەوەییە.

سێیەم: لە بارەی پاسەوانی تایبەتەوە، سەرنجی خۆمم هەیە و پێموایە پاسەوانی تایبەت جۆرێک لە کەمکردنەوەی نرخی مرۆڤە. بۆ ئەبێ مرۆڤێک پاسەوانی مرۆڤێکی تر بێ؟ بە تایبەتی ئەو جۆرە پاسەوانییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و زیاتر دەوری غوڵام و خزمەتچی پێ ببینن! ئینجا ئەگەر پاسەوان بۆ مەبەستی پاراستنی بەرپرسێک بێ، ئەوە دەبێ لە ڕێگەی هێزێکی پۆلیسی تایبەتەوە بێ، کە بۆ ئەو مەبەستە مەشق پێ کرابن. ئەویش تەنیا بۆ ئەو کاتانەی مەترسییەک لەسەر ئەو بەرپرسە هەبێ. من کاتێ کە بریکاری وەزارەتی داراییش بووم، هەر پاسەوانم

نەویستووە. لەبارەی پێداویستییەکان وەزیریشەوە، من ئەوەی بە پێویستی بزانم لە مووچەکەی خۆم دابینی دەکەم، هەست بە هیچ ناتەواوییەکیش ناکەم، بەڵکو هەمیشە حەز ئەکەم وەک هەر کەسێکی ئاسایی نەتەوەکەم هەڵسوکەوت بکەم، چونکە چەندەها جار وتوومە وەزیفە لای من خزمەت و مێژووە، نەک ناونیشان و مووچەی بەرز و ئیمتیازات و خۆبەگەورە زانین.

- جەلالی عومەری سام ئاغا ساڵی ١٩٤١ لە سلێمانی لەدایک بووە.
- ساڵی ١٩٦١ بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە زیندانی کراوە.
- ساڵی ١٩٦٣ کۆلێجی بازرگانی و ئابووری- زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.
- ساڵی ١٩٦٦ کۆلێجی ئەفسەری ئیحتیاتی تەواو کردووە.
- ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگە بووە و دوای گەڕانەوەی بۆ ماوەی (٥) ساڵ دوور خراونەتەوە بۆ بەغدا.
- ساڵی ١٩٩٢- ٢٠٠٠ ڕاوێژکاری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێم بووە.
- ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٢ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ئێستا سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییە لە سلێمانی.

## تکایە با دیوانی چاودێریی دارایی نەخرێتە ململانێی سیاسییەوە(٤٥)

ئاماژە بە نووسینێکی بەڕێز سیروان ڕەشید، بە ناوی (لەبارەی کێشەکەی دانا احمد مەجید و چاودێریی دارایی)، کە لە ژمارە (٥٤٦)ی ڕۆژی سێشەممە لە (٢٠٠٩/٩/٨) بڵاوبۆتەوە، بە پێویستمان زانی وەڵامێکی نووسەر بدەینەوە لەسەر خاڵبەخاڵی نووسینەکەی. چونکە وەک نووسەر وتەنی دەڵێت پرسیارە و لە زیهینمدا قووت بۆتەوە و هەموو پرسیارێکیش بەپێی یاسای سروشت ئەبێ وەڵامی بدرێتەوە، پرسیارەکان و وەڵامەکانیان لە خوارەوە دەخەینە ڕوو:

**١- ئایا بۆچی ئەم دیوانە تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر بەرپرسە حکومییەکانی هەرێم لە میدیاکاندا بڵاونەکردۆتەوە، کەچی ئێستا بۆ ئەم ڕاپۆرتەی دیوانی پارێزگاری سلێمانی بۆتە پەیامنێری ڕاگەیاندنی یەکێتی؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت ئەمانەوێ بڵێین، کە سیاسەتی کارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی (نهێنییە) و نابێت لە ڕێی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییەوە ڕاپۆرتەکان بڵاوبکرێنەوە و بخرێنە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و سایتەکان و ئاشکرا بکرێن، بەڵام لەکاتێکدا کە سەرۆکایەتی دیوان ڕاپۆرتەکان ئەنێرێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە دڵنیاییەوە لەوێوە دزە دەکات و دەخرێتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و سایتەکان، بەڵگەشمان هەیە، هەندێک جار لە کاتی بڵاوکردنەوەدا مۆر و ژمارەی (واردە)ی ئەو لایەنەی لە سەرە کە ڕاپۆرتەکەی بۆ چووە. دووپاتی ئەکەینەوە، کە لەم حاڵەتانە دیوان بەرپرس نییە سەبارەت بەوەی دەسەڵات گەمەی سیاسی بە ڕاپۆرتەکانمان بکات. حەز دەکەم ئەوە بزانیت، کە تا ئێستا لە هیچ بەرپرسێکی حیزبی و حکومییەوە تەکلیفی لەو جۆرەمان بۆ نەهاتووە، ئەگەر بێتیش قبوڵ ناکرێت. بە دڵنیاییەوە بە درێژایی

(٤٥) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە ٥٥١ لاپەڕە ٢٢ی ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٣ بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ژمارە (٥٠٠٢)ی ڕۆژی٢٠٠٩/١٠/١٩ دا جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە.

(١٢) ساڵ تەمەنی دیوان، سیناریۆی لەو جۆرە پێشکەش نەکراوە، چونکە ئەگەر گەمەی سیاسیمان پێ بکرێت، دیوان میسداقییەت و قودسییەتی نامێنێ و بەم شێوەیەی ئێستا سەرکەوتوو نابێت.

**٢- پرسیارت کردووە، کە ئەم دیوانە دانراوە بە حساب بۆ کۆنترۆڵکردنی داهات و خەرجی و پاراستنی دارایی گشتی لە خراپ بەکارهێنان، بەڵام نەیتوانیوە بەر لە بەهەدەردانی ماڵی گشتیی میللەت بگرێت؟**

وەڵامەکەی ئەوەیە، کە کاری دیوانی چاودێریی دارایی خستنە ڕووی هەموو خراپ بەکارهێنانێکی ماڵ و دارایی گشتییە. دووبارە ئەمانەوێت دڵنیات بکەین، ئەوەی بەرچاوی دەستەکانی چاودێریی دارایی کەوتووە بێ کەموکوڕی بێ ئەوەی کەسایەتیو خزمایەتی و هاوڕێیەتی و حیزبایەتی و هتد... حسابی بۆ کرابێ خستومانەتە ڕوو، دواتریش کاری بەدواداچوونی بۆ کراوە و خاڵیکی هەڵواسراو نییە، ئەگەر نووسراو بێت کاری بەدواداچوونی بۆ نەکرابێت. بۆ نموونە، ڕاپۆرتمان هەیە لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە تا ئێستا بەدواداچوونمان بەردەوامە لەسەری و وازی لێ ناهێنین. جگە لەوەی چەندین جار دەستەکانمان ڕووبەڕووی هەڕەشە و گلەیی و گازندە بوونەتەوە، بەڵام کۆڵمان نەداوە، چونکە کارەکانمان وا ئەخوازێت، کە وابینو هەست بە لێپرسراوێتی بکەین.

**٣-پرسیارت لەبارەی بودجەی ساڵانەوەیە، کە دیوان لە کۆتایی ساڵدا نوسخەیەکی حساباتی کۆتایی بودجەی پێ درابێت و سەرنجەکانی خۆی لەبارەوە دابێت.**

ئەوەندەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بودجەی ناردبێت بۆ پەرلەمان و لەوێ پەسەند کرابێت، ئێمە وردبینی جدی جێبەجێکردنی ئەو بودجە پەسەندکراوەی پەرلەمانمان لەئەستۆ گرتووە، کە ئەرکی سەرەکیی دیوانمانە، وەک ئاماژەمان پێ دا.. کاری دیوانی چاودێریی دارایی نییە لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە بڵاویبکاتەوە کە (٣١) ملیارو (٤٩) ملیۆن دۆلار (تەنها سی و یەک ملیار و چل و نۆ ملیۆن دۆلارە) لە بودجەی گشتی و بودجە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان (تنمية الاقاليم) هاتۆتە هەرێمەوە بڵاو بکاتەوە بۆ خەڵکی کوردستان لە چۆنییەتی خەرجکردنیو لە چیدا بەکار هاتووە؟! وەک ئاشکرامان کرد، ئەگەر دیوان ئەم کارە بکات، مانای وایە سنووری دەسەڵاتی خۆی بەزاندووە، چونکە لە سیستمی دیوانی چاودێریی دارایی نییە چۆنییەتی خەرجکردنی ئەم پارەیە بڵاوبکاتەوە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان.

**٤- پرسیارت کردووە بۆچی دیوانی چاودێریی دارایی خۆی هەڵناقورتێنێتە ناو کاری حیزبییەوەو ناکۆڵێتەوە لەو (٨٤٠) ملیۆن دۆلارەی (تەنها هەشت سەد و چل ملیۆن دۆلار)، کە پارتی و یەکێتی لە پارەی میللەت ساڵانە بەهەدەری ئەدەن؟ وردبینی لەو کارەدا ئیشی (دەزگای چاودێریی دارایی) حیزبە، نەک دیوانی چاودێریی دارایی و حکومی.**

**٥- پرسیارێکی تری کە پێویستی بە وەڵامە سەبارەت بەوەی کە (١٥٠) وەزیر و سەرۆکوەزیرانی (٥) کابینەی ڕابردووی حکومەت هەبووە، تۆ بڵێی هیچ کام لەمانە گەندەڵ نەبووبن؟**

بەڵێ ئێمە کە ئەچین کاری چاودێریی دارایی ئەنجام بدەین لە دەزگایەکی حکومیدا، لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست و دادپەروەرانە پاڵپشت بە یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکان، ئەوەی پێچەوانەی ئەمانەن لەو سنوورەی بۆمان دیاری کراوە لە سیستمەکەدا دەست ناپارێزین و ڕاپۆرتمان هەیە لەسەر کارەکانی سەرۆکی حکومەت تا وەزیرەکان و تا بچووکترین بەرپرس، بە ڕاشکاوانە لە سەرمان نووسیون و بوێرانە خۆمان و خامەمان ڕاستییەکانمان درکاندووە، ڕاپۆرت و وەڵامی ڕاپۆرتەکانمان شاهێدی ئەو حاڵەتەن، جگە لەوەی لەسەر بەرپرسان ڕاپۆرتمان بەرزکردۆتەوە کە کاری گەندەڵییان ئەنجام دابێت. بۆ ئاگاداریتان لەناو بینای دیوانی چاودێریی دارایی لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ چەندین وەزیردا کردووە لە کابینەی (٤)ی ئیدارەی سلێمانی، لە زۆربەی ڕاپۆرتەکاندا ڕەخنەمان لە هەر بڕیارێک گرتووە کە گونجاو نەبووبێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتییدا، ئینجا ئەگەر ئەو بڕیارانە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووبێت یان وەزارەتی دارایی و ئابووری یان وەزارەت و هەر دامەزراوەیەکی تر، کە ئەم کارانەشمان کردووە نە حکومەت و نە حیزب فشاری نەخستوونە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا دیوانی چاودێریی دارایی هەمیشە بە سنگفراوانییەوە ڕەخنەی قبووڵکردووە و بە بایەخیشەوە هەر تێبینی و گلەیی وەرگرتووە، کە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕووبەڕووی کار بێتەوە، چونکە دیوان بەو ڕەخنە و گلەیی و گازندانەی خەڵکی پێش ئەکەوێت و ئەتوانین ئەو کارەی پێمان سپێردراوە بۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوەو لە میانەی ڕەخنە و گلەییەکانیانەوە سنووری دەسەڵاتمان بخەینە ڕوو.

**٦- ئەم پرسیارەت سەبارەت بەوەی کە پارتی و یەکێتی (٢٧) گرێبەستی نەوتیان ئەنجام داوە و زیاتر لە (٧٥٠) ملیۆن دۆلار وەک شیرینی (کۆمۆ)شیان وەرگرتووە، ئێمە لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە بیستوومانە، بەڵام دیوانی چاودێریی دارایی- هەولێر بەرپرسە لەو وردبینییە، لە وردەکارییەکانی ئەو گرێبەستانە و لێکدانەوەی ئەو کۆنتراکتانە، کە ئایا یاسایی بن یان نا، هەموو ئەو کۆنتراکتە نەوتیانە لە سنووری پارێزگای هەولێردا ئەنجام دراون، نەک لە سنووری پارێزگای سلێمانی، کە سنووری کاری چالاکییەکانی دیوانمانە.**

**٧- لە (٢٠٠٨/٥/٢٦)ەوە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسایەکی نوێ بڕیاری کارکردن و یەکگرتنەوەی داوە، بەڵام تا ئێستا یەکێتی و پارتی نایەوێت ئەم دوو دیوانە یەک بگرێت؟**

ئەمە کاری دەسەڵاتی حکومەتە، کە جەخت بکاتەوە بۆ یەکگرتنەوەیان، ئێمەش ئامادەباشیمان تێدایە بۆ ئەو مەبەستە، کە بڕیارێک دەرچووە، وەک چۆن هەمیشە ملکەچی یاسا و بڕیارەکانی حکومەت بووین، هەر بەو چەشنە ملکەچی یاسای یەکگرتنەوەی هەر دوو دیوان دەبین و جێبەجێ دەکەین.

**٨- وەک ئاماژەت پێ کردووە بەوەی دەسەڵات بۆ جوانکردنی ڕووخساری گەندەڵکارانەی خۆی ئەم دیوانەی دروست کردووە، ئەم دەزگایەش بە (دەزگایەکی کارتۆنی) داوەتە قەڵەم. هەموو دەسەڵاتەکانی دونیا، کە بڕیار لەسەر دامەزراندنی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، یان دەستەی نەزاهە ئەدات، بڕیارێکی زۆر بەجێیە و ڕوخساری خۆی پێ جوان ئەکات و سیمایەکی دیموکراسی پێ ئەبەخشێ، ئەوەندەی پەیوەندی بە دیوان و کارمەکانمانەوە هەیە بەهەڵەداچوویت لەوەدا، کە ئەم دیوانە کارتۆنی بێت، چونکە دیوانێک خاوەنی زیاتر لە(٢٥٣٠) ڕاپۆرت بێت، پێی ئەوترێ دیوانی کارتۆنی؟! ئاشکراکردنی گەندەڵی و لادانە یاساییەکان، کە لەسەر بەرپرسێکی باڵا تا بچووکترین بەرپرس، بوێرانە و بە ویژدانەوە لەلایەن دیوانمانەوە ئاشکرا دەکرێن، ئەمە دیوانێکی کارتۆنییە؟! وە ڕاپۆرتمان شاهیدی ئەوە دەدەن کە دیوانی چاودێریی دارایی دیوانێکی کاراو لێهاتووە، هەمیشە بێ ترس کارەکانی خۆی ئەنجام داوە. هەر کەموکوڕییەک لە لێپرسینەوەدا هەبێت ئەوا لایەنی جێبەجێکار(تنفیذی) بەرپرسە لێی.. نەک دیوانی چاودێریی دارایی؟! ئێمە کارمان بە حکومەت دەرخستنی گەندەڵی و گەندەڵکارانە، بە مەرجێ حکومەت هاوکارمان بێت و کار بە ڕاپۆرتەکانمان بکات و لە کاتی تێوەگلانی گەندەڵکاراندا ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی یاسا بکات و سەروەری یاسا بپارێزێت و دەستێوەردان لە کاروباری دادگادا نەکات و ئاسانکاری بۆ بەردانی گەندەڵکاران نەکات و چاوپۆشی لە تاوانەکانیان نەکات، کە ئەنجامیان داوە، ئەویش بەهەدەردانی ماڵی دەوڵەتە.**

لە میانەی وەڵامی نوسینگەی کاک سیروانەوە حەز ئەکەین ڕۆشناییەک بخەینە سەر وتەکانی بەڕێز کاک نەوشیروان مصطفی لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٥٩٧)ی ڕۆژی سێ شەممە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٩/١٥ بڵاویکردۆتەوە و تێیدا ئاماژەی داوە، کە لە « کوردستانەکەی ئێمەدا تەنها یەک دەزگا هەیە، ئەو دەزگایەش لە ژێر کۆنترۆڵی حیزب دایە) و (دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی پێویستە لەسەر بنچینەی پیشەیی لەسەر بنچینەی عەدالەت لەسەر بنچینەی جۆرێک لە بێلایەنی لە کاروباری وڵاتدا دروست بکرێت».

بۆ وەڵامی ئەو دیدوبۆچوونانەی کە دیوانی چاودێریی دارایی لە ژێر کۆنترۆڵی

حیزبدا بێت، ئەڵێم ئەشێ برای بەڕێزم کاک نەوشیروان مصطفی لە هەرکەسێکی تر زیاتر ئاگای لەوە بێت کە ئێمە هەرگیز لە ژێر کۆنترۆڵی هیچ حیزبێکدا نەبووین و نین.

بۆ ڕاستی ئەو قسەیە.. بۆ وەبیرهێنانەوەش، ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە دەکەین:

١- لە کەتی دەرچوونی (١٥) بڕیارەکەی سەرۆکایەتی هەرێم، کە لە ماڵی بەڕێزتان وتووێژیان لەسەر ئەکرا، بەندە بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بوو.. کاک نەوشیروانیش جێگری سکرتێری (ی.ن.ک) بوو، لەو کۆبوونەوانەدا تەنیا من حیزبی نەبووم، ئەوانیتر هەموویان حیزبی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارەکانمان، تەنیا بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بوو، ئەگەر هەر بیروڕایەکیش بۆنی حیزبی لێ هاتبێ، بەندە هەر ئەگەڕایەوە بۆ حوکمی یاسا، ئەوە بوو کارێکی باشمان کرد بە کەمکردنەوەی سەرفیات و دانانی مەرجی یاسایی بۆ موستەشار و بەڕێوەبەری گشتی و شارەزاو... هتد، توانیشمان باری ئابووری حکومەت تا ڕادەیەک چاک بکەین و بەدەستگرتنەوە لە خەرجیدا (ترشید و ترشیق). ئەم (١٥) بڕیارەش لە ڕێگەی یاداشتێکی بەندەوە هاتە ئاراوە بۆ بەڕێز مام جلال، کە تیایدا نووسیبووم (گوێم لە زەنگی خەتەرناکییە) لە حکومەتدا. ئەو ئیجرائاتانەش بە زیان بۆ زۆرێک لە بەرپرسە حیزبیەکان گەڕایەوە.

٢- بۆ پێکهاتنی کابینەی پێنجەم. کە بە کابینەی یەکگرتوو ناوبرا. ئەوە بیرۆکەی جەنابتان بوو، کە بۆ دانانی وەزیرەکان ڕا و پەسەندکردنی دیوانی چاودێرییان لەسەر بێ، واتە پشت بە ڕاستی و پاکی دادپەروەری ڕاپۆرتەکانمان بەسترا. دیوانیش بە ئەمانەتەوە.. بەبێ لایەنگیریکردن بۆ پاڵێوراوی هیچ بەرپرسێک ڕاپۆرتەکانی پێشکەش کرد، ئەوە بوو جەنابی مام جەلال سێ پاڵێوراوی هەبوو، جەنابیشتان یەک پاڵێوراو، بەڵام هەر چواریان، لەسەر ئەوەی تێبینیان لەسەر هەبوو لە ڕاپۆرتەکانماندا، کەسیان نەکرانە وەزیر. ئەوە بوو لە یەکتر بینینێکدا کاک نەوشیروان پێی وتیت من یەک پاڵێوراوم هەبوو، ئەویش بەر ڕاپۆرتەکانتان کەوت! لە وەڵامدا وتم ڕاپۆرتەکەیت بۆ بنێرم؟ وتتان پێویست ناکات من ئیمانم پێتانە و ئەزانم ڕاپۆرتەکانتان بە ئەوپەڕی مصداقیەت و نەزاهەتەوە ئەنووسن.

٣-بۆ ماوەیەک لە هەردوو ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ حکومەتێکی بچووک (حکومەتێکی مصغر)، کە لە بەڕێزان نەوشیروان مستەفا و عومەر فەتاح و وەزیری دارایی و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاژە و بەندە پێک هێنرا، دانیشتنەکانمان لە ماڵی جەنابتان ئەکرد، زۆری پێشنیار و ڕەخنە لە لایەن بەندەوە بوو، وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی، ئەوە بوو هیچ کارێکمان نەچەسپاند کە دوور بووبێ لە یاسا و ڕێنماییەکان.

٤- لەب ارەی تەلارەکەی دیوانی چاودێریی داراییەوە، گوشارێکی زۆرمان، بە نامەی بەڕێز مام جەلال بەهۆی کاک دلێری سید مەجید و نووسراوی جێگری

سەرۆکی حکومەت کاک (عومەر فەتاح)وە خرایە سەر بۆ چۆڵکردنی ئەو تەلارە، کە (٢٢٧) فەرمانبەری دیوان کاری تێدا دەکەن، ئێمە داواکەمان ڕەتکردەوە، هەرچەندە کاک دلێر وتی ئەمە بڕیاری قیادەی سیاسیە و مام جەلالیش لەسەروو قیادەی سیاسیەوە بڕیاری داوە، جگە لەوەی کە جەنابتان ئاگاداری وردەکاری داوەکە بوون. جا ئەگەر بەندە لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدا بوایە ئەیتوانی ئەو هەڵوێستەی هەبێ؟ ئایا ئەوە سەربەخۆیی دیوان نییە؟!

٥- ئەبێ کاک نەوشیروان لە بیری بێ، کە بۆ هەندێ شت پرس و ڕای پێ ئەکردمو هەندێ شتی گرنگیشی پیشان ئەدام، منیش هەمیشە ڕای ئازادی خۆمم هەبووە، کە گەلێک جار جیاواز بووە لەگەڵ ڕای بەڕێزی، جا ئەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبدا بوومایە، ئەبوایە هەر بڵێم بەڵێ ڕاستە! بەڵام چونکە لە هەموو تەمەنمدا کۆیلەیەتیم قبوڵ نەکردووە، ڕێزی ڕاکانی خۆمم گرتووە بە یاسا، تەنانەت بەرامبەر بەڕێز مام جەلالیش، کە چەند جارێک پێم وتووە (هیچ وانییە)، هەندێ برادەریش ڕەخنەیان لێ گرتووم و وتویانە مەڵێ (هیچ)، منیش وتوومە ئەوەی سەر لە سەرکردەیەک ئەشێوێنێ، دەورووپشتەکەیەتی کە بە چاک بە خراپ ئەڵێن بەڵێ قوربان، لەکاتێکدا زۆر بە دڵسۆزییەوە موناقەشەم کردووە، نەم هێشتووە بیروبۆچونی هەڵەی بەسەردا تێپەڕێنن.

٦- کاک نەوشیروان بەندە و بنەماڵەکەی زۆر باش دەناسێت و زۆر باشیش دەزانێت کە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی و پۆستی سەرۆکی دیوانم بەسەردا فەرزکرا، محاولاتی زۆرم لەگەڵدا کرا هەر موافق نەبووم تا دوایی لەژێر گوشاری تەلەفۆنی جەنابی مام جەلالدا بەبێ ڕەغبەت قبوڵم کرد، کاک کۆسرەت و د.بەرهەم شاهیدن، بەڵام بۆ ڕووسوری خۆم و بنەماڵەکەم و بۆ ئێوەش کارێکم نەکرد کە پێی شەرمەزار بن. لەنهەردوو پۆستەکەمدا، کەوا نزیک دەبێتەوە لە دە ساڵ، یەک دینار، یەک دۆلار یان زیاترم تا ئێستا نە لە حکومەت نە لە حیزب وەرنەگرتووە، جگە لە موچەکەم، لەو کاتەی دارایی حکومەت لاواز بوو، بە دوو نووسراوی ڕەسمی داوام کرد، کە موچەکەم کەم بکرێتەوە، (ئەو دوو نووسراوە لە ڕوونکردنەوەکانی دیواندا بڵاوکراونەتەوە)، هەروەها وەکو ئاگادارن هەرچیم هەبووە بەخشیومە بە حکومەت، ئەو ڕۆژەی لە وەزیفەکەم دەردەچم خاوەنی یەک مەتر دووجا نیم لە خانوو و ئەرز، جەنابتان باش دەزانن کە باوکم خاوەنی چەندەها خانوو بووە، بەڵام ئێستا خوشکێکم نەک کرێچییە، بەڵکو لەژێر خانی کرێچیدایە لەگەڵ مێردەکەی، ئەمتوانی بە تەلەفۆنێک خانووی حکومەت یەک شوقەی بۆ وەرگرم. هەمان خوشکم تازە خانەنشینکراوە، کە مامۆستای سەرەتایی بوو، بۆ ئاگاداری جەنابتان، ئێستا قوتابیەکەی موفەتیشەیە،

ئەویش ئەمتوانی بە تەلەفۆنێک بیکەم بە موفەتیشە، بەڵام ئەوە مەبدەئی بەندە نییە هەر بە مامۆستایی مایەوە تا خانەنشین کرا. کاک نەوشیروان کام لەم بەرپرسە حیزبی و حکومیانە ئەمەیان کردووە؟! بە داخەوە و بە پێچەوانەی ئەمەی کە باسم کرد زۆربەی بەرپرسانی حیزبی و حکومی خەریکی خانوو تەلار دروستکردنن و بە ئەساسی ئەجنەبی هێنراو لە دەرەوەی وڵاتەوە دەیرازێننەوە، جگە لە باخ و باخاتو عەزبە و مەسبەح، هەروەها سەفەرات بۆ دەوەوەی وڵات، بۆیە لەسەرەنجامدا گەندەڵی لە کوردستاندا رەگی داکوتاوە، کە بۆتە جێگەی تانەو توانج و نارەزایی میللەتەکەمان.

٧- راستە دەزگای چاودێریی دارایی و وەزارەتەکانی حیزبیان پێکهێناون، بەڵام لە غەیری نیزامی مەلەکیدا، هەموو نیزامە پەرلەمانییەکان زۆرینەی کورسیەکان حکومەت و دامودەزگاکانی حکومەت پێک دێنن، بەڵام ئەو کەسەی کە پۆستێکی لەلایەن حکومەتەوە پێ دەدرێت، ئەو بەرپرس دەبێت بە موڵکی میللەتەکەی دەبێت لە کارەکانیدا کار بۆ میللەت بکات، نەک تەنها بۆ حیزبەکەی، ئێمەش هەر لەم روانگەیەوە بێلایەنانە کارمان کردووە، هەر بۆیە بە راشکاوی لە چەند چاوپێکەوتنێک لەگەڵ رۆژنامەکان وتوومە وەزیفە لای من خزمەت و مێژووە، نەک ناونیشان و موچەی بەرز و ئیمتیازات، کە تا توانیبێتم خۆم لەم ئیمتیازاتانە دوورخستۆتەوە، ئەو شتانەی لای بەندە پیرۆزە، (مێژووی خۆم، دەستپاکی، بەزەیی بە هەژاران و بێ دەرەتاندا، دادپەروەری لەکاردا، خۆشەویستی کار و نیشتیمان، وەفا، جدیەت، دڵسۆزی)، بەپێچەوانەوە رقوکینەم، لە (چاوبرینە لە موڵک و ماڵی خەڵک و حکومەت، دزی، خۆبەزلزانین، نۆکەری و ماستاوکردن بۆ سەروو، لەژێر پەردەی دەسەڵاتدا، داگیرکردنی موڵک و ماڵی خەڵک و حکومەت، هەروەها کاسەلێس و مشەخۆر و هەلپەرست و بێ بار).

کاک نەوشیروان لەبەر ئەم هەموو هۆیانەی باسم کردن، جگە لەوەی تەمەنێکم هەیە و خۆشتان دەزانن بە (٣) ساڵ بە تەمەن لە تۆ گەورەترم، تۆبڵێی لەم دوا تەمەنەمدا کۆیلەیەتی قبوڵ بکەم و لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدا کار بکەم! ئەو سوێندە پیرۆزەی خواردم جێبەجێ نەکەم! جگە لەوەی بەم زوانەش پشت بەخوا خانەنشین دەبم..... رێزێکی زۆرم هەیە بۆتان و بۆ متمانەی پێشووتان بە دیوان و سەرۆکی دیوان. هەروەها بۆ ئەو برادەرایەتییە دێرینەی کە دەگەرێتەوە بۆ چەندەها ساڵی پێشوو.

لە دوا وتەمدا، بە پێویستی ئەزانم جارێکی دیکە ئەو راستییە دووپات بکەمەوە، کە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی بەوپەری هەست بەلێپرسراوێتیکردن بەرامبەر بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و گیانی نیشتیمانپەروەری ئەرکە

سەرەکییەکانی خۆی ئەنجام داوە لەسەر بنەمای ڕاستی بە پشتبەستن بە یاساو عەدالەت و بێ تەرەفگیری لە دەسەڵاتی سیاسی دوور لە کۆنترۆلکردنمان لە هەر لایەن و هەرکەسێکەوە بووبێت، بێ ئەوەی کەم و زۆر خاتری کەس گیرابێ لەسەر حسابی ژمارە و ڕاستی دۆسییەکانی بەردەست، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی پاراستنی سەربەخۆیی و سەرکەوتنی هۆکارەکانی دیوان بووە، هەروەها مافی خۆمانە ڕاپبگەیەنین سەرجەمی کارەکانمان بەدەربووە لە هەموو جۆرە فشارێکی حیزبی یاخود حکومی لە هەر پلە و پایەیەکدا بووبێت، ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنین، ئەگەر هەرکەسێک بەڵگەیەک یاخود جۆرە زانیارییەکی لابێت کە دیوان بێلایەنی خۆی لەدەست داوە، با دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لێ ئاگاداربکاتەوە بۆ ئەوەی تەنها هەر قسە نەبێت کە لەم بارودۆخەی ئێستادا ڕێچکەی نایاسایی بەستووە و تەنها کوردستانو گەلی کوردستانی پێ ناشرین ئەکرێ، بەپێچەوانەی کار و چالاکییەکانی دیوانی چاودێریی، کە بەردەوام دژایەتی گەندەڵی و گەندەڵکاران ئەکات.

**جەلالی عومەر سام ئاغا**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی- سلێمانی**

# بەشی حەوتەم

# دیوانی چاودێریی دارایی

## ئەرك و ئامانجەكان

# (١)

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ژمارە : 220 |
| سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی | بەروار: 2007/06/14 |
| نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان | بەرامبەر: 24/ی جۆزەردانی / 2707ك |

## بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
## نوسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆك
## بابەت/ داواکاری

دوای ئەوەی هەست بەوە کرا کەوا گەندەڵی (٢) موچە و (٣) موچە هەیە لە ناو موچەخۆراندا، بڕیاردرا کەوا بەدواداچوونێکی بۆ بکرێت. لەسەر داوای بەڕێزتان بڕیاردرا، کار بۆ دروستکردنی بانکێکی زانیاری لەسەر موچەخۆرانی حکومەت ئەنجام بدرێت لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا.

١. ئەنجامدانی ئەو کارە گەورەیە تەسلیم بە بەڕێز ( مەحمود عوسمان مەعروف)، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی کرا، لەژێر سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییدا، لەمانگی (تشرینی دووەمی/٢٠٠٥)هەتا مانگی (حوزەیرانی/٢٠٠٦) ی خایاند، ناوبراو توانی زانیاری تەواو لەسەر موچەخۆران کۆبکاتەوە لە (فەرمانبەران- پۆلیس- هێزی پێشمەرگە- وارسی شەهید- ئەنفال- خانەنشینانی کارمەندانی حکومەت- موچەخۆرانی چاودێریی خێزان و کۆمەڵایەتی)، لەماوەیەکی کورتدا توانرا لەسەر هەر موچەخۆرێک (٣١) زانیاری بە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی (داتا بەیسی) کۆمپیوتەری تۆمار بکرێت، ئەوەش بوو بە بانکێکی زانیاری تەواو لەسەر موچەخۆران کە ژمارەیان (٣٢٨٢٩٧) موچەخۆر بوون، هەروەها لەمیانەی سەردانی بەڕێزتاندا، بە یاوەری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ سەنتەری ئەنجامدانی ئەو کارە لە رۆژی (٢٠٠٦/٠٣/٠٩) دا، بەچاوی خۆتان ئەنجامی ئەو کارەتان بینی، کە

بووە هۆی نرخاندن و پێزانینتان، هەروەها سەرجەم ئەو کارمەندانەی لەو سەنتەرەدا کاریان دەکرد، سوپاس و پێزانینی بەڕێزتانیان پێدرا و هەریەکەشیان مانگێک (قدم) یان پێ بەخشرا و پاداشت (مکافأە)یشیان وەرگرت.

٢. لەئەنجامی ئەو کارە بەرفراوانەدا، دەرکەوت کەوا (١٣٩٩٥) دەبڵی موچەخۆر هەیە، کە ژمارەی کەسەکان کردییە (٦٩٩٧)موچەخۆر، کە دەبڵ موچە وەردەگرن.

٣. بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو دەبڵانە (٢٣) لیژنە دروست بوون، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆ بەدواداچوونیان، لەئەنجامدا دەرکەوت لەو (٦٩٩٧) کەسە، (٣٥٢٥) کەسیان یاسا ڕێی پێداون کەوا (٢) موچە وەربگرن، لەوارسی شەهید و ئەنفال و خانەنشین بوو.

٤. ژمارەی (٣٤٧٢) کەسیان دەبڵی موچەیان وەردەگرت، بە پێچەوانەی یاساوە، بڕیاردرا کەوا یەک موچەیان بمێنێتەوە و موچەکەی تریان ببڕدرێت.

٥. لەئەنجامی ئەو کارەدا، توانرا مانگانە زیاتر لە (٣٤٧,٢٠٠) دۆلار، تەنها (سێ سەد و چل و حەوت هەزار و دوو سەد دۆلار)، بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت، بۆ هەر موچەیەک کە بڕدرابێت (١٠٠) دۆلارمان داناوە، کە زۆربەی موچەکان زۆر لەوە زیاترە، ئەمەش بۆ ساڵێک دەکاتە (٤,١٦٦,٤٠٠) دۆلار، تەنها (چوار ملیۆن و سەد و شەست و شەش هەزار و چوار سەد دۆلار)، ئەم بڕەش بە دیناری عێراقی دەکاتە (٦,٢٤٩,٦٠٠,٠٠٠) دینار، تەنها (شەشە ملیار و دوو سەد و چل و نۆ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار). کە بەم کارە گەورەترین گەندەڵی لە موچەدا چارەسەر کرا.

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی ئەم کارە بەرز ئەنرخێنین و ئیعتباری دەکەین بە گەورەترین سەرکەوتن بەسەر گەندەڵیدا.

بەڕێز (مەحمود عوسمان مەعروف) بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی، جگە لەئەنجامدانی ئەم کارە مەزنە، دەیان کاری لەمە گەورەتری ئەنجامداوە، لەتوێژینەوەی ئامارییی و کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر هەموو بوارەکان، ئەمەش بۆتە مایەی بنچینە بۆ داڕشتنی پلانی ڕاست و ڕەوا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان هەروەها خزمەتی بە سەرجەم وەزارەتەکان و دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان کردووە بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکانیان. لەزۆربەی کارەکانیدا، چارەسەری دەیەها گەندەڵی کردووە، هەروەها سوپاسنامەی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان و دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوی ناحکومی هەیە بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی داوە. لەمیانەی بەشداریکردنی لە (وۆرک شۆپ) و خولە ئامارییەکانی وڵاتانی دەرەوە، چەندین بڕوانامە و سوپاسنامە و پێزانینی بۆ کراوە، لەبانکی نێودەوڵەتی و

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەکو وڵاتانی (بەریتانیا- میسر- لوبنان- ئوردن)، کە بۆ نمونە (٢) لەو بەڵگەنامانەتان ئەخەینە بەردەست، کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کراوەتەوە، تیایاندا نرخاندنی خۆی و فەرمانگەکەی ئەخاتە ڕوو لە کارەکانیاندا کە ئەنجامیان داوە.

بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین:

١. پێدانی پێشخستنی (قدم) بۆ ماوەی ساڵێک لە پلەکەی ئێستایدا.

٢. پێدانی سوپاس و پێزانین، بۆ ناوبراو، بەرامبەر بەو کارانەی کە باسکران، هەروەها بۆ ئەو پلە باشانەی لەو خولانەدا بەدەستی هێناون.

٣. مکافەئە کردنی ناوبراو بە بڕێک پارە، کە شیاو بێت لەگەڵ ئەو کارە ڕێکوپێکانەی کە ئەنجامی داوە، لەگەڵ ئەو بڕوانامانەی لەو خولانەدا بەدەستیهێناوە و بووەتە مایەی سەربەرزی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزماندا

**هاوپێچ/**

• (٢) بڕوانامە

**جەلال عومەر سام ئاغا**
**سەرۆکی لیژنەی بانکی زانیاری موچەخۆرانی**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان/ ئیدارەی سلێمانی پێشوو**
**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی**
**٢٠٠٧/٠٦/١٣**

**وێنەیەک بۆ:**

• وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری/ نوسینگەی تایبەت/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
• وەزارەتی پلاندانان/ نوسینگەی تایبەت/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
• نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان.
• نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوان.
• هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی/ بۆ ئاگاداریتان.
• بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی/ بۆ ئاگاداریتان وبخرێتە دۆسییەی ناوبراوەوە/ لەگەڵ ڕێزدا
• بەڕێوەبەرایەتی دیوان.
• خولاو.

## ئەرکەکان لەسەر بنەما ئیدارییەکان بەڕێوەدەچن

لەپێناو بەهەدەرنەچوونی سامانی گشتی، بە تایبەتی داهاتی دراویی.. خەرجی ساڵانە و مانگانە و ڕۆژانەی خەڵکدا، دیوانی چاودێریی دارایی، یاخود هەر ناونیشانێکی دیکە کە کار لەسەر ئەو بەهەدەرنەچوونە بکات، لە هەر سیستم و دەسەڵاتێکدا پێویستە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیش، کە ئەرکەکەی هەمان ئەرکە، لە ساڵی(١٩٩٧) بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی لەپێناو کۆنترۆڵکردنی داهات و خەرجییەکانی حکومەتی هەرێم و هەر خراپ بەکارهێنانێک دامەزرا.

دیوانی چاودێریی دارایی لە سەرەتایی دروستبوونییەوە هەتا ئێستا سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بووە و کارەکانی ئەنجام داوە.

**د. بەرهەم ئەحمەد سالح**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

لە ساتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت: «چاودێریی دارایی نەک لە کوردستان، لە هەر وڵاتێکی تریش، دەزگایەکی گرنگە، دەزگایەکی چاودێرییکردن و وردبینییە لە کاروبارەکانی حکومەت، ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکانی گەندەڵی، هەروەها چەسپاندنی تێزی پابەندبوون بە ڕێنمایی و یاسا ئیداری و مالییەکانەوە، لە کوردستانەوە لە ئیدارەی سلێمانی بە تایبەتی، بە حوکمی ئەزموون و تەجروبەی خۆم لەگەڵ دەزگای چاودێریی دارایی.. بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو دەزگایە دەورێکی گرنگی هەبوو لە ڕێنماییکردن‌و چاودێرییکردنی حکومەت.. بۆ پاراستنی حکومەت،من ناڵێم توانیویەتی دیاردەی گەندەڵی بنبڕبکات، بێگومان نەیتوانیوە. بە داخەوە دیاردەی گەندەڵی دیاردەیەکی ناشرینە.. پەتایەکە کۆمەڵێک بواری ژیان و کۆمەڵگا و کاری حکومەتیی گرتوەتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەزگای چاودێریی دارایی لە ساڵانی ڕابردوودا، هەر نەبێت لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مندا لە پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت لێرە، دەورێکی لەبەرچاوی هەبوو،

هیمەتێکی زۆری نواندووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکانی گەندەڵی».
لە ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان، وەک پەرلەمانێکی یەکگرتوو فرەڕەنگ و لایەن، یاسای چاودێریی دارایی پەسەند کرد. بە پێی ئەو یاسایە، دیوانی چاودێریی دارایی سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست کار بەو یاسایە نەکراوە.»

**«تاجەدین ساحب»**

**جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی:**

«بە داخەوە، بە حوکمی ئەوەی تا ئێستا وەک پێویست ئەو یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئیتر بە پاساوی جیاجیا، لەوانەیە هۆکارەکەی بە تەواوەتی من نەزانم بۆچی، لەکاتێکدا کە یاساکە دەرچووە دەڵێت: ئەم یاسایە کاری پێ دەکرێت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە وەقائعی هەرێمی کوردستان، کە بریتییە (٢٦-٠٥-٢٠٠٨) لە بیست و شەشی ئایاری ساڵی دوو هەزار و هەشت، بەڵام وەک وتم هەتا ئێستا وەک پێویست ئەو یاسایە جێبەجێ نەکراوە؛ کەواتە ئەو ڕۆڵەی کە چاوەڕوانکراوە پەرلەمان ببینێت بۆ پشتگیری دیوانی چاودێریی دارایی، تا ئێستا ئەو ڕۆڵە وەک پێویست نەبینراوە».

**تاجەدین ساحب، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان:**

«ئەم دەزگایە، تا ئێستا دەزگایەکە سەر بە حکومەتی هەرێمە، بەڵام ساڵی پار یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بەپێی ئەو یاسایە دەبێت ئەو دەزگایە (دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی) لەگەڵ چاودێریی دارایی هەولێر یەک بگرنەوە و هەردووکیان لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستاندا بن، یان ڕاستتر سەر بە پەرلەمانی کوردستان بن».

**د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح:**

«بەرنامەمان وایە زوو بە زوو دەزگای چاودێریی دارایی یەک بخەینەوە، بە گوێرەی ئەو یاسایەی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها تەشکیلاتەکانی بۆ دابین بکەین، بەڵام لەم بوارەدا دەبێت ڕاستییەک بڵێم، بە داخەوە تاوەکو ئێستا دوو وەزارەتی مالییەمان هەبووە، لەم کابینەیەدا بە یەکجارەکی بووەتەوە بە یەک، هەڵبەتە کابینەی پێشوو هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ بەرەو یەکخستنەوەی دەزگاکانی حکومەت، بەڵام هەم لە بواری مالی و هەم لە بواری پێشمەرگە کۆمەڵێک هەنگاوی تر ماوە بنێین،

یەکخستنەوەی وەزارەتی دارایی، یەکخستنەوەی ڕێنماییەکانی دارایی، مەرجێکی گرنگی یەکخستنەوەی دەزگای چاودێریی داراییە، چونکە دەزگای چاودێریی دارایی بەپێی ئەو ڕێنمایی و یاساییانەی کە هەیە کار دەکات. بە داخەوە تاوەکو ئێستا لە هەندێک بواردا لە نێوان ئەوەی کە جاران پێی دەوترا ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر.. لە ڕێنماییەکاندا جیاوازی هەبووە، ئێستا خەریک و سەرقاڵی یەکخستنەوەی ڕێنمایییە ئیدارییەکانین. بە تەواوکردنی ئەوە، دەزگای چاودێریی دارایی دەبێت زوو بە زوو یەک بخرێتەوە و یەک دەخرێتەوە، من هیوادارم بتوانێت ئەو دەورەی ببینێت، لەم بوارەشدا من بەدڵنیاییەوە دەڵێم هەوڵ و هیمەت و کۆششی ئەو خوشک و برایانەی لە دەزگای چاودێریی دارایی، کە لێرە کاریان کردووە، جێگەی تەقدیرو جێگەی ڕێزلێنانن دەبێت لەو یەکخستنەوەیەدا کارێکی وەها بکەین سوود لەو ئەزموونە دەوڵەمەندەیان وەربگیرێت».

**د. رەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان:**

«من بۆ خۆم، وەکو کەسێک کە و وەک سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، دیوانی چاودێریی دارایی بۆ ئێمە بۆ لیژنەکەمان بۆ پەرلەمان بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە، چونکە ڕاپۆرتەکانی دیوان، کە چەند هەزارن و ڕۆژانە و مانگانەش ڕاپۆرتی تر دێن، دەبێتە یەکێک لەو سەرچاوە گرنگانەی، کە چ لیژنەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان، یان دەستەی نەزاهە کاری لەسەر بکات، هەردوولامان تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر پشت بەو ڕاپۆرتانە دەبەستین، کە دیوانی چاودێریی دارایی ئامادەیان دەکات. بە بۆچوونی من دیوانی چاودێریی دارایی شوێنێکی زۆر گرنگ لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا دەگرێت، لەبەرئەوەی بەرنامەی ئەم کابینەیە لە بنەڕەتدا پشت بە بەرنامەی لیستی کوردستانی دەبەستێت، لە بەرنامەی لیستی کوردستانیدا بە ڕوونی هاتووە، کە دژایەتیکردنی گەندەڵی، چاودێرییکردنی چۆنییەتی خەرجکردنی بودجە و چۆنییەتی تەسەروفکردن بەموڵک وماڵی میللەتەوە، یەکێک دەبێت لە کارە هەرە گرنگەکانی کابینەی شەشەم. بۆیە دیوانی چاودێریی دارایی لەم ڕووەوە دەتوانێت هاوکارێکی زۆر گرنگ و جێی متمانە بێت».

**کامیل ژیر**

**ڕاوێژکاری یاسایی دیوان:**

«من لەو باوەڕەدام، ئەم قسەیەی من دەیکەم، دوایی دەتوانرێت لێپرسینەوەم لەسەر بکرێت، ئەگەر دەستی دیوانی چاودێریی ڕەها بکرێت.. پێویستیمان بە

دەستەی دەستپاکی یاخود نەزاهە نابێت، بە مەرجێک گوێ لە ڕاپۆرتەکانی دیوان بگیرێت و کاریان پێ بکرێت».

**پەیامنێر نیان محمد**
**(گەلی کوردستان)...**

هەرچەندە ماوەی چەند ساڵێکە دیوانی چاودێریی دارایی ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، وەک لە پەیڕەوەکەیدا هاتووە، بەڵام چاودێران و پسپۆڕانی بواری ئابووری پێیان وایە، لە ئاییندەدا زیاتر کار بۆ ئەوە بکرێت کە سەر بە پەرلەمانی کوردستان بێت، چونکە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات.

# (٢)

ئەرکی دیوانی چاودێریی دارایی لە پارێزگای سلێمانی، وردبینیکردنە... بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، لە جێگری سەرۆکی دیوان و پێنج بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێکهاتووە. بەپێی هەمان فۆرمی کارکردن کە لە ساڵی ١٩٩٧دا داڕێژراوە.. چالاکییەکانی لەسەر ژمارەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم دابەشکراوە لەناو دیوانی چاودێریی داراییدا. گەورەترین دەسەڵات لای ئەنجومەنی دیوانە، کە لە سەرۆک و جێگرەکەی و گشت بەڕێوەبەرە گشتییەکان پێک دێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان، چالاکی حکومی و ناوخۆ و خزمەتە گشتییەکان، چالاکی مرۆڤایەتی و کاروباری دارایی، چالاکی ڕێکخراوەکان، چالاکی ئەندازەیی و هونەری، ئەمانە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە دیوانی چاودێریی دارایین، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوە کارەکانیان جێبەجێ دەکەن.

**جەمال مەجید**

**بەڕێوەبەری گشتی چالاکی بەرهەمهێنان و ڕێکخراوەکان:**

«ئەم دابەشکردنە بەپێی وەزارەتەکانە، مەسەلەن ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی من دەیبەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی بەرهەمهێنان و ڕێکخراوەکانە، بریتییە لە دوو بەش بەرهەمهێنان و ڕێکخراوەکان، بەرهەمهێنان واتا ئەو فەرمانگانەی بەرهەمهێنەرن واتا (ئینتاجی)ن، وەک کارگەکان لەگەڵ فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی کارەبا، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانیش گشت ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەن لەگەڵ سەندیکاکان، کە مۆڵەتی یاساییان وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، مانگانە (مینحە)یان دەدرێتێ لەلایەن حکومەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە وردبینی ئەو کۆمەڵانە هەموویان دەکەین.. لەگەڵ ئەو فەرمانگە بەرهەمهێنەرانە؛ گرنگییەکەی لەوەدایە، کە بۆ ئەوەی هەرچی بەڕێوبەرایەتییەک بزانێت کوێ وەردبینی دەکات، بۆ نموونە بڵێین بەڕێوبەرایەتییەکی کەیان کە من دەیبەم بەڕێوە بەوەکالەت بەڕێوبەرایەتی گشتی دارایی و پەیوەندی مرۆڤایەتییە یانی مانای من ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەی ئێمە وردبینی هەموو ئەو فەرمانگانە

دەکات، کە تایبەتە بە داراییەوە، واتا پەیوەندە بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە وەکو «بانکەکان- فەرمانگەکانی خانەنشینی- باجەکان- گومرکەکان»، ئەمانە هەموویان فەرمانگەیەکی داراییین و بە وەزارەتی داراییەوە پەیوەستن، لەبەر ئەوە لەلایەن ئێمەوە وردبینی دەکرێن».

وەک ژمارەیەک لە هەڵسوراوانی ناو سەرۆکایەتی چاودێریی دارایی روونی دەکەنەوە، قورسی ئەرکی سەرۆکی چاودێریی دارایی و کارمەندانی ئەم دەزگایە، تەنها لە چۆنایەتی و چەندایەتی کارەکانیدا نییە، بەڵکو بە هۆی راپۆرت و وردبینییەکانیانەوە.. زۆرجار دووچاری گرفت و تۆمەتی، وەک خۆیان دەڵێن، نارەواش دەبن، بە تایبەت لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەستەکانیان کەشف دەکرێت لە گەندەڵی و بەهەدەر بردنی موڵکی حکومی و گشتی.

**عەبدولرەحمان ساڵح**

**بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان:**

«نەک هەر من.. یان کادرێکی تری دیوانی چاودێریی دارایی، بەڵکو ژمارەیەکی دیار لەناو کادرانی دیوان.. لە ئاستە جیاوازەکاندا.. زۆرجار رووبەڕووی گرفتو ئاستەنگ دەبینەوە، بەو حوکمەی تا ئێستا لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆرجار لە کاروبارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی ناتێگەیشتنێک هەیە.. یاخود ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لە فەرمانگەکانی حکومەتدا کار دەکەن، سەرپێچی و لادانەکانیان ئاشکرا دەبێت، ئەمەشیان بۆ دەبێتە هاندەرێک، تۆمەت یاخود ئاستەنگ، یاخود قسەو قسەلۆک دروستکەن بۆمان، زۆرجار لە کارەکانماندا توشی جۆرەها شێوەی وەها دەبینەوە، نەک لە ئاستی خۆماندا، جاری وا هەیە رەنگە بترازێت بۆ ئاستی کەسوکارمان.. نموونەشمان لەسەر هەیە، بەڵام سروشتی کاری دیوانی چاودێریی دارایی بە شێوەیەکە، کە ئەو تۆمەت و ناوهێنان و قسەو قسەلۆکانە، رێگرنابێت لە بەردەوامی کارەکانی دیوان، چونکە کارەکانی دیوان لە ئەنجامی کۆتاییدا، چۆن لە بەرژەوەندی کەسە باش و فەرمانبەرە دڵسۆز و چالاکەکانی فەرمانگەکانە، بەهەمان شێوەش لە ئاستی گشتیدا لە خزمەتی رای گشتی و میللەت و جەماوەردایە، بۆیە ئێمە پشتیوانی ئەو کەسانەمان لا مسۆگەرە.. لە بەرامبەر ئەو تۆمەت و قسانەشدا بەردەوام ئێمە رێگەی بەرپەرچدانەوە دەگرینەبەر لە راگەیاندنەکان، یاخود رێگەی یاسا دەگرینە بەر، بەپێی ئاستی ئەو تۆمەت و قسانەی رووبەڕوومان دەبێتەوە، لە ئاستی جیاوازدا ئەم حاڵەتانە رووبەڕووی کادرانی ئێمە بۆتەوە، بەڵام هیمەتی بەرپرسانی سەرۆکایەتی دیوان و هیمەتی دڵسۆزانەی فەرمانبەران و چاودێرەکانو

سەرۆک دەستە و بەرپرسەکان ڕێگر بووە، لەوەی کە کاریگەری خراپ لەسەر کارەکانمان دابنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر جار ئەوانە بووەتە هاندەرێکی تر.. بۆ ئەوەی زیاتر بەردەوامی بە کارەکانمان بدەین و ڕووبەڕوویان ببینەوە، چونکە دواجار ئەنجامی کارەکانی دیوان لە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکی وڵاتمان- حکومەت و دەسەڵاتەکەماندایە».

**هاوڕێ جەمال**

**ڕاوێژکاری یاسایی دیوانی چاودێریی دارایی:**

«بۆ ئەو کێشانەی سەرۆکایەتی چاودێریی دارایی تا ئێستا ئاراستەی دادگا تایبەتمەندەکانی کردووە، بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە، پەنجاو پێنج کێشەی جۆراوجۆرن، بەڵام جگە لەوە ئێستا ئێمە پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی، کە دەستە (هەیئە)یەکی تازەیە و تازە دامەزرێنراوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتییەوە هەیە، تا ئێستا «٥٨-پەنجاو هەشت» ڕاپۆرتمان ناردووە بۆ ئەو دەستەیە، بە مەبەستی بەدواداچوونی چەندین کێشەی جۆراوجۆر لە تەزویر و ئیختیلاسکردن، لەکۆی ئەو «٥٨-پەنجاو هەشت» ڕاپۆرتە بە تەواوەتی «٣٢- سی و دوو» ڕاپۆرتمان ئاراستەی ئەو دەستەیە کردووە، بۆ بەدواداچوون، هەروەها هەندێک کێشەمان لە «٢٣-بیست و سێ» ڕاپۆرت هەڵهێنجاوەو ئاراستەی ئەو دەستەیەمان کردووە «٣- سێ» حاڵەتی لادانی تایبەتیشی هەیە کە لەلایەن «٣- سێ» فەرمانبەرەوە ئەنجام دراوە، بە هەمان شێوە ئاراستەی ئەو دەستەیە کراوە».

بەێ امانجی هاوکاریکردن بۆ کارە وردبینیی و داراییەکانی مافی گشتی، دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی کە لە «٥- پێنج» دادوەر پێکهاتووە، هاوکاری دیوانی چاودێریی دارایی دەکەن.

**دادوەر- هیوا فاریق**

**سەرۆکی دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی:**

«دەستەکەی ئێمە، دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی، دەستەیەکی نوێیە، ماوەی دوو بۆ سێ مانگە دامەزراوە لەسەر دەستی بەڕێز وەزیری دادی پێشوو بەڕێز «فاروق جەمیل»، بەڕێنمایی ژمارە «١- یەک» بۆ ساڵی ٢٠٠٩، تایبەتمەندی دەستەکەش ئەوەیە، کە دەکۆڵێتەوە لە سەرپێچی یاسایی و زیادەڕۆیی بۆ سەر موڵک و سامانی گشتی و ئەو شتەی پەیوەست بێت بە موڵک و سامانی گشتی. بە مەبەستی

ئەوەو خۆناساندنی ئێمە بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم نووسراوێکمان بۆ هەموو وەزارەتەکان ئاراستەکردووە، یەکێک لەوانە کە نووسراومان بۆ ئاراستە کردوون، سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، وەزارەتی دارایی هەولێر و سلێمانی بوو، هەرچەندە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی هەولێر بە تەنگیشمانەوە نەهاتووە، وەلامیان نەبوو، بەلام خۆشبەختانە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی زۆر بە پەرۆشەوە بەرەو ڕوومان هاتن و هاوکارییەکی تەواو ڕێکوپێکمان هەیە لەگەڵیان، شێوازی ئیشکردنمان لەگەڵ ئەوان بەم جۆرە دەبێت، ئەوان بەدواداچوونی دارایی دەکەن و لە ڕووی داراییەوە لەسەر هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە ماف و موڵک و سامانی گشتییەوە، لەکاتێکدا ئەوان نووسراو بۆ هەر شوێنێک دەنێرن و پاش ئەوەی ماوەیەک بەسەریدا تێدەپەڕێت، بەدواداچونی خۆیان دەکەن، ئەگەر زانییان نەگەییشتنە ئەنجام.. ئەو کات ڕاپۆرتەکان بۆ دەستەکەی ئێمە دەنێرن، ئێمەش لای خۆمانەوە، کە لە پێنج دادوەر پێکهاتووین، تاوتوێی ئەو پرسە (مەسەلەیە) دەکەین. لەلایەنی یاساییەوە چەند بەڵگەی تێدایە و چەند بەڵگەی تێدا نییە، ئەگەر شایەنی ئەوە بێت کە دیتمان زیادەڕۆیی بۆ سەر موڵک و سامانی گشتی کراوە، یاخود سەرپێچی لەیاسا کراوە، یاخود کەمتەرخەمی لە ئەدای واجب کرابوو، ئێمە سکالای لەسەر بەرزدەکەینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە سەرپێچییەکە تێیدا ڕووی داوە، بە گوێرەی تایبەتمەندی شوێنەکە. لەبەرئەوەی ئیشوکاری چاودێریی دارایی هەتاوەکو ئێستە یەکی نەگرتۆتەوە و دوو بەشمان هەیە هەولێر و سلێمانی، ئیشی سلێمانیش بە تەنیا لە پارێزگای سلێمانییە ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە سەر بە پارێزگای سلێمانییە. بەپێی ئەو ڕووداوانەی کە هەیە، هەتا ئێستا ئێمە نزیکەی «٢٠- بیست».. «دەعوا- سکالامان»بەرزکردۆتەوە لە دادگاکانی کوردستان بە هەولێر و بە سلێمانییەوە، بەشی هەرە زۆریشی بەر سلێمانی کەوتووە، لەبەر ئەو هاوکارییە باشەی کە سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لەگەڵمان دەیکەن».

پەیامنێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان نیان محەمەد– کە دەوڵەت لە مافی گشتی بەرپرسیارە، مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە ئاشنابوون بە مافی تاک، هەروەها جێبەجێکردنی ئەرک لەسەر هاووڵاتیان لە پلەو پۆستە جیاجیاکانی حکومەتدا هۆکاری گرنگە، بەرەو هەنگاونان بۆ مافی یەکسانبوون، دیوانی چاودێریی داراییش بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکەی لەئەستۆ گرتووە، کە پاراستنی ماف و ئەرک و دارایی گشتیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە.

## (٣)

ئەگەرچی سیستمی کارکردنی سەرۆکایەتی چاودێریی دارایی سیستمێکی تایبەتییەو بەنهێنی کارەکان بەڕێوە دەبەن، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوەندەی پێمان دەکرێت.. شێوازی کار و چۆنییەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان و پێکهاتەی لیژنەکانی وردبینی بخەینە بەردیدەی هاوولاتیان، وەک چاودێران دەڵێن سەرچاوەکانی گەیاندن و ئاشکراکردنی سەرەداوەکانی تۆمەتبارکردنی هەر کەس و فەرمانگەیەک پلەی یەکەمی سەرکەوتن و کاراکردن و کار و ئەرکەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی داراییە، بۆیە گرنگە مرۆڤ بپرسێت، ئایا سەرەتای کارکردن لە هەر دۆسییەیەک چۆن دەست پێ دەکات؟

**مەهدی نوری عەزیز –**
**بەڕێوەبەری پلان و بەدواداچوونی دیوان:**

«شێوازی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان، سەرەتا لە دەرچوونی فەرمانێکەوەیە بۆ دەستەیەک دەردەچێت، ئەم دەستەیە هەڵدەستێت بە کاری وردبینی و بەدواداچوونی سەرجەم کارە ژمێریارییەکانی هەر فەرمانگەیەک، کە ئەو دەستەیە بۆی دەچێت، پاشان دەستەکە زۆر بە وردی بەپێی شێواز و ئیشوکاری دەستەکان، ئەو دەستەیە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەو فەرمانگەیە دەمێنێتەوە... بە سەرجەم خەرجی و پرۆژەو شێوازی کاری ژمێریاری و ئیداری ئەو فەرمانگەیەدا دەچێتەوە، پاشان (ئەوەلیاتی) سەرەتاکانی ئەو ڕاپۆرتە ئامادە دەکرێت و دەستەکە دەگەڕێتەوە بۆ دیوان، پاش موناقەشە (گفتوگۆ) و بەدواداچوون ڕاپۆرتێک ئامادە دەکرێت، پاشان سەرجەم دەستەکە واژۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە دەکەن، پاشان دەدرێتە جێگری بەڕێوەبەری گشتی، پاشان لە دوای بەڕێوەبەری گشتی... جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، پاشان بە تەواوەتی دەچێتە بەر دەستی سەرۆکی دیوان. ئەم ڕاپۆرتە دەنێردرێتە فەرمانگەکە، پاشان بەو شێوازەی ئەو کارانەی ئێمە داوامان کردووە، فەرمانگەکە وەڵامی ڕاپۆرتەکان دەداتەوە، لە وەرگرتنەوەی پارە و لە ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکاندا، سەرجەم کارەکان دەکرێت و ئەوانیش دەیکەنەوە

بە نووسراوێک و دەینێرنەوە بۆ سەرۆکایەتی دیوانمان، پاشان ئەو نووسراوە دێتە ئەم بەڕێوەبەرایەتییەی ئێمە، کە بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوونە، لە سێ بەش پێکهاتووە.. بەشی سەرەکی بەشی بەدواداچوونە، کە «٨- هەشت» فەرمانبەر کارەکانی دەکەن، بەشی بەدواداچوون..کارەکانی بریتیین لە بەدواداچوونی سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن دەستەکانی سەر بە دیوانی چاودێریی داراییەوە ئامادە دەکرێت، بەشی پلان و ئامارمان هەیە بەشی پلان و ئامار دانانی پلان بۆ شێوازی کارکردنی کاری وردبینی بۆ فەرمانگەکانە، پاشان ئەنجامدانی ئامار لەسەر شێوازی کاری دەستەکان، بەشێکی ترمان هەیە بەشی دۆسییەکانە، «سەرجەم بەرایی و ڕاپۆرتی هەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بەشەدا دەپارێزرێت».

هاوڵاتیانی کوردستان هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆیان و دەوروبەر دەکەن، کە لێپرسراو و تەنانەت خەڵکی ئاساییش هەقیانە بزانن دیوانی چاودێریی دارایی لە ماوەی کارکردنیدا چەند ڕاپۆرتی ئامادە کردووە؟ چەندێک پارەی بۆ خەزێنەی دەوڵەت گەڕاندۆتەوە.

مەهدی نوری عەزیز: «دیوانی چاودێریی دارایی لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٧)ەوە هەتا بەرواری (٠٩-١٢-٢٠٠٩)، «٢٥٥٦- دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجاو شەش» ڕاپۆرتی ئامادە کردووە، لەو ژمارەیە بە سنووری» ٢٠٤٣- دوو هەزار و چل و سێ «ڕاپۆرتیان کۆتایی بەکاری بە دواداچوونی هاتووە، مانای ئەوەیە... کۆتایی بە کاری بەدواداچوونی هاتبێت سەرجەم ئەو سەرنج و تێبینی و ڕەخنانەی لەلایەن دەستەکانی چاودێریی داراییەوە هەمان بووە جێبەجێکراون، هەر لە ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە و لە دانی کەسانی بەرپرس لە کارەکان بە دادگا... پاشان ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە، وتمان «٢٥٥٦ – دوو هەزار و پێبجسەد و پەنجا وشەش» ڕاپۆرتی ئامادەکردووە لە کۆی ئەم ڕاپۆرتانە، «٢٠٤٣» ڕاپۆرتیان کۆتایی پێ هاتووە، ئێستا «٥١٣- پێنج سەد و سیانزدە» ڕاپۆرتی ماوە، کە لەلایەن بەشەکەمانەوە.. کاری بەدواداچوونی بەردەوامە و بەداواداچوونی بۆ دەکرێت، پاشان ئەویش کە جێبەجێکرا لە لایەن فەرمانگەکانەوە کۆتایی بەو ڕاپۆرتانەش دێت».

کامیل ژیر– ڕاوێژکاری یاسایی دیوان: «دیوانی چاودێریی دارایی، زیاتر مامەڵە لەگەڵ ژمارە و و ژمێرە دەکات، نەک لەگەڵ کەس و کەسایەتیدا، گرنگ نییە کەسەکە کێیە، کەسایەتییەکە کێیە، ئەوە گرنگ نییە بەلایانەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو مامەڵەیە ئەو کارە ئەو کردەوەیە، یاساییە یان نا.. گەندەڵی تێدایە یان نا، ئەوان ئەوەیان لا گرنگە هەر کەسێک بەردەکەوێت، چ پلەو پایەیەکی حکومی هەبێت، یان چ پلەو پایەیەکی

حزبی، ئەوان لەوە سڵناکەنەوە ئەوە دیاردەیەکە لە دیاردە باشەکانی چاودێریی دارایی، کە من لە سلێمانی لێی ئاگادارم، دوای ئەوە ئەنجامی کردەوەکانیان کۆدەکەنەوە و دەیکەنبە ڕاپۆرت و پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەکەن بۆ کاری پێویست، تا ئێستا دیوانی چاودێریی دارایی لە سلێمانی زیاتر لە «٢٥٥٠- دوو هەزار و پێنج سەدو پەنجا» ڕاپۆرتی نووسیوە، بە مەرجێک هەر ڕاپۆرتێک لە قەبارەی کتێبێکدایە».

تاجەدین ساحێب– جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «پاش ئیشەکان دەچین «تدقیق- وردبینی» دامودەزگاکان دەکەین. واتا ئێمە کە ئێستا ساڵی دارایی ٢٠٠٩ یە، کە ئەچین دامودەزگاکان وردبینی دەکەین، وردبینی ساڵی دارایی (٢٠٠٨) دەخەینە ڕوو، لەبەرئەوە بۆ ئەم حاڵەتەی وەڵامی پرسیاری جەنابتان، ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٩)، کە وردبینی ساڵی (٢٠٠٨)مان کردووە، تا ئێستا ئێمە بەشێکمان هەیە، کە بەشی ئاماری پێ دەڵێن، ئەو ڕاپۆرتانە دەچنە لای ئەو (ملاحظة) تێبینیانەی کە هەیە، تێبینییەکان ورد دەکاتەوە، «تصنيف – پۆلێن»یان دەکات. بۆ نموونە، ئەو پارانەی ئێمەی داوای وەرگرتنەوەیمان کردووە، بە بڕگەیەک ئەو پارانە دەستنیشا دەکات، تا ئێستا وەک وتم «٥٧- پەنجاو حەوت» ڕاپۆرتمان وەک ئامار دەستنیشان کردووە، کە وردبینی ساڵی ٢٠٠٨مان کردووە، لەو «٥٧- پەنجاو حەوت» ڕاپۆرتە داوای وەرگرتنەوەی بڕی « ١,٣٩٥,٤٤٢,٩٠٤- یەک ملیار و سێ سەد و نەوەد و پێنج ملیۆن و چوار سەد و چل و دوو هەزارو نۆسەد و چوار دینار»، داوای وەرگرتنەوەی کراوە، کە بە شێوەی نایاسایی خەرجکراوە، لەگەڵ بڕی «٢٨٣,٧٥٠- دوو سەدو هەشتا سێ هەزار و حەوت سەد و پەنجا دۆلار»، ئەم پارانە، کە بە شێوەی نایاسایی خەرجکراوە.. ئێمە لە ڕاپۆرتەکانمان داوامان لەو دامودەزگایانە کرووە، کە بریتین لە «٥٧» دامودەزگا، کردووە کە ئەو پارانە وەربگیرێتەوە و بچێتەوە سەر خەزێنەی حکومەت. لە هەمان ئەو ڕاپۆرتە دامودەزگاکان، پێشینە و قەرزی حکومەتیان هەیە، کە لای هاووڵاتیان و فەرمانبەران و کۆمپانیا ئەهلییەکانە، لەو جۆرە قەرزەش داوای وەرگرتنەوەی «١٥,٩٢٤,٩٧٧,٨٤٢- پانزە ملیار و نۆسەد و بیست و چوار ملیۆن‌و نۆ سەد و حەفتاو حەوت هەزار و هەشت سەد وچل و دوو» دینارمان کردووە کە وەربگیرێتەوە، ئەمەش قەرز و پێشینەی حکومەتە.. بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، داوامان کردووە، کە وەربگیرێتەوە و بچێتەوە سەر خەزێنەی حکومەت. بە هەمان شێوە ئەو پارانەی کە باسمکرد، ئێمە لە ڕاپۆرتەکانی ساڵانی ٢٠٠٨، کە وردبینیمان بۆ ساڵی ٢٠٠٧ کردووە، بە هەمان شێوە بڕە پارەی ترمان داوا کردووە، بەڵام من ئەوەی کە ئەیڵێم بۆ ساڵی ٢٠٠٨ە، کە لە ٢٠٠٩ داوامان کردۆتەوە، ئەوەی ساڵی ٢٠٠٧یش هەمان شێوە «١٤٨» ڕاپۆرتمان ئامادە کردووە، لەو «١٤٨» ڕاپۆرتەدا

داوای وەرگرتنەوەی بڕی «٦٤٧,٦٢٧,٥٠٤- شەش سەد و چلو حەوت ملیۆنو شەشسەد و بیست و حەوت هەزار و پێنج سەد و چوار» دینارمان کردووە.. وەربگیرێتەوە، کە بە نایاسایی خەرجکراوە، ئەوەی ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەسەر ئەو «١٤٨» ڕاپۆرتە دەستنیشانمان کردووە «٤٣- چل و سێ» ملیار بووە، لەگەڵ «٣٦٦ ملیۆن دینار» و زیادەیەک (کسور)، داوای وەرگرتنەوەیمان کردووە، بەهەمان شێوە.. قەرزی پێشینەی هاوسەرێتیمان هەبووە، کە بریتی بووە لە «سێ ملیار و نەوەد و چوار ملیۆن و زیادەیەک - کسور»، کە قەرزی هاوسەرێتیی بووە، ئەو کەسانەی کە لایان بووە دیارە قیستەکانیان وەک لە یاساکەیدا دیاریکراوە لێی وەرنەگیراوەتەوە، لە ڕاپۆرتەکانی ئێمەدا داوای وەرگرتنەوەیمان کردووە».

تاجەدین ساحێب- جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی: «سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی ئێمە بەدواچوونمان بەردەوام دەبێت، لەو کاتەی کە ڕاپۆرتەکە دەنێرین بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار و ئەو فەرمانگەیەی (دائیرەیەی)، کە وردبینییەکەی تێدا کراوە، لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئێستاش بۆ پەرلەمان ئێمە بەدواداچونی (موتابەعەی) ئەو وەرگرتنەوەیە دەکەین، هەتا ئەو کاتەی ئاخر فلس، کە ئێمە دەستنیشانمان کردووە لە ڕاپۆرتەکەدا وەردەگیرێتەوە».

پەیامنێری گەلی کوردستان (نیان محەمەد).. ڕۆژانە لەم دیوانەوە تیمی پسپۆر بۆ چاودێرییکردنی داراییە خەرجکراوەکانی حکومەت دەردەچن، لە گەڕانەوەیاندا هەگبەیەک لە نهێنی و بەدواداچوونی ئەو فەرمانگەیە بۆ بڕیاردان و کار لەسەرکردن دەهێننەوە.

# (٤)

دەرئەنجامی سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانەی کە باسیان لێوە دەکرێت چی دەبن و دادگا تا چەند لە خەمی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکاندا دەبێت، ئەمەش بۆ خۆی پرسێکەو دەکرێت دادوەرێک یاخود یاساناسێکی ڕێگەپێدراو ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە. هەتا بە وردی لە بڕگە و مادده یاساییەکانی تایبەتمەند یاخود لێکچووی داندراو بۆ سزای ئەو کەسانە بگەین کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی سەلمێندراوە کە گەندەڵ و بەهەدەردەرە.

**هاوڕێ جەمال**
**ڕاوێژکاری یاسایی دیوان:**

«هەماهەنگی نێوان ئێمە و دادگاکان تا ڕادەیەک دادگاکان کەمتەرخەمن لە بەدواداچوونی کێشەکان و بەشێکی زۆری ئەو کێشانەش تا ئێستا هەر بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، کاری تەحقیق و بەدواداچوونیان بۆ نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەتوانم بڵێم بەشێکی مانەوەی ئەو کێشانە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەشی یاسایی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان کەمتەرخەم بوون لە بەدواداچوونی کێشەکان بەو هیوایەی کە لەمەودوا زیاتر هەریەک لەو دوو دەزگا گرنگە، چ بەشی یاسایی وەزارەت و فەرمانگەکان بێت چ دادگاکان، زیاتر بەدواداچوون بکەن بۆ ڕاپۆرتەکانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی، بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە زۆر زەقن و پەیوەندییان بە تەزویرکردنی بەڵگە فەرمییەکان و دزینی سامانی حکومەتەوە هەیە (موستەمسەکاتە ڕەسمیەکان و ئیختلاسکردنی ئەموالی حکومەتە)».

**کامیل ژیر**
**ڕاوێژکاری یاسایی دیوان:**

«دەسەڵاتی جێبەجێکردن کەمتەرخەمە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕاپۆرتانەدا، کە دەبوایە چەندین کەس لە بەرپرسی گەورە بدرانایە بە دادگا، ئەوە شتێکی تایبەتیش

نییە هەر بە ئێرە، لە هەموو دنیادا هەیە و ئاگادارین چەندین سەرۆككۆمار، سەرۆكوەزیر و وەزیر بەرپرسی گەورە دراون بە دادگا، تیایاندا هەیە حكومی (ئەبەدی) هەتایی دراوە «٢٠» ساڵ لەسەر گەندەڵییەك، بەس لێرە ئێمە ئەوە نابینین بە داخەوە، یەعنی ئەو ڕەنجەی، كە دیوانی چاودێریی دارایی دەیدات، زۆری بەبا دەچێت، ئەگەر هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە.»

**بەكر حەمە سدیق**

**پارێـــــــــــزەر:**

«وەكو پێویست حكومەت بەدەم داواكارییەكانی ئەو دەزگایەوە ناچێت، بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرتانەی دیوان كە ژمارەیان لە سەروو دوو هەزار ڕاپۆرتەوەیە.. هەندێكیان هەڵسەنگاندنە، هەندێكیان ڕەخنەیە هەندێكی ڕوونكردنەوەی حاڵەتی ئەو لایەنە سلبییانەیە، كە تیایدا هەندێك بەرپرس هەڵدەستن بە هەدركردنی ئەموالی حكومەت بە ئیختیلاسكردن بەم مەسائیلانە، حكومەت وەكو پێویست ناچێت بەدەم داواكاریی و ڕاپۆرتەكانەوە، كە ئیجرائات بكات بەرامبەر ئەو مەسائلانە، لەوانەیە هەندێكی زۆر لەو خەلەل و كێشە گرنگانەی كە ئێستاكە لە ڕووی سیاسی و لە ڕووی ئابووری و كۆمەڵایەتیشەوە زیانی لە ئێمە داوە، پەیوەست بێت بە بەرئەنجامی بەدەمەوە نەچوونی ئەو ڕاپۆرتانە كە دیوان دەیان نووسێت، زۆر گرنگە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە قۆناغی تازەی ئیدارە، ڕەچاوی ئەو حاڵەتانە بكات، كە ئەم دیوانە تەنها چاوێكی ڕاستەقینەیە و دەكرێت حكومەت پشتی پێ ببەستێت، بۆ ئەوەی كەوا بزانێت ئەدای خۆی لە ڕووی مادییەوە لەسەر ئاستە جیاجیاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان چەندێك بەڕێوە دەچێت».

**عیماد ئەحمەد**

**جێگری پێشووی حكومەتی هەرێمی كوردستان:**

«دیوانی چاودێریی دارایی دیوانێكی پڕ بایەخە، ئێمە وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەموو كابینەكانی حكومەتدا، بایەخێكی زۆر باشمان پێ داوە، بە ڕاستی دەورێكی باشیان بینیوە، توانیویانە زۆرێك لە كێشەكانمان چارەسەر بكەن، هەندێك ئیشوكاری نابەجێ و هەندێك ئیشوكاری «تەسەیب» و لە یاسا دەرچوو.. دەرچوو لە ڕێنماییەكان متابەعەكراوە و گەییشتۆتە ئاستێك، كە خەڵكو كارمەندان و دامودەزگاكانمان بەپێی ئەو ڕێنماییانە بەپێی ئەو یاسایەی بەپێی ئەو ئسوڵە داراییەی ئیشوكارەكانی خۆیان ئەنجام دەدەن، جار بەجار لادانیش هەبووە، ئەو

لادانە لیژنەی بۆ پێکهێنراوە.. هەندێکیان دراونەتە دادگا و هەندێکیان بە گوێرەی لیژنە ئینزیباتی ئیجرائاتی خۆی بەرامبەر کراوە، هەندێک ڕاپۆرتیش مابوو ئێمە لیژنەیەکی باڵامان بۆ پێکهێنابوو بە سەرۆکایەتی وەزیری دادی پێشوو، کاک فاروق جەمیل، بەدواداچوونی بۆ کرد».

**فاروق جەمیل**

**سەرۆکی دەستەی نەزاهەی** (ی.ن.ک):

«بە تەئکید هەموو دامودەزگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کار دەکات، توشی هەندێک گیروگرفت دەبێت، بە تایبەت ئەو مەسەلانە کە پەیوەندی بە مەسەلەی داراییەوە هەبێت، چونکە مەسەلەی دارایی شتێکی حەساسە، لە کاتی خۆی پێش یەکگرتنەوەی ئیدارە، شتێکی وەها هاتە کایەوە کە ئەو وەختە کاک عیماد جێگری سەرۆکی حکومەت بوو، دووبارە لەوێ لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە دەستنیشانکرا بۆ ئەوەی بچێت چارەسەری کێشەکانی دیوانی چاودێریی دارایی بکات، لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت، بە ڕاستی ئەو کاتە کاک عیماد بەشی زۆری کێشەکانی چارەسەر کرد، هەمان شت پاشی ئەوەی کە حکومەتی یەکگرتوو دامەزرایەوە.. واتا «کابینەی پێنجەم»، وا دیارە بەشێکی زۆری ئەو کێشانە هەر مابوو، ئەو ڕاپۆرتانەی کە دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیبوو، بەشێکی چارەسەرنەکرابوو، ئەو ڕاپۆرتانە مانای ئەوە نییە کە ئەو دامودەزگایانە هەموویان خوانەخواستە گەندەڵیان کردبێت، یان گرفتی دارایی عەمدی یان ئیختلاسیان هەبێت، بەڵام لە ئەنجامی گریمانە بەشێکی کەمتەرخەمی بووە.. بەشێکیشی گەندەڵی بووە، بەشێکی لە نەتیجەی ئەوە بووە کە تێگەییشتنێک نەبووە، بەدواداچوونێک نەبووە لەو ئیشانەی خۆیان، وادیارە ئەمە وایکرد کە جێگری سەرۆکی حکومەت لیژنەیەک پێک بهێنێت، منیش ئەو کات وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووم، منی تەکلیف کرد کە سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە بکەم، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مەشاکیلانە چارەسەر بکەین، منیش دەستبەجێ کە بڕیارەکە دەرچوو، سەردانی دیوانی چاودێرییم کرد، لەگەڵ بەڕێز سەرۆک و ئەندامانی سەرۆکایەتی دیوان و ئەو برادەرانەی لەوێ مەعنین بە ئەمرەکە، کۆبوونەمان کرد، ئیتر «خطة-پلان»ێکمان دانا بۆ ئەوەی چۆن ئیشوکارەکان بکەین، بڕیارمان دا ئێمە، وەکو لیژنەیەک یەکەم جار سەردانی هەموو ئەو دامودەزگایانە بکەین، ئەوانەی کە ئەو ڕاپۆرتانەیان لەسەر هەیە، فیعلەن لە سەرتاسەری ئەو ناوچانە لە کەلارەوە تا دەگاتە سەرجەم ناوچەکانی

سەر بە سلێمانی و رانییە و کۆیە و هەموو ئەو شوێنانەی کە ئەو دامودەزگایانەی کە مەشاکلیان هەیە سەردانی هەموو ئەو دامودەزگایانەمان کرد، یەکە یەکە هەموو لە هەر دائیرەیەک هەر بەڕێوەبەرێکی گشتی لەو شوێنانە لیژنەیەکمان دەستنیشان کرد لە خۆیان و ماوەیەکی زەمەنیشمان دانێ تا لەو ماوەیەدا وەڵامی ئەو راپۆرتانە بدەنەوە کە عەلاقەی بەسەر دامودەزگاکەیانەوە هەیە، ئیتر ئێمە زیارەتە مەیدانییەکانمان هەموو تەواو کرد و بەشێکی لەو ماوەیەی بۆمان دیاریکردبوون بەشێکی دیار و بەرچاویی چارەسەرکران، بەشێکیشی هێشتا ماوەتەوە، چونکە گیروگرفتەکان بەشێکیشی هێشتا ماوەتەوە، چونکە گیروگرفتەکان بەشێکیان نەختێک گەورەیە، چارەسەرکردنی کاتی دەوێت، هەندێکی کەشی پێویستی بەوەیە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و دەزگا باڵاکان چارەسەر بکرێن، بەڵام لە خیلالی ئەو فەترەیەی کە ئێمە ئیشمان کردووە بە ڕاستی توانیمان بەشێکی زۆر چارەسەر بکەین و پارەیەکی زۆریش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێنینەوە».

**پەیامنێر(نیان محمەد):**

دادگا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە یەکلایکردنەوە کێشە و گیروگرفتە داراییەکان، بە هۆی کەم تەرخەمییەوە مەلەف و کێشەکان درەنگ چارەسەر دەکرێن، کەواتە لە دادگادا کێشەی و گیروگرفتە داراییەکان، کە بە هۆی ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی داراییەوە دەسەلمێنرێت، ئینجا پلەی کۆتایی وەردەگن.

# (٥)

دیوانی چاودێریی دارایی، جگە لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی خۆی، کە چاودێرییکردنی باری دارایی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەپێی یاسا بۆی نییە وردبینی لە دارایی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بکات.

**کامیل ژیر**

**راوێژکاری یاسایی دیوان:**

«یاسای دیوانی چاودێریی دارایی، یاسای ژمارە دوو (٢) ساڵی ٢٠٠٨ پێشتر بە ڕێسایەک دیوانی چاودێریی دەبرا بەڕێوە، ئێستا بە گوێرەی ئەو یاسایە، لەو یاسایەدا شتی سەیری تێدا دەبینم، من وەکو یاساییەک و وەکو پارێزەرێک، بەپێی ئەو یاسایە دیوان دەبێت وردبینی لە حساباتی سەندیکایەکدا بکات، لە حساباتی کۆمەڵەیەکدا بکات، حساباتی ڕێکخراوێکی بچووک بکات، کە ئەشێ ئەوانە ئەو بڕە پارەیەی وەریدەگرن لە حکومەت لە سنووری هەزار دۆلاردا بێت لە مانگێکدا، بەڵام دیوان بۆی نییە وردبینی لە کار و باری حیزبێکدا بکات».

**د.ڕەفیق سابیر**

**سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان:**

«بە بۆچونی ئێمە هەر ڕێکخراوێک، هەر لایەنێک سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی بێت یان پیشەیی بێت، ئەگەر پارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، پێویستە بەدواداچون بۆ ئەو پارەیە بکرێت و پێویستە بزانرێت ئەو پارەیە چۆن سەرف کراوە، ئایا بەشی کردووە یان بەشی نەکردووە، لە هەر شوێنێک هەستکرا ئەم پارەیە بۆ ئەو مەبەستەی کە وەرگیراوە خەرج نەکرێت، ئەوا پێویستە ئەو بڕە پارەیە ڕابگیرێت، بەم مانایە پێویستە پەرلەمانی کوردستان ئێستا چەند پرۆژە یاسایەک، کە ئامادەکراون و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت هەندێکیان ئێستا بۆیان دەکرێت و هەندێکیشیان لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا لەناو ئەوانیشدا پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکانە و ئەو بەخشین و پارەیەی دەدرێت بە حیزبەکان، ئەم

بودجەو پارەیەی دەدرێت بە حیزبەکان و وەریدەگرن، پێویستە دیاری بکرێت بە شێوەیەکی ڕون بزاندرێت چەندە و پێویستە پشت بە پێوەرێکی یاسایی ببەستێت، بۆ نموونە، هەر کورسییەک لە پەرلەمان کە حیزبێک هەیەتی لە بەرامبەردا ئەمەندە پارە وەربگرێت مانگانە، ئەمە دیبێت بە گوێرەی یاسا دیاری بکرێت، کاتێک ئەمە دیاری دەکرێت و یاساکە دەردەچێت، بە دڵنیاییەوە ئەوە دیوانی چاودێریی دارایی مافێکی یاسایی خۆی دەبێت، کە بچێت بزانێت ئەو پارەیە چۆن سەرفکراوە، وەکو ئەوەی ئێستا لە دەزگاکانی حکومەتدا هەیە».

**بەرهەم ئەحمەد ساڵح**
**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

«ئەمە دەزگایەکی حکومییە، حیزب دەزگای چاودێریی دارایی تایبەت بە خۆی هەیە و من لەگەڵ ئەوە نیم تێکەڵاوی نێوان حیزب و حکومەت هەبێت، بەڵام لێرەدا یەک بابەتی تریش هەیە تا ئێستا حیزبەکانی وڵاتی ئێمە هەر نەبێت زۆربە زۆریان لە لایەن (المال العام) لەلایەن پارەی گشتییەوە تەمویل دەکرێن، ئەو پارەیە حکومەت دەیان داتێ لەبەر ئەوە و بەو پێیە ئەو پارەیەی حکومەت دەیان داتێ هەر نەبێت ئەو بەشە پارەیە ئەرکی سەرشانی حکومەتە چاودێریی بکات چۆن سەرف دەکرێت، بەپێی ڕێنمایی و بەپێی قانون و دوور لە گەندەڵیو یارییێکردن، تا ئێستا بەو شێوەیە نەکراوە، دەزگای چاودێریی حیزبی هەیە دەزگای حکومی ئەوە نەکراوە، لە پرۆژە بڕیاری دەستەی نەزاهەی یەکێک لە مەسەلەکان ئەوەیە، هەر دەزگایەک هەر کیانێک حیزبی ناحکومی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوانەی تەمویل دەکرێن لە حکومەتەوە لە پارەی گشتییەوەو لە پارەی خەڵکەوە پارەیان دەدرێتێ ئەوکات ئەرکی سەرشانی حکومەتە و ئەرکی سەرشانی دەزگاکانی دادوەری و چاودێرییە بە دوای ئەو پارەیەدا بچن بزانن چۆن سەرفکراوە، ئایا بەپێی ڕێنماییو قانون کراوە یان نەء».

**عیماد ئەحمەد**
**جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

«ماوەیەکی دورودرێژە دیوانی چاودێریی تایبەت بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان هەیە، کە ئەویش کاک شێخ بایز و مەجموعەیەک کادری تری چاودێریین بەدواداچون و چاودێریی هەموو دارایی یەکێتی دەکەن و مانگانەو ساڵانە ڕاپۆرتی خۆیان هەیە و شان بەشانی ئەمەش دیوانی چاودێریی هەیە، ئەوان

حکومەتن کە کاک جەلالی سام ئاغا بە ڕاستی جێگەی تەقدیرە جێگەی شانازییە، پیاوێکی وەها کە موتابەعەی هەموو ئیشەکان دەکات، بە ڕاستی دیوانێکیشە لە کەس سڵ ناکەنەوە و حەقیقەت دەڵێن و بەدواداچون بۆ وردترین شت دەکەن، ئەوە جێگەی دەستخۆشییە و دیوانی چاودێریی یەکێتی تایبەت بە خۆشی هەیەو لە دوای پلنیۆم لیژنەی نەزاهەتیشمان دروستکردووە بۆ ناو یەکێتی، کە کاک فاروق جەمیل سەرۆکایەتی دەکات و دوو محامی لە سلێمانی و دوو محامی لە هەولێر و محامیەک لە دهۆک و یەکێک خانەقین و گەرمیان و ئێستا خەریکین خەڵکی تریشیان بۆ بنێرین، کە لە مەسائلی مالی و ڕەقابە شارەزا بن، ئەوانیش وەکو لیژنەیەکی نەزاهە بە ئیشوکارەکانی ناو یەکێتی لە دامودەزگاکانی ناو یەکێتی لە خەڵکە بەرپرسەکانی ناو یەکێتی بپرسنەوە، (من أینَ لَكَ هذا)، ئەو کاتیش بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر شتێک تەسەیوبی پێ کرابێت، ئەگەر شتێکی نابەجێ کرابێت، ئیجرائاتی خۆمان وەکو یەکێتی بکەین».

**نیان محەمەد**

**ئامادەکاری ڕاپۆرت...**

بەپێی وتەی شارەزایان و چاودێرانی بواری سیاسی دەوترێت بودجەی حیزبەکان دەبێت بەپێی یاسا دیاری بکرێت، دوای دەرئەنجامی هەڵبژاردن بەپێی ڕێژەی دەنگەکانیان، کەواتە وردبینیکردنی داراییەکانی حیزب پەرلەمان یەکلای دەکاتەوە.

# (٦)

ئەگەر ئەوەی باسی لێوە کرا، کار و ئەرک و بەرهەمی دیوانی چاودێریی دارایی بێت، کەواتە هێزێکی لەبن نەهاتووی ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە. چونکە ئەگەر ڕووپەکی ڕۆژنامەکان و نووسینی شارەزایان بەر لەم بابەتەی ئێمە ببینن، ئەوا سەرجەمیان پێمان دەڵێن، گرنگە خەڵک و حکومەت پشتیوانی و پشتگیری دیوانی چاودێریی دارایی بکەن، تا گەندەڵی و بەفیرۆدانی سامان و بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنبڕ بکرێت.

**مەزهەری خالقی**

**سەرۆکی ئینستیتوتی کورد:**

«ئەوەی من دەربارەی دیوانی چاودێریی دارایی ئاگاداریم هەبێت، زۆربەی لە میدیاکاندا هەیە، بە ڕاستی زۆرجار لە میدیاکانەوە دیومە، کە دیوان هەندێک لە موشکیلاتی خۆی، یاخود ئەو موشکیلاتانەی کە دروست دەبێت، بۆی تەوزیح ئەدات، ئەو کارانەی کە کردوویەتی بۆ ڕای گشتی و ئاگاداریی مەسئولین ئەخاتە ڕوو، ئەوانە ئەو شتانەن کە کەمتر لە وەزارەتەکانی تردا ئەتوانین ببینین، بەو شێوەیە ئەوەی بە عام من ئەیبینم ئەوەیە، کە دیمەنی ئازادی یان دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا دوو موئەسەسە یان دوو شوێنی زۆر گرنگە، یەکێکی عەدالەت و دادە، ئەوی دیکەش رەقابە یات تاکس ئۆفیسە، ئەم دوانە باڵاترین دەستەڵاتی وڵاتن، یانی ئەتوانن نەتەنیا هەر موئەسەسەیەک لە وڵاتدا وە هەرشوێنێک یان هەر کەسێک، ئەتوانن باڵاترین شەخسیەت و مەسئولی وڵاتیش بەشێوەی قانونی بانگهێشت بکەن بەشێوەی قانونی باسو خواستیان لەگەڵ بکەن.. بەشێوەی قانونی بیان بەنە دادگا، ئەم دوو هێزە دەستەڵاتە نمونەی یان دیمەنی دیموکراسی و حکومەتێکی دیموکراتە، خۆشبەختانە وتم: ئێمە زۆرجار ئەتوانین بڵێین کە دەستەکەم ئەگەر موشکیلەی دادمان هەیە، بەڵام رەقابە کاری خۆی کردووە، هەر ئەو نەوعە زەحتە کەلەسەری بێت وە ئەو چالێنچە کە دەیکات ئەوە خۆی نموونەی ئەوەیە کە ئیش دەکات، ئەگەر بکرێت وەزارەتی دادیش بتوانێت پاڵپشتی ئەو دەکیۆمێنت و مەلەفانە کە کردوویەتی ئەوانە بکەن، من

پێم وایە عەدالەتی ئیقتیسادی لە وڵاتی ئێمەشدا بەرقەرار دەبێت، ئەمە ئەو شتەیە کە من حەزدەکەم بە ڕاشکاوی بیڵێم ئەوانەی کە دیوانی چاودێریی هەر وڵاتێک ئێمەش هەروەها ئامادەی دەکەن وەکو دۆسییەیەک وەک مەلەفێک، ئەمە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، یەعنی بە ڕاستی شتێک نییە کە بفەوتێت، لەم حکومەتەشدا باسی ئەوە دەکەن کە لە کابینەی پێشودا یان پێشوتردا، ئاوڕ لەم نەوعە مەلەفانە نەدراوەتەوە، جا لەبەر ئەوە ئەمانە هەرچی بمێنێتەوە مومکین نییە بفەوتێت».

**شوان محەمەد**

**ڕۆژنامەنوس:**

«بەڕاستی مایەی خۆشحاڵییە ئێمە دەزگایەکی وامان هەیە، کە ئەگەر هاووڵاتییەک یان هەر کەسێکی کە بە چاوی چاودێرییکردن بچێتە ناو ئەو دەزگایەوە، دەزانێت کە چەند دەزگایەکی ڕێکوپێکە.. چەند ژیانی بەڕێوبەرایەتی لە ناویدا ڕێکوپێک و پوخت و مونەزەمە، بە ڕاستی دەزگایەکە من ئومێدێکی زۆرم پێیەتی و ئایا هەر گۆڕانکارییەک لە کوردستاندا بکرێت لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا، ئەبێت سەرەتا چاودێریی دارایی لە پێشەوەی ئەو بەشەدا دابنێین، ئەو دەزگایە دابنێین کە هەڵسێت بەم گۆڕانکارییانە، بە ڕاستی مایەی شانازییە بۆ ئێمە کە دەزگایەکی وەهامان هەیە. بریا زۆرێک لە دامودەزگاکانی تری حکومەت کە هەمانە چاویان لەم دەزگایە بکردایە، من دەربارەی دیوانی چاودێریی دارایی ئەوەندە دەڵێم: «خەرمان بەرەکەت»، خۆزگەم وایە چەند دەزگایەکی تری حکومەتمان هەبووایە لەویان بکردایە».

کاتێک بۆ بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسییانە دیوانی چاودێریی دارایی بەسەر دەکەینەوە، تیمێک لە فەرمانبەری لێهاتوو کۆمەڵێک لە کەسانی شارەزا ئەرکی پاراستنی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆ دەگرن.. کە دواجار چارەسەری بنەڕەتی گرفتی گەندەڵی دارایی لە ڕێی ئەم دیوانەوە دەکرێت.

**عیماد ئەحمەد**

**جێگری پێشوی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

«دیوانی چاودێریی دیوانێکی پڕ بایەخە، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کابینەکان بایەخێکی زۆر باشمان پێ داوە، بە ڕاستی دەورێکی باشیان بینیوە و توانیویانە زۆر لە کێشەکانمان چارەسەر بکەن».

**ڕەفیق سابیر**
**سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەلەمانی کوردستان:**
«دیوانی چاودێی دارایی یەکێکە لە دەزگا زۆر گرنگەکانی هەرێمی کوردستان. ڕاستییەکەی ئەم جۆرە دەزگایە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە دیموکراسی تێدا هەیە، کە ڕوونکاری واتە شەفافیەتی تێدا هەیە، ئەم دەزگایانە هەن و شوێنێکی زۆر گرنگیش لە سیستمی ئیداری و حوکمڕانیدا دەگرن، بەو پێیەی دەزگایەکن کار بۆ جێبەجێکردنی یاسا و چاودێریی تەواوی دەزگاکانی حکومەت دەکەن.. بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەم دەزگایانە لە یاسا لایان داوە یان نا، سەرپێچی ئیدارییان کردووە یان نا، هەروەها چۆن بودجەکەیان سەرف دەکەن، بۆیە بە دڵنیایەوە ئەم دەزگایەش لە کوردستاندا یەکێکە لە دەزگا زۆر گرنگەکان، ئیمرۆ لە هەرکاتێکی تر کورد زیاتر پێویستی بە دیوانی چاودێریی دارایی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە لەو شەڕی گەندەڵییەدا بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت و بتوانێت ئەو سەرپێچی و لادان‌و گەندەڵیانە دیاری بکات کە لە دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا هەن».

**فاروق جەمیل**
**سەرۆکی دەستەی نەزاهەی (ی.ن.ک):**
«ئینسان بەزەمیر و ویژدانەوە قسە بکات.. ئەوان توانیویانە یەعنی خزمەتێکی زۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بەو ئەرکەی کە لەسەر شانیان بووە زۆر «بە باشی- بە وردیی- بە جدی- بە بێلایەنانە- بە پاکی» کارەکانی خۆیان ئەنجام داوە، توانیویانە دەست لەسەر هەموو کەموکوڕییەکان دابنێن، ئەوانەی لە دەزگاکانی ئیدارەی پێشووی سلێمانی هەبووە، بە زۆری دیوان توانرا پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە و بچێتەوە خەزێنەی حکومەت، بۆ ئەوەی لە بوارەکانی کەدا ئیشی پێ بکرێت، ئەوە بە ڕاستی جێگە شانازییە».

**نیان محەمەد**
**پەیامنێری گەلی کوردستان**
... ئەوەی کە ئێمە سەرنجی لێ دەدەین لە کار و ماندووبوونی ستافی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی.. کە زیاتر لە توانای خۆیان کار دەکەن، دەگەینە ئەو ڕاستیەی بڵێین، دڵخۆشین لە وڵاتماندا کەسی وەها دڵسۆز هەیە، کە دەتوانن ئایندەمان باشتر بکەن.

# (٧)

بۆ پێشەوایەتیکردن و ئیدارەدانی وەها دیوانێکی چاودێریی دارایی گرنگ و هەستیار، کەسانێکی هەستیارتر لە خودی دەزگاکە پێویستە، بەڵام ئایا وەک ژمارەیەک لە دانیشتوانی کوردستان وا تێگەیشتوون کە نەخێر لە هەرێمی کوردستان ئەو جۆرە کەسە نییە و بەرجەستە نابێت، ئەی دیوانی چاودێریی دارایی کێ سەرۆکایەتی دەکات؟ ئاخۆ لەم بابەتەدا دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین.. کەسێکی پاک، بە بەڵگەوە پاکێتی خۆی نیشان بدات و پیمان بڵێت بەڵێ من هەم.

**نەسرین حەمە دەروێش/**
**بەڕێوەبەری گشتی چالاکی حکومی ناوخۆ و خزمەتە گشتییەکان:**

«بەڕێز جەلالی عومەری سام ئاغا دەرچووی کۆلێژی بازرگانی لە ساڵی خوێندنی «١٩٦٢-١٩٦٣»، کە ئەمەش یەکێکە لە مەرجەکانی سەرۆکی دیوان و دەبێت بە لایەنی کەم خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی لە یەکێک لە بوارەکانی ژمێریاری، یاخود کاگێڕی، یان ئابووری، یاخود یاسایی هەبێت. بەڕێزی پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی دیوان، ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بووە، ماوەی حەوت ساڵیشە سەرۆکی ئەم دیوانەیە. بەڕێزی کەسێکی بێلایەنە و سەر بە هیچ حیزب و لایەنێک نییە، بەبێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا، بە عەدالەت و نەترسان، دەکات، هەروەها چاوپۆشیناکات لە هیچ کەس و لایەنێک، لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت، سەرپێچی کردبێت لە یاسا و ڕێنمایی و بڕیارەکان یان سامان و موڵک ماڵی میری بەفیڕۆ دابێت».

**نیان محەمەد ..**
**پەیـــــامنێر...**

هەر کە سەردەکەیت بە ژوورەکەی سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییدا، بەر لە هەر شتێک چەند دروشم و تابلۆیەک دەبینیت، بریتین لە سوێندی

یاسایی چاودێریی و چەند نەخشەیەكی ڕوونكردنەوە لە دروشمەكاندا هاتووە: (بەرپرس بەهێزە تا ئەو كاتەی داوای شت بۆ خۆی دەكات)، (سەخاوەت ئەوەیە كە دەستت لە ماڵی خۆتدا كراوە و بۆ ماڵی خەڵک گیربێت)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە سەرۆكی ئەم دیوانە گرنگە.. هەوڵەكانی بۆ خەڵكە و ماندووبوونیش بۆ خۆی، ئایا تا چەند - جەلالی سام ئاغا - وەک سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی ناوەڕۆكی دروشمەكانی هەڵواسراو لە ژورەكەیدا جێبەجێ دەكات؟

**د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح**

**سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان:**

(جەلالی عومەری سام ئاغا)، ڕەفیقێكی نزیكمە، پیاوێكی ناوداری شاری سلێمانی و بنەماڵەیەكی ناوداری سلێمانین، «پیاوێكی ئازا- چاونەترس»، لە وتنی ڕاستییەكاندا دوودڵی ناكات. لەبەرئەوە، من بەڕێز و تەقدیرەوە، دەڕوانمە كاكە جەلال و سوپاسی پشتیوانی و هاوكاری دەكەم و پشتیوانی و هاوكاری نەک بەوەی كە تەئیدی كردبین، بەڵكە دەستنیشانی كەموكورتییەكانی كردووە و لەسەر ناهەقی بەجواب هاتووە و من سوپاسی دەكەم».

**شوان محەمەد**

**ڕۆژنامەنوس :**

«دەوری (جەلالی عومەری سام ئاغا)، وەكو بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە، من پێموابێت پیاوێكی پاكوخاوێنە، پیاوێكە بەویژدانە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی من لەسەرم كردون لە ڕۆژنامەی ئاوێنە دابەزیوە، بە ڕاستی هەستم نەكرد كەس گلەیی لێی هەبێت و ئەم پیاوە توانیویەتی كەسایەتی دەزگاكە بپارێزێت. هیوادارم بە مانەوەی یان نەمانەوەی كاک جەلالیش لەو دەزگایە ئەوانیتر پەندێک و وانەیەک لە كاک جەلالەوە فێربووبن وە توانیبێتیان كەسایەتی ئەم دەزگایە و ئازایەتی ئەم دەزگایەو سڵ نەكردنەوەی ئەم دەزگایە بپارێزن و هەر بمێنێتەوە بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵک بكات وە خزمەتی دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێم بكات».

بۆ ئەمەش تا زیاتر گومانەكانمان بڕەوێتەوە گەشتێک بەناو دنیای گشتی و تایبەتی كەسایەتی سەرۆكی دیوانی چاودێریی داراییدا دەكەین، ئەویش لە ڕێی كارمەند و شارەزایانییەوە.

**دالیا ئەسعەد**

**بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەتی**

**سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی:**

«کاک جەلال بە ڕاستی، وەکو سەرۆکی دیوان، کەسێکە لە شوێنی خۆیدا شیاوە بۆ شوێنەکەی، چ لە ڕووی ئیشکردنییەوە، یان لە ڕووی پاکی و دەستپاکییەوە بێت، دوو شتی بە لاوە زۆر گرنگە، یەعنی مێژوویەکی پاکی هەبێت، وەکو ئیش کە ببێتە مێژوو و ڕابردوویەکی پاک بۆی بمێنێتەوە، یاساش لە هەموو شتێکدا جێبەجێ دەکات، شەخسێکە بە ڕاستی حەزناکات فەرق و فروق لە بەینی هیچ موەزەفێکی دائیرەدا هەبێت، لە ئاستی جێگرەوە هەتا ئاستی فەراشەکان یەعنی کەسیان بۆ هیچ بۆنەیەک یەعنی بڵێن ئەمەیان تایبەتە بڵێین ئەمە جێگرە یان بڵێن ئەمەیان فەراشە ئەمە بۆ مودیر عامە ئەمە بۆ موزەفە هیچ فەرقێکیان نییە، بگرە بە ڕاستی بۆ چینەکانی خوارەوە زیاتر هەوڵ ئەیات، وەکو لە چینەکانی بەرزتر، تا ئێستا کاک جەلال نە حیمایەیەکی شەخسی هەیە، نە سەیارەیەکی تایبەتی هەیە».

**دڵسۆز حەمە کەریم**

**لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن لەدیوان:**

«ئەگەر ئێمە باسی کەسایەتی سەرۆکی دیوان کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا) بکەین، دیارە ئەوەی دەیڵێین کەمە، چونکە کاک جەلال شەخسیەتێکی بەهێزی هەیە، هەروەها پێگەیەکی کۆمەڵایەتی واشی هەیە، کە بتوانێت کارەکانی دیوان ڕایی بکات، چ وەک سەرۆکی دیوان توانیویەتی کارەکانی دیوان بەوپەڕی دڵسۆزیی و چالاکانە ئیشەکان بەڕێوەبەرێت و وەها لە فەرمانبەران بکات کە دڵسۆزانە ئیش بکەن، وەکو سەعات ئیشەکان بەڕێوە بچێت، بەو واتایەی ئیشی ئەمرۆ ناخەینە سبەینێ، ئێمە هەموو وافێربووین بە وردی کارەکانمان جێبەجێ بکەین، چ لە ڕوی ئینسانییەتیشەوە بە ڕاستی کاک جەلال توانیویەتی پێگەیەکی وەها دروست بکات لە ناوماندا وەکو باوکێکی دڵسۆزمان بێت، لە زۆربەی خۆشی و ناخۆشییەکانماندا فەرمانبەرانی بەسەرکردووەتەوە و هەمیشەی دەرگاشی واڵا بووە بۆ هەموو فەرمانبەرێک هەر کێشەیەکی هەبوو بێت، یان هەر ئاستەنگییەکی هەبوو بێت ڕووبەڕووی بکاتەوە، ئەویش بە سنگێکی فراوانەوە بۆی جێبەجێکردووە».

**نەسرین حەمە دەروێش -**
**بەڕێوەبەری گشتی چالاکی حوکمی ناوخۆ و خزمەتە گشتییەکان:**
«لەو بەروارەوە کە لە لای ئێمە سەرۆکی دیوانە، ئەم سەرۆکی دیوانە هیچ سەیارەیەکی حکومەت بەکارناهێنێت، تا ئێستا هیچ حیمایەیەکی نییە، یەعنی بە ڕاستی ئەوە وەکو بڵێیت شتێکی جیاوازە لە هەموو وەزیرەکان جیاوازترە و لە هەموویان- بەرپرسەکان، ئەگەر بڵێم ئەرک و ترسناکی ئەم سەرۆکی دیوانە زۆر لەوانەی کە مەجموعەیەک حیمایەی بەدواوەوەیە زیاترە لەبەر ئەوە بە ڕای من کەسێکی شیاوە بۆ ئەم دیوانە».

**سەیران بابە ڕەسوڵ**
**فەرمـــــــــــانبەر:**
«بەڕێز سەرۆکی دیوان کاک (جەلالی عومەری سام ئاغا)، کەسێکی دەستپاکو دڵپاک و زۆر بەڕێزە بۆ موەزەفەکانی و هەموو ئیشوکارەکانی بەرێوە دەچێت لە دیوانی چاودێریی دارایی و لای بەڕێز کاک جەلالی سام ئاغا، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بەڕێوە دەچێت».

**نیان محەمەد**
**پەیامنێری گەلی کوردستان...**
بەپێی هەڵسوکەوتی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی و بەپێی وتەی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێریی دارایی دەردەکەوێت (جەلالی عومەری سام ئاغا) جگە لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە دیوان، وەک کارمەندانی ئاماژەیان بۆ کرد.. بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خوا و ویژدانی خۆشی بەکار دەهێنێت.

# بەشی هەشتەم
# ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان

## ئایا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە یاسایی دانرا؟
## رۆژنامە (پشتیوان سەعدوڵڵا)

ژمارەیەک پەرلەمانتار، لە دانانی سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمدا، سەرۆکی پەرلەمان بە پێشێلکاریی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تۆمەتبار دەکەن و مەترسیی خۆیان لە ئیفلیجبوونی دیوانی چاودێریی دارایی دەخەنە ڕوو.

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی، لە دانیشتنی (٩/٢٠)ی پەرلەمانی کوردستاندا، بەبێ ڕەچاوکردنی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی و بە دەنگی (٦٥) پەرلەمانتار (هادی محەمەد کەریم) وەک سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان دانرا، لە دانیشتنەکەدا ڕێگەی پرسیارکردن و قسەکردن بە پەرلەمانتاران نەدرا.

د. زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان (فراکسیۆنی گۆڕان)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند.. لە دانیشتنەکەدا، تێبینیمان کرد، کێشەیەکی یاسایی لە دەستنیشانکردنەکەدا هەیە، چونکە بەپێی مادەی (٥)ی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی دیوان دەستنیشان دەکات و دەیپاڵێوێت بۆ ئەوەی زۆرینەی ڕەها دەنگی پێ بدات، بەڵام شێوازی دەستنیشانکردنی سەرۆکی دیوان، بە پێی یاساکە دانەنرا و ئەو شێوازە لەگەڵ یاساکەدا پێچەوانە دەوەستێتەوە، وتیشی: (ئەو کەسەی بۆ پۆستی سەرۆکی دیوان دەستنیشان کرا، تەنیا دەستنیشانکراوی سەرۆکی پەرلەمان نییە، چونکە کاتێک ئاگادارکراینەوە کە «CV» سیڤی کەسێک بۆ گرتنە دەستی پۆستەکە بۆ پەرلەمانتاران نێردرا و دوای ئەوە داواکرا دەنگی بۆ بدرێت).

بە پێی مادەی (٥) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان- عێراق (سەرۆکی دیوان بە مەراسیمێک کە لە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەردەچێت، دادەمەزرێت و لە سەر پاڵاوتنی، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەبێت). هەروەک ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بۆ کرد: (بۆ دانانی پۆستی سەرۆکی دیوانی

چاودێریی، دەبوو چەند هەنگاوێک بنرایە و بە ئاشکرا ئیعلانی ئەو پۆستە بکرایە، چونکە خەڵکی تر هەبوو، کە ویستوویانە خۆیان بپاڵێون، بەڵام شێوازەکە ڕێگر بوو، هەروەها پێویست بوو پێش ئەوەی لەناو پەرلەماندا بخرێتە دەنگدانەوە، «CV» سیڤی ئەو کەسانەی کە دەپاڵێورێن بنێردرێت بۆ پەرلەمانتاران، دواتر لە ناو پەرلەماندا دەنگدانی بۆ بکرایە و کەسەکە دەستنیشان بکرایە).

لە مادەی (١٨)ی هەمان یاسادا، ئاماژە بەوە کراوە: (بەر لەوەی کە سەرۆکی دیوان، کار و دەسەڵاتە بڕیارلێدراوەکانی بەپێی ئەم یاسایە وەربگرێت، لە بەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات)، هەرچەندە پەرلەمان نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم ناردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کاتێک بۆ سوێندخواردنی دانەنراوە.

لە کۆبونەوەکەی پەرلەماندا، پەرلەمان، بە تایبەتی فراکسیۆنی گۆڕان، داوایان کرد کە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی پێ نەدان، بەو هۆیەشەوە ئۆپۆزسیۆن دەنگی بە سەرۆکی دیوان نەدا.

پێشەوا تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە کوردستاندا تەمەنی خانەنشینی (٦٣) ساڵە، بەڵام سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی تەمەنی (٧٠) ساڵە و وەکو پۆستەکانی تری حکومەت لە نێوان یەکێتی و پارتیدا دابەشکرا، لە کاتێکدا دەکرا کەسێکی گەنجتر و چالاک بۆ ئەو پۆستە دابنرایە، بۆ ئەوەی جێی ئومێدی خەڵک بوایە، ناوبراو پێشی وایە، مەبەستێکی سیاسی لە دانانی سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییدا هەیە.

د. ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنە لە سەرۆکی پەرلەمان دەگرێت، کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی پێشێل کردووە و دەڵێت: (بەپێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی، ئەو پۆستە بەر پارتی کەوت، بەڵام باشتربوو پارتی زیاتر لە کەسێکی کاندید بکردایە، بەڵام ئەوەی بینرا، تەنیا یەک کەس دیاریکرا، ئەو بەڕێزەش لای ئەندامانی پەرلەمان ناسراونەبوو، بۆیە لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ماوەیەک پەرلەمانتار ویستیان قسە بکەن، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا، ئەوەش پێشێلکردنی مافی ئەندامان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، بۆیە کاتێک خرایە دەنگدانەوە بە دەنگی زۆرینە ئەو بەڕێزە دانرا). سەرەڕای یەکگرتنەوە هەردوو دەزگاکە، بەڵام مەترسی ئەوە دەکرێت کە دەزگای دیوانی چاودێریی هەرێم ئیفلیج بکرێت و ڕۆڵی خۆی نەبینێت.

پەرلەمانتار، پێشەوا تۆفیق ئاشکرای کرد: (تا ئێستاش دیوانی چاودێریی دارایی، دوو دەزگایە و بە فیعلی یەکی نەگرتوتەوە، تەنیا سەرۆکەکەی دانراوە و ئومێدمان نییە کە ئەم دەزگایە ڕۆڵی خۆی ببینێت).

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەش، هیوای خواست.. ئەو دەزگایە بە شێوەیەکی جدییو ڕاستەقینە یەک بگرێتەوە و ببێتە دەزگایەکی چالاکو وتی: (هیوادارین، یەکگرتنەوەکە نەبێتە هۆی ئەوەی، کە دیوای چاودێریی دارایی هەولێر سست و ناچالاک بکرێت.. بەبێ بوونی دیوانێکی چاودێریی دارایی چالاک و بەکار و بوێر، ناتوانین بەرەنگاری گەندەڵیی ببینەوە).

## سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی خۆی خانەنشین کرد
## ٨٦ کەسی دایە دادگا و٢٧٢٠ ڕاپۆرتی لەدوای خۆی جێهێشت(٤٦)

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (سلێمانی) ڕۆژی ١/١٦ بە تەواوی خۆی خانەنشین کرد، لە کاتێکدا لە ماوەی هەشت ساڵی کارکردنیدا، دیوانی چاودێریی ٨٦ کەیسی داوەتە دادگاو خاوەنی ٢٧٢٠ ڕاپۆرتی گەندەڵین.

سلێمانی، ئاوێنە: بەپێی نووسراوێکی دیوانی چاودێریی دارایی، کە دەست ئاوێنە کەوتووە، ڕۆژی ١/١٦ بەتەواوی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، بەهۆی خۆ خانەنشینکردنەوە دەستی لەکار کێشایەوە، بەپێی ئەو نووسراوە، ئەو بەرپرسە کە لە پلەی وەزیردایە، دەستی لە هەموو ئیمتیازاتی خانەنشینی وەزیر، کە ئۆتۆمبێل و پاسەوان و شۆفێرە، هەڵگرتووە و پێشکەشی حکومەتی کردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ەوە خانووەکەی لە گردی سەرچنار، کە ڕووبەرەکەی «٤٥٠ مەترە دوجایە» لە سەر وەزارەتی تەندروستی تاپۆ کردووە، بۆ ئەوەی پاش کۆچی دوایی خۆی بکرێت بە بنکەی تەندروستی. هاوکات لە مانگی (٨)ی ساڵی (٢٠١٠)دا بە بەهای «٧٠ ملیۆن و ٥٦ هەزار دینار» زەوییەکی موڵکی خۆشی فرۆشتووە.. پارەکەی لە بانک دانراوە و ساڵانە بڕی «٩٠٪»ی سوودەکەی دەبەخشرێتە شەش فەرمانبەر، کە سیانیان دەدرێتە سێ فەرمانبەری موتەمەیزی دیوانی چاودرێریی، سیانی تریش دەدرێتە سێ ئافرەتی خانمە سەلاری دیوان، وا بڕیاریشە لەم مانگەدا خەڵاتی ساڵی یەکەمین بەو کارمەندانە ببەخشرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری نزیک چاودێریی دارایی سلێمانی بە ئاوێنەی ڕاگەیاند، دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی تا ئێستا ٨٦ فەرمانبەر و کارمەندی داوەتە دادگا و میدیاکان تەنها دەستیان گەییشتووە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سێ بەرپرسی گەورە لەو ٨٦ کەسە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کرد کە لە ماوەی هەشت ساڵی تەمەنی دیواندا ٢٧٢٥ ڕاپۆرتی ئامادەکردووە، کە زۆربەیان ڕاپۆرتی گەندەڵی کەسانی نێو ئەو ڕێکخراوانەن، کە لەلایەن حکومەتەوە کۆمەک دەکرێن. سەرۆکی دیوانی

---

(٤٦) (ئاوێنە ژمارە ٢٥٨ سێشەممە ٢٠١١/٦/١٨).

چاودێریی دارایی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، لە ماوەی ٨ ساڵ کارکردنی لە دیوانی چاودێریی دارایی، شەش جار داوای دەست لەکار کێشانەوەی کردووە، بەڵام بە هۆی داواکاری هەندێک لە بەرپرسانەوە لە داواکەی پاشگەزبۆتەوە، لە ئێستاشدا بە هۆی خانەنشینبوونەوە بە یەکجاری دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرتووە.

## (دەستەکان) ی چاودێریی دارایی، سەرەڕای هەڕەشەکان، سوورن لەسەر کارەکانیان(٤٧)

«دەستە- هیئە» کانی وردبینیکردن لە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، جەخت لەوە دەکەنەوە تا ئێستا و لە بەرامبەر ئاشکراکردنی گەندەڵی دامودەزگاکانی حکومەتدا لەلایەن ئەو کەسانەی دراونەتە دادگا، نامەی هەڕەشەئامێزیان بۆ هەڵدراوەتەماڵەکانیان، یاخود بە چەند شێوەیەکی دیکە هەڕەشەیان لێ کراوە، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر کارەکانی خۆیان.

دووشەممەی ڕابردوو شەش کارمەندی چاودێریی دارایی لە سلێمانی خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا)یان وەرگرت، کە ناوبراو پێشتر سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی بووە، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا خۆی خانەنشین کرد.

ئەو خەڵاتەش درا بە سێ کارمەندی نموونەیی سێ (خانمی سەلار)ی دیوان، خەڵاتەکەش جگە لە بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان، هەریەکەشیان دوو سەد هەزار دیناریان پێ درا خەڵاتی کارمەندنی نموونەیی درا بە هەر یەکە لە (نەبەز حەمەڕەشید، سامان جەمال، دالیا ئەسعەد)، هەروەها خەڵاتی (خانمی سەلار) درا بە هەر یەک لە (راز خەسرەو، نەسرین مەحمود، نیاز عیسا).

لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردوودا، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی «جەلال عمر سام ئاغا»، پارچە زەوییەکی خۆی لە سلێمانی فرۆشتووە بە ٧٠ملیۆن دینار، هەر ئەو کاتەش بڕیاری داوە ئەو بڕە پارەیە بخاتە بانکەوە و (٩٠٪)ی قازانجی یاسایی ساڵانەکەی بدرێتە خەڵات بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێریی داری سلێمانی، (١٠٪) کەشی بخرێتەوە سەر پارەکەی خۆی لە بانک.

لە بارەی خەڵاتەکەی دوێنێش، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، تاجەدین ساحیب محەمەد لە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنە ڕایگەیاند، کە ئەو خەڵاتە هی ساڵی (٢٠١٠)یەو ئەو بڕە قازانجەش کە لە بانک ڕایان کێشاوە و ملیۆنێک و دووسەد

(٤٧) ئاوێنە ( ٢٧١ سێشەممە ٢٠١١/٤/١٩).

هەزرا دینار بووە، خۆشحاڵیش بوو کە یەکێک لەو کارمەندانی خەڵاتکراوە پێشەی کارگوزارە.

ژمارەی فەرمانبەرەکانی دیوان (٢٠٦) کەسن و لەو ژمارەیە (١١٨) کەسیان ئافرەتن، هەروەها لە دیوانی چاودێریی دارایی، ٢٢ دەستە دروستکراوە، کە کاریان وردبینیکردنی ئیشوکاری ئیداریو دارایی فەرمانگەکانە.

دالیا ئەسعەد، کە ئێستا لەناو تیمەکانی دیواندا کاردەکات و پێشتریش بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی پێشووی دیوان بووە.. یەکێکە لەو کەسانەی خەڵاتی کارمەندی نموونەیی وەرگرتووە، باسی لەوە کرد کە هەرچەندە پێشتریش خەڵاتێکی لەم شێوەیە نەبووە، بەڵام کارمەندەکانیان لەنێویشیاندا ئافرەتەکان بە چالاکی و دڵسۆزانە کاریان کردووە، بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی لەناو دامودەزگاکانی حکومەت، ڕوونیکردەوە کە هەموو فەرمانبەرەکانیان شایەنی ئەو خەڵاتەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئاوێنە کەوتوون، زۆرجار ئەو دەستانەی کە وردبینی کاری دەزگاکانی حکومەت دەکەون بەرپرسەکانیان دەدەنە دادگا، ڕووبەڕووی چەندین هەڕەش بوونەتەوە، لەوانە«هەڵدانی فیشەک و نامەی هەڕەشەئامێز و هەڕەشەکردن لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر کارەکانیان».

هەروەها راز خەسرەو، کە فەرمانبەری یاساییە و لە بەشی سەرپێچییە داراییەکانەوە دوانزە ساڵە لە دیوانی چاودێریی دارایی فەرمانبەرە و دووبارە خەڵاتی (خانمی سەلار)ی وەرگرتووە، باسی لەوە کرد کە بەگشتی خانمەکانی دیوان، لێهاتوون و ڕەگەزی مێینەیان وای نەکردووە کە بترسێ لە ئاشکراکردنی گەندەڵی، بە پێچەوانەوە زۆر بەدڵسۆزییەوە ئیشیان کردووە.

نەسرین مەولودیش، کە کارگوزارێکی دیوانە و ماوەی سیانزە ساڵ فەرمانبەرە خەڵاتی «خانمی سەلار»ی پێ بەخشراوە و جەختیشی کردەوە، کە ئەو خەڵاتە وایان لێ دەکات بۆ ئەوەی لەمەودوا بە شێوەیەکی باشتر کار بکەن.

سەبارەت بە شێوازی دەستنیشانکردنی ئەو فەرمانبەرانەی ئەو خەڵاتەیان پێ بەخشراوە، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێریی داراییو ئەندامی لیژنەی خەڵاتی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، پەیمان عەبدولڕەحمان لە لیدوانێکدا بۆ ئاوێنە ڕوونی کردەوە، کە خەڵاتەکانی (خانمی سەلار) لەسەر بنەمای (ڕێکوپێکیو سەلار)ی بووەو بۆ ئەمساڵیش ئەو سێ فەرمانبەرەیان دەستنیشان کردووە.. پاشان دەنگیان بۆ دراوە و وتی خانمی سەلارمان زۆرە، بەڵام بەپێی خەڵاتەکە دەبوایە تەنها سێ کەس دەستنیشان بکەین، هیوادارین لە ساڵی ئاییندەدا بتوانین ئەو خەڵاتە بدەینە

سەرجەم خانمەکانمان، بۆ کارمەندانی نموونەییش، ناوبراو باسی لەوە کرد، کە مەرجەکانی (جدییەت و دەستپاکی و شارەزایی) لە ئیشدا بنەماکانی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بوون، پەیمان وتیشی بۆیە ئەمساڵ تەنها ئەو شەش فەرمانبەریان هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی بڕی پارەکەی هی هەشت مانگ بوو.

## جەلالی سام ئاغا...
## ئیمتیازاتەکانی خانەنشینی ڕەتدەکاتەوە(٤٨)

جەلالی عومەری سام ئاغا، سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی وەرگرتنی ئیمتیازاتی خانەنشینی ڕەتدەکاتەوە.

بە پێی نووسراوێکی ڕەسمیی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، کە بۆ هەریەک لە سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی ئاراستە کردووە، ئاشکرای کردووە کە بە پشتبەستن بە فەرمانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارەی (٢٣٣) ی ٢٠١٠/١٢/١٨، بڕیار دراوە بە دەست لەکار هەڵگرتنی (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی لە پۆستەکەی. لە بەشێکی تری ئەو نووسراوەدا، کە کۆپییەکی کەوتۆتە دەست ڕۆژنامە.. هاتووە، کە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، هیچ کام لە ئیمتیازاتەکانی ئۆتۆمبێلی دیوان و پاسەوانی وەک وەزیرە خانەنشینەکانی پێشوو لەگەڵ خۆی نەبردووە و وەری نەگرتووە، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی نووسراوی ژمارەی (٢٣٣)ی سەرۆکایەتیی هەرێم هەریەکە لە (جەلالی عومەری سام ئاغا)، سەرۆکی دیوانی چاودێریی لە سلێمانی و جەرجیس حەسەن عەبدوڵڵا، سەرۆکی دیوان لە هەولێر بە پلەی وەزیر خانەنشین کراون.

---

(٤٨) ڕۆژنامە ٦١٧ سێشەممە ٢٠١١/١/١٨.

## داوا لە جەلالی سام ئاغا دەكرێت ببێتە سەرۆكی چاكسازی هەرێم(٤٩)

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەكی باڵای سەرۆكایەتیی هەرێمەوە دەست ئاوێنە كەوتووە، داوا لە سەرۆكی پێشووی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی (جەلال سام ئاغا) كراوە، كە ببێتە سەرۆكی لیژنەی چاكسازی هەرێم، بەڵام ناوبراو ئامادەنەبووە ئەم پۆستە وەربگرێت.

تایبەت بە ئاوێنە: ڕۆژنامەی ئاوێنە بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە پەیوەندی كرد بە (جەلالی عومەری سام ئاغا)وە، بەڵام ئامادە نەبوو لەم بارەیەوە هیچ لێدوانێك بدات، بەڵام سەرچاوەیەكی نزیك لە ناوبراوەوە هەواڵەكەی بۆ ئاوێنە پشتڕاست كردەوە.

لیژنەی چاكسازیی هەرێم چەند مانگێكە بە بڕیاری سەرۆكی هەرێم دامەزراوەو لە كۆمەڵێك كەسی شارەزای یاسایی و دارایی پێكهاتووە، لەم ماوەیەی دواییدا لە پارێزگای هەولێر چەند ڕێوشوێنێكی یاساییان گرتەبەر بەرامبەر ئەو كەسانەی دەستدرێژییان كردۆتە سەر موڵك و ماڵی گشتی.

---

(٤٩) ئاوێنە ٢٩٥ سێشەممە ٢٠١١/١٠/٤.

## چاودێریی داراییش بۆتە خێرو بەرەکەت(٥٠)

لە دوای ڕاپەڕینەوە هەر کۆنگرەیەک یان کۆنفرانسێکی حیزبە کوردستانییەکان ببەسترایە، یەکێک لەو پێوەرە گرنگانەی کاری پێ دەکرا و دەبووە سەنگی مەحەک بۆ هەر کەسێک، کە هەڵبژێردرایە بۆ سەرکردایەتی، پێوەری تێکۆشان‌و دژایەتیکردنی دوژمنانی گەلەکەمان بوو، لە پێشیانەوە هەڵوێستی ئەو کەسە بوو دژی ڕژێمی دیکتاتۆریی چەند ساڵی ڕابردووش مەسەلەی هەبوونی فایلی دیوانی چاودێریی دارایی بۆتە پێوەرێکی تر، بەڵام ڕۆژگار هات و هەموو ئەو پێوەرانە کاڵبوونەوە و لە جیاتی ئەوەی فایلداری (بەعس و چاودێریی) ببێتە کەموکوڕی، بوو بە خاڵی بەهێز بۆ ژمارەیەک لەو کەسانەی کە دەردەچن بۆ سەرکردایەتی.

لە سەردەمی شاخ ئەگەر کەسێک بچووکترین گومانی لە سەر بوایە، کە پەیوەندی لە گەڵ دەزگا نهێنی و سیخوڕییەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریدا هەیە، ئەگەر نەکوژرایەو زیندانی نەکرایە، بەدڵنیاییەوە لە ڕیزی ئەو حیزبە دەردەکەرا و دەبێزێنرا و سوک و ڕیسوا دەکرا.

هاوکات تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر هەر کەسێک بچووکترین گەندەڵی لەسەر بوایە و لە دیوانی چاودێریی دارایی ناوی بە خراپە لە تاکە یەک لاپەڕەی دیوانیشدا بهاتایە، ئەوا کاندید نەدەکرا بۆ هیچ پۆستێکی حکومی و حیزبی و بگرە لە هەندێ حاڵەتیشدا دەدرایە دادگا.

نەبوونی حکومەتێکی یان حیزبی و دابەشبوونی حکومەت بەسەر دوو ئیدارەداو ئامادەنەبوونی پەرلەمانێکی کارا و سەربەخۆ، کۆنترۆڵکردنی ئابووری وڵات لەلایەن حیزبەوە.. نەبوونی سەربەخۆیی دادگاکان و نەبوونی سیستمی لێپرسینەوە و لاوازیی میدیای ئازاد، کوردستانی کردۆتە پانتاییەکی جەنگەڵستانی گەندەڵ.

لە کاتێکدا کە گەندەڵی دەبێتە سیستم و هیچ پێودانگێک نامێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارێتیان پێ دەدرێت، دەبێتە کارێکی ئاسایی کە جگە لەوەی خەڵکی نەشیاو پۆستی نەشیاو دابنرێت، خەڵکێکیش کە گومان لەسەر

(٥٠) چاودێرێک: ئاوێنە ٢٢٧.

نیشتمانپەروەری و دەستپاکیان هەبێت، پۆستی گرنگ لە هەرێمدا وەربگرن ئەوەی کێشەکەشی قورستکردەوە، نەبوونی هیچ هەرێم بوو کە دوو ساڵ لەمەوبەر بۆ لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان دروستکرا لیژنەکەش ڕاپۆرتی خۆی بە تەواوی نووسیو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کرد، کەچی تا ئێستا هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی و ئیداریی لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە نەگیراوەتە بەر، ئەمە و نەبوونی هیچ ڕێوشێنێک لەناوخۆی حیزبەکانیشدا، هەرچی پێودانگە و سەرمایەی نیشتمانی ئەم گەلەیە بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆییشتووە. بارودۆخەکە گەییشتۆتە ئاستێک، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان پیاوی نیشتمانی و نانیشتمانیدا نەماوە.

ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆییشت.. وەرەقەکان تێکەڵکران و ڕەش و سپی ئاوێتەی یەکتر کران، گەندەڵیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر کونجی وڵاتی گرتەوە، گەندەڵی بووە سیستم و زۆرکەس لە زۆر بارودۆخدا هەڵنەخزابوون، سیستمی پڕ گەندەڵی ئەوانیشی دووچاری هەڵخلیسکان کرد.

لەم ماوەیەی ڕابردوودا.. نەمانی ئەم پێوەرانە، بە تەواوی لە کۆنگرەی سێهەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ڕەنگی دایەوە، ئەم حیزبە کە لە سەرەتاوە بڕیاری دابوو مەسەلەی ئەمنی و ژیانی حیزبی و ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێر دارایی بکاتە پێوەر بۆ ئەو کەسانەی هەڵبژێراون بۆ سەرکردایەتی، بەڵام هەر زوو ئەمە کاڵبۆوە و هیچ یەکێک لەم پێودانگانە نەکرانە پێوەر، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، ئەگەر کەسێک شتێکیشی لەسەر بێت سڵ نەکاتەوە لەوەی خۆی کاندید بکات.

بۆیە ئەو قسەیە ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، کە یەکێک لەو کاندیدە تێکۆشەر و پاکانەی کۆنگرەی یەکێتی خۆی هەڵبژاردبوو بۆ سەرکردایەتی و بە ناسیاوێکی خۆی لە دیوانی چاودێریی دارایی وتبوو بریا ڕاپۆرتێکی گەندەڵیت لەسەر دروست دەکردم، بە دڵنیاییەوە چانسی دەرچوونم زیاتر دەبوو.

## چاودێریی دارایی.. رسواییە بۆ گەندەڵکاران، نەك خێر و بەرەکەت(٥١)

چاودێریی دارایی لە سلێمانی، ئەمڕۆ دەزگایەکی ناسراوە و بێسڵەمینەوە و بەوپەڕی ئەمانەت بۆ شەرەفی وەزیفە کاری خۆی دەکات، لە ڕاستیدا لە وڵاتێکدا کە یاسا تیایدا بەرقەرار بێت بۆ چاودێریی دارایی، ئاسانە کاری ئیداری خۆی بکات، بەڵام لە عێراقدا کە دوای وڵاتی سۆماڵ بە دووەم وڵاتی گەندەڵ هەژمار دەکرێ و لە کوردستانیش کە حوکمی حیزبی بەرقەرارە، بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە ئەفسانە دەچێت.. لە ژمارە (٢٢٧)ی ئاوێنەدا وتارێکی کاک نزار محەمەدم خوێندەوە کە تیایدا هەندێ رەشبینی لەسەر ئەنجامی کارەکانی ئەم دەزگایە دەربڕیبوو، لەو نووسینییەدا هاتبوو، کە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی، لە بری ئەوەی ببێ بە هۆیەک بۆ دادگاییکردنی گەندەڵکاران، دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی پلە و پایەیان لە لایەن دەسەڵاتەوە، لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە هیچ لە گرنگی ڕۆڵی ئەو دەزگایە کەم ناکاتەوە، چونکە ئاساییە دەسەڵاتی کوردی بەو جۆرە دیوانی چاودێریی بەکارهێنێ. خۆ نابێ چاوەڕێی ئەوەی لێ بکەین سزایان بدات لە کاتێکدا خۆی نغرۆی گەندەڵییە.. بەڵام خەڵک و ڕای گشتی و مێژوو.. هیچ خۆی بە ڕای دەسەڵاتەوە نابەستێتەوە با ئەمڕۆ دەسەڵات پلەوپایەی ئەو گەندەڵکارانە بەرزبکاتەوە، کە دیوانی چاودێریی دەستنیشانی کردوون، خۆ لە مێژوودا ڕیسوا دەبن، خۆ لەبەردەم ڕای گشتی شەرمەزار و بێبەها دیارن، بەچ ئەچێت گەر دنیا بەریتەوە، بەڵام خۆت بدۆڕێنێت، بەچی ئەچێ چەند کەسێکی حیزبی داڵدەت بدەن، بەڵام لەبەردەم گەلێک شەرمەزار بیت، بۆیە دەڵێم دیوانی چاودێریی خێرو بەرەکەت نییە بۆ گەندەڵکاران، بەڵکو ڕیسوابیە، ڕاپۆرتەکانی پلەی پەیژە نین گەندەڵکاران بەسەریدا سەرکەون بۆ پلەی بەرز، بەڵکو ڕاپۆرتەکانی چەکوشە و گەندەڵکاران دەکوتێتەوە.

کارمەندانی چاودێریی دارایش، لە سەروو هەموویانەوە بەڕێز (جەلالی عومەری

---

(٥١) مەریوان سەلاح حیلمی، ئاوێنە (٢٢٩).

سام ئاغا)، پێویستە بزانن قسەیەکیان بۆ مێژوو کردووە، نەک بۆ دەسەڵاتێکی هیچ لەخۆ نەگرتوو، سەیر لەوەدایە لە وتارەکەی کاک نزار محەمەددا هاتووە، هەندێ کەس گلەییان لە چاودێریی دارایی کردووە گەر ڕاپۆرتێکی گەندەڵی لەسەر بنووسینایە ئەوا خێر و بەرەکەت بەسەریاندا دەڕژا و لە کۆنگرە دەردەچوون، لە ڕاستیدا ئەمە وەک ئەوە وایە چاوساغێک بچێتە شاری کوێران لە بری ڕێنمایی کوێرەکان خۆی دەست بگرێ بە چاوییەوە، کە نیعمەتێکی هەرە جوانی مرۆڤە، کەسی پاکیش دەیەوێت دەستبەرداری پاکێتی خۆی بێت لە پێناوی پلە و پایەو بەرژەوەندی، بەوانەش دەڵێم بەڕێزینە بەچ دەچێت لەو پایە بەرزەت هەبێت کە خۆت دۆڕاندبێت، پێویستە بیرلەوە بکەینەوە بەر بە لافاوەکە بگرین نەک خۆمان بدەین بە دەمییەوە و هاوار بکەین لێخورە دەشتە.

## بەڵێ وایە.... ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی بووە بە خێر و بەرەکەت بۆ گەندەڵکاران(٥٢)

گەندەڵی لە کوردستاندا هەر بریتی نییە لە لادان لە بنەماکانی ئیدارە، بەڵکو تێکشکاندنی ڕۆحی مرۆڤە لە ناوەوە، بە جۆرێک ئەتهێنێتە سەر ئەو رایەی کە هێز نییە ئەم وەزعە چاک بکات، ئیتر پەرچەکرداری بەرقەرارە و ڕەنگی خۆڵەمێشی زاڵە، لەم هیچێتییەدا هەر ئەوە ماوە بە فەرمی ئالای سپی هەڵکەین و خۆمان بدەین بە دەستەوە.

ئاخر کارمەندانی چاودێریی دارایی تا دوێنێ بوو لایان وابوو، ئەو سوارچاکەن شمشێرەکەی دەستیان خوێنی گەندەڵکارانی لێ دەچۆڕێ، کەچی لە پڕ بە سیحرێک ڕایان دەگۆڕێت، ئێستا پێتان وایە لە پەیژەیەک زیاتر هیچیتر نین، کە گەندەڵکاران بەسەریدا سەردەکەون بۆ وەرگرتنی پۆستە هەرە بەرزەکان. لەم ڕۆژانەدا هەندێ لەو کارمەندانەی چاودێریی دارایی لە سلێمانی بە ڕاشکاوی بە بەرپرسێکی خۆیان وتبوو: «هیچ حەماس و گەرم و گوڕییەکمان بۆ کارەکەمان نەماوە، لە بری ئەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر گەندەڵکاران بەرزیان دەکەینەوە ببێتە مایەی ئەوەی لە دادگاوە بانگهێشت بکرێت، کەچی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلە و پایەیان» ئەگەر بۆچوونی ڕۆژنامەنووسانیش وەربگرین، بەو پێیەی کە زیاتر نزیکن لە ڕای گشتییەوە، ئەوا بۆچوونێکی شوان محەمەدی ڕۆژنامەنووس لە بەردەستە، کە پێی وایە چاودێریی دارایی تروسکەیەکە لە شەوە زەنگی گەندەڵیدا، دە سەیرکەن ئەو تروسکەیە چۆن دەبێتە بابەتی نوکتە، چ واقعێک گەمارۆی داوین، کە کاری سەرەکی بریتییە لە بەهەڵمکردنی تەنیا تروسکەیەکیش کە ڕێنیشاندەر بێت بۆ ئاییندەیەک تیایدا قسەی کۆتایی بۆ یاسا بێت.

لە ئاوێنەشدا بابەتێک لە سەر چاودێریی دارایی بڵاوکراوەیەوە، ئاماژە بەوە دەکات دوای کۆنگرەی سێی یەکێتی چەند ئەندامێک دەرنەچوو بۆ سەرکردایەتی، گلەییان لە دیوانی چاودێریی کردووە، کە ڕاپۆتی گەندەڵی لەسەر نەنووسیون تا

---

(٥٢) ئاوێنە: بیرورا/ نزار محەمەد.

بەم شێوەیە خێرو بەرەکەت و پۆستی ئەندامی سـەرکردایەتی بەسەریاندا بڕژێ.

ئەمە نوکتەیە گریاناوی نییە؟ کورد گەلینە، کەسانێک بخوازن دیوانی چاودێریی بەگەندەڵ ناویان بەرێت، تا پۆستی بەرز وەرگرن، لە هەموو جیهاندا دەسەڵاتدارانی سیاسی تەنیا لە چاودێریی دارایی دەترسن بیدەن بە زەویدا، باسی دادگاییکردنی شیراک و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلی مەکە، لەم عێراقە شڕەشدا سزا هەیە وەک ئەو وەزیرە گەندەڵەی کە ویستی بۆی دەرچێ، کەچی لەناو فرۆکەکەدا دەستگیرکرا، لای ئێمە گەندەڵکار نەک هەر بۆی دەرناچێ، بەڵکو لە کۆنگرەی حیزبی دەسەڵاتدا سنگی دەردەپەڕێنێ و داوای ئەوە دەکات دەنگی پێ بدەن.

لە هەموو دنیا چاودێریی دارایی، موختەلس دەستنیشان دەکات هەتا بدرێ بە دادگا کەچی لای ئێمە ئەو کەسەی چاودێریی دارایی سیفەتی گەندەڵی و موختەلیسی دەداتێ دەسەڵات سەرسنگی بە مەدالیای ڕێزلێنان دەڕازێنێتەوە.

چاودێریی دارایی سلێمانی بە بوێری و ماندوونەناس و عەشقی وەزیفی دەناسرێنەوە، بە چنگەکرێی و بێهاندان، بە دەسەڵات دەڵێت ئەمە کەسە گەندەڵەکەیە سزای بدە.. کەچی دەسەڵاتی حیزبی لە سەر بنەمای کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوو کەسی گەندەڵ بۆ گەندەڵستانەکەی خۆی بە شیاو دەزانێ، مەنجەڵ بۆ سەرقاپ دەگەڕێ سوڵتانەکانی گەندەڵستانیش بۆ کەسی گەندەڵ دەگەڕێن، وەک گەزۆ و مازوو بێقۆزنەوە، ماڵی چاودێریی دارایش ئاوابێ بەردەوام دەگەڕێ تا گەندەڵی پێ بناسێنێ.

هونەرمەندە دادابیەکانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم بە هۆی کارەساتی جەنگەوە هەموو شتێکیان بە بێبایەخ و پڕوپوچ سەیر دەکرد گاڵتەیان بە هەموو پیرۆزی و بەهایەک دەکرد.

بۆ تابلۆ قەشەنگەکەی مۆنالیزا سیمای دروستکرد و جوانییەکەیان دەشێواند، ئەمڕۆش کارەساتی گەندەڵی جۆرێک دادایزمی بەرقەرارکردنی جوانییەکانی شێواندووە، چاوددێری دارایی دەزگا جوانەکەی کوردستان دەبێتە دارشەقێک بۆ هەڵکەندنی جەستەی گەندەڵی، سوود دەبەخشێت بە مەکینەی زەبەلاح دژ بە جەستەی گەندەڵی.. کەواتە ئەم جوانییەشیان هیچ.

# ئەلبومی پاشکۆ

## کارە وەزیفییەکانی جەلالی عومەری سام ئاغا



جەلالی سام ئاغا، کەریم زەند، نوری وەشتی
ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی ١٩٨٨



ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی
١٩٩٣



ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی
١٩٩٣



سەردانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی
بۆ ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر - ١٩٩٦/١/١٠



سەردانی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی دارایی بۆ لای جەلالی سام ئاغا
بە مەبەستی پیرۆزبایی وەرگرتنی پۆستی بریکاری وەزارەت



سەرانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێم
بۆ وەزارەتی دارایی - ٢٠٠٠


سوێندی یاسایی

سوێندم بە یەزدانی مەزن ، بە قورئانی پیرۆز ،
بە گەلی کوردستان و خاکی کوردستان .
کە پابەند بم بە بنەماکانی رەوشتی پیشەکەمەوە
لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانمدا و . پشت بە یاسا و
رێنمایی یە کارپێکراوەکان ببەستم لە بڕیارەکاندا وە
فەرمانبەرێکی دڵسۆز بم بۆ حکومەتی هەرێم لە هەر
ئاستێکی بەرپرسیدا بم و چاودێرێکی دارایی ڕاستگۆ بم و
هیچ زانیاریەك نەشارمەوە لە بەرپرسانم وە
نهێنیەکان بپارێزم و بە ئەمانەتەوە کەموکوڕی بڕیارو
مامەڵە داراییەکان بخەمە ڕوو وە دەست نیشانی
هەموو دەست پیسی یەك و دەست درێژیەك بکەم
بۆ سەر موڵك و ماڵی حکومەتی هەرێم...
خوا شاهیدە لەسەر وتەکانم .....

سوێندی یاسایی کارمەندانی پلەداری
دیوانی چاودێری دارایی



مەراسیمی سوێندخواردنی جەلالی سام ئاغا
بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی - ٢٠٠٢/١٠/٧



میوانداری سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی
بۆ هەندێک کەسایەتی دیاری کورد- سلێمانی (ڕێستۆرانتی ئیڤڵ) ٢٠٠٥/٧/٩



میوانداری سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی
بۆ ستافی بەرنامە و چەند کەسایەتیەکی تر ٢٠٠٥/٩/١



میوانداری سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی
بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی بە بۆنەی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ٢٠٠٦/٧/٢٦



بانگهێشتی کۆمەڵێک لە نابینایانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی
بۆ دیوانی چاودێری دارایی بە مەبەستی هاوکاریکردنیان




سەڵاحی موهتەدی، جەلالی سام ئاغا، فوئاد عارف، یوسف زۆزانی
سەرۆكایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی



د. حیكمەت فیكرەت، جەلالی سام ئاغا، حەمە ڕەشید قەرەداغی
سەرۆكایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی - ٣٠/١٠/٢٠٠٨



ئەمیری قازی، نەناسراوەتەوە، مەلا عومەر، جەلالی سام ئاغا، یوسف زۆزانی، د. ڕەفیق سابیر، دانیشتوو سەڵاحی موهتەدی- لە سەردانێکدا بۆ دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی



سەردانی عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەت
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی ٢٠٠٩/٩/٢٩



عەدنان موفتی، ئەحمەد ئەمین، عادل موراد، د. ڕەفیق سابیر
حاکم کەمال مستەفا، جەلالی سام ئاغا - سلێمانی



جەمال سام ئاغا، سەلاحی موهتەدی، عەدنان موفتی




**حاکم فاروق جەمیل، مەزهەری خالقی، جەلالی سام ئاغا، عەلی محەمەد باقی**
**سەڵاحی موهتەدی، تاجەدین ساحیب - دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی**




**سەڵاحی موهتەدی، جەلالی سام ئاغا**
**سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی - ٢٠١١/١/١٦**



سەردانی هونەرمەند عەتێ خان
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی



سەردانی هونەرمەند عەتێ خان
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی




جەلال شوانە، گۆنا مەهدی، دالیا ئەسعەد، جەلالی سام ئاغا، ئەسرین حەمە دەروێش، تاجەدین ساحیب، جەمال مەجید، ئەحمەد ئەمین- دوا کۆبوونەوەی جەلالی سام ئاغا وەک سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لەگەڵ ئەنجومەنی دیوان- ٢٠١١/١/١٢



پەری حەمە ئەحمەد، دالیا ئەسعەد، جەلالی سام ئاغا، ژیان غەفور ڕەشید فەرمانبەرانی نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان ٢٠١١/١/١٦



مەراسیمی ڕێزلێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بۆ جەلالی سام ئاغا لە ماڵەکە خۆی



سەردانی عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەت
بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا بە مەبەستی ڕێزلێنان - ٢٠١٢/٥/١٢



**بڕوانامەی ڕێزلێنانی**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**بۆ جەلالی سام ئاغا**




**دیمەنێک لە مەراسیمی دابەشکردنی**
**خەڵاتی ساڵانەی جەلالی سام ئاغا**



نازەنین ئەحمەد ساڵح
یەکێک لە وەرگرانی خەڵاتی ساڵانەی
جەلالی سام ئاغا




دیمەنێکی تر لە مەراسیمی دابەشکردنی
خەڵاتی ساڵانەی جەلالی سام ئاغا



مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتی ساڵانەی جەلالی سام ئاغا بۆ ساڵی ٢٠١٢
ئاراس مەحمود، سەیران بابا ڕەسوڵ، ئەحمەد ئەمین، نوخشە عەبدوڵا، هاژە چالاک



جەلالی سام ئاغا، حەسەن بەگی جاف، مام جەلال
قەڵاچوالان - ١٩٩٣/١٢/١٥



عومەر فەتاح، دارۆی شێخ نوری، جەلالی سام ئاغا
قەڵاچوالان - نوسینگەی مام جەلال - ۱۹۹۲/۱۲/۱۵





ماڵی جەلالی سام ئاغا: سەعدی ئەحمەد پیرە، شێخ سالار حەفید، فاروق مەلا مستەفا، جەمال عەبدول، مام جەلال، مەحمود لەیلێ، جەلالی سام ئاغا، ڕێژین شەماڵ سام ئاغا



ئەحمەد ئازاد عارف، فوئاد ئیسماعیل عارف، عەمار حیکمەت تۆفیق کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جەلالی سام ئاغا، هێژا و شنه شەماڵ سام ئاغا، مام جەلال، شیرزاد فوئاد عارف، فوئاد عارف، جەمال حەکیم ئاغا

سەردانی بەڕێز مام جەلال و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا- ١٩٩٨/٧/١٢



شیرزاد فوئاد عارف، مام جەلال، فوئاد عارف، جەلالی سام ئاغا

سلێمانی - ئوتێل ئاشتی - ١٩٩٨/٧/٩



سەردانی بەڕێز مام جەلال بۆ وەزارەتی ناوخۆ
ساڵی ٢٠٠٠



بەخێرهاتنەوەی بەڕێز مام جەلال لە جەلالی سام ئاغا بە بۆنەی گەڕانەوەی
لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی - ٢٠٠٠



عەدنان موفتی، جەلالی سام ئاغا، مام جەلال
سەردانی مام جەلال بۆ وەزارەتی دارایی سلێمانی - ٢٠٠٠



بەختیار زوهدی، مام جەلال، جەلالی سام ئاغا



جەمال حەکیم ئاغا، مام جەلال، جەلالی سام ئاغا



جەلالی سام ئاغا، د. حیکمەت فیکرەت، مام جەلال، د. فوئاد دەروێش، د. سامان شاڵی
نوسینگەی بەڕێز مام جەلال - سلێمانی - ٢٠٠١



جەلالی سام ئاغا، مام جەلال، عەدنان موفتی
سلێمانی - ٢٠٠١



جەلالی سام ئاغا، مام جەلال، بایز تاڵەبانی
نوسینگەی تایبەتی سەرۆکی هەرێم - ٢٠٠٢



سەردانی فوئاد عارف بۆ سلێمانی لەسەر داوەتی مام جەلال
سلێمانی - ئوتێل ئاشتی - ٢٠٠٢



سەردانی بەڕێز مام جەلال
لە میوانخانەکەی لە هەوارگەی دوکان - ٢٠٠٣



نزار ئامێدی، مام جەلال، جەلالی سام ئاغا، یوسف زۆزانی، مامۆستا سەیفەدین
ماڵی بەڕێز مام جەلال لە بەغدا - ٢٠٠٩/١/١٤



یەکەم سەردانی بەڕێز مام جەلال لە کاتی نەخۆشییەکەیدا
دەباشان - ٢٠١٤/٩/١٧



بەسەرکردنەوەی بەڕێز مام جەلال بۆ جاری دووەم
دەباشان - ٢٠١٥/٢/١٩



بەسەرکردنەوەی بەڕێز مام جەلال لە کاتی نەخۆشییەکەیدا بۆ دوایین جار
هەوارگەی دوکان - ٢٠١٦/٩/١٥



**سەعدی ئەحمەد پیرە، عەدنان موفتی، جەلالی سام ئاغا**
**لەسەر مەزاری جەنابی مام جەلال - ٢٠١٩**




**سەردانی مەزاری جەنابی مام جەلال**
**٢٠٢٠/٦/٦**




سەردانی بەڕێز مەسعود بارزانی
لە کاتی هاتنیدا بۆ سلێمانی
١٩٩٣/١٠/٢٥




جەلالی سام ئاغا، مەسعود بارزانی، د. حیکمەت تۆفیق فیکرەت
سلێمانی - ئوتێل سەرچنار - ١٩٩٣/١٠/٢٥




بەختیار زوهدی، جەلالی سام ئاغا، شێخ سالاری حەفید،
مەسعود بارزانی، د. حیکمەت فیکرەت - سلێمانی



جەلالی سام ئاغا، د. بەرهەم ساڵح، ڕوشدی عەزیز، د. کەمال مەزهەر،
ئالان ڕوشدی عەزیز، نەوشیروان مستەفا
سلێمانی - ٢٠٠١



سەردانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا
لە مەكۆی سەرەكی بزووتنەوەی گۆڕان
٢٠١٥



سەردانی بەڕیز نەوشیروان مستەفا لە مەكۆی سەرەكی بزووتنەوەی گۆڕان
٢٠١٥



سەردانی بەڕێز کاک نەوشیروان لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان
٢٠١٦



عەدنان موفتی، عومەری سەید عەلی، جەلالی سام ئاغا، نەوشیروان مستەفا
سەردانی بەڕێز کاک نەوشیروان لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان - ٢٠١٦



هۆشیار عەبدوڵا، نەوشیروان مستەفا، جەلالی سام ئاغا، جەلال جەوهەر
گردی زەرگەتە - ٢٠١٧



سەردانی مەزاری نەوشیروان مستەفا
٢٠٢٠/٨/١٠



سەردانی مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی
سلێمانی - ٢٠١٧/١٢/١٩




سەردانی مامۆستا سەڵاحەدین بەهائەدین و هاوەڵەکانی بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا
لە بەرواری ٢٠١٧/٤/١٦



کۆبوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری
به ئامادەبوونی سەرکردەی یەکەمی هەر سێ لایەنەکە لە ماڵی جەلالی سام ئاغا،
پاش ناکۆکیەکانیان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بە مەبەستی بڕیاردان لە هەڵوێستێکی
هاوبەش سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨/٥/١٢ی پەلەمانی عیراق - ٢٠١٨/٥/٢١





جەلالی سام ئاغا، د. فوئاد مەعسوم، عادل موراد
سەردانی سەرۆک کۆمار لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی - ٢٠١٦



سەردانی کۆشکی کۆماری لە بەغدا لەسەر داوەتی د. فوئاد مەعسوم- سەرۆک کۆماری عیراق
٢٠١٧/٣/٩



سەرۆکایەتی کۆماری عیراق - جەلالی سام ئاغا
لە میوانداریی د. فوئاد مەعسوم- سەرۆک کۆماری عیراق - ٢٠١٨



لە میوانداریی د. فوئاد مەعسوم- سەرۆک کۆماری عیراق
٢٠١٨



لە ڕاستەوە: نەناسراوە، دکتۆر فوئاد مەعسوم ، عەدنان موفتی،
جەلالی عومەری سام ئاغا، فریاد ڕەواندوزی



مەقصود مەعصوم، دکتۆر فوئاد مەعصوم، عەدنان موفتی، جەلالی عومەری سام ئاغا
کۆشکی کۆماری لە بەغدا - ٢٠١٨



سەردانی کۆسرەت ڕەسوڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم
بۆ ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی - ١٩٩٧/٩/٨



جەلالی سام ئاغا، فوئاد عارف، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی
ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی - ١٩٩٩



جەلالی سام ئاغا، کۆسرەت ڕەسوڵ، فوئاد عارف، قادری سەید عەلی قوباد
ژوری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران - ١٩٩٩



ئالان ڕوشدی، کۆسرەت ڕەسوڵ، د. کەمال مەزهەر، مولازم عومەر ڕوشدی عەزیز، جەلالی سام ئاغا
ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ - سلێمانی - ٢٠٠١



جەلالی سام ئاغا، کۆسرەت ڕەسوڵ، سەڵاحی موهتەدی، عەبدوڵای موهتەدی
ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ - ٢٠١٧



د. جەلال شەفیق، د. بەرهەم ساڵح، جەمال عەبدول، جەلالی سام ئاغا، د. فازیل قەفتان
زانکۆی سلێمانی - ١٩٩٧/٦/١٦



سوێندخواردنی جەلالی عومەری سام ئاغا بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی
لەبەردەم بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران- ٢٠٠٢/١٠/٧



سەردانی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی - ٢٠٠٩/٩/٩



سەردانی د. بەرهەم ساڵح
سەرۆکی حکومەتی هەرێم
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری
دارایی سلێمانی - ٢٠٠٩



سەردانی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی - ٢٠٠٩



سەردانی د. بەرهەم ساڵح
سەرۆکی حکومەتی هەرێم
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری
دارایی سلێمانی - ٢٠٠٩



سەردانی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم
بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی - ٢٠٠٩



د. خەسرەو گوڵ محەمەد، جەلالی سام ئاغا
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی



عادل موراد، جەلالی سام ئاغا، عەدنان موفتی
٢٠٠١/١/١٨




عەدنان موفتی، عادل موراد، جەلالی سام ئاغا



عەدنان موفتی، جەلالی سام ئاغا، سەلاحی موهتەدی، ئیحسان موفتی
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - ٢٠٠٩/٣/١٢



سەڵاحی موهتەدی، عەدنان موفتی، جەلالی سام ئاغا
سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - ٢٠٠٩/٣/١٢



عەدنان موفتی، جەلالی سام ئاغا
سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - ٢٠٠٩/٧/٢٣



تاریق جامباز، عەدنان موفتی، عادل موراد، د. ئیحسان موفتی، جەلالی سام ئاغا
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - ٢٠٠٩/٧/٢٣



سەردانی مامۆستا بەهادین نوری
٢٠١٩



جەلالی سام ئاغا، بەهادین نوری، خالید حەمە غەریب
٢٠١٩



سەردانی مام جەلال بۆ ماڵی جەلالی سام ئاغا
بە هاوەڵی مولازم عومەر عەبدوڵڵا، عومەری سەید عەلی، عومەر فەتاح



هۆشیار عەبدوڵا، د. یوسف محەمەد، جەلالی سام ئاغا، ئەحمەدی حاجی ڕەشید، فەخرەدین قادر
ماڵی جەلالی سام ئاغا - ٢٠١٥



د. شەفیق جەلال، جەلالی سام ئاغا، ئەحمەد شەریف، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ
نەناسراوەتەوە، نەناسراوەتەوە، شێخ جەعفەر مستەفا، سەعدی پیرە
گوندی نۆدێ - ٢٠٠٣



سەردانێک بۆ گوندی نۆدێ
٢٠٠٣

چارەنوسی مرۆڤەکان یەکجار تۆمار دەکرێت. وەکو دەقە پیرۆزەکان دەستکاری ناکرێت! چەند لە قووڵایی مێژوو نزیک بینەوە، باوەڕ و گومانی مرۆڤ هێندەی ئەو قووڵاییە زیاتر دەبێت، کایەکانی گەمەی ژیانی مرۆڤ بۆ دواوە ناگەڕێنرێتەوە، هیچ کاتێک چارەنوسی دوو مرۆڤ لە دوو دونیای جیاوازدا وەک یەک نابن، دەکرێت وەکو نەمریی، سەیری ئەم مانایە بکەین بۆ مرۆڤ! جگە لەمرۆڤیش هیچ بوونەوەرێکی تر مانای نەمریی نازانێت، ئەمە چارەنوسی جەلالی عومەری سام ئاغایە. ئەوا کتێبەکانی بە چاپ گەیشتن، کەچی ئەم چارەنوسە نەگۆڕە هەروەکو خۆی وایە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە! چەندە ئەوەندەی تر، لەناو نەتەوەی کورد دا، ناپاکی! نادادپەروەری! گەندەڵیی! چەندەها بواری تری ژیان بێت و بچێت، لە ڕابردوودا، لە ئێستا و داهاتووشدا، هەر دەتوانێت جەلالێک... سیمبولێک - جسمێکی غەریب - دژە گەندەڵ- بێباک و دۆستپەروەر... فەراهەم بکات. ئەم پەرتوکانەی بەردەستی تۆی خوێنەر، شەپۆلی سۆز و خۆشەویستی هاوڕێ و سەرسامبوان و دۆستان و پشت و پەنایانی ئەوت بۆ بەیان دەکات، بۆ کەنارێکی لەنگەر گیراو، ڕاتدەکێشێت. بۆیە ئاخ هەڵمەکێشە، لەبەرئەوەی تۆش جەلالی سام ئاغا نەبوویت! چونکە ئەو جەلالە و تۆش خۆت!

خالید حەمە غەریب